بەشێک لە بابەتەکانی هاوڕێ سەدیق بابایی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پێڕست

١- بەبۆنەی سەرچلەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی کوردستان و دۆستی بەڕێزم عوسمان ٤

٢- نەورۆز لە نێوەرۆک و بوونی خۆیدا دژ بە دەسەڵاتی هەوسار پساوی سەرەڕۆ خولقێنەراوە ٧

٣- کۆماری کوردستان، ئاوڕدانەوەیێک لە هێندی تەوەری گرینگ و پشتگوێ خراوی مێژووی شیرین و تاڵ ١٣

٤- قازانجی گشتیی لە ڕۆژەوی سیاسیدا جێگای بۆ تەرخان نەکراوە ..... دێمانە: ڕەحیم ڕەشیدی ٤٠

٥- بیرەوەری: پلانی ترۆری بە کۆمەڵ! ٤٨

٦- حۆجرەی فەقێیان فێرگەی شۆڕشی نیشتمانی ٦٠

٧- یادێک لەسەربازێکی تری ونی نیشتمان (ڕەمەزان بابایی) ٦٨

٨- فارسەکان فێدراڵی بە بۆمبی ئەتۆم دەشۆبهێنن و ٧١

٩- پێکهاتەی مێژوویی گەڕەکەکانی شاری پاوە ٨١

١٠- (هۆرامان): گلێرگەی ڕەمزو ڕازی دێرین، هێما و خوالە پیرۆزەکان ١١٢

١١- تاقە کوڕی پێشەوا لە زیندانی حێزبەکەی بابی ..... دیمانە ١٢٧

١٢- پیرێکی سەنگەری کوردایەتی، (لالۆ حەمە شەریف حەلیمی) بە کۆڕی هاوڕێیانی پەیوەست بوو ١٥٧

١٣- بیرەوەری هەڵوێستێکی لیپاو لیپ لە باوەڕی نیشتمانی و متمانە بە خۆ بوون ١٥٩

١٤- کورد قەرزداری باوەڕمەندانی نەبەزی ئایینی، یارسان - ٥؛ ١٦١

١٥- میگ و باینجان (سەقز)، سەردەشت، زەردە، نودشە و ١٦٣

١٦- هۆلۆکۆست(Holocaust) ، شۆوا ، ئەنفال، یان پاکتاوی ڕەگەزی ١٦٤

١٧- باکووری کوردستان، نواندنی ئیرادەی گەل بۆ هەڵبژاردنی شووڕای شارەکان ٢٤٨

١٨- مهاباد پێتەختی مسیۆنارە مەسیحیەکان ٢٥٠

١٩- با سجدە بۆ خاکی پاکی کوردستان و ڕۆڵە ئەمەکناسەکانی بەرین ٢٥٤

٢٠- کۆبانـێ: Kobane ٢٥٥

٢١- نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز شورای شاری پاوە؛ ڕێزدار سەلام خوسرەوی شارەدار لە گەڵ حورمەت ٢٥٦

٢٢- پێناسەی دوژمن لە ڕوانگەی یەکەم و دواییـن سەرکۆماری کوردستان ٢٦٢

٢٣- کارەساتێکی هاوشان لە پەنا شەڕی هەڵەبجە!!، ٢٦٤

٢٤- لاوانی کورد: لە ئێران پەت و سێدارە، لە هەندەران بەڕێوەبەرو سەرۆکی ئێدارە ٢٦٦

٢٥- ئاگاداری: دەربڕینی خەم و ماتەمینی بە بۆنەی سەرەمەرگی (ڕەسەنایەتی زمانی کوردی) ٢٦٩

٢٦- لە قەڵای دمدم تا قەڵای نیەر و قەرە سەقەڵ ٢٧٢

٢٧- تـرۆر ڕێبـازی دێرینی دەسەڵاتدارانی تـاران هەمبەر گەلی مافخوازی کـورد ٢٧٥

٢٨- پـیـر، شـا، یـار = پیرشالـیار ٢٧٧

٢٩- نازناوی پێشمەرگە تـاپۆی چ حێزب و لاینێک نیە ٢٨٨

٣٠- هۆرە و چەندسرنجێک ٢٩١

٣١- چەند زانیاریەکی ورد سەبارەت بە چۆنیەتی دواییـن شەهیدەکانی ڕاسان لە پـاوە ٢٩٦

٣٢- فەرشاد چیچانی و بەسەرهاتی خەمناکی بنەماڵەیەک ٢٩٨

٣٣- خەسارناسیی شەڕی پاوە ، سالّی ١٣٥٨ ..... ٣٠٠

٣٤- دیفاع لە کەسایەتی یا شکاندنی کەرامەتی هاوسەنگەران!؟ ٣٢٦

٣٥- ئەو شەوە ١٦ی سەرماوەز خۆڵقێنـدرا ٣٢٩

٣٦- بەسەرهاتێکی خەماوی بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە ٣٣٣

بەبۆنەی سەرچلەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی کوردستان و دۆستی بەڕێزم عوسمان

لە وێژە، شێعر و گۆرانی کوردیدا زۆرجار باسی "گۆڵی زەردوسووری سڵێمانبەگی بانە" هاتووە و تاقانە بوونی ئەم دیمەنە لە جیهانی بیرو هۆشی شاعر یا گۆرانی بێژدا بە هاواری چڕین بانگەوازی بۆ کراوە.

من نە شاعێرم و نە ئەدیب تا بۆ دیمەنی دڵڕفێنی "سڵێمان بەگ" شەوق و زەوقی شاعێرانەی خۆم دەربڕم.

ئاوڕدانەوەی من بۆ لای بناری سڵێمان بەگ، کەلیخان، "بابانۆس"، کۆخ و لێرەوارەکانی بانە بۆ گەڕان بە دوای پێشمەرگەیێکی نیشتمانە کە خوالەی وڵات پەرستی و کوردستان خوشەویستی بوو. ئەو هەڵگر و ئەمانەتداری رووحی تۆڵە و تامەزرۆی شەهیدانی ووردی و سەرجەم مەڵبەندی بانە بۆ گەیشتن بە وڵاتێکی ڕزگار بوو کە بەتاسەیەوە سەریان لە پێناویدا بەخشی.

"ساروبیرە"ی ئەمجارە نە شاسمایلی بە کەسدەزانی و نە لە بەرانبەر لەشکری دژبە کوردی کۆماری ئیسلامیدا تەزووی بە لەشدا دەهات و نە چ ئایینێکی لە لاوەهاتووی "ئیختیار" دەکرد نەکوو لەو رێگەوە تەوقی دیلی بخاتە گەردنی.

ئەو "میرزا"ی شیوو دۆڵی ڕومانی ڕاستەقینەی "هاوارە بەرە"ی ژیانی ڕۆژانە و ژاندارم و پاسدار بەزێن و ڕزگارکەری ناوەندی ئیستای حکومەتی هەرێم لە" سەردەمی ڕاپەڕین "لە هەولێر بوو.

ناسیاری من لەگەل عوسمان ڕەحیمی دەگەڕێتەوە بۆ بیست وسێ (٢٣) ساڵ پێش ئەوکاتە کە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات تیمێکی بریتی لە چوار کەس پێشمەرگەی ڕەوانەی سەفەرێکی کورتی یەک مانگەی دیدار لە ئوروپای پێشکەوتوو کرد، تا ڕێز لە خەبات و قەدرزانینی تێکۆشانی بێوچانیان بگرێ .

هەر چەند پێشتر بە پێی ڕاسپاردەیێکی دەفتەری سیاسی لە ساڵی ١٣٦١ دا لە ناوەندی کۆمیتەی شارستانی بانە سەربەرزی ناسینی بنەماڵە نیشتمانپەروەرەکەی عوسمان، کاک عومەر ڕەحیمی برای، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی شارستانی بانە (کە بەداخەوە پاشتر چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی نیشتمان) و خۆشکی کە مامۆستای سەرکەوتووی قوتابخانەی

کوردی شۆڕش بوو، ئێمەی زیاتر دڵگەرم بە درێژەی خەباتمان کرد، بەڵام ناسینی زیاتری عوسمان ڕەحیمی خوێندکاری سانی پێنجەمی زانکۆ لە بەشی پزشکی(ئاژەڵ)، لەم سەفەرەدا بەرەبەرە تادەهات نیزیکایەتی و هاوخەباتی و برایەتی ئێمەی پتەو و گەرمووگوڕتر دەکرد.

عوسمان ئەو کەسە بوو کە هەلی بۆ ڕەخسێندرا تا بتوانێ خوێندنەکەی - کە بۆ پەیوەستبوون بە ڕیزی پێشمەرگایەتی کوردستان بە نیوەتەواوی بەجێی هێشتبو - لە ئوروپا دا تەواو بکات. بەڵام مەگەر ئەوێندارێکی وەک عوسمان توانای ئەوەی هەبوو خاکی کوردستان و هاوسەنگەرانی هەر چەند بۆ مەبەستێکی ئەوتۆش بە جێ بهێڵێ؟ دواتر ئەو ڕاستیە لە بڕیار و هەڵوێستی عوسماندا زیاتر دەرکەوت.

پاشتر بە هۆی گرفتێک کە لە ڕەوتی خەباتی حێزبی دا بۆ نووسەری ئەم دێڕانە و کاک عوسمان پێشهات و بووبە هۆی سەردەرهێنانمان لە ئوروپا، هەرچەند لە دوو شاری جیاوازی ئاڵمان گیرسا بووینەوە زۆربەی کاتی دیدار و چاوپێکەوتن و تەلیفونەکانمان گرێدراوی هەلومەرجی درێژەی خەبات و پێشمەرگایەتی بوو. مانەوە لە ئوروپا، گەڕانەوە بۆ کوردستان، سازگاری وەزعەکە لە گەل ڕوحیاتی ئێمە، دەرەتانی پێشکەوتن و خزمەتکردن بۆ سەرفەرازی وڵات و زۆرپرسی تری ئەوتۆمان تاوتوێ دەکرد تا بەڵکوو بتوانین بە ئاکامێکی هاوبەش بگەین.

بەربەستەکانی درێژەی خەبات و سالانی تێکۆشان لە نێوخۆ، کۆسپەکانی سەر ڕی بۆ تێکەڵبوون لە گەڵ خەم، مەینەت، دڵسۆزی و هاوخەباتی جەماوەر لە کوردستان (ی ڕۆژهەلات) هەموو ئەمانە و زۆر مەسەلەی وورد و دروشتی پێوەندیداریتر دەخرانە بەرباسی ڕۆژانەمان.

وێرای دانپێدانانی زۆر گرفتی سەرڕێ، عوسمان ئۆقرەی لێ هەڵگیرا بوو، زۆرجار وەبیری دەهێنایەوە کە ئێمە حیزب وەک کەرەسە بۆ ڕزگار کردنی کوردستان لە مەینەتی چاو لێدەکەین و گرفت و ناتەبایی و مشتومڕە نێوخۆییەکان نابێ ببن بە هۆکاری سەرەکی پاڵنان و وازهێنان لە کەرەسەکە. ئەو لە سێبەری ئەم بۆچوونانە و ئیمانی پتەوی بۆ نەوەستان و درێژەی ڕێبازی هاوسەنگەرانی شەهید ڕووی لە قیبلەی دڵ، کوردستان کردەوە.

عوسمان ڕەحیمی زۆر پێشتر لە ڕادەست کرانی بۆ ئوروپا بڕیاری خۆی دابوو، ئەوکاتە کەزانکۆی پزشکی ئێرانی بە مەبەستی خەباتی ڕزگاریخوازانە لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان بە جێ هێشتبوو.

عوسمان گەڕایەوە کوردستان وەک جاری جاران، بێ پشوودان، دڵگەرم و دڵپڕ لە هیوا.

تەنیا ماوەییکی کەم پاش گەڕانەوەی، پولیسی ئاڵمان بە پەلە کەوتە پرسوجۆ و گەڕان بەدوای عوسماندا. پولیسی ئاڵمان ئاشکرای کرد کە کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی تروڕی عوسمان دایە و ئەو دەبێ بۆ پارێزگاری لە خۆی پێوەندی بە ئەوانەوە بکات. یادی عوسمان ڕەحیمی ئاربابای نەبەزین، بەرز و پڕلە سەرفەرازیە.

١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٧

نەورۆز لە نێوەرۆک و بوونی خۆیدا دژ بە دەسەڵاتی هەوسار پساوی سەرەڕۆ خوڵقێندراوە

نەورۆزی ٢٠٠٨ ڕفراندۆمی گەلی کورد لە هەمبەر سیاسەتی ئینکار بوو

لەوەتی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بۆخۆی پاوان کردووەو ڕێگای دەربڕینی ویست و ئارەزووی جیاواز لە خواستی ویلایەتی فەقێ بەتەواوەتی بەربەست کردوە خەڵکی ناڕازی لەهەربۆنەییەک بۆ ئاشکراکردنی ناڕەزایەتی خۆیان کەڵکوەردەگرن.

نەورۆز یەکێک لەو بۆنە میژوویانە دەژمێردرێ کە خەڵکی کورد لەکوردستانی ڕۆژهەڵات هەموواڵێ بە هەڵکردنی ئاگر لەسەر لووتکەی شاخ و بەندەن و کۆڵانی شارەکاندا دژبەربوونی خۆیان بەرانبەر سیاسەتی حاکم لە لاییک و گەیاندنی پێغامی کۆڵنەدان و تەسلیمنەبوون بە خەون و خەیاڵی هێزی داگیرکاری وڵات دەربڕیوە.

دیارە دژکردەوەی هێزی چەکدارو دەستوپێوەندەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی وەک پەلاماری خەڵک، گرتن و ئەشکەنجەو گولەباراندن بەسەر شوێنی چالاکیەکان هەموجارێک بەربڵاوتر لە جاری پێشوو درێژەی هەبوە. ملیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان بە هێنانی زیاتری هێزی چەکدار و سیخوڕی سەربە دەزگا ئەمنیەتیەکان إ گەمارۆی شوێنی گشتی و هاتوچۆی خەڵک وەک وێنەی ئەمساڵ لە کرماشان، سنە، مەهاباد، سەقز، مەریوان، بۆکان و زۆر شارو مەڵبەند تەنانەت شارۆچکەیەکی وەک دێگولان ساڵ نەساڵ زیاتر پەرەی ئەستاندوە!!

هەرچەند ئەمشێوە لە خەبات و بەرئەنگاری لاوانی کورد پاڵپشتي سیاسی حێزبی دێموکرات لە سەرەتا و پاشتر هێزەکانی تر لە بەشی ڕۆژهەڵاتی بۆ لای خۆی ڕاکێشا! بەڵام لە ڕاستیدا نەیتوانیوە ببێتە دەسپێک بۆ جەماوەریکردنی بیروباوەڕی خەباتی نیشتمان پەرستان لە نێوخۆو گرێدانی توانای یەکلاکەرەوە لە ئاست دەربڕینی تێکەڵاوی وێەکدەنگی ڕزگاریخوازانە لە گەل خەباتی شاخ(شار و شاخ) یا دەرەوەی وڵات بەرهەم بهێنێ و بەم پێیە نەورۆز وەک لە فەلسەفە میژوویەکەیدا بە ئێمە گەیشتوە بکرێ بە ماکەی بەرئەنگارییکی بەربەرینتر لە بەرانبەر ستەمکاران و خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕیک کە پێشینیان وەک وانەی فێرکارانە بۆ ئێمەیان تۆمارکردوە!!؟

دیارە نابێ ئەوەمان لە بیربچێ کە دەسەڵاتی دزێوی سەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا لە مێژە هەوڵی بێ نێوەرۆک کردنی فەلسەفەی نەورۆزو قەتیس کردنی لە چوارچێوەی سفرەی "حەوت سین" و زیندانیکردنی ئامانجەکانی لەکونجی ماڵ دەدەن!!؟

ئیشارەتدان بە ڕابردووی تەمەن درێژ لە خەباتی چینو توێژی فیداکار و دڵسۆزی وڵات بە تایبەت لەو بوارەدا گرینگی خۆی پشتڕاست دەکاتەوە کە لەکۆنەوە تا ڕۆژگاری ئیمرۆ کورد و بەتایبەت هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات نەیان توانیوە بەگوێرەی پێویست پشتبەندی ئیمان و باوەڕی نەترسانە و ئامادە لە مەیدانی لاوانی وڵات بۆ هەرچی زیاتر تینو گور بەخشین بە بزاڤی نەورۆز بۆ جەماوەریکردنی زیاتری وزەی گەل بە دژی ملهوڕانی داگیرکاری وڵات بن.

باکوورو باشووری ڕۆژئاوا دەمێکی زۆر درێژنیە بۆ کەڵکوەرگرتن لە نێوەرۆکی شۆڕشگێڕانە- ی نەورۆز وەک ڕەمزی جەماوەریکردنی خەبات و بەپیرەوە چوونی ئەم ئەزموونە نەتەوەییە کە لە کۆنەوە بۆمان بە جێ ماوە کەڵک وەر دەگرن. وێرای ئەوە ساڵ لە دوای ساڵ ئەزموونی ساڵانی پێشووتر دەکرێ بە هێزی بزوێنەری ڕاپەڕینی بەرفراوانتری پاشەرۆژ.

بۆ هەموان ئاشکرایە کە بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز ساڵی ۱۹۹۲پاش هێرشی دەسەڵاتدارانی تورک و کوشتنی زیاتر لە ۱۰۰ کەس لە خەڵکی بەشداربووی ئەمڕێوڕەسمە لە بەشی باکوور دەستی پێکرد.

نەورۆزی ئەمساڵ واتە ۲۰۰۸ زۆر پێشتر لە ڕۆژانی کۆتاییساڵ ئامادەکاری بەرنامە بۆدارێژراوی لە لایەن شارەوانیەکانەوە بۆکرابوو، بۆیێ لە زۆر لاینەوە شرۆڤە و بەناخداچوونی بابەتیانە هەڵدەگرێ.

بەشێک لە تایبەتمەندیەکانی نەورۆزی ئەمسال لەوەدا دەبیندرێ کە لە سرۆشی سروشتەوەو هاوشان لە گەڵ جۆشو خرۆشی بەهاری هێزی ڕاچەنینی بەربلاوی خۆی دەست پێکرد. ئەوە هەڵێنجانی ڕاستەقینەی فەلسەفەی نەورۆز لە نێوەرۆکی ئەفسانەیي بە جێماوی پێشینیانی ئێمە بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانمانە."لاسایي کردنەوەی سروشت"

نواندنی جۆشو خرۆشی بەهارئاسا، دەربڕینی یەکدەنگی و ڕووڕاستبوون و ڕاستەوڕاستی هزروخواستی جەماوەرێکی ئێتنیکی، وەستانی قورسو قایم بە ئاشکراو بە بێ ترسو دڵەڕاوکێ لە پشتی بەرنامەی سیاسی حیزبێکی سیاسی کە بەنەیار و دوژمنی سەرەکی دەسەلاتی فرمانڕەوا پڕۆپاگەندەی حکومەتی لەسەرکراوە، هاواری زمان، کولتوور، مافی ئیدارە ودەسلاتی خۆجەیی.

دژبەر وەستان لە هەمبەر پلانی دژێوی حکومەتی بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک، دەرکەوتنی خەڵک بە جلوبەرگی یاساخ کراوی نەتەوەیي کوردی (تاڕادەی کەم بوونەوە و نەمانی قوماش لە دووکانەکان بۆکڕین)

بەشداری هەموو چەینوتوێژ بە دانی سڵۆگانی سیاسی لە پشتیوانی هێزی خەباتکار لە دەرەوەی ولات، واتە گرێدانی ڕاستەقینەی خەباتی شاخ بەشار و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی لە بواری دەربڕینی باوەڕی سیاسیدا "تا هەواڵی سەری چیا نە لە نێو ئێوە دابن چارەسەری چێ نابێ" - لەقسەکانی لەیلا زانا بۆ جەماوەری دیاربەکرو پشتیوانی سەدان هەزارکەسی ئاماده لەوانەیە.

شکاندنی تلێسم و تابۆی یاساخکردنی زمان و جلوبەرگی نەتەوەیێ کوردی کە پێشووتر لەیلا زانا - وچەندین پارلمانتەری کورد بە بۆنەی ئاخاوتن بەکوردی ماوەی حەوتسالّی ڕەبەق زیندانی کران!! - نەک هەر بەشدار بوونی فەرمی و ئاخاوتنی شارەداری ئامێد بە جلوبەرگی کوردی بەڵکوو ئامادەبوونی بەشیکی بەرچاو لە بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە بە جلوبەرگی تایبەتی پێشمەرگە وێڕای جلوبەرگی ڕەنگامە و ڕازاوەی کوردی زۆربەی جەماوەری بەشداری ڕێوڕەسمی نەوڕۆز لە پارلمانتاری شارە کوردیەکانەوەبگرە تا ژنو منداڵی ئاڵابەدەست مێدیای ئامادەبووی وڵاتانی جیهانی تووشی ڕاکێشانی سرنجی نابەدڵانە لەو دیمەنە نوێیە کردبوو.

هەواڵدەری تلوزیۆنی ئەلجەزیرە کە ڕاستەوخۆ هەواڵەکەی بڵاودەکردەوە ڕای گەیاند "مەسەلەی کورد کە تورکیە تا ئێستا چاوپۆشی لێدەکرد پەیامی ئەوە دەگەیێنێ کە چیتر ناتوانێ بیشارێتەوە.

هەواڵنێری بی بی سی و ڕادیۆ فەردا - (ئامریکا) باسی ئەوەیان دەکرد وێڕای چاوەدێری و پشکنین و کۆنترۆڵی تونـدوتیژی تورکیەخەڵک بەشداری بەرینی ڕێوڕەسمی نەوڕۆزیان کردوە. دیمەنی بەشداری بەرینی جەماوەری کورد لە زۆربەی تلوزیۆنەکان بۆ وێنە ئاڵمان بڵاوکرانەوە.

ئەم دیمەنانە لە ڕاستیدا دیمەنی شکستی سیاسەتی ئێنکار لە پێوەندی دۆزی ڕەوای کورد بوون.

لە شاری ئامەد پیرۆز کردنی جیژنی سەرسالّی گەلی کورد ٢١ی مانگی مارس بەشیوەییکی شارستانی و بەرنامە بۆ دارێژرا و لە لایەن شارەوانی ئەمشارەوە بە بەشداری سەدان هەزارکەس لە چینوتوێژی تێکەلاوی خەڵک و جۆشو خرۆشی بەهاری پڕ لە تاسە بۆ دەربڕینی ویستو ئیرادەی ئازادی خوازانە بەڕێوە چوو.

سەرۆکی شارەوانی ئۆسمان بایدەمیر کە وێڕای پارلمانتارانی کوردو کەسایەتی ناسراویتر بەجلوبەرگی نەتەوەیی کوردیەوە بەشداری کۆبوونەوەکە بووون لە ئاخاوتنی خۆیدا بۆ جەماوەر گوتی؛ سەدان هەزارکەس لێرەکۆبوونەتەوە و داوای ئاشتی دەکەن بەڵام حکومەت بە هێرشو تووندووتیژی وەڵام دەداتەوە!؟؟

لەیلا زانا: لە بەشیکی وتاری خۆیدا بۆ جەماوەری شاری ئامەد - سیاسەتی سەرقاڵ کردنی دەسەڵاتدارانی تورکی دایەبەر رەخنەی توند و ڕای گەیاند کۆرد دە تلوزیۆنی هەیە پێویستی بە تلوزیۆنی حکومەت نیە، تەرحی گاپ و هێرش بۆ شاخ و خەباتکارانی کورد، گرتن و زیندان چارەسەی کێشەکان نیە، تا دۆزی کورد بە پەژراندنی مافە ڕەواکانیان چارە نەکرێ ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین سەقامگیر نابێ. تا هەوالێ سەر چیا نە لە نێو ئێوە دابن چارەسەری چێ نابێ. یەکگرتن و یەکگرتن". لەیلازانا ویستی گەلی کوردی لە باکوور بۆ خوێندن و نووسین لە مەدرەسەکان و ناسرانی زمانی کوردی بە فەرمی لە لایەن دەوڵەتی تورک و ئێدارەی کاروئەرکی کوردستان بەدەستی کورد وەک خواستی هەنووکەیی دەربڕی. ئەو پاشەڕۆژی سیستمی سیاسی کوردستانی بە ئیرادەی نەسڵی جەوان و بڕیاری ئەوان بۆ هەڵبژاردنی شێوازی سەربەخۆیی سپارد. پشتیوانی گەرموگوڕی ئاپۆرای جەماوەر لە وتەکانی ئاخێوەران و بەرزکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شۆڕش و پەیتاپەیتای وتنەوەی داواکاری ئازادی ڕێبەری شۆڕشەکەیان عەبدوڵا ئۆجەڵان و دەر بڕینی پشتیوانی بۆ خەباتکارانی شاخ لە ڕاستیدا شیوەییکی ئاشکرا لە ڕفراندۆمی خەڵکی کورد لە باکووری کوردستان بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو لاینانە بوو کە هەمووکاتێک بە ناحەق هەوڵی جیاکردنەوەی خواستی کورد وشۆڕشەکەی دەدەن.

نەورۆزی ئەمساڵ لە کوردستانی باکوور هێمای یەکدەنگی کەمۆنەی چینوتوێژی کۆمەڵگای کوردبوو کە کەسایەتی بەشدار تێدا بۆ دەربڕینی نیاز پاکی و ئارەزووی ڕاستە قینەی خۆیان وێکڕا کۆتری ئاشتیان هەڵفڕاند.

گوڵجهان شمشێک: شارەداری سیرت لە دیمانە لە گەل ڕۆژ تی وی (سەعاتی ٨.٢٥ی ئێوارەی ٢١ی مارس) دەڵێ: "کورد چیدی نایلێ ناسنامەی تێکبدەن. ئێمڕۆ ئەگەر بە هەزارانجار هێرش وەک ڕۆژانی نەورۆز بکرێتە سەر ژنان ئێمە کۆڵ نادەین و واز لە ناسنامەی خۆمان ناهێنین. ئەوە لە مێژسالّە سیاسەتی تووندوتیژی درێژەی هەیە. ئێمە دەسبەردار نابین."

فاتمە کورتوولان: نوێنەری وان لە مەجلسی تورکیە لە ڕێوڕەسمی پیرۆزکردنی نەورۆزدا گوتی "لە پاکێتی چارەسەری ئاکاپە دا بومب و گوللە هەیە"!!؟

٢٢ - ٣ جەماوەری شاری وان تەرمی بە ئالای خەبات داپۆشراوی زەکی ئەرینج کە لە هێرشی پۆلیسدا شەهیدکرابوو بە

پەرۆشەوە بەرەو گۆڕستان بە دەم هاواری سەرکۆنە وشەرمەزارکردنی بکوژان هاوڕێیەتیدەکەن. پولیسی تورک و هێزی سیخوڕ هاوکات سەرلە نوێ پلاماری خەڵک دەدەن کە شەهید و بریندارێتری لێ کەوتەوە.

نۆزدالّ نۆچەر: پارلمانتاری شاری وان لە داخۆیانی خۆیدا بۆ تلوزیۆنی رۆژ خەبەری سەت بریندار ڕاگەیاند کە بەشێکیان لە ترسی گیران نەیان وێراوە بۆ تیمارکران بچنە نەخۆشخانە. ئۆچەر زۆر ئازایانە داخۆیانی دا بە تلوزیۆنی رۆژ کە بەرخۆدانی خەڵک بەرانبەر تیرۆری دەوڵەتی دررێژەی هەیە. هەڵبەت دژبەری کردنی سیاسەتی تیرۆری دەوڵەتی و ڕێوڕەسمی نەورۆز چەند رۆژ درێژەی کێشا.

بایندەر: نوێنەری شێرناخ ٢٣ - ٣ هەواڵی ڕێوڕەسمی شکۆداری شاری گەوەڕو پەلاماری هێزی چەکداری ڕژیمی تورکی سەعات چوارو هەژدە دەقیقە و بریندار کردنی شانزەکەسی بە رۆژ تی وی ڕاگەیاند. هەر لەم رۆژەدا بوو کە ئێقبالّ یاشار بیست ساڵە بە تەقەی پۆلیسیتورک کوژرا.

٢٥ی مارس دیسان خەڵکی نەترسی گەوەڕ بە بەشداری شارەدار و نوێنەری مەجلس لەمشارە بۆ هاوەردی و ڕێزلێنان چوونە بەردەرکی مالّی یاشار - بیست ساڵە کە دوو رۆژ پێشتر شەهیدکرا و بۆ نیشاندانی نارەزایەتی ماوەی سێ رۆژ دووکانەکانیان داخست.

ڕێوڕەسمی نەورۆز جیا لە شارە کانی کوردستان - دیاربەکر، وان، سێرت، گەوەڕ، جۆڵەمێرگ هەکاری، موش، باتمان، بایەزید، سەمسۆر، پرسۆس، گمگم، ئەردەخان، دیلۆک،سلّۆپی، وێرانشار(ڕۆحا)و زۆر مەڵبەندو ناوچەیتر لە شارە تورک نشینەکانی ئەدنا، ئزمیر، بۆڵساو ستانبول بە ئامادەبوونی سەدان هازار کەس لە شوێنی بەڕیوەچوونی ئاهەنگەکان بە شکۆییکی تەواو کەموێنە بەرز ڕاگیرا.

٢٣ - ٣ گۆڕەپانی قزڵ چەشمە لە شاری ئستانبولّ بە هاواری چڕینی سرودی: دەمی ڕاپەڕینە - و هەڕنە پیش دەور دەوری ئێمەیە و بە بەشداری نزیک بە سێسەد هەزار نەفەر بێ نێوەرۆک کردن و هەڵوەشاندنەوەی خەونی دەیان ساڵەی ژنڕاڵە بێ بەزەیەکانی تورکی بۆ تواندنەوەی کورد بە گوێ نەیاراندا قیڕاند.

خۆپیشاندانی ئێرادەی نەتەوەیی کۆرد ب دەنگو ڕەنگی کوردیەوە بە ژمارەی سەدهەزار کەسی لە باتمان، سێسەدهەزار کەسی لە ئستانبول، سەدانهەزارنەفەری لە ئامێد. سیی هەزارکەسی لەموش و دەیان هەزاری لە شارو شارۆچکەی کورد و تورک

نشین رِق و قینی ناحەزو نەیاری کوردی کردبە ماکەی خوێنرِشتنێکی ناهومێدانەتر کە بە شەهیدکردنی لانیکەم پێنج نەفەر، برینداارکردنی سەدانکەس و شکاندنی دەستی لاوی کەم تەمەن ئەرتوش جۆلّەمیرگی لە پێش چاوی کامێرای رۆژنامەوانان خۆی نواند؟؟!!!

عەفرین و قامیشلو لە کوردستانی رۆژئاوا ناوەندێکیتری راپەرینی نورۆز بوون کە نەیاری بەعسی سوریە پاش چوونە سەرداری برابەعسیەکەی عێراقیان ئەوان رێوشوێنە کوردکوژیەکانی سەدام حسین درێژە دەدەن.

شەهید کردنی- محمد زەکی رەمەزان، محمد محمود حسین، محمد یەحیا عەلی و برینداار کردنی خەڵکێکی زیاتر کە برینی پێنجیان قورس گوزارشکراوە، نیشانەی هاوپەیمانی ترۆریزمی هیوابڕاوی تورک، عەرەب و دەسەڵاتی هاری تارانە کە بەتوپبارانی ناوچەکوردنشینەکانی باشوور و هەرِەشە بە کوشتنی بەرفراوانتر، گرتن و زیندان و یاساخ کردنی هەر چەشنە کۆبوونەوەی لاوان لە نێو شار بۆ پیرۆزکردنی نەورۆز خۆ دەنوێنێ.

لە قەراخ راپەرینی شکۆدارو هیوابەخشی گەلی ئێمە لە باکوورو رۆژئاوای بچووک. خەباتی نیشتمانی و ماندووبی نە نەسانەی رۆژنامەوانانی کورد بە تایبەت کامێرامەنی وریاو باوەرِمەند و مێدیای کورد (رۆژ تی وی)بۆ گەیاندنی راستیەکانی ئەم راپەرینە جەماوەریانە شیاوی ئافەرین و دەسخۆشی لێکردنە.

رێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠٠٨

کۆماری کوردستان، ئاوڕدانەوەیێک لە هێندی تەوەری گرینگ و پشتگوێ خراوی میژووی شیرین و تاڵ

لە کەشو هەوای گەلاوێژی (١٣٢٠)لێک ئاڵان و هاریکاری حیزبی سیاسی و بیری تاک و کۆی چەپ و ڕاست لە گەڵ دەولەتی ناسیونالیستی تاران و بەشداریان لە حکومەتی بۆنیادنراو لە سەر بنچینەی دەسەلاتی ڕەگەزی ڕەزاشا،چەکەرەی بیری نیشتمانی ڕزگاری کوردستان لە ژێر نێوی کۆمەڵەی"ژ - ک" لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو کرماشان، کەڵهور، پشتکێوی لورستان لە لایێک و لەو دیوی سنوری دەسکرد لە لاییکیتر پەلو پۆی دەهاوێشت میرزا عەبدوڵای مەدەبر(ئاغا بزرگ) ئاغەگەورە کە بە گوێرەی دەنگۆ "لە دۆستانی لنین و مائۆ تسە تۆنگ،کە گۆیا چەند جار چاو پێکەوتنی لە گەڵیان هەبوە! و لە گەڵ "ئەبولقاسمی لاهوت"ی کەینو بەین و سەرو سڕی باس دەکرێ، بە نازناوی میرزا عەولا، سەرۆکایەتی لقی: سنە، کرماشان، کەڵهوڕ و لورستانی پێ سپێردرا."

لقی کرماشانی ژ - ک بە هۆی چەند کەسێکی خاوەن قەڵەم و سیاسی بەڕێوە دەچوو. نەمر میرزا برایم خان نادری کەسایەتی ناسراو و خاوەن زەوق لە عێلم و سیاسەت وەک دەبیری ژ - ک لقی لورستان و کرماشان خەباتی دەکرد.

مامۆستا سەید تاهیر هاشمی سەرۆکی لقی کرماشان و جێگری بەر پرسی کۆمەڵەی مەڵبەند بوو. یەکێک لە قازیەکانی دادگای ئەمشارە ڕاوێژکاری کۆمەڵەی کرماشانی خرایە ئەستۆ.

ڕەشید باجەڵان لە وەکیلەکانی پایە یەکی دادگوستەری کە نیشتە جێی خانەقین بوو، وێرای بەرپرسایەتی پێوەندی لقەکانی کۆمەڵە سەرۆکایەتی حیزبی کۆمەڵەی لە خانەقین دەکرد و لە بەغدا تا خانەقین و کرماشان پێوەندی لە گەڵ ناوەند ی پێ سپێردرا بوو.

برایم نادری بە وتەی خەڵکی کوردستان و ناسیارانی لە مەهاباد میرزا برایمی نادری کوڕی ڕەحمەتی ئاغە فەیزوڵای نادری ساڵی ١٢٩٠ی هیجری خۆری لە دایک بوە و خەڵکی کرماشانە. برایم خوێندنی لە کرماشان بەغدا و فەرانسەلە بەشی یاسا تەواو دەکا و دەبێتە ئەندامی لژیۆنی زانکۆی فەرانسە. ماوەیێک لە زانستگەی ئەفسەری تاران لە بەشی میژوو دەرسی وتوەتەوە.

نێوبراو لە سەردەمی کۆماردا لە گەڵ میرزا عەبدوڵای مدەبر (٩ - ٦ - ٤٦) دەچێتە مەهاباد و لە لایەن قازی موحەمەد بە سەرۆکایەتی گشتی ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان بە پلەی سەرهەنگی هەڵدەبژێردرێ. هەروەها وەک ڕاوێژکاری نزیکی پێشەوا. وتاری بۆ ڕۆژنامەی کوردستان،گەلاوێژ، دەنگی گیتی تازە و کووهستان کە لە تاران دەر دەچوو نووسیوە.

ڕیزە نووسراوێکی لە ژێر سەردێڕی سەلاحەدین بە فارسی لە کووهستان و نۆ وتاری لە کۆردستان بڵاو کردوەتەوە.

خۆێنەری هێژا: مەبەست لە نووسینی ئەم سەرەتایە ڕاکێشانی سرنجی ئێوەی بەڕێز بۆ لای چەند پرسیارێکە لە پێوەندی پەرە ئەستا ندنی دەمو دەستی کەم وێنەی ژ - ک لە مەڵبەندی لە دایک بوونی، هەروەها ناوچەگەلی هەرە دووری کوردستان پێش دامەزرانی کۆمار (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کە تا ئەوکات نیشانەیێکی ئەوتۆ لە هاوبیری و یەکڕیزی نیشتمانی ئەوتۆی تێدا مەزەندە نەکرابوو.

کەمتر نووسەر و سیاسەتوانی خۆمانی و لاوەکی هەیە ڕای جیاواز لەوەی هەبی کە کۆمەڵە و فەلسەفە فکریەکەی لە سەر پێکهاتەی نەتەوەیی کۆماری کوردستان وەک لە بەرنامەکەیدا هاتوە نەبووبێ .

ئایا پێشکەوتنی کۆمەڵگای کورد لەو دەمەدا گەیشتبوە ئاستێک لە ناسینی ڕیگا چارەی نەهامەتیەکانی؟

ئایا پلەی زانستی سیاسی و لێکدانەوەی ڕۆشنبیری کورد لە گەیشتن بە باوەڕی نیشتمانی و لێبڕاوی بۆ خۆ ڕاگری بەرانبەر لاینی نەیار بەئاستی پێویست گەیشتبوو؟ متمانە و پلەی متمانە بەخۆ کردن لە نێو جەماوەری کوردستان ببوو بە خاوەنی پەروەردەییک کە ئامادە نەبێ جارێکی دی بچێتە ژێرباری سەروەری و باڵادەستی زمان و دەسەلاتی ملهوڕانەی خۆمڵاس داوی فارس بۆ سەرکوتی دووبارەی کورد؟

لە قەراغ ئەم چەند پرسە دا وێرای پارێزراو بوونی حورمەت و گەورەیی پێشەوا و یەک یەکی خەباتکارانی کۆمەڵە و کۆمار مرۆڤ بۆی هەیە هەندی بۆچوون و پرسیتر لە دووتوێ شرۆڤەی بەسەرهاتەکان بە مەبەستی دەرس وەرگرتنی زیاتر لە ڕابردوو کە نرخی زۆر و فیداکاری گەورەی بۆ کراوە بوروژێنی.

ئەگەر لێکدانەوە ئەوبێ دامەزرانی کۆمار لە سەر بنەماییێک کە ڕەچاوی ئەو بابەتانەی کردوە بێ، ئەی بۆ بە ماوەی شەوو ڕۆژێک تێک چوو؟ بۆ تەنێ زیاتر نێوی پێشەوا لە سەر زارانە؟ لە بەر چی تاقە پێنج پێشمەرگە تەنیا ماوەی مانگێک

نەیان توانی لە شیوو دۆڵی چڕو پری ولاتدا هەرنەبێ چاوەڕێ بەسەرهاتی سەرکۆمارەکەیان بکەن. سەرکۆمارێک کە بە قسەی دۆستو دوژمن خاوەن ڕێز و خۆشەویستی زۆربە بوو؟

کاتیک وتاری نیشتمانی گەرموگور، کۆڵنەدەرانە و پڕلە وشەی ئیمان بە سەرفەرازی و بەختەوەری لە ڕێگای پاراستنی گەل بەبێ هێشتنەوەی تۆزقاڵێک شکو گومان بو خۆبەخشین لەڕی ولاتدا لەبۆنەکان و لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی (کوردستان، نیشتمان، هاوار، هاواری کورد و...) دەخوینەوە بە تایبەت ئەوکاتانە کە وەسفی ژاندارمەی حکومەتی ناوەندی دەکری (کە دیارە لە ڕاستیدا هەروابوە) خوێنەر هەستێکی وای لا دروست دەبێ کە سەرفەرازی هەتاهەتایی کوردی لا مسۆگەرە!بەڵام بە هەڵکردنی باهۆزێکی پێچەوانە بەسەرهاتەکان داستانی خەمناک تۆماردەکەن؟؟! پێشەوای کوردان بەبێ کەمترین نارەزایەتی دەربڕین لە لایەن ئۆگرانی گیان لە سەردەستی ڕزگاری ڕاپێچی زیندان و پاشتر پەتو قەناره دەکرێ!! مرۆڤ دەبێ چۆن چۆنی ئەم تراژدیایە لێک بداتەوە؟

ئاماژە بە دوو وێنە لەم پێوەندیەدا ڕەنگە ڕاستیەکان زیاتر بەڕۆژ بکات بە تایبەت کە یەکیان نووسراوی گۆڤاری نیشتمان ئۆرگانی ژ - ک لە درێژەی وتارێکی شێخ سەعید دا هاتوە. ئەویتر پارچە شێعری ئەندامی کۆمەلە و لە بەرپرسان و کادری کۆمار سەرژمێر دەکرێ.(هەڵبەت دەقاودەق بە هەمان ڕینووس کە پارێزراوە).

١- ... ڕاوەستن! با سینگتان بە گول لان لە شەری نیشتمانا هەل پشکویت بو پیاوان ڕووی زەردنا سینگی خوینین جوانە! ڕاوەستن! بلا خوینی سوورو گەرمتان لە سینگ جاری بی ئەندامی خویناوی لاویک دناو میرگ و چیمەنی کوردستاندا لە تازە بووکان جوان تر و زیبا تره.

رابن! رابن ! شەرو کوشتن هیرش و هجوم زور زور لە راکردن و بی بەختی هاسان تره.

و لە درێژە دا:

ژمارەی دوژمن و زور و بوری یان هیچ نیە هجوم بکەن لە ژیانی خو ترسوو نەبی با دل خوش بن.

لە کۆتایی وتارەکەدا هاتوە:

پیاوی ترسەنوک مالی خو، وولاتی خو - و ناموسی خویان بە بادەدەن أیوە دەبی وولاتی خو وەژینن کەسی لە شەر بترسیو دەس لە ناموسی خو بەربدا ئەو کارە شەریف و چاکەی پی ناکریت.

گۆڤاری نیشتمان لاپەڕەی ٤ ژمارەکانی ٧ و ٨ و ٩ کە وێکڕا.(بەڕێنووسی وەک دەقەکە).

٢- جەوانانی دیموکرات وان م . مجدی

ئەمن رولیکی پاکی نیشتمانم
لە بو خذمت وطن حاضر بەگیانم
حقیقت هەر دەلیم شیرین بی یان تال
موظف خوم بەگوتنی حق دەزانم
کتومە وهەردەلیم بی ترسو بی باک
بکا هەرکەس خراپەی نیشتمانم
اگەر بەرد بی بە آسن دەیشکینم !
بەرامبەر سینگی دوژمنە سنانم
ئەوەی ظالم بی هەرکەس بی خراپە
لە بەر خوی هەر بلی ابنی فلانم
ئەمن وەک خلکی دی نیم وەختی قازانج
بدەم هیند بەردی ملیت لە شانم
ڕەگی ملیتی استوم هەلستی
وشک بی زارم و لەت بی زمانم
لە وەختی لازم و هنگاوی پیویست
بەرامبەر سینگی دوژمنە سنانم
لە ری . ی راگرتنی ئالای مقدس
وەبەرچاو نانیم سود و زیانم

(لاپەرە ٣٢ هاواری نیشتمان ژمارە یەک).

کورد گوتەنی ئەم هەویرە ئاوی زۆر هەڵدەگرێ. ڕەنگە کەم کەس بتوانێ وەڵامی تەواو بەپرسگەلێکی ئەوتۆ و دەیان پرسیاری تری پێوەندیدار بداتەوە، بەڵام لەلایێک نرخی مەزنی ئەم ئەزموونە مێژوویییە، فیداکاری خەڵکو بەشێک لە ڕێبەران و پێشمەرگەکانی سەنگەری پێشەوەی ڕووبەڕوی دوژمن و لە لاییکیتر بە سەرهاتی تاڵ و ناچارکرانی سەرلە نوێی خەڵک بۆ ملدان بە چارەڕەشیە دوورو درێژەکان کە ئەوە بۆ ٦٤ ساڵ دەچێ گەلی ئێمە ڕەنجی پێوە دەکێشێ ئەرکدارمان دەکا زیاتر ئاوڕ لەڕابردوو بدەینەوە تائەگەر دەرفەتێکی دیکەمان دەسکەوت یان توانیمان بخولقێنین بزانین لاوازیەکانمان کامانە بوون.

دیارە زانستی کۆمەڵناسی بۆ پێک هاتنی ئاڵوگۆڕ تەنی هۆکارێک بە تەواوکەر نازانێ. بەڵکوو زۆر مەرج و کێڵگە(زەمینە) و پێداویستی تر لەپەنا هۆکاری سەرەکیدا دەس نیشان دەکا تا وەک ڕێخۆشکەری سەرئەنجام خولقێن دەور بگێڕن. بە دڵنیاییەوە زۆر بەی خەڵکی ئێمە شارە زای ئەم ڕاستیەن کە یەکێک لەهۆکارە سەرکیەکانی خولقانی دەرفەتی زێڕین بۆ پێک هێنانی کۆماری کوردستان، هاتنی هاو پەیمانانی داگیرکاری ئێران و کێشرانی شەڕی جەهانی دووهەم بۆ مەبەست و قازانجی تایبەتیو تەماحکارانەیان لە ناوچەکەدابوو. دەتوانین بە بێ دوو دڵی دەس نیشانی ئەو ڕاستیە بکەین کە کورد بە ڕێژەییک کەڵکی باشی لەم هۆکارە وەرگرت، ئایا لە گەڵ ئەوە دەتوانین پیداگرین کە کورد سرنجی پێویستی داوەتەبەر گرنگی لاینەکانی دڵنیایی بەخشی تربۆ بە ئامانج گەیشتن؟

لەم پێوەندیەدا دەبێ ئاوڕێکی کورت لە خەبات و تێکۆشانی ڕابردووی تۆێژی ڕۆشنبیری نیشتمان پەرست یا وردە بورژوازی لیبراڵی کورد بدەینەوە ئەوکات زیاتر ئاشکرا دەبێ کە ئەم تۆێژە لە چ دەوران و سەردەمێکدا نەی توانیوە بۆ خۆی دەوری سەربەخۆ لەئێداره کردن و ڕێبەری بۆ بە ئامانج گەیاندنی نەتەوەکەی بگێڕێ، بگرە زیاتر دەسەمۆ، فەرمانبەر و پاشکۆی ڕێبەری کۆنەباو (سونەتی) شێخ، ئاغا، مەلا و،هتد بوە.

ئەم بەشە ئەگەر لە ساتەوەختێکدا لە بەرانبەر کەسایەتی دەسەڵاتداری شۆڕش خۆی نواندبێ، توانای لە سەرپێ وەستانی سەربەخۆ دەربڕینی زانستی ئیدارە و بە جەماوەریکردنی چارەنووس سازی نەبوە!

تەنانەت گەر لە کورتخایەنیشدا دەوری نواندبی نەی توانیوە بە سەرئەنجامیکی دڵخوازی بگەیێنی (هەرچەند کۆمەلانی خەلک بە جاران کەمو زۆر پاڵپشتی پێویستیان بۆ بە تەنگەوە چوون دەربڕیوە).

ئەم وەزعە لە شۆڕشەکانی کوردستان لەپارچە جیاکراوەکانیدا ئاسەوارو وێنەی زۆرن. دانەبەزینی جەربەزەییکی بەڕێوە

بەری کە توانای سامان دانی جەماوەری بۆ بەربەرەکانێیەکی ئەوتۆ تا دوژمن ناچار بە شکست و پاشەکشەی یەکجاری بکا ئاکامی ئەم وەزعە بوە.

شوێنەواری ئەم ڕاستیە تاڵە لە حاڵەتی بە ڕواڵەت سەرکەوتوویدا ئاکامی لە هەمبەر وەستانی وزە فەوتێنی جەماوەر و قەڵش تێکەوتن و دەستە بەندی چەکداری و دوژمنکارانە لە بەرانبەر هەڤدوو (کورد بە کورد) و ڕکەبەرایەتی بە قازانجی داگیر کاران، لەسەرجەمی خۆیدا دڵساردی جەماوەر و لەتووپەت کردنی زیدەتری وڵات تا ڕادەی بنەماڵەکان و زیاد کردنی دوژمنایەتی نێو خۆیی لێ کەوتوەتەوە کە دیارە وێنەی فراوان لە بەر دەستدان؟!

وەک گوترا لە ئەگەری پێشکەوتنیدا ڕێبەری ڕۆشنبیر لە جێگای دابەزاندنی سیستەمی نوێی ڕێکخستن و مودرنیزەکردنی خەباتی هاوتەراز لە گەڵ دسیپلین، هەرکە زانیویەتی بەشێک لە کۆمەڵگا لە دەورەی کۆبوەتەوە، وەک لاسایی کەرەوەیێکی باشی ڕێبەری کلاسیک خۆی لێ بوە بە ئیمام، مەلا و خەڵیفەو شاو خەڵک بە ئومەت، دەروێش و سەربازی بێ ئیرادە کە تەنێ سەربزێوی و مل کەچ کردن پێیان ڕەوا بینراوە!؟

موهەندس نووری شاوەیس (١٩٢٢ - ١٥ . ١١ - ١٩٨٣) یەکێک لە گەنجە ناسیۆنالیستە ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە بوە کە گەلێک دەوری سەرەکی لە ئەندامەتی "کۆمەڵەی دارکەر" حێزب و ڕێکخراوەکانی وەک: هیوا، پارتی دێمۆکرات وپارتی گەلی دێمۆکراتدا هەبوە، لە بیرە وەریەکانیدا سەبارەت بە ڕێبەری هیوا دەڵێ: "لە بەر ئەوە هیچ کامێکمان ئەو دەسەلات و لێوەشاوەیەی لەخۆیدا نەدە دی کە ببێتە سەرکردەی کۆمەڵە لێژنەیێکی سەرکردایەتیمان دانا و لە ساڵی ١٩٤٠ ڕەفیق حێلمی - یان بۆ سەرۆکایەتی هیوا دیوەتەوە. لە کاتێک دا مامۆستا خۆی دامەزرێنەر و ئەندامی هیوا نەبوە بەڵام لە بەر قورسایی کەسایەتیەکەی کە کەسایەتیەکی کلاسیکانە بوە کردوویانە بە سەرۆک"؟!

دەقی ئەم مەسەلە بە جیا لە زەختی لاوەکی لە بەسەرهاتی کۆمەڵەی ژ - ک یشدا دەبیندرێ! هەڵبەت لێرە دا مەبەست لە هێنانی وێنەی ئەم دوو کەسایەتیە تێکۆشەرە لە ڕوانگەی باس کردنی شێوازی مێژووی ڕێبەرایەتی جووڵانەوەی کوردو کزی کارئامەیی ڕۆشنبیری کوردە بەمەبەستی تیشک هاوێشتن بۆ ناخی کەموکوڕی ڕێگرو نا جێگرتوویی بیری پتەو و کۆنەدەرانەیە، بیرو باوەڕێک کە هیچ کۆسپێک لە کاتی تەنگانەدا نە توانی ڕێگای خۆبەدەستەوە دان تەخت بکات، بە چەشنێک لە هەلومەرجی دواکاتەکانی کۆماری کوردستان زۆربەی بەرپرسان پشت لە جەماوەری بەرین و هەژاری ئامادە لە مەیدان بکەن و بەڵێنی چەند ڕۆژ پێشووتر پشت گوێ بخرێ تا ژاندارم هەر ئەو هێزە بێوەرە خۆبەدەستەوە دەرە ی دوێنیی لە گەڵ تاقمێکی دووڕووی بەزیوی خۆمانی لە خەڵک ببن بە شێری مەیدان!!؟

بەشی دووهەم

وەرد دانەوەی ڕابردوو یارمەتیمان دەدا فام کردنێکی تێروتەسەلتری شایان لە مێژووی خۆمان بەدەستەوە بدەین. هێنا نە گۆڕی پرسگەلی هێشتار وەلام پێ نەدراو، فامی تاکی کورد لە سەر ڕابردووی خۆی دەوڵەمەند دەکا.

ئەگەر ڕابردووی دوورتر و کارەساتەکانی بە مێژوو بسپێرین و تەنێ کورتتری بە سەرهاتی خۆمان لە نێوان ساڵەکانی ١٨١٩ تا کۆتایی ٢٠٠٨ی زاینی بکەین بە ئاوێنەی تێڕامانی سیاسەتی دەسەلاتی ناوەندی ئێران بەرانبەر بە کورد و کوردستانی ڕۆژهەلات، ڕەنگە داهاتووی کورد سەرلە نوێ نە کارەساتی هەڵوەشاندنەوەی هەوڵ و کوێرەوەری فێداکارانەی چەشنی کۆماری کوردستان بە خۆوە ببینێ و نە ناچار بێ ڕۆژانە بۆ دەست خستنی ژەمە نانێک لە سنوورە دەسکردەکاندا قوربانی بێ سنوور ببەخشێ.

لە ڕوانگەی هەر تاک و تاقمێکەوە ڕێژەی گرینگی هۆکارەکانی ئەم بەسەرهاتە جیاوازە. وانە و ئەزموونی کارەساتە مێژوویەکان ئەوە دەسەلمێنی کە ئێمە نەمان توانیوە هێشتار نەیارەکانمان وەک خۆیان بناسین. بە واتەیێکیتر ڕەنگامە بوونی پلانە دارێژراوەکانی نەیارانی کورد بەتایبەت لە بەشی ڕۆژهەلات تێکەڵی جۆرە ئازایەتی و هونەرێکی ئەوتۆ کراوە کە ئێمەی کورد توانای ئەوەمان پێشان نەداوە لە ژێر کاریگەری جادووگەرانەی زمان و کردەوەکانیان خۆ دەرباز کەین!!

با چەند وێنەی مێژوویی پێکەوە بە سەر بکەینەوە. بە هیوای ئەوە پتانسیل و هێزو توانا بە فێرۆ چوەکانمان لە درزو کەلێنی ئەم بەسەرهاتە ئالۆزە دا وە دۆزین.

١- ساڵی ١١٩٨ بەرانبەر بە ١٨١٩ی زایینی: ئەحمەد ئاغا کوڕی موحەمەد ئاغا حاکمی مەراغە، باپیر ئاغا سەرۆکی دەسەلاتداری فێدراسیۆنی عەشایری کورد بە خۆی و هەزار کەسەوە بە بیانوی یارمەتی بانگ هێشتی ئەو شارە دەکا و بە پێ پلانی پێشتر دارێژراو سەرجەم مێوانانی دامەزراو لە ماڵەکانی شاری مەراغە بە شەو لە گەڵ سەرۆکەکەیان (باپیر ئاغا) لە خەودا تاقە کەسێکی لێ دەرچێ, ئەوانیتر بە باپیر ئاغای سەرۆکیانەوە دەکوژن! دیارە ئەحمەد ئاغای بکوژی کوردان زاوای فەتحعەلیخانی قاجارِ مێردی زەینەب خانم حەفدەهەمین کچی شا بوە.
٢- بوداق خان مۆکری: ساڵی ١٢٠٣هەرچەند بۆ هاریکاری کردنی دەسەلاتی ناوەندی و قڕ کردنی ئێلی بلباس لە لایەن کوردەوە تاوانبار دەناسرێ، بە فەرمانی ئاقا موحەمەد خان چاوی دەر دەهێنن و دەی کوژن.

٣- ئەفراسیاو سوڵتانی زەرزا: ساڵی ١٢٠٧پاش ئەوە موحەمەد قوڵیخان (ئازەری) حاکمی ورمێ دەکەوێتە بەر غەزەبی موحەمەد خانی قاجار. سوڵتانی زەرزا یارمەتی و داڵدەی دەدات. کاتێک کێشەکە چارە سەر دەکرێ و قوڵیخان دەکرێتەوە بە حاکمی ورمێ. ئەفراسیاو سوڵتان زاوای حاکمی دووبارە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ پیرۆزبایی دەچێتە لای، بە فەرمانی شا دەرمان داوی دەکەن و دەمرێ!!

٤- هەمزە ئاغای مەنگور: سوپاسالاری شێخ عوبەیدوڵڵا ٣٠ - ٧ - ١٨٨١ لەلایەن حەسەن عەلیخان (سەرتیپ) وەزیری فەوائیدّ کوری موحەمەد سادق خانی گەروس لە دەستو پێوەندەکانی ناسرلدین شا قاجار بۆ نێو خێوەتی سپا لە مەهاباد بە بیانووی ڕاوێژ و دڵدانەوە بانگ هێشتن دەکرێ. هاوکات لە گەڵ سەت کەس لە تفەنگچیەکانی دەدرێتە بەر دەسڕێژ و دەکوژرێ!

٥- حەسەن سانی هەورامان: ساڵی ١٢٨٤ لە لایەن فەرهاد میرزای قاجار حاکمی کوردستان (سنە)دیسان بە نێو بۆ وتووێژ و پێشکەشکردنی خەڵاتی شاهانە!! بانگ هێشتی ئاوایی بێڵک لە ناوچەی مەریوان دەکرێ و بە فێڵ دەیکوژن.

٦- جەعفەرئاغای شکاک: ساڵی ١٢٨٤ پاش سەفەری موزەفەرلدین شا قاجار بۆ ئۆروپا موحەمەد عەلی میرزا والی تەورێز لە جێگای خۆی دادەنێ. والی بە نزام ئەلسەلتەنە تلگرافی فەرمان دەدا جەعفەر ئاغا بکوژن. نزام ئەلسەلتەنە قورئانی مۆرکراو بۆ ئاغای شکاک دەنێرێ و داوای لێدەکا بۆ پاراستنی تەورێز بە هانایەوە بچێ. حسێن خانی زەرغام یەکێک لە سەرانی سپای تەورێز خانی کورد بۆ سەرای خۆی مێوانی دەکا. بە گەیشتنی دەسرێژی لێ دەکەن لە جێدا شەهید دەکرێ.

٧- حەمە سەعید سوڵتان حاکمی هەورامان: ساڵی ١٢٨٧ی کۆچی دوا بەدوای سوێند و قورئان بۆ پارێزگاری و ڕێز لێ گیران دەچێتە شاری سنە ئەویش بە پێلانی شەرەفەلمولک و فەرمانی موعتەمد ئەلدەولە قاجار و وەزیر ئاقاخانی نووری لە شاری جوانڕۆ دەکوژرێت.

٨- پلانی ترۆری سمایل ئاغا سمکۆ: بە دانانی تەقەمەنی لە نێو قوتووی شیرینی: ساڵی ١٢٨٧ بەرانبەر ١٩١٩ بە دەستی موکەرەم ئەلمولک جێگری والی تەورێز کە سمکۆ تێیدا دەرباز دەبێ بەڵام برایێکی دەکوژرێ.

٩- کوژرانی سمایل ئاغا سمکۆ: پووشپەڕی ١٣٠٩ بەرانبەر بە ١٧ی ژوئەنی ١٩٣٠لە شاری شنۆ بە فەرمانی ڕەزا شا پەهلەوی، هەمدیس بە بیانووی وتوویژ و پاش سوێند، قورئان و بەڵێنی پێدان.

١٠- لە سێدارە دانی پێشەوا و هاوڕێیانی دەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦پاش قەولو بەڵێنی سەۆک وەزیران قەوام!

١١- کوشتنی دوکتۆر قاسملو و هاوڕێیانی: ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ بەرانبەر بە ١٣ی جوولای ١٩٨٩ لە وین پێتەختی ئۆتریش لە ژێر پەردەی وتوویژی چارەسەریدا!!

١٢- کوشتنی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی: ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ بەرانبەر بە ١٧ی دێسامبری ١٩٩٢ لە برلین (ئالمان) کاتی کۆبوونەوە بۆ یەکخستنی سەرانی هێزە سەرانسەریەکانی دژبەری تاران!! کە تەنێ کوردەکانی تێدا قوربانی کران؟؟؟ مەحکەمەی ناسراو بە میکۆنۆس(قەزایی ئاڵمان) دەسەلاتدارانی ئێران ی بە پلاندانەر و بەڕێوە بەری ئەم کردەوە

تڕۆریستیە ناساند.

ئەوە مشتێک لە خەروار کردەوەی دەسەڵاتدارانی ناوەندی ئێران - قاجار، پەهلەوی، و کۆماری ئیسلامی دژ بە میللەتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە لە ڕاستیدا یەک ڕەوشت یەک سیاسەت و یەک ئامانجی بە دواوە بوە، سەرکوتی بێ بەزەییانە و دوژمنایەتی پشت بەسراو بە هەر وەسیلەییک بەرانبەر نەتەوەی کورد.

مەخابن ڕێبەرانی ئێمە تا ئەوکاتە خۆیان لە سێبەری داری سێدارەی دەسەڵاتی تاران یا ڕووبەڕووی تیمی تڕۆر و دەسڕێژو گولەبارانی پیاوەکانیاندا نەدیوە هەرکام بە شێوەیێک فریوی دوو دڵی و سێحری وتەی جادووگەرانەی "هەموتەنان عەزیز"! "مەرزداران غەیوور"! و بە کورتی" ئیرانیان ئەسیل"! یان وەک جامی ژار خواردوە. سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە ئەم کاروانە درێژەدانی خوێناوی و مەرگباری خۆی بە ڕێگای پێشوودا بە زڕەی زەنگی هەڵوێستی سیاسی! حیزبەکانمان نەسرەوتوانە بە بێ ئاوڕدانەوە لە پشتە سەر درێژە پێدەدات!

بەشی سێهەم

ئاکار و هەڵسوکەوتی ڕەزاشا قەڵش و مەوداییکی زیاتری لە تێفکرینی کورد سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی ناسێندراو بە ئێرانی! و لە ڕاستیدا فارس هێنایە مەیدان و توانی کاریگەری خۆی لە بەشی سەرووی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە هێشتار ئاسەواری شۆڕشی سمایل ئاغا (سمکۆ) و ئارارات و دەرسیم لە زەینی خەڵکدا زیندوو مابوو دەور بگێڕێ.

کاردانەوەی فەزاییکی ئەوتۆ توانی ئالترناتیوی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن یان نەتەوە خوازی سەردەمیانە هەرنەبێ لە نێو تویژێکدا بکاتە دەستمایە، هەرچەند سەیری ڕووداوەکان ئەوە ناشارێتەوە ئەم پێ گەیشتنە لە بەرە بەری سەرهەڵدان و تافی لاوەتیدا پێش ئەوە ڕیشەی خۆڕاگری بە قەوەت بکا کەوتە بەر پەلامار و مەودای سەقامگری لێ ئەستێندرا.

نابەجێ نیە بوترێ سۆز و هەستی نەتەوەیی وەک پێش داهاتی بەرئانگارانە لە بەرانبەر زوڵم و زۆری مەئموور و ژاندارمەی شا دەچوو تا بە کەڵک وەر گرتن لە هەلو مەرجی سیاسی سەرهەڵدان و پشکووتنی باوەڕی نەتەوەیی لە گەل بیری نەتەوەیی لێک بئاڵێنێ. ئەم بزاڤە بە یەکەم کۆبوونەوە (٢٥ - ٦ - ١٣٢١)ی، ژ - ک لە باغی میکائیل (مەهاباد) بە بەشدار بوونی میرحاج و هاوڕێیەکی تری لە حیزبی هیوا بە هەنگاونان لە پراکتیک دا (وێرای یارمەتی و پاڵپشتی هیوا و لاین و هۆکاریتری هاندەر) پێ نایە مەیدانی بە تەشکیلاتی کردن.

بەڵگە بەجی ماوەکان وەک (گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی بڵاو کەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - ک) ڕای کەسایەتی و لاینی سەربەخۆ گومان لەوە ناهێڵنەوە بیرو بەرنامەی دامەزرینەرانی کۆمەلە، وڵاتێکی سەر بەخۆی کوردی بوە، واتە ئەندامانی پێشڕەوی بیری نیشتمانی ڕێگا چارەی نەهامەتیەکانیان دیوەتەوە و هەنگاوی سەرەتایشیان (پەرەدانی خێرا بەلق و پۆ لە ناوچەکانی کوردستان) بۆ هەڵێناوەتەوە بەڵام: بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بەرزی ئەوتۆ ئەمە تەنیا لێدانی باریکە ڕێییێکی دەسپێک بە حساب دێت.

نەبوونی فرسەتی پێویست و هەروەها گەڵاڵە نەکرانی پەروەردەی ئەندامی خۆبەختکار و باوەڕمەند کە ئامادەی گیان دان و پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکان بێ، ڕوالەتی بوونی باوەڕی نەتەوەیی کە لەو سەردەمەدا تا ڕادەییێکی بەرچاو ببوو بە خواستی زۆربەی خەڵکی هەرێمی ژێر دەسەلاتی کۆمار،

ئەوە لەو درزە گەورانەبوون وەک پاشتر دەرکەوت سەلێندرا لە نیوان دەربڕێن و پێداگری لە پێکهاتەی کۆماری کوردستان تا ئاستی ئامادە بوون بۆ بەخشینی نرخی پێویست و نیشاندانی فیداکاری مەوداییێکی زۆر هەبوە.

کاتێ دۆستی هاوپەیمانی وەک کۆماری ئازەربایجان بە ئاشکرا خەریکی ساتو سەودا لە گەڵ دوژمنی هاوبەش لە لاییێک و قووتدانی کۆمار وەک ژێردەستەی خۆی لە لاییکیترە و ئەوە بۆ یەک یەکی بەرپرسان و بگرە جەماوەر ئاشکرایە ناکرێ دەست لە سەردەست لە هەچ دەرفەتێک بۆ تێگەیاندنی جەماوەر و تەیار کردنی لانی کەم فکریی ئەوان لەم بارەوە کۆتایی بکرێ.

لەوە بەرینتر پلانی ئاشکراو ڕۆژانەی تاران لە پەناگوێی کۆمار (سەقز، بانە، سەردەشت بۆ کرین و تەماح وەبەرنانی خەڵک و چەکدار کردن بە دژی کۆمار و پێوەندی نەپساو لە گەل سەرۆک عەشیرەتەکان خۆ باسی ڕۆژانەی نێو خەڵک بوە!

ئاوڕدانەوە لە نێوەرۆکی ئەم مەسەلە لە وتار و نووسراوکانی دەورانی کۆمار دا تا ڕادەییێک فامی تێئۆریک دە داتە جەماوەر و بەرپرسانی کوردستان، مەخابن تەیار کردنی کۆمەڵگا پراکتیزە ناکرێ تا ئەم مەترسیە بە ڕێژەییێک جێ و گرنگی خۆی پەیدا بکا. ئەوە کەلێنی گەورە ی وەک کەمتەرخەمی لە بیرۆکەی بەر چاو نەگیرانی ڕێکارەکانی داکۆکی لە تەمەنی کۆماردا پێوە دیارە.

کوردستانی ژمارە ٣٠ لە ژێر سەردێڕی "جێژن و بانگ هێشتنی ئاغای جەعفەری کەریمی (وەزیری ئاموزش) بە بۆنەی

سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان" هاتوە:".... دەبێ بزانین هەر فەردیک بەڵکی هەر میللەتێک دە دەورەی ژینی خۆیدا جارێک تووشی خۆشبەختی و بەد بەختی دەبێت، ئەمما خۆشبەخت ئەو کەسە و ئەو میللەتەیە کە وەختی خۆشبەختی و چارە ڕەشی تەشخیس دەدا و لە کاتی خۆشبەختی ئێستفادەی لێ دەکا و نایەڵێ بە هەدەر بڕوا و ئینشا ئەللا ئێمەش دەبی فرسەت بە تاڵان بزانین و ئەو وەختە گرانبەهایەی بە هیچ قیمەتێک لە دەست نەدەین".

هەر لەم ڕێورەسمەدا پێشەوا قازی موحەمەد وتارێک پێشکەش دەکا کە بۆ بەر پەرچ دانەوەی ئەو لاینانە ئامادەنین ڕاستیەکانی سەربەخۆیی خوازی پێشەوا و کۆمار بسەلمێنن دەقی وتارەکە بە هەمان ڕێنووس لە کوردستانی ژمارە ٣٠ بخوێننەوە: "دو دفعه له لایەن آذربایجانەوە بو تەوریزیان بانگ کردم که له آذربایجاندا کریمان هەبی ئەمن پیشنهادی وانم قبول نەکرد، چون ملتی کورد چوارساله که خود مختاره و داوای استقلال و تیک خستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا زورم پی گران بو که ایمه به خودموختاری راضی ببین چونکو که مدەی ئەو چند روژەی که جیژن گیراوه احساساتیکی ایوه نوواندوتانه وینەییکی حساس و کامله و دەبی دنیا بزانی که کورد لیاقتی استقلال و سەر بەخویی هەیه".

ئاکامی ئەم بەشە ئەوەیە کە ڕێگا چارەی نەهامەتیەکان واتە ڕاگەیاندنی کۆماری سەربەخۆ و ئورگانیزمی ئێداری و حێزبی ئاشکرا بە ڕێژەییکی باش لە بەر چاو گیراوە. بەڵام بەر پەرچدانەوەی پلانەکان و گیانی بەرئەنگاری بە ئاستی پێویست نەگەیشتوە. خۆ ڕاگری و کرداری کردنی بەڵێنیەکان ناتەواوە لەدەست دانی یەک لەچوار نەفەر ژنڕاڵی کۆمار (نانەوازادە سواری تەیارەی دوژمن دەبێ گوایە تەیارەکەی بەر دەبێتەوە!)، لەوەدەچێ هێشتار دوژمن و مەترسیەکانی بەهێند نەگیردرێن: لە ئاستی نێو نەتەوەیی دا گۆشە نیگای هۆمێد لە داگیر کەرانی هاوپەیمان هەڵنەگیراوە. بە وتەی میرزا موحەمەد ئەمین مەنگوڕی یەک لە کادرەکانی کۆمار، گوێ نەدان بە پێشنیار و ڕاوێژە کانی ژنراڵ حەمە ڕەشیدخان دووهەمین ژنراڵ لە قیس کۆمار دەچێ.

کریس کۆچرا (جنبش ملی کورد - ل ٢٢٥ - ٢٢٦) دەنووسێ: ڕێبەرانی کۆمار لە سرنج دان بە هۆکارە نێو نەتەوەییەکان بە توندی بێ ئاگاییان لە خۆ نیشان دەدا. یەکەمین و ئاشکرا ترین زەنگی خەتەر لەسەر کۆمار بەجێ هێشتنی هێزی سۆڤیەتیەکان (١٠ی مانگی مای ٤٦) و کشانەوەیان بوو کە ڕێبەرانی کورد گوێیان نەدایێ.

وەدەرنانی وەزیرەکانی حێزبی تودە (١٩ی ئۆکتوبری ٤٦) دووهەمین نیشانە بوو.

سێهەمین نیشانە، قسەکانی جورج ئالێن سەفیری ئامریکا لە تاران بوو کە دووپاتی کردەوە "ئامریکا لە تەواویەتی ئەرزی

ئێران پشتیوانی دەکا".

کریس کۆچرا دەڵێ "کۆماری مەهاباد وەرگێڕی ئاکامی ئەو شکستەیە کە کوردەکان نەیان توانی پاش ٣٠ ساڵ بە سەربدا زاڵ بن (کە بە داخەوە ئێستا دەبێ بڵێن پاش (٦٣ ساڵ - نووسەر). ناو براولە درێژەدا ئەم پرسە دەسنیشان دەکا: ئایا بزاڤێکی ناسیۆنالیستی تۆخ دەتوانێ بە بێ هەبوونی مەرامێکی دیاریکراو شەڕێکی ڕزگاریدەر ئێدارەبکا؟

هەرچەند پەیکەری ڕێز و حورمەتی کۆماری کوردستان و خەباتکارانی لە دڵ و دەروون و وێژەی کوردیدا جێ خۆی گرتوە بەڵام دیسان درێژەی دوژمنایەتی نەیارانی تاران نشین، ئەو مەودایەی پاش تێپەڕ کردنی ٦٣ ساڵ بە خەڵک نەداوە تەنانەت ئەم پەیکەرە خاوەن ڕیشە لە دڵ و دەروونیاندا لانی کەم وەک هێمایێک لە گۆڕەپان یان قەراغ شەقامێک وەک مێژوو نیشان بدەن. بەڵام پەیکەری خوێنمژانی کورد و مێژووی سەلمێندراوی خوێنباریان لە هەر کەلێن و قوژبنێکی وڵاتی کوردەواری وێڕای هەر کردەوەیێکی هام چەشنی ڕۆژانە بۆ بیر هێنانەوەی دەسەڵاتی ملهوڕانەی خۆیان لێ کردوین بە داوولی نێو بێستان. نواندنی ڕۆژانەی ٢٥٠٠ ساڵ بۆ خۆیان ڕەوا، بەڵام مێژووی ٦٣ ساڵەی هاوچەرخ بۆ ئێمە ناڕەوایە. ئەوەیە مەرجی پاراستنی برایەتی و هاوولاتی بوون لای ڕەگەزی فارسی برا!!!

ڕەنگە نابەجێ نەبێ زۆر بە کورتی ئاکارو هەلوێستی لاینی بەرانبەری چەوسێنەری تاران (کورد)، بۆ مل دان بە خواستی ستەمکار ئاماژە پێ بکەین.

بە شێکی بەر چاوی کورد،کەسایەتی و کورە کانی کۆمار کە لەسەر سەکۆ و پشتی میکرۆفۆنی مینبەران گوڕەو نەڕەیان گوێ لادێی هەژاری کەڕ دەکرد! کورت پاش تێکچوونی کۆمار ملی ڕێگایان بەرەو تارانی بکوژی سەرکۆمارەکەیان گرت. وەک شتێک نەجاتییان بووبی! دەبوو وریا بن لە ئاخاوتنی فارسیدا "لەهجە" یان نەبی نەکوو بە دواکەوتوویان بزانن و بڵێن خەڵکی دێهاتن! لە ئەندامەتی حیزبی خائینی تودەوە تا جێبەهەی میللی، و... کەوتنە پەلەکردن! پاشتر حیزبی تودە بانگی ڕەشی بە سەر تاکوتووکی خوازیارانی درێژەدەری ئامانجەکانی کۆماردا گرت. نێوی" ئێران " بە پاشبەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زیاد کرا. وشەی پیرۆزی کۆمار بە جارێک لە بەرنامەی تێکۆشانی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەلاتدا پاک کرایەوە.

لە بری درێژەدان بە وەسیەتی سەرکۆمار بۆ متمانە نەکردن بە قەول و بەڵێن و سوێندی ڕەگەزی فەرمانڕەوا نە سەرێک چەندین سەری تر خرانە بەردەستی بکوژانی دەسەڵاتی "پرزە"! خودمۆختاری کرا بە ویستی سەرەکی! لەپاڵ ئەم لادانە گەورەیە لە ڕێبازی کۆمار و پێشەوا سەیر ئەوەیە هێشتار هەر خۆمان بە درێژەدەری ئامانجەکانی کۆمار دڵخۆش دەکەین!؟

ئامانجێک کەپاش قوربانی گرتنی سەری ڕێبەرو هاوڕێکانی مەخابن لە تێکۆشانی ئەمجارەی حیزبەکانیشماندا جێگایێکی وەک خۆی هەرنەبێ لە ئامانجی دواڕۆژ دا بۆ تەرخان نەکراوە!!

ئەگەر کۆمار و سەرکۆمارەکەی ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی کوردستان بوون، ئەی بۆ حازر نابین شوێنگری ڕێگەی ئەم ئەستێرانەبین؟

لە بەرنامەی خەباتی نوێ و پڕ لە قوربانیدا دا وشەی کۆمار جێگای نیە. (دیارە ئەمە ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کە لە بەر ئەوە خەباتی نوێ تێکۆشانی بۆ دامەزراندنەوەی سەرلە نوێ کۆمار نیە هیچ بەرهەمێکی نەبوە، بەڵکوو تێکۆشانی نوێ توانیویەتی دەوری تایبەت و ئاسەواری خۆی لە پانتایی بیرو زەین و مێژووی جوواڵانەوەی کورد دا تۆمار بکا، بۆ وێنە خەباتی بەرگریکارانەی گەلی کورد، و لە ڕیزی پشەوەی دا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کاتی بە دەسەڵات گەیشتنی خۆمەینی،توانی شاڵاوی بەرینتری ئەم جارەی تاران بۆ نەهێشتنی یەکجاری کورد بەرپەرچ بداتەوە. لە جێدایە تێکۆشەرانی ئەم بواره و قوربانیەکانی وەک پارێزەرانی بەقای نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕێزو حورمەتیان پارێزراوو بەرز بنرخێندرێ).
پاراستنی ڕێز و کەرامەتی خەباتکاران بە واتەی بێدەنگەکردن لە کەموکوڕی و ناتەواویەکانمان نیە.
بێدەنگە کردن لە هەڵە و لاری تێکۆشانی هێزە سیاسیەکان دەوری ئەرێنی لەسەرکورت کردنەوەی تەمەنی مەینەتیەکانمان ناگێڕێ. کەموکوڕی،لاری و ناتەبایی و کەمتەرخەمی لەم بوارەدا تەنیا بەرۆکی حیزبی دێمۆکرات و ڕێکخراوەکانیتر ناگرێتەوە،بەڵکوو یەکە یەکەی ڕووناکبیر، نووسەرو خوێندکارو سەرجەمی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات دەپێکێ. ئەگەر زۆربەی خەڵکی ئێمە نەبووبێتە تەماشاچی بەسەرهاتی تاڵی ڕۆژانەی دەروجیرانی خۆی، ئەسفەهانی و مەشهەدی لە لاوە هاتوو توانای پێشێل کردنی کەرامەتی کوردانەی ئێمەیان نابێ. لە گەڵ ئەوە بەرپرسیارەتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لاینانە کە خۆیان بە درێژە دەری ڕێبازی پێشەوا و حیزبەکەی دەزانن.

نەمر دوکتۆر قاسملو لەلایەڕەی ١١ی سەرەتای چل ساڵ خەباتدا فەرموویەتی: "ڕاستی ئەوەیە کە نەسڵی دامەزرێنەری حیزب ئێستا ڕۆڵێکی لە تێکۆشانی حیزبی ئێمەدا نیە. زۆریان هەر پاش تێک چوونی کۆماری کوردستان وازیان لە خەباتی سیاسی هێنا".

بە گشتی تاقمی پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان لە فارسی وتن و نووسیندا پێشڕەفتی ئەوتۆیان کرد کە هی وایان تێدایە زیدەتر لە سەت ئاسەواری مێژوویی وێژەیی و ڕۆمانی لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر فارسی، زمانی زمان بڕی باب،

مام و کەسوکاریان وەرگێڕا! ڕاستی ئەوەیە لەم دەورەیەدا هەر وەک لە گۆمێکی قووڵ دا نۆقم بووبن ئاسەوارێک لە سوێند خواردوەکانی کۆمەڵە کە زۆربەیان بەرپرسایەتیان لە ئورگانیزمی کۆماردا هەبوو

نەما. ئەوەیە کە حێزبی تودە دەبێتە مەیداندار و "دێمۆکراسی بۆ ئێران" دەبێ بە سەردێڕی تێکۆشانی نوێی ئێمە!! وێرای ئەوە: کاتێک هەژاری بڵیمەت زمانی لە قۆڕ چەقیوی فارسی بە وەرگێڕانی قانون (ئێبن سینا) لە عەرەبی بۆفارسی کە سەدان ساڵ تاقە فارسێک نەی وێرابوو بە لایدا بچێ ڕزگار دەکا، حەجاریانی ڕەگەز پەرستی فارس بە شێوەی هاوڕەگەزەکانیتری خزمەتەکانی هەژار چەواشە دەکا! حەجاریانی "ئێسلاح تەڵەب" ئەم کارەی مامۆستا هەژار بە "بەڵگەی توانەوە و ئاسیمیلە بوونی زمانی کوردی، بێ مایە بوونی پێداگری کورد لە پێوەندی جیاوازی زمانی و نەتەوەیی کوردان لە ئێران"ی فرە ڕەگەز وەسف دەکا و بەرپەرچی هەبوونی میللەت و زمانێک بە ناوی کوردی کە تایبەتمەندی خۆمالّی هەبێ دەداتەوە. ڕاستی هەژاری ڕەحمەتی کە حازر نیە" وەڵامی قەبریش بە هیچ زمانێ جیا لە کوردی بداتەوە (بە کوردی دەژیم بەکوردی دەمرم، بەکوردی دەیدەم وەڵامی قەبرم... هەژار)" لە بەرانبەر ئەم وتە دا وەڵامی چ دەبوو؟

ئەمە وێنەییکی تەواو عەیار لە ئەمەکناسی بەرانبەر خزمەتەکانی کورد لای ڕەگەزی کورۆش و خومەینی ئاشکراتر دەکا.

حێزب و ڕێکخراو، نووسەر، وەرگێڕ، ڕۆشنبیری سیاسی و تاکی کورد ئەگەر ئێرادەی ئاوڕ دانەوە لە مێژووو بەسەرهاتی گەل و وڵاتی خۆیان نەبێ ،وێڕای دەسەملان نەبوونی کەمترین ماف، بیرو هۆش و قەڵەمیان دەکرێتە پردەبازی نە هێشتنی زمان، ناسنامە و کەرامەتی نەتەوەیی.

تۆ بڵێی: لە گۆڕستانی مەهاباد دا وەرگێڕی گەورەی ئێران (نەک کوردستان)! ڕەحمەتی موحەمەد قازی لە بەرانبەر پێشوای کۆماری کوردستان ئەو کەسەی کە لەڕیزی یەکەم کارەکانی دا مەدرەسەکانی کوردستانی ئازادی کرد،هەموو ئاسەوارێکی فارسی وەک نێوی مەدرەسە و زمان و کتێبی دەرسی زۆرەملی لەوێ کۆ کردەوە و پاشتر لەپێناوی ئەم ئەرکە نیشتمانیەدا گیانی بەخشی، چ پاساوێکی هەبێ؟

وەسیەت نامەکەی پێشەوای مەزنی کۆماری کوردستان پێش ئەوە خاکی کوردستان تەرمی پیرۆزی لە باوەش بگرێ کاتێک فەرموویەتی: "دڵ نیا بن ئەگەر دوژمن هەنگوێنتان بداتی تێکەڵاوی ژارە، فریوی سوێندە درۆزنانە کانیان مەخۆن ،ئەگەر هەزار جار بە قورئان سوێند بخۆن هەمدیس مەبەستێک جیا لە لەنێوبردنی ئێوەیان نیە"، ئەم ڕاستیەی بۆ هەموان ڕوون کردوەتەوە.

بەشی چوارەم

پێداگری لە سەر ئەم ڕاستیە لە جێدایە کە شرۆڤە، وەرد دانەوە و بە گشتی پشکنینی درزو کەلێنی لاینە جۆر بەجۆرەکانی پێکهاتەی "کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان" تا ئەو کاتە کورد نەتوانێ ڕاسپاردەکانی لە پانتایی کردەوەدا لە سەر خاکە پیرۆزەکەی سەردەمیانەتر کرداری بکات کۆتایی هەڵگر نیە. بە واتەییکی دیکە کاتێک نەمان توانیوە کۆتایی بە چارەڕەشی میللەتەکەمان ببەخشین ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو بۆ گەڕان بە شوێن هۆکارەکاندا واجبی بێ ئەملاو ئەولا دەژمێردرێ.

هەرچەند پەلاماری بەرنامە بۆ داڕێژراوی تاران مەودای بە سەقامگیر کردنی دەزگای ئێداری و سەربەخۆی کوردی لە چوارچێوەی مودێرنی ئیداری و حکومەتی (دەوڵەت میللەت) بەربەست کرد، دیسان نەتوانرا ناوەرۆکی پێشکەوتوانە، دێمۆکراتیک و ڕێگاری بەخشی کۆماری کوردستان و ویستی دور لە دەمارگرژی شەڕئەنگێزانە. ی ئەو لە چاوی دونیای دەرەوەی خۆی تەنانەت زۆریەک لە کەسایەتی سەر بە دامو دەزگای زلهێزەکان (ئارشیە ڕۆزوێلت و هتد.) بشارێتەوە.

قازانج هەر ئەو موسیبەتە گەورەیە کەهاندەر دەبێ تا هێزی نەیار بۆ نە هێشتن و نەوی کردنی سەری بەرزی نەتەوە پێکی بەختیاری خواز ڕێنوێنی بکا، ئاساییترە لە ڕوانگەی زلهێزە خاوەن بڕیارەکانەوە ڕێگای مسۆگەر کردنی ئەم قازانجە سرنجی زێدەتری بدرێتێ بۆ ئەوە ماف و کەرامەتی میللەتێک بکرێ بە کاڵای ساتو سەودا. ئەگەر پێشتر کۆیلە بە تاک و بە کەشتی بۆ مامەڵە وقازانج ئێرەو ئەوێیان پێدەکرا، لە سەردەمی شەڕی دووهەم دا دەسەڵاتداران مێللەتێکیان بە خاکو نفوسەوە بۆ قازانج وەک کۆیلە لە جێدا بە کرێیار دەفرۆشت.

لە قسەکانی هۆمایونی فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە کوردستان دا کاتی سەفەری پێشەوا و چاوپێ کەوتنی لە تاران دەردەکەوێ ناهومێدی بۆ ژێردەستە کردنەوەی کوردستان دەبێتە ماکەی خۆ بەدارو بەرد دادان تا بەهەر نرخێک ئەم دیوارە لە ڕۆخان نەهاتوە، (پێشەوا) لە بەرانبەر خۆیان دا تێک بشکێنن.

دوکتۆر قاسملوو لە لاپەڕەی ٤٣ (چل ساڵ خەبات) دەنووسێ: "لە ڕاستیدا ئەو ناوچەیە ناوچەییکی ڕزگار کراو بوو. زۆر بەر لە پێک هاتنی هێزی دێمۆکراتی کوردستان لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ خەڵکی گوندەکانی ئەم ناوچەیە بە کردەوە دەسەڵاتی ڕژیمی شاهنشاییان لە نێو بردبوو..."

شان بە شانی دڵنیاتر بوونی خەڵک بە توانای ئێدارەی خۆمالّی و شکانی تەلیسمی زاڵ، لە بۆنەکاندا باسی بێمافی نۆ ملیون کورد (مەبەست هەمووکوردستانە) دەکرێ، بەرە بەرە بۆ نەهێشتنی ڕەمز، هێما و ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی بێگانە ی - تاران هەنگاو هەڵدەگیردرێ.

دەست بەکاربوونێکی ئەوتۆ نەک هەر بە هەڵکەوت نەبوە بەڵکوو بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و بەشدار بوونی کەسایەتی بەرپرس، وەرگێڕی جەوهەری ویستی جێگیر کردنی سیستمی بەتەواوی خۆمالّی و نەهێشتنی یەکجاری ئاسەواری داگیرکارانی کوردستانە کە خەڵک تامەزرۆی هەلێکی ئەوتۆ بۆ دابەزاندنی بووون. لە پێناوی ئەم ئامانجەدابوو کە زمانی فارسی و ئالّای ئێران کە نیشانەی سەرکوت و زەبرو زەنگ بوون بە جارێک وەلا نران. دەرسخانەی شاپوور لە شاری بۆکان گۆڕدرا بە دەرسخانەی - کوڕانی پێشەوای کوردستان. مەدرەسەی پەهلەوی گۆڕدرا بە کرمانجی.

مادەی دەرسی مەدرەسەی کوردستان (١٣٢٥ - ١ - ١٦ = ٠٢ - ٠٥ - ١٩٤٦) کرابە کوردی و ڕووسی. مەدرەسەیێک بە زمانی عێبری و کوردی بۆ جوهکانی مەهاباد کرایەوە. ئەوە لە کاتێک دابوو کە هێشتار دەوڵەتی ئێسراییل بە تەواوی جێگیر نەببوو. لە قەراغ ئەوەدا خۆتبەی نوێژی جومعە (١٢ - ١١ - ١٣٢٤ = ٠٢ - ٠١ - ١٩٤٦) کرا بە کوردی. هەڵواسینی خەریتەی کوردستانی مەزن لە ئۆفیسی سەرۆکایەتی کۆمار (پشتەسەری)، هەوڵدانی بە کردەوە بۆ دامەزراندنی سیستمی ساتو سەودای ئابووری ڕاستەوخۆ و کرینی پێداویستی سەرەکی و فرۆشتنی بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان وەک توتون لە گەڵ ڕووسەکان، هەرکام لەو هەڵوێستە نەتەوەییانە جیا لە متمانە و باوەڕی پێشەوا بە ڕێبازی سەربەخۆیی، نیشانەیێکە لەپاڵدانی سەرۆککۆمار بە ویستی جەماوەری کوردستان کە لە ڕێو ڕەسمی جێژنی ئازادی و سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان (هەینی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بەڕێزیان پێداگری لە سەردەکات.

پێشەوا بەرە بەرە و لە گەڵ تێپەڕینی کات هەنگاوی یەک لە دوای یەک بەرەو دابڕانی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری کاملّتری کوردستان لە بەرانبەر تاران هەڵدەگرێ.

لە ڕاپۆرتی باقرۆف و ماسلانینکۆف (سەرۆکی گشتی سپای سۆڤیەت) بۆ ستالین و مۆلۆتۆف هاتوە: لە بەرانبەر هەڕەشەی جەهانبانی سەرلەشکری ئێران و سەرگورد کەشاوەرز لە سەردەشت قازی مۆحەمەد بە نوێنەری ئێمەی ڕاگەیاند: "ئێرانیەکان دەتوانن مەهاباد وێران بکەن، بەڵام هیچ کاتێک ناتوانن بڕیارمان بۆ گەیشتن بەسەر بەخۆیی تێک بشکێنن". دیارە ڕێنوینی باقرۆف و ماسلانینکۆف عەمەل بە پی ڕێنوێنیەکانی پێشەوا (ستالین) واتە بیانوو نەدان بە هێزەکانی ئێرانە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هاوکات لە ئازەر بایجان ڕێگا دراوە لە چ گوند و شارێک ئاسەواری هێزی تاران نەهێڵن؟!

پێشەوا باوەڕێکی قووڵی بە چارەسەری هێمنانە و بەدوور لە خوێن ڕشتن هەبوە. شاراوە نیە کە ڕووسەکان و تاران کەڵکی سەوداگەرانە و مامەڵە چیانەیان لە تینەتی مرۆڤدۆستانە و ئینسانی قازی موحەمەد وەرگرتوە. زمان لووسی و فێڵ بازی دەسەڵاتدارانی تاران بە تایبەت قەوامی سەرۆک وەزیر و ئەو بەڵێنیانە کە پاشتر پێشەوا لە وەسیەتنامەکەیدا باسیان دەکات: "فریوی سوێندی بە درۆیان مەخۆن، ئەگەر هەزار جار بە قورئان سوێند بخۆن دیسان مەبەستێک جیا لە فەوتاندنی ئێوەیان نیە"، قازی تووشی جۆرە هومێدێک دەکا، کە ڕەنگە جیا لە ناتەواوی نێو خۆیی و پشت تێکردنی سەرۆک عەشیرەتەکان و حکومەتی ئازەربایجان، هێندێ دڵخۆشی لە لایەن کاربەدەستانی سۆڤیەت و هەروەها ئینگلیسەکانەوە پێ درابی کە تاران بە وەعدەکانی پابەند دەبێ. چەکەرەی هۆمێدی ئەوتۆ نە تەنیا لای پێشەوا بگرە لای ژ - کافیە کانیش دەبی لە بەر ئەوە پێشتر پشتیوانی توندی خۆیان بۆ دانی ئێمتیازی نەوت بە سۆڤیەتەکان دەربڕیبوو بە قەوەت بووبێ. کەوابێ هەم سۆڤیەتەکان، هەم جەماعەتی ژ - ک و هەم پێشەوا وێکڕا کلاوی تارانیان چوەتەسەر! هەرچەند بۆ کوردەکان زۆرگران تەواو بوو.

هەر بۆیێ سەرۆککۆمار بڕیاری خۆراگری هەڵدەوەشێنێتەوە و پاش ئاشبەتاڵی ئازەربایجان بۆ خۆی بە پیری هێزەکانی ئەرتەشی شاهنشاهیەوە لە میاندووئاو دەچێ، وا دیارە بە پێ ئامۆژگاریەکانی تاران دیسان پێشەوا دڵنیا دەکرێتەوە، تا ئەو جێگا، لە سەر داوای نێو براو ئەرتەش ڕێگا بە چەکدارەکانی سەر بە سەرۆک عەشایری خۆفرۆش نادا پەلاماری مەهاباد بدەن. بەڵام کاتێک ئەرتەش لەسەر خواستی پێشەوا بە بێ هیچ چەشنە بەرگرییەکی دژبەرانە لە پێتەختی کۆماری کوردستان جیگیر دەبێتەوە، ئەوجار ئیتر نۆرەی تۆڵە لە کەسایەتی یەکەم و کۆڵەکەی بیرو باوەری جەماوەر (قازی موحەمەد) دێت. لەگەڵ ئەوە چ کاتی گیران و زیندان کرانی پێشەوا و چ هەمبەر سێدارە درانی ناوبراو و هاوڕێیانی دەسەڵاتی شا دژکردەوەیێکی ئەوتۆی لە خەڵک بەدی نەکرد ! بە بێ ترس دەست کرا بە گرتنو ڕاو نانی پاشماوەی بەشێک لە بەرپرسان وسەقامگیر کردنەوەی تووندو تۆڵتری پاکتاوی زمانی کوردی و هەر چەشنە ڕەنگو بۆنێکی ئازادیخوازی و نەتەوەیی.

سەیر ئەوەیە خۆشەویست، پایەبەرز و بەڕێزترین کەسایەتی کۆمەڵگاکە هەر ئەو کەسە تا دوێنی هەموو سوێندیان بە سەری (پێشەوا) دەخوارد! بۆ هەر لایێک دەچوو لە بەر لاقی گاو گەردوونیان دەکرد، تەرمە بێگیانەکەی خۆی و سەدرو سەیف ماوەیێکی زۆر بەسەر داری سێدارەوە با ڕایان دەوەشێنێ! بەڵام شاری قازی! لە ئەوپەڕی بێ دەنگی دا وەک ئەوە زیرۆحی تێدانەبێ متقیان لە خۆ بڕیوە!؟ نە لەژنراڵ و ئەفسەرانی گیانفیدای کۆمار و پێشەوا خەبەرێک هەیە و نە خاوەنانی وتارە ئاگرینەکانی دوێنێ؟؟ هەروابزانە ئەوانیش وەک حێزبەکانی ئێمڕۆ کۆماریان وەک ئەستێرە لە ئاسمان خۆشتر ویستوە تاوەک واقعیەت لەسەر عەرزی کوردستان!

مەهاباد ئەو شارە کە لاوەکانی یەکەم ڕێکخراوی نەتەوە خوازی پڕ پاڵپشتی لێکراویان دامەزراند، مەهاباد ئەو شارە سەربەرزی هەڵگردنی فەرمی ئاڵای کوردستانی بۆ خۆی تۆمار کرد، و بە کورتی مەهابادی "پێتەختی کوردستان" لە ڕاستیدا وێرای شارو گوندەکانیتر پێشەوای خۆیان بە تەنێ هێشت. هەر چەند زۆر پاش لە سێدارە درانی پێشەوا مەهاباد گوێ دایە بەشێک لە وەسیەتەکەی قازی مۆحەمەد، بەڵام شووڕای ئەم شارە تا ئێستاکەشی لە گەڵ بێ، نەیتوانیوە شەقامێکی ئەم شارە بەنێوی ئەو ڕێبەرە مەزنە کە دەکرێ بڵێن گاندی بە تەنێ هێڵراوی کوردستان بوو نێو دێر بکەن!

لە لایێکیتر ئینگلیسەکان نە تەنیا هێمنایەتی عێراقیان زۆر لا گرینگ بوو. هەر ئەوان بوون کە هێزی لەرزۆکی عێراقیان یارمەتیدا تا مەلا مستەفا بارزانی بەرەو کوردستان پاشەکشێ پێ بکەن. زۆر ئاساییە کە ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ماف و ئازادی بگەیشتبایە، ئەوجار نەمر بارزانی بە پشتێکی قایمەوە توانای زیاتری بۆ پاشەکشە پێکردنی عەرەبەکان لە باشووری کوردستان دەبوو، ئەوە ئەو مەترسیە بوو کە ئینگلیسەکان لێی غافڵ نەبوون. وتووێژی بارزانی لە گەڵ یەکەم ژمارەی هاواری نیشتمان (ژمارە یەک لاپەڕە ١٩ - یەکی خاکەلێوەی ١٣٢٥) ئەم بۆ چوونە دەسەلمێنێ. نێو براو لە وەلامی پرسیاری هاواری نیشتمان کە: ئایا تەقازای ئەنگۆ لە حکومەتی عێراق چیە؟ دەڵێ؛ "

بە بێ قەیدو شەرت ئامانجی من ئازاد کردنی کوردستانی عێراق و سەربەخۆیی و لە دوایدا ئازاد کرانی ئەو کوردانەی کە لە ژێر دەستی بێگانەدان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئێتحادی کوردە".

وەڵامێکی ئەوتۆ نەک هەر ئینگلیس کە هەزار ئاواتی چەپاوکارانە لە سەریدایە، بەڵکوو تورک و باقی نەیاران بەرەو هاوەنگی بەرینتری دوژمنانە ڕەکیش دەکا. لە هەمان حاڵدا کە کوردو کاربەدەستانی کۆماری کوردستان ڕەنگە لە بەرانبەر ئەم مەترسیە مەزنەدا پێیان وابووبێ "خواکەریمە"! دەکرێ بوترێ لاینە جۆر بە جۆرەکانی مەترسیەکان لە کردەوەدا ئاوڕی شیاوی لێ نەدراوەتەوە.
دیارە بۆ ئاشکرا کردنی زیاتری سیاسەتی نەئینی ئینگلیس پێویستە ئەوەش زیاد بکرێ کە ساڵێ ١٩٤٣ کوردەکان هەم لە تەورێز و هەم لە سنە سەردانی ئینگلیسەکان دەکەن و خوازیاری یارمەتی بۆ سەر بەخۆیی کوردستان و چەک و پارە و یارمەتی ئەوان دەبن بۆ جیا کردنەوەی بەشە کانی کوردستان لە ئێران،

عێراق و تورکیە. (ئورکات) کونسولی بریتانیا لە تەورێز کێشەی سەربەخۆیی کوردستان بۆ پاش شەڕی جیهانی دووهەم و تەنێ ئامادەکاری یارمەتی بۆ کردنەوەی قوتابخانەی کوردی دەر دەبڕێ. هەمان داخوازلە ئینگلیس بۆسەربەخۆیی کوردستان لە لایەن هەورامیەکانەوە درا بە داگیرکەران لە سنە، بەڵام پاش ماوەیێک سەرقاڵ کردن بێ وەڵام مایەوە.

سەرکوت و تێکشکاندن بە نەهێشتنی کۆمار و سەرۆکەکەی کۆتایی نایێت، لاینێکیتری تۆڵە ئەستاندنەوە و نیشاندانی قووڵی دوژمنایەتی دەسەڵاتی سەرلەنوێ زاڵ بەسەر کوردستاندا، دانی مەیدانی دەسەڵاتێکی دزێوی چەند لاینی و مەبەستدار بە ئازەربایجانی ژێردەسەڵاتیان بوو، تا لە پەنای ئەم سیاسەتەدا (بەشدار کردنیان لە دەسەڵات)، هەم پلانی تێکەڵ بە فارس کردنی هێدی و لەسەرەخۆ بە دژی ئازەریەکان دابەزێنن و هەم بەپێکهێنانی دەرەتانی تێکەڵی زیاتر لە گەڵ کوردستان (سازکردنی ستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا!) و بەخشینی پۆستی ئێداری و لەشکری بەتایبەت لە هەرێمی کۆمار، سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆن لە ڕێگەی هاوپەیمانانی پێشووی کوردەوە لە ناوچە پەرە پێبدەن! واتە بە تیریک دوو نیشانە بپێکن، کە ئێمرۆ ئاسەوارە زیانبارەکانی ئەو سیاسەتە (دابەش کرانی بەشێکیتری کوردستان ئەمجارە بە سەر ئازەربایجاندا)لە کەس شاراوە نیە.

ئەوە ئەو سیاسەتە داڕێژراوەیە کە ڕەزاشا و هاوبیرانی لە ڕەگەزی فارس دایان ڕشت. ژمارەی یەکەمی گۆڤاری "ئایەندە" لاپەڕە ٦٢ سەردەمی ڕەزاشا دەنووسێ:

"هر زمان این امر یعنی "فارسی شدن" کردهای ایران صورت گرفت آنوقت برای ما هیچ مضر نخواهد بود اگر روزی کردستان عثمانی مستقل شود و بین ما و دولت ترک، یک دولت کوچک ایرانی نژاد در آن حدود فاصله باشد". هەمان سەرچاوە لە درێژەدا مەترسی خۆیان لە هاتنە گۆڕی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان ناشارێتەوە و هێناویەتی:

" چند سال است که زمزمه استقلال کردستان بمیان آمده و بعضی از کردهای عثمانی، با ساز آن میرقصند. باید خاطر اولیای امور خود را یاد آور شویم که سیاست داخلی ما باید طوری باشد تا بمرور زمان ولی هرچه زودتر کردهای ایران که از نژاد ایرانی هستند و زبان آنها یکی از لسان های ایرانی است، با سایر ایرانیان آمیخته و یکی شده، فرقی در میان نماند، چاره قطعی تأسیس مدارس در ان نواحی، ترویج زبان فارسی، تعلیم تاریخ ایران و... میباشد

ئەوە گۆشەیێک لە سیاسەتی بێ بڕانەوەی لاینی بەرانبەر بە میللەتی کوردە، کە ئێمە بە حەق و ناحەق لە زۆر بۆنەدا و لە لایەن زۆربەی خێزبە خەباتکارەکانمانەوە لە گەڵ تەجرەبە کردنی دوورو درێژی ئەم ڕێبازە، تۆی هیواییکی بێ سەرئەنجامی وزەفەوتێن بۆ وازهێنانی دەسەڵاتی ڕەگەزی فەرمانڕەوا لە سیاسەتی گەڵاڵە کراوی خۆی واتە چارەسەری کێشەی کورد دەچێنین! هەرچی، حەجاریان و هۆمایون و ئەحمەدی نژادەکان بە بێ شەرم و ڕارایی دووپاتی دەکەنەوە، بۆی تێدەکۆشن و تۆزقاڵێک لەو سیاسەتە پاشەکشێ ناکەن. بەڵام وتەبێژی خێزبی ئێمە لە بۆنەی یادی کۆماری کوردستان سەعاتی ٨:٢٥ دەقیقە ی ئێوارەی ٢١ - ١ - ٢٠٠٩ لە بەرنامەییکی تلفۆنی تلوێزیۆنەکەیدا بە بیانووی دووی ڕێبەندان،

وتەی بەڕێوەبەری بەرنامەکە پشتڕاست دەکاتەوە کە"...

اتهاماتی که آنموقع به ملت کرد زده میشد، امروز هم گفته میشود...!!! ڕوون نیە لە کام گۆشەی بەڵگەنامەکانی پاش دووی ڕێبەندان ١٣٢٤ "سەرکۆماری مۆعەزەمی کۆماری دێمۆکراتیکی کردستان" داوای خۆدەوختاری کردوە و ئالای شاهەنشایی وەک پاشەکشە لە ویستی سەربەخۆیی لە پەنای ئالای کوردستان بەرز کردوەتەوە؟ خۆبەدەستەوەدان و زەبوونی لە بەرانبەر بکوژانی کورد بە ڕادەیێک سەری هەڵداوە کە ئەندامێکی ڕێبەری حێزبی دێمۆکرات لە بەرنامەیێکی پێوەندیدار بە کۆمار دەڵێ:

"محمد رضا پهلوی دربدارآویختن قاضی محمد دخالت نداشته است"!! بەرە بەرە خەریکە شک و گومانی ئەو دەنگۆیانە زاڵ دەبێ، کە بەشێک هەوڵی ئەوە دەدەن مێژووی دەورانی سەلجووقی دوو پات کەنەوە! (پاش کوژرانی مەلکشا سەلجووقی ژنەکەی بە کەڵک وەرگرتن لە جوانی خۆی فەرماندەرانی عەشایری کرماشان و کرند لە گەڵ خۆی هاو دەنگ دەکا ئەگەر پشتگیری بکەن و پاشایەتی ئێرانی لە ئەسفەهان بۆ سەقامگیر بکەنەوە، ئەوجار دڵیان پێ دەسپێرێ، بەڵام مێژوو دەری خست کە بیوەژنی شای سەلجووقی چ بەڵاییکی بە سەر کوردی لاینگرانی شابانوو لە شاری ئەسفەهان هێنا!).

وتەی وتە بێژی حێزبی سەبارەت بە خودمۆختاری خوازی پێشەوا هەڵگری نێوەرۆکێکی ئەوتۆیە کە دەستەواژە و وشەکانی گۆکراو لە لاین سەرکۆماری کوردستان و کادرو بەرپرسەکانی بە گشتی لە نێوەرۆک بەتاڵ، هاکەزایی و بە بێ فام لە مانای ڕاستەقینە بەکار هێنرابن؟!

ئەگینا چۆن دەکرێ وتەگەلی وەک: کۆماری کوردستان، ڕیاسەتی جمهوری، کوردستانی سەربەخۆ، دەوڵەتی جمهوری کوردستان،ئالای پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان، سەربەستی، سەربەخۆیی، ئێستقلال کە بە فراوانی لە دووتوێ وتار و بەیان نامە و هەڵوێستەکانیاندا بۆ پێکهاتەی دەسەلاتە سەرتاپا سەربەخۆ و کوردیەکەیان بێژرابن، بۆ وێنە بەکار هێنانی نێوی ڕیاسەتی جمهوری کوردستان لە لاپەڕەی ٣ی کوردستانی ژمارە ٣٨ حەوت جاران، تەنیا بە هەڵکەوت و لەڕووی هەوەس گۆ کرابن؟

لە هەلو مەرجێکدا کە ٦٣ ساڵ بە سەر تەمەنی کۆمار تێپەڕدەکا، بەشێک لەو حێزبە کە وادیارە تازە وشیار بوەتەوە وشەی "ئێران" زیادی بە حێزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە لکێندراوە! بۆ نیشاندانی کارامە بوونی تێکۆشانیان لە ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان (کە تاماوەیێک پێش تاوانی دابڕان لە خەڵکی کوردستان و پاسیو بوونی خۆی بە گرفتی خولقێندراوی

بەشەکەیتر دەزانی!)، شانازی بە نووسینی سڵۆگان و بڵاو کردنەوەی تراکتی حێزبی بە هۆی لاینگران لە (بەردەقووچ)، (بەردە سپیان)، (گردە مریشک) دەکا، و وەک ئەوە هەرنەبێ مژدەی یەکیەتی برایانەی ڕیزەدابڕاوەکان- ی بە دژی نەیاری سەرکی ڕاگەیاندبێ، ئاگر کردنەوە لە بەرزایی (وەڵیو) بە گوێ ئۆمەتی کۆمار خنکاو دەگەیێنێ!!

وتە بێژی ئەم بەشە (لە بۆنەی ساڵوەگەڕی دووی ڕێبەندان لە کورد کانادا: بە "لێدانی نانۆ" و بزمار و هاوکات لە گەل بە زەوق وتنەوەی وشە فارسیەکانی (فرا حزبی، نهادینه، شفاف، مدنیت و...) و هێنانی وشەگەلی، داگیر کەرانی کوردستان، حکومەتی کوردی و دانی ئەم بەڵێنیە "کورد بە بڕیارتر لە داهاتوودا تەواوی ئەو ئارەزوویانە تەبدیل بە واقعیەت دەکا "و" ئەگەر حکومەتی ئیسلامی عاقڵ بی و ئالۆ گۆڕ لە نێو خۆی دا پێک بێنێ، ئەمان وتووێژیان نهادینه! کردوە!! و ڕێگا حەل هەر دیالۆگە دەگەڵ داگیرکەران" ئاوێکی سارد بە سەر هەموو ئەو هەڵوێستانەدا دەڕێژی کە بە ساڵانە لە ژێر پەردەی نەگونجانی وێلایەتی فەقێ لە گەڵ مەسەلەی ماف و ئازادی دەرخواردی خەڵکمان دەدا!

لەوە دەچێ وتەکانی ئۆباما سەرۆکی نوێی ئامریکا بە بێ کاریگەری نە بووبن! ئێستا بەڕێزیان چەند سەری سەرۆکیتری جیا لە قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی بۆ وتووێژی داهاتوو دیاری کردوە، ئەوە ئاوێنەی ڕابردووو وەسیەت نامەکەی پێشەوا، دامەزرێنەری حێزب بۆ ئەوانەیە کە خۆیان درێژە دەری ڕێبازەکەی دەناسێنن لە پێناوی متمانە نەکردن بە تاران و پاراستنی یەکیەتی خۆیان (کە قەت بە قسەی پێشەوا نەجووڵاونەتەوە)! بە ڕووونی لە بەردەست دایە.

نووسەری ئەم پێداچوونەوە لە هەڵوێست و ڕابردوومان لەو بروایەدا نیە کە خۆدمۆختاری یان فدرالیزم هەر نەبێ وەک دەسپێک و ڕێخۆشکەری ئەو ئامانجانە کە قازی حەولی بۆدا بە بێ قازانج و بایخ سەیربکا. سەرەڕای ئەوە هەر حێزب و تاکێکی کۆمەڵگای کوردستان سەرپشکە بۆ دەربڕینی جۆری چارە سەری مرۆڤی کێشەی کورد. بەڵام ناڕەوا ئەوەیە بە ئاشکرا مێژوێک کە قوربانی بۆدراوە، بە سەدان بەڵگەی حاشاهەڵنەگری تۆمار کراون، بە دەیان کتێبی لە سەر نووسراوە تەنێ بۆ مەبەستێکی بە ئاشکرا ڕانەگەیێندراو چەواشە بکرێ!!

دیارە وەک پێشەوا بۆ خۆی باسدەکات و دوکتۆر قاسملوو لە چل سال خەباتەکەیدا هێناویەتی چوارسالۆ پێش ڕاگەیاندنی کۆمار، خەڵک لە راستیدا خۆدمۆختارییان بەدەست هێناوە. پێشەوا لە کۆردستانی ژمارە ٣٠ دا بە پشت بەستن بە داخوازی خەڵک، فەرموویەتی "زۆرم پێ گرانبوو کە ئێمە بە خۆدمۆختاری رازی بین".

بەشی پێنجەم و کۆتایی

ڕووناکبیری کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕەنگە بە گوێرەی پێویست ئەو هەڵوێستەی خۆی وەرد نەدابێتەوە کە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان بە قەبڵاندنی ڕاپەڕینی خەڵکی لە داخوازی سەر بەخۆیی بۆ کێشەی نێوخۆیی ئێران! هەم سەربڕینی

سەرکردەکانی خۆی و هەم گالە دانی ئەگەری هەر چەشنە پشتیوانی و بەپیرەوە چوونێکی دەرەکی بە قازانجی خوداوەندانی تاران بە دژی خۆی یاسایی کرد! ئەوە ئەو لاوازیە بە هێزە لە دریژەی پاشکۆ بوونێکە کە ڕووناکبیری دریژە دەری خەبات بە لە دەستدانی پێشەوا، ڕێبەری بە وتەیێک "کلاسیک" لە لایەن حیزبی سەربە تەواویەتخوازانی ئێرانەوە تووشی کرا.

ناوە ڕۆکە ساکارەکەی ئەم بەسەرها تە خۆکردە زیانبارە ئەوەیە کە کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات قەیوم و خوداوەندێکی بە ناوی "حکومەتی ناوەندی" بە سەر خۆیدا زاڵ کرد کە بە پێ یاسا نافەرمانی لەو تووشی ئەو بەسەرهاتەمان دەکا کە کوردستان ڕۆژانە بە بەربلاوی شاهێدی خوێن، خەم و ئەشکەنجە و برسیتی و بێبەشی لە مافی ئینسانی دانیشتوانیەتی.

قازی: هەر چەند باوەڕی بە وتووێژ بۆ بەرگری لە کوشتار و ئاسوودەیی خەڵکی کورد تا ڕادەی خۆ قوربانی کردن وەگەڕ دەخات. بەڵام کاتیک لەشکری تاران لە بەرەی سەقز بە پێچەوانەی بەڵێن و ڕێککەوتنەکان (١٦ی ئۆکتۆبری ٤٦) سێ کامیونی پڕ لە چەک و تەقەمەنی لە ژێر فەرمانی ستوانیەکەم (سرباز وطن)بۆ ناوچەکە دەنێرێ، کە پێشمەرگە بە وریایی دەست بە سەر چەک و نەفەرەکاندا دەگرن. (هەر وەک ئاگربەستەکەی خۆمەینی لە شەڕی سێ مانگەی ساڵی ٥٩ لە بەرەی نەوسوود بە کەڵک وەر گرتن لە ئامبۆلانس بۆ گواستنەوەی چەکوچۆڵ کردیان.) دەست لە وتووێژ هەڵدەگرێ و وەلامی ئەوە دەبێ تا ئاژاوە گێڕان لەو پۆستە دابن وتووێژ هیچ ئاکامێکی نابێ.

پێشەوای کۆماری کوردستان بە جوێ لەوە کە بۆخۆی پەیمان و بەڵێن و سوێندەکەی تارادەی خۆ قوربانیکردن بردەسەر، لە وەسیەتنامەکەیدا لە کورد دەخوازی تا بیری سەربەخۆییخوازی بەرنەدەن لەبەر ئەوە هەموو شتێکی کورد لە بوونی سەربەخۆییدا دەبینێ.

"از قیام دست بر ندارید تا از سلطه رهایی یابید. اگر سر زمینی داشته باشید استقلالی داشته باشید و مال وخاک و میهن شما متعلق بخود شماباشد ، آنگاه همه چیز خواهید داشت، هم مال هم ثروت، هم دولت هم آبرو و هم میهن".

خوێنەری هێژا: میژووی پێ هەڵگوتن (پێیا هەڵدان) و سۆزو هەست نە دەوری ماوە و نە چارە سەری پێیە. کاتی ئەوە خەریکە درەنگ دەبێ ئەگەر کورد ئاوڕی زانستی و دوورلە هەستو سۆزی پشت بەستوو بە بەڵگە نەکاتە دەسپێکی هۆکاری نەهامەتی و بە بێ سەرئەنجام بوونی خەباتی دوورو درێژی خۆی لە بەشی کوردستانی ڕۆژهەلات.

ئەوە کە تا ئێستا هاتوە بە چاک و بە خراپ بە سەرکەوتوویی و تێشکان هەر هەمووی میژووی شیرین و تاڵی میللەتی

ئێمەیە کە کەمو زۆر لە دەورانی جیا جیا دا هەرکامەمان تیدا بە ڕێژەییک شەریک و خوڵقێنەری بووین. لێرە دا مەبەست ئەوە نییە کە کەسێک بێ تاوان و لاینێک بە تاوانبار بناسرێ لاینەکانیش لە کۆمەڵێک تاک پێک هاتون کە هەموویان لە خوڵقاندنی بەسەرهاتەکەماندا دەوریان هەبوە. عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیری شا پشتگیری مۆسەدق-ی دژبەری دەکا لە بەر ئەوە کاتی خۆی لە شانزدەهەمین دەورەی مەجلسی ئێران دا لە سەر حکومەتی میللی ئازەربایجان وتوویەتی "یک عده قلیل نمی توانند و حق ندارند دعوی خوموختاری کنند"!

(روزنامه ایران و جهان - ش ۱۷۵ - ۱۹۸٤ - ۰۹ — ۱٦).

لە کەشو هەواییک دا کە بیری ڕەگەز پەرستانەی ناسیۆنالیستی خۆ سەپێن لە گەڵ سیستمی دێمۆکراسی و ئازادیخوازانەی داواکراوی حیزبەکانی ئێمە هەر وەک وتەی بەڕێز جەماڵ نەبەز "وەک هەتاوو گۆشتی بۆ گەنیوە، هەر چی هەتاوەکە بەتینتر بێ بۆگەنیوی گۆشتەکە زیدەتر هەڵدەستێ"، لانیکەم لە نەیارەکانمانەوە فێربین پشتی یەکتر بگرین، هەڵەکانمان پشتڕاست بکەینەوەو لە بری ڕوو کردن لە نەیاری فێڵە بازی تاقیکراوە دەستی یەکتر بگرین. ئەوە هەڵوێستی (مصدق) هەر ئەو کەسەیە کە تاک و کۆی کورد بەسالانێکی دوورو درێژە لە خۆی کردوە بە "شێخی سەنعان"! کاتێک هەڵوێستی کەسایەتی هەرە دێمۆکراتی ڕەگەزی زاڵ بەرانبەر لانیکەمی ویستی ڕەوای میللەتێک ئەوەبێ! ئیتر چاوەڕوانی لە تۆرەمەی ڕەزاشا و خۆمەینی دەبێ کامە بەرهەمی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و مافەکان لە چووار چێوەی خەونەکانی ئێمەی لە خۆ گرتبێ؟

خۆزگە "وتە بێژ"ی وتووێژخوازی شەق تێکەوتووی هاو خەباتەکەی دوێنێ لە گەڵ و"تە بێژی سکرتێری گشتی" لە جیاتی مۆرە کردن لە یەکتر و شیرو تیر لەیەک سوین پێش هەڵکردنەوەی ئالای پێغەمبری ئاشتی بوون لە گەڵ گوێ نەبیسی نەیار، ئاوڕێک لە دیواری حەوشەکەی ئەودیوی خۆیان لە کەمپی (کۆی) بدەنەوە، ئەوجار ڕوو لە تارانی پێغەمبەری ئاشتی کوژ بۆ خوڵقاندنی وین و برلین و چوار چراییکیتر بکەن.

دوکتۆر قاسملوو (چل سالّ خەبات) دەڵێ: "مێژووی کۆماری کوردستان مێژووی هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆیێ هەرتاکیکی کورد مافی ئەوەی هەیە وەردی بداتەوە و خاڵی کزو بەهێزی دەسنیشان بکا". ئەم ڕاستیە لێرەدا جێ دەگرێ کە مێژووی سی ساڵەی ئەمدواییە مێژووی دەسکردی ئێمەیە، بۆیێ دەبی ئاوڕی دوور لە سۆزی لێ بدەینەوە تا ئەگەر بۆ خۆمان خەیروبێری جێالە تەمەنێک دەربەدەری تێدا نەبوو، شکست و بەسەرهاتی ئێمە و کۆمەڵگاکەمان کە هێشتار ڕۆژانە قوربانی دەدا بەرۆکی نەسڵە کانیترمان نەگرێ.

کاپیتالی بەڕواڵەت ئامادە لەمەیدانی گەلی ئێمە لە پێوەندی داواکاری گەلاڵەکراوی مافە سەرەتاییەکان وێرای تێکۆشانی تاکو تەرا وڕۆشنبیری سەربەست، حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانن. خەباتی ئەم حیزبانە زیاتر لە سۆنگەی وتار و هەڵسوکەوتی ڕێبەرەکانەوە خۆ دەنوێنێ (کە وا باس دەکرێ زۆرجار سەرە ڕۆیانە بێ). هەر ئەم ڕێبەرانە لەسەردەمی ژیاندا بە فراوانی تووشی هەڵە و هەڵداشتن دەکرێن ! بەڵام پاش مردن یا کوژران (لای کورد زۆرتر کوژرانە)! دەکرێن بە حەزرەتی عیسا! تەنیا بۆ قازانجی دینداران نە کۆمەڵگایێک کە پێویستە ڕزگار بکرێ! موریدی باش ئەوەیە وێنەی جوانتریان لێ بکێشێ بە کوڵەباڵ یا بێ کوڵەباڵ! پەیتا پەیتا خۆی بە ڕیبەرەوە هەڵواسێ، تا زۆرتر وەفادار بە ئامانجی حیزب بناسرێ!؟ پێشەوا ڕێبەرمانە: بەڵام قەت گوێ نادرێتە ئامۆژگاریەکانی؟ هەر وەک ئەویش گوێ نەدا بە خەڵکی پێش خۆی! قاسملوو پێغەمبەرمانە: پێغەمبەری ئاشتی، بەڵام دانیشتن و قسە لە ئاشتی نێو خۆیی کورد کردن بۆ کورد حەرام و بۆ دۆژمن و سەربڕینمان حەڵاڵە!! بۆ یەک خستنی بێگانە نە سەرێک نە ڕێبەرێ، کۆمەڵێک سەر قوربانی دەکەین، بەڵام بۆ یەک خستنی هێز و توانای خۆمان سەبری دوو ساڵ تەرخان کردنی کاتمان نیە. بۆ ڕێک کەوتن لە گەڵ نەیاری سەرەکی کە قەت بێجگە لە فێڵ ئامادەی ڕێک کەوتنی ڕاستە قینە لە گەڵمان نەبوە سی ساڵ سەبرو تاقەتمان بۆ وەستان لە سەر کەرەم و بەزەیی جەللادی کورد هەیە. بە قەولی وتە بێژی سکرتر "وتووێژمان نهادینه کردوه"!!!

یەکێک لە هۆکارەکانی کورتی تەمەنی کۆماری کوردستان دەتوانین لە هاو ڕێچکە نەبوونی پەروەردەی خەڵک لە گەڵ دینامیزمی ڕزگاریدەر (پەروەردەی بیری خۆڕاگری نەتەوەیی) و قەرار نە گرتنی مادە ڕزگاریدەرەکان لە مەداریکدا دەسنیشان بکەین.پاش ئەزموونی لە ڕاستیدا سەرسووڕهێنەری کۆماری کوردستان. (سەر سووڕهێنەر لەو گۆشە نیگایەوە کە بە ماوەی چەندڕۆژک ئاسەوارێکی عەمەلی لەو پێکهاتە نیشتمانیە بە جێنەما)؟ بۆ وێنە نیشانەیێک بە دەستەوە نیە تاقە پێشمەرگەییک ئامادە بووبێ چەند ڕۆژێک خۆ ڕاگرێ، یان ئەوە لە گەڵ بارزانیە مێوانە کان کەوێ تا ئێمە ئێمڕۆ وەک ئاسەواری خۆراگری جەماوەر ئاماژەی پێبدەین!

دەبێ کاتی نەوە نەهاتبێ:

ڕێبەرانی جوولانەوەی ئەم پارچەو ئەویندارانی سەرفەرازکردنی وڵات بە گشتی، ئاوڕێکی سەردەمیانە بۆ پێداچوونەوە بە هەڵوێستی سیاسیمان لە ئاست نەیاری بە شاهێدی مێژوو هەمیشە (دوژمن)، و هەڵوێستی خۆمان بەرانبەر بە یەکتر و هەڵبژاردنی ڕێبازێکی پەروەردەیی وەلامدەر بدرێتەوە تا هەم یەکەتی خۆمان دەستەبەر کردبێ و هەم بە ڕێژەییک نێوەنجی دڵنیای بۆ بەر پەرچ دانەوەی پلانە ڕەنگامەکانی دوژمنمان بەرز کەینەوە.؟
زەحمەتە ئەگەر لەشکری پەنجا هەزار کەسیمان هەبێ کاتێک خۆمان بۆ ڕۆژی بریار پەروەردە نەکردبێ چارەنووسمان لە دواساتەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان باشتر بێ.

لە کۆتایی دا بۆ زانیاری ئەو بەڕێزانە کە پێیان وایە سەر بە خۆ ڕاگەیێندرانی "کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان" بۆختان (اتهام)، ە چەند بەڵگەیێکیتر لە دەیان وێنە بەڵگەنامە تۆمار کراوەکان، دەخرێتە بەر دیدەی ورد بینی خوێنەر تا ڕاست و ناڕاست زیاتر لێک جوێ بکرێتەوە و هەر نەبێ ئەگەر ناتوانین خۆڵقێنەری ڕۆژانی پڕ لە سەروەری وەک ئەو سەردەمە کەم تەمەنە بین، با لانیکەم ئەوە کە هەبوە وەک خۆی قیبلەی، تامە زرۆیانی ڕزگاری کورد لە کۆیلەتی بێ و چیتر ئەو تاقە بەڵگە لە مێژووی مۆدێرن و کورت ماوەی ڕزگاری نەتەوەیی لەلایەن سیاسەتوانانی دۆستی "برادران"! نەکرێتەوە بە خشەخش.

ڕۆژنامەی کوردستان: ژمارە پێنج، سەروتار: "ئێران و کورد" ٢٩ی بەفرانباری ١٣٢٤

ئەگەر سەربەخۆ بین ژیانمان خۆش و شیرینە، پڕ لە هەلهەلە و وەلوەلەیە. نۆ ملیون کورد، ئێران، تورکیە، عێراق، سوریە هە ربەشێ لە خاک و نیشتمانی خۆیدا بە دەنگێک و ڕۆحێک داوای بەشی خۆیان دەکەن و بۆ بە دەسهێنانی ژیانی سەربە خۆیی و ئازادی گیانیان لە بەر دەستە، نۆکەری بێگانە، خۆپڕی و نانەجیب ناکەن. "لە درێژەدا سەروتاری کوردستانی ژمارە پێنج پشتیوانی لە ئەبولقاسم خانی بەختیاری دەکا و دەنووسێ: " کورد هەر کوردە لە چین بێ یا لە ماچین".

کوردستان ژمارە شەش: لاپەڕە چوار سەردێڕی "ڕاسپاردەیێک بۆ لاوان - سید محمد حەمیدی" هاتوە: "بە دەنگی بەرز بە دنیا بڵێن ئازادی و سەربەستی کوردستانمان دەوێ".

کوردستان ژمارە حەوت: لاپەڕە دوو. سەردێڕی "کوردستان بە فێڕۆ ناخورێ" ئیمامی، لە درێژەی وتارەکەیدا دێتە سەر باسی دابەشکردنی کوردستان و دەنووسێ: "ئەوا وەڵامیان دەدەینێ، کوردستان ملکی کوردە، بە فێڕۆ ناخورێ و هەتا (یک) لە نەتەوەی کورد لە سەر دونیا زیندووبێ بۆ ناساندنی حەقی میللی کورد و وەدەست هێنانی خاکی کوردستان ملە دەکەین. بە هێزی لا و و گەنجی نیشتمان پەروەری کورد، جەغزیکی پان و قانوونی بە دەورەی تەواوی خاکی کوردستاندا دەکێشین و لە بێگانە جودا دەبینەوە".

کوردستان ژمارە حەوت: لاپەڕە دوو، سەردێڕی "ڕۆژنامەی کوردستان قیبلەی ئازادی کوردە" سمایل ئیلخانی زادە دەنووسێ: "بە قەڵەمی زانایانی خۆمان هەموو ڕۆژێ قەبالەی ئازادی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی کوردستان دەنووسین و حەقی ژیان و سەربە خۆیی میللەتی کورد لە بەر چاوی دونیا ئیسبات دەکەین". لە لاپەڕەی ٣ی ئەم ژمارە دا هەڵ کردنی ئالا بە جێژنی سەربەخۆیی نێو دەبرێ و پەیمان دەدرێ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانی گەورە.

کوردستان ژمارە هەشت، لاپەڕەی ٣ شا سوڵتان خانمی فەتاحی قازی لە وتاری خۆیدا: ئاماژە بە گەیشتن بە سەربەخۆیی و بانگەوازی پاراستنی ئالای پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان دەکا.

کوردستانی ژمارە یازدە: سەردێڕی، دەربڕینێکی هیوا بەخش "یەکیەتی ئێمەی بە ئارەزوو گەیاند" نووسراوە: کورد بە دونیای نیشان دا دە توانێ بۆ خۆی ئیدارە بکا، بەرانبەری مەنشووری ئاتلانتیک کە هە ر میللەتێک بتوانێ خۆی ئیدارە بکا حەقی ئازادی هەیە و بێگانە نابێ حوکمیان بە سەردا بکا، لێرە بەو لاوە هەمیشە بە ئازادی دەژی".

کوردستان ژمارە هەژدە: لاپەڕەی ٤ لە وتەی جێژنی چاپخانەی کوردستاندا، وتاری (قادر موددەڕەسی) هاتوە: ئەی مەهاباد بە خۆت بنازە کە ئەورۆ ڕۆژە ڕەشیدەکانت تواناییان ئالای سێ ڕەنگی سەربەخۆیی لە سەرتۆ هەڵبکەن و دایکی نیشتمانی کورد ڕزگار بکەن، ئەی مەهاباد بزانە جێ و مەقامی تۆ بڵندە قیبلە و مێحرابی نۆ ملیۆن کوردی لە دیل و یەخسیری نەجات بدەی.

هاواری نیشتمان ژمارە یەک: لاپەرەی ١٩. نووسراوە: مەلا مستەفا لە تەمەنی چلو ثێنج ساڵیدایە دووری لە خاکی بارزان هێندە لەویدا تەسیری نە کردوە شایەد عیلەتی وەی بە سەربەخۆیی دینی مەبێ کە بە شەرافەتمەندانە دەژین و ئەویان بە دڵێکی پاک دە باوەشی خۆیان گرتوە...

کوردستان ژمارە ٢٥ سەردێڕی "جێژنی سەربە خۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان" هاتوە: ڕۆژی ٦ - ١١ - ١٣٢٤ لە لاین ئاغای شێرزاد و محمد حسێنخان ئەمیری بە بۆنەی سەربە خۆیی کوردستان و ناساندنی پێشەوای مۆعەزەم جێژنێکی زۆر جوان گیرا.

کوردستان ژمارە ٢٨، لاپەڕەی (یەک) هاتوە: ڕاگرتنی ئازادی لە وەدەست هێنانی زەحمەتترە، جا لە بەر ئەوە وەزیفەی هەموو کوردێک فیداکاری سەروماڵە لە پێناو ڕاگرتنی سەربە خۆیی کوردستان...

کۆنسوولی سۆڤیەت لە ورمێ بە پێ بەڵگە کانی ئارشیوی ڕووس وەرگێڕانی د.ئەفراساو هەورامی لاپەڕەی ١٩ دەڵێ:

"سەرکردەکانی کورد هەوڵ دەدەن بۆ دروست کردنی کوردستانێکی سەربە خۆ بە پشتیوانی هەرکەس و لاینێک بێت، کوردەکان وا لە سەربەخۆیی گەیشتوون کە لە چەوساندنەوەی دەوڵەتانی ئێران، عێراق و تورکیە ڕزگاربیان بێت."

خۆێنەری ئازیز ئەوە گۆشەیێکی هەرە کورتی خواست و ئامانج و ناوەرۆکی سیاسی بڕوای بەرپرسانی کوماری کوردستانە کە

بە زۆری لە دووتوێ ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی دەربڕینی ڕێبازی کۆمار و حیزبی پێک هێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەڵ بژێردراون. دیارە لە ژمارەکانیتری کوردستان ئورگانی حیزب و کۆماردا وێنەی فراوانتر لە بەر دەستدان.

سەرچاوەکان:

١- ڕۆژنامەکانی کوردستان سەردەمی کۆمار . ژمارە ١ - ١٠ خۆمالی.

٢- هاواری نیشتامان (بڵاو کەرەوەی بیری یەکیەتی جەوانانی دێمۆکرات) ژمارە یەک خاکەلێوەی ١٣٢٥.

٣- نیشتمان (بڵاو کەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - ک) ژمارەی ٧ . ٨ . ٩.

٤- هاواری کورد ژمارە یەک.

٥- ڕۆژنامەی کوردستان، مەهاباد ١٣٢٤ - ١٣٢٥ی هەتاوی ئامادەکردنی - ەفیق سالح - سدیق سالح بنکەی ژین.

٦- بیری نەتەوەیی کوردی چەمالّ نەبەز.

٧- احزاب سیاسی و انجمن های سرّی در کرمانشاه. محمد علی سولتانی.

٨- کورد و عەجەم، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران. صالّح محمد امین.

٩- دەولّاتی جمهوری کوردستان، نامە و دکۆمێنت - محمود مەلا عززەت.

١٠- چل سالّ خەبات لە پێناوی ئازادیدا. د.ع . قاسملوو.

١١- کۆمارە کوردیەکەی مەهاباد، بە پێنووسی؛ ئارشیە ڕۆزوێلّت. و: عەبدولحەمید حسینی.

١٢- ڕووداوەکانی ڕۆژهەلّاتی کوردستان لە ڕووسیەوە لە چەند بەلّگەنامەییکی شورەویدا. د. ئەفراسیاو حەلیمی ، پێدا چوونەوەی د. یاسین سەردەشتی.

١٣- موحاکمە کردنی پێشەوا قازی محمد لە یادداشتە کانی قوام سلطنە.

١٤- جنبش ملی کورد. کریس کۆچرا. ت: یونسی.

١٥- لە ژ کافەوە بۆ کۆمار ئەیوب ئەیوب زادە. سایتی هەڵوێست.

١٦- اوضاع سیاسی کردستان. از سال ١٢٥٨ - ١٣٢٥ مجتبی برزویی.

١٧- کرد و کردستان نیکیتین. ت؛ م، قازی.

١٨- فرازو فرود فرقە دموکرات آذربایجان، بە روایت اسناد محرمانە اتحاد جماهیر شوروی. جمیل حسنلی.

ڕێکەوتی: ١ی فێبریوێری ٢٠٠٩

قازانجی گشتیی لە ڕۆژەوی سیاسییدا جێگای بۆ تەرخان نەکراوە.

دیمانە: ڕەحیم ڕەشیدی

پرسیار: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟

سدیق بابایی: ئەم پرسە لانیکەم وەک من لە بیرم بێت هەر نەبێ لە کۆنگرەی پێنجی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران (١٣٦٠) بە کەمێک ئاڵوگۆڕەوە تا ئێستا (١٣٨٩) لە ڕۆژەوی ئاخاوتنی (کەم کردەوەی) هێزە خەباتکارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دایە.

ئەوە کە تا ڕۆژگاری ئێمڕۆ مەسەلەیێکی گرینگی ئەوتۆ تەنێ لە چوار چێوەی وتەیێکی کەم بەها پێدراودا ماوەتەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە لای گرێ پووچکەی ئاڵوز،پاشاگەردانی فێکری واتە سەقام نەگرتنی باوەڕی نیشتمانی، دانەبڕان لە تەوژمی سەروەری نەتەوەی فەرمانڕەوای زاڵ بەسەر بیرو بۆچوونی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتو تاکی ڕۆشنبیری کوردستاندا.

خۆی جێ ئێنکار نیە هەر چەند بەشێک لە پێوەندییەکانی دەورانی ژیانی عەشایری بە شێوەی رابردوو کۆتایی پێ هاتوە، بەڵام جۆری هەڵسوکەوتەکانو چوارچێوەی ئارەزوو حەزی فەرمانڕەوایی و پێداگری لە دەسەڵاتی تاکو قازانجە تاکە کەسی و گرووپیەکان (حیزبی)، هێشتار وەک ڕابردوو بە پاشکۆمانەوەو بەسراوەیی بە دەسەڵاتی کلاسیکی ناوەندی (ئێران) بڕیاردەرو ڕێگری سەرەکی لە گۆڕینی قۆناغەکەیە!

قازانجو مەسڵەحەتە کورت ماوەکان ئیرادەی دوور ڕوانین بۆ پساندنی زەنجیری کۆیلەتی مێژوویی لێ ئەستاندوین.

ئەگەر مەبەست لە پێک هێنانی بەرە مسۆگەر کردنی قازانجو مەسڵەحەتی گشتیی سیاسیی کۆمەڵگا بێ، لەوە دەچێ ئەم تێفکرینە جارێ نەیتوانیبێ بگاتە ئاستی ڕیشە ئاژۆتن لە زەینو مێشکی بەرەی دانەبڕاو لە پێوەندییە عەشایرییە لە باو کەوتوەکان.

پێداگریو جار نە جار دووپات کردنەوەی ئەوە کە "بە قازانجی کورد نیە لە ناوەند (تاران) دابەزدری"!؟ یەک لە خاڵە لاوازەکانی باوەڕی کورد بۆ دیاری کردنی ڕاسەوخۆی چارەنووسی دواڕۆژی خۆیەتی.
هیچ کاتێک ئەم ڕێبەرانە شی کاری زانستیانەیان بە دەستەوە نەداوە کە قازانجی مانەوە لەم چوارچێوە بە زۆریدا سەپاوە لە سەت ساڵی ڕابردوو بە سەر کورددا کامەیە؟!

پرسیار: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟

سدیق بابایی: وشەی هەموان لە هەڵسوکەوتو ئاکاری سیاسی ڕیکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ماناو نێوەرۆکی جیاواز لە نێوئاخنە باوە ناسراوەکەی لێ هەڵ هێنجراوە!!

بە واتەییکیتر "هەموان" وەک خۆی جارێ بە فەرمیی نەناسراوە. لە سەر ئەم بنەما نە ڕای جەماوەرو نە گرینگی داهاتوو کۆتایی بەخشین بە مەینەتیەکان نرخی ڕاستەقینەی نە ناسراوە.

لە لاییکیتر بە هۆی زالبوونی ئەو دەسەڵاتە ملهوڕە لە نێوخۆی وڵات خەڵک توانای دەرخستنی ڕاو بیروباوەڕی خۆی لە گشت پرسیەکی جەماوەریدا لە پێوەندی بەسەرهاتو داهاتووی خۆیان بۆ نەڕەخساوە، هەر چەند بە بە شێوازی تاکو تەرا پشتگری لە مەبەستێکی ئەوتۆ کرابێ. بە گۆ کردنێکیتر جەماوەر لە ڕای خۆی خاوەن دەر نەکەوتوە (هەڵبەت هەڵوێستی جەماوەری پاش سێدارەدرانی فەرزادو هاوڕێیانی نۆختە گۆڕانێک بە حساب دێت).

پرسیار: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان کە ئەگەر ئالۆگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

سدیق بابایی: ئەگەر بە پێوەری ئەزموونە هاوشێوەکانی باشوور داهاتووی ڕۆژهەڵات لێک بدەینەوە وێنەکەمان لە بەردەست دایە، هەر چەند جیاوازی باشوورو ڕۆژهەلات لە هەموو بوارێکدا نە شاراوەیە.

وەکی دی بە پێ ئەو فرتان فرتانە لە کێ بەرکێی نێوان لاینەکان بۆ خۆ نزیک کردنەوە (بە ڕادەیەکی بەرچاو نزم) لە لاینە ناڕیکەکانی سەر بە ڕەگەزو دەسەڵاتی ناوەندی چ پەڕیوە، ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆ یا دووڕخراوە تا ئاستی خۆفرۆشانی

هاوڕێگەز لە یەک سانی دواییدا خۆی نواندوە، مرۆڤ ناتوانێ بە دابین کردنی دەسکەوتێک کە بارتەقای لانی کەمی قوربانیو خەباتی هەر نەبێ سێ (٣) دەیەی ڕابردوومان دڵ قایم بێ.

پرسیار: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

سدیق بابایی: ڕاستی مەترسیدارتر لەم پێوەندیەدا تەنێ لە پرشوبڵاوی ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە دی ناکرێ. مەترسی مەزنتر بۆ دواڕۆژی ئەم بەشە لە نیشتمانی کورد لە ئارابوونی ئەو چالاکییە ئاشکرا و نیوە نهێنیانەیە کە هەر کامە یان بە نۆرەی خۆی بۆنی دەس پێشخەری داڕشتنی پلانی خۆت یەهەڵقورتاندن لە کاروبارو ئێدارەی داهاتوی ڕۆژهەڵاتو بە کورتی دەست بەسەر داگرتنی ئەم پاروە چەورە بۆ دابین کردنی مەبەستی دیارو قازانج خوازانەی پێوە دیارە.

ئەو مەترسی گەلە ئەگەر لە قەراغ پلانی ڕەگەزی فەرمانڕەوا بە هەموو تۆڕۆو لایەنی سیاسیی چەپو ڕاست، شاهیو ئیسلامیو...ت...د، سەنگو سوک بکەین پانتایی مەترسییە سامناکەکانمان بۆ دەردەکەوێ.

نابەجێ نیە مێواندارییو پێشکەش کردنی بەراتو پیتاک بە تاکو کۆی بانگهێشت کراوو پەڕیوە بۆ باشوور هەروا بە هاسانیو بە بێ مەبەست سەیر بکە ین. لە لایێکی دیکە مایەی شانازی دەبێ ئەگەر هەست کردن بە ئەم مەترسیە نابەجێو یارمەتی کەم وێنەو دەست ئاوالّەی ئەوتۆ تەنیا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکی نیشتمانی برایانمان لە پارچەیێکی دیکەی وڵاتی ئازیزمان بێ.

کاتێک مل کەچی ئەم یان ئەو سەرۆکی خاوەن ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی کورد!!؟ (سەرنەوی کردنی ڕاهێنراوی مێژوویی!) تا ڕادەی خەنی بوون بە قەولو قەراری پێ سپاردنی بەرپرسایەتیکی ئێداری لە لایەن بێ دەسەڵاتێکی ڕەگەزی فارس لە داهاتووی ئێران بخڕیتە بەر سرنج ئیتر کەلێنەکان کەمتر لە تاریکاییدا دەمێنن.

زۆر سروشتیە لە حاڵو ڕۆژێکی وەهادا هیچ قازانج خوازێکی زلهێزی جیهانی مەیلی ئەوەی نیە زگی لە تێری نەهاتووی خۆی بە تەمای سفرەی بە تاڵی ئێمە بماڵێو ئاوڕمان لێ بداتەوە.

ڕاستی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە ئەزموون سەلماندوویەتی هێزو توانای هەر لاینێکو کۆ دەنگی پێویست قسەی یەکەم لە دیاری

کردنی چارەنووس‌و سەقامگیر کردن بۆ گەیشتن بە ئارەزووکان مسۆگەر دەکا.

ئێمە تا ئێستا نەمان توانیوە هەنگاوی پێویست بۆ کەم کردنەوە یا دووپات بوونەوەی مەترسیەکی ئەوتۆ لە دواڕۆژدا هەڵ بگرین.

سەیرو سەمەرە ئەوەیە هێزو لاینە سیاسییەکانمان کەمتر لە هەر تاکو ڕۆشنبیرێکی دڵسۆزی نیشتمان زیانەکانی وەزعێکی وەها شارەزانین؟!

پرسیار: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسی کورد لە ئێراندا چییە؟

سدیق بابایی: لە بنەڕەتدا پێک هاتن لە سەر خاڵە ناکۆکەکان کارێکی هاسان نیە، بە گوێرەی زاڵ بوونی دوورو درێژی نەیاران بە سەر ژیانو بەسەرهاتی ئێمەدا حەولدانو گێرە شێوێنی بێ وچانیان بۆ لە بار بردنو ڕێگری لە هەر چەشنە یەکدەنگیو یەک ڕیزیەک بە قازانجی ئاواتە دێرینەکانمان، نەبوونی ئەزموونی ئێدارەو بەڕێوەبەری خۆمالێو جێگیر نەبوونی متمانەو دیتنی قازانجو بەرهەمەکانی، چەق بەستنو پێداگری تاک میحوەری، وەک گۆشەیێک لە کۆسپی تێ فکرین لە قازانج و بە کرداری کردنی کۆ دەنگی بە تایبەت لە چوارچێوەی ئۆرگانیزمی سیاسیی خەباتکاری کورد دەوری سەرەکی دەگێڕن.

شکانی تلیسمی وزە فەوتێنی پرشوبلاوی واتای وەسەر یەککەوتنی توانای بەر ئەنگاریو لە درێژەدا پاشەکشێو مل دانی نەیاران هەر نەبێ بە زۆرێ لە داخوازە ڕەواکانمان ئاکامی دەبێ.

پرسیار: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانداهەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە ڕێکبکەون؟

سدیق بابایی: دوو تەوەری "خاڵی هاوبەش"و "قازانجی گشتی" لەوە دەچێ لە نێو ئێمەدا نێوەرۆکی دابو ڕاستەقینەی خۆیان وەک لە نێو نەتەوەو ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکەدا باوە نرخی خۆی پێ نەدرابێ. ئاخاوتنو هەمبەر وەستانی خۆ بە خۆی کورد زیاتر لە سەر خاڵە ناکۆکەکان پێداگرە. خاڵی هاوبەش هێشتا گرنگی ئەوتۆی پێ نەدراوە تا ببێتە سەرچاوەی دانووسانو لێک نزیک بوونەوە! هاوشان قازانجی گشتیی لە ڕۆژەوی سیاسیدا جێگای بۆ تەرخان نەکراوە. بوونو فەلسەفەی

ژیانو نێودێر کردنی هەر کۆمەڵێکی ئێتنیکی لە بنەڕەتدا بۆ چەند تایبەتمەندی هاوبەش دەگەڕێتەوە کە بە مادەی پێکهێنەری ئەو نەتەوە دەناسرێن. هەر نەتەوەیێک چەند خاڵی هاوبەشی بۆ لێک گرێدان نەبێ بوونی نێە. بە کورتی هەبوونی خاڵی هاوبەش وێرای هەر ناکۆکیەک لە نێو لاینە کوردییەکاندا بێ ئەملاو ئەولا دەژمێردرێ.

پرسیار: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

سدیق بابایی: بەشێک لە وەلامی ئەم پرسیارە لە پرسی سێهەمدا هاتوە.

دەورانی دووپات کردنەوەی شەڕی نێوخۆیی ڕووی لە کزی دایە. گەشەو سەرهەڵدانی کۆمەڵگا، پەرەئەستاندنی خوێندن تا ئاستی هەرە بەرزی دەس وێراگەیشتن بە پلەکانی زانیاری ڕۆژ هەر کامە مزگێنی کزتر کردنی سەرهەڵدانەوەی بەرئەنگاریە چەوتو زیانبارەکانی دەیەکانی ڕابردوو بانگەواز دەکەن. لە لاییکیتر سەرهەڵدانی بیری نیشتمانی لە دووتوی باوەری نەتەوەیی دەوری ئەرێنی باشی بۆ وەرچەرخان بەرەو چارەسەری ناکۆکییە نێوخۆییەکان لە ڕێگای دیالۆگ، هێنانە گۆڕی دەرەتانی ڕەخنەو دەسنیشان کردنی خاڵی ناکۆکو نیشاندانی چارەسەرییە بنەڕەتیەکان دەخاتە بەر دەست.

پرسیار: بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ دەبێ چ پرۆژەیەک بۆ داهاتوو لە ئارادا بێت؟

سدیق بابایی: سەقامگیر کردنی باوەڕی نەتەوەیی، بە دواداچوونو متمانە بەخشین بە تاکو کۆی کۆمەڵگا وەک پەرەدان بە سیستمی پەروەردەی نەتەوەیی و زانستیو خۆڵقاندنی دەست وێراگەیشتنی نەوەی نۆێ بە کەرەسەکانی پێویستی ئەم بوارە. ئەوە تا ڕادەیێکی باش ڕووی لە سەرهەڵدانە.

پرسیار: حیزبەکانی ئێمە بە کردەوە چەندە باوەڕیان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، پێتان وایوایە ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

سدیق بابایی: ئەگەر مەبەست لە تێکۆشانی ئازادی سەربزێوی بەرانبەر یاساگەلی نا دڵخوازو پاشکەوتوو ڕێگەگرتن لە مافە

مرۆڤییەکان بێت، ئەوە خۆ بە خۆ هەموو کاتێک ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە. ڕاستە ئاستەنگەکان هەموو جارێک نابەجێ دانابەزێندرێن، بەڵام سەپاندنی کۆتو بەند هەر چەند یاسایی بن لە ئەگەری کار بۆ نەکرانو پەژراندنو بە دەست نەهێنانی پشتگیری ئازادی کۆمەڵگادا بەرەو ڕووی ململانێی وزە فەوتێن دەبێ.

ئەزموونی بەرەو ڕوو واتە کردەوەی حێزبەکان بەرانبەر ئەندامانی جیا بیر یان جیا هەڵوێستو وەستانو بڕیاردانی تەجرەبە کراو بە دژی تاقمو لایەنی لێک ناڕازیو دابڕاو ئەگەر ڕای گشتیی لە مەیداندا نەبێ وێنەیێکی دڵخۆشکەرمان بە دەستەوە نادات.

پرسیار: ئەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

سەدیق بابایی: پەنا بردن بۆ چەک خۆی واتای ڕۆخانو هەرەس هێنانی عەقڵیەتی چارەسەری بە شێوازی وتوووێژو هێمنانەیە.

هەڵبژاردنی چەک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیار وەک ئەوە لە نێوان دەسەڵاتە زلهێزەکان یا دەوڵەتانی دراوسێ بە مەبەستی دەسەڵاتدارەتی سیاسیی، ئابووریو بە گشتیی فراوان کردنی هێزو مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی خۆیان جیاوازی زۆری لەگەڵ شەڕی خۆ بە خۆی چەن ڕێکخراو یا لایەنی سیاسیی ئازادیخوازو هاو ڕەگەز هەیە.
هێما گەلێکی وەک بە هاسانی گولەباران کردنی هاوسەنگەران، ڕێگە لێ بەستن بۆ درێژەی پێوەندی مرۆڤی لەگەڵ هاوبیر، دۆست، براو خۆشک، لەتو پار کردنی یەکتر بە قەمەو چەقۆ. لە بیانوو گەڕان بۆ تڕۆری کەسایەتی جێگای باوەڕو متمانەی دوێنێ (گەورە کردنەوەی مەبەستداری مەسەلەیێک بە نێوی "نەزمی ئەفشار"، ناڕەوا نیشان دانی تێکۆشانی دەیان ساڵەی ئەوی دی لە ژێر ناوو نیشانی هەبوون یا نەبوونی چەند وشەیێک وەک پاشبەندی ناوی حێزب ئەمانەو زۆر کردەوەی ئەوتۆ ئەگەر وەک هەڤی لەگەڵ کردارو هەڵسوکەوتی دزێوی ڕۆژانەی دوژمنی ناسراوی هاوبەش (کۆماری ئیسلامی) تێدا نەبیندرێ لانی کەم لە توانای هیچ کەس دانیە بتوانێ لە ڕیزی کرداری هێزێکی شۆڕشگێڕ کە بۆ نەجاتی میلەتێک لە زیلەتی کۆیلەتی ویلایەتی فەقێدا تێدەکۆشێ جێ بۆ بکاتەوە).

وەختایێک سەرۆکی لاینێک کە ساڵانێکی دوورو درێژ خۆی بە ماکەی چەپی شۆڕشگێڕو تاقە هێزی شیاوی تایبەتمەندی (٢٢ عەیار) بۆ ڕزگاری "گەلی بەش مەینەتی کورد"! دەناسێنی وێڕای ئەوە ئامادە نیە بۆ خەباتی هیچ لاینیکیتر لەم

بوارەدا کەمترین نرخ قایل بێ. وەختێک هە ر ئەم کەسایەتییە پاش تێپەڕ کردنی ئەزموونێکی خوێناوی شەڕی بێ سەمەر هەمدیس ئامادە نیە لانیکەم داخو کەسەری خۆی وەک لاینێک لە تێوەگلان لەم مەینەتە دەربڕێ! لە کەشو هەواێێکی زاڵی ئەوتۆ بە سەر بیری ڕێبەری شۆڕشگێڕ!دا کێ دەتوانێ متمانەیێکی ئەوتۆ جیا لە جەماوەری هەناسە ساردی کوردی بندەستی ئەحمەدی نژادەکان بە بەرز کردنەوەی دەنگی دلێری نا گوتن بۆ دووپاتی ڕابردوو بە میژوو ببەخشێ.

هێزو لاینی خەباتکار کاتێک بۆ بە دەست هێنانی ژینگەو ژیانی ئازادی هاوبەش لە تێکۆشان دان، کاتێک نەیاری ملاس گرتوو بە هەموو توانای خۆی بۆ بێ کەڵک کردنی وزەو تواناکانی ئەوان لە بەرانبەرخۆی لە هەر هەوڵێکی نا سەردەمیو نا مرۆڤانە (کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی) ناپرینگێتەوە، ڕەوا نیە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کە هەمووان لە ژێر زەختو گورزی هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی دۆژمنی سەرەکی خۆیان دان لە وەها وەزعو حاڵێکدا بە هەر نێوێک "تاوان"، باوەڕی جیاواز، زێدەخوازی، لەگەڵ یەکتر نەسازانو جیاوازی بیرو بۆچوون شیروتیر لە یەک بسوونو دەرەتانی یەکتر لە خوێن گەوزاندن بە قازانجی دوژمن نۆژەن بکەنەوە.

لە حاڵو وەزعێکی زیانبار، وزە قەوتێزو ڕەنج بە خەسار دەری (دوو بەرەکی فراوان)، وەک ئێستای ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەرکی هەنووکەیی تاکو کۆی هەر کوردێکی نیشتمان پەروەر ئەوەیە بە دژی بیرو کرداری شەڕئەنگێزانە کە ڕێگە بۆ ئاڵۆزی نانەوە، قووڵتر کردنی کێشە لاوکییەکان خۆشتر دەکا هەنگاوی ماندوو نەناسانەی ڕۆژانە بە بێ پرینگانەوە لە ماندوویەتیو گوێ ڕایڵ نە کردنی لاینەکان هەڵگرێ.

دەسنیشان کردنی زیانەکانی شەڕو ئاڵۆزی نێوخۆیی، ئاماژە دان بە وێنە زیانبارەکانی ئەم نەهامەتییە خوێن ڕێژانەیە. لە قاودانی پیلانە لاوەکییەکانی دەسەڵاتی زاڵو دوژمنی سەربەستی ئینسانی کورد، زیاد کردنی گوشار بۆ وازهێنان لە هەڵوێستی چەوتو بە دوور لە سروشتی تێکۆشانی هێزێکی خەباتکار بۆ بە دەست هێنانو مسۆگەر کردنی مافو ئازادییە نەتەوەییەکانمان.
ئەرکی نیشتمانی زانایان، ڕووناکبیران، نووسەران، مامۆستایان، هۆنەرمەندان، مامۆستایانی ئایینیو بە گشتیی هەر کەسێک چ ژن یان پیاوی دڵبەند بە ئاوو خاکو ژیانی ئارامو سەرفەراز بۆ خەڵکی کوردستانە لە هەر گۆشەیێکی دونیادا دەژین ئەوەیە توانای خۆیان بۆ کەم کردنەوەی ئاڵۆزییەکان وەگەڕ بخەن.

ڕەنجی دەیان سالەی شۆڕشگێرانی خەباتکار لە ڕیزی حیزبە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئەو نرخو حورمەتەی لای هەر باوەڕمەندێک بە درێژەی خەبات وەک پاراستنی پێویستییەک دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ دەس نیشان

کردنی دڵسۆزانەی هەڵەو کەمتەرخەمییەکان تا وێکرا دەوری ڕاستەقینەی فیداکاری گرێدراومان کۆتایی هێنەری ژیانی ژێر دەستیمان بێت.

کورتەیەک لەسەر بەڕێز سدیق بابایی:

خەڵکی شاری پاوە لە ناوچەی هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێستا لە وڵاتی ئاڵمان نیشتەجێیە. ئەو تێکۆشانی سیاسیی خۆی لە سەرەتای پەرە ئەستاندنی شۆڕش بە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی دەست پێ کردووەو لە بەر چاڵاک بوون لە ڕیزی جەماوەردا بە ئەندامی شورای شاری پاوە هەڵبژێردراوە.
پاش فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە دژی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو نەبوونی دەرەتانی خەباتی مەدەنی هێمنانەو ئاشکرا، بە هۆی ناسراو بوون، لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانداا بەشداری خەباتی بەرگری نیشتمانی کردوە.

لە ماوەی خەباتی بەرگریدا ئەرکی بەرێوە بردنی ئەم بەرپرسایەتیانەی خراوەتە ئەستۆ:

١. بەرپرسایەتی کۆمیتەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە شارستانەکانی، تکابو ساینقەڵا (هەوشار).
٢. ئەندامەتی کۆمسیونی کۆمەڵایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو بەرپرسیاری بەشی شۆراکانی کوردستان.
٣. بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی کرماشانو کامیاران.
٤. بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار (خانێ).
٥. بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد.
٦. ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کۆردستانی ئێران.

سدیق بابایی لە ساڵی ١٩٩٠ ڕا وەک پەنابەری سیاسیی نیشتەجێی وڵاتی ئاڵمانەو لە دەرەوەش تێکۆشانو خەباتی خۆی بە شێوەی جۆراوجۆر درێژە پێداوەو تا ئێستا بە دەیان وتارو بابەتی وەک لێکۆڵینەوەی میژوویی یان بابەتگەلی پێوەندیدار بە دۆزی هەنووکەیی کورد نوسیوەو بڵاو کردۆتەوە.

ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

بیرەوەری: پلانی تڕۆری بە کۆمەڵ!

بە بۆنەی پازدە ساڵەی کۆچی دوایی هاوڕێ نیشتمان پەروەر ڕێزدار کاک نەبی قادری:

کاک نەبی قادری ئەو مرۆڤە کە نواندنی دڵسۆزیە برایانەکەی بوو بە هۆکاری ڕزگار کردنی من هەر نەبێ لە ئازارە جەستەییەکانی پلانێکی ترسناک و بەربڵاوی کۆماری ئیسلامی.

بەرە بەری بەهاری ساڵی ١٣٦٣ و کۆتایی زستانی ساڵی ١٣٦٢پیرانشار:

ڕۆژانی پێشتر بەفرێکی قورس کوێستانی گەدە و سەرشاخانی سپی پۆش کردبوو. هەر چەند زستان ڕووی بەرەو کۆتاییبوو، بەڵام هێشتار وەک ملهۆڕێکی ئامادە نەبوو بە مل کەچ کردنی قەدەری خۆی جار نە جار دوا پەلە قاژەی دەنواند.

لە لایێکیتر ئێمەی پێشمەرگەی ماڵ لە کۆڵ و هەڵوەدای چۆکدادان بە ملهوڕان لە هەر ڕەنگ و شێوازێکدا کلێپەی ئاگری شایی لە دەروونماندا ڕوو لە هەوراز دەدرەوشایەوە.

حەزی تێپەڕ کردنی دوا ڕۆژەکانی وەرزی هەژار خنکێن تەوژمی گڕی ئاگری خۆڕاگری بەرانبەر بە نەیار لە دڵ و دەروونی ئێمەدا بە هێزو ورەتر دەکرد.
بیسرانی خوڕەی ئاوی چۆم و ڕووبارەکان تا دەهات سرۆشی شەوق و زەوقی پێشمەرگەی کوردستانی بۆ تێکەوە هەڵ پێچانی بارگەوبنەی سەرماو سۆڵ سۆزدارتر بە گوێ هەمواندا سەڵا دەدا.

لە نەریتی خەڵکی کوردستان و ڕۆڵە خەباتکارەکانیدا کۆتایی زستان و هاتنی بەهار بووژانەوەی ژیانی هەژاران و کووڕبوونی پشتی دەسەڵاتی دژ بە هەژارانە. ئەوە دەتوانێ دەسەلاتی بێڕەحمی زاڵ یا سروشتی دڵڕەق بێ.

لە کەشێکی وەها دا خولقێنەری و دەستەبەرکرانی دەرفەتی گونجاوتر بۆ پێوانی ڕێگای گەیشتن بە ژیانی ئاسوودە بۆ

خوازیارنی دەلوێ.

لەم کات و ساتەدا ڕێبەری ئەوکاتی حیزبی دێمۆکرات پاش کۆنگرەی شەشەمینی خۆی ڕاسپاردەی نوێ ئاڵوگۆڕی بەرپرسانی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە جێ هێنا.

ئەنجام،لێ کەوتنەوەی سپێردرانی بەرپرسایەتی کاروباری کۆمیتەی شارستانی پیرانشار بە من کە تا ئەوکات لە لایەن کاک نەبی قادری بەڕێوە دەچوو بوو.

ناسیارەتی من و نەبی قادری دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٣٦٠.

نەبی قادری: کەسایەتیەکی خەباتکاری کەڵەگەتی خۆش ڕوومەت، خاوەنی قەڵافەتێکی سرنجڕاکێشی تێکەڵ بە وەقار، ئەندامێکی وەرزشکارانە و لە هەمانکاتدا زۆر لە سەرەخۆ، ڕووخۆش و گەرموو گوڕ لە گەڵ بەرانبەرەکەی بوو.

ئاوایی (کانی کلێ - ناوچەی گاگەش) وەک نیشتگەی یەکتر ناسین و تاوتوێ پلان و بەرنامەی تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران - شارستانی پیرانشار دیاری کرا.

ئەندامانی دەستەی بەڕێوە بەری، ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە و کاک نەبی بۆ مەبەستی سەرەوە ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ - ١٢ - ١٣٦٢ ئامادە بوون.

پاش کۆتایی هاتنی پلانی دەس نیشان کراو، لە لایەن جێگری بەرپرسی کۆمیتە ی پیران (کاک سەید عەلی هاشمی)لە گوندی میشەدێ بەرەوە (بنکەی کۆمیتە) بۆ نانی شەو [ئێوارەی ٢٨ - ١٢ - ١٣٦٢] مێوانی کراین. بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی پیران کاک مەلا ڕەسوڵ گەردی کە بە داخەوە پاشتر لە پلانێکی تری کۆماری ئیسلامیدا تروڕ کرا بۆ سەردانی ماڵ و منداڵ بۆ ماوەیەک پشووی وەرگرتبوو..

پێش کاتی دیاریکراو مەزنی گوند و ناوچە جەنابی (کاک خدر سالار عەشایری) کەسایەتی ناسراو، لە دڵسۆزانی جێ متمانەی خەڵکی ناوچەکە بە بیستنی هەواڵی هاتنمان بۆ نێودێ کەسی بۆلای کاک نەبی نارد تا بۆ شەو لە گەڵ بەشێک لە هاوڕێیان ببین بە مێوانیان.

پێگە و کەسایەتی کاک خدر و بانگهێشتی هاوڕێیانی حیزبی کۆمیتەی پیران، پێویستی بە وەڵامدانەوەیێک دەکرد تا هەم ڕێزدانانی بەرانبەر بۆ ناسیاو و پیاو ماقوولّی ناوچەکە لە بەر چاو گیرابێ و هەم حورمەتی هاوڕێیان بێ وەڵام نەهێڵرابێت، وێرای ئەوە بە ئەرک زانینی دەستەبەری سەرکەوتنی هاوڕێ و هاو سەنگەری نا شارەزای ناوچەکە، ئەمانە لە سەر یەک بوون بە هەوێنی بڕیاری بەڵا گێڕی و پاراستنی من لە مەترسیەکی مەزن کە کاک نەبی قادری و هاوڕێیانیتر بە داخەوە تووشی بوون.

بە متمانەوە دەبێ پێداگری بکرێ ئەگەر هەست و باوەڕی کاک نەبی وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا نەبوایە، لانی کەم ئەو بۆ خۆی ئاوقەدی ئەو پلانە ساماکە تڕۆریستیە کە پازدە کەس لە هاوڕێیانمان وێرای خۆی تووشی هاتن نە دەبوو.
ڕێزدار نەبی قادری نەک هەر پێشنیاری من و سەرجەم هاوڕێیانی نە پەژراند، بەڵکوو بە پێداگری منی ناچار کرد لە بەر ئەوە تازە هاتوومەتە ناوچەکە لە جێ دایە هەر چی زووتر لەپێناوی سەرکەوتنی کارو ئەرکی ڕۆژانەمدا لە گەڵ کەسانی ناسراوو سەرجەم خەڵکی ئاسایی پێوەندی دامەزرێنم و ئەوە بۆ من وەک دەسپێک هەڵێکی باشە و کاک نەبێ لە بەر هەبوونی پێوەندی پتەو و ناسیاری پێشوو لە گەڵ نێوبراو لە کۆڕی هاوڕێیانی حیزبی لە کۆمیتەی پیران بمێنێتەوە. ئەوە بوو من وێرای بەشێک لە هاوسەنگەران بۆ ماڵی کاک خدر ڕێنوێنی کرام.

کورتەی کارەساتی تڕۆری سەرنەکەوتووی کۆماری ئیسلامی؛

هێزی ئاوارە یەک لە لەشکرە بە تواناکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو، دەوری بەر چاوی بۆ بەرپەرچدانەوەی پەلاماری سەرکوتکارانەکان و ڕێگر لە دابەزاندنی بیرو سیاسەتی پاشکەوتوانە و تاڵان و بڕۆی زیاتری خەڵک لەم ناوچە دەژمێردرا.

نە قەڵاچۆی خەڵکی گوندەکانی سەرووکانی و سۆفیان، نە هێرشە پەیتا پەیتاکانی هێزی پۆشتە و پڕ چەکی مۆڵ دراو لە شاری پیرانشار و سەربازخانەکانی دەورو بەر وەک جەڵدیان هیچیان نەیان توانیبوو چۆک بە ئیرادەی پێشمەرگە دابدەن. سەرەڕای ئەو زەبرو زەنگە ڕێژەی پێشوازی لاوان و هاتنیان بۆ نێو ڕیزی پێشمەرگە تا دەهات ڕووی لە هەڵکشان بوو.

دەسەلاتی تاران لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژانەدا سەرکەوتنێکی شایانی بۆ دەستەبەر نەکرابوو. ئاکام بەڕێوە بەرایەتی دەسەلات لە تاران بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکان وەک پیشەی هەر دەسەلاتێکی یاسانەناسی سەرەڕۆ ڕەشەکوژ ملی وە بەر داڕشتنی پلانی ڕەنگاو ڕەنگی تر نا. یەک لەوانە بە لاڕێدا بردنی هێندێ لاوی ساویلکەو هەوڵدان بۆ دەرماندواکردنی پێشمەرگە و بەرپرسانیان لە ڕیگەی ئەوانەوە بوو.

تڕۆری کەسایەتیە ناسراوەکانی خەباتکاری کورد؛

شێوازی تێخزاندنی کەسێک لە بەکرێ گیراوانی ڕژێمی ئێسلامی لە نێو ریزی هێزی پێشمەرگە هەر لە ساڵی ١٣٦٠ را بە شەهید کردنی سەرگورد عەباسی بەرپرسی شوارای نیزامی حیزب لە نێو شاری مەهاباد دەستی پێکرد.

وریا بوونەوە و بەربەست کرانی ڕێژەیەکی باشی ئەم شێوازە لە تڕۆری کۆماری ئێسلامی و بەرگری لە تەشەنەکردنی، تاقیکاری شێوەکانی تری خستە نێو ڕۆژەڤی دژبەرانەی دەسەڵاتدارانی "نوێنەری خودا! بۆ زەبر وەشاندن لە مافخوازانی کورد.

دەرماندا و کردن، ناوزڕاندنی بەرپرسان لە ڕێگەی ناردنی ژنانی فریو دراو بۆ نزیکایەتی جنسی و لە قاودان و شکاندنی کەسایەتی شۆڕشگێران. ناردنی نەخۆشانی جنسی بۆ لە داو خستنی پێشمەرگە. تاماح وەبەرنانی مادی و بەڵێنی پلەو پایە بۆ دامەزراندنی پێوەمندی لە گەڵ کەسانی نێو ڕیزی خەباتکاران لە ڕێگای خزم و کەسوکاری پێشمەرگەوە بۆ ڕەخساندنی زەمینە [تان و پۆ] ی بێ متمانەیی و پەرەپێدانی بێ باوەڕی و تەشەنەی ترس و خۆفی پێشمەرگە بەرانبەر بە هەڤدووبەشێک لەو پلانە ناسراوانەن .

کەڵک وەرگرتن لە "تەوابەکان" ؛

کۆماری ئێسلامی بۆ دابەزاندنی پلانی ڕاکیشانی سرنج و متمانەی بەر پرسانی سیاسی و پێشمەرگە، بەرنامەی بە ڕووانەت ناسراو بە "ڕۆخاندنی پردی پشتەوە - ی" دادەڕشت، بەرنامە ڕشتنی دەسنیشانی کەس یا کەسانێک لە مۆرەکانی ڕژیم لە نێو داموودەزگای دەسڵات لە ناوچەکە تا بە هۆی کەسی "تەواب" بە نێوی لاینگری لە هێزی شۆڕش و پێشمەرگەوە پەلامار بدرێت.

حاڵەتی وەک ئەمە زۆرتر لە سەر ئەو کەسانە دادەبەزێندرا کە پێشوو لە نێو ڕیزی پێشمەرگەدا ببوون و خۆیان بە دەستەوە دابوو (تەواب). هەڵبەت هەبوون لەو کەسانە کە وێرای پاراستنی باوەڕیان بە خەباتی نیشتمانی توانای مانەوەو درێژەی تێکۆشانیان لەم شێوازە دا نەمابوو. جاری واهەبوو بەشێک لەوانە پاش ماوەیەک دیسان ڕوویان لە ڕیزەکانی خەبات دەکردەوە .گەڕانەوەی ئەم تاک و تەرایە بۆ نێو ڕیزی پێشمەرگە زۆرتر بە گومانەوە سەیر دەکرا. لە بەر ئەوە ڕژیم حەولی دەدا بۆ زەبر وەشاندن لە هێزی بەرانبەر بە داڕشتنی پلان لەو کەسانە کەڵک وەربگرێ. لە حاڵەتی وەهادا بە

دەست هێنانەوەی متمانەی هێزی پێشمەرگە وەک مەرجی بە ئاکام گەیشتنی پلانەکانیان سەیر دەکرا. مەبەستی ئەسڵی پیاوانی پلانڕێژی ڕژیم دوابە دوای سەرکەوتن لە جێگیر کردنەوەی تاکی ئامادەکراو لە سەرەخۆ و درێژخایەندا کرداری دەکرا.

وەک ئەزموونی نوسەری ئەم دێڕانە بە گوێبیس بوونی وتەی بەشێک لەو فێر کراوانە لەلایەن مۆرەکانی ئێتلاعاتەوە سەلماندوویەتی. بۆچوونی دەزگای جاسووسی و ئەمنیەتی ڕژیمی ئێسکلامی ئەوە بوو کەسانێک لەلایەن بەرپرسانی ڕژیم لە نێو ڕیزەکانی خۆیان بۆ کوژران بە نهێنی دیاری دەکران لە بەر ئەوە کوژرانەکەیان دەبێتە پردی سەرکەوتنی ئێسلام! ئەوە بە ئارەزووی خۆیان "وەسڵ بوون بە بەهەشت" دەگەن.!! لە بەر ئەوە کوژرانیان دەبێتە کەرەسەی وەشاندنی زەبری قورس لە "دوژمنانی ئێسلام"!

لە سەر ئەم بڕوایە بکەری ئەم کارە واتا کابرای تەواب چ گوناحێکی ناگات بەڵکوو زەینی بە وتەی ئەوان "دژە شۆڕش کوێر دەکرێ و هەڵی زێڕین بۆ لە نێو بردنیان دەکەوێتە دەستی پیاوانی خودا(تەوابەکان)" و بە جێ هێنانی حەقوڵلا!! بەم چەشنە نەفەری تەواب هەم خودای لە خۆی رازی کردوە و هەم متمانەی تەواوی(دەزگای) بە دەست هێناوەتەوە. سەرپاکی ئەوە ڕژیم دەبێتە میانجی بۆ لێ خۆش بوونی ئەو تاقمە دۆزیان لە دادگاکانی "شۆڕش" بە دژی تەوابەکان پێشکەش کردبوو. بە ئەوە دەوترا "حەقولناس"

ڕۆخاندنی وەی تاکی شۆڕشگێر بە هەنگاو نان بەروە بێ ناموسی بە بەشێک لەخۆشک، ژن و دایکی تاکی خەباتکار، بڵاو کردنەوی دەنگۆی ئەوتۆ یا ڕاپێچ کردنیان بە هەر بیانوێک بۆ ئیدارەی ناوەندە ئێتلاعاتیەکان بە مەبەستی بەدنێو کردن و دابەزاندنی وەی شۆڕگێڕان.

بە پێ ئەزموونی نووسەر لە ناوچەکانی پیرانشارو مەهاباد وێنەی کردەوەی ئەوتۆ لە لایەن کۆماری ئێسلامی لەبەر دەست دایە ...

پاش شیوی ئێوارە لە گەڵ کاک خدری خانە خوێ سەر قاڵی گوێدان بە خەبەری ڕادیۆ بی بی سی فارسی لەندەن بووین. لە نەکاو کاک نەبی بە دیمەنێکی ئاڵۆزاوو حاڵەتی تێکچوو خۆی بە ژووری دانیشتنەکەی ئیمەدا کرد، ڕوو بە من گوڕاندی " هەستە کوژراین" لە هەمانکاتدا بە پەلە و بە سەرووەزعی تێکچووبە پەنجەرەی ماڵەکەدا خۆی گەیاندە دەرەوەی ژوورەکە و دەستی بە ڕشانەوە کرد.

من بە سەرسامیەکی تێکەڵ بە ناباوەڕی، بە بێ ماڵ ئاوایی لە خانە خۆێ کاتێک خۆم گەیاندە بەر دەرکی کۆمیتەی پیران شاهێدی دیمەنێکی یەکجار دڵ تەزێن و بەزەیی خوڵقێنی تاقەت پڕوکێن هاتم. بەداخەوە هەنووکەش نازانم کام هاوڕێ لەو سەروبەندەدا پێش من خۆی گەیاندە بنکەی کۆمیتەو کێ لە گەڕانەوە لە گەڵم دا بوە.

هاوڕێیانی دەم بە پێکەنین و زەق و زیندووی پاش یەک دوو سەعات پێش وەک ئەوە خەریکی مەلە کردن بن لە سەر بەفری قوڕاوی کۆڵانی تەنیشت بنکەکەیان لە عەرز ڕاکشاو دەست و لاقیان تێکەڵ بە نائین و هاواری ئێش و ئازار بە هەر لایێکدا دەوەشاند و سێنگیان بە هیوای سۆکنایی ئازاری لەشیان بە سەر بەفرە قوڕینەکەدا دەخوشاند.

ژنانی بە تەمەنی ئاوایی بە بێ دوودڵی حاڵەتی ئەوتۆیان بە هۆی دەرماندا و کران زانی.

ئەگەر باش لە مێشکمدا تۆمار کرابێ، تاقە پرسیارێک لەم وەزع وحاڵەدا مێشکی منی دەهەژاند ئەوە بوو، داخوادەبێ چ کەسێک دەستی تێکەڵ بە کردەوەیەکی ئەوتۆ ناجوانمێرانە و بەتەواوە تی دۆژمنانە تێکەڵ کردبێ؟

لە کەسێکیان کە کوڕێکی گەنج و ئێوارەی ئەو ڕۆژە لەوێدا بە سەرقاڵی ئیش و کاری مەقەڕەکە دیتبووم چوومە پێش.

لێم پرسی؛ دەتوانی پێم بڵێی کێ ئێمڕۆ لێرە سەردانی کردوی؟ بە دەم ئێش و ئازارەوە وەڵامی دامەوە تەنێ بەرای شەهید (کەریم نێزەیی) نەبێ کەسی تر نەهاتوە.

دوابەدوای ڕاوێژێکی کورت فەرماندەری هێزی ئاوارە کە لەوێ ئامادەبوو بۆ پێ و شوێن گرتنی بە جێ هێنانی سێ ئەرکی بە پەلە دەست بەکار بوو.

یەکەم: دەرکردنی فەرمانی وریایی تەواو لە ڕێگای بیسیم بۆ هەموو لک و پەلەکانی هێزی پێشمەرگە بە مەبەستی چاوە دێری تۆندی ناوچەکە. (دامەزران لە شوینە ئاستەمەکان و بەرپەرچی ئەگەری هەر هێرشێکی هاوکاتی هێزی چەکداری ڕژێم). ئێمە لەو بڕوایەدابووین ڕەنگە پلانی بەربلاوتری ڕژێم بە کەڵک وەر گرتن لە شڵەژاویمان لە حاڵەتی دەرمان خوارد کرانی بەرپرس و کادرەکان بۆ زەبر وەشاندنی زیاتر دارێژرابی.

دووهەم؛ گەڕان بۆ دیتنەوەی کەسێکی ئەوتۆ بە نێوی (عۆسمان شەمسی) خەڵکی (کاسەکەران) لە نێو گوند کە ڕۆژی پێشتر

بە بیانووی سابوون فرۆشتن هاتبوە میشەدێ بنکەی کۆمیتە.

سێهەم: ناردنی کەس یان کەسانێک بۆ ئاوایی (کانی زەرد - سەرشاخان) بۆ ئاگادار کردنی دۆکتۆر مراد قادری کە سەر قاڵی خزمەت بە پێشمەرگەی بریندار و نەخۆشانی ئاسایی لە نەخۆشخانەی حێزب و داوای یارمەتی پێویست و فریا کەوتنی هاوڕێیانی دەرماندا و کراو.

دەستو بردی دڵسۆزانە و و بە بڕشتی کاک سەید ڕەسوڵ فەرماندەری دڵسۆزی هێز بوو بە هۆی ئەنجامی سەرکەوتوانەی کورتخایەنی هەر سێ ئەرکی بە پێویست زانراومان.

لە ماوەیەکی کورتدا پێشمەرگە لە هەموو بەرزایی و ئەو ڕێگایانە کە گومانی لێ دەکرا دوژمن بتوانێ کەڵکی پەلامار بۆ سەر ئێمەی لێ وەرگرێ دامەزران.

تاکی گومان لێ کراو لە کاتی بارکردنی پێش دەرباز بوون لە ئاوایی بە چەشنی کاتی لە لایەن پێشمەرگەوە ڕاگیر کرا تا لە یەکەم دەرفەتدا پرسوو جۆی لێ بکرێ.

تیمی کانی زەرد (نەخۆشخانە) لە کەمترین ماوەی مۆمکیندا هاوڕێ لە گەڵ کاک دۆکتۆر مراد سەرە رای زستان و دووری و دژواری ڕێگە کوێستانیەکەی خۆیان گەیاندە شوێنی کارەساتەکە و دەست بە کاری چارە سەر بوو.

بە هانا هاتنی خەڵک و پاڵپشتی چارە سەرنەدێشانەی لیپاو لیپ لە دڵسۆزی؛

هەر لە یەکەم چرکە ساتەکانی ئاشکرا بوونی باری نالەباری لەش ساقی پاش خواردنی ئێوارەێ ئامادەبوانی میوانی بنکەی کۆمیتەی پیران، دایکی بە ئەزموونی هاوسەری کاک ڕەحیم محمودی ئەندامی دەستەی بەڕێوە بەری کۆمیتەی شارستان (خەڵکی میشەدێ) ڕای گەیاند هاوڕێیانمان ژاراوی بوون و دەبێ شیریان بدرێتی.
(بە داخەوە چەند ساڵ دواتر کاک ڕەحیم بە شێوازێکی گۆماناوی شەهید کرا. مەخابن پرسو جۆ و بەدواداچوونی پێویست سەبارەت بە ئەم کارەساتە نەکرا)!؟

وەک ئەوە جارِ درابێ لە کورتە ساتێکدا هەواڵەکە ماڵ بە ماڵ گەڕا و هەرکەس لە لایێکەوە کاسە شیر بەدەست لە کووچەو کۆڵانی گوند بۆ لای بنکەی حێزب ملی ڕێیان گرت. هاوڕێیانی تووشکراو بە نۆشینی هەر پیاڵە شیرێک دوای کەمێک

شیرەکەیان بە دەلەمەیی دەڕشاندەوە.

ئەم وەزعە تا کاتی گەیشتنی دۆکتۆر مراد درێژەی هەبوو بە چەشنێک شیر لە ئاوایی برا، ناچار دێیەکانی دەوروبەر پاش میشە دێ لە وەزعەکە ئاگادار کران (یان بۆ خۆیان لە رێگای خەڵکەوە ئاگادار بوون). بە ئەو پەڕی پەرۆشەوە هەر ماڵێک حەیوانی شیردێی هەبوو بۆ دۆشین و هێنانی کۆتایی نەکرد.

وەک دۆکتۆر مراد پاشتر گێڕایەوەئەم هەنگاوە دەوری بە سوود و باشی بۆ بڕین و کەمتر کردنەوەی کاریگەری ئەو ژارە بە تایبەت کوڵینی زۆری شوربەاوەکە پاش تێکەڵ کرانی ژار دەرەتانی ژیانەوەی سەرلە نوێ بۆ ژاراوی کراوەکان بە هێز و کاردانەوەی لە سەر جەستەیان هەر نەبێ لە کورت خایەن بەر بەست و رێ پێ نەدان بە نووستنیان ئەگەری زیانی گیانی لێ دەور خستوونەتەوە.

بەختەوەرانە بە هیمەتی خەڵکی ئاوایی میشە دێ و دەوروبەر، دڵسۆزی سنوور نەناسی کاک دۆکتۆر مراد و وشیار مانەوەی ناوبراو سەرتاسەری ئەو شەوە بە دیار ژاراوی بوەکانەوە لێ کەوتنەوەی زیانی گیانی پووچەڵ کرایەوە.
هەر چەند بە وتەی دۆکتۆر مەترسی مەرگ لە سەر کاک نەبی قادری لە هەموو ئەو پازدە نەفەرەی تر بە هێزتر بوو.، بە ڕادەیەک زەختی خوێنی نێو براو تا پلەی شەش دابەزیبوو.

ناو و بەرپرسایەتی ئەوکاتی ژاراوی کراوەکانی دەستی تروڕی کۆماری ئیسلامی ئێران.

١- مام ئەحمەد شوانە ئاشپەزی کۆمیتەی ناوچەی پیران،(نەفەری یەکەم شانی چەپ، بە پێوە وەستاو)
٢- ئەحمەد بەزلە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پیران.(نەفەری دووهەم شانی چەپ بە پێوە وەستاو).
٣- مەحەممەد ئەحمەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پیران.(نەفەری سێهەم" " " '؛')
٤- سەید عەلی هاشمی ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پیران.
٥- نەبی قادری بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار.
٦- ڕەحمان چێشتە پێشمەرگەی کۆمیتەی ناوچەی پیران.
٧-شەهید عەلی عومەری فەرماندەی دەستەی شەهید سالح لاجانی سەربە لکی ٣ی هێزی ئاوارە.
٨- عوسمان پڕگورد ئەندامی ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پیران.
٩- برایم لاجانی ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشارو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر.(نەفەری یەکەم لە ڕیزی دووهەم ، دانیشتوو لە شانی چەپڕا.

١٠- عوسمان جۆخۆر پێشمەرگەی بەشی شەهیـدان.
١١- شەهید ڕەسوو مستە جێگری فەرماندەی دەستەی شەهید سالح لاجانی سەربە لکی ٣ی هێزی ئاوارە.
١٢- مراد کەریمی ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار.
١٣- ئەبووبەکرە رووت پێشمەرگەی کۆمیتەی ناوچەی پیران.
١٤- عومەر مستەفاپوور کادری کۆمیتەی ناوچەی پیران.
١٥- ڕەسوول ساوجبلاغی کادری کۆمیتەی ناوچەی پیران وزانست لە بەشی میدیا.
١٦- سمایلە رووت ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پیران.

لە لاییکیتر ئاکامی لێ کۆڵینەوەی سەرەتایی لە تاکی ڕاگیراو شک و گۆمانی ئێمەی بە رادەیەک بە هێز کرد. ناچار وێڕای ئەوە برای پێشمەرگەی شەهیدی هێزی ئاوارە بووتا ڕوون بوونەوەی وەزعی ژیانی هاوڕێیانمان دەس بە سەر ڕا گیرا.

درەنگانی ڕۆژی دووهەم پاش ئەوە پشووی تووش کراوەکان بەرە بەرە هاتەوە سەرەخۆ پێشنیار کرا سەردانی تاکی ڕاگیراو بکەن و داوای لێ بکرێ ئێستا کە مەترسی گیانی لە سەر ئەوان بەرەو کۆتایی دەچێ پێیان خۆشە ڕاستیەکە بدرکێنێ.

ئەم تێفکرینە دەوری ئەرێنی خۆی گێڕا، دەقی پلانێک کە سپای پاسدارانی پیرانشار بە هاریکاری ئیمام جۆمعەی ئەو شارە و کەسێکیتر بە ناوی عەولا گەرمێنی سەرۆک جاش (بە وتەی گۆمان لێ کراوەکە) داڕێژرابوو ئاشکرا کرا.

بە چەشنێک ئەو درکاندبووی بەرپرسانی ئێتلاعات لە ورمێ ژارەکەیان بۆ کەسێک بە ناوی(سەدرە) دەسەلاتداری ئێتلاعاتی پیرانشار ناردبوو. ئەم کار بەدەستە لە گەل کوێخا عەولا ناسراو بە عەولا گەرمێنی لە بری داخوازی ئازاد کرانی برا زیندانی کراوەکەی بە مەرجی بەڕێوە بردنی ئەم ئەرکە بەڵێنی ئازاد کرانی براکەی و پێ بەخشینی دەزگایێک ماڵ، دەزگایەک ماشێن و بڕە پارەیەک (گوێا هاوکات لە کاسەکەران لە لای کەسێک دانراوە) و... لە پیرانشاردەدرێتێ.

پلانەکە ئەوە بوو: بەستەیەکی چکۆڵە کە گەردێکی تایبەتی تێدا بوە پێ دەسپێردرێ. دەبێ ئێوەرۆکی نایلۆن(بەستەکە) لە خواردنی ئاوەکی (شۆرباو)، یا لە گەڵ خۆێ تێکەڵ بکرێ. ئەوە لە جێدا دەبێتە هۆکاری مەرگی کوتوپڕی کەسێک خۆێ یا شۆرباوەکە دەخوات. بۆ بەڕێوە بردنی ڕاسپێردراوەکە بە بیانووی گواستنەوەی سابوون بۆ فرۆش لە سەر ڕێ سەردانی بنکەی حیزبی دێمۆکرات لە ناوچە دەکات.

هەڵبەت ماوەیەک ڕاهێنانی فێکری و پەروەردەکردن بەدژی جووڵانەوەی ماف خوازانەی حێزب و پێشمەرگەکان دەبێتە ڕێخۆشکەری جێ بە جێ کرانی ئەرکی دیاری کراو، دوژمن بە ڕادەیەک توانیبووی زەینی بکەری کارەساتەکە بۆ لای دۆژمنایەتی هاوسەنگەرانی برا شەهیدەکەی بە لاڕێدا بەرێ، لێی وەراست گەڕابوو وتە و پرۆپاگەندەی کارگێڕانی ئێتلاعات هاوتای راستی و "پێشمەرگە دۆژمنی کورد و ئایین و ماکەی هەژاری خەڵکی کوردستانە و بەرپرسانی پێشمەرگە هەموو لە ڕیزی کەسانی خاوەن سەرمایەن لە بەر ئەوە ئەرکی هەر تاکێکی وەک ئەو دەژمێردرێ بە پێ بنەماکانی ئیسلام و بۆ داکۆکی کوردستان و نەهێشتنی پیاوانی سەر بە بێگانە و دۆژمنی وڵات هاریکاری کۆماری ئیسلامی بکات ". دیارە دەبێ ئیمام جۆمعەی ئەوکاتی شاری پیرانشارو عەوڵا گەرمێنی یارمەتی پەژراندنی وتەکانی ئێتلاعات وگێڕانی دەور و کاردانەوەی ئەرێنی لە سەر ئەم گەنجە هەبووبێ.

بە کەڵک وەرگرتن لە ناسیاری و متمانە پێکران وەک برای شەهید لە دەرفەتی سەرقاڵ بوونی مام ئەحمەدی ئاشپەز بە کاروبارێتری بنکەکەیان بەشێک لەدەرمانە تێکەڵی مەنجەڵی شۆربا‌وە کە دەکات. لە بەر پەلە کردن و ترس و خۆفی ئەگەری پێزانین بە شەکەیتر بە نایلۆنەکەوە لە نێو ئاوی چۆمی تەنیشت بنکەکەیان فڕی دەدات.(بە وتەیەکیتر لە شوێنێک بەشی دووهەمی دەشارێتەوە. هەڵبەت من ئاگام لەم وتەیە نیە).

نەمەکناسی لە بەرانبەر خۆو خدەی شۆڕشگێرانە:

لێرە دا دەستو بردی فەرماندەری هێز کاک سەید ڕەسول و یەکە یەکە ی پێشمەرگەو بەرپرسانی ئەوکاتی هێزی ئاوارە چ بۆ شەو نخوونی لە ئاست پارێزگاری هاوڕێیانیان و بەر پەرچی ئەگەری پەلامارێتر و چ فریا خستنی دۆکتۆر و دەس بەسەر کردنی تاکی راسپێردراوی دۆژمن بۆ وەشاندنی زەبری گەلاڵە بۆ دارێژراو دەبێ دەس نیشان بکرێ. دەبێ دانی پێدا بنرێ ئەگەر خەڵک وەک لەم بەسەرهاتە دا نیشانیان دا پشت و پەنای یەکتر بن، هەر پلانێکی درندانەی ئەوتۆ دەتوانرێ بێ کاریگەری بمێنێتەوەو دۆژمن لەوە کەهەیە ڕسواتر بکرێ. شیاوبوو لێرەدا ناوی هەموو ئەو کادر، بەپرس و پێشمەرگانە کە بە پەرۆشەوە هەرکەس بە نۆرەی خۆی حەولی یارمەتیدان و پارێزگاری گرتە ئەستۆ بهێنرێت بەلام لە بەر زۆر بوونی ناوەکان نەگونجا.

لە گەڵ ئەوە کە کاک نەبی قادری و پێشنیارە شێلگیرانەکەی بوە هۆی وەلا خستنی من و بەشێکیتر لە کادرو بەرپرسی پێشمەرگەکان لە تووشبوونێکی ئەوتۆ پڕ لە ئازار و مەترسی گیانی، خۆ گەیاندنی کاک نەبی پاش دەرماندا‌و کران بە مانی کاک خدر و ئاگا دار کردنی ئیمە لە بەسەرهاتەکە بۆ خۆی گۆشەیەکیتر لە هەستی پیرۆز و پڕ لە بەرپرسایەتی ئەم تاکە شۆڕشگێڕە بۆ پاراستنی هاوسەنگەران دەژمێردرێ.

بەر پرسیار بوون و هەست و هەستانی وها لە پێناوی یارمەتیدان بە پاراستنی گیانی هاوڕێیان وێرای تووش بوونی خۆی هەر نەبێ بۆ وەگێڕی ئەم بە سەر هاتە پڕ لە ئەزموونە وانەی فێرکارانەی مەزنی لە فێداکاری تێدا بوو.

سەرباری ئەوە کە خۆ گەیاندن و بڕینی ڕێگای سەخت و شاخاوی ئەویش لە تاریکە شەوی ئەوتۆدا لە لایەن کاک دۆکتۆر مراد قادری (محمد ئەمین قادری) سەرەڕای پشوو نەدان بە درێژایی ڕۆژەکەی بۆ پێ ڕاگەیشتن بە بریندار و نەخۆشان وانەیەکیتر لە مرۆڤدۆستی، مرۆڤایەتی و گەیشتنی تاکێک بە لوتکەی مرۆ بوونە.

قادریەکان ئەو کەسایەتیە تێگەیشتوو و خوێندەوارانە کە بە خۆشیەوە من شانازی ناسینی کۆمەڵێکیان لە درێژایی خەباتی پێشمەرگانە دا نسیبم بوو، پارێزگار و بەڕێوە بەرو ئەویندارى خۆ و خەڵکی بەرزی ئێنسانی بوون. وەک ئەوە کاک نەبی و کاک دۆکتۆر مراد بۆ بەرەوانی دۆست، هاو سەنگەرو و پارێزگاری ژیانی هاوڕێیانیان نواندیان دەبێ لە جەوهەری بوونیان دا جێ خۆی گرتبێت.

هەر لەم ڕێچکەدا ناکری تەوازۆع، لە خۆ بووردەیی و ڕۆحی بەرزی خزمەتکارانەی خۆشکی بەڕێز (مریەم قادری) هاوسەری بەڕێز سەرهەنگ ئیرەج قادری کە کاتی خۆی هاوڕی کاک سەرهەنگ لە بنکەیەکی پێوەندی بۆ پێ ڕاگەیشتن بە بریندار، نەخۆش و مێوانان دەس نیشان نەکەم، دەسنیشانی مەزنایەتی بە بێ لە بەر چاو گرتنی ژیانی ڕابردووی خۆی و بنەماڵەکەی، بە بێ ئەوە کەسێک توانای ئەوەی هەبێ ناچاری بکا، بە ڕەزامەندی و ڕۆح سووکی وەک پەرستارێک دایکانە دڵسۆز و خەمخۆری خزمەتی مرۆیی بە هاو سەنگەران بوو.

کاتێک دژوارىەکانی ڕۆژانی پێشمەرگە بوون و ئێش و ئازاری دەربەدەری و زەخت و گوشاری دوژمن بۆسەر خەڵکی وڵاتەکەم هەروەها درێژەی ستەم و نامرۆڤایەتی لاپەڕەی زەینم دادەپۆشن تەنێ سەرفەرازی ناسینی مرۆگەللێکی بەرز ڕەوشتی وەها لە درێژەی ئەو ماوە پیرۆزەدا دەبێتە مەڵهەمێکی ئاسوودەیی بەخش بۆ تەسکینی ئازارە بە جێ ماوەکان، ئازاری لە دەست دانی کەڵەپیاوانی وەک کاک نەبی لە سەر هۆش و جەستەم.

کاک نەبی لە دواچرکە ساتەکانی کۆتایی ژیانی نیشتمان پەروەرانەی جیا لە ئازاری جەستەیی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە، شێرپەنجەی دوو بەرەکایەتی و هۆمێدی دوایی هاتن و تەبایی ڕیزەکانی جوولانەوە بۆ ڕزگاری کورد دوا وشەی سەر زاری لە ئاخرین پێوەندی تلیفۆنی نێوانمان بوو.

حورمەتی فراوانتر بۆ ڕۆحی نەسرەوتووی کاک نەبی قادری و سەرجەم قربانیەکانی ئەو ڕێگا بەرز و پیرۆزەو خوازیاری بە دی هاتنی تەبایی شۆڕشگێڕانی ئەویندارى سەرفەرازی کوردستان.

کۆمیتەی شارستانی پیرانشار لەو سەردەمە دا بۆ پێڕا گەیشتن بە کاروباری سیاسی، تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی و... لە ناوچەکانی:

گەدە. نەڵێن، بەری مێرگان، پیران، بەربنە، لاجان... کۆمیتەی ناوچەی دامەزراندبوو. بەرپرسی هەر یەک لەم ناوچەگەلە لە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان دیاری دەکرا. دیارە هەرکۆمیتەیەک چوارچێوەی ئەرک و دەسەڵاتی دیاریکراوی خۆی هەبوو. بەشێک لە زانیاریەکانی ئەم نووسراوە بە یارمەتی برای بەڕێز و هاو سەنگەری ڕۆژانی دژواری بەرەوانی نیشتمان کاک س .ع . ه پشتڕاست کراوەتەوە.

تێ بینی ١: بەشێک لە دۆستانی پیرانشار لەو بڕوایە دان ئیمام جۆمعە دەورێکی وەهای لە دابەزینی ئەو کارەساتە نەبوە.
تێ بینی ٢: کورت پاش دەرماندا و کرانی ئەندام و بەرپرسانی حیزبی لە پیرانشار کۆمیتەی حیزب لە پێوەندیەکدا لە گەڵ دەقتەری سیاسی بە ڕاوێژ باسی هێنانە گۆڕی تۆلەی هاوچەشنی بە گوێرەی هەبوونی ئەندامی نفووزی لە نێو ئۆرگانە کانی دەسەڵاتی تڕۆریستی کۆماری ئیسلامی هێنایە بەر باس کە ئەگەر ڕەزایان لە سەر بێ وەلامیان بدرێتەوە.

وەڵام ئەوەبوو: ئەوە کردەوەییکی نامرۆڤانەیە ئیمە سەرەڕای تێکهەڵچوونی ڕۆژانە و کوژرانی نەفەر لە هەردوولا هیچکات ئامادەنین هاو دەنگی لە گەڵ کردارێکی ئەوتۆ بۆ کەسانی ڕژیم لە هەر پلەو پایەیەکدا بکەین. خەباتی ئیمە خەباتێکی ئینسانی بۆ مافێکی ڕەوایە. لەم پێناوەدا دەس لە کرداری ناڕەوا وەر نادەین.

تێ بینی ٣: بە مەودای چەند ساڵ دواتر ڕژیمی ئیسلامی سەر لە نوێ بەر بڵاوتر لە هەورامان، هەڵەبجە و گەورەدێ دەستی تێکەڵ بە کردەوەی دەرماندا و کردنی کادرو بەرپرسانی حیزب تێکەل کرد لە ئاکام دا شهید بوونی چەندین کەس لە خەباتگێڕانی نیشتمانی لێ کەوتەوە.

ڕێکەوتی: نۆڤەمبەری ٢٠١١

حۆجرەی فەقێیان فێرگەی شۆڕشی نیشتمانی؛

بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی تێرۆر کرانی مامۆستا مەلا ڕەسوڵ گەردی

و دوو پێشمەرگەی هاوڕێی. حەسۆ عەلیپوور و جەلیل مامایی.

نکوولی لێ ناکرێ لە سەردەمانی پێشتر حۆجرەی فەقێ یان ناوەندی پەروەردەی خەباتکارانی مافخوازی کورد و مەڵبەندی تۆماری هەڵبەستی هەرەبەسۆزی نیشتمانی و هاندەری خەڵکی ولات بۆ داکۆکی لە مافی نەتەوەیی بوو.(١)

مەخابن لەوەتی کۆماری ملهۆڕ و ماف نەناسی ئێسلامی تاران خۆی بە سەر بیرو هۆش و ژین و ژیانی خەڵکدا سەپاندوە پاشەکشە و وەستانی بەرچاوی بزاڤێکی بە هێزی ئەوتۆ ئاخێزی پێچەوانەی لێ کەوتوەتەوە !؟

لە درێژەی ئەم ڕەوتە پێچەوانەیەدا زیان پێ گەیاندن لە بیری ئازادیخوازی نەتەوەی بێ مافکراوی کورد تا ئاستی هەمبەر وەستانی پاراستنی نەریت و کولتووری مەزنی کوردەواری هەر چی دێت وێنەی بەر فراوانتری لێ شین دەبێ!!

ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە ژیان و بەسەرهاتی تاک و کۆی پەروەردەکراوی خوێندەگە ئایینیەکان لە سی چل ساڵ دواتر بدرێتەوە و هەمان کات لە گەڵ پێشووتری ئەو ماوە هەڵسەنگێندرێ، گەلێک پەرۆشمەند ئاشکرا دەبی خەباتی کورد لەم ڕێچکە و لە نێو تۆڕی خوێندکاری ئایینی خاوەن دەور لە سەر کۆمەڵگا تا چەند تووشی شکست و نەکسە هاتوە!؟

لاینی سیاسی و تۆڕەری ڕۆشنبیری کورد کەمتر خۆیان سەرقاڵی هۆکارەکانی ئەم پاشە کشێ زیانمەندە لە نێو جەماوەری کورد(بە نسبەت خەباتی ئازادیخوازانەی سیاسی) کردوە.

زیانی مەیدان چۆڵ کردنی ئەم تۆڕە لە درێژدان بە خەباتی نەتەوەیی هاوشانی ئایین پەروەری، وەستان و بێ ڕێبواری ڕێگای ئەوان تا پلەیەک مەیدانی بە بواری ڕێبوارانی بیری کەرامەتی نەتەوەیی مرۆی کورد بەرتەسک کردوەتەوە، کە هەل پەرستان لە ژێر نێو و نیشانی ڕێکخراو و خەباتی دینی تاک و کۆی موسڵمان و مافخوازی کورد دەکەن بە قۆچی قوربانی ساتو سەودا لە گەڵ ئەم و ئەو نەیاری هاوبەشمان! وەک لە ماوەی دواییدا هەموان شاهێدن کارەسات هەر بە ئەوەندەش

کۆتایی نایێ ! بەڵکوو سازماندراو پەلاماری ئەو دەسکەتتانەش دەدرێ کە کورد بە درێژایی نزیک بە سەت ساڵە قوربانی بۆ دەدات.

لە کەشو هەواییکی ژاراویکراوی وەها دا ئاوڕدانەوە لە تاک و کۆی باوەڕمەندی خەباتکاری دینی - نیشتمانی بۆ ڕزگاری و پاراستنی کەرامەتی نەتەوەکەی نەک وەک ئەرکی لاینی سیاسی و تۆڕەران پێویستە بەڵکوو لێ کۆڵینەوە و دەس نیشان کردنی دەور و کاریگەری ئەم خۆشە ویستانە بۆ ڕێگری لە توانەوەی کورد و زیندوو ڕاگرتنی نەریتی نیشتمان پارێزی ئەرکێکی لە جێدایە. لە پاڵ نرخدانانێکی وەهادا درێژ کردنی پەنجەی ئاماژە بۆهۆکاری بەلاڕێدا برانی ئایینداری کورد لەم پێناوەدا بە ئەرکێکیتری زەروور و بە پەلە دەژمێردرێ.

تاک و کۆی باوەڕمەندی ئایینی لە گەڵ ئەوە زۆرتر لە ڕابردوودەرەتانی ناس کردنی نەیاریکورد و ئاسوودەیی کوردستانی لە زۆڵم و زۆری ستەمکاران هەیە، لە گەڵ ئەوە کردەوەی دەسەڵاتە فەرمانرەواکانی زاڵ لە کوردستان بەرانبەر پێشێلکاری مافی کورد تا ڕادەی دەس درێژی سنوور نەناس و بگرە کافەر و بێدین نێودێر کردنی خەڵکی باوەڕمەندی کوردستان لە پەرە ئەستاندن دایە، دیسان تۆڕێکی کوێرانە خەریکی وەشاندنی تەشوێ لە ڕەگو ڕیشەی کورد و ناسنامەی خۆیان لە خزمەت بێگانە و بەرەو پێش بردنی مەبەستی پاشکەوتوانەی دوژمنانەکانیانن. ئەوە هەر نەبێ وەک ڕێگە خۆش کردنی سەر لە نوێ مل نەوی پێکردنی کورد بۆ یاسا زاڵمانە و قەڵاچۆ خوازانەکانیانە.

لە ژێر کار تێکەری ئەم وەزعەدا هەمدیس دوابەدوای تێکقرمانی دەسەڵاتی بەعسی سەدام حسین لە جەلەولا و ناوچەکانی تر بۆ قەڵاچۆی دووبارەی کورد هاوشانی سیاسەتە دژبەرانەکانی دەسەڵاتی ئێسلامی تاران دەستی پێکردوەتەوە.

هەراوی ئەم کارەساتە تا خۆ تەقاندنەوە لە ئەفغانستان و پاکستان، کاول کردنی ماڵی کورد لە نێوخۆ خەریکی پەرە ئەستاندنە. ئەگەر ساڵانی پاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، لێدانی گورزی کاریگەری ئامریکا لە داگیر کەرانی مەڵبەندی هۆرامان (کە بە یارمەتی کۆماری ئێسلامی سەقامگیر کرابوون) نەبووایە "ئەنسار الاسلام" تا هەنووکە ڕێژەیەکی زیاتری بە زۆر یا بە پشت بەستن بە درۆو دەلەسە لە لاوانی وڵاتی بە لاڕێدا کێشا بوو.

لەوە دەچێ کوشتاری بە کۆمەڵ کورد لە لایەن برا عەرەبەکانی ئەم تۆڕە و بە گاز خنکاندنی شارێکی وەک هەڵەبجە، وبەشێکی بەر چاو لە خەڵکی شاری سەردەشت، نۆدشە، زەردە و دەیان گوندی کوردەواری، گرینگی ئەوەی نەبووبێ ئەم بەڕێزانە ڕاچڵە کێنێ.

ئەگەر ئیسلامی نەیارانی کورد "دینی برایەتی، وەک هەڤی و پێکەوە ژیانە" بۆ دەبێ بەشی کورد ئەوە بێت؟ بۆ نابێ تاقە جارێک مۆقتیەکی ناسراو یا نە ناسراولە نێو مۆسڵمانانی ئەم گەلە مۆسڵمانانە دەنگی خۆی بەرابەر ئەم ناحەقیە گەورە بەرز نەکاتەوە؟ دەنگێک کە بە جاران بە زۆر بیانوی کەم نرخ و ناپێویستی تر لەو "عالمانەی ئیسلام" بگرە بۆ حەرامڵ یا حەرام ڕاگەیاندنی ماچێک بەرز دەبێتەوە؟!

کارەسات دەگاتە ئاستێک ئەردۆغانی سەرۆک وەزیر و کار بەدەستانی مۆسڵمانی تورک کورد بە نامۆسڵمان و.. و.. پێناسە دەکەن تا لە هەڕەتی موسیبەتێکی وەک بوومەلەرزەکەی شاری وان کەس ئاوڕ لە ئەم خەڵکە نەداتەوە. هەر وەک دەرکەوت لە جیاتی یارمەتی بە ئەم خەڵکە "برای تورکی مۆسڵمان بەرد و دار و ئاڵای تورک و جلی مەلە کردنی ژنانەی (بە مەبەستی گاڵتە پێکردن و شوکرانە بژێری لێ قەومانە کە) بۆ کورد بە دیاری نارد!! ئیتر پێشگرتنی تورک لە یارمەتی لاوەکی خەڵکیتر بە کوردی وان بابمێنێ.

هاوکات هێزی چەکداری تورک شاخ و گوند و جەستەی لاوانی کوردستان بە ئاور و ئاسن و کەرەسەی شیمیایی دەسوتێنی.

ئەوە لە پاش کات و ساتێکدایە کە کورد لە کوردستانی باکوور زۆربەی دەنگەکانی بە جەنابی ئەردۆغان فەرماندەری بکوژانی ڕۆژهەڵاتی لە باکووری کوردستان لە سندوقی هەڵبژاردن هاوێشت!!

لە شارێکی وەک پاوە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بڵنگۆی مزگەوتەکان و شەخسی ئیمام جۆمعە وێرای هاندانی خەڵک بۆ پێشوازی لە خامەنەیی بکوژی ڕۆژهەڵاتیان بۆ سەلماندنی زەبوونی و نزم ڕەوشتی کەسایەتی خۆی بە خامنەیی دەڵێ: "بدون تردید ارادت ما به انقلاب اسلامی و بنیانگذار جمهوری اسلامی و شخص حضرتعالی بعنوان رهبر فرزانه انقلاب، نشأت گرفته از راه و روش سلف صالح است و ارادت ما نسبت به حضرتعالی آگاهانه و درایت و حکمت و زمانەشناسی تان برما پوشیده نیست" (۲)

ئیمام جۆمعە بە ئاگاداری لە کرداری پیاوانی جەنابی خامنەیی کە ڕێگایان بە خەڵکی شارەکەی و شافێعی مەزەوەکانی تر لە تاران نەدا، تاعەتی ئیسلامی خۆیان بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزان و قوروان بە کۆمەڵ وەک نەریتێکی باو بە جێ بهێنن دیسان ئەم فەرمایشتانەی پێشکەشی وەلی فەقێ کرد.(۳)

ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێیی ئەوتۆ سرنجی ئاوەزمان بۆ لای فامی پڕ لە وردبینی و کۆمەڵ ناسانەی کەسایەتی و نرخی مەلا

ڕەسوولەکان و گرینگی بوونیان لە ڕیزی شۆڕشی نیشتمانی وردتر بەڕۆژ دەکات.

کاک مەلا ڕەسوڵ گەردی پەروەردەکراو و سەرهەڵداوی خوێندنگەی دوو تایبەتمەندی پیرۆز، دوو باوەڕی مانا بەخش بە ژیانی مرۆ و مرۆایەتی کورد بوو.

ئەگەر بەسەرهات و سالانی دوور و درێژی کرداری لە خوێن گەوزاندن و بێ مافکرانی کورد و کوردستان بە دەستی نەیاران وەرد بدەینەوە زۆر زوو لە ئاکامی هەڵسوکەوت و کردەوەی دین تەوەری بەشێکی دیارلەو تاکە سەوداگەرانە لە نێو کۆمەڵگا ی کوردستان تێ دەگەین. تێ گەیشتن لەوە کە ئەم مامۆستا بەڕێزە لە گەڵ هاوبیر و هاوخەباتەکانی گرێ پووچکەی نۆقم کرانی کورد و کوردستانیان لە زەلکاوی بێ بەشی و سەرکوتی سنوور نەناس لە ژێر نێوی دەسپێچک ئاسای خودا و ئایین زێدەتر ناسیبوو.

فامی ورد بینانەی ئەوان بۆ بەر پەنگ دانەوە و ڕێگە پێگرتنی پاوانی باوەڕی دینی بێ گرێو گۆڵی خەڵک وەک ئامرازی ژێر دەستە و دەستەمۆ کردن تا ڕادیەکی باش توانیبووی دەوری ئەرێنی لە سەر بە جەماوەری کردنی خەباتی نیشتمانی بگێڕێ.

داخ و کەسەر کەم ڕێبواری ڕێچکەی مامۆستا گەردی بەلاڕێدابرانی ئەویندارانی ئایینی زێدەتر لە پێشو لێ کەوتوەتەوە.

ئەم بۆشاییە لە جووڵانەوەی دینی ونیشتمانی کورددا کەلین و کەلەبەری مەزنی تا دێت بەرەو دەسەمۆکران تێ دەکەوێت. پەرە ئەستاندنی ئەم زیانە ڕوو لە هۆرازە وێرای دەور گێڕان لە سەر شۆڕشەکانی پێشوو سەرکەوتنەکانی هەنووکەش بە ڕێژەیەکی بەر فراوان تووشی مەترسی سامناک دەکات. بە شیوازێکیتر باڵا دەستی دوژمن و کاردانەوەی کاولکارانە بە سەر بیت، هەست و هزری نەتەوەیی کورد بە زەقی دەسەلمێنێ.

دەردی گرانی ئەم شکستە ئەوکات فراوانتر خۆی دەنوێنێ کەسێکی وەک ئەردۆغان (سەرۆک وەزیرانی تورکیە) وکەشێک بە ناوی (گۆڵەن) بە ئەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوی دەڵێن "کورد موسڵمان نین" و فەتوا بە دژێ ئەم گەلە دەدەن. لە بەرانبەریاندا شێخی تەریقەتی نەقشبەندی (شێخ عەبدۆلڕەحمان نەقشبەندی - هۆرامان) نەبێ ڕێبەرانیتر دژ کردەوە بۆ سەرراست کردنەوەی مەبەستی شاراوە ی تورکیان بە دژی ئایینی کوردان بە گوێرەی پێویست لێ نابیستری(٣)

دژ کردەوە بەرانبەر کەسانێک کە مەبەستی گلاوی ڕێگا خۆش کردنی ڕۆژانەی کوشتاری زیاتری کورد و دەربڕینێکی نوێ فەتوا ئاسای بە کافەر زانین ئەم جارەیان بە گوتارێکی نوێتر دەخرێتەمەیدانی هاوچەشنی کردەوەکانی ئاتاتورک، سەدام و خۆمەینی بە مەبەستی قەڵاچۆی زیاتری کورد.

کاردانەوەی چەوتی مامەڵە چیانی زال بە سەر هزر و هۆشی باوەڕمەندی موسڵمانی کورد بە ڕادەیەک تووشی زیانی کردوین کە ئەگەر دینداریکی ناسراوی کورد ڕێچکەی نیشتمان پەروەری ئاوێتەی باوەڕی هاوکات و پتەوی ئایینی خۆی بکات ئیتر لە نێو جەماوەردا دەوری کاریگەری پێشووی بەرەو دابەزین و پەراوێز خران شۆڕ دەبێتەوە، ڕەحمەتی شێخ عزەدین حۆسەینی وێنەی دیاری ئەم بە لاڕێدا برانەی جەماوەر لە پێش چاودایە.

بە هەڵسەنگاندنی پازدە بیست ساڵی رابردوو بە تایبەت چەند ساڵی دوایی و هەڵکشانی ڕەوتی ئاڵۆزی خواز و ڕادیکاڵی تویژی دژبەری ئاسوودەیی خەڵک لە ژێر ناوی دین و خواپەرستی ڕۆژانە هەست بە بۆشایی کەسایەتی داکۆکیکار لە ئایینی مرۆدۆستانە و موسڵمانی ڕاستەقینەی بێ ئازار و مرۆدۆست هەست پێ دەکرێ.

ئەگەر بۆ دەیەکانی پێش سەرهەڵدانی هێرشکارانی سەر مافی خەڵک لە ژێر پەردەی ئایین ئاوڕێکی کورت بڕێتەوە بە ئەو ئاکامە دەگەین وێرای لە پاش بوون و دواکەوتوویی کوردستان لە زۆر بواری وەک خوێندەواری و، ت،،، کات و ساتێک کە دەرەتانی خوێندن زۆرتر لە ژێردەستی ڕێبەرانی ئایینی و حوجرەو مزگەوتەکاندابوو ، هەڵکردنی وێکڕای جیا ئایینیەکان وەک یەهودی، مەسیحی، موسڵمان و ئەرمەنی، یارسان و ت. د.. زۆر لە ئێستا پێشکەوتووتر و بە دوور لە ئاڵۆزی بوو.

هەڵتۆقینی وشکە مۆسڵمانی لە لاوە فێر کراو بە دژی ئاسایشی کورد لە نەبوونی کەسایەتی وەک شەهید گەردی!

کاک مەلا ڕەسول تایبەتمەندی و خۆو خدەی گەلێک سرنج ڕاکێش، پەسەند و تا ڕادەیەک تایبەت بە خۆی هەبوون کە بە هۆیانەوە بەرانبەرەکەی ناچار بە لە بەرچاوگرتنی ڕێز و حورمەت دەکرد.

ئەم تێکۆشەرە نە لە نێو بنەماڵە و نە لە گۆڕەپانی خەباتی نیشتمان و پانتایی کۆمەڵگاکەیدا هیچ کات حەولی سەپاندنی بیری پڕ لە متمانەی خۆی لە باری ئایینەوە بە سەر خەڵکیتردا نەدەدا. بەڕێز گەردی پێ وابوو باوەڕی ئایینی پیرۆزی تایبەت و خۆماڵی لە دڵ و دەروونی هەر تاکێکدا دەبێ پارێزراو بمێنێ. لای وابوو هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی تاکی باوەڕمەند دەوری ڕاکێشانی ئەرێنی یا پێچەوانەکەی بۆ نزیک و یان دوورکەوتنەوە دەرەخسێنێ.

بەڕێز مامۆستا گەردی لە گەڵ ئەوە بەڕپرسی دابین کردنی بژێوی حەوت هەشت سەر خێزان و منداڵەکانی بوو و جیا لە یارمەتیەکی کەمی حێزب بۆ پێشمەرگە و دەسگرۆیی خزمێک لە کوردستانی گەرمێن هیچ داهاتێکیتری نەبوو هیچ کات لە ڕەوشتیدا دەرنەدەکەوت بۆ بژێوی کورتدەست و لە ژێر زەخت و گوشاردایە.

ڕۆح بەرزی و متمانە بەخۆ بوونی ئەو مرۆڤە تا ئاستێک لە بەرزەدماخی لای جێگیر ببوو، نەناسی تووشی شک و گۆمانی گیرفان پڕی و نەفەس گەرمی و بێ منەتی دەوڵەمەندانەی ماڵی دەکرد.

جلو بەرگی هەمیشە خاوین، سەرو وەزعی بە دایم پێڕاگەیشتوانەی مامۆستا ڕۆمەتێک لە وردی بەرز لە ساتەکانی پڕ مەترسی گیانی و وەزعی دژواری ژیانی پێشمەرگانەبوو.

کاتی کۆبوونەوەلە گەڵ هاوڕێیان و ئامادەبوون لە کۆڕو کۆمەڵی جەماوەردا بێ باکانە و بە بێ سڵ کردن یا نان بە قەرزدان ڕاو بۆ چوونی خۆی لە پێوەندیە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەر دەبڕی و داکۆکی شێلگیرانەی بۆ سەلماندنی قازانج و بەرژەوەندی هاوبەش دەکرد.

دەسکورتی و بێ داهاتی نەیتوانیبوو پێش بە پێشوازی گەرموگوڕی میوانان و گەرم کردنی باس و خواستی مەجلیس ڕازێنەر لە هەڕەتی ماڵ لە کۆڵی و دەربەدەری شاخدا بە ئەو بگرێت.

لێرەدا ئەرکی ئەمەکناسانەیە لە پەنای مامۆستای دڵ پڕ لە ئەوینی کوردایەتی مەلا ڕەسوڵ گەردی ئاماژە بە دڵ فراوانی و سەبرو هیمەتی ژنانەی کەڵە ژنی نیشتمان پەروەر خاتوو ئایشە خێزانی بە وەفای مامۆستا وەک ئاوێنەیەک لە توانای ئەساتیری سنوور نەناسی بەرزەبااڵی دایکێکی پیرۆزبکەم. دایکی هەر پێشمەرگەیەک و وەرەبەخشی هەر وەرە بزرکراوێک بە پاشەکەوتێکی ئینسانیی دانسقە و پراوپڕ لە هێزی خۆ ڕاگری لە تەنگانەی ژیانی ماڵ لە کۆڵیدا.

کاک حەسۆ عەلی پوور:

باس کردن لە تایبەتمەندی تاکیک کە وێنەی تەواو عەیاری ئازایەتی، ئیمان بە ڕێبازی نەتەوەیی، حورمەتپارێزی خەڵک و سوور لە درێژەدانی ڕێگای پیرۆزی مافخوازی بووبێ نە هاسان و نە لە کورتەیەکی ئەوتۆ دا دەگونجێ.
حەسۆی قارەمان ئەو پێشمەرگە وەرە بەرزە بوو کە وەک هەڤی باوەڕی ئایینی و پارێزگاری نیشتمانی هاوشێوەی مامۆستا مەلا ڕەسوڵ تێیدا زەق و بەرچاوبوو.

بـۆ هـەر ڕاسپاردەیەکی مەترسیدار بـە مـەرجێک لـە خزمـەت پـێش چـوونی ئامانجـە نەتەوەییەکەیـد کـورد واتـەنی "سـەری پێوەنەبوو". دڵسۆزی و گەرمی تـایبەت بە خۆی لـە یەکـەم دانیشـتن دا کاریگـەری کـەم وێنـەی بـۆ جـێ خـۆش کـردن لـە دڵ و دەروونی خەڵک و هاوسەنگەران تەیار و لە بێر نەکراو سەقامگیر دەبوو.

کاتێک وێنە و دیمەنی حەسۆ لە کۆبوونەوە تایبەتەکان یا ڕۆژانی خەبات و دیداری ئاسایی تێکەڵ بـە هەیبـەتی نەبەزانـەی دەکەوێتە سەر پەردەی مێشک، تەنیا خەمێکی قووڵ و پڕ گوشار بۆ لە دەست دانی ئەم پیاوە مەزنانـە جـێ خـۆی لـە دەروون داگیر دەکات. مرۆ بە بـێ ئەوە ئێرادە بکا ئەم پرسە لای درۆست دەبـێ؛

ئـاخۆ داواکـاری ئـەو سیسـتەمە سیاسیەی ئـەوکاتی ئێمـە بـۆ داهـاتوو نرخـی قۆربـانیگـەلێکی وەک حەسـۆ و سـەدان حەسـۆیتری هەبوو؟

کاک جەلیل مامایی؛

کۆمەڵێک خەڵکی تـورکی ئازەری لە خەباتی بەرئەنگاری هەمبەر هێرش و پەلامارەکانی کۆماری ئێسلامی بـۆ سـەر کوردسـتان بەشداری خۆ بەخش و دڵسۆزانەیـان هـەبوو هـەزار حـەیف کـە بەشێک لـەم ئازیزانـە وەک هـەزاران پێشـمەرگەی کوردسـتان و گیان بەخشی ڕێگای ئازادی و مرۆڤایەتی چوونە ڕیزی شەهیدان.

کاک جەلیل مامایی یەک لەو کەسانە بوو. ئینسانێکی تـا بڵێی قـالب سووک، ئامـادە بـە خزمـەت، ڕوو خـۆش و گـورج و گـۆڵ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێردراوو جێگای متمانە بوو.

بە هۆی ئەو تـایبەتمەندیانە لە سـاڵانی دژوارتـر بوونی ئەرکی پێشمەرگایەتی وناچار کران بە گەڕۆکی دایـم و هـەڵ گیرانـی زۆرێک لە بنکە سەقمگرتوەکان کاک جەلیل گوازرایەوە بۆ بەشی پێڕاگەیشتن (تەدارۆکات). هـەر چەنـد ئـۆقرەی نـەدەگرت و جاروبار دیسان خۆی تێدەکردەوە.

لەم بەشە دا بە ڕادەیەک بە مشوور لە ئەرکەکانی دەجووڵایەوە کەمتر کەس بوو ناسیاری تێکەڵ بـە خۆشەویستی لـە گـەڵی پەیدا نەکات. هیوا ئەوە ڕۆژێک کورد بە تـایبەت حێزبەکەی کاک جەلیل یـادی تـایبـەت بـۆ ئـەم خۆبـەخت کـارە مرۆدوستانە لە ڕەگەزی ئازەری کە برایەتی خۆیان بە کەمویێنەترین شێوە بەرانبەر کورد سەلماند بەڕێوە بەرێ و ئەوپـەڕی قـەدر زانینـی خۆی بە کردار پیشانی کەسوکاری بەڕێزیان وەک وەفا و پەیمان نیشان بدات.

یادی ئەم ئازیزانە و هەموو قوربانیەکانی کوردستان بە حورمەتتر؛

دیسامبری ۲۰۱۱ ئاڵمان.

۱- خانی نەمر (دین و دەوڵەت). خانای قوبادی. سەید ڕەزای دەرسیمی. شێخی شەمزینان. شێخ سەعیدی پیران. شێخ محمۆد، شێخی بارزان و مەلامستەفای کوڕی. قازی محمد. قانع شاعیری نەتەوە پەرست و ئازادیخواز، مەلا ئاواره و دەیان کەلە پیاویتری ئەم بواره.

۲ - ۱۰ - ۸ - ۱۳۹۰ وتاری مەلا قادر لە ڕیو ڕەسمی پێشوازی خامنەیی بۆ پاوە.

۲ - ۳. "این چگونه نظام اسلامی است که در آن تحت حمایت قانون می توان براحتی و بطور علنی میلیاردها تومان دزدید، اما برای اقامه نماز جماعت باید مثل "دزدها" مخفیانه و به دور از چشم مامورین و سربازان گمنام امام زمان به خانه های پنهان پناه برد؟". برطبق اخبار واصله ظاهرا تعداد محدودی از اهل سنت تهران و برخی نیز در کردستان بر خلاف حکم حکومتی، دیروز یکشنبه مراسم عید قربان را مخفیانه بجای آورده بودند. اما اکثریت اهل سنت در تهران که به وحدت عمل و اتحاد سنی ها ایران اعتقاد دارند تلاش نمودند تا با هماهنگی و همسویی با بقیه اهل سنت ایران ناچارا نماز عید قربان را امروز بجای آورند که از این عمل آنها توسط مامورین جمهوری اسلامی ممانعت بعمل آمد، و بدینگونه عید بسیاری از آنها یکبار دیگر به عزا تبدیل شد. سال پیش نیز با خشونت و ارعاب از برپایی نماز عید توسط اهل سنت ساکن پایتخت ممانعت بعمل آمد. در آن زمان استاندار تهران آقای مرتضی تمدن با ادعاهای متضاد و ارائه آمارهای متناقض مدعی شد که نماز عید در ۲۱ منطقه مختلف تهران برگزار شده است. اینک ظاهرا اینگونه بنظر می رسد که اهل سنت ایران قربانی هژمونی طلبی های مذهبی جمهوری اسلامی در منطقه و تشدید تضاد و تنش بین ایران و دول سنی مذهب منطقه شده اند.

۳- عبدالستار دوشوکی مرکز مطالعات بلوچستان - لندن دوشنبه ١٦ آبان ۱۳۹۰

٤- وتاری ئەردۆغان پاش بوومە لەرزەکەی شاری وان. "کورد زەردەشتین مۆسڵمان نین".

ڕێکەوتی: ۱۸ی دێسەمبەری ۲۰۱۱

یادێک لەسەربازێکی تری ونی نیشتمان (ڕەمەزان بابایی)

هەژار بەڵام لەئاست ئەرکی نەتەوەیی سەربەرز ژیا؛

کورد و کوردستانیان زیاتر لەسەت ساڵەژینگە داگیر کراوەکەیان لێ کراوەبەگۆڕستانی مرۆڤەکانی!! ئەم داستانەخەمناکە نەلەهیچ لایێکەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوەو نەئاسۆی هۆمێد بەخشی بڕانەوەی لەخوێن گەوزاندنی ڕۆڵەکانی توانیویەتی دڵی زامداری دایکانی هیچکات ئارام نەگرتووی مزگانی بدات. کارەساتەکەبەڕادەیەک ئەفسوناویەکەدەرو جێران، خزمو کەس تا رادەی براو جاری واهەبوە باب خۆی لەبەسەرهاتی جگەر گۆشەکان بەساحەب نەکردوە!!؟

چیرۆکی ڕاستەقینەی مەرگەساتی تاڵی بوون ونەبوونی کورد، لێ کەوتنەوەی ژمارەی بێ ئەژمار سەربازی ون لەپانتایی دۆڵ و چیا، شاخ و شار و شەقام و کۆڵانەکان لەم نیشتمانە سەلا دەدا!

ڕەمەزان بابایی: یەک لەو بێ ئەژمار پێشمەرگەخاوەن بەڵێنانەی نیشتمانەکەی دەژمێردرێ لەبەر ئەوەنەیوبست سەری بەرزی بنەماڵەکەی بۆ نەیار نەوی ببینێ لەگۆمی بێ بنی ئەم بەسەرهاتەدا نۆقم بوە.

ئەزموون دەری خستوەلەدرێژەی حەولی نەهێشتن و ناچار کردنی کورد و کوردستان بۆ چۆکدادان بەرانبەر دەسلاتی بێگانەو نەیارئەگەر کەسانێک لەڕیزی خەباتکارانی گەل (بۆ وێنە لەماوەی دەسەلاتدارەتی وێلایەتی فەقێ)، بەهەر هۆکارێک ژیان لە ژێر دەسەلاتی نگریسی کۆماری ئیسلامیان هەڵ بژاردوە ڕێژەیەکی هەرەبەرچاویان قورس و قایم بەرانبەر زۆربەی گوشارەکان نەبەزانەوەستان تا بەم چەشنەلەپەیمانی خەباتکارانەی خۆیان دژ بەستەمکاران بەرەوانی بکەن.

لەنێو ئەو کۆمەڵەمرۆڤەدا کەسایەتی ئەوتۆ هەبوون وانەی بەهێزیان بۆ نەوەی دواتر تۆمار کرد. ئەم جوانمێرانەڕێگایان بۆ ئێمەخۆش کرد تا بتوانین پێداگری بکەین ئەم ڕێبازەلەنێو گەڵی کورد دا دەچێ تا بەڕیشەئاژۆتن گەشەو سەر هەڵدانی ڕێخۆشکەر بەرەو پێکانی ئامانجەکانمان بەخۆوەببینێ.

کاک ڕەمەزان: پێشمەرگەی ئازای هێزەکانی شاهۆ(هۆرامان) و زرێبار(مەریوان) سەر بەحێزبی دێمۆکراتی کوردستان، ساڵی

١٣٦٤ بەهۆی ناسازی لەئاکامی وەزعی جەستەیی خۆی لەلایێک و گرفتی مالّی بنەماڵەکەی لەلایێکیتر لەکاتێک دا کەدووبرای تری لەڕیزی پێشمەرگەو یەکی تریان بەناوی "دژی شۆڕش" حوکمی زیندانی کۆماری ئیسلامی بەسەردا سەپێندرا، ناچار ڕووی لەژیانی تالّ و کولّەمەرگی بندەسەلاّتی کورد کوژانی تاران کرد.

نێوبراو لەیەکەم ڕۆژەکانی هەلّبژاردنی ئەم ژیانەنەخوازراوە زۆر زوو هەستی بەئاوقەد بوونێکی دژوار لەنێوان دوو بەرداشی تاقەت پڕووکێن کرد. یەکەمیان گوشارەپەیتاپەیتاکانی ڕژیم بەشێوازی جۆراجۆر بۆ بەچۆکداهێنان نەتەنێ بەچۆکداهێنان و شکاندنی وەی تاکی ژێردەست بەلّکوو شکاندنی کەرامەت و ڕۆحی بەرئەنگاری نیشتمانی و ئازادیخوازانەی سەرجەم بنەماڵەکەی بۆ تەسلیم کردنیان بەرانبەر ویست و داخوازیە ناڕەواکانی دەسەلاّتی ملهۆڕ.

جموجۆڵ بەپێچەوانەی ڕابردووی پڕ لەسەرفرازی باب، برا، و هاوسەنگەران چ ئەوانەلەسەنگەری شار و ئەوانیتر لەسەنگەری شاخ کەشاخ شکێنی هێرشکارەدڕندەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بوون ویست و حەولو دەولی ئۆقرەهەلّنەگرتووی دەسەلاتداران بوو.

ڕەمەزان بەئیرادەیەکی شیاو شەپ و تێهەلّدانی پاسدارو جاشی خۆمالّی بەگیان کڕی بۆ ئەوەپارێزگاری سەربەرزی برا، باوک و سەرجەم کەسو کار و خەلّکی مافخوازی ولاّتەکەی بێ.

زەختی دووهەم بەرداش، بژیوی و دابین کردنی لانی کەمی کەرەسەی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی بوو. لەکەش و هەوای ئالّۆزتری کۆتایی سالەکانی ١٣٦٠ بۆ دواوەبەتایبەت لەشاری پاوەلەهەڕەتێکدا دەسەلاتی ئیسلامی دەستی هەر خوێڕی وهەلپەرستێکی بۆ ئازاردانی کەسوکاری پێشمەرگەو لەتەنگانەهاویشتن و ئەزیەت و ئازاری بنەماڵەی خەباتکاران ئاوالّەکردبوو، لەوەها حالّەتێدا فەرماندەرێکی ناسراو بەئازایەتی بەرانبەر هێرشکارانی دوژمن بۆ سەر کوردستان کەهەنووکەبەزەبوونی و بێ دەسەلاّت لەبەر دستی نەیاردایەدەبێ چەندەئێرادەی خاوەندارەتی کردن لەخۆی بنوێنێ تا بتوانێ لانیکەمی بژێوی و پێداویستیەکان لەنێو ئەم زەلکاوە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستانیان سازیکردوە هەلّێنجێ.

خەمی نان، خەمی پاراستنی کەرامەتی خۆی و بنەماڵەکەی خەمی گالّتەو گەپ و بێ حورمەتی و تێهەلّدانی فلانەجاشی ناسراو... لەنێو ئاپووری خەلّک و چایخانەی شار تەنیا بەتاوانی کورد بوون.

جیا لەڕەمەزان بەسەر هاتی کاک ئەحمەد بابایی ناسراو بەئەحمەد ژانی باوکی ڕەمەزان، مەمەد بابایی وغولاّم بابایی

خەباتکار لەنێو ڕیزی پێشمەرگەو عەلی مەردان حوکم دراو بەزیندان، وەک مشتەری نەگۆڕی سپای پاسداران و ئێتلاعاتی پاوەبۆ لێدان و کوتان سەردەمێک نەقڵی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکەبوو.

خۆڕاگری ئەم کەڵە پیاوەهیچکات سەر نەوی نەکردوەلەوانەیە ئەگەر ڕۆژێک ئاوڕدانەوەلەئۆستورەکانی کۆڵنەدان لەوڵاتی ئێمەبکەوێتەسەر ڕێچکەی ڕاستەقینەو ئەمەکناسانەی خۆی "ئەحمەد ژانی" و زۆریتر دەبێ لەڕیزی ئەو کەسایەتیانەبن پەیکەری سەربەرزی و خۆڕاگری بەرانبەر نەیارانیان بۆ ساز بکرێ.

نەک هەر لەپاوەلەکوردستان بەگشتی کەم ئەژمار نەبوون ئەو بنەمالەگەلەبڕیاری لێبراوانەو شێلگیرانەی خۆیان بۆ وەستان بەرانبەر جەور و ستەم بەنرخی گران بەلام بەگیان و دڵ لەپێناو کۆتایی بەخشین بەچارەڕەشی زاڵ کراو یان ئازایانەکرد بەڕێباز، ڕێبازێک کەمانگەری مامۆستای داکۆکیکار لەتاریکخانەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتەوە.
زۆری ئەو ڕێپیشاندەرانەبوون بەدەستەچیلەی گەشاوەراگرتنی ئاوری تین و گوڕ و ڕووناکی بەخشی ڕێگای کۆڵنەدەران هەمبەر جەور و بێداد، وەک ئەوە لەسالانی پێش ڕێژەیێکی بەر چاو سەلماندیان، شیمانەدەکرێ گەلی ئێمەنرخی فێداکاری تێکۆشانی ئەو خۆشەویستانەبەرزتر ڕاگری.

حاشا هەڵگر نیەهیچ نەتەوەیەک بەبێ نواندنی فێداکارانەی ئەوتۆ بەئەنجامی دڵخواز نەگەیشتوە، هاوشان ئەو گەلانەزووتر بەترۆپکی ڕزگاری لەبندەستی گەیشتوون خاوەندارەتی ڕێبازی کۆڵنەدەرانەی هاوەچەشنی کاک ئەحمەد ژانی واتەدژوار بەڵام سەربڵند ژیان یان کردوەتەڕێبازی خۆیان.

بۆ پێداگری و سەلماندنی بێ ئەملاو ئەولای ئەم خسڵەتەپڕ لەسەرفرازیە ڕەنگەهەر ئەوەندەبەس بێت ئاماژەبکرێ، کاتی سەرە خۆشی کاک ڕەمەزان بابایی ئیمام جۆمعەی شار پێشنیاری یارمەتی مادی بەبنەماڵەکەیان دەکات، بەڵام کاک ئەحمەد ژانی تەمەن ٩٥ ساڵ لەوەڵامدا دەڵی "مەگەر من مردووم بنەماڵەکەم پێویستیان بەیارمەتی ئێوە بێ".

حورمەت و کڕنۆش بەرانبەر پارێزەرانی سەرفرازی کورد و کوردستان...

(ڕەمەزان بابایی)! ١ - ٧ - ١٣٣٤ - ٢٠ - ٣ - ١٣٩١هێجری شەمسی

ڕێکەوتی: ١ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

فارسەکان فێدرالّی بە بۆمبی ئەتۆم دەشۆبهێنن و حیزبەکانی ڕۆژهەلات لە بەرنامەی خۆیان پاشەکشەی زەبوونانە دەکەن

ئالّمان کۆبوونەوەی ۷ و ۸ی ژانویەی ۲۰۱۲ کۆلّن.

لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ناسراو بە "اجلاس همبستگی برای دموکراسی و حقوق بشر" ۷ و ۸ی مانگی یەک - ژانویەی ۲۰۱۲ ئالمان، کۆلّن.

ڕوون کردنەوەی سەرەتا:

پێشەکی دەبێ پێداگری بکەم ئەوە لێرەدا باس دەکری ڕاستیەکی تاڵ ئاشکرا دەکاکە پچڕان یا گرنگی نەدان بە هەڵوێست، پرنسیب و ڕاگەیێندراوەکانی سالّانی دوور و درێژ بۆ داکۆکی لە مافی کوردستانیان و بە دیهێنانی ئامانجی خەڵکی کورد و قوربانیەکانی ئەم بواره دەسەلمێنێ.

لە وەتی کۆماری ئیسلامی پەلاماری کوردستانی دەست پێکردوە، دەیان هەزار شەهید، هەزاران منداڵی هەتیو کەوتوو، باب و دایکانی داخ لە سەر دڵ چەقیو و خەیر نەدیتوو، گوێ نە دران بە باری ئابووری و بووژانەوەی کوردستان هاوشانی بەشێکی بەر چاو لە ناوچە کانی سەربە دەسەلّات، زیندان و دەربەدەری هەزاران کەسی وەک من (نووسەری ئەم موسیبەت نامەیە) هەر نەبێ بەشێکی ئاکامی بەڵێنی و بەرنامە ڕاگەیێندراوەکان و بەر ئەنگاری خەباتگێڕانەی ئەم حیزبانە بوە.

کە چی وەک چەند ڕۆژ پێش من شاهیدی بووم ڕکەبەرایەتی لە گەڵ هاوسەنگەری دوێنێ بە قازانجی دوژمنی هاوبەش، لە ژێرپێ نانی بەها و نرخە حیزبیەکان، ئەو تایبەتمەندیانە کە هەزاران لاو خۆیان بۆ قوربانی کرد دەبێ لای ئێمە هەر ئەوەندە نرخی هەبێ کە بۆ ڕازی کردنی تاقمێکی نەیاری دەستو پەنجە سوور بە خوێنی کوردان لە نەسڵی فرمانرەوا و ڕێگە خۆش کردن بۆ هاوجووتی لە گەڵیان بە نیوی حیزبی ئۆپۆزسیۆنی کورد بە ئەرکی هەنووکە و شانازی سەرکەوتن حساب و داکۆکی لێ بکرێ.

پاش نزیک بە ساڵێک حێزب و لاینە کوردیەکان وێرای کۆنگرەی ناسراو بە" نەتەوەکانی فێدرالی خواز "لە گەڵ ئۆپۆزسیۆنی جەپ، سەوزی لائیک، جەبهەی میللی و بەشیکیتر لە تاک و کۆی ئێرانی مەشروتەخواز تا د... بۆ خۆش کردنی هەلو مەرجێک کە دەرکەی کۆ کردنەوەی خوازیارانی وەلانانی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری دەسەڵاتیکی دیمۆکرات لە ئێران بخاتە سەرپشت گەلالەیەک ئامادە دەکەن. ئەم گەڵالەیە لە کۆبوونەوەی ۷ و هەشتی ئەم مانگە (ژانویە) خرایە بەر دەستی بەشدارانی ئامادە بە پێ ڕێکەوتنی سەرەتایی نێوان حێزبەکان. دیارە چەند تاکێک وێرای حێزبو ئەندامانی گرووپەکانیان بۆ ئەم کۆبوونەوە بانگ هێشت کرابوون کە ئەز یەکیان بووم.

لە سەر یەک خوارەوەی سەت کەس لە هەموو نەتەوەکانی ئێران بە فارسەکانەوە، زیاترین ژمارە بۆ کوردەکان لەوێ حازربوون.

دوابە دوای خۆ هەڵبژاردنی پێنج کەس ۲ فارس یەک کورد یەک تورک و یەک بلووچ بۆ ئیدارەی کۆبوونەوەکان ولە دەسپێکی فەرمی دانیشتنەکە،بەڕێز یەزدان پەنا لە حێزبی پاک بە تۆندی ڕەخنەی بەرانبەر هەڵواسرانی ئاڵای سێ ڕەنگی ئێران بە نووسراوێکی نێوەڕاست (هەبستگی برای دەکراسی و حقوق بشر در ایران)، دربڕی. نێو براو رای گەیاند قەراری پێشوی لە گەڵ نیە و دەبێ لای بەرن.

پاش هاودەنگی بەشێک لە بەشداران و پێداگری بەشێکی زیاتر بۆ مانەوەی ئاڵا بەڕێز کاوە آهنگری نوێنەری (حدک) وەک یەکێک لە بەڕێوە بەرانی دانیشتنەکە هەمبەر ناڕازیانی بوونی ئاڵا بە وتنی ئەوە "ئەم ئاڵا ڕەنگی منی تێدایە" بە واتای داکۆکی هەڵواسران و مانەوەی ئاڵا، ئەندامی بەڕێوەبەر (فارس) ڕایان گەیاند ئەوە دەبێ بمێنی هەر کەس پێ خۆش نیە با بە جێ بهێڵی.

پاش ئەم وتەیە هەموو ئەندامانی حێزب و لایەنەکان وێرای بەرپرسی حێزبی پاک کە سەرەتا زۆر توند دەی گوڕاند بە بێدەنگە کردن ملیان بە فەرمانی کۆتایی و یەک لا کەرەوەی نەتەوەی فەرمانڕەوا و بکوژی کورد دا. (تا ئێرە یەکی بە قەوەت بە قازانجی فارسەکان و سفری کز بۆ بە ئەژمار زۆربەی کورد و باقی نەتەوەکان سەلمێندرا.)

بەشدارانی تەواویەت خواز وەک پاشتر درکاندیان بە زووبی تێگەیشتن کوردەکان بە تەواوەتی پرش و بڵاو و دوور لە یەکدەنگی سەرەتایی بەشداربیان هەیە. ئەوەبوو ئەوان (فارسەکان) بە ئەژماری کەمیانەوە زاڵبوونی خۆیان نیشندا.

پاش پەسەند کردنی ڕێوشوێن و گەڵاڵەی بەڕێوە بەری جوینەکان نۆرە بە پەسەند کردنی "سند ساختار تشکیلاتی" درا. ئەوە بەشی هەرەگرینگ و بنەڕەتی گرێدراو بە ئامانجی سیاسی و جۆری تێ ڕوانین و باوەڕی لاینەکان بۆ پێکەوە ژیانی سیاسی یان تەبایی و پردی ڕۆخاندنی کۆماری ئیسلامی و کۆشش بۆ هێنانە سەرکاری دەسەلاتێکی لاییک لە ئێران بوو.

نێوەرۆکی گەلالەی پێشنیاری زۆر ناتەواو و لە راستیدا زیاتر بیروڕای نەتەوەی فەرمانڕەوا بە تۆزێک نەرمی تێدا بە دی دەکرا.

باسێکی دوور و درێژی بە خۆیەوە تەرخان کرد لە بەر ئەوە فارسە کان ملیان بە کەمترین ئاڵۆ گۆڕ لە سیاسەتی تا ئێستایان نیشان نەدەدا. بە حەق زۆرکەس بە باشی دێفاعیان لە هێنانە گۆڕی راستیەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی و مافی میلەتانی ئێران و پێویستی بە فەرمی ناسرانی ئامانجەکانیان کرد بەلام هەروەک ئەوەبوو کە بەرد لە بەردبدرێ کەمانەی دەکردەوە. ئەوە کورد پێداگری لە سەر دەکرد بە چەند قات تووندتر بەرپەرچ دەدرایەوە.

لاینی بەرانبەر نەک هەر کۆڵی نەدا بگرە داخوازی کورد و نەتەوەکانیتری وەک فێدرالیزم بۆ ئێران و بە میلەت ناسرانی هەموو نەتەوەکان بە فارسەوە وەک میلەت بە بۆمبی ئەتوم شۆبهاند. بهرام شاحسینی لەم پێوەندیەدا وتی "فدراتیو و ملیت ها بومب اتم است."!! سەرهەنگ محمودی لە جبهەی ملی زۆر تووندتر بە لاتاوەوە پەلاماری ویستی کوردی دا.

لە چوارچێوەی ماف و ئازادیەکان بۆ ئێرانی داهاتوو و شێوازی دابەزاندنی وەک پێشنیار لە لایەن بەشدارانەوە هەر نەبێ بۆ نووسەر ئەو هەڵێنجانە پڕ لە ئێش و ئازارە بە هەڵوێستی فارسەکان چەند پاتە کرایەوە، بۆچوونی فارسەکان وێرای هەندێ لە کوردەکانیش بە ڕادەیەک دوور لە وەڵامی ئارەزووی سەت ساڵەی کورد و نەتەوەکانیتر بوو ئەگەر نەڵێم تەبایی سیاسی یان لە گەڵمان بە مەرجی تەسلیم نەبوون نامۆمکینە. بەدەست هێنانی ڕەزامەندی بەرانبەر بە پەژراندنی ویستی کورد ئەگەر وەک کۆبوونەوەکەی کۆلن پێش بچێ لانی کەم لە ماوەی تەمەنی من سەرگرتنی خۆ ڕازی کردن زیاتر نیە.

پێشنیاری کوردەکان چەسپاندنی فێدرالیزم لە پێناوی دەستەبەر کردنی مافی نەتەوەکانی ئێران؛ فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمەن و قەوم و گرووپەکانیتربوو. کاتێک فارسەکان کەوتنە ژێر گوشاری کورد و لاینەکانی تر دیسان مەسەلەی جیاوازی خوازی و تەفرو تووڕنا کردنی ئێرانیان هێنایە مەیدان. کورد و لاینەکانیتر بە جیاوازیخواز لە قەڵەم دران سوێندن و چەند بارەکردنەوەی وەفاداری و سوێندو تەڵاقی باوەڕ بە تەواویەتی ئەرزی و وەفا داری بە ئێرانی عەزیز و پەرۆشی هەموان بۆ تێک نە چوونی ئێران کەڵکی نەبوو.

دوای ئەوە گەلاڵەی پێشنیارە پێوەندیدارەکان بە کۆمیسیۆنێک لە نوێنەرانی هەموان بۆ نووسینەوە و ڕێکو پێک کردن سپێردرا، شەش پێشنیاریان لێساق کردەوە کە دووبان دەنگی زۆرینەی کۆمیسیۆنی گەلاڵە کردنی کۆمسیۆنەکەی بۆ کۆبوونەوە لە گەڵ بوو.

پێشنیاری ژمارە یەک بە نێوەرۆکی؛ " تلاش برای جایگزینی حاکمیت جمهوری اسلامی ایران با حاکمیتی سکولار و فدرال با حفظ یکپارچگی ایران به منظور تامین حقوق سیاسی، اقتصادی، فرهنگی و اجتماعی ملیتها(فارس، ترک، کرد، بلوچ، ترکمن،عرب،لرو...) و اقوام و گروههای تشکیل دهنده جامعه ایران بر مبنای اعلامیه و میثاقهای جهانی حقوق بشر".

ئەوە لە لاین بەشداربووی ئەندامی حدکاو دواتر بە پێشنیاری ژمارە دوو نێوبرا، لە کۆی پێشنارەکان ساغ کرا بوەوە تووشی بەئەنگاری و دژایەتی تونددتری فارسەکان لە شورای تەنزیمی پێشنیارەکان هاتبوو. نوێنەری حدک کاک کاوە بۆ رازی کردنی لاینی بەرانبەر و دەوامی کۆبوونەوە و درێژەپێدانی لە داهاتوودا بۆ خۆی پێشنیارێکیتر بە شێوەی خوارەوە زیاد دەکا. لەم پێشنیارەدا ئەو جیاوازیە هاتوەتە نێو کە فدرالیزمی داوا کراو بە زیاد کردنی وشەی "از جمله" لە پێشەوەیدا تووشی بە وتەی فارس؛ " گوزینە" گەلی تر دەکا کە دیار نین بەڵام مرۆ بۆی هەیە ئەوان لە جێگای فێدرالی دابنێت. واتە بە هێنانی وشەی "از جمله" دەستی نەیارو ناڕازیان بە فێدترالیزم وەها ئاوەڵە دەکا کە شتیتری لە بەرانبەر دا قوت کەنەوە. دەتوانی فێدرالی بێ و دەتوانێ سەرگەردانیە نێودێر کراوەکەی دۆکتۆری شەهید قاسملو دابنردرێ. لە بەر ئەوە هەر چەند فارسەکان بە هەردوو پێشنیار ناقایل بوون ئەمەیان تا کۆبوونەوەی داهاتوو بۆ پاشکۆ ڕاگرتنی کورد و تەبلیغاتی کۆکردنەوەی لەشکری فارس لە دەورەی خۆیان بە پێداگری ئەوە کۆبوونەوەی داهاتوو دەتوانێ هەڵی وەشێنێتەوە کەموو کورتێک ڕەزایەتیان لێ دەر دەکەوت..

ئەوە پێشنیارەکەی کاک کاوە آهنگری کە دەسکاری کراوی پێشنیاری پێشوویە:

"تلاش برای جایگزینی حاکمیت جمهوری اسلامی با حاکمیتی سکولار از جمله فدرال با حفظ یکپارچگی ایران بمنظور تامین حقوق سیاسی، اقتصادی. فرهنگی و اجتماعی ملیتها(فارس، ترک، کرد، بلوچ، ترکمن، عرب، لر و...) و اقوام و گروههای تشکیل دهنده جامعه ایران بر مبنای اعلامیه و میثاقهای جهانی حقوق بشر".

پێش وەرگرتنی دەنگی گشتی کە فارسە کان لە هەر حاڵدا بۆ دەنگ وەرگرتن لە سەر شتێکی وەها دژبەر وەستابوون پێشنیارەکەی کاوە کرا بە پێشنیاری یەکەم بۆ دەگ وەرگرتن .هەر چەند فارسەکان و بەشێک لە ئەندامانی حدک کاوە و

خانمی شەرەفکەندی دەنگیان پێدا بەڵام لە بەر زۆری کوردەکانی دژبەر دەنگی نەهێنا.

دەبێ لێرەدا بۆ ئەو کەسانە پێیان وایە تەبایییەکی تەواو لە نێو کوردەکاندا هەبوو جارێ ئەوە بڵێم کە سێ کەس لە پێج کەسی حدک پێکەوە هاودەنگ نەبوون و دەنگی دژیان بە پێشنیاری بەرپرسەکەی خۆیاندا. هەر چەند نووسەری ئەم بابەتە لە بەرانبەر تەشەری فارسەکان کە دوایی ئاماژەی پێدەدەم ئەوەی بە تۆلەرانسی حێزبی و سەربە خۆیی تاکی سیاسی کورد وەک نموونە وەسفکرد.

پێشنیاری دووهەم واتە پێشنیاری دەرهێنراوو تەنزیم کراو لە نێو سەرجەم پێشنیارەکان لە لایەن نوێنەری حدکا بە نا قایلی و تێکەڵ بە سرت و خورت خرایە بەر ڕای ئامادە بوان کە دەنگی زۆرینەی هێنا . نوێنەرانی حدک بەڕێزان کاک کاوە وگۆڵالە خانم شەرەفکەندی و چەند خانمێکیتری کورد وێرای سەرجەم فارسەکان بە ئەگەری دوو یا سێ کەس نەبێ دەنگیان پێ نەدا.

سێ کەسی تری حدک بەشدار بوو لە شاری کۆلن بە ئارەزووی خۆیان بە ئەم پێشنیارە(فێدرالی بە بێ پێشبەند) دەنگیان دا.

پاش کۆتایی دەنگ وەر گرتن و پەسەند کرانی فێدرالیزم لە لایەن زۆرینەی بەشداری غەیری فارس ئەو بەشە لە نەسڵی فەرمانرەوا کە لە دەستەی بەڕێوە بەری کۆبوونەوەدا بوون ڕایان گەیاند چیتر ئامادەی ئێدارەی جەلەسە نابن و ئەوە دواجاری بەشدار بوونیان لەم کۆڕەدا دەبێ، بەڵام هاوکات بە زمانی تانە وتەشەر هیوایان خواست لانی کەم کوردەکان بۆ پێش چوونی مەبەستەکانیان لە نێو خۆیاندا تەبایی بپارێزن. وێرای تکاو ڕجای بەشداران بۆ مانەوە مانّ ئاواییان خواست و تریبوونەکەیان بە جێ هێشت. لێرەدا دیسان ئەوە شایانی ئاماژەی تر‌ە نوێنەرانی کۆمەڵەی بەڕێز ئیلخانی زادە لە هەر فرسەتێکدا بە تۆندی هێرشیان دەکردە سەر حێزبە کوردیەکان (بە بێ ناو هێنان) کە دۆڕاو. لە خەڵک پچراو و.. ن. بۆیی جەنابی عبقری ناحەقی نەبوو بڵێ با کوردەکان لە نێو خۆیان تەبابن.

بەشی: ۲

دوای دابەزینی ئاغا و خانمی عبقری لە پشت مێزی ئێدارەی کۆبوونەوەکان و دەربڕینی ناڕەزایەتی بە پەسەندی بڕیاری گۆنجانی فدرالی و ئەوە کە چیتر لەوە بەدوا لە کۆڕی ئەوتۆ دا بەشدار نابن. حەولی زۆر لە لاین بەشدارانەوە درا بە

مانەوەیان و درێژەی ماوەی بابەتەکان بدەن بەڵام نە تەنیا ڕازی نەبوون بمێننەوە، کوردەکانیشیان سەرکۆنە کرد و بە زمانی تانەو توانج جەنابی عەبقری ڕای گەیاند "هیوادارم هەر نەبێ کوردەکان لەوە بە دوا بۆ پێش چوونی مەبەستەکانیان یەکیەتی خۆیان بپارێزن".

ئەو بەڕێزانە کە لێرەو لەوێ بانگەشەی ناڕاستیان کردوە کە لەم کۆبوونەوەدا کورد یەکیەتی خۆی پاراستوە با بفەرموون ئەی بۆ کەسێکیان جیا لە نووسەری ئەم بابەتە لەو بارەوە وەڵامی ئەو بەڕێزەیان نەدایەوە؟

مەسەلەی تەبایی سەرتۆپ و ڕێخۆشکەری گەیشتنی کورد بە بە زۆرترین دەسکەوت لە گەڵ بەرانبەرەکەی و پاراستنی هەر دەسکەوتێکە و ناکرێ بە هاسانی ڕێگا بدرێ کەس ڕێگا بەخۆی بدا بە چەواشەکاری و لە هەڕەتی خراپ ترین باری خۆیدا لە خەڵک بشاردرێتەوە. هەموان دەزانن ئەوە نەخۆشی نێوان یەک یەکی هێزەسیاسیەکانی ئێمەیە هەمویان بە بێ ئەملاو ئەولا زۆر یان کەم تێدا تاوانبارن، بۆیی لە قاودانی ئەرک دەژمێردرێ. ئەگەر هێزە کوردیەکان تەرحی ئەم بابەتە نە ناڕەوا دەزانن با هیمەت بکەن و لە جیاتی تاوانبار کردنی هەڤدو هەنگاوی بە کردار بۆ نەهێشتنی هەڵ گرن نەک ئەوە حەولی خۆ بەری کردن لە تاوانەکە بدەن. هیچ کێشەیەک یەک لاینی نیە.

بە کورتی یا دەبێ ئاغای عبقری درۆی کردبێ و من وەڵامم نەدابێتەوە یا وەک ئەوە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکە خەریکی شاردنەوەی بوون لە ژووری کۆبوونەوەکەش گرنگی ئەوتۆیان نەدابێتێ، دەنا چۆن لە بەرانبەر هەڵبستڕانی درۆیێکی وەها لە لایەن بەڕیوەبەری کۆبوونەوەیەک کە بۆ یەکیەتی بەرینتر پێک هاتوە بۆختانێکی ئەوتۆ بدرێتە پاڵ میلەت یا خەباتکارانی خاوەن ئەزموونی دەیان ساڵەی کورد بۆ ئازادی.

ئەگەر قەرار ئەوە بێ هەر لە ئێستاوە هەڵەو کەمتەر خەمیەکانمان کە زۆربەمان ناسیاریمان لە سەریان هەیە بکرێ بە ئامرازی سەرکەوتنی زیاتری نەیار بە کام دەسکەوتی جێ متمانەوە دەتوانین لە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا ڕووسوور بین؟ ساڵی ١٣٦٧ کاتێک بە شێک لە حیزب لە ژێر نێوی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند لە گەڵ مۆجاهدین پێوەندیان دامەزراند. لە سەردانێکی ئەم ڕێکخراوە لە قەڵایێکی کەرکووک کە ئەزیش بەشدار بووم لە گەڵ بەڕێزان (ابرشمچی، جابر زادە) و دوو کەسیترلە دەستەی ڕێبەرییان دانیشتین. بە داخەوە دۆستانی خۆشەویستی من دەستیان کرد بە هێنانە گۆڕی بابەتگەلێک دژ بە دۆکتۆر قاسملو و دۆکتۆر شەرفکەندی کە لە دڵی من لانی کەم لەلای ئەوان(مجاهد) وەک نەیاری کورد و دۆکتۆر قاسملو زۆر گران هات. مجاهدەکان ئەمەیان بە هەل زانی و هەڵیان کوتا سەر حیزب و دوکتۆری شەهید بە تایبەت ئەبریشەم چی وتی" می بریمشان روی آنتن". لە درێژەدا دەستیان کرد بە پەسنی خۆیان کە تەرحی

خۆدەڤختاری (بە ئێشارەی بەرینایی نێو هەردووبالیان) وەها بەرینیان بۆکوردستان پێیە بەڵام حێزبی دێمۆکرات ناقایلە. لە بیرمە من قسەکانم بە کاک ئەبریشەمچی بڕی و ڕام گەیاند ئێمە بۆ وەرگرتنی تەرحی بەرینتان نەهاتوینە لاتان. کاک مەسعود (رجوی) رای گەیاندوە نانێکمان هەبێ لە گەڵ پێشمەرگەی کوردستان بەشی دەکەین. لەم هەلو مەرجەدا ئێمە پیویستیمان بە پشتگری ئێوە بە پێ وتەکانتان هەیە.

لە کاتی پشوودان بە دۆستانم پێشنیار کرد ئەم جۆرە دوانە بەرانبەر هاو ڕەگەز و هاو خەباتی خۆمان لای کەسانی بێگانە نەک هەر هێنانە خواری کەسایەتی خۆمانە بگرە ئەوانیش ڕەنگە وابیر بکەنەوە ئێستا کە ئێمە بەرانبەر هاوڕێیانی خۆمان وەها هەڵوێست دەگرین سبەینێ بەرانبەر ئەوان چ گارانتیەک هەیە خراپتر نەبین . نیشان بە ئەو نیشانە ئەوە دواین بەشداری من لە تیمی دیدار لە گەڵ مجاهدەکان بوو و چیتر بۆ دیداری ئەوتۆ بانگهێشت نەکرام.

لە حالێ حازردا هیشتا بە خۆشیەوە لاینی بە ناو ئۆپۆزسیۆنی فارسی کۆماری ئیسلامی دەستی بە گەنجی قاروونی تاران نەگەیشتوە ئێمە بێحورمەتیەکانی ئەوان لە کۆبوونەوەی کۆلن بە خەباتی سەردمی کۆمار کە فەخری حێزبەکان و زۆربەی کورد نە بیستراو حساب دەکەین و بەرانبەر یەکتر و مەسلەحەتی نەتەوەکەمان بە دژی یەک رادەوەستین و وەک نووێنەری لاینێک لە دەسپێکی هەر وتارێکدا جارێ چاوی حێزبە کوردستانیەکان لە پێش ڕووی فارسەکان دەکۆڵین!!!

ئەگەر هاتوو لە دواڕۆژێکی وەهادا وەک چەند ساڵ پێشی باشووری وڵات پارەیەکی زۆر ڕژایە نیو بازاری سیاسەت . دەبێ تەکلیفی ماف و بەسەرهاتی کورد بە کام ئاقار دا بچێ؟

دۆستانی خۆشەویستی خەباتکار و خاوەن ئەزموون ئەجرەبەی باشور بۆ کورد زۆر گران بە دەست هاتوە ڕجایە با کەڵکی لێ وەر گرین. من بە داخ یا بە خۆشیەوە لە حاڵی حازردا نە ئەندامی چ حێزبێکم و نە پێم وایە حێزبێکی تایبەت لەو کۆبوونەوەدا بێ خەتا بوە ئەگەر ناوی کەسێکی تایبەت یان حێزبێک هاتوە پێوەندی بە وتەی زەق و ئاشکرا و لە شاردنەوە نە هاتوەکان بوە کە وەک هاوسەنگەر، هاوبیرو هاو هەڵوێستی پێشووم و دۆستی ئێستا وگرینگتر هاو زمان و هاو نەتەوە و هاو بەسەرهات بۆ ڕێگە نەدان بە درێژەی دانی ئەوە کە پێم خەتایە هاوارم لێ بەرز بوەتەوە، هاوارێک بەرانبەر چەواشەکاری ئاشکرا.

لە گەڵ ئەوە بەڕێزان خانم و ئاغای عبقری تریبوونی ئیدارەی کۆبونەوەکەیان بەجێ هێشت پاشماوەی بەڕێوەبەرانی کۆبوونەوەکان ،، تورک، کورد، بەلووچ بۆ ١٠ دەقیقە پشووی نائاساییان ڕاگەیاند تا لەوپێوەندیەدا(ئۆلتیماتۆمی

فارسەکان) لاینەکان راوێژی خۆیان بکەن.

لە کەلێن و قۆژبنان دا هەر تەیف و لاینێک دەستیان بە وتووێژو راگۆڕینەوە کرد. کۆبوونەوە بە ڕاگەیاندنی ئەوە دەستی پێ کردەوە کە مەسەلەی ناڕەزایەتی بە چاو پۆشی لە پەسەندی بڕیار نامەی کۆتایی کۆبوونەوە بۆ ئاگاداری ڕای گشتی کۆتایی هاتوە. و ئەوە کە لە سەر فێدرالی و ملت و... باس کراوە وەک مەسەلەو بڕیارێکی نێوخۆیی دەمێنێتەوە.

شیاوە بوتری بەشێک لە گەلالەی پێشنیاری "هەبستگی" بۆ کۆبوونەوەی کۆڵن باس کردن لە سەر گەلالەی "قطعنامه پیشنهادی به اجلاس" بوو بۆ پەسەند کران و ڕاگەیاندنی ئاکامەکەی بە بیروڕای گشتیکە لەودا ڕێککەوتن لە سەر، پشتگری یەکدنگی بزاڤە نیشتمانیەکان بە ئەو تایبەتمەندیانەوە کە لەوێ دەسنیشان کرابوون وەک: جۆری حکومەتی داهاتوو، پێداگری بۆ گۆڕینی کۆماری ئیسلامی ئێران، جیایی دین لە دەوڵەت، مافی ملیەتەکان، مافی ژنان تێڕوانین لە سەر هێندی بابەتیتر هاتبوو.

ئەم بەشە گرینگە کە ماهیەتی کۆبوونەوەکەی لە ژێر ناوی "هەبستگی" بەڕۆژ دەکرد پشتگوێ خرا. لە ڕاستیدا ئەوە تیرێک و دوو نیشان بوو، واتە پەسەند کراوە پێشووەکەی لە ڕەسمیت پێدان خست و کرا بە پەسەند کراوێکی نێو خۆیی کە کۆبوونەوە ی داهاتوو بە پێ پێداگری باسکراو مافی هەڵوەشاندنەوەی پارێزراودەبێ...

هەروەها ڕاگەیێندراوێک بە ناوی کۆبوونەوە لە ڕۆژەڤ دا نەما لە گەڵ ئەو تێ بینیە کە شووراییک لە کۆتاییدا بۆ سامان دانی درێژەی کۆبوونەوەکانی داهاتوو بە ژمارەی ١٥ کەس هەڵدەبژێردرێ ئەرکدار دەبێ لە سەر هێندێ خاڵ جیاڵە ناوەرۆکی گەلالەی (قەتع نامەی کۆتایی) پێشوو کە بوون و پەسەندی لە بەرنامە دەرکەوت بۆ بیرو ڕای گشتی بڵاو دەکاتەوە.

سازانی ئەوتۆ ئەگەر زەبوونانە نیە ئەی بە کام دەسکەوتەوە مرۆ پێ دڵخۆش بێ مەگەر ئەوە کە برایانی فارسمان دوابە دوای ئەوپاشەکشە دیسان لە سەر کورسی بەرێوە بەری کۆبوونەوە کە گیرسانەوە (دووی بە قەوتتر بۆ ئەوان و سفری کزتر بۆ ئێمەی بە قەولێک تەبا و یەکدەست و بەخشەندە و خاوەن کۆمپرۆمیس بە وتەی خانمێک).

زۆر کەس لە ئەو خۆشە ویستە بەشدار بوە کوردانە هەم ئەندامانی حیزبە کان و هەم ئەوانە وەک کەسایەتی لەوێ بوون باش لە سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە مافی نەتەوەکان دوان بەڵام مەخابن پاشبەندی ئەو وتە بەنرخانە بۆ

داکۆکی لە باوەڕی خۆیان جێگایەکی وەهای بەفەرمی وەک ئاکام بۆ خۆی تەرخان نەکرد کە لە داهاتوودا لاینی بەرانبەر نەتوانی بە بەڵگەی کۆبوونەوەکانی حساب نەکا. سەرباری هەموو پابەند کراین بە تەواویەتی ئەرزی کە لانی کەم بۆ ئەو بەڕێزانە وەک حێزب لەوەێ بەشدارو ئێدەعای سەربەخۆیی بۆ کوردستان لە بەرنامە دا دەکەن و ئەم یەکدەنگیە بە خەڵک پێرۆزبایی دەلێن دەبوایە بەشدار بوون لەم کۆبوونەوە مایەی سەبەرزی نەبێ.

بەشی کۆتایی هەڵبژاردنی شووراییێکی ١٥ کەسی بۆ نووسینی راگەیێندراوی کۆبوونەوەی ٧ و ٨ی ژانویەی کۆڵن و پێشکەش کردنی بە رای گشتی، پێوەندی گرتن لە گەڵ چین و تویژی زیاتر بۆ ڕاکیشانی سرنجیان و بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی داهاتوو و ئاگادار کردنی ئەندامان لە هەر ئاڵو گۆڕ و بڕیارێک بە ماوەی شەش مانگ بوو.

لە کۆی گشتیدا بە پێ هەڵسوکەوتی حێزب و لاینە کوردیەکان هەم بەرانبەر یەکتر و هەم بەرانبەر هەڵوێست و رای نەگۆڕو قورس و قایمی فارس و تویژی لاینگریان کە ژەنە کوردەکانیش جیا لە تاکێک لە کۆمەڵەی بەڕێز ئێلخانیزادە نەبێ لە گەڵ فارس هاودەنگ دەر کەوتبوون شپرێو بە دوور لە بەرنامەی سیاسی حێزبەکانیان بۆ پاش ڕۆخانی کۆماری ئیسلامی مامەڵە چیانە و بێ ئەملاو ئەولا بە مەبەستی ڕازی کردنی فارسەکان لە بڕیار و هەڵسوکەوتی گشتی یان دا دەر کەوت.

لە لاییکیتر بە پێ هەڵوێستی بەڕێزانی بەشداری سەر بە حێزبێکی کوردستانی ئامادە کە پەیتا پەیتا پەلاماری بێ ناوو نیشانی حێزبە کوردیەکانی تری دەدا لەوە دەچوو بەشێک لە ئامانجی سەرەکییان بۆ بێ قیمەت کردنی ئەوانیتر تەرخان کردبێت.

لە کۆی گشتیدا ئەوە شاراوە نیە کە کورد هێشتار پاش زیاتر لە سی ودووسال هەمبەر وەستان و قوربانیدان بەرانبەر نەیارانی ئامادەیی ئەوەی نیە فێداکاری خوێناوی خۆی لە قۆناغێکی خەبات دا بە پێ هەلو مەرج بۆ قۆناغێکیتربە پشتوانەی ئەزموونی پێشوو ببەستێتەوە. واتە شێوازێک لە بەر گری خوێناوی لە پێناو ئامانجەکانیدا بکا بە پردی سەرکەوتن لە شێوازێکیتری خەبات.

هێزی سیاسی کورد بۆ سەلماندنی بێزاری خۆی لە شەڕ و نیشان دانی باوەڕ بە چارەسەری هێمنانە لە گەڵ نەیارەکەی چوە سەرمێزی وتووێژ بە شاهێدی هەموان غەڵتانی خوێن کرا!!؟

هێزی سیاسی کورد بۆ یەک خستنی ئۆپۆزسۆنی سەراسەری و بۆ سەلماندنی هاودەنگی خۆی لە مەڕ باوەڕ بە ژیانی هاوبەش

لە ئێرانی ئازاد خۆی کرد بە ئاڵا هەڵگر. مەخابن لە پەنا دەستی بە ناو نەیاری سەراسەری هاوڕەگەزی فەرمانڕەوا دیسان غەڵتانی خوێن کرا بە بێ ئەوە ئۆپۆزسۆن کەمترین زیانی گیانی پێ بگات.

هێزی سیاسی کورد پاش ئەم کارەساتە زەق و لە شاردنەوە نەهاتوانە ئەوە دیسان بە کۆرنۆش و سەر دانەواندن بۆ نەسلی فەرمانڕەوا خوازیارە بە مەیلی جاران پەت لە دەست و قۆفل لە زمانمان بدا بەرەو ماچی ڕووی سەدامەکانی هەنووکەی هاوبیرو هاورای تاران؟ ئەگەر پێشتر ئەزموونمان نەبوو و نەمان دەزانی قووڵکە و هەڵدێر لە ڕێ ڕاستەقینە جوێ کەینەوە ئەوە ئێستا دەرس وەر گرتن لە ئەزموون، زەمان و ئاڵووگۆڕ و پێشکەوتنەکان فێری کردوین لە بەرانبەر مامۆستا خەباتکارەکانی دوێنێ مان دا لە گەڵ حورمەت و داوای لێ بوردن سەری ناڕەزایەتی بەرز کەینەوەتا چیتر سەشۆڕی و هەناسە ساردی تووشی نەوەکانی ترمان نەکەین.

لە بەشی کۆتایی دا هاتوودا زۆر بە کورتی بۆ ڕێز دانان بەرانبەر ئەو خۆشەویستانە داوای ڕوون کردنەوەیان لە سەر چەند بابە تێک کردوە یا لە ڕووی کەم شارە زایی شتی ناکۆک لە گەڵ باوەڕی نووسەریان هێناوەتەگۆڕ کورتەی دوایی پێشکەش دەکرێ.

بە هیوای ئەوە هەموومان بە ئەو ڕاستیە قەناعەت بکەین ئەگەر ڕا گۆڕێنەوە نە بێ ڕنگە تووشێ هەڵەی لە قەرەبوو نەهاتووی جارانی مێژوو ببین.

لە گەڵ حورمەتی زیاتر

سدیق بابایی - ئاڵمان

ڕێکەوتی: ١ و ١٥ی جانیۆڕی ٢٠١٢

پێکهاتەی میژوویی گەڕەکەکانی شاری پاوە؛

گەڕەکە کۆنەکان؛

سەردێ، قەرەمشانی،(قەدیم شاری)، شەخەڵیان، حەمە دۆساخیان، ئاسنگەران، پشتەیان، قەڵاخوان، میرئاوا، زواڕێ...

بەشی: ١

پشتە - پشتەیان؛

گەڕەکی پشتە بە گوێرەی ئاسەواری بە جێ ماو و بە پێی بۆ چوونی زۆرکەس لە دانیشتوان پێشتر لە مەودای نێوان بناری شاخی کۆیمەکاڵ و ئاوایی خانەگا(خانەقا) [هاوینە مەسکەنی هەنووکەی خەڵکی ئەم گەڕەکە] بوونی خۆی سەلماندوە.

هەڵکەوتی ئێستای ئەم گەڕەکە (پشتە) لە مەودای نێوان (شەخەڵیان)، (ئاسنگەران) و(میراوا) نێو و نێوبانگی میژوویی خۆی پاراستوە. خەڵکی پشتە جیا لە کارو پیشەی باخداری کەسایەتی ئەهلی زانست و قەڵەم، مودیر، بەڕێوە بەری ناسراو وبگرە دەنگ بێژی بە ناوو دەنگیان تێدا هەلکوەتوە. لە سەردەمانی نە زۆر دوور پێش ئەوە پاوە ببێتە ناوەندی دەسەڵاتدارەتی بەگزادەکانی هۆرامان، لە دەورانی حۆکمی ئەردەڵانەکان بنەماڵەی (مستەوفی) ئێداری پاوەیان پێ سپێردرا بوو.

لە بوارەکانی وڵات پارێزی وێژە و وێژەوانی و خەت خۆشی تا سەردەمی ئێمە هێشتار ئەم ڕێچکە لە نێو نەسڵی پاشتری پشتە ییەکان پارێزراوە. میرزا حەمەباقر وەک کەسایەتیەکی خەت خۆش و خەت نووسی بە ناو بانگ دەژمێردرێ کە کاتی خۆی زۆرکەس بە هاوتای "کمال الملک" لە هۆنەری خەت نووسیدا ناویان بردوە. ڕەحمەتی میرزا قاسم (لالۆ قاسە) لە دەنگ خۆشەکانی هۆرامان و خاوەنی جێ پەنجەی تایبەت بە خۆیەتی.

کەسایەتی سیاسی، شاعیرۆزانا و پایە بەرزی پاوە میرزا مەحمود مستەوفی [مەحزوون ١٢٥٢ - ١٣١٦ ه.ش] لە تۆرەمەی

پشتەییەکان ساڵەکانی ١٣١٠ تا ١٣١٦ لە زیندانی قەسری قەجەری تاران وێرای کۆمەڵێکیتر وەک میرزا جەبار مێتران، میرزا عەباس مستەوفی، میرزا ئەسەدوڵڵا مستەوفی و... زیندانی کراوە ناوبراو بە شێوەی خوارەوە تاسەمەندی خۆی بۆ بیر هێنانەوەی ناوەندە دڵگرەکانی زێدی خۆی بە تایبەت "پشتە" دەر دەبڕی:

خوسوسەن (پشتە) چون خولد بەرین
ڕشتەی سونع حەق جێهان ئافەرین
تا ئیرادەی حەق ئەلتافش یار بێ
موشکڵ گوشای کار هەر ئەو دیار بێ
ئیستە نە گەردش چەرخ زەمانە
بادە قوش نەوجا بەسەنش، یانە

هەر لەم مایەدا:

میرزا ئەولقادر؛ شاعێری نیشتمان پەروەری پاوەیی (١٢٦٦ - ١٣٢٨ ه . ش)

لە قەسیدەی "چنار هەوڵی" ئاماژەیەکی کورتی بە سەربردەی پاوە کاتی هێرشی سپای عەرب لە سەردەمی پەلامارە بەرینەکان بۆ مسڵمان کردنی زۆرەملی خەڵکی ناوچەکە هەیە.

زلزلەی عەزیم خێزا جە پاوە
لەرزە کەوت و جەرگ سەرقولەی (شاوە)
یاگەی کلیسا و بۆت و بۆت خانان
کەردە ن و مەسجد پەی، مسڵمانان
نە جاگەی ناقووس وادەی سۆب سەحەر
خێزا بانگ بەرز، (ئەللاهو ئەکبەر)

ئەو بوومە لەرزە بە هەیبەتە لە پاوە سەری هەڵدا تا قوولایی و قولەی شاخی شاهۆ کاریگەری نواند. شوێنگە و ماوای کەنیسە، بۆت و بۆتخانەکان لە ئاکامی ئەم پەلامارە ترس هێنەرەدا تووشی گۆران کرا، ئەمجار پەرەستگە و کەنیسەکان

کران بە مزگەوت بۆ خەڵکی بە زۆرەملی موسڵمان کراو ولە جێگەی ناقووسی کەنیسە بانگی ئەڵڵاهو ئەکبەر سەرلە بەیانیان لە هەرلاییک بەرزکرایەوە.

لە راستیدا لەوە دەچێ هەر دوو کەسایەتی ناوداری ناوچە کە بە زانا بوون وبستوویانە هاو خەمی خۆیان بۆ لە دەس دانی رابردووی دەوڵەمەند و لە هەمان کاتدا کارەساتاوی دەستی جەوری زەمان دەربڕن.

وەک میرزا مەحمود فەرموویەتی: بە تایبەت، (پشتە) ئەم بەهەشتی بەرینە، دەسکاری دەستی بە توانای خوڵقێنەری جێهان تا ئیرادە و مێهری حەق یار و یاوەری بوو، چارە سازی گرفت و سەرتۆپی دیاری دیار دەناسرا. هەیهات کە سووڕانی چەرخی زەمان بوومەلەرزەگەلی ئەوتۆی وەڕێخست کە هەموو ئاسەوارەکانی وەها تێک قرماند هەنووکە بایە قۆش لە وێرانە کانیدا هێلانەی بەستوە.

دوو بەیتی سەرەوە نەخوازراو مرۆ بە لای ئاقارێک لە شرۆڤەی کورتی بیری وەک یەکی دوو کەسایەتی زانا دا دەکێشێ، کە ڕەنگ بێ، مەبەستی میزا میرزاکان (میرزا مەحمود و میرزا ئەولقادر) لە دوو بەیتی سەرەوە ئاماژە بە بەسەر هاتی پڕ لە کا رەساتی مێژووی ناوچەکەیان بووبێ. مەخابن ئیستا بایەقوش نە تەنێ پشتە - ی(ژینگەی مەحزوون) وەک هێلانەی خەم و ماتەم داگیر کردوە، بگرە پاش لەرزەکانی بوومەلەرزەی ڕۆخێنەری دەسنیشان کراوی میرزا ئەولقادر کارگەری ماڵ وێرانکەری خۆیان لە قولەی شاوە و دەیان قولەی بەرزیتر تێ پەراندوە!

دوو شاعیرو زانای ناوچەکە میرزا مەحمود و میرزا ئەولقادر پاوەیی پێوەندی گەرموگۆڕیان وێکرا هەبوە. جارێکیان میرزامەحمود بە هۆیێک باسکی بریندار دەبێت. میرزا ئەولقادر ئەم بەیتە شیعرەی بۆ دەنێرێت.

سەت کم کە میرزام پەشێوەن حاڵت
دەرد دڵ گرانەن یا ئێش باڵت؟
میرزا مەحمود بە شێوەی خوارەوە وەڵامی دەداتەوە.
ئێش باڵ خاسەن ها نە ئێدارە
حەکیم دێر یا زوو مەکەرۆش چارە
دەرد دڵ گرانەن جای مژەی دڵبەر
ساڕێژ نەمەبۆ تا یەوم المەحشەر

کاک ئەمیر ئەمینی لە پێوەندی ناوی ئەم گەڕەکە (پشتە) ئیشارەتێکی هەیە کە هەر چەند لە دەسنیشان کردنی مێژووی بە سەر هاتەکەدا هێندێ کەموکوڕی دەبیندرێ بەڵام لە بەر ئەوە پێوەندی بە ناوی گەڕەکی پشتە و شێعری شاعیرەکانی سەرەوە هەیە هێنانی لە جێدایە.

سەرەتا دەبێ ئەو زیاد بکرێ لە زۆر شوێن لە پێوەندی لە گەڵ مێژووی هۆرامان و پاوە باسی ئەوە کراوە: "لە سەردەمی فەرهادی چوارەمی ئەشکانی پاوە لە ژێر دەستی ئەرمەنستان دا ئێدارە کراوە و خەڵکی ئەم ناوە بە پێ ڕاسپاردەی ئارتاکسیس (پادشای ئەرمەنستان) کەسێک بە نێوی (ئەسقەف مێتران) ئایینی مەسیح لەوێ پەرە پێدەدا و کلیسایێک بە نێوی پشتە "بە واتای کلیسای موحکەم" لەم گەڕەکە بۆنیات نراوە. لە بەر ئەوە دەبێ بنەماڵەی مێترانەکانی پاوە لە نەسڵی ئەم ڕێبەرە مەسیحیەبن!؟ هەروەها باسی ئەوە کراوە، گەڕەکێکیتر لە دەڤەرەکە بە ناوی "شیشۆ" لە ناوی کەشیشێکی تری هاوڕی ئوسقەف مێتران دەبێ بۆ ئێمە بە جێ مابێت".
وەک لە مێژوودا هاتوە فەرهادی چوارەم لە ساڵی دووی میلادی دەبێ بە دەستی کوڕەکەی (فەرهادەک) فەرهادی پێنجەم کوڕی مەلەکە موزا (تروزا - ترموسا) کچێکی ئیتالیایی پێشکەش کراوی (ئۆگۆستۆسی ڕۆمی) ٣١ مارچی ساڵی دووی پێش زاین دەرماندا و کرابێت. فەرهادی چوارەم لە ٣٧ تا ٢ی پێش زاین واتە ٣٥ ساڵ دەسەلاتدار بوو.

عیسا مەسیح لە ساتەوەختی پاش کۆتایی دەسەلاتی فەرهادی چوارەم وەک پێغەمبەر سەری هەڵدا. ئەرمەنستان لە ٣٠١ی زاینی ئایینی مەسیحی بە فەرمی ناسی. هەڵبەت وەک مێژوو باسدەکا ئەرمەنیەکان یەکەم میلەتی دونیا بوون دینی مەسیحیان هەڵبژارد. (مێژووی ارمنستان). وەنن (ئەشکانی) ساڵەکانی ٧ یان هەشتی زاینی شای ئێران بوو. بە هۆی ناڕازی بوونی خەڵک ئەردەوانی سێهەم لە جێگای دادەنێن. وەنەن پاش لابرانی لە شایەتی ئێران ڕوو لە ئەرمەنستان دەکا و بە یارمەتی ڕۆم خۆی دەکاتە شای ئەرمەنستان.

لەم سەروبەندەدا ئەردەوانی ئەشکانی هێرش بۆ ئەرمەنستان دەبات لە ئاکامدا وەنەن بۆ سوریە پاشە کشە دەکات. هاوکات ئەشکانیەکان تووشی کێشەی نێوخۆیی دەبن، ڕۆم بەپێچەوانەی پەیمان لە گەڵ ئەشکانیەکان ئارتاکسیس وەک شای ئەرمەنستان دیاری دەکات. ئەردەوانی سێهەم لە قەیسەری ڕۆم تووڕەدەبێت و (ئەرشک) کوڕەکەی خۆی لە تەختی پادشایی ئەرمەنستان جێگیر دەکات.

دواتر ئەرشک دەکوژرێ و ئەردەوان ئەشکانی لە سەدەکانی ٧ و ٨ی زاینی تا ١٢ لە پێوەندی دەسەڵاتداریەتی ئەرمەنستان لە گەڵ دەسەڵاتی ڕۆم تووشی شەڕی مەزن دەبێ و شکست دەخوا. پاش ئەم بەسەرهاتە تیردادی سێهەم دەبێتە شای ئێران.

هەڵبەت ئەردەوان جارێکیتر دەسەڵات بە دەست دێنێ و لەگەڵ ڕۆمیەکان بە واز هێنان لە حکومەتی ئەرمەنستان ڕازی دەبێ، پاشتر بلاشی یەکەم کوڕی وەنەنی دووهەم بیستودووهەمین پادشای ئەشکانی پاش مەرگی بابی ساڵی ٥١ی زایینی تا ٧٨ پادشای ئێران بوە.(وێکی پێدیا. ئەرمەنستان).

مرۆ لەم بە سەرهاتە تێدەگا کاتی نووسینی قبالە بە نێو بانگە کانی هۆرامان خەلکی ئەم دەڤەرە زەردەشتی بوون،، یان هەر نەبێ مەسیحی نەبوون..

لەم پێوەندیەدا نووسراوەکەی بەڕێز ئەمین بە تایبەت لەو شوێنە کە دەڵێ ئەسقف مێتران دەبێ لە دەوروبەری ٥٠ی زاینی هاتبێتە ناوچەی هۆرامان لە گەڵ ڕاستی ناگونجێ. بەڵام ئەوە کە پاوە ئاوەرگەی مەزنی زەردەشتیەکانی لێ بووبێ و هەروەها کنیسەی مووساییەکان بە پێی تۆماروگوتراوی شاعیر و ئاسەواری بە جێ ماو وێدەچێ دەستەملانی ڕاستی بەسەرهاتی ناوچە کە بێت. ئەم کەنیسە گەلە دەتوانرێ لە(گەڕەکی پشتە) یان (گەڕەکی سەردێ) و یا شوێنیتر بۆنیات نرابن.

خۆوخدەی بەرئەنگاری؛

تەسلیم نەبوون بەرانبەر جەور و ستەمی دەسەڵاتدارانی ناوەندی، ڕەنگدانەوەی بیری بەرئەنگاری تەنانەت لە نێو زیندانە ترسناکەکانی وەک قەسری قەجەر سەڵاو بانگەوازی کەسایەتی مەزن میرزامەحمود مستەوفی بۆ نەسڵەکانی پاشتر تۆمار کردوە. ئەوە وێنەیەک لە هۆنراوە بە سۆزەکانی ناوبراو لەم پێوەندیەدا:

کزەی ئێش نار شەرارەی سەقەر
مۆناسب نیەن وە قەسر قەجەر
تەرحێن ئوستادان فەرەنگ ریز نان
دامێ پەی فەنای عالەم خێزنان
تەماشاش زاهیر نەقش و نیگارەن
باتنش بدیە، چون ژارمارەن
نۆ حەڵقەن هەر یەک زەم هەریر یۆەن
نۆ دەریای ئا یر، بێ نە زیر یۆەن
ئەو مەردەی مەزار گۆڕ ئەحوال کەردەن

ئێد چند جوانان زیندە چاڵ کەردەن

لە بەشی پێشووی مێژووی گەڕەکەکانی شاری پاوە شوێنی مزگەوتی (دۆخان) بە هەلەلە گەڕەکی ئاسنگەران نووسراوە. شوینی ئەم مزگەوتە مێژوویی لە گەڕەکی پشتە هەڵکەوتوە.

پشتە لە بەر ئەوە خاوەندارەتی بەشی زۆری باخ و باخاتی پاوە دەکات زۆربەی ئاوی چوار جۆگە(کانالّ)ی ئاوداشتن بە ناوەکانی جۆ کەلیان - ی، جۆپشتە - ی، جۆ چلان سەرچاوەی هانە بان سەلان، جۆ جۆڵیان بۆ ئاو داشتنی ئەم باغگەلە کەڵکی لێ وەر دەگیردرێت.. باخاتەکانی پاوە هەریەک بە نێوی تایبەتی خۆیەوە دەناسرێنەوە.

بە واتەیەکیتر لە نەریتی کۆنی ئەم خەڵکە دا باخ لەم مەڵبەندە خاوەنی تایبەتمەندی، ناسنامە و کەسایەتی ناسراوی خۆیەتی. ئەم ڕچەیە پەیوەستە بە باوەڕی هەرە کۆنی خەڵکی دەڤەرەکە بۆ بایخدار سەیر کردنی سرۆشت، بەرهەم هێنان و ڕەچاو کردنی. ئامۆژگاریەکانی موبدی مەزنی ناوچەکە (پیر شالیاری زەردەشتی لە هۆرامان).

گەرەکی پشتە خاوەنی دوو ئاشی ئاوی بە ناوەکانی ئاشی میرزامحمود و ئاشی میرزاحەمەکەریم(سەلمان) بوە.

قەڵاخ وان؛ قەڵات وان؛ کلات وان: ناوی گەڕەکێکی شاری پاوە.

قەڵا: لە وشە دا بە واتای خانووی بنکەی چەکداران لە سەر کێو، ماڵی خان و ئاغا، زیندان، (۲) سەنگەری پارێزگاری کە لە ڕووی بنەمای مێعماری بە پێی هەلو مەرج و پێداویستی سەردەمی خۆی ساز کراوە.

قەڵا، قەڵات: دژ، سەنگەر، خانوێکی قایمە بەشوێنێکی بەرزەوە، شوێنی یاخی و سەخت. (۳)

قەڵات، کەڵات: قەڵا، دژ، برج، بۆرج، قەڵای بەرز. (سەرچاوەی ۳)

قەڵاتی شۆشێ: یەکیک لە قەڵاکانی میری ڕەواندوز، قەڵاتی لۆکان. قەڵاییکیتری میری ڕەواندوز.(۲)

کەلات، قەڵات، کەلاتێ: چەند خانوێکە لەسەر شوێنێکی بەرز کرابێ.(۳)

کلات: قەڵا، گوند یان قەڵا کە لە سەر شاخ بۆنیات نرابێ. (٤)

میرزا ئۆلقادر پاوەیی لە قەسیدەی "کولە و ئاینەمەل" کە وەسفی دەسدرێژی و تاڵان و بڕۆی بێ بەزەییانەی داگیرکارانی کۆردستان لەوانە عۆسمانی و سەفەوی دەکات گەڕەکی نێوبراو بە "کەڵا خوان" نێودێر دەکا.

(کەڵا خوان)، ئێلچی، (کەلیان) پەی سەرهەنگ
سەوزیش سوور کەران بگێڵناش جە ڕەنگ

گەڕەکی کەڵا خوان بەسەر کاربەدەستێکی داگیر کەری تورک (ئێلچی) و مەڵبەندی کەلیان بۆ پایەدارێکیتر بە ناوی (سەرهەنگ) دابەش دەکرێ. ئەم داگیر کارانە بە شێوازێک دەجووڵنەوە ئاسەوارێک لە سەوزایی بە دەر لە خاکی سوور هەڵگەڕاو نە بێ پاش خۆیان بەجێ ناهێڵن.

لە ئەوێستا "وەرجەم کەرد" هاتوە. ئەهورامەزدا بە "جەمی نووڕانی" جەمشید فەرمانی دا قەڵایەکی گەورە (وەر) ساز بکات. (لاپەڕە: ٢٤٤ و ٢٤٥ رهیافتی بە گاهان زردشت هانس رایشلت. وەرگێڕ جلیل دوستخواه).

لە هۆرامان بەپێی ناوی پارێزراوو ئاسەواری هێشتار بە تەواوەتی نەفەوتاو هەروەها ئاماژەی نێوەکان لە دووتوێ وێژەی تۆمارکراوی پێشینیان، "وەر" یا قەڵای زۆر هەبوون. لە دەورو بەری شاری پاوە نێوی بەشێک لەو قەڵا مەزنانە کە هەرکام سەربردەی خۆیان هەبوە و هێشتار باوو بۆرانی فەرامۆشی بەسەریاندا زاڵ نەبوە ئەمانەن. دیارە لە ناوچە کانی جوانڕۆ و ڕوانسەر نۆدشە و نەوسود ئاسەوار و ناوی قەلای مەزنی مێژوویی زۆرتر لە بەردەستدان.

قەڵای دەری وەر، قەڵا دزێ، قەڵای دەرەنیشە، قەڵای میر خەسرەو، قەڵای پاسگە، قەلای بۆڕیدەر(بۆڕی وەر)، قەڵای دووریسان، قەلای تەنگی وەر(تەنی وەر)، قەلای مەسناو، قەلای ماتێ، قۆری قەڵا، قەلای پاڵنگان(پالنان) قەڵای تەوەری وەر و...

هەروەک لە پاشبەندی ناوی بەشێک لەم قەلاگەلە هاتوە، وشەی "وەر" لە وێژەو ئاخاوتنی ناوچەکە بۆ گۆ کردنی قەڵا لە کۆنەوە باو بوە. پارێزرانی وشەی "وەر" بە واتای قەڵا لە وێژە و ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەکەدا هەر وەک لە ئەوێستا دا دەسنیشان کراوە دەتوانرێ وەک بەڵگەیەکی زیندوو بۆ گرنگی، دەور و ڕابردووی قەڵا مەزنەکان لە مەڵبەندەکە سەر ژمێر

بکرێ.

دیارە وەک لە نووسراوەکانی تردا دەسنیشان کراوە پاشبەندی "وەر" بۆ قەڵا گەلی مێژوویی مەزن لە ناوچەی کرماشان بە گشتی وێنەی ناسراوی وەک کەنگا: وەر، چوارزە. وەر لە بەر دەست دان.

بوونی ئەو هەموو قەلا گەلە بە تایبەت لە دەورو بەری شاری پاوە ئەم راستیە دەسەلمێنێ گەڕەکێک بە ناوی "قەڵاتوان یا کەڵاتوان" ڕەنگە وەک پارێزەری بانگەوازی قەڵا، "یا پارێزوانی قەڵا" لە نێو ئەم شارە بۆ تۆرەمەی ئەو نەسلە بە جێ مابێ.

ئەگەر وردتر سەیری ژیانی باپیرانمان بکەین ئەوە زێدەتر بۆمان روون دەبێتەوە کە بەشێکی بەرچاوی خەڵک لە ڕووی پیشە و شۆغلە کانیانەوە ناسراون. وشە گەلی وەک: ئاساوان، باخەوان، کەڵاتوان، مەلەوان، شاخەوان و... مسگەر، ئاسنگەر، زێڕینگەر و... لەوانەیە.

(خوان) لە وشە دا وەک پاشگر بۆ سەڵا دان و چڕین و وتن گۆ کراوە. قەڵا + خوان = ناسێنەر و تاکێک ئاهەنگ بۆ پەسن و ناسینی قەڵا سەڵا دەدات.

هەم لە کوردی و هەم لە فارسی دا پیتەکانی (خ) و (ت) و (خ) و (ک) جاری وا هەیە جێ گۆڕکییان پێ کراوە. بۆ وێنە "خربزە = تەربزە "، "کەڵات = قەڵات"، "قەڵات = قەڵاخ" گۆ کراوە.

دیارە لە پێوەندی ناوی ڕەسەنی ئەم گەڕەکە سرنجدان بە ئاخاوتن و گۆ کردنی ئەم وشە لە زاری کەسانی بە سالا چووو گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی وشە کوردیەکەی "کەڵا" دەتوانێ بەڵگەی جێ متمانەی زیاتر بێت.

ڕەحمەتی (سۆفی جافر بابایی)، بابی نووسەری ئەم کورتە مێژوویە وەک کەسایەتیەکی زێدە بە تەمەنی خەڵکی پاوە لە سالانی پێش بۆ گۆ کردنی ناوی ئەم گەڕەکە وشەی کەڵا- ی(کەڵاخوان)، بە کار دەهێنا.

هەڵبەت دەبێ ئەوە زیاد بکرێ کە پیتی (خ) وەک پاشگری کەڵا (کەڵاخ)، پاشتر بە هۆی سوانی پیتی(ت)، (کەڵات) بە درێژایی زەمان جێگر بوە دەنا وەک وشەیێکی سەر بە خۆ بە تایبەت لە ئاخاوتنی هۆرامی(پاوە) دا پاشگری(ت) کەمتر گۆ

دەکرێ.

پشت بەستن بە وتەی باس کراو ڕێگە ئاوەڵە دەکات ناودێر کردنی ئەم گەڕەکە لە شاری پاوە بۆ سەقامگیری چین یا تۆڕی قەڵات وان یا کەڵات وانان لەو گەڕەکە بگێڕدرێتەوە.

لە پێوەندی ناوی ئەم گەڕەکە مێژوویی لە شاری پاوە ئەگەر ئاوڕێک لە ڕەچەڵەکی بنەماڵەیەکی ناسراوی نێشتە جێ "کەڵات وان = قەڵات وان - قەڵاخ وان" بدەینەوە ئەم ڕاستیە وەک دوو پات بوونەوەی ناوی پاڵەوانان لە ڕەگەزنامەی بنەماڵەی ناسراو بە "بەهرامی و دووپات و چەند پات بوونەوە بە درێژایی ژیانی پشاوپشتیان سرنج ڕاکێشە. هەر چەند وەک شانامە ی فێردەوسی باسدەکا ئەو پاڵەوانانە زۆرتر دەسکردی دەستی شاعیرن، بەڵام نابێ بە تایبەت بەشێکی بەرچاوی شانامەی بە هۆرامی هۆنراوە کە نۆسخەکانی لەبەردەستدان و ڕێزدار محمد ڕشید امینی هیمەت و زەحمەتی کۆکردنەوە و لە چاپدانی کێشاوە، هاوتەریبی ئەفسانەهەڵبەستراوەکانی فێردەوسی بزانین.

وەک هەڤێ وتە و نووسراوەکان لە دوو تۆێ ناوی ڕەگو ڕیشەی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە وەک هەڵگری ناوی پاڵەوانگەلی ناسراوو بە نێو بانگ لە شانامەی هۆرامی (کە بەشێکی بەر چاوی ڕووداوو ناوی مەڵبەندەکان پێوەندی نەپساوی بە پانتایی و ڕۆبەری ناوچەکەوە هەیە) وێرای پاڵەوانانی ناو هاتی لە شانامەی فێردەوسی و ئەم وتە کە هۆرامیەکان خۆیان لە نەسڵی پاڵەوانانی مێژوویی ناوچەکە دەناسێنن ڕەنگە هێندە لە ڕاسی دوور نەبێ. (*).

لە شەجەرەنامەی بارامیەکانی نیشتە جێ گەڕەکی قەڵاخوان ناوی چەندین پشت لە باپیرانیان ڕۆسەم، زۆراو، بارام و بگرە لە پەنجا سانی دواییشدا کەیکاوس، کەی خوسرەو و فەرەیدون، بەر چاو دەکەوێ. هەوارگەی بە نێوبانگی بارام لە شاخی شاهۆ بە وتەی بەڕێز خۆسرەو بەهرامی بە ناوی کەسایەتیەک لەو بنەماڵە وەک مێژوو تۆمارو لە وێژەو گۆرانی شاعیرو هۆنەراندا ئاماژەی پێ کراوە.

بدیە چوون بەرزەن چە عاقڵان فام
چتەورەن شۆرش هەوارگەی بارام
پاسە خەیاڵەن دەوران نەویەردەن
هیچ کەس جە هەوڵی گوزەر نەکەردەن
وەک لە شێعری سەرەوە هاتوە:

ئاوڕ دانەوە لە هزرو فام و هۆشی بەرزی هۆشمندان وەرگێڕی داستانی شۆرو حاڵ، پلەو پایە، و گوزەری چەرخی غەدار بۆ لە هۆش و خەیاڵ دەر کردنی دەورانێکە، کە ئاوڕ دانەوەی ساکار و تێ پەڕکردن بە قەراغیدا مرۆ تووشی هەڵەیەکی ئەوتۆ دەکات وابزانی، زەمان وەستاوو بە بێ ئا ڵو گۆڕ قەتیس ماوە.

ئەندێشەی ئەوە کە ئاوی زەراڵی سەر چاوەی هەوڵی بە پێچەوانەی خۆرەی هەمیشە بزوێنی شاهێدی تێ پەڕینی ڕێبوارانی زەمان، بەسەر کردنەوە و چێژ وەر گرتن لە ساتە تایبەتەکانی هەوڵی و هەوارگەی بارام نەبووبێ!.

دووبەیتی سەرەوە بەشێکە لە کۆمەڵە شێعرێکی شاعیری پاوەیی(میرزا محمود)، کاک شاهۆ حسینی هۆنەرمەندی دەنگ خۆش لە گۆرانیەکدا کەڵکی لێ وەر گرتوە.

لە کۆتایی لاپەڕەی ١٩٠ مێژووی ماد - وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز دا هاتوە: "لە گەڕانەوی هێرشی هەمەدان تووشی خەڵکێک هات کە مێردۆک خودای بابلیان پەرستش دەکرد تیگلات پیلسەر قوربانی پێشکەشی ئەم خودایەکرد و فەرمانی دا لۆحێک سەبارەت بە خۆی لەوێ بنووسرێ. لە درێژەدا هاتوە تیگلات پیلسەری ئاشووری لە ڕێگای "بەیت ماتێ"، و چۆمی دیالە(سیروان) بەرەو شوێنی خۆی گەڕاوەتەوە".

قەڵای ماتێ وەک وترا هەنووکە لە سەر بەرزایی بەرانبەی شاری پاوە هەڵکەوتوە. تا ئەم دواییانە پەیکەرێکی بەردین بە ناوی "مێردۆک" خوای بابل لە ڕووکاری پاوە بناری شاهۆ هەبوو. دیارە بەرد هەڵکەندراوەکەی تیگلات پیلسەری ئاشووری ئەوە لە (تەنیوەر) بناری ڕۆژهەڵاتی شاهۆ ڕووکاری بێلەوار لە قەدپاڵی شاخێک کە قەڵای "زیندانە" تەنگیوەری لە سەر بوە هەر ماوە .(بیت ماتێ ماڵ یا مەڵبەندی مادەکان و بەیت بەگیە (مەڵبەندی بەغ - خواکان) لە ئاخاوتنی ئاشووریەکاندا بۆ زاگرۆس گۆ کراوە. پاشتر عەرەبەکان "ماە" یان پێ وتوە. لە بێلەواری سەربە کامیاران گوندێک هەنووکە بە ناوی گاوماتا یا "گۆمەتە" دەناسرێتەوە.

ڕێبەرانی دوو ڕێبازی نەقشبەندی و قادری شێخ محمد خالسی و خەڵیفە حەمە تەوفیق حسامی خەڵکی گەڕەکی قەلاخوان بوون. دیارە ڕەچەڵەکی ئەم دوو لاینە هەر کام لە شاری پاوە و دەوروبەر لاینگر و مریدو مەنسوبی بەرچاویان هەیە .شیاوە بوترێ بە پێچەوانەی ڕێو ڕەوشتی بەشێک لە باوەڕمەندانی ئایینی لە کوردستان بەگشتی و لە ئێران بە تایبەتی کەسایەتیە ناوبراوەکانی پاوە جێا لە خێرخوازی و خزمەت بە خەڵک لە بواره جیا جیاکانی ژیاندا دەستیان لە کاروباری تایبەتی خەڵک و خۆ تێهەڵقورتاندن لە باوەڕی تاک وکۆ وەر نەداوە. لە سەر ئەم بنەما هەمووکاتێک ڕێزو حورمەتی ئەم

بنەماڵە ئایینانە لای دانیشتوان پارێزراو ماوەتەوە. مزگەوتی حاجی عوسمان یەک لە مزگەوتەکۆنەکانی پاوە لەم گەرەکە هەڵکەوتوە.

کەڵاخوانیەکان خەڵکی وردبین، وریا و نوکتە زانیانی زۆریان هەبوە.

خەڵکی پاوە بە گوێرەی سرنجدان بە پەروەردەی مەڕومالات لە کۆنەوە وێرای هەڵبژاردنی شێوە ژیانی یەک جێ نشینی و خۆبواردن لە کۆچ تەنیا لە وەرزی بەهارو هاویناندا بەشێکی کەمی بنەماڵەکان لە هاوینە هەوارەکانی شاهۆ سەرقاڵی حەیواندارى و بەشێکیتر بە کاری باخداری مژوولّ دەبن.

شاخی شاهۆ بە پێی هەڵکەوت و سروشتی ناوچەکە گیاواو گۆڵێکی نرخدار و پڕ لە پیتو بەرەکەت لە گیای کەڵکدار بۆ دەرمان، خواردنی مرۆ و مەڕومالاتی تێدا دەڕوێ. ئەگەر ڕۆژگارێک کورد بتوانێ دەسەڵاتی بە سەر خاکی خۆیدا ببێ و ئاوڕ لە پەروەردەی گیاو گۆڵی دەرمانی فراوان و ڕەنگاو ڕەنگی مەڵبەندەکەی بداتەوە ڕەنگە داهاتێکی مەزنی لێ حاسڵ بکات.

ئەشێ هۆرامان یەک لە ناوچە دەگمەنەکانی کوردستان بێ کە سەر جەم شاخەکانی وەک لەوڕگە لە دێر زەمانەوە بە سەر بنەمالەکاندا دابەش کراوە. مەڕدارەکان هەموواڵێ لە وەرزی خۆیدا زەخیرەی زستانی مەڕومالاتەکەیان لە بەشە ئاڵفجەڕی خۆیان (ئاڵف جارِ = گیا جار) دابین دەکەن.بەشێک لە ئاڵف جارەکانی ناسراو بە "گەزەنێ" بە ناوی بنەماڵەکانی قەڵاتوان لە بیروڕای گشتیدا تۆمار کراوە.

٢- هەمبانە بۆرینە. هەژار مۆکریانی

٣- گیوی مۆکریانی. کوردستان

٤- فرهنگ عمید (فارسی) جلد سوم

* بڕوانە ڕەچەڵەکی هۆرامیەکان لە مێژووی هۆرامان، مەلا عبدولا قازی

ڕێکەوتی: ٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

پێکهاتەی میژوویی و چینایەتی شاری پاوە:

بەشی: ٢

گەڕەکە کۆنەکان:

سەردێ، قەرەمشانی،(قەدیم شاری)، شەخەڵیان، حەمە دۆساخیان، ئاسنگەران، پشتەیان، قەڵاخوان، میرئاوا، زواری... قەرەمشانی؛

مەودای نێوان گەڕەکی یەکم واتە (سەردێ) تا کانی ئاوی ژنانەی پێشوو (کۆسی ئاوان)، هەڵکەوتوو لە داوێنی شاخی (قەڵادزێ) لە باکوور و پشتی کانانّی کۆنی ئاوی خواردنەوەی شار ناسراو بە "جۆ دەگای" لە باشووری لای بەرەوەی بە ئەم ناوە "قەرمشانی" ناوبانگی هەیە.

بەشێک لەم گەڕەکە لە سەردەمانی هەرە پێش دا کە میژوەکەی نادیارە بۆ گۆڕستان تەرخان کرابوو. دیارە بە پێ نەریتی شارەکە بەشێک لە گۆڕستانی لای سەرووی شار هاوشان لە گەڵ بەشی دووهەم، گۆڕستانی خواروی شار (ڕەسوڵ ئاوا = مەرقەدی شێخ محمد)، هەروەها جێگای پێشووی مەدرەسەی شاهدۆخت کە ساڵە کانی ١٣٥٠ ئەم بەشە بۆ گۆڕستانی (مەلا مەقسود) و بەشی سەرووی شار پێش ئەو سەرو بەندە بۆ (مەرقەدی حاجێ) جێ گۆڕکێ پێکرا. لە ئاکام دا بە پێ زانیاریە سەرەتاییەکان دەتوانین پێداگری دەسنیشانی سێ قۆناغ لە هەر قۆناغێکدا دوو شووێنی جیاواز بە درێژایی تەمەنێکی هەزاران ساڵە لەم شارە بۆ قەبرستانە کانی بکەین.

بازی مەکرۆڵی و بازی مووسایان قۆناغی پاش سەردەمی میتترابیزم (خۆر پەرەستی) کە ئاسەواری گۆڕستانەکانی نێژرانی مردوو لە نێو گۆزە لە شوێنی ناسراو بە مەندە جۆ لە کۆتایی پەنجاکان ١٣٥٠ لە لایەن تاڵان چیانی ئاسەوار تێکدران. گۆڕستانی ئەم دەورە لە میژوو (پێش سەرهەڵدانی زەردەشت{ وێنەی لە هۆرامان زۆرن.

قۆناغی دووهەم واتە باوەڕ بە دەسەڵاتێکی سەروو و باڵا دەست لە دەسپێکی خۆ نواندنی زەردەشت پێغەمەر وەک ناسێنەری "ئەهورا مەزدا" و پاش ئەو ئایینەکانی یەهود و عیسا مەسیح لە ناوچەکە. جێ پەنجەی ئەم بڕوا پیرۆزگەڵە لای خەڵک

تا هەنووکە ئاسەواری بە جێ ماوی لە ناوچەی هۆرامان هەر نەبێ لە دووتوێ ناوی پارێزراو لە سەر گەڕەک، شاخ و شیوو دۆڵ و گۆرستان، هەروەتر کەلتووری تۆمار کراولە زەین و کەلەپۆری خەڵکەکەدا پارێزراو ماوەتەوە.

قۆناغی سێهەم پاش زاڵ بوونی ئایینی ئیسلام لە ناوچە کەدایە. وێرای تایبەتمەندی ئەم سەردەمە مرۆ دەتوانی لە دووتوێ ئەم باوەڕەئایینیە جێگرتوەدا بەشێک لە بڕوای پارێزراوی هەرەکۆن وەدۆزی.

بەشێک لە دانیشتوانی شار لە سەر ئەو بڕوایەن کە خەڵکی ئەم گەڕەکە لە بنەڕەتدا کۆچبەری شاری کەرماشان بون. پێشتر کرماشان بە قرمیسین یا قرماسین ناسراوە. نفووسی نیشتەجێ ئەم بەشە لە شار لە بەر ئەوە لە قرماسین را بۆ پاوە هاتون و لە بنەڕەتدا خەڵکی کرماشانی کۆن بون، گەڕەکە کە بە ناوی ئەوانەوە بە گۆ کردنی سەر زارەکی قەرەمشانی (قرماسینی) وەک بۆ چوونی تۆێژێک لە ڕۆشنبیران باس دەکرێ .

نووسەر لەو بڕوایەدایە ناوی گەڕەکی (قەرەمشانی) لە بنەڕەتدا "قەدیم شار"، کۆنترین بەشی شار لە گەڵ ڕاستی زیاتر وێچوونی هەیە.
یەکەم: هەڵکەوتی کانی وئاوی "کۆسی ئاوان" هەروەک لە ناوەکەیڕا دەر دەکەوێ بەشێک لە سەربردەی مێژوویی ئەم شوێنەمان بۆ دەخاتە سەر پشت. کۆسی ڕەگەزێکی کۆنی نیشتە جێ زاگرۆس بوون (١٢٠٤ - ١٥١٧) پ ز، کە ئاسەواری زۆریان لە کرماشان و ئیلام بە گشتی لێ بە جێ ماوە.

یەک لە کارە بە نێوبانگەکانی ئەم ڕەگەزە کێشانی ئاو و کانالٌ کێشی بۆ ئەم مەبەستە بوە لە سەرجەمی هۆرامانداا ئاسەواری کانالٌ کێشی ئاو بە تایبەت لە بناری شاهۆ ڕووکاری پاوە (زەل، مەندە جۆ، و کانالٌ و جۆگە بەنێو بانگەکانی پاوە) جۆ دەگای، جۆ گلان، جۆ مەرێ (جۆ کەلیانی)، جۆ مارقتێ، جۆ شاوی، جۆ پشتەی، جۆ گولالێ...و.

کتێبێکی بە ئاڵمانی نووسراو لە ژێر سەردێڕی Deutscher Geist کە زیاتر تێ ڕوانین و جۆری تێفکرینی ئاڵمانیەکان باس دەکات مەتڵەبێکی لە کەسایەتیەکی ناسراو بە ناوی Helmuth von Moltke(1800–1891) بە سەرتیتری Kurden Das Land und Volk der (وڵات و خەڵکی کورد) نووسراوی ساڵی ١٨٤١ تێدایە. لە لاپەڕەی ٩٩٨ لە بەشێکیدا سەبارەت بە کانالٌ کێشی و جۆگە ئاوەکانی کوردستان نووسیویەتی، بە کار هێنانی سەر چاوەی کانیاوی لووتکەی شاخە بەرز و ڕژدەکان سەرنج ڕاکێش وەسف دەکا. لە بەر چاو گرتنی مەودای چەند سەعات وێرای ئاندازیاری ومێکانیزمی لە بەرچاو گیراوی بەرزی و نزمی زەوی و ڕژدی شاخەکان، هەروەها ئامادەکاری زەوی لە سەر سینگی شاخ بە

شێوازی پلەکان (تەڵان) لە کارە تایبەتەکان دەس نیشان دەکات.

جۆ دەگای (کانالّی مێژوویی ئاوی خواردنەوەی شار) لە راستیدا دەبوو وەک گەنجینەیەکی تاریخی پارێزرابا لە بەر ئەوە سەردەمێکی یەکجار درێژ هەم ئاوی خواردنەوەی سەرپاکی دانیشتوانی شاری دابین کردوە و هەم بەشێک لە باغ و باغاتی ئاوداشتوە. جیالەوە بەشی هەڵکەوتووی ئەم کانالّ کێشیەلە نێو شار بە شێوازێکی ڕێکو پێک سەردا پۆشراوو لە هەر گەڕەکێک دەروازەیەکی بە نێوی "چار بەڵە" بۆ کەڵک وەر گرتنی خەڵک لە نزیک مزگەوتەکان هەروەها دوو حەمامی شار، کانی ژنان وهەم بۆ ئاو داشتن لە درێژایی شار دا بۆ دابەشین لێ دروست کراوە.

بەرنامەڕێژی دابەش کردنی ئاو بۆ ئاوداشتنی باغ و باغاتی پاوە یەک لە دامەزراوە هەرە یاسامەندەپێشکەوتوەکانی هۆرامان و بگرە ئێران دەژمێردرێ. سەقامی دێرینی ئەم نەریتە بۆ خۆی بەڵگەیێکی مەزن لە یاسا پارێزی و پێش کەوتنی خەڵک لە سەردەمانی پێش مێژوو بە حساب دێت.

"جۆ مالّ" هەرەوەزێکی سالّانە لە وەرزی بەهار بۆ خاوێن کردنەوەی جۆگە ئاوەکان یەک لە ڕیورەسمە دێرینەکانی ئەم شارەبوو کە هەر باخدارێک لە ئاستی خۆی بە پارە یا بەشداری راستەوخۆ دەوری سەربە خۆی خۆ بەخشی تێدا دەگێڕا.

تا سالّەکانی پێش دەسەلاّتی کۆماری ئیسلامی ئاو بە پێ سەعاتی دیاری کراو و لە ژێر چاوەدێری(میراو) بە شێوازی ڕێکو پێک لە ماوەی شەوو ڕۆژ دا دابەش دەکرا. تەنیا جێگایەک مافی دەس تێوەردان لە بڕین و یا کەم کردنەوە و داشکانی پارێزراو ڕەچاو دەکرا "جۆ دەگای" (کانالّی ئاوی شار) بوو.

کۆتایی سالّەکانی ۱۳۳۰ کاتی یەکەمین کانالّ کێشی مۆدێرن بۆ کێشانی لوولەی ئاوی نێو شار گۆزەیەکی پڕ لە سکەی زێڕی سەردەمی دەسپێکی خولەفای ئیسلام دیترایەوە .

بازی مەکرۆڵی نیشتگەی بەشێک لە دانیشتوانی ئەم گەڕەکە لە پێش هەشتا سالّ لە لاێێک و نێو دێرکران وەک گۆڕستانی زەردەشتیەکان هەروەها وەک ژینگەی خەڵک، گۆشەیەکیتر لە کەونارابوونی گەڕەکەکە دەگەیێنێ.

مزگەوتێکی بەنێوبانگ بە نێوی "مزگی پڕچن(وڕۆڵ)" لەم گەڕەکە هەڵکەوتوە کە بۆ خۆی سەربردە و داستانی تایبەت بە خۆی هەیە. گەڕەکی (قەدێم شاری) لە تەنیشت (گەڕەکی شەخەڵیان) لە ڕاستیدا تێکەڵاویەکی لە هەڤدو دانەبڕاو و پڕ لە

مێژووی دێرینیان پێوە دیارە. هەر نەبێ نێو و نیشانە هەڵێنجراوەکان لە دوو تۆێ ناوەرۆک و مێژوو دا ئەوڕاستیە تاڕادەیەک ئاشکرا دەکا. هەڵبەت بۆ ئاشکرا بوونی زیاتری نێوەرۆکی مێژوویی ئەم وتارە پێویست بە بەدواداچوونی وردتری پشوودرێژو لێ کۆڵینەوەی کەونینە ناسی هەیە.

بۆ وێنە بەشێک لە گەڕەکی سەردێ بە ناوی "سەروو جوان" لەوە دەچێ هەڵگری ئەو ئەگەرە بێت کە زۆر پێش لە ئێستا سەرجەم پێکهاتەی شاری پاوە لە بنار (لای بەرەوەی) جۆ دەگای، واتە کانائی مەزنی ئاوی خۆاردنەوەی شار هەڵکەوتبێ.

ئەگەر باوەڕی زەردەشتی ئایینەکان و ئەوە کە خەڵکی ئەم مەڵبەندە باوەڕمەندی ئایینی زەردەشت بووبن، بە بنەما بگرین، دەبێ ئەم ڕاستیە لە بیر نەچێ پاراستنی خاوێنی ئاو لە دینی زەردەشت دا ئەرکی سەرەکی ژمێردراوە. لە سەر ئەم بنەما لە سەردەمانی کۆندا دەبێ شار لە لای بەرەوەی کانائی ئاوی نێوبراو واتە ئەو جێگە بووبێ کە دواتر بە "وەردەگا' دەناسرێ و هێشتار گەڕەکی (قەلاخوان یا قەڵات وان) لە بنەوەی کانائی نێوبراو (بنێ) دا دەوامی مێژوویی خۆی پاراستوە.

بە گشتی گەڕەکی قەدیم شاری وەک نێو و نێوەرۆک لە بری قەرەمشانی یا قرماسینی (کرماشانی) لە گەڵ راستی زیاتر دەگونجێ. بە پێ دابی تا ئێستا خەڵک ئەگەر بە هۆکارێک کۆچبەر بووبن زۆرتر لە لادێ و گوند بۆ گۆندی گەورەتر یا شوێنەوارێکی ڕوو لە گەشەو خاوەن ئیمکانی مانی ملی ڕێگایان گرتوە. جیا لەوە ئەگەر خەڵکێک لە زێدی خۆیان دوور خرابنەوە ئەوە بۆ مەڵبەندێکی دوورتر و نەناسراو کە پێوەندی بە زێد و نیشتمانی سەرەکی ئاسان نەبووبێ دوور خراونەتەوە.

بۆ وێنە لە نزیک بە یەکسەت سانی ڕابردوودا خەڵکێکی بە ڕێژە بەر چاو لە پاوە و دەوروبەر ڕوویان لە کرماشان نا و لەم شارە نیشتە جێ بون. گەڕەکی بەخشی ٣ (پاوەییەکانی کرماشان) نێوبانگی هەیە.

بەڕواڵەتێکیتر کۆچی دڵخوازی خەڵک زۆرتر بەرەو شوێنی ئاوەدانتر و شارستانیەت(ئابووری) دەوڵەمەندتر سەری گرتوە نەک بۆ ناوچەیەک کە ئیمکان و دەرەتانی هەر نەبێ وەک پاوەلە بواری ئابووری و گەشەی ئەم بواڕە کز و بەربەستی زۆری لە سەر ڕێدا هەبوە.

لە باری پیشەیی دانیشتوانی قەدیمشاری هەروەها شەخەڵیان وێرای باخداری چنین و ڕستن، مسگەری، جۆڵایی سەرچاوەی داهاتیان ژمێردراوە.

شەخەڵیان، (شێخ ئاڵیان، شەغاییان):

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا بە پێ زۆر دیاردە و ئاسەوار هەروەها گێرانەوەی میژوو ڕەگەزی میژوویی(کاسی) لەم مەڵبەندە دەسەلاتدارەتیان هەبوو خودا یا هێمای دین بە ناوی (شێخۆ)لای ئەوان پیرۆزی تایبەتی پارێزراو بوە. (١)

(شێخۆ)، هێماو خوالەی دین لە وێنە هەرە پیرۆزەکانی ئەم ڕەگەزە دەژمێردرێ. بە لەبەر چاوگرتنی جێ وڕێ خوالە پیرۆزەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە دێرزەمان لە لایێک و درێژەی ئەم ڕێچکەیە لە سەردەمانی دواتر مرۆ بۆی هەیە ناوی گەڕک (شەخەڵیان) بۆ شێخۆ واتە شێخ ئاڵیان (خەڵکی سەربە باوەڕی شێخۆ) بگێڕێتەوە.

ڕەچەڵەکی نووسەر (نیشتەجێ لەم گەڕەکە)، لە پێنج پشت بەرەو سەرەتای دەسپێکی ژیان کەسایەتی ئایینی بون، ئەوە سەرەڕای سەرجەم گەڕەکە کە تا چاخی ژیانی ئێمە سۆفی مەسەلەک و ئایین پەروەری هێدی و ئارام، گرێدراوی بەزم و ئاهەنگی ئایینی شێخانە و ڕیازەت تا رادەی چلە کێشان (بە خۆداچوونەوەو ڕیازەتی تایبەت لە پێناو نزیک کەوتنەوە بە مەعبوود ڕەوشتیان بوە)، ئەوە کە دەبێ کۆنتر لە خزمەت هێمای دین بەڕێوە برابێ. هیشتار لە سەرجەم هەورامان و کوردستان تێڕوانین و باوەڕی ئەوتۆ ئەویندار و ئۆگری خۆی هەیە.

چلە خانەی مزگەوتی خزری زیندوو وەک ناوەندی هەرە کۆنی باوەڕمەندانی ئایینی لەم گەڕەکە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لەم پێوەندیە دایە.

دوای جێگیر بوونی هەر ئایینێکی نوێ خەڵک بە شێوازی تایبەت حەولیان داوە بە گوێرەی توانا نەریتە کۆنەکانی خۆیان لە دووتوێ ئایینی زاڵ بوو پارێزگاری بکەن. هەرچەند لە ئایینی پیرۆزی خەڵکی مۆسڵماندا هەندێ بەربەست لەم پێوەندیەدا هەیە بەڵام لە هۆرامان جۆرێک لە سازان لە گەڵ باوەڕ و نەریتی پێشووی خەڵک چێ بوە. گۆرانی (هۆرە و سیاچەمانە) و هەڵپەڕکێ شێخانە لە ڕیزی ئاهەنگ و سەمای زیندووی ڕۆژانەی خەڵکی هۆرامان بە نێوەرۆک و تامو چێژی تەواو خۆمالێ دا جێ تایبەتی پارێزراوە.

ناکرێ و نابێ پارێزرانی دانسقەی ئەو تایبەتمەندیە کە بە تەواوی عاشقانە و تێکەڵ بە خۆشەویستیەکی مەزن باڵا نوێنی هەموو پێکهاتە سرۆشتی و مرۆیی ناوچەکە تێدا ڕەنگ دەداتەوە بە بێ ڕیشەی کۆن یان بە واتەی ئێمرۆ "ژنتیک" لێک بدرێتەوە. ئەوە زانستی سەردەم سەلماندویەتی و حاشا هەڵگر نیە.

ڕەنگە دوور لە راستی نەبێ ئەگەر بوترێ سەرەتا گۆرانی و سەمای ناسراو بە شێخانە بۆ پەسن و بەجێ هێنانی ڕیورەسم لە بەر دەم شێخۆ (خوای ئایین لای ڕەگەزی کاسی) بە دی هاتبن.

ئاسەواریتری کاسێ کان هەر لەم گەڕەکە بە ناوی "هانەی کۆسی ئاوان = کانیاوێک کە کۆسی کان ئاوەکەیان کانآ کێشی بۆ کردوە". تا ئەم دواییانە بۆ خەڵکی پاوە ناسراو بوو. شیاوە لێرە دا بخرێتەوە بێری خوێنەر کە کانآ کێشی ئاو لە سەردەمانی کۆن دا لە کارەکانی ڕەگەزی کاسی دەژمێردرێ. ئەم پێشینە لە هۆرامان ئاسەواری بە جێماوی زۆری هێشتار ماوە. شوێنێک بە ناوی (مەندە جۆ) و جۆگە ئاوەکانی، جۆ دەگا-ی، جۆ مارفت، جۆ گلان، جۆ مەرێ، جۆلیان، جۆشاوی،جۆ پشتەی، جۆ گولالێ، لەوانەن.

دیارە کانآ کێشی کۆنی ئاوی شار هاوکات بۆ دوو مەبەستی دابین کردنی ئاوی خواردنەوەی شار و ئاوداشتنی باخ و باخچەکان و هەر کامە بە مەوداییکی چەند هەزار گەزی بە بێ سەرنج دان بە ئەندازیاری زەوی ناسی نەبووە. هەڵبەت جۆگە یا کانالی ئاوی شار زۆرتر سەر پۆشراو بە لە بەر چاو گیرانی چار بەڵەی (دەروو) تایبەت بۆ دابەشکران ڕەچاو کراوە.

وەک لە سەرەتای ئەم بەشەدا دەسنیشان کرا داپۆشرانی ئەم کانالە دوورو درێژە بە بێ پێوەندی دەستوور و بڕیاری ئایینی کە سەرچاوەکەی لە وتەکانی زەردەشتی مەزن و تەنانەت پێش ئەو دەبێ دەس نیشان کرابێ نەبوە. پێشتر ئەم جۆگەی ئاوانە هەموو ساڵێک بە هەرەوەزی خەڵک نۆژەن دەکرانەوە.

بەشێک لە خاوەن ڕایان لەو بڕوایەدان ناوی شێخۆ ڕەنگە لە شەغاییان هوە هاتبێ. بە واتای (تیرو کەمان و (زە) سازان) ئۆستاکاری کەرەسەی شەڕ. نووسەر پێ وایە وشەی شەغاییان لە بەر ئەوە گۆ کردن و مێلۆدی سەر زارهێنانی نامۆ بە زمانی کوردی دێتە بەر چاوو زۆرتر لە گەڵ ڕێنووسی فارسی دێتەوە، وشەیێکی نامۆ بە کوردی و هۆرامیە. تێ بینی دەکرێ دەقی وشەی شەخەڵیان لە شێخ ئاڵیان و شێخۆ نزیک تر بێت. سەر زیاد ئەم گەڕەکە وێرای هەڵکەوتی (هانەی کۆسی ئاوان) تێکەڵاوی خۆی لە گەڵ قەرەمشانی یا قەدیم شاری (کۆنترین بەشی شار) پاراستوە پاراستنێکی ئەوتۆ کە گۆڕستانی زەردەشتیەکان لە بازی (مەکرۆڵی) و گەڕکی مووساییەکان بە ناوی "حەمە دۆساخیان"، (پاشتر باس دەکرێ)، لە تەنیشتی ڕۆژئاوای خۆی هەرکام بە نۆرەی خۆیان ناوەندایەتی ئایینی زیاتری گەڕەکەکە دەسەلمێنی.

بەڵگەیەکیتر بۆ لە راستی نزیک بوونی ئەم بۆ چوونە ئاماژە بە ڕەچەڵەکی نووسەرە کە خۆی خەڵکی ئەم گەڕەکەیە و لە

پێنج پشت بۆ سەرێ بنەماڵە کەی هەموو کەسایەتی ئایینی و مەلا بوون.

هێنانە گۆڕی ئەم پرسە لێرەدا جیاواز لە ئاماژە بە پێکهاتەی میژوویی و چینایەتی پاوە، کۆی شوناسی کورد (میژوویی، دینی فەرهەنگی مەودا درێژ) کە ناسێنەری تاک و کۆ و ژیارەکەی دەخاتە بەر زەینی خوێنەربە بنە ما دەگرێت.

ئەوە وەک پرۆسەیەکی نەپساوی میژوویی کە لەبەر بەرەکانێ گشتیدا پارێزەری کەسایەتی و تێ پەڕاندنی بەرەو دەورانی حازروێرای کێشمانکێشی بەردەوامی مان و نەمان دەژمێردرێ.

کورد دەبێ بە پشکنینی کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی وبەردەی خۆی داهاتووی باشتری جیلی تازە مسۆگەر بکات.

بهزاد خوش حاڵی: انجمن گفتگوی نیک صالحی - هویت کردی بخش ۲ نووسیویەتی:

"اگرچه نمی توان منکرحضور و تاسیر سایر اقوام در آن دوران (هزارەهای قبل از میلاد)و در مناطقی که امروز کردستان نامیده میشود گشت، گسترش و کیفیت پرستش خدایان "سومر"، "اکد"، "بابل" و "اشور" نزد ملتهای زاگروس نشین و ساکنان بین النهرین از اهمیت مطالعاتی بیشتری بر خوردار است.

از مهمترین خدایان این دوران میتوان به، "عشتار" (تشار) خداوند "بابل" (الاهه مادر)، "سین" خداوند ماه،"انلیل" و "میردوک" بابلیها، "هاربه" و "شیخو"ی کاسیها"، "ساخ" یا "شوریاش"،(سوریاس)، (سەریاس) خداوند خورشید، "بوریاش" یا "اوبریاش" (بۆڕیوەر) خداوند باران "و "ایمیریا" (ویمیری) خداوند حامی شاهان و سلاطین نام برد".
تیبینی: نووسینی نێو دوو کرۆشە( ) هی نووسەرە.

پێکهاتەی میژوویی گەڕەکەکانی شاری پاوە؛

بەشی: ۳

گەڕەکە کۆنەکان؛

سەردێ، قەرەمشانی،(قەدیم شاری)، شەخەڵیان، حەمە دۆساخیان، ئاسنگەران، پشتەیان، قەڵاخوان، میرئاوا، زواری...

کاتێک باسی دیار بوونی هێمای پێکهاتەی چینایەتی لە تان و پۆی گەڕەکەکانی پاوە دەخرێتە بەر چاوی وردبینی خوێنەر، ڕەنگە ئەو هەڵێنجانە زانستی و لێکدانەوە سەردەمیانە وەک بەشێک لە پرۆسەی گەشەی سەرمایەداری و دابەزینی شارستانیەت بهاوێژرێتە نێو بازنەی سووڕی خەیاڵی خوێنەر و لە درێژەدا هەستێکی وەهای بۆ بخوڵقێنی کە هێنانە گۆڕی پرسی باس کراو لە گەڵ تارێفی زانستی و ناسراوی چین و چینایەتی ڕابردووی ئەم دەقەرەدا مەودای هەیە.

ئەگەر چێن بە واتا عێلمیەکەی ئێمڕۆ وەرد بدەینەوە بۆ وێنە(چینی کرێکار)، بۆمان ئاشکراتر دبێ لە هۆرامان نەک هەر سەدان ساڵ پێش بەڵکوو ڕۆژگاری ئێستاشی لێ زیاد بکەین بە بێ توانای هێنانە گۆڕی هیچ پاساوێک ئەو ڕاستیە دەسەلمێندرێ کرێکار وەک چینێک نە تەنێ لە هۆرامان لە زۆربەی کوردستان بوونی نیە.

لە گەڵ ئەوە مەبەست لێرە دا ئاماژە بە ئاشکرا کران و بنج بەستنی هێندێ پێکهاتە و تایبەتمەندی هاوشان بۆ بەرەو پیر چوون و شێوازێک لە سامان گرتنی بیری چینایەتی لە پانتایی هزری خەڵک دەنوێنێ کە ئەگەر بە شکڵی ڕابردوو گەشە و نەشەی کردبایە ڕەنگ بوو نە ک چین بە واتای زانستی (سەردەمی ئێمە)، لە هۆرامان سەقامی گرتبا بگرە شارستانیەت بە لقوپۆپی تەواووا تا لێ شین دەبوو.

بۆ وێنە بەرهەم هێنانی جلو بەرگی کوردی (چۆخەو ڕانک، پاپۆش، کڵاش...) کە میژوێکی دێرینی هەیە بەرهەمگەلی دەستی سنعەتی سەرەتایین. ئەوە کە ئەم سنعەتە نەیتوانیوە پێشچوونی زیاتر بە خۆوە ببینی لە ئەسڵی مەسەلەکە واتە هەبوونی تێڕوانین و کرداری کردنی بۆ بەرهەم هێنان و ڕەوانە کردنی بەرەو بازار کەم ناکاتەوە.

مرۆی هۆرامی بەرهەم و دەسڕەنجەکەی خۆی تا ئەنە دۆڵ و شام و بەغدا و شارەکانی عەجەمستان بڵاو کردوەتەوە، جا ئەوە ڕانک و چۆخە یاکەڵاش و کەچک و شانەی سەر و هەرچیەکیتر بووبێ بەرهەمێک بوون کۆمەڵگا پێویستی پێیان هەبوە.

لە بەشی یەکەمدا باسی چەند ناوێک وەک (بانەو ڕکانەی (دەشتی کێبەرکێ = زمین مسابقه = شوێنی گشتی وەرزش،)، بانەو زەماوندگای (دەشتی ڕیو ڕەسمی شایی یا زەماوەند = شوێنی ڕێورەسم، جەمگای گشتی)، کرا. وەک ناوەڕۆک و ناسراوی ئەم دوو شوینە مەودای کەمتر بۆ شک و گۆمان ناهێڵێتەوە دەکرێ تێفکرینی ئەوتۆ لە سەردەمانی کۆندا لە ناوچەیەکی شاخاوی و ڕژدی وەک هۆرامان بە نیشانەی شارستانیەت یا هەر نەبێ سەرهەڵدانی بیری شارستانی لێک بدرێتەوە. سازکرانی بازاری سەردا پۆشراو بۆ هەر کاسبکارێک لە ناوەندی شار کە دواتر دەکەوێتە بەر باس وێنەیەکیتری هەڵکشان بەرەو تێڕوانینی سەرەوەیە.

لە هێنانە گۆڕی وشەو دیاردەی شارستانیەتدا بۆ نێودێر کردنی ژینگەیەک بە شار زۆر دیاردەی جێ سرنج هەیە کە پاوە نە تەنیا پەنجا ساڵ لەمەوبەر کاتی بە فەرمی ڕاگەیێندرانی بە شار لێیان بێ بەش بوو، پاش زیاتر لە پەنجا ساڵ هێشتار هۆتێلێکی ڕێکو پێکی سێ یان چوار ئەستێرەی (وەک پێوانە بۆ هەبوونی مەرجەکانی خزمەت گوزاری) تێدا ساز نەکراوە.

باسی جادە و ناوەندی پێڕا گەیشتن بە زبڵی شار، ئاوەڕۆ و دەیان مەسەلەی پێوەندیدارتر بابمێنێ.
دوور لە راستی نیە بوترێ: تایبەتمەندیە دێرینەکانی هەنگاو نان بەرەو پێوانی ئەم ڕێبازە (شارستانیت) وێرای ئیشارە بە ئەو چەند ئیشارەتە کورتە لە کەمتەر خەمی بەرپرسان حاشا هەڵنەگرە و بۆمان هەیە پێداگری بکەین بنەما و ڕێچکەی ئەم بوارە لە دێرزەمانەوە لە بیر و کرداری دانیشتوان جێگیر بوە. ئەگەر دواتر قەتیس ماوە یان کۆسپ و تەگەرەی هاتوەتە سەرێ بۆ خۆی ئاوڕدانەوەی تایبەت و گشت لاینی گەرەکە ئاوڕدانەوە لە لە سیستمە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی مرۆ (کۆیلەداری، فئۆدالیزم، و سەرمایەداری) لە نۆرمی کلاسیکی خۆیدا لە هۆرامان بوونی وەک لە پێناسەی گشتی ئەو قۆناغگەلە دا شی کراوەتەوە نەدیتراوە.

لە هۆرامان بە پێی مێژووی هەزار ساڵەی دەسەڵاتی بەگزادەکان (عەبدوڵا قازی - مێژووی هۆرامان)، لە بەهمەن کوڕی بەهلۆ ڕا دەسەلات پشتاو پشت بە نەوەی دواتر گەیشتوە.

بەگ لەم مەڵبەندە نە فۆئۆدالْ بوە نە سەرمایەدار. ملکدارەتی (مالێکیەت) لە دێر زەمانەوە لە هۆرامان خاوەنی سرۆشتی سوسیالیستی بوە. حۆکمڕانەکانی هۆرامان سەرچاوەی داهاتی خەڵک نەبوون. ئەگەر ئاوڕ لە ژیان و سامانی دانیشتوانی ناوچەی هۆرامان بدەینەوە ئەو زانیاریە ڕاستیە کە هەر بنەماڵەیەک پارچە باخێک، ئاڵفجارێک، پارچە ڕەزێک وێرای چەند سەر ئاژەڵی خۆماڵی تایبەت بە خۆی هەبوە.

بەگ یا دەسەڵاتدار وەک لە ناوچەکانیتر باو بوە ملکداری مەزن نەبون تا ڕەعیەتیان هەبێ لە سەر زەویەکانی کار بکەن و بە ئەم شێوە خەڵکێک ژیانیان گرێدراوی بڕیاری مالک یان ئەرباب بێت.

لێرە دا ملکانە یا مالیاتی داهاتی بە دەست هاتوو لە بەر هەمی باخ، مەڕداری و هەر داهاتێکیتر لە لایەن نوێنەری شارەزای دەسەڵاتەوە وەرگیراوە. ڕەشایی لە هۆرامان بێ واتا و بوونی نە سەلمێندراوە.

دەکرێ بوترێ بە پێی سرۆشتی ناوچە و داب و نەریتی لە کۆنەوە هاتوو شێوازێکی جیاواز و تایبەت لە هۆرامان

دابەزێندراوە. ئەم ڕێچکە لە باری کۆمەڵایەتییەوە تایبەتمەندی و پێش کەوتنی ئەڕێنێ بە قازانجی سەرجەم کۆمەڵگاکەی تێدا بەدی دەکرێ. لە گەڵ ئەوە لە کۆی گشتیدا بە ڕێژەیەک خەڵک سەرەڕای داهاتی بەرتەسک خاوەنی ژیانی ئاسوودەتر و دوور لەبێ سەقامی سەر عەرزی ژینگەکەیان وەک زۆر ناوچەی دی ژیاون.

ئەگەرگۆشەیەک لە ناوئاخنی شارستانیەت هەنگاو هەڵێنانی بە کردەوە بەرەو ژیانی ئاسودە و دوور لە چەوسانەوەی زیاتری تاک و کۆمەڵگا بە شێوازی پێشووتر لێک بدەینەوە دڵنیاییمان زیاتر دەبێ.

هەر لەم پێوەندیەدا: "مەرێ" پشت بەستن بە ژیانی شورایی لە پەنای بەشێک لە دیارەدە باسکراوەکانی سەرەوەدا گۆشەیەکی بەرچاویتر لە شارستانیەتی دیرینی هۆرامان بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات.

حەمە دۆساخیان؛

لە پێشەکی ئەم بەشە دا وێرای سپاس لە هاوکاری بۆ ڕا دەر بڕین و دەوڵەمەند کردنی نووسراوی بەردەست دیسان خوازیاربوونی سەرلە نوێ لە جێ خۆیدایە بۆ هەرچی زیاتر بە نێوەرۆکتر کردن. خوێنەران بۆیان هەیە پێشنیار و زانیاریەکانی خۆیان بە ئادرەس ئیمەیلی s.babaee@web.de بۆ نووسەر بنێرن کە پێشەکی سپاسیان دەکرێ.

گەڕەکی ناو هاتی لە مەودای نێوان (قەدیم شاری) و (ئاسنگەران) هەڵکەوتوە. دانیشتوانی شار لەو بڕوایەدان سەردەمێکی دوور و درێژ خەڵکی ئەم گەڕەکە باوەڕمەندی ئایینی مووسایی(یەهود) بوون. پیشەی سەرەکیان ئارایشگەری، جەڕاحی (شکستە بەندی)، ددان کێشان و ساز کردنی دەواو دەرمانی خۆمالّی لە گژو گیای ناوچە بوو.

سەبارەت بە بڕوای تایبەتی ئایینی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە خەڵکی بە سالا چوو دەگێڕنەوە: "لە ساڵانی هەرە پێشدا کەسێکی موسڵمان نیشتە جێ (ئاسنگەران) بە ناوی ئۆستاعەباس لە گەڵ کچێکی(جوو) لە خێڵی حەمەدۆساخیان شەیدای یەکتر دەبن. بە پێی یاسای ئایینی ئیسلام ئەگەر کچێک میرد بە موسڵمانێک بکات دەبێ پێش مارە کردن(نیکاح)، کچە دینی ئیسلام قەبوڵ بکات.

دایکی ئەم کچە وەک ناموسڵمانێکی نارازی لە زەماوەندی کچە کەی لە گەڵ موسڵمانێک بە تایبەت کاتێک کچەکەی ئامادە دەبێ دینی خۆشەویستە دڵ پێ دۆڕاوەکەی قەبووڵ بکات درِ دۆنگی خۆی ناشارێتەوە، حەول دەدا کچەکەی ئامۆژگاری بکات بەڵکوو لەو بڕیارە داویەتی پەشیمانی بکاتەوە.

لە نێو حەوشە یان هەیوانی ماڵە کەیان بە خەیاڵی ئەوە کەس گوێ لێ نابێ بە کچە کەی دەڵێ: "نەسیمە [ناوی. کچەکە]، موسڵمان مەبە، ئەگەر موسڵمان ببی درۆزن دەبی. نەسیمە مسڵمان نەبی، ئەگەر مسڵمان بیی دز دەبی. نەسیمە موسڵمان مەبە، ئەگەر مسڵمان ببی... و... بەڵام سەرەڕای ئامۆژگاری و نارازی بوونی دایکی نەسیمە ئەویندارى ئۆسا عەباس دەست لە خۆشەویستەکەی هەڵ ناگرێ و زەماوەندی لە گەڵ دەکا.

بەگشتی وەک لە مێژووی سینگ بە سینگ، نەریت و سەربردەی دانیشتوان و ئەوە نەسڵ بۆ نەسڵ بە نەوەی ئێستا نەقڵ کراوە لە دەسپێکی پێش چوونی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و پەرە ئەستاندنی فرە باوەڕی ئایینی بە هەموو جیاوازی بۆ چوون و تێڕوانینی ناساز بەرانبەر جۆری بیرکردنەوە وەک ئەو کورتە ئاماژەیە لە سەرەوە باس کرا، تا ماوەی نزیک بە سەت ساڵ پێش تێکەڵی فرە چەشن لە نێو باوەڕمەندانی جیا ئایین بە بێ قڕە لە تەبایی هاوشانی حورمەت پارێزی بەرانبەر بە هەڤدوو لەم دەڤەرە بە میراتی جێ شانازی بۆ نەوەی داهاتوو تۆمار کراوە

.

هاوکات لە گەڵ ئەوە زیاتر لە پانسەت ساڵ پێش گۆندێکی تەنیشت شاری پاوە بە ناوی شێخان ناوەندی ئایینی کوردی (یارسان) بە ڕێبەرایەتی سۆلتان ئێسحاق بوە. لە هەمان کاتدا پاوەبە مەوداییکی زۆرکەم لە شێخان ژینگەی باوەڕمەندانی ئایینی ئێسلام لە ناوچەسەرحساب کراوە وێرای ئەوە هیچکات کێشەیەکی تاڵی ئەوتۆ کە شیاوی مانەوە لە زەین و بیرو هۆشی خەڵکەکەبێ نە سەلمێندراوە. سەرپاکی داستانی پێوەندیدار، نەقل و نۆکتەی باوی کۆمەڵایەتی لە پێوەندی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ئەم جیا باوەڕیە لیپاو لیپ لە حورمەتی بەرانبەر بە بێ تووڕە بون و درِ دۆنگی هەمبەر یەکتر لە مێژووی ژیانی تێکەڵاوی دانیشتوانی دێرینی ناوچەکەیە. پێداگری پاراستنی ڕێز و شکۆمەندی گلکۆی زۆر کەسایەتی یاری باوەڕان و بە ناوەند بوونیان بۆ بەسەر کردنەوە وەک شووێنی پیرۆز خۆی نیشانەیەک لە پلەی بەرزی تێگەیشتنی خەڵکی دەڤەرەکە بەرانبەر مێژووی دێرینی خۆیانە.

بارەگای سۆلتان ئێسحاق ڕێبەری ئایینی یارسان لای باوەڕمەندانی مۆسڵمانی ناوچەکە هاوشانی بارەگای پیر و مەزنانی ئایینی ئێسلام ڕێز و حورمەت و بەسەرکردنەوەی شکۆداری پارێزراو ماوەتەوە.

بازاری سەردا پۆشراوی لەمێژینەی شاری پاوە بە ناوی "بازارەگەورە"، کە بە داخەوە دەوروبەری ٤٥ ساڵ پێش بە تەواوی تێکدرا و کەمترین ئاسەواری لێ بەجێ نەماوە دەکرێ یەک لە هێما هەرە گرینگەکانی شارستانیەتی مۆدێرن لەم شارە دنیشان بکرێ. وەک تۆمارگەی مێشکی نووسەر بڕ بکات لە قەساب خانە، قماش فرۆشی، کەلوپەل و کەرەسەی نێو ماڵ، کەسابەتی جۆراوجۆر تا دووکانی سەبزی و مێوەجات لەو سەروبەندەدا وێرای زۆر پێداویستی تری خەڵکی لێرە دەست دەکەوت.

ئەم بازارە سەردا پۆشراوە خاڵێکی هاوبەشی گرێدانی دوو گەڕەکی ئاسنگەران و حەمەدۆساخیان و سەرپاکی شار دەژمێردرا. کانی و حەوزو ئاوی ژنانە و پیاوانە بۆ کەڵک وەرگرتنی هەردوو گەڕەکەکە لە لای خوارەوەی کاناڵی ئاوی خواردنەوە "جۆدەگای" لە خۆ دەگرت.

خاڵێکیتر وەک نیشانە و بەڵگەی بەر چاوی شارستانیەتی دێرین بە لە بەرچاو گرتنی ڕێژەی نفووسی ئەوکاتی پاوە (بە کۆی گشتی ١٢٠ ماڵ)، هەبوونی دوو حەمام بە مێعماری کۆن (حەمامی میرزا محمود لە سنووری گەڕەکی شێخ ئاڵیان - حەمەدۆساخیان و حەمامی سەردێ لە گەڕەکی سەردێ) لە پاوە نیشانەی گرینگی دان بە پاک و خاوێنی و لەش ساقی ڕیشەدار لە باوەڕی کۆنی ئاییینی زەردەشتی پێش سەرهەڵدانی نیشانەکانی پێشکەوتنی ئێمڕۆیی دەژمێردرێ. ئەم دوو حەمامە سەر لە بەیانیان بۆ پیاوان و نیوەڕۆیان تانزیکەی ئێوارە ژنان کەڵکیان لێوەر دەگرتن. بە داخەوە پاشتر نەم دوو بۆنیاتە مێژووییە بەتایبەت لە باری مێعماری وەک هەر ئاسەوارێکیتر تێکدران.

ئاسنگەران؛

گەڕەکێکیتر لە پاوە کە تا ئەم دواییانەوەک لە ناوەکەیڕا دیار دەکەوێ پیشەی ئاسنگەری واتە ساز کردنی کەرەسەی لە ئاسن سازکراو وەک پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی شارو دەوروبەر سەرقاڵی ئەسڵی ژیانی ئەوانی پێک هێناوە.

خەت، یاسا، و عێلم و سنعەت لای سۆمێریەکان سەری هەڵداوە. یونانیەکان زانست،تەبابەت و ئەستێرە ناسییان لەوان، (سۆمێریەکان) گرتوە.

تێکەڵاوی هۆرامان لە گەڵ سۆمێر، بابل و ئاشوور لە بەر هەڵکەوتی سەختی ژینگەکەیان بۆ دیفاع لە سەراوەندی پێدەشتەکان، قایم و ئەمن و ئەمان بوون بۆ جێگیر کردنی خودا و سەروەت و سامانی پیرۆز، هەروەها ڕێگەی لەشکر کێشی

و پاشەکشێ شەڕە مەزنەکان، سەر ڕێ خۆراسان بۆ بەغدا و شام بوە.

ئەمە بەشێک لەو پێوەندیانە لە گەڵ دونیای دەرەوەی پێک هێناوە کە بوەتە هۆی گەشە سەندنی بیر و هۆش و زەینی خەڵکی ناوچەکە. شاخی شاهۆ ٣٠٠ تا هەشت سەت هەزار ساڵ پێش خەڵکی تێدا ژیاوە. کەرەسەی لە بەردە چەخماخ ساز کراوی بیست هەزار ساڵ پێش لە ئەشکەوتێکی لای پاوە گوندی (نۆسمە) دیتراوەتەوە. کەلە سەری مرۆڤی بەرلە ٦ تا هەشت هەزار سال لە ئەشکەوتی قۆری قەڵا نزیک شاری پاوە دۆزراوەتەوە. دەبێ لە زانکۆی ڕازی کرماشان ڕاگیرابێ.(**)

بە پێ هێندێ لە نیشانەکان سنعەت و کاری دەستی ئاسنگەری لە ڕۆژگارانی کۆنەوە لە هۆرامان باو بوە. لەوانە: ساز کردنی کەرەسەی کۆڵینی زەوی وەک قوڵەنگە (زەنگن)، گاوە سن، پاچ، چەرخی کۆزەگەری، چنینی خام (هەڵاوە)، ساز کردنی چەرم، دووڕینی کەوش وچنینی کەلاش، چۆخەو ڕانک دروست کردنی کونە، جوادە لە پێستی حەیوان (بۆ ڕاگرتن و گواستنەوەی ئاوی خواردن) مانێ (سازکراو لە پێستی ئاژەڵ بۆ زەخیرە و همار کردنی دەغڵو دان)، هەلیزە (ساز کراو لە پێستی ئاژەڵ بۆ ڕاگرتنی شیرە مەنی وەک دۆ، ماست، پەنیر و..)، خیگە(بۆ ڕاگرتنی ڕۆن، دۆشاو و...).

یەکیتر لە پیشە هەرە سەرکەوتوەکانی (خەڵکی جوو) یەهودیەکانی هۆرامان و سنە ڕەنگ ڕەزی بوە. ئەوان بە کەڵک وەر گرتن لە پیستی هەنار، جەوت، مازوو، پێستی تازەی گوێز و تێکەلاو کردنی گیاو گۆڵی تر سنعەتی ساز کردنی ڕەنگی جیاواز یان لەم مەڵبەندە دارشتوە. پێشتر ئەم سنعەتە تایبەت بە ئەوان وەک نەریت تۆمار کراوە.

ئاشی ئاوی، همە و کەنووبۆ همار کردنی دەغلو دان و ئارد هەروەها دێزە، گۆزە و بۆرپەئاو وەک پێداویستی ڕۆژانە لە گەڵ کەرەسەکانی تر کە لە بەرد ساز کراون هەر وەها قوماشی چۆخە و ڕانک و پا پۆشی هاوێنی کلاش لەو بەرهەمانە دەژمێردرێن، هێشتار قسەی یەکەم لە بەرانبەر قۆماشی مۆدێرن دەکەن و جێی وڕێ تایبەتیان لە نێوکۆمەڵگادا پارێزراو ماوەتەوە. ئەمانە وەک دەسکردی خۆمالی لە ڕیزی سنعەتی دەسکردی ناوچە کە دان. بە داخەوە هاوکات لە گەڵ گەشەی سە نعەتی نوێ وێرای پێشینەی پڕ بایی بە هۆی تێڕوانینی تایبەت! هۆرامان وەک سەر پاکی کوردستان نە تەنی لە بواری سنعەتی بەڵکوو لە زۆر بواریتردا پەراوێز خراوە.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەم جۆرە سنعتکاریە دەستی و دێرینە کەلەپووریانە بە تەرخان کردنی بووجەی تایبەت و پاڵپشتی دەوڵەت پارێزگاری دەکرێن. لە وڵاتی کوردستان هێشتار ئاوڕی شیاوی خۆی لەم بەشە گرینگ و میژوویە نەدراوەتەوە!

ناودێر کرانی گەڕەکێک لە شاری پاوە بە "ئاسنگەران" وەک ئاماژەی پێ درا نابێ گرێدراوی تایبەتی لە گەڵ کەسب و کار و پیشەی ئەم خەڵکە نە بووبێ. دابەشکرانی سەرتایی هاو پیشەکان لە هەر گەڕەکێک لە دەورەی یەکتر وەک لە سەرجەم پێکهاتەی شار دەر دەکەوەێ ئەو ڕاو بۆ چوونە بە قەوەت دەکا ئەم دابەشکاریە پیشەییە بە گوێرەی نەریت و باوەڕی کۆن دا ڕیژرابی. گەرانەوە بۆ مێژووی قبالەکۆنەکانی هۆرامان کە ئێستا لە موزەخانەی بریتانیا (BRITISH MUSEUM) ڕاگیراون و ئەو ناوەرۆکە، کە زیاتر لە ٢٠٩٠ ساڵ پێش خەڵک ئالۆێری ئابووری بەرنامەدار وەک ئیجارەی باغە رەز لە کرداری ڕۆژانە تۆمار کردوە ئەگەری دابەشینی زانستیانە بە دەستەوە دەدات.

کۆچی دۆ ئۆستا کاری ناو داری خەڵکی پالەنگان لە ڕۆژگارانی زوودا بۆڕاوە و نیشتە جێ بوونیان لە گەڕەکی ئاسنگەران واتە ئەو شوێنە کە نابێ بە هەڵە و هەڵکەوت بۆ کارو ژیان هەڵیان بژاردبێ بۆ خۆی بەڵگەیەک لە هەبوونی ڕیشە و دەرەتانی درێژەی ئەم بواره لە سنعەتی دەستکرد بە پێی پێویستی شار و دەوروبەرەکەی بوە.

ئەم دوو برا ئۆستاکاره ئاسنگەرە بە ناوەکانی (ئۆستامحمد و ئۆستا سالح) بە وتەی دەم بە دەمی خەڵک لە پیشەی خۆیاندا سەرکەوتوو، خاوەن زەوق و کارامەبوونی تایبەتیان لە خۆ نیشان داوە. نەقڵ و گێڕانەوەی هەبوونی ١٣ کووڕەخانە وەک ناوەندی ئاسنگەری لەم گەڕەکە کە ئاسەوار و تێکۆشانی پیشەیی مەودا دووری بەشێک لە ئەو بنەماڵانە تا سەردەمی ژیانی ئێمە سەربردەی ئەم رابردوە دوورو درێژە دەسەلمێنێ. (١)

دەبێ خەڵکی بە ساڵا چووی پاوە وێنەی ئۆستاد عەزیزی ئاسنگەر - یان لە کۆتایی ساڵەکانی چل دا باش لە بیرمابێ کاتێک لە گەڵ تفەنگە برنوەکانی دەسکردی خۆی لە ڕۆژنامەی ئێتلاعات یان کەیهان وەک ئاشکراکردنی کارگەی ئەسڵەحەسازی لە قاو درابوو. مزگی (حاجی عۆسمان) یکیتر لە نوێژگە کانی شار لە ئاسنگەران ناوێکی ئاشنا لای خەڵکی پاوە دەژمێردرێ.

لە گەڵ سپاسی برای خۆشەویست کاک مزەفەر میتران بۆ دەربڕینی تێبینیە بە کەڵکەکانی.

ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٢

پێکهاتەی میژوویی و چینایەتی شاری پاوە:

گەڕەکە کۆنەکان:

سەردێ، قەرەمشانی، (قەدیم شاری)، شەخەڵیان،

حەمە دۆساخیان، ئاسنگەران، پشتەیان، قەڵاخوان، میرئاوا، زواری...

ئاوڕدانەوە لە نێوی گەڕەک، دابەش کران، پیشە یا ڕابردووی خەڵکی نیشتە جێ ئەم شارە هەر نەبێ پێش ٤٠ تا ٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا هێندێ لە ڕاستیە کانی پەیوەست بە میژووی دێرین و ڕەنگە چەند هەزار ساڵەی دەخاتە بەردستی تامەزرۆیان .

بۆ زانینی میژووی پشت بەستوو بە زانست و بە سەرهاتی ڕاستە قینەی ڕابردووی هەر ناوچەیەک لە بەر دەست بوونی بەڵگەنامەی بە دەست هاتوو لە ئاکامی پشکنینی کەونینە ناسان و بەڵگەی نووسراو لە دوو تۆێ کتێب و قباڵە و بەیازی کۆن لەو مەرجانە دەژمێردرین کە دەرەتانی حاشا لێ کردنی هەر سەربردەیەک لەم بوارەدا بەربەست دەکەن، بەڵام لە وەڵاتی ئێمە بە زۆر هۆکار کە ڕەنگە باس کردنیان لێرە نەگونجێ نە مەیلی دەسەڵاتداران بەرەو ئەم بوارە سووڕاوە و نە دەرەتان، بووجە و کەرەسەی پێویست خراوەتە بەر دە ستی پسپۆڕ و خوازیاران تا بە دەستی ئاوالە و بێترس بتوانن لە ڕابردووی خۆیان بکۆڵنەوە!

لە پێوەندی ئەم باسەدا نووسەر پێ وایە ناو، ناوو نیشان، وتەی کەسایەتی بە سااڵ چووو گێڕانەوەی سینگ بە سێنگ، ئاماژەی شاعیر و زانایانی سەدەکانی پێشوو، ناوەرۆکی بەیاز و قەبانەی کۆنی خانوو و ملک و ماڵ توانای ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێ پەنجەی ئاماژە بۆ تایبەتمەندی گەلێک درێژ بکەین کە هێشتار بە جۆرێک لانی کەم بە پێ سرنج دان بە بەردەوامی داب و نەریتی پارێزراو تیشک هاوێژ بن بۆسەر بەشێکی هەرە کەم لە ڕاستی ژیانی ڕابردووی خەڵکی ئەم دەڤەرە.

لانی کەمی قازانجی ئەم نووسراوە ڕەنگە ئەوە بێت زەین و هۆشی نەسڵی نوێ بخاتە سەرهێڵی بیر کردنەوە بۆ دەوڵەمەند کردن، ڕێگری لە فەوتانی زیاترو تۆماری هێشتار بە تەواوی نەفەوتاوەکانی میژووی دەوڵەمەندی مەڵبەندەکە.

شاری پاوە بەتایبەت و ناوچەی هۆرامان بە گشتی خاوەنی تایبەتمەندی گەلێکی دێرین و ڕەسەنی ئەوتۆیە کە دانسقە بوون و سەربردەی تایبەت بە خۆی دەخاتە بەر چاو.

لە نێو شاری پاوە وەک دانیشتوان باسی دەکەن پێشینەی زۆر کۆنی هەبوونی نۆ (٩) گەڕەک هەرکام بە تایبەتمەندی و پێناسەی خۆیانەوە. بوونی نۆ (٩) ئاشی ئاوی لە دەوروبەر و نۆهورمزگا (مزگی = مزگەوت) تا هەنووکە بە دڵنیایی باس دەکرێ.

(دیارە ژمارەی نۆ ناکرێ بە جۆرێک پێوەندی لە گەڵ (٩٩) ژمارەی پیرۆزی سۆمریەکان و ژمارەی نۆ (٩)لە ئایینە کۆنەکانی تری ناوچە (زەردەشتی) هەروەها ئایینی مووساییەکان و (٩٩) پیری هۆرامان لە ئایینی کوردی (یارسان) کە زۆری ڕێبەر و دامەزرێنەرانی خەڵکی ناوچە کە و زمانی پیرۆزیان زمانی ئاخاوتنی خەڵکی دەڤەرەکەیە بە بێ پێوەندی لێک بدرێتەوە).

تایبەتمەندیتری ئەم شارە هەبوونی ناوەند و مەڵبەند گەلێکە لە ڕووی ناو و نەریتی هێشتار پارێزراو، هەڵگر یا وەرگێڕی داستانی شێوە شارستانیەتێکن کە پێویست بە بەدواداچوونێکی وردتر دەکا.

بانەو ڕکانەی:

بۆ وێنە لە سەراوەندی شاری پاوە بناری شاهۆ شاخی ناسراو بە "ڕژ" گۆڕاییێک هەیە کە لە ئاخاوتنی خەڵکە کەدا (بانەو ڕکانەی)پێ دەوترێ. بان لە هۆرامیدا بە واتای گۆڕایی و ڕکانە کێبەر کێ و مسابقە لێک دە درێتەوە. ئەمە لە کۆی گشتی دا بۆ شوێنی کێ بەرکێ (مسابقە) ناوی لێ نراوە. "بانی ڕکانە" تا چەن دەیە لەوە پێش شوێنی یاریە خۆمالێیەکان و ڕابواردنی وەرزشی لاوان و گەنجانی شار بوو. یاریەکانی: کلاو ڕفانکێ، قولە شەڕان، گورز و خەت، کێلو بەرد، کەکە پڕێ، سنگ و باز و... وێرای داوەت و هەڵپەڕکێ و ئاهەنگ گێڕانی هەمە چەشن بە پێ نەریتی کۆمەڵی کوردەواری بوو.

"بانەو زەمەنگای، زەماند گا": لە لای خواروی شار گۆڕاییەکیتر هەبوو لە ڕووی ناوە ڕۆکی ناوەکەیڕا دەبێ سەردەمێک شوێنی ڕێوڕەسمی ئایینی و بە جێ هێنانی زەماوەند و کۆبوونەوەی گشتی ئەوتۆ بووبێ.

(مەر)، (مەرێ)، (دەرەو مەرێ)، (جۆ مەرێ)، (هانەو مەررێ)، (ژێرەو مەرێ)، لە سەر جەمی خۆیدا کەسایەتی یان مەڵبەندێک دەس نیشان دەکا کە تێ پەڕین لە قەراغیدا حاشاکردن لە ڕەمزو ڕازێکی هێشتار لە پەردە ماوی مێژووییە.

مانەوە یان پارێزرانی ئەم ناو گەلە خۆی لە ئاخاوتنی وێژەیی و ڕۆژانەی خەڵکدا بۆ نەسڵی پاش خۆی، هۆمێدی داکۆکی لە نەریتێکی پیرۆز بە گوێ نەسڵی نوێدا بانگەواز دەکا.

لەم دەڤەرە ئەشکەوتی زۆر هەن کە هەرکام لە ڕووی ناو و نێو بانگ دەناسرێنەوە. سرنج ڕاکێشە وەک لە دووتوێ ناوی ئەم ئەشکەوتانە دەردەکەوێ پێکهاتەی چینایەتی و ئەوە کە سەردە مێک ژینگەی خەڵک بوون پێوەیان دیارە

بەشێک لە ئەشکەوتە ناسراوەکان ئەمانەن:

مەڕە گاوان، مەڕە خێڵ، مەڕەسان، مەڕە میر، مەرەو - هەڵۆی، مەرە ماران (مادان)، مەرە تاو، حەفت سواران، مەران (کۆمەڵێک ئەشکەوت)، مەڕەسپان.

بۆ ئاگاداری کەسانی نا شارەزا بە یاگەوانی(جۆغرافیاو هەڵکەوتی سرۆشتی) پاوە دەبێ ئەوە زیاد بکری لە پاوە زەوی گۆڕ (تەخت) دەس ناکەوێ. لە سەر ئەم بنەما ئەگەر کەمترین ئەندازەی زەوی گۆڕ دەستی دابێ بۆ مەبەستگەلی گرینگ کەڵکی لێ وەر گیراوە.

گۆڕستان:

لە پاوە بەر لە سەقامی دەسەڵاتی ئێسلام لە سەردەمە جیاوازەکاندا دوو شووێنی تایبەت بۆ گۆڕستانی زەردەشتی و یەهودیەکان دەناسرێتەوە. پاش دەسەڵاتی ئێسلام دیسان ئەم شارە دوو گۆڕستانی تا ئێستا هەیە. "بازی مەکرۆڵی" بۆ زەردەشتیەکان و بازی مووسایان بۆ یەهودیەکان. بازی = تەپە. گۆڕستانی "مەرقدی حاجی و ملا مەقسود" هی سەدەمی ئێستاکەن.

گەڕەکە میژوویەکان:

سەردێ؛

شاری کۆنی پاوە بە گوێرەی سروشتی ناوچەکە، داکشاو لەڕووی قەدپاڵی بناری بەرزایی دەرەی (سەردێ) وەک یەکەم گەڕەک لە سەراوەندی شار واتە داوێنی ڕشتە کێوی شاهۆ بەرەو لووتکەی "مەسناو" واتە گەڕەکی (میر ئاوا)، وەک سەرجەم

پاوەی کۆن یا "دەگا" دەناسرێتەوە. گەڕەکە کۆنە کانی تر لە نێوان ئەم دوو گەڕەکە هەڵ کەوتون.

دیارە پاوەی کۆنتر لە سەر بنەمای پشت بەستن بە وتەی باو لە سەر زاری خەڵکی بە سالا چوو دەبێ لە نێوان (سەردێ) و (بنێ) کە سەروخواری پاوەی کۆن دەس نیشان دەکا هەڵکەوتبێ. بەپێ هەندێ ئاسەوار ئەوە بۆ سەروبەندی پێش زاڵ بوونی باوەڕی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە. لەوانە ساز کرانی بینای مزگەوتی "حەزرەتی عەبدوڵا" لە خوارەوەی سنووری ئەوکاتی دەگا (بنێ) شیاوی باس کردنە.

وشەی (دەگا) لە هۆرامان بە گشتی بۆ ژینگەی سەقامداری خەڵک لە کۆنەوە گۆ دەکرێ. دەگا - و پاوەی (شاری پاوە)، دەگا هۆرامان (شاری هۆرامان)، دەگا گا (ژینگە)، دەگا - و داریانی(ژینگەی داریان)، دەگاو - هەجیجی (ژینگەی هەجیج). لە بەرانبەر وشەی دەگا، (دەرە) هەیە کە زیاتر ژینگەی کورت ماوەی هاوینان(هاوینە هەوار)، و خانووی کەڵک لێ وەر گیراوی ئەم ژینگە وەرزیە بە "کەوێڵ" لە نێو باغ و مووچەو مەزرا و کەلار لە شاخ و بەندەنان گۆ کراوە.
شاری نوێی پاوە بە هۆی هەڵکشانی ڕێژەی نفووس و کۆچی خەڵکی دەوروبەر بە تایبەت لە سەردەمی شەڕی دە ساڵەی ئێران - عێراق بە دواوە گەڕەکی زۆرتر و پانتایی لە نێو شیوو دۆڵەکان لە خۆ دەگرێ. لە راستیدا بەشی نوێ ساز کراوی شار هەر چەند کەمتر ئاوەزی سرنج خراوەتە سەر موهەندسی عێلمی شار سازی، بەلام لە سەر یەک ڕومەتی بە تەواوی جیاوازی بە شارەکە بەخشیوە. ئەگەر ئاوڕ لە پێکهاتەی کۆن و مێژوویی تایبەتی ئەم شارە بۆ پاراستنی نەدرێتەوە ڕەنگە بە ئەوپەڕی کەسەرەوە تا یەک دوو دەیەیتر کەمترین ئاسەوار لە مێعماری دانسقە و تایبەتی ئەم شارە لە سەر پێ نەمێنێ!؟

مرۆ بە دڵنیاییەوە دەتوانی پێداگری لە زیانی مەزنی ئەم کەمتەر خەمیە بۆ پارستنی پێکهاتەی کۆنی شار وەک یادگارێکی مێژوویی بکات. (دواتر لەم پێوەندیە دا پێشنیاری پێویست دەخرێتە بەر دەستی کار بە دەستانی دڵسۆزی خۆمانی).
سەردێ: وەک یەکەم گەڕەکی هەڵکەوتوو لە لای سەرووی شار دەبێ لە کۆنەوە ناوەندی عێلم و زانست و خوێندەواری شار بووبێ. بەس لەوە دەکرێ "ناوی سەردێ دەبێ لە سەرداو یا سەرداوە ڕا هاتبێ کە ئەوە خۆی بۆ کاتی باوەڕمەندی خەڵک بە ئایینە کۆنەکانی پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە. لەم سەرداو (سەرداب) دا خەڵک بە پێ باوەڕی ئایینی (وەسڵی تەعمید) دراون.

بینای سەرەتایی شوێنی مزگەوتی جۆمعەی پاوە بە وتەی مێژوودەگەڕێتەوە بۆ دەورانی دەسەڵاتدارەتی ئەشکانی، کاتێک کە بۆماوەیەک هۆرامان ژێردەستەی ئەرمەنستانی مەسیحی بوە. باوەڕمەندانی ئایینی مەسیح ئەسقەف مێترانی ئەرمەنستانی کەنیسەی مەزنی لەم جێگایە ساز کردوە و لە دەوروبەری سەرداو(حەوز ئاو) بۆ وسڵی ئەعمید (خاوێن کردنەوەی جەستە بە

ئاوی پیرۆز وەک یاسای ئایینی) بە پێویست زانراوە. ئەوە بۆ ساڵەکانی ٥٠ی زایینی دگەڕێتەوە.(*)

گەڕەکی سەرداوەکان کە پاشتر بە هۆی کورت کرانی ناوەکە بە "سەردێ" گۆ کراوە بە وتەیەک دەبێ لێرە ڕا سەرچاوەی گرتبێ. ئاڵوگۆڕی دەسەلاتەکان و جێ گۆڕکێ ئایینەکان هەموجارێ داب و نەریت تا ڕادەی جۆری مێعماری و پۆشاکی تووشی خەڵک یا نیشتەجێ ژیانی کردوە.

لە سەردەمی ساسانی ئەم شوێنە هەمدیس بە ئاورگە یە ناوندی ڕێوڕەسمی ئایینی زەردەشتی جێ گۆڕکی دەکا. بە زاڵ بوونی موسڵمانەکان لەم ناوچە هۆرمزگاکان دەبن بە مزگەوت. ئەم جارە تا هەنووکە وەک مزگەوتی جومعە سەقم دەگرێ. حەوزاوەکان دەبن بە حەوزی خۆ شوشتن "وسڵ" وەک ڕیو ڕەسمی موسڵمانان. هەڵبەت ئەم سەرداوگەلە تا ئەم دواییانە لە تەنیشت زۆر مزگەتاندا پارێزراو بوون. (دیارە بۆ وسڵ دان و شوشتنی مردوەکانیش کەڵکیان لێ وەردەگیرا).
ساڵانی پێش کاتێک بینای مزگەوتی جومعەی پاوە لە گەڕەکی سەردێ نۆژەن کرایەوە بە پێ وتەی چەند کەسێکی شایەتحاڵ ئاسەواری گۆڕی هەرە کۆن لەکاتی هەڵکۆڵین دیتراون.
هەبوونی بارەگاییێکی پیرۆز لە ژێر نێوی "سەی مەحمود ئەسفەهانی" کوڕی سید ئەحمەدی مەکی هەڵگری داستانی کەسایەتیەکی ئایینیە کە بەشی سەیدەکانی ئەم گەڕەکە دەبێ لە تۆرەمەی ئەو بن. گوایە لە دەورانی سەفەویەدا بۆ پاراستنی باوەڕی ئایینی خۆی، بەرانبەر زەختی سەفەویەکان بۆ بە شیعە کردنی خەڵک ڕووی بەرەو ناوچەی ڕژد و شاخاوی هۆرامان نابێ. هەر لەم پێوەندیەدا ناوەندی پەروەردەی ئایینی شار بۆ نیشتە جێ بوون هەڵدەبژێرێ و بنە مەڵە پێک دێنێ.

سەرهەنگ نقشبەندی یەک لە کەسایەتی بە ساڵاچووی سەیدەکانی سەردێ ئەم وتە پشت ڕاست دەکاتەوە کە بنەماڵەکەیان لە ساداتی وەچەی سەید مەحمودی ئەسفەهانی و ئەم زاتە بە پێ کتێبی (میژووی تەسەوف) دەبێ دەورو بەری ساڵەکانی ٩١٠ی کۆچی بۆ پاوە سەفەری بێ گەڕانەوەی کردبێ. سەید نورالدین لەو بڕوایە دایە لە بەر ئەوە ژینگەی ڕەچەڵەکی ناوبراو لە ئەسفەهان (سەدەی) نێو بوە ناوی "سەدە" بۆ ژینگەی نوێ لە پاوە هەڵدەبژێرن کە ئەم ناوە بەرە بەرە بە هۆی سوان بە سەردێ گۆ دەکرێ. (**)

هەڵبەت شیاوە بوترێ لە پاوە تەنیا چەند بنەماڵەیەکی ئەم گەڕەکە وەک خەڵکی کۆنی شار خۆیان بە سەید ولە تۆرەمەی محمودی ئەسفەهانی دەناسێنن. دیارە ڕەگەز نامەی ئەم بنەماڵە گرێ دراوی ئەم وتەیە. بەشێک لە سەیدەکانی سەردێ لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتی بەگزادەکانی هۆرامان ڕوویان لە کرماشان نا و لەوێ نیشتەجێ بوون. کەسایەتی ئایینی

هەڵکەوتەیان خەڵیفە سەید عەلی نقشبەندی هەڵبژێردراوی شێخ حسام الدین نقشبندی ڕێبەری تەریقەتی نەقشبندی بۆ ڕێنوێنی باوەڕمەندانی سەربە مەزهوی شافێعی لەم شارە بوو کە بینای مزگەوتی جومعەی شافێعیەکانی کرماشانی دارشت (**).

جیا لەم کەسایەتیە وەک ئاماژەی پێدرا سەردێ ژینگەی ڕەچەڵەکی ناسراو بە عولەمای "زیایی" دەناسرێ کە پشتاو پشت چەندین کەسایەتی بڵیمەتیان لە خوێندەواری و مامۆستایەتی فێرگەی ئایینی و بەڕێوە بردنی ئەرکی خوێندەوار کردنی لاوانی شار و ئەوێنداراني خوێندن لە سەرا سەری کوردستانی ڕۆژهەلات وباشوور (فەقێ) لە ئەستۆ بوە.

عێلم جە (ڕووار) ملا جە (پاوە)

سەر چاوەی ئەم وتە مێژوویيە لەوێرا هاتوە کە شاری پاوە لە کۆنەوە ناوەندی پەروەردەی مەلا و خوێندەوار بۆ زۆر ناوچەی کوردستان و گەڕەکی "سەردێ" پێشەنگی ئەم ئەرکە پیرۆزە ژمێردراوە. دیارە هەر لەم پێوەندیە دا مزگەوتی جۆمعەی شار لە هەموو دەورەکانی مێژوودا جیا لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی لە سەردێ و زانایانی ئەم گەڕەکە ئیدارەیان کردوە. یەکەم سەرۆکی پەروەردە و فێر کردن لە هۆرامان بە شێوازی مۆدێرن لە دەورانی پاڵەوی دیسان خەلکی سەردێ مامۆستا (محمد زاهد زیایی ئیمام جومعەی ئەم شارە) بوو.

بە واتەییکیتر سەردێ دارئەلعێلمی پاوە ژمێردراوە.

تێ بینی: بەشێکیتر لە سەیدەکانی سەردێ لە گوندەکانیتری هۆرامان کۆچبەری پاوە بوون.

(*). تحقیقی پیرامون زبان کردی - امیر امینی

(**) کۆپیی دەقی فەرمانی شێخ حسام الدین نەقشبندی لە پێوەندی دیاری کردنی ڕێزدارسەید عەلی بە خەڵیفەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کرماشان.

ڕێکەوتی: ۱۲ی ئەپریلی ۲۰۱۲

(هۆرامان): گلێرگەی ڕەمزو ڕازی دێرین. هێما و خواله پیرۆزەکان:

یەکێک لە لاینە دزێوەکانی دوژمنکاری نەیارانی میلەتی کورد زەبر وەشاندن لە ڕەگ و ڕیشە و هەر چەشنە ئاسەوارێک بوە تا دەوامی بەڵگەی ڕەسەنایەتی دێرین و خاوەندارەتی ئاوو خاکێک تێدا ژیاوە نیشانە بگرن.

لەم پێناوەدا بەستنەوەی کورد بە ئەم و ئەو نەتەوە یا ئێتنیک هەوڵێکی نەپساوە ژمێردراوە تا گرێدراوی کورد بە ڕەگ و ڕیشە، ئاوو خاک، ڕەسەنایەتی ڕەگەزی، سەربەستی و سەربەستی بڕیاردان بۆ ژیانی ئازادی لێ بستینن.

چاو خشاندنێکی کورت بە سەر ئاسەوارە دەرباز بوەکانی کوردستان لە دەستی چەپاوچیان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ ئەگەر ئاسەوارێکی زۆرکەم لێرەو لەوێ وێرای پلانی ڕەنگاو ڕەنگی فەوتێنەرانە لە دووتوێ نێوی شاخ، گوند، شیوو دۆڵ و ناوەندی پیرۆز، قەڵا و... لە قڕ کران ڕزگارییان هاتوە، دیسان حێکایەتی مەزنایەتی ئەم مەڵبەندە لە کەلێن و قوژبنیەکانیدا وەک شاهێدی حاشا هەڵنەگر بە گوێ تامەزرۆیانی ڕاستی دا سەڵا دەدات.

هەڵبەت بۆ گەیشتن بە ئامانجی دڵخواز وعێلمی پشت بەستوو بە ڕای پسپۆڕان پێویست بە ڕەخسانی هەل و دەرەتانێکی ئەوتۆ دەکا کە خوازیاران بە ئێمکان و کەرەسەی سەردەمیانەوە ڕووناکی بهاوێنە نێو قوژبنە تاریکەکانی ئەم بوارە. ئەمەی خوارەوە هەرچەند کەمو کوڕی و ناتەواوی زۆری لەم بارەوە تێدایە بەڵام هەوڵێکە تا ڕاو سرنجی هەر نەبی جیلی تازە پی گەیشتوو و خوێندەواری لاوی وڵاتەکەمان بو بواریکی پڕ لە ڕازو ڕەمزی ئەوتۆ رابکێشی بەڵکوو بە هێمەتی ئەوان لە دوا ڕۆژ دا لە سەر بنچینەی دەولەمەندی دیواری بۆنیات نراوی پڕ لە ڕابردووی بابو باپیرانمان داهاتوێکی گەشو دەوڵەمەند تر بۆ نەوی پاشترمان تۆمار بکەن.

کەماڵە: کەماڵە، ناوی گوندێکی هورامان لە نێوان دزڵی و نۆدشە. لە ئەوێستادا حەوت کەماڵە ی دێوان لە بەرانبەر حەوت ئەمشاسپەندان دا هاتوە.

لە ئایینی زەردەشت دا هەروەک بە سەرۆکایەتی ئەهورامەزدا حەوت ئێمشاسپەندان (بێ مەرگ، بەرەکەت بەخش، پیرۆز) بوونیان هەیە، حەوت کەماڵە بە پێشەنگی ئەهریمەن (شەیتان)، بە نوێنەرایەتی ڕق و قین و خراپەکاری بە ناوەکانی

ئەهریمەن، ئەکومەن، ئەندەر، ساووڵ، ناگهیس، تەرێز و زەرێز خۆ دەنوێنن.

"لاپەڕە ٤٤ ادیان آسیایی مهرداد بەهار".

یەکێک لە کەماڵە کان بە ناوی ساووڵ هەنووکە لە هورامان بەهەیبەتی تاپۆیەکی لە دار و پۆشاک ساز کراو لە نێو مووچە و مەزرا بە مەبەستی ترس وەبەرنانی دز و باڵەندەی زیان هێنەر کەڵکی لێ وەر دەگیردرێ. پارێزرانی ئەم نەریتە لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی ترس هێنەری دێو وەک هێمای تاریکی و خۆف وەبەرنان لە بڕوای پێشینیان کە گرێدراوی بە ئایینی زەردەشتەوە پێوە دیارە.

تێ بینی: لە وێژەی هۆرامیدا وشەی (یاساوڵ) جێا لە تاپۆی نێو مەزراو بێستان بە واتەی پاسەبان و مامور کراو بە چاوەدێری هاتوە. نووسەر لەو بڕوایە دایە کە هەڵ بژاردنی نێوی کەماڵە نەک بە هەڵکەوت بەڵکوو گرێدراوی تایبەتی بە میژووی ئایینە کۆنەکانی ئەم دەڤەرەوە هەیە.

ئاوێسەر: ئاوێسەر نێوی چەمو دۆڵێک لە نێوان نەوسود و ئاوایی شۆشمێ هەڵکەوتوە. ئاوێسەر لە ئەوێستا کتێبی ئایینی زەردەشت (پێغەمبەر) وەک یەکێک لە پێنج کاتەکانی شۆکرانە بژێری لە ماوەی شەو و ڕۆژ دا نێو دێر کراوە.

کەڕسانی / کەڕیسان : نێوی هەوارگە و کانیاوێک لە شاخی شاهۆ لای سەرووی دەربەند (باشووری ڕۆژهەڵاتی پاوە) یەکێ لە فەرمانڕەوایانی شەڕانی بە دژی مەزدا پەرستی بوە، هەئومە شکستی پێ دەدا. خوای دێوان. (گاهان زەردەشت، زامیاد یەشت. کردەی ١، لاپەڕە ١٥٩ و ٢٢١ هانس ڕایشێلت).

هۆگر/ هۆگر، هۆگەئیریە: ناوی شاخێک لە ناوچەی نەوسود. لە ئەوێستادا هۆگر، هۆگر بە واتای جوان کردارو وەک لووتکەی دیرەکە شانی هەرەبەرز، هەرە بەرزایەتی (هەربۆرز) ناو براوە. مەرج نیە شاخی هۆگر، هەرە بەرزایەتی کە لە ئۆستورەکاندا هاتوە لە گەڵ شاخی "البرز" ی ئێستا (لە لای تاران) یەک شاخ بژمێردرێ". (لاپەڕە ٢٢١ گاهان زردشت هانس ڕایشلت).

بێ.

سڵێن و بیباس = سڵێن و بڵبەر؛

سڵێن ناوی گوندێکی ناوچەی ژاوەرۆ ؛ نێوی خوالەی ئاسمان لای ڕەگەزی کاسی. نێوی خودای مانگی یونانیەکان (توفیق وەهبی لاپەڕە ٣٦ برس مختصر تاریخ ادیان) و یەکێک لە یاسا دانەران و سەرکردە مەزنەکانی یونا نستانی کۆن.

بیباس یا بڵبەر؛ بێباس هاوتا و یەکیتر لە مەزنانی یونانی کۆن بوە. سڵێن و بڵبەر یا سڵێن و بیباس وەک ناوی دوو گوند لە هۆرامان لەوە دەچێ مێژوی ناوەکانیان بۆ سەردەمی ڕەگەزی کاسی بگەڕێتەوە کە پاشتر یونانی و ئەشکانی دەسەڵات دارەکان لەم ناوچە نۆژەنیان کردبێتەوە. قەبالّە کۆنەکانی هۆرامان کە مێژوەکەیان بۆ ٢٠٩٠ ساڵ زیاتر دەگەڕێتەوە و دوویان بە زمانی یونانی تۆمار کراون ئەم وتە زیاتر دەسەلمێنێ.
ژوونێ؛ خواژنی یونانیەکان؛ هاوینە هەواری ئاوایی "ڕوار":

ژوونن، نێوی یەک لە خوامەزنەکانی ڕوم و لە سەر بنمای ئەساتیری کۆن کچی ساتۆرن و ژنی ژووپیتر، شاژنی ئاسمان (لغت نامه دهخدا). ڕەئوف محمد پور - هورامان لە نێوان وەهم و دەنگۆ.

هاوینە هەواری گوندی (ڕووار) شوێنی ژیان و لە دایک بوونی زانای پایە بەرز مەلاخدر.

مێژووی ئەم ئاواییە "ڕووار" و هاوێنە هەوارەکەی "ژوونێ" لانی کەم لە ڕووی نێوەرۆکی ناوەکەیڕا بۆ پێش دوو هەزار ساڵ یا دەورانی دەسەلاتی ئەشکانیەکان دەگەڕێتەوە.

وەنەن = وەنەند؛ ناوی پردی خواروی ئاوایی هەجیج:

"ئەستێرەی پیرۆز، هێزی بەرئەنگاری، و بالّادەستی سەرکەوتن بەسەر دوژمن و پێداویستیەکان". وەنەەند؛ "ئەستێرەی مەزدا خۆڵقێنەراو پەرستش دەکەین، هێزو توانا، پیرۆزی شیاو ،هێزی پارێزگاری ئەهورا خوڵقێنەراو، بالّا دەستی و زاڵ بوونی بە سەر پێداویستی و سەرکەوتن بە سەر دوژمن. (لاپەڕە ١٩٦ گاهان زەرتشت، هاینس رایشلت).

"وەنەند" پردی هەرەکۆن لە سەر چۆمی سیروان خواروی گوندی هەجیج. پردی وەنەن کە پێشووتر لە موو لقەداری تری (ڕەز) ساز کرابوو و مەولەق حالّەتی جۆلانە ئاسای هەبوو لە ڕاستیدا لە بەر ئەوە کەرەسەی هاتوو چۆ و پەڕینەوەی خەڵک بە سەر چۆمی مەزن و خوڕێن و ترس هێنەری سیروان بوە، خەڵکی لە مەرترسیەکانی سرۆشتی دڵڕەق پاراستوە لە گەڵ نێوەرۆکی ناوەکە (هێمای بالّا دەستی و سەرکەوتن بەسەر دوژمن) "سرۆشتی تورە" یەک دەگرێتەوە.

ناوی کۆنی چۆمی سیروان بە پێ نووسینی خوالێ خشبوو دەوڵەتشایی (کوهھای ناشناختە غرب) "سەئیری وەن" بوە.

مەکا ل / کۆی مەکالّ ؛هێمای پارێزەری ژیانی خۆش و تەندرۆستی مرۆ:

شاخی مەکالّ ،وەک بەرزایی و سەیرانگایەک لە شاری پاوە لە مێژوو دا بە ناوی خودایەکی پیرۆزمەند نێودێر کراوە. ڕەنگە نێوی خوداییێک بێ لە بەیت شێنان (bet Schean) ئەم خودایە بە خەتی هیرۆگلیف لە سەر لۆحێک نەقش کراوە کە ئێستا لە موزەی ئورشەلیم دایە.

لۆحی مەکالّ، لە دەروازەی باکوری پەرستگەی بەیت شێنان دوزراوەتەوە مێژوەکەی ١٤٥٠ تا ١٤٠٠ی پێش زاین سەردەمی برۆنز و ساڵی ١٩٤٠ دیتراوەتەوە .
بەسەرهاتی ئەم خودایە لەوەڕا دەس پێ دەکا کە Pa-re-em-hep کارمەندێکی کۆنی مسری لۆحی ئەم هێمایە بۆ بابی Amen- em-qpt وەک ئارشیتێکتێک کە قەدری ئەم شتانە دەزانێ بە دیاری دەبات تا وەک هێمای پارێزەری ژیانی خۆش و ساقی و سلامەتی بیداتێ.

مەکالّ لە وێنەکەدا وەک هێمای دەسەلاتدارەتی لە سەر تەختێکی مێسری نیشان دەدرێ ، لە دەستی ڕاستی هێمای ژیان و لە دەستی چەپی پیالّەیەک دەبیندرێ . WiBiLex: Bibellexikon: Mekal

وڕا؛

گوندێکی سەربە شارستانی پاوە، هەڵکەوتوو لە خواروی ئەسپەرێز و داریان.

وڕا، لە سەردەمانی کۆندا بە نێوی شوێنی کۆشکی زستانی پادشا موبد و ئازەرپادی ئازەربایجان وتراوە. "وڕا' هاوتای وەرن (وەرێ) دەژمێردرێ. (لاپەڕە ٥٤ تاریخ ریشە نژادی کرد - احسان نوری پاشا).

وەر/ وەری/ وەرن لە ئەوێستادا بە قەلا و بارەگا وتراوە. لە هۆرامان و کرماشان ئاسەواری زۆر بە پاشگری وەر(قەلا) هێشتار دەناسرێنەوە. لەوانە:

دەری وەر، تەنگی وەر، تەوری وەر، چوار زە وەر ، کەنگاوەر.

بێڵەوار / بێڵوو؛

خودا و خێو لای ئاشووریەکان . بێڵەوار (بێڵ + وار = وەر = وەرێ) لە ناوچەی کامیاران، مەسکەنی خودا. قەڵایێک بە نێوی بێڵ یا باڵ خودای ئاووسەرچاوە ژێر زەویەکان.

ئەکاشە / ئاکاشی / کاشۆ / کاشیتۆ؛ ناسراو بە پێغەمبەر لە قەراغ ئاوایی کاشتەر؛

لە خوالە ناسراوەکانی کاسی دەژمێردرێ. لە ودا کان دا کاشۆ / کشە وەک نازناوی ڤێرۆنا بە ئەژمار هاتوە (فرهنگ و اندیشە، م - کهلان)

بۆ نەمری، هێمای پیرۆز لای ڕەگەزی مێژوویی کاسی نیشتە جێ لە زاگرۆس. ئەکاشە نێوی شوێنێکی پیرۆز لە گوندی کاشتەر ناوچەی کامیاران کە پیرۆزی تایبەتی وەک یەکێک لە پێغەمبەران لای خەڵک پارێزراوە.
وێمیر/ ئیمیریا ؛سەیرانگای شاری پاوە لە بناری شاهۆ؛

سەرۆکی پیرۆز ،زانیاری مەرگ و میر (سرور دانا). تحقیقی در باره اساطیر، aftabir.comß

لای ڕەگەزی کاسی نیشتە جێ زاگرۆس هەزارەی دووی پێش زاین دوو خوالە و هێماییک بە ناوەکانی ئێمیریا (وێمیر)، (کامۆڵ) یا گاوۆل و میری زێڕ ئەمانە وەک ئیزەدی بنەماڵەی پادشایی، بەرەکەت و هێمای پاراستنی ئەسپ نێو براون . (سەرچاوەی سەروو).

عەجەم ویکی پدیا، ئیمیریا (وێمیر) بە واتای سەرۆکی پیرۆز و زانیاری مەرگ و میر (قەدەر) لێک دەداتەوە.

لە وێژەی سینگ بە سێنگی هۆرامی دا هاتوە:

"(شاهۆ) مەگرەوۆ (ئاتەشگا) ماتەن

وێمیر بە تەمای شنیای بالاتەن "

لەوە دەچێ ئەم دێرە شێعرە داستانی بەسەرهاتی کارەساتاوی هێرشی عەرەب، بە خاک و خوێن گەوزاندنی ناوچەکە و لە ماتەم ڕۆ چوونی سەرجەم پاشماوەی خەڵکی ئەم دەڤەرەبێ کە شاهۆ(شا + هو) شا، مەزنی بەرز و بڵند پایە (هێمای ئەهورا مەزدا) خەمبار و (ئاتەشگا) ئاورگەی پیرۆزهەڵکەوتوو لە بەرانبەر شاری پاوە لە گڕ کەوتوو، مات و کۆژاوە بووبێ. بەم بۆنەوە هۆنەر کە هێشتار هیوا بڕ نەبوە وێمیر (ئێمیریا)، سەرۆکی پیرۆز، سەرۆکی خۆماڵی (پیر، زانیاری قەدەر) دەکاتە شاهێدی هیوا بڕ نەبوون بۆ گێڕانەوە سەر دۆخی جاران و پشت بەستن بە خۆ باوەڕی و تێپەڕ کردن لە موسیبەتەکان.

کامۆڵ / گاوۆڵ؛

کامۆڵ یان گاوۆڵ هاوینە هەواری پیرۆزی دەڤەری هەجیج بە گوێرەی ئەوە کە ئیجیجی یان هەجیجی لای بابلیەکان وەک پارێزەرانی خوایانی مەزن ئەرکدار کراون، پەرستگەی مەزنیان هەبوە و ئیجیجیەکان ئەرکی پارێزگاری لە خودامەزنەکان و هێمای کشتو کاڵ خوالەی میری زێڕو پیت و بەرەکەتی زەوی(کامۆڵ) لە ئەرکەکانیان ژمێردراوە. هەر لەم دەڤەرەدا دوو خودای پیرۆزیتر "مۆڵ و ئەشنان (مۆڵ - شینان)، خوالەی گەنم و جۆ و دانەوێلە لە ڕووکاری شاری پاوە ناوەکانیان پارێزراوە. "ڕەئوف محمەد پوور - هورامان لە نێو وەهم و دەنگۆ. دیاکۆنۆف میژووی ماد لاپەڕە ١٣٠".

سدیق بابایی - "هۆرامان تایبەتمەندی و هێما پیرۆزەکان، ئینتێرنێت".
بە گوێرەی پارێزرانی کۆسەی هەجیج وەک ناوەندی پیرۆز و ئایینی و سرنج دان بە ناوی کۆسە / کۆسی / کاسی/ کاسای و لە بەر چاو گرتنی ئەمە کە کامۆڵ، مۆڵ و ئەشنان وەک خودای پیرۆز لە ڕەگەزی کاسی ناسراون و ئیجیجی یان هەجیجی پارێزەری ئەم هێما و خوداگەلە بوون دەگەینە ئەو ئەنجامە نە هەڵبژاردنی هەوارگەی گوندی ڕوار(ژوونێ) و نە گوندێک بە نێوی هەجیج، نەهەوارگەیەک بە ناوی گاوۆڵ "کامۆڵ" و نە ناوی کۆسەی هەجیج هیچیان بە هەڵکەوت ناودێر نەکراون مەگەر ئەوە میژوویکی دەوڵەمەند و دێرینیان لە پشت بووبێ.

کامۆڵ هەروەتر وەک نازناوی "بڕەهما" و خوالەی ئێنئا و ئەنکێ خوای زەوی و هزر لە ئاخاوتنی سانسکریت و لە نێو خوا بابلیەکاندا باس کراوە. ئەشنان خوالەی دەغلو دان. باستان شناسی اندیشە ٣٨، من اساطیربابل و سومر - منتدی حواش العزز الهەحبوب

ئەشنان لە ئۆستورەگەلی سۆمریدا شاژن (خواژنی) لاینگری سومرە کە ڕزق و ڕۆزی(نێعمەت)پێشکەشی سەر زەوی ئەوان دەکرد. [مقام زن در دولت سومر، گزیدەای از تاریخ تمدن. شەهلا لاهیجی و مێهرانگیز کار - هویت زن ایرانی. زرتشت (Facebook) . باستان شناسی اندیشه ۳۸.

تشار، تێشتەر، تیشتار، داتار و تشار، عشتار، ئێشتار؛

خودای خۆر لای ئاشوریەکان. (ویکی پدیا). ئیشتار خوالەی ئاشوری خۆشەویستی وعەشق. هەمان سەرچاوە. هێمای بارووەری. (انسان خدا را آفرید. الف. ب).

Tishtar خواژنی ئاو و باران لە نێو ئەساتیری ئێرانی. (لاپەڕە ۱۱۱ ادیان آسیایی مهرداد بهار چاپ چهارم).

"تێشتەر؛ ئەستێرەی ڕایۆمەند و شکۆمەند پەرستش دەکەین، تێشتەر ئەستێرەی شکۆمەند دەپەرەستین کە بە ئاوی خۆڕێنی خۆی ترس و خۆف لە دڵی هەموو بوونەوەران دەشواتەوە".(لاپەڕە ۲۰۱ کەردەی ۱۲ هانس رایشلت - جەلیل دوستخواه)

تشار؛ ناوی گوندێک لە نێوان پاوە و نەوسود، هەڵکەوتوو لە سەرووی زیارتگای مەزنی ئایینی یاری (سولتان ئیسحاق لە دەگا شێخان)، سەرچاوەی ئاوی پیرۆز لای یارسانەکان "ئەهلی حەق" تشتار خوالەی خۆشەویستی و بارهێنان.

(نامەی سەرئەنجام، یارسان، بۆرەکەیی)

داتار و تشار: خولقێنەری و ئافراندنی ئەهورامەزدا بە دوو وشەی داتار و تشار بەیان کراوە. (Zartosht) (زردشت) فیس بوک (Facebook)
وەیو / وایۆ. خوالەی با؛

لە "وەندیداد" (ئەوێستا) ئەهورامەزدا بە زەردەشت فەرمان دەدا خودای "با" پەرستش بکەن. مەزنی ئەم خودایە و بەم بۆنەوە پاڕانەوە لە خودای با لە وێژەی سینگ بە سینگی هۆرامانداا پارێزراوە و وەک ڕێو ڕەسمی کۆتایی هاتن بە وشکەسالّی بەڕێوە دەچێ.

"وەیوە باڵێ، سەروو پیران، یا شا بوارۆ پەی فەقیران".

وەیوە باڵێ واتە خوالەی با هێمای سازکراو (بووکە بارانە) بە مەزنی پیر (مرۆڤی کامڵ) سوێند دەدرێ تالە بارەگای شا (دەسەڵاتدار، خاوەندکار) ئێرادە بۆ کۆتایی بەخشین بە وشکە سااڵی وباران بارین بخوازێ.

ڕێکەوتی: ٦ی ئوگۆستی ٢٠١١

Horaman (هۆرامان): گلێرگەی ڕەمزو ڕازی دێرین. هێما و خوالە پیرۆزەکان:

بەشی: ٢

شمشی؛ لووتکەی شاخێکی بەرزی هۆرامان نێوان نەوسود، نۆدشە دزاوەر و هانە گەرمەڵە. شمش؛ میترا، مێر، مێهر، میر ؛ خوای سەرکەوتنەکان، ئازایەتی وڕزگاریدەر، هێمای خۆر و ڕووناکی.

میترا خوای ڕووناکی لە بابل بە نێوی "شمش یا شمشی" لە باوەڕی خەڵکدا بەرز نرخێندراوە. پاش دەسەڵاتی مەقدونیەکان ٣٣١ پ. ز بە سەر ئێراندا خواکانی یونان و ئێران وەک یەک ژمێردران. بۆ وێنە:

ئاناهیتا بوو بە ئارتمیس، شمش؛ شمشی بۆ نێوی میترا هەڵبژێردرا و دواتر کرا بە شەمس. مەزدا لە بابل لە سەر ئەم ڕیشە سەری هەڵدا. لە ڕومی کۆندا میترائیسم ئایینی لەشکر و سپابوە و لە هەر شوێنێ سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە ئایینەکەیان پەرەی ئەستاندوە.

شمش؛ شەمس = مێهر یا مێر فریشتەی ڕاستی، شەڕانی بوون بە دژی ناڕاستی و درۆ و پاراستنی ڕووناکی خاوەنی پیرۆزیەکی وەها بووە کە پادشا و دەسەڵاتدارانی ئێرانی کۆن سەرکەوتنەکانی خۆیان بە پشتیوانی ئەوانەوە گرێ دەدا (بەرد هەڵ کەندراوی تاق وەسان - لە کرماشان)، هی دەورانی ساسانی تۆمارێکە لەو راستیە.

مێهر؛ شەمش؛ مێر، دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی میر خوایی و زەروانیسم. مێهر وەک خوالەی سەرکەوتن، خوای ئازایەتی و ڕزگاریدەر، هێمای خۆر و ڕووناکی ڕێزی بۆ دانراوە.

لە کوردستان ئاسەواری زۆر لەو سەردەمانە چ لە چوار چێوەی ناو چ وەک پەرستگە و سەرچاوە بە جێ ماوە.

میراو / مێحراو / میرئاوە/ میرئاوا کە هەنووکەش لە مزگەوتەکاندا وەک جێگای تایبەتی بەرنوێژ و ئەشکەوت ئاسا ساز دەکرێ بۆ ئەو دەمانە دەگەڕێتەوە. زۆرێک لە ناوەکان وەک (میراوا، دەرەی میر ئاوا، (چۆمی میر ئاوا)) هەروەها قەڵشی ئەشکەتە ئاوادارەکان نەک هەر بە جێ ماوی کاتی میر پەرستیە، بەڵکوو ئاسەواری دەسکاری کراوی ئەو دەورو زەمانە وپیرۆز چاو لێ کردنیان پارێزراو ماوەتەوە. سەر چاوەکانی تاقوەسان، باوە یاگار، شێخان - لالەش لە نزیک دهۆک، نجێوران، ڕێژاو، قۆری قەڵا، لە ستانی کرماشان و سەر چنار لە سلێمانی و زۆرێتر لەوانە ناودێر کراون.

میر، میرێ، میران، میری میران وەک ناو بۆ ژن و پیاو یا نازناو پێوەندی بە باوەڕی کۆنی ئایینیەوە پێوە دیارە بە هەمان شێوە کە شاو دەسەڵاتدارانی ئاشووری و بابلی کەڵکیان لە پیرۆزی ناوەکان بۆ مسۆگەر کردنی پێگەی خۆیان لە نێو کۆمەڵگا هەروەها سەرکەوتنەکانیان وەر گرتوە (شەمشی داد، مێهرداد، ئاداد و...). پڕۆفسۆر تەفێق وەهبی لەو بڕوایە دایە واژەی میترا لە یەکەمین سەدەی پاش میلاد را بە میر/ مێهر(خوالەی خۆر، یار و پشتیوانی پەیمان و ڕاستی) گۆڕدراوە. (١)

لە لاپەڕەی ٤٥ بررسی مختصری از تاریخ ادیان نووسەر و مێژووناس تەوفێق وەهبی دەنووسێ:

"زۆربەی ئەشکەوتەکانی کوردستان لە بەر ئەوە میترائیستەکان کەڵکیان لێ وەرگرتوون شیاوی لێ کۆڵینەوەی زانستین باوەڕمەندانی میترایی بۆ بە جێ هێنانی ڕێو ڕەسمی ئایینی خۆیان قەڵشی ئەو شاخانە لە بناریاندا چاوگەی ئاو هەبوو هەڵ دەبژارد. گلّە زەردک لە باکووری شاخی مەقلوب ڕۆژئاوای موسڵ زیارەتگای کوردان بوە. چۆمی لالەش کە "یەزیدیەکان" جێژنی مێهرەگان لەوێ دەگرن و ئەشکەوتی پیرۆزی شێخ عودەی و کانی سپی.

دیارە پەرستگەی ئاناهیتا لە کرماشان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەم پەرستگایانە دەژمێردرێ.

شیمانەی ئەوە دەکرێ لە ڕۆژگاری دەسەڵاتدارەتی ئایینی مێهر یا کاتی زاڵ بوونی ئاشووری و بابلیەکان بە سەر

کوردستان(هۆرامان) دا هێمای ئەم خواله یان باوەڕە پیرۆزە لای خەڵک لەسەر لووتکەی ئەم شاخە شمشی نۆژەن کرابێتەوە. بەم بۆنەوە پاش هەزاران ساڵ ناوی پیرۆزی شمشی لای دانیشتوانی هۆرامان وەک زۆر نێوی پیرۆزیتر پارێزرابێ.

شێڵماو (خوای بەختەوەری)، سریس/ سەریاس، شمشێر؛

شێڵماو ناوی تاقگەیەک لە قەدپاڵی شاخی ئاتەشگا بەرانبەر شاری پاوە.

لە نووسراوەکاندا خوای سەعادەت ژیان و کامەرانی خەڵکی باوەڕمەندی یەهودی بە ناوی شێڵماو هاتوە. لە سەراوەندی(لووتکەی) شاخی ئاتەشگا ئاسەواری ئاورگەی پیرۆزی زەردەشتیەکان هی سەردەمانی کۆن بە جێ ماوە. دەبێ لە سەر ئەم بنەما شاخەکە بە ئاتەشگا ناو دێر کرابێ. لە قەدپاڵی لووتکەی ئەم شاخە ئاو هەڵدێری شێڵماو دیمەنێکی دڵگر بە دانیشتوانی شاری پاوە بە تایبەت لە وەرزی بەهار دەبەخشێ.

کاک ئەمیر ئەمینی بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەی کتێبی "خزائن اشکانیان" نووسراوی پرۆفسۆر مینۆرسکی دەنووسێ:

"لە تەنیشت هەر ئاورگەیەکی گرینگ لە سەردەمی ئەشکانیەکان کۆمەڵیک زێڕینگەری پسپۆڕ لە ڕەگەزی یەهودی بۆ لێدانی سکەو سازکردنی خشڵ و شتومەکی زێڕین هەڵ دەبژێردران. لە سەردەمی فەرهادی چوارەمی ئەشکانی یەهودیەکان لە (بەیت للحم) گوازراونەتەوە هۆرامان و بۆ مەبەستگەلی ئەوتۆ نیشستەجێ کراون". تۆرەمەی ئەم خەڵکە تا سەردەمانی شەڕی بە نێوبانگی ئیسراییل و عەرەب لە شێست و حەفتاکانداالەم دەڤەرە بە بێ کێشە و گرفت دەژیان. هەروەک بەشێکیان ئیستاش لە کامیاران دەژین.

سەریاس / سریس / سۆریاش؛

ناوی گوندێک لە سەر ڕێگای پاوە کرماشان کەپازدە کیلومێترێک لە ئاورگەی پیرۆزی زەردەشتیەکان مەودای هەیە.

سۆریاش (خۆر ، ڕۆژ) لە نێوگەلی خوای خۆر، بەڵێن، پەیمان، برایەتی ئیزەدمێهر ناودێر کراوە.

سۆریاش / سەریاس؛ لە سەروبەندی مێدیەکاندا بە سۆریا گۆڕدرا، دواتر بوو بە سورەیا (بەرز و دەس پێ نەگەیشتوو).

بەڕێز ئەمیر ئەمینی ئاماژە دەکا بە نێوی "ئەسپەهبود سریس" کە پارێزەری خزێنەی ئاورگەی (فروزان) لە شاخی ئاتەشگا بوە، هەروەها تاجی زێڕینی خۆر نیشانی نێوبراو دەس کاری یەهودیەکان کە لە شوێنێک بە ناوی شمشێ پارێزراوە. (٢)

پێش سەردەمی ئەشکانی واتە دەورانی دەسەڵاتی ئاشوور سۆریاش / سەریاس / سوریاس یەک لە هێما هەرەپیرۆزەکان ژمێردراوە. بە دوور نیە کاتی هێرشی سەلمانسەری دوو پادشای ئاشوریەکان بۆ سەر ئەم ناوچە ستراتژیکە لە زاگرۆس کە بەرد هەڵکەندراوەکەی قەڵای تەوریەور لە شاهۆ باسی لێ کردوە، سوریاس ڕەگ و ڕیشەی لە باوەڕی خەڵکەکەدا ئاژۆتبێ کە دواتریش لە ناوی سریس و سەریاس دا سەقامی خۆی وەک زۆر باوەڕی تر پاش دابەزینی ئایینی ئیسلام هەر نەبێ وەک پاراستنی ناوەکە بۆ نەوەی ئێمڕۆ گواستبێتەوە. **

دیارە سەلمێندرانی ئەم بۆ چوون و ئاماژەیە پێویست بە ڕەخسانی دەرفەتی لێ کۆڵینەوەی زانستی ئارشیۆلۆگ و پسپۆڕانی بوارەکە هەیە کە مەخابن جارێ لە کوردستان تەنێ بەشی تالانکاریەکەی بە قەوەت و لە گەڕ دایە!!؟

شمشێر؛

هەڵبەت پێداگری ئەوەش لە نووسراوەکەدا هەیە کە وشەی شمشە لە زمانی عێبریدا واتای خۆری هەیە کە لە زمانی پالەوی ئەشکانیدا پیتی (ه) بە (ی) گۆڕدراوە. لە ئاکامدا شمشە بە شمشی گۆ کراوە کە بە تێپەڕکردنی کات بە شوینێ ڕاگیرانی خەزانە و کەرەسەی سازکراوی جەنگی ((شمشێر)) وتراوە کە هەنووکە لە مەودایەکی کەم لە گەڵ ئاورگەی فروزان هەڵکەوتوە وێرای ئەوە کە گوندی سەریاس هەر لەم پەنایە دەشێ و دەبێ لە ناوی ئەسپەهبۆد "سریس" بە جێ مابێت.

دیارە بە پێ نووسینی کاک ئەمیر قەلای سریس یا سەریاس سەرەرای ناوەندی پاراستنی تاج و زێڕ و خشڵی گران بایی، ناوەند و وێستگەی (جاپارخانە)، سەر ڕێی بەغدا و شام و خۆراسان و سەقامی پارێزەرانی هێمنایەتی لە ئەستۆ بوە. شیاوە بوترێ وەک لەم بەشەدا ئاماژەی پێ کراوە ئەسپەهبۆد سریس خەزانەداری فەرهادی چوارەمی ئەشکانی بوە. (سەرچاوەی سەروو)

میرزا ئەولقادر پاوەیی شاعیر و زانای نیشتمان پەروەر لە قەسیدەی "کولە و ئاینەمەل" چەند ئیشارەتێکی مێژوویی بە دێرینە بوونی ئەم شوێنانە دەکا، بۆ وێنە: (٣)

قەڵای دووریسان، چەشمەی سەرباوەر

پیر خدر، سەریاس، گوزەرگای دڵبەر
شـار شمشێرش شێونا وە هـەم
وە زەرب شـمشێر مـەودای ڕێزەدەم
زلـزلەی عـەزیم خـێزا جە پـاوە
لـەرزە کەوت و جەرگ سەر قولەی شاوە
یاگەی کلیـسا و بۆت و بۆت خـانان
کـەردەن و مەسجد پەی مۆسڵمـانـان

بۆڕیوەر = بۆڕیدەر(قەڵای بۆڕی)؛ ناوی پارێزراوی گوندێک لە هۆرامان.

بۆڕیاش، خوای باران و هەورە گرمە(هەورە تریشقە)، بۆریـە ئـاو، بـاو بـۆران، بـۆڕە بـۆڕ، بۆڕنـاش و بـۆڕە لـە گـۆ کـردن و ناوەرۆکـدا سـەرچاوەی هاوبەشـیان هەیـە. بـۆڕی + وەر = بۆڕیـوەر یـا بـۆڕی دەر دەبـێ قـەڵا یاشـوێنی لاینگرانـی خـوای شەستەباران و هەورە تریشقە (گرمەی سامناکی هەور) بووبێ کە بۆ بـاوەڕی سـەردەمی ڕەگـەزی کاسی نیشتەجێ لـە زاگـرۆس دەگەڕێتەوە.(٣)

بۆڕیاش / بۆڕە بۆڕیدەر(قەڵای باوەڕمەندانی بۆڕی)، خوالەی هەورەگرمە وباران بە واتای گوڕەو چڕە و هەیبـەتی خـوای بـاو بۆران لە نێو دڵی کوێستانی چڕ و ترسناکی هـەزاران سـاڵ پـێش ئێستادا خـەڵکی پـال پێوەنـاوە تـا بـۆ ڕەواندنی تـرس و خۆفی خۆیان پەنا بۆ ئەم پێکهاتە سرۆشتیە نـە ناسـراو و نامۆیـانـە بـەرن بـە هیـوای ئـەوە لـە غـەزەب و تووڕەبوونیـان خـۆ بپارێزن .

ئـەم ڕەوشـتە بـە شـێوازێکیتر لـە سـەردەمی ئێمـەش دا بـۆ کـەم کردنـەوەی سـزاو تووڕەبـوونی دەسـەڵاتداران یـا هـەر نـەبێ خۆپاراستن وەک بەشداری کردنی بـێ باوەڕانـە لـە ڕێوڕەسمەکان، بـە ڕواڵـەت باوەڕمەنـدی بـە فەرمانـە ئایینیـەکانیان خـۆ دەنوێنێ. بۆڕی و بۆڕیە ئاو هەنووکە بۆ لوولەی گواستنەوەی ئاو گۆ دەکرێت .(٨)

شیخو یا شیپاک

خدایان بسیار معزز و محترم بودند و با خدایان بابلی انلیل (سلطان خدایان) و خدای هوا و مردوک خدای دولت بابل یکسان بودند. مطابق اعتقادات ارامنه

هاروت) هاربه کوهستان (و ماروت) مار کوهستان = شیخو / شیپاک کوهستان
(ابرها را برای الهه ساندرامت) میریزیر(بر کوه آرارات رهنمون میشدند. خدای
خورشید ساخ) دوستی = مهر(یا شوریاش) سوریاش = خورشید(نام داشت.(مفرد کهلان)

سەرچاوە؛

١- تاریخ ریشه نژادی کرد احسان نوری (پاشا). بررسی مختصر تاریخ ادیان، پرفسور توفیق وهبی،
٢- تحقیقی پیرامون زبان کردی... ص ١١٦، امیر امینی
٣- دیوانه شێعری میرزا ئەولقادری پاوەیی - انجمن ادبی شهرستان پاوه
٤- گۆڤاری هەزار مێرد ژمارە ١٢

- باستان شناسی اندیشه ٣٨.
- سروش (Surosh):

خدائی مرد، خدای بخشندگی و راستگویی و نیک رفتاری و نیک کرداری، خدای سودمند
در میان کاسیتها قهرمان - خدائیست که برادر و همکار و همیار و دستیار خدای «اشی» می باشد.
در آیین زردتشت با خدای آفتاب (مهر، میترا) برابری می کند.

** سوریاش (SuriAsh)، شوریاش (ShuriAsh)، شوریش (Shuriash)، ساه / سح (sah)، ساخ (Sa):

- خدائی مرد، خدای پرتو و نور خورشید، خدای نور، خدای خورشید (ستاره خورشید)، خدایی سودمند

همان سوریا (SuriA) (خدای پرتو آفتاب) یا ساوینار (خدای شعاع خورشید) می باشد.

با «تموز» (tamouz) و بویژه «شمش یا شمس» بابلی، «بابار» سومری، «نپتون» و بویژه «هلیوس» یونانی (که سوار بر ارابه ای از شرق آسمان به غرب آسمان سفر می کند)، آپولون» رومی، «هوروس» مصری، «یلونوز» سلتی و «دزی باک» اسلاو برابری می کند. و نیز با اوتو (utu) سومری که، خدای حقیقت و عدالت و صحت می باشد و

دانشمندی است ناصح و عادل که برای حمایت از حق در برابر شر ایستادگی و با آن نبرد می کند خدایی که حامی شاهان و خاندان ایشان است و دارای دو معبد با نام «ا- ببر E-babar» (خانه سفید) در شهرهای «سیپار SipAr» در اکد و «لارسا LArsA» واقع در جنوب سومر بود. و همواره او را با ریش دراز و بازوان بلند و کشیده و در حالی که که یک «اره هرس» دارای تیغه کمانی و دندانه های درشت و ناهموار را تهدید وار در هوا می چرخاند نمایش می دهند قابل مقایسه است.

شاید واژگان استر، استار و ستاره بازمانده از نام این الهه باشند.
اشنان در اساطیر سومري ایزد بانوی غلها و خواهر لهار
خدای رمه است، که با لهار به ستیز برخاست و سرانجام پیروز شد

ص ٦٦(. آرورو خدامادر سومري بود که انکیدو را از گل آفرید)

۸،ص ٤٧ (. نین لیل (تصویر ۷) در سومر خدابانوي هوا بوده است)

۱۰). نانشه الهه مادر شهر نینا در سومر بوده؛ او با ماهیگیري،)

عدالت و باروری ارتباط داشته است (۱۰ خداییانوان باروری در جهان باستان - صدرالدین طاهریو محمود طاووسی)

- من اساطیر بابل و سومر - منتدی حواش العزز الاهتهالحبوب.

هەزار مێرد ژمارە شاید واژگان استر، استار و ستاره بازمانده از نام این الهه باشند.

اشنان در اساطیر سومري ایزدبانوي غلها و خواهر لهار ۷ - لاپەڕەی ۱۳۰ مێژووی ماد - دیاکۆنۆف.

خداي رمه است، که با لهار به ستیز برخاست و سرانجام پیروز شد

۸،ص ٦٦ (. آرورو خدامادر سومري بود که انکیدو را از گل آفرید)

۸،ص ٤٧ (. نین لیل (تصویر ۷) در سومر خدابانوی هوا بوده است)

۱۰(. نانشه الهه مادر شهر نینا در سومر بوده؛ او با ماهیگیری،)

عدالت و باروری ارتباط داشته است (۱۰ خدایبانوان باروری در جهان باستان - صدرالدین طاهریو محمود طاووسی)

۷- نزد کاسیان (اسلاف لران در هزاره دوم پیش از میلاد) دو خدا و یک الهه به نامهای ایمیریا، کامول و میریزیر به ترتیب ایزد خاندان پادشاهی و ایزد حاصلخیزی و الهه حامی اسبان یاد شده اند و با آنو خدای آسمان و تقدیر و نیرو و فرمان ایزدی "مه" و انا / انکی ایزد بابلی خرد و آبها و زمین و نین خورساگ (الهه سرزمینهای سنگلاخ) الهه حامی حیوانات مطابقت داده شده http://mdpersian.blogfa.com/post-78.aspx

خدایان آریاییان کاسی سایت جوان امروز

نزد کاسیان (اسلاف لران در هزاره دوم پیش از میلاد) دو خدا و یک الهه به نامهای ایمیریا، کامول و میریزیر به ترتیب ایزد خاندان پادشاهی و ایزد حاصلخیزی و الهه حامی اسبان یاد شده اند و با آنو خدای آسمان و تقدیر و نیرو و فرمان ایزدی "مه" و ایا / انکی ایزد بابلی...

http://www.javanemrooz.com//articles/culture/cheritage/article-34831.aspx

۸- ژمارە ۱۲ دوازدەی گۆڤاری هەزارمێرد. مێژووی ماد - دیاکۆنۆف لاپەرە- ۱۱۲ وەرگێڕ کەشاوەرز

ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ۲۰۱۲

تاقە کوڕی پێشەوا لە زیندانی حیزبەکەی بابی

وتوویژی تایبەت: پێکهێنانی سدیق بابایی

سەرەتا: خوێنەری بەڕیز، وەک ئاگادارن پێک هاتنی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد (٤ - ٩ - ١٣٥٨) و حەولی چارە سەری مەسەلە مێژوویییەکەی وێرای پێوەندی و دانووسان لە گەڵ بەر پرسانی کۆماری ئێسلامی لە خۆمەینی هوە بگرە تا دەوڵەتی کاتی و بەشێکی تر لە مۆرەکانیان هیچ دەر ئەنجامێکی ئەرێنی لێ نەکەوتەوە. دوا حەولەکانی دوکتۆر قاسملو بۆ ڕێگە بەستن لە شەڕێک کە وبست و ئارەزووی میلەتی ئێمەو قازانجی کوردی تێدا نە دەدیترا وەک باقی حەولەکان بێ ئاکام مایەوە. (*) سەر لە نوێ هەڵوەشاوە راگەیێندرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و دەر کردنی فەرمانە خوێناویەکەی ئایەتۆلا خۆمەینی(٢٧ و ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨) (**) بە بیانووی داتاشراوی "سەقام گیر کردنی دەسەلاتی ناوەندی و کۆتا کردنی دەستی ئەشراری سەر بە بێگانە و ڕێگە گرتن لە دابەش بوونی وڵات"!، ئەو پەڕی توندو تیژی و زەبرو زەنگ لە پەنای پروپاگەندەی هاوشان بە دژی کورد خرایە ڕیزی پێشەوەی بەرنامەکانی کۆماری ئێسلامی. فەرمان یا فەتوای گەلاوێژ کوردستانی دیسان بەرەو قۆناغێکی ئاڵۆزو خوێناویتر ڕەکێش کرد. زۆرکەس لە لاوانی ئەویندارای ئازادی و هەڵوەدای مافی نەتەوەیی بە گوێرەی هەلو مەرجی بە سەر دا سەپاو واتە بەر بەست کرانی دەرەتانی خەباتی هێمنانە خۆیان لە ڕیزی خەباتی ئاشکرای حیزبە سیاسیەکان دیتەوە. لەو کات و ساتە دا بەرەی پەلاماردەری کوردستان کە وێ دەچوو سەرکوت و نەهێشتنی یەکجاری کورد و داخوازەکانی نیشانە گرتبێ خوازیار و نەخوازیارانی شەڕی لە کوردستان ئاوقەدی پەلاماری چەکدارانەی دەسەلاتدارانی کۆماری ئێسلامی کرد. نە لەبەیک وتنی دۆکتۆر قاسملو بە ڕیبەری کۆماری ئێسلامی لە کۆبوونەوەی بەرینی مەهاباد ****، نە دەنگدانی زۆربەی خەڵکی کوردستان (لە پاوە تا ماکۆ) بە نوێنەرانی خۆ پاڵاوتووی حیزبی دێمۆکرات بۆ مەجلس لە تاران و نە دانیشتن و داواکاریە پەیتا پەیتا کان کاریگەری بۆ کز کردنی ئیرادەی ئەو بەشە لە دەسەلات کە خوازیاری سەقامگرتنی زۆرە ملی لە کوردستان بە هەر قیمەتێک بوون سودی نەدا. ئاکامی پەلاماری دوژمنانە و توندو تیژو لەشکر کێشی کۆماری ئێسلامی بۆ سەر کوردستان وێرای کوشتاری بەرینی خەڵک، زیانی گیانی و مالّی، پاشە کشەی ناوەندی هێزو و ڕێکخراوە کوردی و ناکوردیە جێگیر بوە کان لە کوردستان لەو قۆناغە دا بۆ سەر سنووری دەس کرد، (ئێران و عێراق) بوو.

پاش وەخۆ کەوتن و ڕێکخستنی دووبارەی سەرەتایی هێز و ئۆرگانە سیاسیەکان هەر کامە لە ئاستی خۆیان ملیان وەبەر ململانێ و بەرگری نیشتمانی تا ئاستێک ڕیکخراوتر بەرانبەر نەیاری دڕ کرد.

حیزب، سازمان، شێخ، مەلا و تەنانەت کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەت هەر یەک لە چووار چێوەی پڕۆگرام و بیرو بۆچوونی سیاسی، ئایینی، بنەماڵەیی، عەشیرەیی و مەسلەحەتی و.تا د.. بۆ بەرەو پێش بردنی بەرنامە و تاقی کردنەوەی شانسی خۆیان هاتنە نێو ئەم گۆڕە پانە بەرین و ململانێ بێ بڕانەوەیە.

لە پەنای خەبات و بەر بەرەکانێ دژی نەیاری هاوبەش (کۆماری ئیسلامی) هەر لاینێک حەولی جێگیر کردنی سەروەری خۆی وەک نوێنەر یا حیزبی کار ئامە و شەرعی، تاک یا گرووپی خاوەن ماف و سەربەخۆ لە گۆڕەپانی خەبات ئەسپی خۆی لانی کەم لە هەرناوچەیێک توانای کۆ کردنەوەی چەند کەسێکی هەبوو لنگ دەدا.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران یەک لەو لاینە سەرکیانە بوو کە هەم بە پشت بەستن بە ڕابردووی خۆی وەک دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان، هەم درێژە دەری خەبات بەرانبەر دەسەڵاتی شا ماوەیەک پاش شکانی کۆمار و بە گشتی پێداگری لە سەر ئەو بابەتە کە (ڕێکخەر و ڕێبەری جوولانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران-ە) و بە پاڵپشتی جەماوەری کورد هەروەک بەدەست هێنانی دەنگی ئەرێنی زۆربەی نوێنەران بۆ مەجلیسی ئێران لە تاران کە خاوەندارەتی جەماوەرێکی فراوانی ئەندام و پێشمەرگەی لە نێو ڕیزەکانیدا دەکرد، بە ئەرکی خۆی دەزانی بڕیاردەری سەرەکی گۆڕەپانی خەبات وچاوە دێری چۆنیەتی هەڵسو کەوتی ئەو بەشە لە عەشیرەت، گرووپ و تاقمو تاکە کەسانە بێت کە دواتر لێرەو لەوێ سەریان هەڵدابوو.***

سەرەڕای ئەوە ئەم چاوەڕوانیە لە کردەوە دا کڕیاری نەبوو. هەر لاینێکی سەر بە عەشیرەت، شێخ، مەلا و تاکێک بە پێ ئارەزووی خۆ بە کوردو خەباتکار زانین، بگرە قازانجی تایبەتی هەنگاوی سەربەخۆ و تاکڕەوانەیان هەڵ دەگرت.

شیاوە لەم پێشەکیەدا ئەوە بوتری هاسان نیە نووسەر بتوانێ بنکۆڵی هەموو راستی و ناڕاستیەکانی هەڵوێستی چ لاینێک لێرەدا بکات، بەڵکوو ئامانج ڕاکێشانی زەینی خوێنەر بۆ لای ئەزموونەکانمان لە ڕابردووو کەڵک وەر گرتنی جێلی نوێ لە گرێدانی هاوپێوەندی ئەو بابەتەیە کە پاشتر دەکەوێتە بەر دەستی خۆێنەر و وەک سەرچاوەی ئەم باسە لێرە را دەست پێدەکات. دیارە خوێنەر سەرپشکە هەڵێنجانی خۆی لەو بەسەرهاتە مێژوویە هەبێ.

لە لایێکیتر هەنگاوی کۆتایی بەخشین بە دەورانی عەشیرەت سەروەری و دوایی هێنان بە عۆمری ئەو قۆناغە کە ژیان و بەسەرهاتی خەڵکی گرێدراوی ویست و قازانجی بەرتەسکی سەرۆک عەشیرەت یا بیری دەرەبەگایەتی دەهێشتەوە لە ڕوانگەی بەشێکی بەرچاوی جەماوەری ئەوکات هەنگاوێکی بە جێ و ئەرێنی لە کوردستان وەسف دەکرا، لە هەمان کاتدا تووش بوونی هەڵە لە شیوازی دابەزاندنی ئەو سیاسەتە کەمو زۆر دەکەوتە بەرباس..

نووسەری ئەم بابەتە وەک پێشمەرگەیەکی ئەوکاتی حێزبی دێمۆکرات لە درێژەی ئەرکی پێ سپێردراو و تێکۆشانی ڕۆژانە چەند جار لە هاتووچۆو تێپەڕین بە ناوچەی سەردەشت دا بەرەو سنوور و پێجەوانەکەی (قووڵاوی خاکی کوردستان) لە پەنای گوندی (دۆڵە توو) شاهێدی هەبوونی زیندانێک بە نێوی زیندانی "دۆلە تووە" بووم.
لەم گرتووخانەیەدا لە پاسداری پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی بە دیل گیراوی شەڕ را بگرە تا چەکداری فریو خواردوو یان بێ باوەر بە کەرامەتی نەتەوەیی ناسراو بە جاش و رەنگە تاوانباری ناسیاسی تا کوڕی پێشەوای یەکەم ڕێبەری حێزبی دێمۆکرات زیندانی کرابوون.

جیا لە (کاک عەلی قازی) زیندانی کرانی ئەوانیتر ئاسایی دەهاتە بەر چاو. بەڵام زیندانی کرانی کوڕی پێشەوا بە تایبەت بۆ کەسێک لە خواروی وڵاتەوە تێکەڵی شۆڕش ببووو زانیاری تێرو تەسەلی لە بابەت ڕابردوو و جۆری هەسوکەوتی نێوبراو لە بەردەست دا نەبوو، وروووژێنەری پرسیارگەلێک بوو. هەر چەند تین و گوڕی شۆڕشگێرانەی سەردەمی لاوەتی و ئەوینی پڕ لە بێ ئۆقرەیی بۆ هەرچی بە پەلە پێوانی هەورازو لێژی سەررێگا بەرەو ئامانج دەرەتانی وردتر پشکنینی قووڵایی هەموو مەسەلەییکی ئەوتۆی لەو دەورانە دا نەدەدا، بەڵام دیسان حەزێکی تایبەت بۆ بیستنی ڕوانگەی ڕاستەو خۆی کوڕی یەکەم سەرکۆماری کوردستان لە زمانی خۆیەوە جێگیر ببوو. تێپەڕینی زەمان هەم ڕووداویتری خستە سەر لاپەڕەی ژیانی کوڕی ڕەش و هەم گەشەی زیاتری ئەزموونی نووسەر بۆ بە دواداچوونێکی زیاتری ژیانی تاقە کوڕی پێشەوای خۆشەویستی کۆردان خستە ڕۆژەو.

هەنووکە ساڵانێکی زۆر بە سەر تەمەتی زیندانی "دۆڵە تووە" تێپەڕیوە. دواتر کوڕی ڕەش ئازاد و زیندانی دۆلەتوو لە لایەن حێزبی بەعسی عێراق بۆمباران کرا. ئەوجار کاک عەلی بە دوورو درێژی تووشی زیندانی بەعس هات. زیندانی دۆڵەتوو بۆ خۆی سەروبەندێک بوو بە سەردێڕی هەواڵ و دەنگو باسی هەواڵدەری دەرو ژووری وڵات بە تایبەت تاران.

زەمان تێ پەڕی و بەسەرهات وەها تووشی سووڕان بوو کە نووسەری ئەم بابەتە لە دەر بە دەریدا بوو بە هاو وڵاتی کاک عەلی لە دوور خراوەیی. جار جارە لە ڕیورەسمەکان دا تووشی یەک دەبووین بەڵام نە دەکرا لەو کورتە دا مەسەلەی گورین

بخرێتە سەرپشت.

ژیان لە هەندەران، بیستن و تەجروبەکردنی زۆر ڕووداویتر، هەروەها گوێبیس بوونی جاروباری خەبەری پێوەندیدار بە بنەماڵەی قازی و بەتایبەت کاک عەلی بیری ڕابردوو و پشت گوێ نەخراو وێرای چەند پرسێکیتری هێنایەوە ڕۆژەڤ. هەر چەند تەمەنی کاک عەلی بۆ زیاتر لە ٧٨ ساڵ هەڵکشاوە، دیسان سەر حاڵ و ئامادە بۆ وەڵام دانەوە بەپرسیاری کۆنەو نوێیە. پێشەکی وێرای هیوای لەش ساقی پڕ بە دڵ سپاسی بە گەرم وەرگیران لە لایەن بەڕێزیانەوە دەکەم. ئەوە لەم لاپەڕانە دا نووسراوە ئاکامی بە دوادا چوونی ئەو پرس و وەڵامانەیە کە هەر کەس ڕەنگە بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی خۆی لێ ورد بێتەوە.

بەڕێز عەلی قازی تاقە کوڕی پێشەوا قازی محمد لە ئاخاوتنێکی تایبەتدا پەردە لە سەر هێندێ مەسەلەی باس نەکراو لا دەدا: عەلی قازی تەمەن ٧٨ ساڵان لە پەنا شاری بۆن - ئاڵمان ژیان بە سەر دەبات. نێو براوبە پێ ئاخاوتنی زارەکی پێ وایە دەست و پێوەندیەکانی شا (محمد ڕەزا پەهلەوی) لە بۆنەیەکدا بە ناوی مێوان و دۆستایەتی لە لایەن دوو کەس بە ناوەکانی، (سماعیل ڕائین (ڕاعین) و کەریم ڕەوشەنیان) سااڵەکانی پاش تێکچوونی دەسەڵاتی مصدق بۆ ئەسفەهان بانگهێشت و لەو بۆنە دا (مێوانداری)، دەرماندااویان کردوە.

پاش ئەم سەفەرە هێز و توانای مێشکی ڕووی لە کزی ناوە و وەک جاران کە خوێندەوارێکی سەرکەوتوو و چەست وچالاک لە بەر کارگەری تایبەت و ئەگەری دەور گێڕانی ئەو ژارە لە سەر مێشکی بۆ وێنە گەلێک مەسەلەی سیاسی ئەو کات و تێکۆشانی پێوەندیدار گرینگی تایبەتیان (لای ئەو) بەپێچەوانەی پێش سەفەرەکە بە تێپەڕ کردنی کات لە دەست داوە.

تاقە کوڕی پێشەوا ئاماژە بە دەوری چەواشەکارانە و دوژمنکاری حێزبی تودەی ئێران پاش تێکشکانی کۆماری کوردستان، پەرۆشی خەلک و تەنانەت دوژمنایەتی تاقمێک لە مەهاباد و دەوروبەر بە دژی پێشەوا دەخاتە بەر باس. کاک عەلی تەنانەت ئەو ڕاستیە فێرکارانەیە بۆ نەسڵی ئێستا ئاشکرا دەکات کەکفنی، پێشەوا قازی محمد بە قەرز کڕدرا و حاجیەکی پارچە فرۆشی مەهابادی ئەو کفنەی بە قەرز بە ئەوان فرۆشتوە.

* دیداری محمد ڕەزا پەهلەوی لە گەڵ کاک عەلی قازی ساڵی ١٩٥٨لە سەر داوای شاە لە فەرانسە - پاریس.
* داواکاری سەرۆک مەلا مستافای بارزانی لە عەلی قازی بۆ ڕاگەیاندنی گازەندە و ناڕەزایەتی وی بەرانبەر پاڵپشتی تاران لە نەیارانی لە کۆمیتەی ناوەندی (بەڕێز جەلال تاڵەبانی و ڕەحمەتی برایم ئەحمەد) بە نوێنەرانی شا.

* ڕەخساندنی هەلی وتووێژ لە نێوان نوێنەرانی شا و حێزبی دێمۆکرات.
* نێو بژیوانی لە نێوان دەوڵەتی ئاڵمان و پارتی کرێکارانی کوردستان، سەفەر بۆ دەمشق و دیداری بەڕێز عەبدۆڵا ئۆجەلان بە جاران.
* نێو بژیوانی نێوان پ کا کا و پارتی دێمۆکراتی کوردستان - عێراق.
* حەولی چارەسەری مەسەلەی پەنابەری عەبدولا ئۆجەلان و گوێنەدانی ڕێبەری پێ کا کا بەپێشنیارچارە سەری عەلی قازی لە ئیتالیا، پشت گوێ خرانی داواکاری کوڕی پێشەوا بۆ جاری دووهەم لە ڕووسیە کە هۆکاری ڕادەست کرانی نێو براو بۆ ئێمرالی لێ کەوتەوە.

لەم وتووێژە تایبەتەدا گەلێک تەوەری تر بە مەبەستی ورووژاندن و ڕوون بوونەوەی زۆربابەتی پێوەندیدار بۆ زانیاری تامەزرۆیان بە تایبەت نەسڵی نوێ دەخرێتە پێش چاوی وردبینی خوێنەر.

پرسیارەکان: پێشەوا دامەزرێنەری ڕێچکەیەکی مۆدێرن، مێژوویی و هەرگیز کۆن نەبوو بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد دەژمێردرێ.

کاک عەلی قازی: ئەم سەرفەرازیە پێشەکی بۆ بنەماڵەی قازی تۆمار کرا. ئێمرۆ لە ٦٦ ساڵەی تێپەڕینی ئەم مێژوە داین، مەخابن نە ئێوە وەک تاقە کوڕی پێشەوا نە سەرجەم تاکەکانی تری بنەماڵەکەتان و نە حێزبی پێشەواهیچ لایێک نەیانتوانیوە پاش ئەوماوە دوورو درێژە جوولانەوەی کورد بە ڕێبەری ئەوکاتی پێشەوا بە ئەنجامی دڵخواز بگەیێنن.!

پرسیار: هەڵە و کەمتەرخەمی ئێوە یا بنەماڵەکەتان بۆ بەدەستەوە گرتنی ڕێڕەوی پێشەوای باوک هەروەتر کەندو کۆسپەکانی ئەم بواره لەو پێوەندیەدا چۆنچۆنی دەس نیشان دەکەن؟

وەڵام: بە بیرو باوەڕی من باری ڕزگاری کوردستان باریکی گرانە. زۆرکەس وەک پێشەوا قازی محمد و سەرکردەکانی دی ئەو بارەیان هەڵگرتوە تا بیگەیێننە لووتکەی ئازادی.

دیارە شەرت نیە من چونکە کوڕی پێشەوا قازی محمد- م شانی خۆم بنیمە ژێر ئەو بارە بەرەو لووتکەی ئازادی بیبەم. لە درێژەی پرسیارەکانیتردا ئاماژە بە کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێ خۆم لەو پێناوەدا دەکەم.

پرسیار: پاش شکانی کۆمار تا ڕۆژانی کۆتایی دەسەلاتی پاشایەتی لە ئێران کار و ژیانی ئێوە (بنەماڵەکەتان) لە باری سیاسیەوە بە تایبەت هەڵسوکەوتی دەسەلات چۆن بوو؟

وەڵام: پێشەکی پێم خۆشە ئیشارە بە مەسەلەیەکی گرینگ بکەم کە پاش شەهید کرانی بابم بۆم پێش هات.

ساڵی ٥٤ - ١٩٥٣ لە لاین (سماعیل رائین و کەریم ڕەوشەنیان) (ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی تهران مصور) بە ناوی وتوویژ و دۆستایەتی بۆ ئەسفەهان مێواندارى کرام پاش ئەم سەفەرە بەرە بەرە واهەستم کرد لەشم بە تایبەت مێشکم تووشی جۆرە کاریگەرییکی زیانبار هاتوە بە چەشنێک وەک دواتر تێگەیشتم مەیل، شەوق، حەز و چەستو چالاکی جارانم سەبارەت بە کاروباری ژیانی ڕۆژانەم بەرەو کزی تەواو ڕووی نابوو. ئیتر من ئەو تاکە هەڵسووڕەی جاران لە پێناو خەبات و تێکۆشانی بێ وچان نەمابووم. دواتر بە ئەو ئاکامە گەیشتم تووش بوونی وەزعیەتێکی وەها لە قوتابیەکی نەسرەوتوو تا گۆران بە تاکێکێ هەر نەبێ بۆ ماوەیەکی بەرچاو کەم هێز و بێمەیل ڕەنگە بە هۆ یان ئەگەری جۆرە دەرماندواوکردنێکەوە کە خۆم زۆرتر گۆمانم بۆ ئەو سەفەرە دەچی بووبێ. ڕەنگە یەک لە کارتێکەریەکانی ئەو دەرماندواوکرانە تەنانەت نەهێشتنی هۆش و تێفکرینی سەردان و خۆنیشان دان بە دۆکتۆر و چارەسەری بە وەخت بووبێ.

ئەو ڕۆژەی کە پێشەوا قازی محمد، براکەی ئەبولقاسم سەدری قازی ناسراو بە سەدرولئیسلام و محمد حسێن خان سەیفی قازی کە ئامۆزای پێشەوا قازی محمد بوو لە سێدارە دران بەرە بەری بەیانی بوو کە خەڵکێکی زۆر بە لە خۆدان و گریان ڕژانە ماڵی ئێمە. ئێمە هێشتار لە خەودا بووین، کە ئەو خەڵکەمان دیت زانیمان چ قەوماوەو ئێمەش چووینە نێو خەڵکەکە و بەرەو چووار چرا وەڕێ کەوتین ئەو ڕۆژە تەواوی دووکان و بازاری شاری مەهاباد داخرا. خەڵک لەماتەمێکی زۆر قوولدا دەهاتن و دەچوون.

حکومەتی ئێران بە نیاز بوو چەند ڕۆژێک تەرمی شەهیدەکان هەروا بە هەڵاوەسراوی بهێڵێتەوە، بەلام کاتێک چاویان بە جموو جۆشی خەڵک کەوت و خەلک داوای جەنازەکانیان کرد دەڵەت مەجبوورما جەنازەکان لێ بکاتەوە بیانداتە دەستی خەلکی. هەر ئەو ڕۆژە ئێمە جەنازەکانمان بردە مزگەوتی بازار. فەوری جەنازەکان شۆردران و بە بەشداری بەرینی خەلکی بردیانن بۆ قەبرستانی مەهاباد و لەوێ ناشتیانن.

لێرە شتێکی زۆر گرینگ هەیە کە من دەمەوێ بە میلەتی کوردی رابگەیێنم، ئەوەش بریتیبوو لەوەی، بە سەر ئەوەش را کە ئێمە ساحەب موڵک و دەوڵەمەند بووین و زەمانی کۆمار بە تەلیس پووڵ دەهاتە ماڵی ئێمە کفنی قازی، پێشەوا قازی

محمد بە قەرز کڕدرا و حاجیەکی پارچە فرۆشی مەهابادی کە پێم وایە لە بنەماڵەی (وەتەمیشی) بوو ئەو کفنەی بە قەرز بە ئێمە فرۆشت.

دوای کارەساتی لە سێدارەدرانی پێشەوا بڕیاری دەست بە سەرداگرتنی ملک و ماڵ و زەوێوزارێک ئێمە هەمان بوو لە لایەن حکومەتەوە دەرچوو.

بە مەبەستی وەرگرتنەوەی ملک و زەوێوزارەکانمان لە گەڵ دایکم جارێکیان چووینە ورمێ لە ماڵی محمد (ئاغای وسووق) بابی دۆکتۆر قاسملو دابەزین. دە ڕۆژ لە ماڵیان بووین خزمەتی زۆرو بە گەرمی حورمەتیان گرتین. جەنابی وسووق چوار کوڕی هەبوون. ئەحمەد ئاغا زڕبرای دۆکتۆر قاسملو لە فەرانسە دەی خوێند. موهەندس حسین قاسملو، عەلی قاسملو کە دواتر بوو بە دۆکتۆر. پێم وایە دۆکتۆر قاسملو چکۆڵەترینیان بوو. دواتر پێکەوە لە تاران لە مەدرەسەی شەوانە ڕۆژی ئەلبۆرز دەمان خوێند.

ئەو شەوەی کە پێشەوا قازی محمد، برا و ئامۆزاکەی لە سێدارە دران هەموو شاخەکانی دەورو بەری مەهاباد پڕ بوون لە سەرباز و ئەرتەش و تەنانەت سەربانەکانی نزیک چوار چرا سەربازی لێ داندرا بوو.

ماڵی یەکێک لە خزمەکانی ئێمە بە نێوی (قازی کەریم) نزیکی مەیدانی چوار چرا بوو. کوڕە گەورەکەی قازی کەریم بە نێوی (ڕەحمانی قازی) کە خەتات و نووسەر و شاعیر بوو کوتی: "ئەو شەوە نووستبووم کاتێک بە دەنگێکی زۆر بلّند لە خەو را پەڕیم پەنجەرەم کردەوە کە باشتر گوێم لێ بێ و بچمە سەر هەیوانەکە. پێم لە پەنجەرەکە وەدەرنا دیتم سەربازێکی ئێرانی تفەنگەکەی لە سەر ملم دانا و کوتی بگەڕێوە. منیش گەڕامەوە و پەنجەرەکەم بە ئاوەڵەیی بە جێ هێشت وەختێک باش گوێم دایە دەنگەکە دەنگی حەمەحسێن خان سەیفی قازی بوو. (ئەو کاتی کۆمار وەزیری بەرگری بوو)، محمد حسێن خان وەک شێر دەی نەڕاند "بڕی پێشەوا قازی محمد، بڕی کورد و کوردستان" و ئەوانە ئاخرین قسەکانی حەمە حسێن خان پێش لە سێدارەدانی بوون.

دیارە یەک دوو ئەفسەری ئێرانی کە کاتی سێدارەدرانی پێشەوا لەوێ ئامادە ببوون باسی ئازایەتی پێشەوا قازی محمد و هاوڕێکان یان کردبوو. پێشەوا قازی محمد کوتبووی "ئەنگۆ بە کوشتنی محمدێک ناتوانن ڕێگای ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد پێش پێ بگرن. لە باتی ئەو محمەدە هەزاران محمەدی دی دروست دەبێ و ئێدامەی ڕێگای ئازادی خوازی کورد دەدەن". قازی محمد بە دەم وتنەوەی بڕی کورد و کوردستان لە سێدارە دەدرێ.

لە جوابی ئەو پرسیارەی جەنابتدا، من وەختێکی منداڵ بووم و بە کۆڵانەکانی مەهاباد دا هاتوو چۆم دەکرد هەموو خەڵک دۆعای بۆ دەکردم ماچیان دەکردم. لە باوەشی خۆیان دەگرتم. بە راستی خەڵکی قارەمانی مەهاباد ڕێز و حورمەتی بنەماڵەی ئێمەیان لە بەر چاو بوو. نیشان دانی ئەو خۆشەویستیەی خەڵکی مەهاباد ئەوە بوو ئەو گەنجانە لە مەدرەسە دەیان خوێند کاتێک بەفر دەباری بە بێ ئەوە کەسێک داوایان لێ بکا دەهاتن و سەر بانەکانی مالی ئێمەیان دەماشت. ئەو گەنجانە هەموویان لە پاشان هاتنە ڕیزی خەبات. من نێوی چەند کەسێکیانم لە بیرە ئەوانە بریتی بوون لە عەبدوڵا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تەوفیق، مستەفا ئیسحاقی، خەلیل سدیقی، عوسمان یوسفی، ئەسەدی کاک ئاغازادە، عەزیز یوسفی، داریوش سوڵتانیان، سەید عەبیدولا ئەیوبیان، و دەیان کەسیتر.

لێرە دا پێویستە بڵێم، تاقمێک کورد سەر بە دەوڵەتی ئێران بە دەستووری دەسەڵاتداران نامەیان بۆ مەسئولینی حکومەتی ئێران نووسی بۆ داوای لە سێدارە دانی پێشەوا و هاوڕێیەکانی. نێوی ئەو خائینانە لە سەر زمانی هەمووان حەتا منداڵانی کورد بوو کە تف و لەعنەتیان لێ دەکردن.

پرسیار: کاک عەلی پاش تێکچوونی کۆمار ساڵی ٢٦ تا سەرەتای ١٣٣٠ و ٣١ تێکۆشانێکی ئەوتۆ نەبوو. وەزعی سیاسی کوردستان لەم مەودایەدا چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟ بۆ خۆتان خەریکی چ بوون؟

وەڵام: پاش شەهید کرانی پێشەوا حیزبی دێمۆکرات دامەزرایەوە. وەک لە بیرم مابێت میرزا ڕەحیم سوڵتانیان، غەنی بلوریان، سەید عەبدوڵا ئیسحاقی، عۆسمان یوسفی عەزیز یوسفی، جەلیل گادانی لەو کەسانە بوون درێژەیان بە تێکۆشانی حیزبی دا. دیارە ماڵی ئێمە لە ژێر چاوەدێری تۆند دا بوو. تەنانەت دۆستانی مەدرەسەیی منیان لە ڕێگەی کەسوکاریان دەخستە ژێر گوشاری ئەوتۆ کە بۆ لە گەڵ کوڕی قازی هاتوچۆیان هەیە؟

لە بەر ئەوە دایکم منی بۆ تاران گواستەوە تا لەوێ درێژە بە خوێندن بدەم. بەڵام دۆستانی من لە نەبوونم دا پێوەندی خۆیان دەپاراست. بگرە بۆ نیشان دانی دڵسۆزی خۆیان ئاگاداری کۆترەکانم دەبوون و وێنەی ئەوانیان لە گەڵ زۆر بابەتی تر بە نووسین بۆ دەناردم. میرزا ڕەحیم (سوڵتانیان) زۆر جار بە شەوانە هاتوو چۆی دەکردین. هەر چەند ئەندامانی حیزب بە نهێنی تێدەکۆشان بەڵام ئەگەر باش لەبیرم تۆمار کرابێ میرزا ڕەحیم سوڵتانیان بەرپرسی حیزب بوو.

سەرەتا من لە گەڵ حیزبی تودە کارم دەکرد. پاشان کە ماهیەتی دژبەرانەی ئەوانم بۆ دەرکەوت لێیان کشامەوە. لەو ماوەدا یەک لە ئەرکەکانی من فرۆشتنی ڕۆژنامەی لاوانی دێمۆکرات بوو کە زۆر تێدا سەرکەوتوو بووم.

جارێک کەسێکی خەڵکی (قارنجە)، (گوندێکی ناوچەی مەهاباد) کاتی فرۆشتنی ڕۆژنامە منی چاو پێ کەوتبوو. لە گەڕانەوەدا گێرابوویەوە "خانم(دایکم)، پارە بە کوڕی پێشەوا نادا، ڕۆژنامە دەفرۆشێ!". کەسێک بە ناوی (شرمینی) لە حێزبی تودە بەر پرسی حەوزە (شانە) من بوو.

بە داخەوە پاش ئەوەی کۆمار نەما حیزبی تودە کە ئەوکات سەرکردایەتی حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە دەست گرتبوولەباتی ئەوەی پشتیوانی لە من بکەن هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە ویستیان لە نێوی ئێمە کەڵک وەر گرن. بۆ بەرەو پێش بردنی قازانجی حێزبی خۆیان. بۆوێنە کاتێک لە ساڵی ١٩٥٢دا یەکیەتی گەنجانی دێمۆکراتی دۆنیا لە سۆفیا کۆ بوونەوە، قەول وابوو ئەمنیش وەکوو ئەندامێکی دلێگا سیۆنی کورد لەو فستیواڵە دا بەشداری بکەم. بەڵام ئەوان هاتن بە منیان کوت دایکت ئامادە نیە پارەی خەرجی سەفەرەکەی تۆ بدا. بە منیشیان کوت کە دایکت نایهەوێ ئەو خەرجەی کە پێویستە بۆ تۆی بکات.

من بە شەخسی خۆم زۆر زوو کاکڵی حێزبی تودەم ناسی، هەر بۆیێ لەو تەمەنە ١٦ و ١٧ ساڵیدا خۆم لە حێزبی تودە دوور خستەوە. بەڵام ئەوان بە هەموو قەوەتی خۆیان تێدەکۆشان من بەد نێو بکەن.

لە سەر ئەوەش را کاتێک (مصدق) بە کودیتا لە حوکم لا برا ئەو کەسانەی کە ئەو دەم لە حێزبی تودە بە نێوی حێزبی دێمۆکۆکراتی کوردستان خەباتیان دەکرد هاتنە لای من و پێمیان وتم: چەند ڕەئیس عەشیرەتی کورد کۆ بکەمەوە بە مەبەستی ساز کردنی شۆڕشێک دژی حکومەتی ئێران. وەعدەیان دا چەک و تەقەمەنی بگەیێننە دەست ئێمە و داوایان لێکردم لە گەڵ ئەوان و هاوڕێکانی خۆم هێرش بکەینە سەر فەرماندەی لەشکری ئێران لە مەهاباد.

پاش ئەوەی کە ئێمە سێ چوار شەو لە کەلاوەکانی ماڵی قازی فەتاح چاوەڕوانیمان کرد دیار بوو ئەو وەعدەیە درۆیێک بوو لە لایەن حێزبی تودەوە بە ئێمە درابوو.

ئەگەر بێتوو باسی پێوەندیەکانی خۆم لە گەڵ حێزبی تودە بگێڕمەوە ئەوە چەندین کتێبی پێویستە.

پرسیار: کاک عەلی، لە تێکۆشانی نوێ بە ناوی حێزبی دێمۆکرات دەوری بنەماڵەی ئێوە چی بوو؟

وەڵام: دوابە دوای کودتا دژ بە سەرۆک وەزیرانی ئێران محمد مصدق حێزبی دێمۆکرات بەرە بەرە تێکۆشانی خۆی زیاتر کرد.

بۆ نمونە وەکو شەهید دۆکتۆر قاسملو لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیویەتەوە ئەو ماوەییکی زۆر لە مالی ئێمە خۆی شاردبووەوە و خەباتی سیاسی درێژەپێدەدا.

پاش ئەوە دۆکتۆر قاسملو ڕۆیشت کەسێک لە جێ ئەو بە نێوی (عەبدولا بارزانی) خەڵکی باشووری کوردستان کە بۆ خۆی بارزانی نەبو و ئەو نێوەی بۆ خۆی لە سەر خۆی دا نابوو وەک کادری حیزب بە ئێمە ناسێندرا و لە مالی ئێمەڕا کاروباری حیزبی ڕادەپەڕاند.

کاتێک دایکم قەراری دابوو ڕۆژێک فەرشەکانی ناو ماڵ ببانە سەر چۆمی سابڵاغ و بیانشۆن ئەو عەبدۆڵا بارزانیە بە دایکم و ئەوانیتر دەڵێ من چیتر نامەوێ خەباتی سیاسی بکەم، دەگەڕێمەوە عێراق و لەوێ ملک و ماڵی خۆم دەفرۆشم و دێمەوە لە تاران ژیانێکی نوێ دەس پێدەکەم.

یەک دوو ڕۆژ پێش ئەوەی ئامادەکاری بۆ شووشتنی فەرشەکان فەراهەم ببێ عەبدۆڵا بارزانی ماڵ ئاوایی لە دایکم و باقی ناسیاران کردبوو بەڵام لە ماڵی ئێمەدا کە خانوێکی زۆر گەورەبوو و ئەو هەموو کون و قوژبنێکی پێدەزانی خۆی شاردبووەوە. پێویستە بڵێم لە ماڵی ئێمە خواردنی چەند ڕۆژێک بۆ سەفەری نێوبراو حازر کرابوو.

بە داخەوە هەر ئەو ڕۆژە دایکم و یارمەتیدەرەکانی چووبوونە قەراغ چۆم (عەبدولا بارزانی) چووبوە ئەو جێگایەی کە دایکم پارە و زێڕی خۆی تێدا شاردبووەوە، هەموو زێڕ و پارەکەی دایکمی دزیبوو. هەر پارەکە ٢٨٠٠٠ تمەن بووکە ٢٨ هەزار تمەن بە پارەی ئەو ڕۆ پارەیەکی یەکجار زۆربوو.

ئەوکاتە من لە تاران بووم. ڕۆژنامەکانی ئێران زۆر بە دوورو درێژی باسی ئەوەیان کردبوو کە گەنجینەی قازی محمد دزراوە. ئەڵبەتە ئێمە لە خەونی خۆشماندا خەیاڵی ئەوەمان نەدەکرد کە عەبدۆڵا بارزانی دزی ئێمەبی، بەڵام پاشان بیستمەوە کە عەبدۆڵا بارزانی هاتوە تاران و هەر ڕۆژە جلوبەرگی نوی دەکڕێ و دەگەڵ هێندێ لە برادەرانی حیزبی تودە یان بڵێن دێمۆکرات دەچوونە مەیخانەکانی دەربەند و سەربەند لە تاران و پارەی سەغیرەکانی پێشەوا قازی محمدیان دەدا بە خواردنەوەی مەشروبات.

کاتێکی ئەوەم بیستەوە، تلفۆنم بۆ دایکم کرد و پێم کوت شکم لەوەیە عەبدولا بارزانی دزی ئێمەبێ. دایکیشم بە منی کوت "ڕۆڵە ئەمنیش ئەو فکرەم بۆ هاتوەتە پێش". پاشان دایکم هاتە تاران و دەگەڵ بەرپرسانی حیزبی تودە باسی کرد و داوای

گێرانەوەی پارە و زێڕەکانی کرد. بە داخەوە لە باتی ئەوەی عەبدوڵا بارزانی سەرزەنش و تەمبێ بکری ئەویان شاردەوە و نەیان هێشت ئێمە لە ڕووی قانوونەوە ئەوکەسە بە سزای خۆی بگەیێنین.

پرسیار: کاک عەلی لە پرسیارەکانی پێشوودا ئاماژەتان کرد کاتی ناشتنی تەرمی پێشەوا کفنەکەتان بە هۆی دەستەنگی لە کەسێکی بنەماڵەی وەتەمیشی بە قەرز کڕیوە. پێتان وانیە هەبوونی گەنجینەیەک بە ناوی پێشەوا لە گەڵ ئەم وتە ناپێتەوە؟

وەڵام: دیارە وەک وتوومە پاش لە سێدارە درانی پێشەوا ملکەکانی ئێمە لە ڕێگای دادستانی شاری مەراغە بۆ دە ساڵ بە ئیجارە دران و خۆیان پارەکەیان وەر دەگرت. یەک دوو ساڵی خایاند تا بە دەربڕینی سکاڵا توانیمان وەریان گرینەوەو ئێمە وەزعمان بووژایەوە.سەرەرای ئەوە دوو برا بە نێوی سەید سەمەد و سەید سەلام کە خاوەنی مەڕو ماڵاتی زۆر و لە ئێمە دەوڵەمەندتر بوون ڕاوێژکار(مباشر) ماڵیی سەدری قازی بوون.

سەید سەلام بە سەر دێیەکان (زەویوزار) ماڵی ئێمە رادەگەیشت. دایکم پاش شەهید کرانی پێشەوا بە سەید سەلامی وتبوو "چمان هەیە لە لاتان مابێت"؟ نێوبراو وتبووی "ئەی بەد بەخت تاقە دەنکێک گەنم تان نیە".

سەرەرای ئەوە بۆ ڕۆژی پاش دەس بەسەر کرانی پێشەوا چەند ئەفسەری ئێرانی دەگڵ سەربازان ڕژانە نێو ماڵی ئێمە ئەوە هەمان بوو بردیان. بۆ وێنە فەرشێکی ناوچەی هەوشار کە بایی زۆری قیمەت هەبوو تا تفەنگی ڕاوکردن و ماشێن بەتاڵانیان برد.

لە درێژەی پرسی پێشوو دا دەبێ ئەوە زیاد بکەم: ئەو دەمی حێزبی تودە نە تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکە لە باشووری کوردستانیش دەستیان بە تەبلیغاتی دژی من کرد. یەکێکی تر لەو هۆکارەکانە من ڕۆڵێکی بەرچاوم لە حەرەکەتی ئازادی کوردستان نەگێڕاوە ئەوە بوو نەم ویست خوێنی هیچ کوردیک بە دەستی منەوە بڕێژرێ. ئەوانە هێندێک لەو سەبەبانەن کە بۆچی من جێ بابی خۆم نەگرتوە بێجگە لەوەی خۆ دروست بوونی کۆماری کوردستان حکومەتێکی پاشایەتی نەبوو کەمن دەبوایە جێگری بابم بم، بەلام بە شانازیەوە ئەوە دەتوانم بڵێم کە هەتا ئێستا هیچ کوردێ نە بە دەستی من و نە بە قەڵەمی من نە بە تفەنگی من خوێنی نەڕژاوە وزیانی پێ نەگەیشتوە. خەڵک شاهێدی ئەوەن کە ئەگەر من خزمەتێکم لە دەست هاتبایە بۆ کوردێک بە دڵ و گیان ئەنجامم دەدا.

پرسیار: کاک عەلی لە ڕەوت و درێژەی خەبات بۆ ڕزگاری هەر میلەتێکدا لە گەڵ ئەوە ویست و ئارەزووی خەباتکاران ئەوەیە بە بێ خوێن ڕژان و لێ کەوتنەوەی زیانی گیانی و مالّی تێکۆشانەکەیان بە سەر ئەنجامی خۆی بگات، بەڵام ئەزموون نیشانی داوە خەباتی ئازادی خوازانە بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە بێ ڕەنج و قوربانیدان بە ئاکام نەگەیشتوە. واتە ئەو چاوەڕوانیە دژوارە مرۆ بتوانی خەباتی بێ قوربانیدان لە ئێران بە سەرئەنجام بگەیێنێ.

تکایە ئەگەر وێنەیەک لەو خزمەت کردنە باسی دەکەن لەزەینتان دا هەیە بفەرموون؟

وەڵام: دیارە من باوەڕم بە ڕزگاری کوردستان هەبوە. بۆ ڕزگاری کوردستان دەبێ شەڕێش بکەین، بگرە شەڕ لە گەڵ ئەو کەسانە هەر چەند کورد بن بەڵام لاینگری داگیر کەرانی کوردستان بکەن شتێکی ڕەوا دەزانم.

لە هەمان کاتدا من هەمیشە دژبەری شەڕی براکوژی بووم. ئیستاش لە سەر ئەو بیرو باوەڕەماوم تا کورد یەک نەگرێ بە مافە ڕەواکانی خۆی ناگات.
ساڵی ١٩٦٣ کاتێک لە نێوان مەلا مستەفای نەمرو کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێمۆکراتی کوردستان ناکۆکی پەیدا بوو، مەلا مستەفای نەمر لە کاناڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە منی ڕا ئەسپارد "کە دەسەڵاتی شۆڕش (ئەوکاتی کوردستان)، لە دەست منداید. بیستوومە دەوڵەتی ئێران خەریکی یارمەتیدانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێمۆکراتی کوردستانە بۆ دژایەتی لە گەڵ من"، مەلا مستەفا داوای کردبوو ئەو فەرمایشانەی وی بە بەرپرسانی ئێران ڕابگەیێنم.

ئەوکات ڕەئیسی ساواکی ئێران سەر لەشکر پاکڕەوان بوو من چاوم بە پاکڕەوان کەوت و فەرمایشەکانی مەلامستەفام پێ ڕاگەیاند. سەرلەشکر پاکڕەوان کوتی "ئێمە بە هیچ شێوەیێک یارمەتی کۆمیتەی ناوەندی دژی مەلا مستەفا نادەین پشتیوانیان لێ بکەین. ئێمە ئەوە دەزانین مەلا مستەفاسەرکردەی شۆڕشی کوردەکانە لە باشووری کوردستان. ئێمە بۆ ئەوە مەلا مستەفا متمانەی هەبێ کۆمیتەی ناوەندی لە کوردستان دوور دەخەینەوە. دەیان بەین بۆ دەوروبەری هەمەدان. هەڵبەت پاکرەوان ئەوەی بە وتەکانی زیاد کرد کە ئەوان قەت چەک نادەن بە لاینێک دژی لایەکەیتر شەڕ بکات. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لای ئێمە میوان دەبن.

دیارە لەو چاوپێکەوتنە لە گەڵ سەر لەشکر پاکڕەوان باسی کورد بە شێوەیێکی گشتی گفتو گۆی لێ کرا و کاتێ کە من پێم کوت خوێندکارەکانی کورد لە دانشگاکانی ئێران لە ڕێفراندۆمی (٢ی ڕێبەندانی ١٣٤١ هـ .) خۆیان نەبوارد (تەحریمیان نەکرد)، و ئەوە نە لە بەر خۆشەویستی شای ئێران بەڵکوو لە ڕقی جەبهەی میللی کە هیچ دان پێدا نانێکی بە حەق و

حقوقی کورد نەبوو کرد. لە بەرانبەردا پاکڕەوان زۆر بە خۆش حاڵیەوە کوتی پێم خۆشە چاوم بە دانشجوە کوردەکانی دانشگای تاران بکەوێ. چەندین جار من لە گەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارانی کوردی دانشگای تاران (حەسەن باباتاهێری و... چوومە ماڵی پاکڕەوان و گفتو گۆمان هەبوو.

حەسەن بابا تاهێری زۆر بە توندی لە گەڵ پاکڕەوان دەدوا. من پێم وابوو ئەو قسانەی باباتاهێری دەیێتە باعیسی وەی کە ئەو وتووێژەمان ڕابگیرێ بەڵام بەپێچەوانەوە پاکڕەوان نەتەنێ قسەکانی بابا تاهێری بەر پەرچ نەدایەوە، گوتی ئەو شتانە زۆر بۆ من باڵکێشن.

هەر لەو ماوەدا ڕۆژێک پاکڕەوان لە دووی نارادم. لەو چاوپێکەوتنە دا بە منی کوت، ئێمە بیستومانە کوردەکان خەریکی خەباتی دژی دەوڵەتی ئێرانن. نامانەوێ بریندی کوردان بکولێنینەوە و پێمان خۆشە دەگەڵ کوردە کان دانیشین و پێکەوە ئاخافتن بکەین. تۆ کوردەکان بۆ ئەو مەبەستە بگەیێنە لای من. من باسەکەم بۆ ئەو بەر پرسانەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان گێڕایەوە.(عەلی خوسرەوی، ئەمیر قازی و چەند کەسی دی کە ناوەکانم لە بیر نەماوە.). بە منیان کوت ئێمە نامانەوێ خۆمان ئاشکرا بکەین باشترە تۆ بە پاکڕەوان بڵێیی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێستا لە باشووری کوردستانە و من دەبێ پێوەندی بە ئەوانەوە بکەم. و ئەوەش لە ڕێگای یەکێک لە خزمەکانی خۆم.

پاکڕەوان قەبووڵی کرد، کوتی ئەو خزمەی خۆت بێنە بۆ لای من و ئێمە حازرین هەموو ئاسانکاریەکی بۆ بکەین لە سنوور بپەڕێتەوە.

وابوو ئەوان ئاسانکاریان بۆ خزمەکەی من چێ کرد و ئەو چوە کوردستانی عێراق. چەند ڕۆژێک پاش ئەوە چاومان بە پاکڕەوان کەوتبوو جارێکی دی پاکڕەوان منی بۆ دیدار لە نووسینگەی خۆی بانگ هێشت کرد. کاتێک چوومە نێو ژوورەکە ئەو و جێگرەکەی لە سەرپێ ڕاوەستا بوون بە بێ چاکو چۆنی و داوای دانیشتن لەمن زۆر بە تووڕەیی "ئەو خزمەی تۆ یەکێکە لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. من پێم وابوو ئەگەر ئێمە قامکێکی خۆمان پێشکەش بە کوردان بکەین ئەوان بە هەردووک دەستەوە دەستمان دەگوشن". هەڵبەت من پێم کوت ئاگاداری ئەوەنیم کە ئەو خزمەی من ئەندامێکی سەرۆکایەتی حیزبی دێمۆکراتە.

یەکێک لە داخوازیەکانی حیزبی دێمۆکرات ئەوە بوو کە زیندانیە سیاسیەکانی کورد ئازاد بکرێن. هەر بۆ ئەو مەبەستە ڕێگای منیان دا لە زیندان چاوم بە دوکتۆر عەلی مەولەوی و مەرحومی غەنی بلوریان و چەند کەسی دی کەوت و قەول

وابوو دانیشتنەکان دەستی پێکرد زیندانیەکوردەکانیش ئازاد بکرێن. دیارە دانیشتنەکان سەری نەگرت.

پرسیار: لەوە دەچێ پێوەندی ئێوە لە گەڵ پاکڕەوان وەک سەرکردەی پایە بەرزی ئێران، ساواک(سازمانی ئێتلاعات و ئەمنیەت) زۆر ئاسایی و دۆستانە بوو بێ! ئێوە وەک کوردێک بە تایبەت تاقە کۆڕی سەرۆکی دژبەرانی دەسەڵاتی ملهوڕی شا کە پاشتر لە لایەن ئەوانەوە هەڵواسرا چاوپێکەوتن و وتووێژتان ئەوەندە هاسان بوو؟!سەرە رای ئەوە لە نێو بەرپرسانی دەسەڵاتی شا بۆ تەنێ پاکرەوانتان هەڵ بژارد؟

وەڵام: وەک کۆڕی شەهید پێشەوا هەموو کاروبارێکی من لە دەستی ساواک بوو. پاکڕەوان نەتەنیا لە گەڵ من پێوەندی هەبوو بۆ وێنە لە گەڵ دۆکتۆر کامران بەدرخان پێوەندی باشی هەبوو. پێوەندی من لە گەڵ پاکڕەوان لە سەر ئەو بابەتە وەک نیشان دەدرا ئەوە بوو دەتوانم دەورێکم لە پێوەندی نێوان کوردستان و دەوڵەتی ئێران هەبێ.

ساڵی ١٩٥٨ کاتێک مەلا مستەفای نەمر گەڕایەوە عێراق دەوڵەتی ئێران زۆر لەوە دەترسا گەڕانەوەی مەلامستەفا بۆ کوردستان ڕەنگە ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە بەر ئەوە شای ئێران داوای چاوپێکەوتنی لە گەڵ من کرد. سەفارەتی ئێران بۆ ئەم مەبەستە منێان برد بۆ پاریس. لەوێ شای ئێران پەرۆشی خۆی بەرانبەر گەڕانەوەی بەڕێز مەلا مستەفا دەربڕی. ئەو لە منی پرسی "ئێمە چ بکین بۆ کورد؟".

من پێم وت ئەگەر بێتوو ئیجازە بدەن کوردەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن، ڕۆژنامەیان هەبێ، ڕادیۆیان بە زمانی کوردی هەبێ ئەوە دەبێتە هۆی دڵخۆشی کوردی ڕۆژهەڵات.
شا جەهانگیر تەفەزۆلی (سەفیری سەیاری ئێران) مەئمور کرد لە گەڵ من بۆ ئەنجام درانی ئەو ئەرکانە یارمەتیدەر بێت.

لە بەر ئەوە من جەهانگیر تەفەزۆلی - م بە دۆکتۆر کامران بەدرخان ناساند. دیارە دۆکتۆر بەدرخان هەمان داواکاریەکانی منی هەبوو. ئەوە بوو ڕۆژنامەی کوردستان لە تاران چاپ کرا و رادیۆی کوردی تاران دەستی بە وەشان کرد (١٩٥٨ - ١٩٥٩). دەسپێکی پێوەندی من لە گەڵ پاکڕەوان لێرە را بوو.

پاشان کە هاتمە ئاڵمان بوومە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و دەو چوار چێوەیەدا خزمەتێک لە دەستم هات

کۆتاییم نەکرد.

پرسیار: کاک عەلی هەر چەند ڕەنگە بەجاران وەڵامی ئەم پرسیارەتان دابێتەوە و دیسان هەر چەند لە ئەم دەورو زەمانەدا وێدەچێ ماچ کردنی دەست و چاوی دوژمن و نەیارانی خۆڕێژی کورد ئاسایی و پێوەندیەکان زۆر لەوە زیاتر تێپەڕیوە بەلام ئەگەر پێتان گران نەبێ ڕەنگە لە بەر ئەوە لە سەرەوەدا ئیشارەتتان بە دیداری ئاخرین شای ئێران کردلە جێدا بێت ئاماژەیەک بە ڕاستی و ناراستی ماچ کردنی دەستی شا بکەنەوە.

وەڵام: بە پێجەوانەی هێندێ پرۆپاگەندە هیچکات دەستی شام ماچ نەکردوە. ڕەنگە سەر چاوەی ئەم وتراوە لەوێرا هاتبێ لە ڕوو بەرگی مەجەلەی تەرەقی ساڵی ١٩٥٤ لە ئێران دەردەچوو وێنەیەکی من بە تەنێ و لە لای بەرەوەی ئەم وێنە یەک لە سەررۆک عەشیرەکانی لای ورمێ کاتی ماچ کردنی دەستی شا لە وێنەیەکیتردا نیشان درابوو.

(تێ بینی: بەڕێوەبەری ئەم وتووێژە چەند جار لە ڕێگای ناردنی ئیمەیل بۆ بەشی ئارشیوی مەجەلەی نێوبراو هەوڵی پێویستی کڕینی کۆپی وێنەی باسکراوی وەگەر خست بە داخەوە بێ وەڵام مایەوە).

پرسیار: ساڵی چەند هاتنە ئاڵمان. ئایا هاتنتان بەرەو ڕووی کێشەی ڕێگرتن نەکرا؟ ئەگەر بکرێ باسی کارو پیشەی خۆتان لە ئاڵمان بکەن؟

وەڵام: ساڵی ١٩٥٥ بۆدرێژەی خوێندن هاتمە وڵاتی ئاڵمان (مۆنیخ) لە ئاڵمان دیپلۆمم وەر گرت پاشتر لە زانکۆی مۆنیخ لە ڕشتەی ماف و زانستە سیاسیەکان لیسانسم وەرگرت. دیارە شای ئێران بە مەبەستی دووڕخستنەوەی من لە کوردستان بە بیانووی خوێندن ڕەوانەی ئەم وڵاتەی کردم.

لە ئاڵمان بوومە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و لەو چوار چێوەیەدا هەر خزمەتێک لە دەستم هات کۆتاییم نەکرد.

پرسیار: سالی ١٩٧٩ دوابەدوای ڕۆخانی دەسەلاتی شا هاوکات لە گەڵ ڕەخسانی دەرفەتی داواکاری ماف و ئازادیە سیاسیەکان بۆ کورد لە ڕۆژهەلات دەور و تێکۆشانی ئێوە لە چ ئاستێکدا خۆی نواند و پێوەندی ئێوە لە گەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەم هەلو مەرجەدا چۆن بوو؟

وەڵام: وەکوو دەزانن سەرجەم حیزب، ڕێکخراو و تاکەکان کە دژبەری کۆماری ئیسلامی بوون دەگەڵ دەوڵەتی عێراق تێکەڵییان هەبووو یارمەتیان لەو حکومەتە وەر دەگرت.

حیزبی دێمۆکرات، کۆمەڵە، خوالێ خۆش بوو مەلا شێخ عیزەدین هاکەزا لە گەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندیان هەبوو و یارمەتی دەدران.

وابوو دەوڵەتی عێراق پێوەندی بە منیشەوە گرت و بانگهێشتی بەغدایان کردم. عێراقیەکان وتیان گرووپێک پێک بێنە و دژ بە جمهوری ئیسلامی خەبات بکە.

دوای ئەوە لە (هەڵشۆ) کە گوندێکی نزیک بە شاری قەڵادزە سەر سنووری ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان مەقەڕێکم کردەوە.

پرسیار: کاک عەلی ئێوە لە سەر ئارەزووی دەسەلاتی بەعس بە سانایی داواکەی ئەوانتان پەژراند؟!

وەڵام: هەر لە بێدایەتەوە پێوەندیم لە گەڵ هێندێک لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات هەبوو. بۆ وێنە مەلا ڕەسول پێشنماز، منتەقم قازی، عومەر قازی. ئەوان پێیان وابوو باشترە من هاوکاری حیزبی دێمۆکرات بکەم و بۆ نیشاندانی دڵپاکی خۆم ڕادەیەکی زۆر ئەسڵەحەم بۆ حیزب بەڕێ کرد. بەداخەوە لە جیاتی ئەوە ڕابگەیێنن ئەو چەکو چۆڵەمان لە لاین عەلی قازی پێ گەیشتوە لێرەو لەوێ رایان گەیاند ئەو چەکانە هی سەلتەنەت تەڵەبەکان بوون و دەستمان بە سەردا گرتون!

دەوڵەتی عێراق زۆرجار پێشنیاری بە من دەکرد شەڕی پارتی دێمۆکرات و جەلال تاڵەبانی بکەم. ڕۆژێک لە گەڵ ئەفسەرێکی عێراقی کە پێشتر ملحەق عەسکەری (وابەستەی نیزامی لە ئالمان بە نێوی ڕائید محمود)، دەوڵەتی عێراق بوو، پێکەوە لە قەڵادزە ڕاوەستابووین بە قامکی دەست بەرەو شاخەکان ئاماژەی کرد و لەمنی پرسی دەزانی کێ لەو شاخانە دایە؟ وتم نا. رائید محمود وتی ئەوێ دوو گوندی لێیە بە ناوەکانی (شێنێ و سۆنێ) مەقەڕی جەلال تاڵەبانی لەوێیە.

ئەگەر تۆ هێرش بۆ سەر ئەو دێیانە بکەی ئێمە چوارسەت هەزار دینار (کە ئەو کات بایی ملیۆنێک و دوو سەت هەزار دۆلار بوو)، پارەت دەدەینێ.

لە وەڵامدا پێم وت من بۆ خۆم و دوو سەت نەفەر شەڕی جەلال تاڵەبانیم پێ ناکرێ. ئەفسەری ناو براو وتی ئەوە گرفت نیە. ئێمە دە هەزار نەفەر کۆماندۆ بە جلو بەرگی کوردیەوە لە پشت ئاوایی شێنێ و سۆنێ دادەبەزێنین و شەڕی جەلال تاڵەبانی دەکەین.

زۆر زوو لە وتەی ئەفسەری عێراقی تێگەیشتم کە ئەوان لە بەرنامەیاندایە شەڕێ جەلال تاڵەبانی بە نێوی شەڕی کورد لە گەڵ کورد رابگەیێنن و بڵێن کوڕی قازی محمد دژی جەلال تاڵەبانی شەڕ دەکات. جیا لەوە ئەگەر مەبەستی عێراقیەکان ئەوە نەبوایە چ پێویستێکیان بە من هەبوو. بەڵام من هیچکاتێک ئامادە نەبووم شەڕی کورد بکەم.

جارێکیان هەزار نەفەرێک جاشی عێراقی هاتن بۆ لای مەقەڕەکەی ئێمە. دەوڵەتی عێراق ئاگاداری کردم ئەو چەکدارانە لە بەر یارمەتی کردن بە من ڕەوانە کراون.

خەڵکی قەڵادزێ بەتایبەت (مەلا محمد دەڵگەیی) منیان بۆ مزگەوتی قەڵادزێ بانگهێشتن کرد و ئاگاداریان کردم کە هەبوونی ئەو چەکدارانە لای تۆ شیاو نیە. دیارە وەڵامی من ئەوە بوو، بێ ئاگا لە هاتنی ئەوانە بووم و دەوڵەتی عێراق ئەوانی ناردوە. دوابەدوای ئەوە مەقەڕەکەم بەرەو بەغدا بە جێ هیشت.

دوای چەند ڕۆژێک (نووری حەدیسی) بەرپرسی باشووری کوردستان لە حێزبی بەعس چاوی بە من کەوت و پرسیاری لێ کردم بۆ مەقەڕەکەت بەجێ هێشتوە. وەڵامم ئەوە بوو لە بەر ئەوە بە بێ ئاگاداری من دەس لە کاروبارم وەردەدەن. ڕام گەیاند من پێویستم بە ئەو چەکدارانە نیە. ناو براو هاتە سەر ئەو قەناعەتە بڕیار بدات بە زووبی چەکدارە کوردە کانیان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. پاش دڵنیایی بەرەو قەڵادزە گەڕامەوە. هاوکات لە گەڵ گەیشتنم بە قەڵادزە ئاخرین نەفەری جاشەکان ناوچەکەیان بەجێ دەهێشت.

پرسیار: کەک عەلی پێم خۆشە باسی پێوەندی و هاتووچۆی خۆتان لە گەڵ حێزبی دێمۆکرات بکەن.

وەڵام: لەو ماوەدا کە لە هەڵشۆ بووم پێوەندی لە نیوان من و دۆکتۆر قاسملو لە ڕێگای نەفەری خۆمانەوە هەبوو پێیان وتم ئێمە (حێزبی دێمۆکرات) هێزێکی پێشمەرگەبە ناوی تۆ ساز دەکەین بەڵام لە ژێر چاوەدێری خۆماندا. جارێک ئاگادار کرام دۆکتۆر قاسملو لە ئاخاوتنێکدا وتبووی "کوڕی ڕەش دۆژمنی ئێمە نیە، دۆژمنی ئێمە خۆمەینیە".

لە لایێکیتروە عێراقیەکان خوازیار بوون و بڕیاریان دەدا من لە سنوور بەرەو ڕۆژهەڵات دەربباز بم. هەموو جارێک قسەی من ئەوە بوو لە حالەتی ئەوتۆدا ئەگەر بەرەو ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەڕێمەوە لە گەڵ حێزبی دێمۆکرات تووشی شەڕ دەبم و ئەوە ویستی من نیە شەڕی کورد بکەم.

لێرە دا پێویستە مەسەلەیەک ڕوون بکەمەوە. من بە پێشمەرگەکانی خۆم ڕاسپاردبوو بە هیچ شێوەیەک نابێ تووشی شەڕی برا کوژی ببن. بگرە جارێک چەکداری پارتی شیووعی (عێراق) بە پێشمەرگەکانی من بێ حورمەتیان کردبوو، لە گەڵ ئەوە بە پێ ڕاسپاردەی پێشووی من هیچ چەشنە دژ کردەوەیەکیان لە خۆ نیشان نەدابوو.

وەک پێشوو وتم دەوڵەتی عێراق پێداگری گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد. هەموو جارێک مەسەلەی ئەگەری تێکهەڵچوونم لە گەڵ حێزب باس دەکرد. قسەی عێراقیەکان ئەوە بوو "دۆکتۆر قاسملو دۆستی ئێمەیە. وەعدێک دادەنێن لە گەڵ دۆکتۆر قاسملو چاوتان بە هەڤدوو بکەوێ و پێکەوە ڕێکەوتنێکتان هەبێ".

ڕۆژێک هلیکۆپتەرێک هات و منیان بۆ قەرارێکی ئەوتۆ بردە فڕۆکەخانەی کەرکوک. لەوێرا بە تەیارەی تایبەت ناردیانم بۆ بەغدا بۆ دیداری دۆکتۆر. کاتێک گەیشتمە بەغدا ئاگادار کرام "دۆکتۆر سەفەرێکی زۆر گرینگی بۆ دەرەوەی وڵات هەبووە لە بەر ئەوە نەیتوانیوە ڕاوەستێ. سبەینێ (ڕۆژی دواتر) تۆ چاوت بە نوێنەری ئەو (دۆکتۆر) دەکەوێت.

ڕۆژی پاشتر دیسان بە تەیارەی تایبەت گێرامیانەوە بۆ کەرکوک لەوێ لە مۆخابرات (یەک لە ئێدارەکانی سەربە دەزگای پاراستنی دەسەڵاتی بەعس)، چاوم بە ئەمیری قازی و مەلا ڕەحمان کاژێ کەوت (کاک ئەمیر قازی ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدکا و کاک ڕەحمان کاژێ لە پێوەندیەکانی دەرەوە ی حێزب (لە گەڵ عێراق) و دەبیرخانەی حێزب بەر پرسایەتییان هەبوو.

من بە ئەمیرم کوت ئێوە چ دژایەتیەکتان هەیە لە گەڵ هاتنەوەی من بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

ئەمیر کوتی ئێمە هیچ دژایەتیەکمان لە گەڵ هاتنەوەی تۆ نیە بەڵام هێندێک شەرت و شروتمان هەیە. لێم پرسی ئەو شەرتو شروتەی تۆ چیە؟ وەڵامی ئەوە بوو ئێرە جێگای باس کردنی نیەو لە درێژە دا ئیشارەی بە ئەوە کرد نامەیەکیان بۆ دەفتەری سیاسی حێزب نووسیوە کە ئەوان کاریان بە کاری من نەدابێ. لە کۆتاییدا وتی لە دوو سێ ڕۆژی دواییدا وەلامت دەدەینەوە.

پاشتر بە هەڵکەوت تووشی مەلاڕەحمان کاژێ کاتی لێ خوڕینی ڕەنجڕۆوێرە سەوزەکەی دۆکتۆر قاسملو بوو، بووم. ناوبراو کوتی ئەوە دەگەڕێتەوە دەفتەری سیاسی بۆ وەر گرتنی وەڵامەکەی من.

پاش دووسێ ڕۆژ چاوەڕوانی بەپێ ئەو پێشەکیە باسم کرد پێم وابوو گرفتێک بۆ گەڕانەوەم بۆ وڵات لە سەر ڕێدا نەمابێ. دوابەدوای خۆ تەیار کردن چووینە گوندێکی سەر سنوور. لە نەکاوڕا بیست تا سی پێشمەرگەی حیزبمان دیت کە خەریکی سەنگەر گرتن لە سەر ڕێ ئێمە بووون.! دیارە چ ئەوانە لە گەڵ من و چ ئەو کەسانەی پێشمەرگەی حیزب هەموو خەڵکی ئەو گوندانە و لە ڕاستیدا خزمو کەسی یەکتر بووون. دەکرێ بڵێم برایێک لای من و برایەکەیتر لای حیزب پێشمەرگە بوون. لەهەمان کاتدا ئەوان تانەی جاشەتیان لە ئێمە دەدا. هەر چەند حەولی قانع کردنمان دەدان کە ئێمەش بۆ ڕزگاری کوردستان خەبات دەکەین سوودی نەبوو!

سەرئەنجام من بە ئەو ئاکامە گەیشتم ڕەنگە تووشی تێک هەڵچوونی چەکدارانە لە گەڵ ئەو تاقمە لە پێشمەرگەکانی حیزب ببین. بە ناچار لەنامەیەکدا بۆ دەفتەری سیاسی حیزب نووسیم بە پێ تێگەیشتنی من ئێوە دژایەتی گەڕانەوەی من بۆ نێوخۆی کوردستان ناکەن، بۆیێ خوازیارم بڕیار بدەن پێشمەرگەکانتان لە سەر ڕێ ئێمە بکشێنەوە تا بتوانین هاوشان شەڕدژی کۆماری ئیسلامی بکەین.

دوو ڕۆژی خایاند بەڵام وەڵامێکم بە دەست نەگەیشت. تا دەهات وەزعەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچوو. بڕیارم دا بۆ خۆم بە مەبەستی وتوویژ لەم بارەوە سەردانی دەفتەری سیاسی حیزب بکەم. درەنگانێکی ئێوارە گەیشتمە میراوێ (گوندێک لە ناوچەی سەردەشت)، لەم دێیە تووشی ڕاسپاردەکەی خۆم هاتم. نامەیەکی کاک حەسەن ڕستگاری پێبوو. (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی). لەو نامەیەدا نووسرابوو "کاک عەلی ئێوە بگەڕێنەوە ئەو جێگایە لێرا هاتون، دەنا هەر شتێک بقەومێ ئێوە بەر پرسیارن". منیش دیتم تازە درەنگانی ڕۆژە ناگەمەوە مەقەڕەکەی خۆم. بڕیارم دا بچم بۆ دەفتەری سیاسی حیزب و لە گەڵیان بدوێم. کاتێک گەیشتمە شوێنی نێوبراو وێرای کاک حەسەن ڕستگار، سەید ڕەسوڵ بابی گەورە لەوێ بوو.

پرسیار: کاک عەلی لە سەرجەمی جۆری هەڵسوکەوتەکاندا لەوە دەچێ بە ئارەزووی خۆتان بەرەو تەسلیم بوون بە دەسەڵاتی حیزبی دێمۆکرات و مل دان بە بڕیارەکانیان هەنگاوتان هەڵێناوە. تکایە بفەرموون هۆکاری هەڵوێستی دژبەرانەی حیزب بەرانبەر ئێوە و ڕادەست کردنی بەڕێزتان بەرەو زیندان لە سەر چ ئەساسێک بوو؟

وەڵام: پاش ئەو سەفەرە بۆ دەفتەر بەڵێنیەکانی پێشوو دووپات کرانەوە. لە دیداری سەید ڕەسوڵ دهقان پێم ڕاگەیاند، لە

لایێک دەڵێن دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ نێوخۆی وڵات، لە لایێک داوایترتان هەیە! ئەو کوتی ئەو حێزبە پێشەوا قازی محمد دایمەزراندوە، تۆ وەک کوڕی پێشەوا قازی محمد جێگات نێو حێزبی دێمۆکراتی کوردستانە. من بە پێخۆشحاڵیەوە بە سەید ڕەسوڵم ڕاگەیاند بە شانازیەوە پێم خۆشە پێشمەرگەی حێزب بم. لە بەرانبەردا سەید ڕەسوڵ بە نوسین پێشوازی لە وتەکەی من کرد و هەردوولا ئێمزامان کرد. ئەوجار وێکرا چووین بۆ لای پێشمەرگەکانی من و دەقی ڕێکەوتنەکەمان بۆ شیکردنەوە. هەموو شتومەکێک هەمان بوو تەحویل حێزب درا. پێشمەرگەکان سەرپشک کران بۆ ئەوە خۆیان بڕیار بدەن دەبن بە پێشمەرگەی حێزب یان هەر لاینێکیتر.

دەبێ ئەو تێبینیە زیاد بکەم عۆمەر ئاغا بەر پرسی نزیک حەفتا پێشمەرگە بە منی ڕاگەیاند ئەوان (حێزب) ڕاست ناکەن و خوازیاری هەمبەر وەستان و خەباتی سەربەخۆ بوو. هەڵبەت من وتە و پێشنیارەکەم پەسەند نەکرد و سەرجەم چەکو چۆڵەکانم تەسلیم بە حێزب کرد. خواردەمەنی و ئازووقەی بنکەکەمان بە سەر خەڵکدا دابەشکرد.

دواتر گەڕاینەوە گوندی میراوێ. لەوێدا مێوانی حێزب بووم و لە گەڵ سەید ڕەسوڵ چوینە دەفتەر، کاک سادق شەرەفکەندی لەوێ بوو. پاش وتووێژ منیان بۆ ئاوایی (سێپەکان) کە زێندانی حێزبی لێ بوو بەڕێکرد و لە ماڵی ئاغای ئەو دێیە دابەزیم.

زۆری پێنەچوو لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان هەواڵی چەک کرانی پێشمەرگەکانی عەلی قازی و دەس بە سەر کرانی خۆمم بیست. چۆنیەتی بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵەم لە سەید ڕەسوڵ پرسیار کرد ناوبراو بە جۆرێک پاساوی بۆ هێنایەوە.

دواتر کاک مستەفا قازی هات بۆ لام و پێداگری کردەوە لە لایەن حێزب ڕا مەئمور کراوە پێم بڵێ ئەوان لە سەر قەرارەی پێشووی خۆیانن واتە ڕاسپاردەکەیان ئەوەیە: "لە هەر شوێنێک پێم خۆشە دابنیشم، ئاگایان لێم دەبێ و...". ئەو باسی خەبەری بڵاو کراو سەبارەت بە من لە ڕادیۆ کوردستانی کرد و پێی وتم دۆکتور قاسملو کوتوبەتی با عەلی قازی بچێ بۆ ئۆروپا.

جارێک ئەحمەد قازی هات بۆ لام و وتەکانی پێشووتر بۆ پاراستنی حورمەت و ئەوە لە کوێ پێم خۆشبێ نیشتەجێبم دووپات کرایەوە.

بە کورتی لە نێهایەتی خۆیدا من گوندی (میشەدێ)، لای ماڵی کاک خدر سالار عەشایری - م هەڵبژارد. هەڵبەت تا

شوێنی نێوبراو بە حورمەتەوە پێشمەرگەیان لە گەڵ ناردم.

هەر چەند ماوەیەک جارێ لێرە (میشەدێ) سەردانیان دەکردم. جارێکیان کاک فەتاح کاویان و محسن مرادی (دەبیرخانە) وەک خۆیان درکاندیان بە مەبەستی لێپرسینەوە لەمن هاتنە میشەدێ.

لە گەڵ ئەوە بەرهەڵستی داواکەیان دەرکەوتم شتێکم بە نووسین لە سەر خواستی خۆیان بۆ نووسین.

دواتر سەید ڕەسووڵ نەفەری ڕاسپاردبوو لە (واوان)، (گۆندێکی ناوچەی سەردەشت) چاوم پێ بکەوێ.

ناوبراو ئاگاداری کردم قەرارێک پێشوو لە سەری ساغ ببووینەوە پەسەندی حێزب نیە. بە کورتی ئاکامی سەریەکی ئاخاوتنی نێوان من و سەید ڕەسوول، حێزب بە بڕیاری پێشووی خۆیدا چوەتەوە واتە دەبوو من زیندانی بکرێم. قسەی ئاخری سەید ڕەسووڵ بە بۆنەی نیشان دانی ناقایل بوون بە بڕیاری باس کراو کۆتایی بەخشین بە تێکۆشانی خۆی لە ڕیزی حێزب بوو.

وتەی من لە بەرانبەر جۆری دژکردەوەی سەید ڕەسووڵ خواستی نووسینی چۆنیەتی باس و خواستەکان و ئاگادار کردنی بیرو ڕای گشتی لە دەقی وتە، قەرار و هەڵوێست و پێوەندیەکانی پێوەندیدار بوو، بەڵام نێوبراو بە وتنی ئەم ڕستەیە کە ئەوە کێشەی لێ ساز دەبێ خۆی لە درکاندنی ڕاستیەکان بە نووسراو پاراست. ئەنجامی پاشتر زیندانی کران لە (دۆڵەتوو)ی لێ کەوتەوە.

لە بەر ئەوە خەڵکێکی زۆر بۆ دیداری من ڕوویان لەوێ دەکرد. چاوپێکەوتنی زیندانیەکان بە بێ ئیزنی دەفتەری سیاسی بەر بەست ڕاگەیێندرا. هەڵبەت لەو ماوەدا لە دۆڵەتوو بووم چ لێپرسینەوەیەک لە من نەکرا.

دیارە مەلای کوردستان لە پێوەندی زیندانی کرانی من گازەندیان ئاراستەی حێزب کردبوو کە چۆن دەکرێ لە شوێنێک وێنەی قازی بە ڕێزەوە هەڵدەواسرێ، هاوکات کورەکەی لەو شوێنە زیندانی بکرێ؟

پرسیار: کاک عەلی: ئەو بەشە لە قازیەکان مەبەستم کەسانی سەر بە بنەماڵی قازیە کە خاوەنی بەر پرسایەتی لە نێو ڕیزەکانی حێزب بوون، دژ بە بڕیاری حێزب بۆ زیندانی کرانی بەڕێزتان هەڵوێست و دژکردەوەیەکیان نەبوو؟

وەڵام: وەک پێشتر وتم کاک مستەفا هات و رای گەیاند کوتوبانە با بچێ بۆ ئۆروپا. کاک ئەحمەد قازی هاتەلام وتی حیزب حورمەتت دەگرێ و پارێزوانت بۆ دابین دەکا و وتوویانە لە هەر شوێنێک پێ خۆشە با نیشتە جێ بێ. ئەوە بوو سەرتا چوومە میشەدێ لە ناوچەی پیرانشار.

پرسیار: کاک عەلی ئێوە دوابەدوای ئازادبوونتان لە زیندانی حیزبی دێمۆکرات لە رێگای بەغدا گەرانەوە ئاڵمان. بەڵام دواتر تووشی زیندانی دەوڵەتی بەعسی عێراق هاتن! دەکرێ بفەرموون هۆکاری کەڕانەوەتان بۆ بەغدا و زیندانی کرانتان چیبوو؟

وەڵام: دوای ئەوە حیزبی دێمۆکرات مەرجی ئازاد کران واتە دژایەتی بۆ گەڕانەوەم بەرەو دەورو بەری مەهاباد ڕاگەیاند و پێیان وتم ئەگەر ئامادە بم بەرەو ماکۆ (سنووری تورکیە) و ئۆروپا بچم لە زیندان ئازاد دەکرێم، لە رێگەی دۆکتۆر سەعید هاودەنگی خۆم دەر بڕی زیندانم بە جێ هێشت.

ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن دەوڵەتی عێراق بۆ باس لە سەر مەسەلەی کورد و شەڕی نێوان ئێران و عێراق بانگ هێشتی چاو پێکەوتنی سەدام حسین لە بەغدا کرام. ڕۆژی ١٦ ئاگوستی ١٩٨٦ لە ئاڵمان را گەیشتم بەغدا. لە فڕۆکەخانە پێشوازیم لێکرا. لە بەغدا میوانی حکومەتی عێراق بووم. قەرار بوو چاوم بە سەدام حسین بکەوێ. دوای چەند جار سەر نەگرتنی قەرارەکان (ئێمڕۆ و سبەینێ پێکردن)، لە بەر ئەوە لە ئاڵمان کاری تایبەتی خۆم هەبوو عێراقیەکانم ئاگادار کرد چێتر ناتوانم لە بەغدا بمێنمەوە.

بەرپرسە عێراقیەکان پێداگری زۆریان دەکرد بمێنمەوە تا ئەو جێگا ئەفسەرێکی عێراقی کە پلەی سەرگوردی هەبوو بە منی کوت: "وەک ئەفسەرێکی عێراقی کەوشەکانت ماچ دەکەم بۆ ئەوە لە گەڕانەوەدا پەلە نەکەی"، بەڵام سەرەڕای ئەم داوایە نەم دەتوانی زیاتر بمێنمەوەو پێم ڕاگەیاندن دەبێ بە هەچ شێوەیەک بگەڕێمەوە ئاڵمان.

بۆ ڕۆژی دواتر ٢٦ی ئاگوستی ١٩٨٦ منیان بەرەو فڕۆکەخانەی بەغدا برد. لەوێ بۆ ژووری میوانانی حکومەتی عێراق کە شەش ئەندامی پایە بەرزی دەسەڵات بە نێوی بەدرەقە کردن تێدا ئامادە بوون ڕێنوێنی کرام و هیوایان خواست بە زووبی بگەڕێمەوە بەغدا.

ڕاسپاردەیەکی تەشریفات پاسپۆرت و بلیتی گەڕانەوەی منی بە دەستەوە بوو تا بەرەو سوار بوونی تەیارە هاوڕێیەتیم بکات.

پێش ئەوە بچمە ژووری تەیارەکە کەسی ڕێنوێن لە گەڵ ئاماژە بە کۆمەڵێک جانتای سەفەر لە پای پلێکانی تەیارەکە بە منی وت جانتا کەت دەس نیشان بکە. بۆ نیشان دانی چەمەدانەکەم لە پلێکانی تەیارەکە چوومەوە خوار، چاوم بە ماشێنێکی مرسدسی پارک کراو کەوت. لە گەڵ هاتنە خواری من چوار کەس لە نێو ماشێنە کە دەرپەڕین. بە پەلە و پالە پەستۆ منیان لە ماشینەکە هاویشت چاویان بەستم و بەڕێ کەوتن.

پاش ماوەی نزیک بە دوو سەعات لێخوڕین لە ماڵێک دایان بەزاندم. لە ژوورێکی تاریکدا چاویان کردمەوە. چەمەدانەکەیان بۆ نێو ژوورەکە فڕێدا و دەرکەیان لە سەر گاڵەدام.

بە دیتنی ئەم وەزعو حاڵە کەوتمەوە بیری مووسا سەدر. ئەویش کاتێک هێنابوویانە فڕۆکەخانەی ترابلۆس لەوێرا ون کرا.

ئەو شەوە زۆر بە باشی نووستم لە بەر ئەوە بەلای خۆمەوە ماڵئاواییم لە ژیان کرد.

بۆ ڕۆژی پاشتر کەسێک دەرکەکەی لێ کردمەوە و رای گەیاند بچم بۆ خواردن کە چوومە دەر دیتم لە نێو ماڵێکی تاریکدام.

لە سەر یەک ماوەی پێنج ساڵ لە زیندان مامەوە. کاتێک سەر هەڵدان لە کوردستان دەستی پێکرد، ڕۆژی شەشی ئاپریلی ١٩٩١ ئازاد کرام کێشی جەستەم کاتی ئازاد کران ٥٢ کیلۆ بوو. لەو ماوە دا سێ جار تووشی نەخۆشی دژوار هاتم. لەسەر یک نە ئەوکات و نەئێستا نازانم لە سەر چێ گیرام و لە بەر چی ئازاد کرام!

پرسیار: کاک عەلی: هیچکات لێپرسینەوەیان لە سەر هۆکاری زیندانی کران لە گەڵ نەکردن، ئێوە بۆ خۆتان پرسیاری ئەوەتان نەکرد لە بەر چی هەڵسو کەوتی وەها لە گەڵ مێوانی سەدام حسین دەکرێ؟

وەڵام: تاقە یەک وشە ئاگادار کردن و وەڵام بۆ پرسیارێکی ئەوتۆ نەدەدرایەوە.

لەماوەی زیندانی کرانم دا (ساڵی ١٩٨٩)تاها محیی ئەلدین مەعروف هاتبوو ئاڵمان سیاسەتمەداری بە نێو بانگی ئاڵمانی و سەرۆک وەزیرانی ئیالەتی شلیزوێگ هۆلشتاین (بارشل کە دواتر بە هۆیێکی نادیار لاشەکایان لە وانی حەمام لە سوئێد دیتەوە)، داوای ئازاد کردنی منی لێ کردبوو. تاها محی ئەلدین لە گەڕانەوە بۆ بەغدا ڕۆژێک هەواڵی بۆ خۆشکم (مریم خانم) ناردبوو بۆ نیوەڕۆ خۆراکی فسنجان درۆست بکا لە گەڵ عەلی (من) دێن بۆ ماڵ. بەڵام ئەم وەڵام ناردنە لە قسەییک

تێ نەپەڕی و هیچکات خەبەرێکی ئەوتۆ لە لایەن تەها محی ئەلدین وەڕاست نەگەڕا.

هەر لەو پێوەندیە بۆ ئازاد کرانی من(گەینشێر) وەزیری پێشووی دەرەوەی ئاڵمان لە گەل تارێق عەزیز قسەی کردبوو. یاسر عەرەفات لە سەر داوای (مادام بۆڤیلار) وەکیل و داکۆکیکاری خەباتگێرانی جێهانی سێهەم وەک ئەلجەزایر و... لە سەر بەڵێنیەک بە خێزانم دابووی بە یاسر عەرەفات دەڵێ لە چاوپێکەوتنی خۆیدا لە گەڵ سەدام داوای ئازاد کردنم بکات. دیارە عەرەفات بە سەدامی وتبوو.

دۆکتۆر ئەمینی و شاپوور بەختیار لە رێگای مەلێک حوسێن پادشای ئۆردن هەمان داواکارییان هێنابوە گۆڕێ. مۆکەڕەم تاڵەبانی یەکیتر لەو کەسانە بوو کە مەسەلەکەی لە گەڵ سەدام باس کردبوو.

پرسیار: ساڵەکانی ١٩٩٥ی زایینی پاش سەرهەڵدانی ئاڵۆزی نێوان پ کاکا و دەوڵەتی ئاڵمان هەوڵی نێو بژیوانی ئێوە باس دەکرا. دەکرێ زانیاری و ئاکامی ئەم پێوەندیە باس بکەن؟

وەڵام: لە ساڵەکانی ١٩٩٥ بۆ دواتر نێوان ناخۆشیەکی تۆند نێوان دەوڵەتی ئاڵمان و پ کا کا هاتە ئاراوە. هەتا ئەو کاتی ئاڵمانیەکان کوردیان خۆشدەویست. کابراییکی ئاڵمانی بە نێوی (کارل مای) کتێبێکی لە سەر کورد نووسیبوو بە نێوی "لە کوردستانی وەحشی دا" (Karl May – Durchs wilde Kurdistan).

ئەڵبەتە بە کار هێنانی کەلیمەی وەحشی نە بۆ ئینسانی کورد بەڵکوو بۆ چیاکانی کوردستان بوو. هەر گەنجێکی ئاڵمانی ئەو کتێبەی خوێندبووە کوردی خۆشدەویست.

ئەو کێشەو هەرایەی نێوان پ کا کا و ئاڵمان هاتە دی کاردانەوەیەکی وەهای نواند، ئاڵمانیەکان ئیتر بیرو ڕایان بەرانبەر کورد وەک پێشوو نەما بۆیێ ئەمن چاوم بە کاربەدەستانی ئاڵمان کەوت و ئامادەیی خۆم پێ نیشان دان کە ئەو کێشە حەل بکەم. دوابە دوای هاو دەنگی ئاڵمانیەکان بۆ مەبەستی باس کراو پێوەندیم لە گەڵ بەر پرسانی پێ کا کا ساز کرد. قەرار درا لە دەمشق دیداری ئاپۆ بکەم.

ئەو کات لە گەڵ شمیت باوەر (Schmitbauer) کە ڕاوێژکاری هیلمۆت کۆڵ (سەدری ئەعزەم) بۆ کارو باری ئەمنی بوو زۆر جار لە ئیدارە تایبەتەکەی سەدری ئەعزەم بۆ مەبەستی سەرەوە پێوەندیمان هەبوو. نامەی ئاپۆم پێ دەدان و شمیت

باوەر لە تەنیشت ژوورەکەی خۆی دەیدا بە هێلمۆت کۆڵ سەرۆکی ئاڵمان.

لە دەمشق چاوم بە عەبدولا ئۆجەلان کەوت و بە بەڕێز ئۆجەلانم راگەیاند "کە ئەو سیاسەتەی پ کاکا بە تایبەت لە ئاڵمان پێشی گرتوە کارێکی باش نیە و ئێمە دەبێ پێوەندیەکانمان لە گەڵ دەوڵەتی ئاڵمان باشتر بکەین".

ئاپۆ قسەکانی منی پێ باش بوو هەر دوابەدوای ئەوەی دەگەڵ وەزیرێکی پێشووی ئاڵمان(Heinrich Lumer) و چەندین سیاسەتمەداری ئاڵمانی و ڕۆژنامە نووسان چوومە لای ئاپۆو.

لە ژانویەی ١٩٩٦لە گەڵ چەند کار بە دەستی دەوڵەتی ئاڵمان لە لای ئاپۆ بووم کە دەوڵەتی ئاڵمان ڕای گەیاند چیتر پ کا کا وەک گرووپێکی تڕۆریست ناناسرێ. هەر ئەو خەباتەی من لە گەڵ پ کا کا بوو بە هۆی ئەوە هەموو گرتوەکانی پ کاکا لە حەپس خانەکانی ئاڵمان ئازاد کران. ئەڵبەتە هەر یەک لەوانە بۆ خۆی داستانێکی دوور و درێژی هەیە.. من حەولم دا پ کاکا و دەوڵەتی ئاڵمان چیدی دژایەتی یەکترنەکەن.

ئەورۆ کە ئەمن تەمەنم گەیشتوەتە ٧٨ ساڵ چاوەڕوانی ئەوە بووم کە نەتەوەی کورد زۆر زیاتر لەوەی ئاگای لە من بێ و پەرۆشم بخوا. ئەمن بە نسبەت خۆمەوە هەمیشە ویستوومە خزمەت بە گەلی کورد و ئامانجەکانی وی بکەم.

پرسیار: کاتی هاتنی بەڕێز ئۆجەلان بۆ ئیتالیا وەک بیسترا ئێوە لە ڕۆم دیدارتان لە گەڵی هەبوو. پێم خۆشە ئەگەر ئارەزووتان هەبێ ئاماژەیەک بە نێوەرۆکی دیدارەکەتان بکەن.

وەڵام: ئەمن دوو جار لە ڕۆم (ئیتالیا) لە گەڵ بەڕیز ئۆجەلان دیدارم هەبوو. لە ڕێگای پێوەندیە ناو دەوڵەتیەکانی هەمبوو سکرتێری دالیما سەرۆک وەزیری ئەوکاتی ئیتالیام بردە لای ئاپۆ و پەیامی دالیما لەو کۆبوونەوەدا بە ئاپۆ ڕاگەیاندرا و ئەویش بریتی بوو لەوەی، لەبەر ئەوە دەوڵەتی تورکیە لە ڕێ دۆستانی خۆی فشارێکی زۆری هێناوەتە سەر دالیما، دالیما پێ باشە کە بەڕێز عەبدولا ئۆجەلان بچێتە وڵاتێکی کە ئەوان ئامادەی دەکەن، پاشان دەوڵەتی ئیتالیا کۆنفرانسێک دەبەستێ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد. بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشتنی عەبدولا ئۆجەلان دەکەن بەشداری تێدا بکات.

ئەما پێش ئەوەی دالیما بتوانێ وڵاتێک بۆ ئاپۆ دابین بکا ئاپۆ قەراریدا بچێتە ڕووسیە. تەنانەت پاش ڕۆیشتنی ئاپۆ بۆ

ڕووسیە و ئاشکرا بوونی ئەوەی کە ئاپۆ ناتوانێ لە ڕووسیە بمێنێتەوە من حەول و تەقەلای خۆم بۆ دیتنەوەی ولاتێک کە ئاپۆ بتوانێ تێدا بژی هەر بەردەوام بووو. من و کانی یەڵماز کە ئەوکات نوێنەری پ کاکا لە ئوروپا بوو لە گەڵ کەسایەتیەکی پایە بەرزی یەک لە ولاتەکانی گەورەی ڕۆژئاوا چاو پێکەوتنمان هەبوو ئەو لە لایەن دەوڵەتەکەی وەعدەی بە ئێمە دا ولاتێک بۆ ئاپۆ دیاری بکەن.

شەوێک پێش ئەوەی ئاپۆ ڕووسیە بە جێ بهێڵێ سەعات دوازدەی شەو ئاپۆ تلفۆنی بۆ من کرد و کوتی چ بوو ئەو ولاتە ئامادە کرا یان نا؟ منیش پێم کوت کە ئەو ولاتە دوو سێ ڕۆژی موولەت خواستوە بەڵام ئاپۆ چاوەڕوانی هەوڵەکانی ئێمە نەما و دەزانین کە پاشان چ خیانەتێکی گەورە دەر حەقی وی بە جێ گەیشت.

پرسیار: کاک عەلی ئەگەر دەکرێ بە کورتی ئیشارەتێک بە دەوری خۆتان بۆ نێوبژیوانی و حەولی کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوان پارتی و پ کا کا سالەکانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ بکەن.

وەڵام: سالەکانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ کە شەڕی بەینی پ کا کا و پارتی دێمۆکراتی کوردستان قەوما ئەمن لە گەل شێخ عەبدولمەلیک نەوەی شێخ سەعیدی نەمر داوامان لە بەڕێز عەبدولا ئۆجەلان کرد کە شەڕ لە گەڵ پارتی دێمۆکراتی کوردستان ڕابوەستێنی و لە گەڵ کاک مەسعود بارزانی چاویان بە یەکتر بکەوێ ئەو گرێیەی لە نێوانیان دا هەبوو بکرێتەوە. دیارە ئێمە پێوەندیمان بە کاک مەسعود بارزانیەوە گرت و بەڕێز کاک مەسعود رازی بوو بە نێوبژیوانی ئێمە لە نێوان خۆیان و پ کا کا.

وابوو پاش ئەوەی لە دەمشق چاومان بە بەڕێز عەبدولا ئۆجەلان کەوت چوینە هەولێر و لەوێش لە گەڵ بەڕێز کاک مەسعود بارزانی دانیشتنمان هەبوو و بەڕێز مەسعود بارزانی کوتی من ئامادەم چاوم بە بەڕێز ئاپۆ بکەوێ بەڵام بە شەرتێک ئەو چاوپێکەوتنە لە کوردستان بێ.

من فەورەن فکرێک هاتە مێشکم و پێم وابوو کە شاری قامێشلو بۆ ئەو مەبەستە زۆر باشە. ئێمە پاش ئەوەی کە بەڕێز مەسعود بارزانیمان چاو پێ کەوت گەڕاینەوە بۆ لای بەڕێز عەبدولا ئۆجەلان و ئامادە بوونی بەڕێز مەسعود بارزانیمان بەوی ڕاگەیاند. ئاپۆ ڕازی بوو کە ئەو چاو پێکەوتنە ئەنجام بدرێ.

ئەوکات ئێمە لە ویلاییکی دەرەوەی دەمشق مێوانی ئاپۆ بوین. ئاپۆ لە گەڵ ئێمە لەو ویلایە دەژیا. ڕۆژێک کاتی نانی

نێوەڕۆ من و کاک عەبدۆلمەلێک داوەتی سەر سفرەی نان خواردن کراین. لە سەر سفرەی نان خواردن سێ کەس دانیشتبوون. من تەنێ یەکیانم دەناسی، ئەو بەڕێز کاک عەبدۆلخالق زەنگەنە بوو. ناوبراو بۆ گەلی کورد ناسراوە.

ئاپۆ وتی ئەو سێ برادەرە ش خوازیارن لە گفتوگۆی ئاشتیدا بەشداری بکەن. یەکیان سەرۆکی حێزبی شیوعی کوردستان بوو.، ئەویتر ئەبوو داود نێوێک سەرۆکی حێزبی شیوعی عێراق بوو ئێمە وتمان پیرۆزە.

ئەبوو داود وتی پێوەندی من لە گەڵ دەولەتی سوریە زۆر باشە، دەچم و دەوڵەتی سوریە رازی دەکەم ئەو چاوپێکەوتنە لە قامیشلو ئەنجام بدرێ. سەرۆکی حێزبی شیوعی کوردستان داوای لە بەڕێز ئۆجەلان کرد کە شەڕ دژی (ک د پ) ڕاوەستێ و بەڕێز عەبدولا ئۆجەلان ئاگر بەس ڕابگەیێنێ.

ئۆجەلان وتی من چۆن ئاگر بەس رابگەیێنم! ئەو دەمی خەڵک دەڵێن ئاپۆ ترسنۆکە. ئەو برادەرە (سەرۆکی ح - شیوعی کوردستان)، پێ وت تۆ هەتا ئێستا چەندین جار شەرت بەرانبەر بە تورکیە راگرتوە، جارێکیش ئاگربەس لە گەڵ کورد ڕابگەیێنە. ئاپۆ رازی بوو.

دوای ئەوە قەرار درا نووسراوێک بە ناوی ئێمە وەک هەیئەتی ئاشتی ڕابگەیێندرێ. وەک لە بیرم مابێ سەرۆکی حێزبی شیوعی کوردستان ئەرکی نووسینەکەی وە ئەستۆ گرت.

دوای یەک دوو ڕۆژ نووسراوەکەیان هێنا. کاتێک لێ ورد بووینەوە لە گەڵ ئەوە ئێمە دەسپێشخەری ئەو خەباتە (ئاگربەس و ئاشتی) بوین نێومان لە ئاخری نووسراوەکەداهاتبوو.

ئاپۆ جلوبەرگی خۆی گۆڕی و کوتی "دەچم دەگەڵ برادەرانی خۆم دادەنیشم و بۆ ڕۆژی ١ - ٩ - ١٩٩٦ ئاگر بەس ڕادەگەیێنم".

دوای ئەم قەرارە لە لایەن ئاپۆ ئێمە هەموو ڕۆژێک چاوەڕوانی بەرسیڤ بووین بەڵام هیچ خەبەرێک نەبوو! ڕۆژێکیان نامەیەک لە لایەن ئاپۆ بۆ ئێمە هات. نامەکە لە لای من پارێزراوە. لەو نامە دا هاتبوو ئێوە چیتر هیچ تێکۆشانێک بۆ نێو بژیوانی نێوان من و کاک مەسعود بارزانی مەکەن. زیاتر لەوە وەختی خۆتان سەرفی ئەو کارە مەکەن". دیارە ئێمە ئەوەمان زۆر زۆر پێ ناخۆش بوو و نەمان دەزانی سەبەبکاری هەڵوێستی نوێ ئاپۆ چی بوە؟

بڕیارمان دا ڕۆژی دواتر لە ڕێگەی لۆبنانەوە بگەڕێنەوە ئاڵمان. کاتێک بە پێ قەرار ماشێنێک هات ئێمە بۆ لۆبنان بەڕێت ئاگادار کراین ئاپۆ بۆ خواردنی نیوەڕۆ چاوەڕوانی ئێمەیە.

دوای دیدار لە گەڵ ناوبراو پێمان وت مەبەستان لە نووسینی ئەو نامە بۆ ئێمە چ بوە؟ وتی وەڵلا ئەو نامە کە ئێوە ئامادەتان کردبوو، زۆر لاینگری مەسعود بارزانی تێدابوو. پێمان ڕاگەیاند خۆ ئێمە (عەلی قازی و عەبدولمەلیک) ئەو نامەمان نە نووسیبوو. ئەو نامە لە لایەن کەسانێکەوە نووسراوە جەنابت هێناوبوونت نێو خەباتی ئاشتی.
ئاپۆ وتی ئێستا پێم خۆشە ئێوە لە سەر مەسەلەی ئاشتی بەردەوامبن. کاک عەبدولمەلک کوتی دەبێ ئەوەمان بۆ بنووسی. عەبدولا ئۆجەلان بە یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی کوت ئەو نووسراوە ئامادە بکات. نووسراوەکە درا بە بەڕێز ئۆجەلان و ئێمزای کرد.

من بە ئاپۆم وت دایکم زۆر نەخۆشە و لە ئاڵمان لای دۆکتۆر خەریکی چارە سەرە. بۆ چاو پێکەوتنی کورت دەگەڕێمەوە ئاڵمان و دێمەوە و لە گەڵ (خوالێ خۆشبوو) عەبدولمەلیک فورات خەباتی خۆمان بەردەوام دەکەین.
پاش گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئاڵمان مێدیای وڵاتە داگیر کەرەکانی کوردستان دەستیان کرد بە نووسین سەبارەت بە خەباتی ئێمە. ڕۆژنامە تورکیەکان نووسیبوویان "ئەوانە چوون بۆ هەلێر بەلام بەڕێز مەسعود بارزانی حازرنەبوو چاوی پێیان بکەوێت و ئەوان بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە"، و هەروەها زۆر شتیتری لەو بابەتە.

کاتێک گوێبیسی ئەو بابەتگەلە بووین و نووسراوەکانمان دیت بڕیارمان دا بچینە تلوزیۆنی (مد) و چۆنیەتی وەزعەکە بە ئاگاداری خەڵکی کوردستان بگەیێنین. کاتێ بەڕێوە بەری بەرنامەکە(تلوزیۆنی مەد تیوی) لە ئێمەی پرسی، بە مەسعود بارزانیتان کوت کە ئەو خائینە؟. ئێمە وتمان شتی وا چۆن دەبێ. ئێمە بۆ شەڕ نە چووین. ئێمە چووین بۆ ئاشتی.
بەڕێوە بەری وتوویژەکە وتی کاتێک ئێوە لە دەمشق لە گەڵ عەبدولا ئۆجەلان چاوپێکەوتنتان هەبوو من لەوێ بووم. "ئاپۆ کوتویەتی بەشەرتێک حازر دەبم لە گەڵ مەسعود بارزانی دانیشتن بکەم بڵێ ئەمن خائینم". ئەو بەرنامە لە مانگی سپتامبری ١٩٨٦ بەڕیوە برا.

وەختایێک ئێمە ئەو وتانەمان گوێ لێ بوو بە خۆمان وت دیارە هێندێ کەس لە پشت ئەو کارەن و ناخوازن یەکیەتی نێوان کوردان چێ بێ.
جیا لەوە من زۆرم حەولداوە بەرەیەکی کوردستانی لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێک بێنم. بۆ ئەو مەبەستە چەندین جار چاوپێکەوتنم لە گەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێک هێنا بە داخەوە لەو کارە دا سەرکەوتوو نەبووم.

پرسیار: بەڕێز کاک عەلی قازی: ئێوە هیچکات لە گەڵ دەوڵەت یا نوێنەرێکی ڕاسپاردەی ئێسراییل پێوەندیتان هەبوە؟

وەڵام: من هیچ پێوەندیەکم ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە گەڵ دەوڵەتی ئێسرایی نەبوە. هەڵبەت جیا لە هەبوونی پێوەندی تلیفۆنی لە گەڵ چەند کوردێکی ئێسراییلی ناسراو نەبێ.

پرسیار: وەک تلوفزیۆنی کوردستان (پارتی دێمۆکراتی کوردستان) سالّی... ٢٠٠٣ فیلمەکەی بە بینەران نیشاندا، ئێوە وەک کوڕی پێشەوا قازی محمد دامەزرێنەری کۆماری کۆردستان ئالاّئ کوردستانتان لە هەولێر پێشکەش بە بەڕێز نیچیروان بارزانی کوڕی شەهید ئیدریس بارزانی کرد.

بە گوێرەی ئەو گێڕدراوە مێژوویانە لێرەو لەوێ هاتون، پێشەوای شەهید پێش دەس بە سەر کران ئالاّی خەباتی کورد بە بارزانی دەسپێرێ. ئایا ئەم ئالا پێشکەش کردنە لە لایەن بەڕێزتانەوە بۆ جارێکی دی بە واتای ئەوە بوو مێژوو دووپات دەبێتەوە و کورد لە ڕۆژهەلاّت عاجز لە پاراستنی ڕەوتی خەبات و شەکاوە ڕاگرتنی ئالای بزووتنەوەی مافخوازی کورد ناچار بە تەسلیم کردنەوەی سەر لە نوێ بە بنەماڵەی بارزانی دەبێتەوە. یا بە شێوازێکیتر کورد لە ڕۆژهەلات توانای درێژەدانی ڕێبازی پێشەوای لەدەست داوە؟

وەڵام: نیشاندانی ئەو ئالاّیە لە لایەن کاک نیچیروان بارزانی و من ئەوە بوو کە ئێمە ئەو ئالاّیە پێشەوا قازی محمد کاتی ماڵ ئاوایی لە مەلا مستەفا بارزانی بە ئەوی ئەسپاردبوو نیشانی میلەتی کورد بدەین بە ئاواتی ئەوە کە جارێکیتر ئەو ئالاّیە لە شاری مەهاباد پێتەختی یەکەم کۆماری کوردستان هەڵ کەینەوە.

ئەوە تەنیا مەبەستی من لەو کارە سەمبۆلیکە بوو، نەک ئەوە حیزبەکانی ڕۆژهەلاّت ناکارامە و لە مەیدان دا نەبن.

لە هەمان کاتدا من ئێستا وەک کەسێکی بڕوامەند بە خەبات بۆ ڕزگاری میلەتەکەم و هەل کردنەوەی ئالاّی کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆمارێکی سەر بەخۆی کورد لە مەهاباد وەک سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان (پاک) درێژە بە خەبات دەدەم.

پرسیار: بەڕێزتان سەردەمێک لە کەنەکە(کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) کە پ کا کا و یەکیەتی نیشتمانی تێدا دوو بەشداری سەرەکی بوون ئەندام بوون. هۆی واز هێنان تان لە ئەندامەتی کەنەکە چی بوو؟ پێوەندی تان ئێستا لە گەڵ پ کا کا چۆنە؟

وەڵام: نە زانیم چۆن بووم بە ئەندامی کەنەکە و نە چۆن لە ئەندامەتی کەوتم! لە بابەت بەشی دووی پرسیارەکە دەبێ بڵێم پێوەندیەکی ئاساییمان هەیە.

تێ بینی: ۱ بەگوێرەی وەڵامەکانی کاک عەلی بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری مەسەلەپێوەندیدارەکان زۆر جار پێویستی هێنانە گۆڕی پرسیاری نوێ دەهاتە گۆڕ بەڵام لە بەر زۆر بوونی دەقی وتوویژەکە و ئەوە کە خوێنەر تارادەیەک خراوەتە سەر ڕێچکەی بابەتەکان لە پرسیار کردنی زیاتر چاوپۆشی کراوە. سدیق بابایی

تێبینی: ۲ سماعیل ڕائین(راعین) هەر ئەو کەسەیە کۆمەڵێک کتێبی لە ژێر سەر دێڕی "فراموش خانه و فراماسونری در ایران" سەبارەت بە بزووتنەوەی فراماسونری نووسیوە.

تێبینی: ۳ بەڕێز قازی لە گەڵ ئەوە گلە و گازەندەی خۆی بەرەو ڕووی حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بوارە جیاوازەکان دەکاتەوە، پێوایە ئەو حێزبە خاوەنی پشتیوانی جەماوەرێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستانە و دەتوانێ دەوری ئەرێنی لە داهاتووی کوردستاندا بگێڕێ. ناوبراو پێداگری دەکا ڕێز و حورمەتی بۆ خەبات و تێکۆشانی هەموو حێزبو ڕێکخروە نیشتمان پەروەرەکانی بەتایبەت ڕۆژهەلات و سەراسەری کوردستان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژ پرێس - ڕێکەوتی: ١٤ی جوونی ۲۰۱۲

پیرێکی سەنگەری کوردایەتی، (لالۆ حەمە شەریف حەلیمی) بە کۆڕی هاوڕێیانی پەیوەست بوو.

کۆڕی هاوڕێیانی هاودڵ و هاوبیر لە سەنگەری خەباتی کوردپەروەرانە و باوەڕی ئایینی وەک هەڤ بە کۆچی خاڵە شەریف دۆخی جارانی خۆی سەرلە نوێ ژیاندەوە.

ئەگەر لە گۆشە نیگای بڕوای ئایینی ئەم خەباتکارە باوەڕمەندانە وە سەیری بە سەر هات و ژیان بکەین، ئەوجار شاهێدی شێوازێک لە پێشوازی تاسەمەندانەی دڵدارانی هاوبیر، ڕەحمەتی، (مەلا ڕەحمان لاجانی)، (مەلا زاهد)، (مەلا خالید) و (قادرئاغا)، چوار یاری غاری خاڵۆ حەمەشەریف دەبین، کە چۆنا و چۆن دەست لە ملانی ئەم ئازیزە سەر لە نوێ پەیوەست بووە بە کۆڕی دێرینیانن.

بۆ ئەو کەسانە سالانی ژیان لە گەورەدێیان لە تۆمارگەی مێشکدا بێت. دیمەنێن ئەم مرۆگەلە نووڕانی، ئارام و لێکدا نەبڕاوە نیشانەیەک لە هەیبەتی شۆڕشگێڕی لەو تەمەنە دا بە وێنەی تابلۆیێکی بە نرخی تۆمار کراوە.

لە بەختی کوردانەی لالۆ حەمە شەریفدا وا نووسرا بوو بۆ ماوەیەک لەوان تەریک کەوێ تا بە سەرهاتی ژیانی کوردانەی، تاڵی و سوێری زیاتری دەرخوارد بدا.

مەرگی لە نەکاوی دوکتۆر ئەفراسیاو مامۆستای تویژینەوەی مێژووی دێرینی کورد، کوڕی ئەم پیاوە سەرفرازە لە ڕیزی ئەو مەینەتە قورس و پڕ لە ئێش و ئازارانە بوو کە دەستی قەزا و بەدبەختیی کورد وێرای هەموو خەمەکانی تر ئاوقەدی کرد. کاک شەریف وەک لە ناوە ڕاستەقینەکەیدا دیارە، مرۆڤێکی شەریف، لە سەرە خۆ، دڵپاک، مرۆدۆست، کورد، کورد دۆست و خەمخۆری وێژەی کورد بوو.

ناو و نازناوەکەی (حەلیمی) هەر دەڵێ لە سەرەتاوە پڕ بە پێست بۆ ئەم پیاوە دیاری کراون.

ئەو لە پێناوی خاک و وڵاتەکەیدا ئارام و هێدی وەک چۆمی سیروان پێچ و هەڵەموتە سەختەکانی سەر ڕێی ژیانی کوردانەی بە سام و هەیبەتی تایبەت بە خۆی دەپێوا تا لەم بواره دا پیت و بەرەکەت بە ژیانی داهاتووی هاوواڵاتیانی ببەخشێ.

لە ڕۆژانی تەنگانە و کۆسپەدژوارەکاندا وەک کێوی شاهۆ بە هەیبەت و قورس و قایم، بزە تاڵەکەی سەر لێوانی کۆسپ و تەنگ و چەڵەمە کانی سەر ڕێ ژیانی دژواری پێشمەرگایەتی بەدرەقە دەکرد تا سێبووری و بڕوا بە داهاتوو بە هاوسەنگەرانی ببەخشێ.

(نۆدشە) زێدی لالۆ حەمە شەریف تەنێ دار هەناری ژیانبەخشی لە بەهەشتە سێحراویەکەی بەرهەم نەهێناوە.

ئەم مەڵبەندە وەک هەڵگەوتە سروشتیەکەی لە لووتکەی بەرزەدەماخیدا، خاوەنی گەلێ کەڵە پیاوی خاوەن زانست وەک مامۆستا (مەلا ئەحمەدی نۆدشی ١١٢٨ - ١٣٠٢ ه ق)، ئیمام جومعە و خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانی و مەدرەسەی دینی سنە لە مزگەوتی مەولانا، مەرجەعی فەتواو دانەری گەلێک ئاسەواری عیلمی و ئایینی لەوانەیە.

لە لایەکی تر کەڵە پێشمەرگەی داکۆکیکاری مافی هاونیشتمانان وەک، (لالۆ ئەسکەندەر)، (سەعی کاڵکاڵ)، فەرماندەری شەهیدی هێزی شاهۆ، شەهید (ئیدریس) و... کاروانێکی تری ڕێچکە بەستوو بۆ شاهێدی دان لە سەر ناحەقی و پێشێلکاری ملهوڕان لەم دەڤەرەیە.

خەڵکی نیشتمان پەروەری نۆدشە و هۆرامان وێرای کەسەری لە دەست دانی ئەم کەرامەت پارێزە کوردە، ڕێچکە پارێزیی پیری سەنگەر، خۆ و خدەی پیرۆزی دێرینیانە.

بەم بۆنەوە سڵاوی حورمەت و ڕێز پێشکەش بە ڕۆحی پیری سەردەم لالۆ حەمە شەریف حەلیمی، سەرجەم هاوبیران، بنەماڵەکەی، خەڵکی نۆدشە و هۆرامان بە گشتی دەکەم.

ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٣

بیرەوەری هەڵوێستێکی لیپاو لیپ لە باوەڕی نیشتمانی و متمانە بە خۆ بوون.

بە بۆنەی ساڵڕۆژی تروٚری د. قاسملو؛

پاش حەولی زۆر و بێ ئاکامی کاربەدەستانی عێراق بۆ مل دان و ڕازی کردنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی تەحویل دانی زێدە لە ٤٠٠ زیندانی بریتی لە پاسدار،

ئەفسەر و سەربازانی چەکداری بە دیل گیراو لە بەرەکانی شەڕ لە کوردستان، فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق ١٧ - ٢ - ١٣٦٠ بە پەلامارێکی لە نەکاو، ئەم زیندانەیان بوردمان کرد.

لە ئاکامدا ٤٢ زیندانی کوژران و ٥ نەفەریان بریندار بوون. لە پارێزەرانی زیندان شەش پێشمەرگە شەهید و ڕادەیەکی زیاتر بریندارى لێ کەوتەوە.

پاش بە سەرکردنەوەی ڕووداوەکە ٢٣ - ٢ ڕاگەیندراوێکی فەرمی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکرات لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران سەبارەت بە بۆمبارانی زیندانی (دۆڵەتوو) دەرچوو.

لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتبوو: (کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ئەم کردەوە جنایەتکارانە و دژی ئینسانیەی حکومەتی عێراق مەحکوم دەکا و عامیلەکانی جنایەتکارانێکن لە ڕیزی جەلادانی مێژوو وەک، نازیەکانی ئاڵمانی هیتلری... ئێمە بە عامیلەکانی ئەم جنایەتە هۆشداری دەدەین و دڵنیاین ئەم کردەوەی جەلادانی گەل بێ وەڵام نامێنێتەوە و ئەم جەلادانە بە سزای کردەوەی جنایەتکارانەی خۆیان دەگەن...).

(سەرچاوە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٥ لاپەڕە ٢).

دواتر لە دیدارێکی دۆکتۆر قاسملو وێرای ئەندامێکی دەفتەری سیاسی لە گەڵ بەرپرسی موخابراتی کوردستانی عێراق بە ناوی (ئەبوو مەیزەر)، دوکتۆر هاوڕێ حیزبیەکەی خۆی بە کابرای عێراقی دەناسێنێ و دەڵێ: ئەم هاوڕێیەم بەرپرسی تەبلیغاتی حیزبە.

ئەبوو مەیزەر فەورەن دەڵێ: ئەمە بوو ئێتلاعیەی دۆڵەتووی نووسیبوو؟

دۆکتور پێش ئەوە موولەتی قسەکردن بە هاوڕێکەی خۆی بدا ڕوو لە کابرای بەرپرسی بەعس دەکا و دەڵێ ئەوە تۆ بووی فەرمانی بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو. ت دەرکردبوو؟
من بۆخۆم پێشنووسی ئەو ڕاگەیەندراوەی کۆمیتەی ناوەندیم نووسیوە. هەرکەس کاری ئەوتۆ لە گەڵ ئێمە بکا لەوە زیاتری لە سەر فەرزە.

تێبینێ: لە داهاتوێکی نزیکدا مەتڵەبێکی بەڵگەیی لە پێوەندی زیندانی دۆڵوتوو ووتەی بەرپرسانی کۆماری ئێسلامی بە جیا بڵاو دەکرێتەوە.

ڕێکەوتی: ١٠ی جوونی ٢٠١٣

کورد قەرزداری باوەڕمەندانی نەبەزی ئایینی، یارسان - ٥؛

یارسانەکان، ئەو بەشە سەرفرازە لە خەڵکی کوردستان دەژمێردرێن، سەدان ساڵ پێش (سەدەی دووهەمی کۆچی)، ئاڵای باوەڕ بە کورد بوون، پارێزگاری زمان و وێژەی دێرینی کوردیان بە گوتاری نا بۆ توانەوەی ئەم میلەتە لە دڵی تاریکەسەڵاتی دەسەلاتە بێگانەکانی عەرەب، غەزنەوی، سەلجووقی، سەفەوی، و تا دوایی بە شێلگیری و بە بێ ترس بە گوێ هەمواندا چڕی.

چەنی ئێرمانان مەگێڵم هەردان،، مەکۆشم پەرێ ئایین کوردان (بابە سەرهەنگ دەودانی، سدەی چوارەمی کۆچی) تۆماری دەیان کتێبی هەڵبەست و مێژووی پڕ لە پتەوی باوەڕ بە ڕێو ڕچەی خۆمانی ، ئەو کات کە تەنانەت سەدان ساڵ تا ڕێنسانس و شۆڕشی فەرانسە مەودا هەبوو لە شاکارە هێشتار نە ناسراوەکانی کەڵە ژن و پیاوانی ئەم ڕێبازەیە.

کاتێک ژنانی کوردی یاری باوەڕ تێکەڵی مەیدانی بەرەوانی لە مافی مرۆیی خۆیان هاوشان لە گەڵ پیاوەکان بوون ، باوەڕ مەندانی زۆر ئایینی تر هێشتار ژنیان زیندو بە چاڵ دەکرد!

بە خۆڕایی نیە کۆماری ئێسلامی ٣٤ ساڵە هەموو ڕێگا کانی بۆ بە چۆکدا هێنانی ئەم خەباتکارە پتەو باوەڕانە وەگەڕ خستوە.

بەختەوەرانە، مێژووی ڕەسەن و پڕ لە شانازی ئەم ڕێبازە کورد پەروەرە وەها ڕیشەی لە دڵی کوردستان و سەر زەوی ناسراو بە "ئێران"و دەورو بەر چەقاندوە کە دەرەتان بە هەڵبەستنی هیچ شێوەیێک لە درۆ و بۆختانی گرێدراوی و دەسەمۆیی وەک وتەی باوی نەیاران بەرانبەر شۆڕشگێڕان و لاینگرانی ئایینەکانی تر وەک (بەهایی) بۆ سەرکوت نەهێشتوەتەوە.

یارسان و مەڵبەندەکەیان وەک بەشێکی شێلگیر لە داکۆکیکارانی مافی نەتەوایەتی لە شیمیایی بارانەوە (زەردە و بان زەردە) بگرە تا گوشاری پاشگەز کردنەوە لە باوەڕی پیرۆزی یاری، دەربەدەر کران لە زێد، بێ بەری کران لە مافی شارۆمەندی و.ت.د.. لە سەردەمی کۆماری ئێسلامیدا بەرەو ڕوو بوون.

پاش بێ ئاکام هێشتنەوەی سیاسەتێکی ئەوتۆ، هەنووکە کۆماری ئیسلامی بە گرتن، سووکایەتی پێکردن، حەولێکی بەربلاوتری بۆ بە چۆکداهێنانیان وەگەڕ خستوە.

سووکایەتی نامرۆڤانە بە بەند کراوی زیندانێەک لە هەمەدان (کیومرس تمناک) و دژکردەوەی خۆسووتاندنی دوو مرۆی بە ئەمەکی یارسان (حسین ڕزەوی و نیک مەرد تاهێری) لێ کەوتەوە.

بە داخەوە ئەم خۆسووتاندنە بوو بە هۆی مەرگی جەنابی تاهێری باوکی دوو منداڵ. خەڵکی یارسان ڕۆژی پێنجشەمە ٦ - ٦ - ٢٠١٣ لە شاری سەحەنە لە گەڵ بەرز کردنەوەی دەنگی پیرۆزی (تەموورە) زۆر هێدی و شارستانی وەک نەریتە ڕەسەنەکانیان کاخی زۆڵم و زۆری تارانیان بە نیشان دانی تووڕەیی و بێزاری هەژاند.

ئەرکی هەموو تاکێکی کورد دەژمێردری ئەم ڕۆڵە ئەمەک ناسانەی کوردستان بە تەنێ نەهێڵن.

ڕێکەوتی: ٨ی جوونی ٢٠١٣

میگ و باینجان (سەقز)، سەردەشت، زەردە، نودشە و.....

قوربانیگەلی بێ کەسی!!؟؟

تەنێ دوو ڕۆژ پاش مردنی چەند کەس لە خەڵکی باینجان لەوانە، مەلای ئاوەدانی بەهۆی شیمیایی بارانی فرۆکەی جەنگی، من (سدیق بابایی، کاک سدیق فەرۆخیان، کاک تەیموور مستەفایی)، گەییشتنە ئەم گوندە.

ترسێکی قوونی تێکەڵ بە ماتەم و خەمی لەدەست دانی کەسوکار خەڵکی ئاوایی داگرتبوو.

تەیارەیەکی جەنگی بۆمبایێک لە کێوی قەراغ ئاوایی بەردەداتەوە..، شوانی دێ دەچێتە شوێنی بەربوونەوەی بۆمبەکە و لەجێدا دەمرێ.
خەڵکی ئاوەدانی تەرمەکەی دەگوێزنەوە بۆ نێو گوند چەند کەسیتر لە گەڵ مەلای دێ کە تەرمی شوانەکە دەشوات دەمرن.
وەک ئەوکات باس دەکرا سەرکردەکانی یەک لە هێزە سیاسیەکانی باشوور لە سەردەشت سەرقاڵی کۆبوونەوە دەبن (یان بڕیار بوە لەوێدا کۆببنەوە)، تەیارەی عێراق بە بومبای شیمیایی پەلاماری گەڕەکەکانی ئەم شارە دەدەن. بەشێک لە ژاراوی بوەکان بە هۆی کەمتەر خەمی و لێ نەزانین لە نێو ماشێنی سەر بەستراو بۆ شووێنی بە ناو چارە سەر دەگوێزرێنەوە .ئەوە یەک لە هۆکاری چوونە سەری ڕادەی شەهیدەکان بوە.

یەکەم جار نووسەری ئەم چەند دێڕە لە (مێدیا تی وی) لێدانی شیمیایی لە سەردەشت و نۆدەشە - ی بە فەرمی لە مێدیاییێکی کوردی دا باس کرد.
ئێمڕۆ لە سەر دەشت ڕژیم ڕێگای بە خەڵک نەدا بە فەرمی یادی شەهیدە ژاراوی کراوەکانیان بکەنەوە.
هاوپیشەکانی ڕژێمی بەعسی لە ناوچەی دالاهۆ بەرانبەر قوربانیەکانی چەکی شیمیایی لە زەردە وبان زەردە (ڕێژاو) سالانە ڕەوشتی بەعسیەکان بە کرداری وەک ئەوە ئێمڕۆ لە سەردەشت دەریان بڕی ئەرێنی ڕادەگەیێنن!!
لە نۆدشە بریندارەکانی ئەم کارەساتە وەزع و پێڕاگەیشتنیان وەک باس دەکرێ خەماویە. ئای لەم بێ کەسیە؟!

ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٣

هۆلۆکۆست(Holocaust) ، شۆوا ، ئەنفال، یان پاکتاوی ڕەگەزی

هۆلۆکاست بە بۆنەی ساڵڕۆژی هەلەبجە

بەشی یەکەم

هۆلۆکۆست لە ڕاستیدا بە ئەو دەعبا درێندە دەوترێ کە لە سەردەمانی جیاوازی مێژوودا هەر جارە نە جارێ بە بیانوێک، لە ژێر ناوو نیشان و پاساوێک کراوە بە ڕێخۆشکەری سەرهەڵدانی ڕۆحی درێندەیی لە پەیکەرو مێشکی ئەندامانی حاکمیەت و دەسەڵاتدارانی وڵات یان نەتەوەیێک بۆ فەوتاندن و بێبەش کردنی میلەتێکی جیاواز لە ژیان و ئاسودەیی. ئەم وەزعە بە درێژایی مێژووی دوور و نزیک تووشی زۆر نەتەوەی ژیاری سەر زەوی هاتوە، کە بەشیک لەوان بەجارێ فەوتێنراون؛ یان ئاسەوارێکی ئەوتۆیان وەک ڕابردوو لێ بە جێ نەماوە. بەشێکیتر بە کوێرەوەری و بە بەجێ هێشتنی دەورانێکی سامناک خۆیان ڕزگار کردوە.هەر چەند بە باوەڕی لاینگەلێک ئێستا ئەم ڕزگار بوانە-ی دوێنێ خۆیان بون بە چەوەسێنەری ئەمڕۆ! بەڵام لە گێژاوی ئەم بگرەو بەردەیە دا گەلی ئێمەی کورد وەک بەشی سێهەم هێشتا بە شەل و شەکەتی، پچڕ پچڕ پەلە قاژە-ی پرشو بڵاو بۆ خۆ دەرباز کردن لە دوا مەترسیەکانی سەر خۆی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک تەجروبە دەکات.

مەبەست لە نووسینی ئەم بەسەر هاتە مێژوویە پڕکارەساتانە؛ هەم ئاماژە بە ئەزموونێکی ڕزگار بوو لە فەوتان و هەم نیشاندانی هێندێ لاینی وەک یەکی بە سەرهاتەکانی پلانی پاکتاوی ڕەگەزیە؛ کە لە درێژە دا ئاماژەیان پێدەکرێ. پلانگەلێکی پڕ لە سام کە مرۆڤی باوەڕمەند توانیویەتی پووچەڵیان کاتەوە.

با سەرتا ئاوڕێک لە ڕابردووی ئەم شێوە لە پاکتاوی ڕەگەزی، ناوەرۆک و مێژووی دوورو درێژی بدەینەوە. پاشتر لە درێژەی باسەکەدا چەند وێنەیێکی ئەنفال و هاو شێوەکانی بیری هۆلۆکاست و هاو تەرازی ئەم چەشنە ڕەوشت و ئاکارانە لە کوردستان-ی بندەستی دەسەڵاتدارانی عەرەب، فارس و تورکی حاکم لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای قەڕنی بیستو یەک، دەخرێتە پێش چاوی وردبینی خوێنەری بەڕێز.

هۆلۆکۆست (Holocaust): بە قەڵاچۆی سیستماتیک و بەرنامە بۆ دارێژراوی کوشتاری شەش ملیۆن جوولەکەی ئوروپایی لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەم لە لایەن نازیەکانی ئاڵمانەوە دەگوترێ،(بە کوردی، قەڵاچۆ(ئەنفال) کردنی جوولەکەکان).

وشەی هۆلۆکۆست لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتای زایینیەوە لە ئامریکا کەوتە سەر زاران، هۆیەکەی زەنجیرە فیلمێک بوو هەر بە ئەو ناوە کە ئەو کات لە سەر قەڵاچۆکردنی جوولەکەکان نیشان دەدرا و سرنجێکی زۆری ڕاکێشا. وشەی هۆلۆکۆست لە ڕاستیدا لە وشەی یونانی holokauston وەرگیراوە کە واتای قوربانیکردن بۆ خودایان دەدات، هەر بۆیە زوربەی جوولەکەکان ئەو وشەیە بە شیاوی ئەو تاوانە گەورە نازانن و پتر وشەی "شۆوا" بە کار دێنن کە لە زمانی عێبریدا بە واتای قەڵاچۆکردن و لە ناو بردنە.

کوشتارەکانی نازیەکان جگە لە شەش ملیون جوولەکە ژمارەییکی زۆر خەڵکی دیکەشی گرتەوە، لەوانە: سەدان هەزار قەرەچیی ئوروپایی ناسراو بە (ڕۆما)، سەدان هەزار (سێرب) کە بەشیکی زۆریان بە هاوکاری جاشەکانی (کروات) لە ناو چوون، نزیک بە دوومليون مەسیحی لەهستانی (وێڕای سێ ملیون جوولەکەی ئەو وڵاتە) وەکوو لەهستانی نەخوازراو دەناسران، دیلەکانی شەڕ و خەڵکی ئاسایی (ڕووس) و میللەتەکانی سلاڤی ڕۆژهەڵات (ڕووسیا-ی سپی، ڕووس، ئۆکرانی)، هۆمۆسێکسۆێلەکان،خەڵکی پەککەوتە(ئیفلیج) و نەخۆشی ڕەوانی، کۆمۆنیستەکان و نەیارانی سیاسی، ڕوناکبیران و ئەندامانی یەکیەتی کرێکاری، ئافریقایی، ئاسیایی، فراماسیۆنەرەکان و پیاوە ئایینیەکانی سەربە کلیسای ئۆرتۆدۆکس و کاتۆلیک و پرۆتستانت و ئەو مەسیحیانەی کە بە ناوی شەهیدانی (یەهووڤا) دەناسرێن.

لە لای ژمارەیەک لێکۆڵەر وشەی هۆلۆکۆست هەموو ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە لە سەردەم باسکران لە کاتێک دا لە لاین هێندێکیتریان تەنیا بە کوشتاری جوولەکە و قەرەچ و پەککەوتەکان دەگوترێ ،هەر بۆیە لە سەر ژمارەی سەرجەمی قوربانیەکانی هۆلۆکۆست لە نێوانیاندا کێشە هەیە. لە کاتێکدا بەشێکیان ئەو ژمارەیە بە ٩ تا١١ ملیون دادەنێن، بەشەکەیتریان باسی ٢٦ ملیون دەکەن.

دژایەتی لە گەڵ جوولەکە مێژوێکی دوور و درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلێکان کە لە ساڵی ٥٨٦ی بەر لە زایین بە هۆی (نەبوو خەزنەسسەر) - دەستیان بە سەر ئورشەلیم داگرت و قەومی جوولەکەیان وەکوو بەردە و یەخسیر بردە بابل و پەرستگای گەورەی ئەوانیان خاپوور کرد.

دوای دەست بەسەر داگرتنی بابل لە لایەن پادشای هەخامەنشیەکان"کوروش"لە ٥٣٩ی بەر لە زایین جوولەکە ڕزگار کران و گەڕانەوە زێدی خۆیان و پەرستگاییێکی گەورەتریان ساز کرد و لە جەزای ئەو ڕزگاریە ناوی کورش لە (تەورات) دا وەکوو ڕزگاریدەرێک تۆمار کرا.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕومەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە هۆی پێداگرتنی جوولەکەکان لە سەردین و ئایین و داب و نەریتی خۆیان و بەربەرەکانێ لە بەرانبەر ڕومەکان لە لایێک و پێوەندی دێرینی ئەوان لە گەڵ فارسەکان کە ڕقەبەری سەرەکی ڕومەکان لەو ناوچەیە بوون، ڕومەکان هەمیشە بە چاوی شک و گومانەوە ڕوانیویانەتە ئەو خەڵکە و لێیان دڵ پیس و درۆنگ بوون. لە ساڵەکانی ٧٠ و ١٣٥ی زایینیدا لە دوای زەنجیرەیێک ڕاپەڕینی جوولەکەکان بە دژی دەسەڵاتدارانی ڕوم، ڕومەکان زۆر بە تووندی ئەو خەڵکەیان سەرکوت کرد و پەرەستگاکەیان بۆ جاری دووهەم سووتاند و ئورشەلیمیان لە بوونی جوولەکە پاک کردەوە و لێیان قەدەغە کردن لە زۆر شوێن نیشتە جێ بن.

لەو کاتەوە کۆچی جوولەکە یان "دیاسپۆرا" دەستی پێکرد بەشێکی بەرەو بابل و ئێران و ئەفغانستان و هێندوستان و قەوقازو بەشێکی بەرەو باکووری ئافریقا و سپانیا و پورتەقاڵ و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕوم کۆچیان کرد و ژیانی ئاوارەیی دەستی پێکرد.

لە سەرتای گۆڕانی ئایینی مەسیح بۆ ئایینی ڕەسمی دەسەڵاتی ڕوم لە بەرە بەری سەدەی چوارەمی زایینی دا چەوساندنەوەی جوولەکە ڕەنگێکی مەزهەبی بەخۆیەوە گرت و بە بیانووی ئەوەی کە خیانەتیان بە مەسیحی پێغەمبەر کردوە ژیانیان لێ تاڵ کرا.

دەسەلاتی کلیسا بە درێژایی دەیان ساڵ جوولەکەی چەوساندوەتەوە و بە داسەپاندنی یاسای تووندو تیژ ئازادی ئەوانی بەرتەسک کردوە و ژیانی لێ حەرام کردون و هەوڵی داوە کە دەست لە دیانەتی خۆیان هەڵگرن و بێنە سەر ئایینی مەسیح. لە سایەی حکومەتی کلیساوە لە جوولەکە قەدەغەکرا کە پیشەی سەنعەتکارییان هەبێ. مرۆڤی جوولەکە بۆی نەبوو ببێتە ئاسنگەر، زێڕینگەر،دارتاش یان هەر جۆرە سنعەتکاریەکی تر. (وەک بێبەش کردنی کوردستان لە سنعەتی بنەمایی گەشەو سەرهەڵدانی ئابووری)، لە بەرانبەر دا کلیسا ڕێگەی بە جووەکان دا کاری بانک و سودخۆری و لەو بابەتانە بکەن. چوونکە لە لایێکەوە ئەو کارە پێویست بوو و لە لایێکی ترەوە ئەوە بانکداری جوولەکە بوو لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو گوناحەکانی سوود خۆری وەبەر دەکەوت و ئەوە بۆ کلیسا دەبوو بە حەجی دوو حەج.

میللەتی جوو لە ماوەی ساڵانی زۆر دوورو درێژ بە شێوەی جۆرواجۆر چەوسێندراوەتەوە، هەر تاو نا تاوێک لێرەو لەوێ قەتڵ عام کراوە. قەتڵ عامی جوولەکان یا بە لاتین "پۆگرم"، بە بەهانەی ڕەنگاو ڕەنگ ڕوویان داوە : هەر لە بیانووی مەزەوبەوە بگرە (هاو شێوەی کورد)، تا کوو تاوانبار کردنیان بەوە کە ئەوان هۆی نەخۆشی تاعوونن کە هەر جارە ژمارەیێکی زۆر بە تووشبوونی دەمردن .[دیارە لە کوردستان تاوان و بیانووی سەرکوت زیاترە وەک: تەجزیەتەڵەبی، پاڵدان

و هاوکاری بێگانە، تێکدانی هێمنایەتی و ئاسایشی ڕەگەزی باڵادەست و... لەوان زیاد کراوە)

لە سەردەمی دەسەڵاتی عەرەب لە سپانیا کە لە ٧١١ی زایینی تا ١٤٩٢ درێژەی هەبوو جوولەکەکان ژیانێکی ئارامیان لەو ولاتە هەبوو. بەڵام بە هاتنەوەی مەسیحیەکان چەرمەسەریە کانیان دیسان دەستی پێ کردەوە و هەمدیس ناچار کران ئاوارە و پرش و بلاو ببنەوە.

٢٣ی ڕەشەمەی ٢٧١٢

١٣ی مارچی ٢٠١٢

بەشی دووەم

سەدەکانی ناوەڕاست لە زۆر شوێنی ئوروپادا جوولەکە ناچار کران لە دەورەی یەک و لەو گەڕەکانە کەلە پێشدا بۆیان دیاری کرابوو بژین و ئازادی ژیان و تێکەڵ بوون لە گەڵ خەڵکی دیکەیان لێ وەرگیرا . ئەو شوێنانە بە ناوی "گێتۆ" ناسران. مێژووی یەکەمین گێتۆ دەگەڕێتەوە بۆ ١١٧٩ی زایینی،ئەوکاتە کلیسا ئەو یاسایەی داسەپاند.

سەرچاوەی وشەی"گێتۆ" گەڕەکێکی شاری ڤێنیزی ئیتالیایە کە لە ساڵی ١٥١٦ی زایینی دا ٥٠٠٠ جوو ناچار کران لەو گەڕەکەدا کە تەنێ دوو هێکتار بەرفراوان بوو بژین .

لە ساڵی ٧١٧ تا ١٥٨٦ی زایینی جوولەکە ناچار کران ئەگەر هاتوو چوونە نیو خەڵکی دیکە (واتە ئوروپاییەکان) نیشانەییک بە خۆیانەوە هەڵاوەسن کە نیشان بدات ئەوان جوولەکەن. ئەو نیشانەیەش کلاوێکی قیت بوو کە پێیان دەگوت "کلاوی جوولەکان"، هەر وەها ئەستێرەییک کە دەبوو لە سێنگیان بدەن. پاشتر ئەوە بوو بە ئەزموونێکی باش بۆ ئاڵمانی نازی لە سەدەی بیستەم دا.

"هەر وەک ئێستا لە کۆماری ئێسلامیدا ناسنامەییکی جیاواز لە خەڵکانی تر، بۆ خەباتکارانی کورد،واتا ئەو کەسانە سەردەمێک لە ڕیزی خەباتی ئازادی خوازانە دابون یان تاوانبار کراون بە پێوەندی لە گەڵ ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد پێناسی جیاواز لە خەڵکی ئاسایی بە ناوی "کارتی تەواب" ساز کراوە تا هەڵگرەکەی لە هەموو دامو دەزگاییک بناسرێتەوە.

دیارە ئەم کەسانە چەند قاتی خەڵکی تر لە مافی شارۆمەندی وەک کار لە دامودەزگای حکومەتی و مافەکانی دیکە بێبەش و ڕۆژانە یان مانگانە دەبێ خۆیان بە شوێنە دیاری کراوەکان بناسێنن.

جیالەوە، بە کەڵک وەرگرتن لەم ئەزموونە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو خوێندکارانە کە مل کەچی ویست و ئارەزووی ناڕەوای دەسەڵات نەبوون و ناڕەزایەتییان لە بواری جیا جیاکاندا دەر بڕیوە، بە هەمان شێوەی نازیەکان ئەستێرەیان بۆ ڕەچاو کردون کە لە بەڵگەنامەکانی فێرگەکان و... لە سەریان تۆمار کراوە. ئەوە بە واتای بێ بەش کران لە خوێندن و مافەکانیتری مرۆڤیە. شێوەییکیتری ئەم سیاسەتە لە ولاتی سوریە بەرانبەر کورد دابەزیوە کە:ئەویش بێبەش بون لە ناسنامەی هاو ولاتییە، بە واتەییکیتر بێ بەش کردنی زیاتر لە دوو سەت هەزار مرۆڤ لە مافی مرۆڤی!!

شێوەی زەقتری ئەم ڕچە نامرۆڤانەیە تەنانەت جیا کردنەوەی قەبرستانی کوژراوانی کوردی خەباتکارە لە شوێنی ناشتنی خەڵکی ئاسایی کە بە نێوی "لەعنەت ئاباد" ناساندوویانە،((بۆ وێنە لەعنەت ئابادی سنە و کرماشان)) جیا لە بێ ڕیزی پاش کوشتن و سووکایەتی لە ڕادە بەدەر!".

کێشەی جوولەکە تا سەدەی نۆزدەی زایینی ڕەنگێکی مەزەوی و ئایینی هەبوو، لەو سەدەوە ڕوخساری کێشەییکی سیاسی بە خۆیەوە گرت. جوولەکە بوونە بزنی قەزاوبەڵا گێرەوەی ئوروپای لەحاڵی ئاڵوگۆڕدا. یەکێکلە بەرچاوترین ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە جوولەکە لە کۆتاییەکانی ئەو سەدەیە - کە ئێستاش پاشماوەی کارتێکردنەکانی ماوە - بڵاو بوونەوەی کتێبێکە بە ناوی"پرۆتۆکۆلی پیاوە زاناکان - ڕدێن سیپەکان-ی زایۆن". ئەو کتێبە چ بوو؟

پارێزەرێکی فەرانسەوی بە ناوی"مۆریس ژۆلی"کە لە حەیفی سیاسەتەکانی ناپلیۆنی سێیەم ڕێگەی هەندەرانی وەبەر گرتبوو و لە برۆکسلی پێتەختی بلژیک دا نیشتەجێ بوو، لە ساڵی ١٨٦٤ی زایینی کتێبێکی بڵاو کردبووەوە بە نێوی "وتووێژی مۆنتسکیۆ، ناپلیۆنی سێیەم و ماکیاڤێلی لە جەهەننەم دا" کە تێیدا باسی دەسەڵاتخوازی ناپلیۆنی سێیەم و دژی خەڵکی بوونی سیاسەتەکانی کردبوو.

دیپلۆماتێکی ڕووسیەی تێزاری ئەو کتێبەی دەست دەکەوێ و دەی نێری بۆ "ئۆکرانیا" کە دەزگای پاراستنی ئەوکاتی ڕووسیەی تزاری لێبوو.لەوێدا زۆر زیرەکانە پتر لە نیوەی کتێبەکە کوپی دەکرێت و لە هەر شوێنێک وشەی ناپلیۆن پێش دێت دەکرێت بە "جوولەکە" و وشەی فەرانسە دەکرێ بە "دنیا" و هێندێ شتی تریشی پێوەدەنرێ و وەکوو پاساوێک بە کار دەهێنرێ بۆ بارودۆخی خراپی ئەوکاتی ڕووسیەی تزاری و تاوانەکە دەخرێتە پاڵ پلانێکی جوولەکەکان کە بە هەڵکەوت هەر لەو

سەردەمەدا خەریکی ڕێکخستنی خۆیان بوون بە ڕێبەری "تێۆدۆرهێرتزل".

ئەو کتێبە ساختەیە وەها جیگای خۆی لە نێو نەیارانی جوولەکە کردەوە کە دواتر نازیەکانی ئاڵمان و نەیارانی تری جوو لە ئوروپای ڕۆژهەڵات و ڕووسیە و ئامریکا، هەروەها عەرەب و موسڵمانی دژ بە جوولەکە بەردەوام کەڵکیان لێوەرگرت و ئاماژەی پێکراوە.

ئەمین ئەلحوسەینی، موفتی ئەعزەمی مسلمانانی ئورشەلیم،لە هاوکارانی ئاڵمانی نازی بۆ قەڵاچۆ کردنی جوولەکان،زۆر جاران ئاماژەی بە ئەو کتیبە کردوە،وەکوو سەرچاوەییک بۆ نیشاندانی مەترسی جوولەکە.

ڕێکخراوی حەماس و دامەزرێنەرەکەی شێخ یاسین، زۆرجار ئەو کتێبەیان وەک سەرچاوەییکی باوەڕ پێکراو ناو بردوە.

لە ساڵەکانی بەرلە شەڕی جەهانی دووەم و لە گەڵ پەرەگرتنی وردە وردەی دەسەڵاتی نازیەکان لە ئاڵماندا - کە وەلانان و لە نێو بردنی جوولەکە لە ڕۆژەڤی بەرنامەی حێزبەکەیاندا بوو - یاسای یەک لە دوای یەکی دژ بە جوولەکە دەرچوون. لەوانە:

- یاسای وەلانانی هەموو کارمەندانی جوولەکە لە کارەکانی دەولەتی (١٩٣٣) بە بیانووی نەبونی کارامەیی و جێ باوەڕ نەبوون.
- یاسای بەر تەسک کردنەوەی ژمارەی قوتابیانی جوولەکە لە قوتابخانەکانی ئاڵمان دا، وەلانانیان لە خوێندنی پزشکی (١٩٣٣).

(لێرە دا بۆ وە بیر هێنانەوەی خۆێنەری بەڕێز شیاوە بوترێ لە سیاسەتێکی هاوشێوەی نازیەکاندا، دەسەڵاتدارانی ئێران نەک هەر ڕێگایان بە کورد نەداوە پۆستی بەرچاوی ئیداریی هەبێ،بەڵکوو لە چەند ساڵی ڕابردوو دا بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایانی زانکۆ کە کورد بوون لە سنە و شوێنەکانی تر ماڵ نشین و لە کار وەلانران، هەروەها لە ڕیزی لاوانی کورد وێنەی زۆر بە دەستەوەیە کە وێرای سەرکەوتن لە ئەزموونە سەرتاییەکانی خوێندن و تاقیکاری بۆ کار لە دایرەکانی حکومەتی بە تاوانی کورد بوون ڕێگەیان لێ بەربەست کراوە).

- دەرکردنی ئەو یاسایانە کە بە ناوی" یاساکانی نورنبێرگ " دەناسران لە ساڵی ١٩٣٥دا. بە پێی ئەو یاساگەلە هەر

چەشنە پێوەندی ژن و پیاو لە نێوان جوولەکە و ئاڵمانی و نژادی ئاریایی قەدەغە کرا. ئەو یاسایە کاری بە ئەوە نەبو کە داخوا کەسەکە خۆی بە جوو دەزانێ یان نا،ئەگەر یەکێک لە باپیرە گەورەکانی جوولەکەبا خۆشی بە جوولەکە دادەنرا تەنانەت ئەوانەی کە ببوونە مەسیحی- ش، هەرلە بەر ئەوەی کە یەکێک لە باپیرە گەورەکانیان جوولەکە بوو بە جوو لە قەلەم دەدران.

(ئەو شیوە هەڵسوکەوتە من(کۆکەرەوەی ئەم نووسراوە) وە بیری بەسەرهاتی کەسێک لە باشووری کوردستان دەخاتەوە کە هاوسەنگەرێک بە هۆی ئەرکی حێزبی لە گەڵ دەزگای مخابراتی عێراقی(بەعس) بۆ ڕاپەڕاندنی کاری هاتو چۆ لە پێوەندیدابوو، بۆمی گێراوەتەوە کە: کارگێڕێکی بەعس کە ناوی" ئەبوو سەلاح"و لە کەرکوک ساڵەکانی ۱۹۹۰ - ۱۹۸۹وەزیفەدار دەبێ، ڕۆژێک دەست دەکا بە گلەو بناشت لە سەر وەزعی خۆی کە،"لە بەر ئەوە ڕەچەڵەکی دووری گۆیا دەبێ کورد بووبن، بەعسیەکان ڕێگای هەڵکشانی لە دامو دەزگای خۆیان پێنادەن هەر چەند بە سالانێکە بنەماڵەکەی بوون بەعەرەب و بەعسی".)

- لە ساڵەکانی ۱۹۳۷ و ۱۹۳۸ جوولەکەی ئاڵمان ناچار کران هەموو کارخانەو دوکان و کارگای خۆیان بە نرخێکی هەرزان بە ئەو خەڵکەی کە ڕەگەزی ئاریاییان هەبوو بفرۆشن. بە ئەوە دەگوترا بە ئاریایی کردنی کارگەکان. کرێکاری جوولەکە دەرکران و دوکتۆری جوولەکە مافی ئەوەی لێوەرگیراوە کە نەخۆشی جگە لە جوولەکان دەرمان بکا.

- دانانی پیتێکی گەورەی"J" بە ڕەنگی سوور بە واتای جوو لە سەر کارتی پێناسی جوولەکەکان.

- لە نۆڤامبری ۱۹۳۸ و پاش ئەو ڕووداوەی کە بە شەوی "کریستاڵەکان" ناسرا و تێیدا بە سەدان کەنیسەی جوولەکەکان سووتیندران و ۷۵۰۰ دووکانیان تاڵان کران و گۆڕستانەکانیان بی حورمەتیان پێ کرا و پتر لە نەوەد جوولەکەی تیدا کوژرا، ئیتر جوولەکە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وەلانران. هەموو قوتابیەکان دەرکران و مافی خوێندنیان لێ ستێندرایەوە. چوونی جوولەکە بۆ سینەما و تێئاتر و وەرزشگاکان یاساغ کرا، لە هێندی شار دا چوونی جووەکان بۆ هێندی بەشی شار کە وەک ناوچەی ئاریایی دیاری کرابوون قەدەغەکرا.
- ساڵی ۱۹۳۹ ئەو کەسانە ناوی ئاڵمانی یان هەبوو و بە ناوەکانیان ڕا نەدەکرا بزانرێ کە ئەوانە جوولەکەن ناچار کران ناوی تازەیان هەبی. بە ناوی پیاوەکان "ئیسرائیل" و بە ناوی ژنەکانیان"سارا" یێک زیاد کرا. بە دابەزاندنی ئەو یاسایانە دەستی جوولەکە لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئاسایی کورت کرایەوە.

بە گشتی بەشی زۆری جوولەکەکانی ئورووپا-ی بەر لە شەڕی جیهانی دووهەم کە لە بەشی ڕۆژهەلات دەژیان، لە حاڵێک دا کەس بڕوای نەدەکرد لە کورت خاین دا دوو لە سێی نفووسی هەموویان لە ئوروپا لە ناوچوو.

لە ١٠ - ٩ - ١٩٣٩ ئاڵمان هێرشی کردە سەر لەهستان و بەو شێوە شەڕی جیهانی دووەم دەستی پێکرد.

دوای داگیرکردنی لەهستان پرۆسەی قەڵاچۆکردنی جوولەکە و هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە لاین نازیەکانەوە وەکوو نە خوازراو دەناسران تووندو تیژتر کرا. گێتۆ- کان و ئوردوگاکانی مەرگ دامەزران .

٤ی خاکەلێوە ٢٧١٣ = ٢٤ی مارچی ٢٠١٣

بەشی سێهەم

لە قەراغ حەولی بەر بڵاوی ژنۆساید یا تواندنەوەی کورد لە باشووری کوردستان لە لاین نەتەوەی عەرەب بە کارگێڕی دەسەڵاتدارانی حێزبی بەعس، ئاوڕدانەوەییکی کورت لە دەور و ڕۆڵی ئێران و دەسەڵاتدارانی پێش کۆماری ئیسلامی (پاشایەتی پەهلەوی)، پێشینەی ئەوان بۆ کەڵک وەرگرتن لە مەسەلەی هۆلۆکۆست لە چوار چێوەی پاراستنی دەسەڵاتی ڕەگەزی بە سەر خەڵکی هەژار و بێ دەرەتانی ناوچەکەدا خوێنەر زیاتر دەباتە نێو قووڵایی کارەساتەکە.

ئەو بەڵگە مێژوویانەی لە بەر دەست دان بەسەرهاتی کورد و حەولی تواندنەوەی لە لایەن هاوبیرانی خوڵقینەری بیری هۆلۆکۆست و بە ڕواڵەت پشتیوانی فەلەستین هەم لە نێو کۆمەڵگای عەرەب، هەم تورک وهەم خەم خۆری وەک ئاغای (ئەحمەدی نژاد)! ڕاستیەکان زیاتر ئاشکرا دەکات.

پێویست بە پێ داگری دەکا کە ئامانجی کۆکەرەوەی ئەم بەسەرهاتە تاڵانە، نە دێفاع لە ئیسرائیل و نە ناڕەوا پیشان دانی خەباتی گەلی عەرەبی فەلەستینە. هەڵبەت ئەوە ئەرکی ئینسانیی هەر مرۆڤێکە کارەساتی قڕ کردنی جوەکان سەرکۆنە بکا و هەمبەر ئەو چەشنە درندایەتیە هەڵوێست بگرێ.
لە لاییکیتر ئیسراییل پاش ئەوە ماوەی زیاتر لە شەست ساڵە دەولەتی سەقامگیری خۆی هەیە،نەک هەر ئاوڕی لە کورد و مەینەتیەکانی نەداوەتەوە، بگرە زۆر جار بە دزی و ئاشکرا یارمەتی نەیاری کوردی داوە. هەر چەند بە درێژایی مێژووی ئاوارەبوونی جوولەکە و نیشتە جی بوونیان لە کوردستان چ لە باری ئایینی و چ لە باری مرۆڤی ڕێزی تەواویان لێ گیراوە

و مافەکانیان پاریزراوە. وێنەی مێژووی هاوچەرخ، سەردەمی کۆماری کوردستانە کە وێرای حورمەت، یەکەم خوێندەنگە بەزمانی عیبری هاوکات لە گەل زمانی کوردی لە مەهاباد بۆ هاووەلاتیانی جوولەکە دامەزرا. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە دەولەتی ئیسراییل هێشتا بە تەواوی دانەمەزرابوو. لە ڕاستیدا جوەکانی کوردستان چ ئەوکات و چ ئێستا کەمترین جیاوازیان لە لایەن کوردەوە پێ ڕەوا نەدیتراوە.

میللەتی کورد تەنانەت کاتی کوشتاری خەڵکی شارەکانمان بە بومبی شیمیایی، کاول کرانی هەزاران گوند و شارۆچکە، کۆمەڵکوژی ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد (بە پێ ئاماری حکومەتی هەرێم) لە ژێر نێوی ئەنفال!! بێ سەرو شوێن کردنی ١٠٠٠٠ هەزار ئێنسانی بێ دەسەلات (سەرچاوەی پێشوو) بە جارێک، بێ سەرو شوێن کردنی دەیان هەزار کەس لە کوردی فەیلی، ئاوارەکردنیان لە زێدو شوێنی نیشتە جێ بوون لە بەغدا و شوێنەکانی تری عیراق، دەس گرتن بە سەر ماڵ و سامانی ئەم خەڵکەدا، هاوکات جیا کردنەوەو وەدەرنانی ژن و منداڵی ئەم کوردە بێ سەرو شوێن کراوانە بەرەو سنورەکانی ئێران بە وەزعێکی هاو شێوەی جوولەکەکان لە سەرتاسەری ئوروپای زەمانی دەسەڵاتی نازیسم، وشک کردنی کانی، کارێز و سەرچاوەکانی ژیان، قڕ کردنی گیان لەبەرانی کێوی خاکی کوردستان هەروەک خەڵکەکەی لە هەڵەبجە و دەیان گوندی ئەم وڵاتە، تووش کردنی دانیشتوانی بە جۆرەها نەخۆشی کە ئەوە تەنێ لە عێراق نزیک لە سەت ساڵە درێژەی هەیە. لە حاڵێکدا ئەم تاوانە مەزنانە بە دەستی ڕەگەزی عەرەب و بە هاودەنگی یا بێدەنگە لێ کردنی دەوڵەتانی زلهێز و هاوپەیمانانیان لە ناوچەکە ڕوویداوە، هەمدیس میلەتی کورد ڕێگای بە خۆی نەداوە، ئێش و ئازاری هۆلۆکۆست، دەیر یاسین و ڕامەڵلا و هیتر لە بیر بکا.

ئێش و ئازاری ئەوتۆ لە هەر کوێ دژ بە مرۆڤایەتی ڕوویدابێ وروژاندنی سەرلە نوێ مەینەتەکانی خۆمان و تازە بوونەوەی خەم و ئازارەکانمان بوە.

ئالێرە دایە نە باوەڕی ئایینی، نە ڕەنگی پێست و نە جیاوازی ڕەگەزی و کردەوەی نا ئینسانی هیچ لایەنێک لە ئاست ئێمەی کورد ڕێگای پی نەداوین لە بەرانبەر بە سەرهاتە سامناکەکانی ئەوان دا دەستی ئۆخەی بە سەر دڵ و دەم وچاوماندا بکێشین و خۆمان بە شەریکی پەژارەیان نەزانین.

با هەر لەم ڕوانگەوە ئاوڕێک لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی دۆستە دێرینەکانی میللەتی ئیسراییل و شەریکە ژێر زمینیەکانی ساتوسەودا و قازانجە ئابووریەکان بدەینەوە.

دەسەڵاتدارانی ئێران و بیری نازیسم؛

هەشتی ژانویەی ٢٠٠٦ (ڕۆژنامەی سانفرانسیسکۆ کرۆنیکل)،"ئێدوین بلاک" لە بەشێکی وتارێک دا بە نێوی ڕەتکردنەوەی هۆلۆکۆست لە لاین ئێرانەوە شتێکی تازە نیە دەنووسی:

"مەحمود ئەحمەدی نژاد، ئەگەر تەنیا نیوە نیگایێک بخاتە سەر ڕابردووو مێژووی وڵاتەکەی بۆی دەر دەکەوێ کە ئێران و ئێرانیەکان لە کاتی خۆی بەلاینگری لە هیتلێر لە گەڵ هۆلۆکۆست پێوەندی یان هەبوە."

سەرهەڵدانی دیکتاتۆری پەل بزێو ساڵەکانی سەرەتای ١٩٠٠ لە ئوروپا و گەڕانیان بە شوێن هاوپەیماندا، لەبەیک وتنی بەشێک لە کەسایەتی ئێران و ڕەزا شا و ئاتاتورک،و گەشەی بیری شوینیزمی ڕەگەزی بە سەرۆکایەتی ڕێبەرانی ئەوکاتی ئەم دوو وڵاتە بەرە بەرە دەرەتانی هاوکاری لاینەکانی هەراوتر کرد. بلاک، لە درێژەی وتارەکەی لە ڕۆژنامەی سانفرانسیسکۆ کرۆنیکل زانیاریەکان بە شێوەی خوارەوە ئاشکراتر دەکا:

" ئێران لە ساڵەکانی پێش شەڕی جیهانی دووهەم دا ئاژانسەکانی نازی و گشتاپۆی بانگهێشتی تاران کرد، و قەولی ئەوەیان بە هیتلێر دا لە تاران وەک شوێنی بناغەیی ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاست دژ بە انگلیس و ناوچە جوولەکە نشینەکان کەڵک وەرگرن.

کۆنگرەی ئەو پێوەندیانە لە نێوان ئێران و ئاڵمانی ئەوکات کەسێک بوو بە نێوی "فریتز گرۆبا" کە برلین ناردبووی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاشان نێوی " لۆرانسی ئێران- یان" لە سەرنا لە بەر ئەوە قەولی دەوڵەتێکی پان ئێرانیستی دابوو بە مسڵمانەکان کە لە کازابلانکاوە هەتا تاران درێژەی هەبێت.

پێوەندیەکانی نێوان ئاڵمان و ئێران کاتێک زۆرتر گەشەی کرد کە نازیسم واتە بیری هیتلێر لە ساڵی ١٩٣٣ دەسەڵاتی وە دەست خست. لەو کاتە دا شا، یەکێک لەو کەسانە بوو وا لاینگری هیتلێرو نازیسم و چەمکی ڕەگەزی ئاریایی بوو، هەروەها شا پێ وابوو کە ڕایش یارمەتی ئەو دەکا بۆ ڕاوەستاندنی دەسەڵاتی ئینگلیس بە سەر نەفتی ئێراندا.

سەفارەتی ئێران لە ئاڵمان بەیاننامەییکی ئابووری و سیاسی لە گەل دەوڵەتی هیتلێر ئیمزا کردبوو کە لە لاین هیتلێرەوە بەرپرسی بانکەکانی ئەوکات بە نێوی "جالمار ساشت" نوێنەرایەتی دەکرد و بەپێ ئەو پەیمان نامەیە ئێران دەبوو بە

پارێزەری بەرژەوەندیەکانی نازیسم لە ناوچەدا.

١١ی خاکەلێوە ٢٧١٣

بەشی: ٤

دەسەڵاتدارانی تاران و بیری نازیسم لە زمانی هاو ڕەگەزەکانی خۆیان

لە پێوەندی وەک هەڤی یان لە ڕاستیدا هاودەنگ بوونی فارسەکان لە گەڵ نووسینەکەی ئێدوین بلاک - ڕۆژنامەی سانفرانسیسکۆ کرۆنیکل دا، سایتی "پارسینە" ٢٥ی سەرماوەز - ی ١٣٨٨ لە ژێر سەردێڕی "درخواست برای غرامت جنگ جهانی دوم" دەنووسێ: "بەشێکی بەرچاوی دەسەڵاتدارانی پاشایەتی پەلەوی لەوانە، ڕەزاشا و جێ نشینەکەی محمد ڕەزا، دوکتۆر مەتین دەفتەری وەزیری کابینە لە بەرەی سەرکەوتنی دەسەڵاتی هیتلێر لە شەڕی دووهەمی جیهانی بوون.

لە شەڕی جیهانی یەکەم، دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی ئێران دوو کەرت بوون، دەستەی یەکەم لاینگری ئالمان و دەستەکەی تر لاینگری ڕووس و انگلیس بوون.

لە شەڕی جیهانی دووهەم (وەک شەڕی یەکەم دیسان) دەسەڵاتداران بوون بە دوو دەستە. بەشی یەکەم کە شاە (ڕەزاشاە) و جێگرەکەی (موحەمەد ڕەزا) لە ڕیزیاندا بوون باوەڕمەند بە سەرکەوتنی یەکجاری ئالمان بوون. هەڵبژاردنی "متین دەفتەری" دەرچووی خوێندنگاکانی ئالمان بۆ سەرۆک وەزیران، وێرای تەمەنی کەم، لاو بوون و کەم ئەزموونی چرایێکی سەوز بوو بۆ ئالمانە کان تا لاینگری ئێران بە ڕایشی سێهەم (هیتلێر) بسەلمێنن".

سایتی پارسینە زیاتر لە سەر مەسەلەکە دەروا و دەڵێ:

"خەڵکی ئێران چ لە شەڕی جیهانی یەکەم کە ویلهێلم ئێمپراتوری ئالمان بووو چ لە شەڕی جیهانی دووهەم کە هیتلێر پلەی پێشەوا و ڕێبەری ئەو وڵاتەی گرتە دەست زوربە لاینگری ئالمانە کان بوون و سەرکەوتنی ئەوانیان ئارەزوو دەکرد.

(دیارە ئەم وتە زۆرتر فارسەکان دەگرێتەوە. لە بەر ئەوە دەسەڵاتی ڕەزاشا و گوشارەکانی بۆ سەر میلەتانی جیا لە فارس

و سیاسەتی یەک وڵات و یەک نەتەوە و یەک زمان تەنگی بە خەڵکانی تر هەڵچنی بوو. ڕاپەڕینی خەڵکانی کورد و تورک، چەک کردنی هێزە کانی سەر بەتاران، ئازاد کرانی بەشێکی کوردستان بۆ ماوەی چوار ساڵ پێش ڕاگەیاندنی حکومەتی کۆماری کوردستان و حکومەتی میلی ئازەربایجان کە پاشتر پارسینە بۆخۆی باسیان دەکا، هاو ڕابوونی تاران و سەرانی ڕەگەزی سەربە دەسەڵات لە گەڵ نازیەکان هەر وەک حکومەتی ئێستای تاران و سەرۆکەکەی آغای ئەحمەدی نژاد پێداگری لە بێتاوانی دەسەلاتی هیتلێردەکات بە ڕوونی بە دەستەوە دەدا).

سر ڕیدر بولارد - سەفیر کەبیری ئینگلیس لە ئێران لە دەس نووسی ڕۆژی ٢٥ - ١٢ - ١٣١٩ = ١٦ی مارسی ١٩٤١ی خۆیدا دەنووسێ: "ئێرانیەکان لە سەر یەک لاینگری ئاڵمانەکانن و مرۆڤ چاری نیە کە جارۆبار لە گەڵ ئەم دوژمنانە چاو پێ کەوتنی هەبی ".[www.parsine .com].

Parsine وەک ئەوە هێشتار شانازی بە هەڵوێستی دەسەلاتدارەکانیان بکات وادیارە بە ئەمانت یان بڕوا بە ڕابردووی تێڕوانینی هاو ڕەگەزەکانی زیاتر ڕووناکی دەخاتە سەر تێکەلاوی ئەوان لە گەڵ نازیسم لە تاران.

"ڕووداوی ٣ی خەرمانان (١٣٢٠ڕۆژی)، (ڕۆژی داگیر کرانی ئێران لە لایەن هاوپەیمانان) هەر چەند ڕووداوێکی کوتو پڕ بوو ، بەڵام بە بێ پێشەکی نەبوو. لە بەر ئەوە کودیتای دژ بە انگلیس -ی عێراق بە ڕێبەری "ڕشید عالی" وەزیری پێشووی دەربار (پادشایی عێراق) و تیکۆشانی بەر بڵاوی دەست و پێوەندی تێ خزێندراوی ئاڵمان لە ئەرتەشی عێراق و پلانی پەنامەکی نازیەکان بۆ خراپەکاری لە پاڵاوگەی نەوتی ئاباداان (لە ئەگەری دەسەلاتی انگلیس بەسەریدا) و ناوچە نەفتیەکانی ئێران، هاوپەیمانانی بەرانبەر هەڵکەوتی ستراتژیکی ئێران حەساستر کرد و هەر لەو کاتەوە وریاکردنەوەی پێویستیان بە زمانی دیپلۆماسی لە هەمبەر مەترسی بە کردەوەی کارناسانی ئالمانی لە ئێران بە دەوڵەت دا کە گوێرایڵی نەبوون. (واتە دەسەلاتدارانی تاران بۆ هاوکاری و مانەوەی ئاڵمانەکان لێ براوبوون).

ڕووداویکی گرینگی تر کە پاش کودیتای عێراق هاتە ئاراوە و بوو بە هۆی تێکدانی بەرەکانی شەڕ و هەلومەرجی ئێرانی بە تەواوی تێکدا هێرشی لە ناکاوی ئاڵمان بۆ سەر یەکیەتی سۆڤیەت و پێش چوونی خێرای هێزەکانی بەرەو قەوقاز و چاڵە نەوتەکانی بوو کە هاوپەیمانانی بەرانبەر ئێران وردبینتر کرد. لەوە بەدوا وریاکردنەوەی توند سەبارەت بە ئاڵمانیەکانی نیشتە جێ لە ئێران دەس پێ دەکا، و لە لایێکی تر پلانی نهێنی بۆ داگیر کردنی ئێران دەکەوێتە ڕۆژەوەوە. (هەمان سەرچاوە).

سەیر و سەمەرە ئەوەیە هەر ئەو هێزە چەکدارانە کە تا دوێنێ ئاوریان لە سەر پشتی خەڵکی ڕەشو ڕووت و بێ دیفاعی کورد و ملەتەکانی تر کردبووەوە. بە وتەی "پارسینە": دوای ئەوە "ڕۆژی ٣ی خەرمانان ی ١٣٢٠ هێزەکانی شورەوی لە باکوور و ڕۆژهەلات و هێزەکانی انگلیس لە باشوور و ڕۆژئاوا لە زەمین و ئاسمانەوە هێرش دەکەن و شارەکانی سەر ڕێگایان بەرەو تاران داگیردەکەن. هێزی چەکداری ئێران (ئەرتەش) بە پەلە لێک بلاو دەبێ و ڕەزا شا (کە وادیارە هیچ پشتیوانیک لە لای گەلانی ئێران شک نابات) ناچار بە ڕاگەیاندنی دەس هەڵگرتن لە دەسەڵات دەبێ..

هێزە دەریایەکانی ئێران لە کەنداو و دەریای خەزەر پاش چەند سەعات بە تەواوی لە نێو دەچن".

ئێوارەی ڕۆژی ٣ی خەرمانان (یەکەم ڕۆژی هێرش) "ڕەجەبعەلی مەنسور" سەرۆک وەزیران بە دیتنی بشێوی وەزعی گشتی بڕیاری دەس هەڵگرتن لە دەسەڵات دەدا و ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەر (دوو ڕۆژ دواتر) بە تەواوی دەس لە کار دەکێشێتەوە. هاوکات ڕەزاشا ئامادەبوونی خۆی بۆ دەس هەڵگرتن لە دەسەڵاتی شایی ڕادەگەیێنی" .

بەم چەشنە هەم سەرۆک وەزیران و هەم شا تەنێ پاش دوو ڕۆژ بیستنی دەنگی چەند تەیارەیێک لە ئاسمانی تاران بە جارێک نەک هەر پشتی هاوپەیمانەکەی دوێنێ یان (هیتلێر) بە ڵکوو هەروەک ـ محەمەد ڕەزای جێگریان دواتر نیشانی دا بە چەند فیتوێک ئەم بەرەو ئامریکاو پاناماو مێسر، ئەویش دوورگەی "موریس" ملی ڕێگا دەگرن. وەک مامۆستا هێمن فەرمویەتی:

بە بڵاو بوونەوەی دوو پەڕ ئاگایی لێک بڵاو بوو ئەرتەشی شاهنشایی

بە وتەی پارسینە: "نوێنەرانی شووڕەوی و بریتانیا، هۆکاری ئەم دەس تێوەردانە بوونی ڕادەیێکی زۆر کارناسی ئاڵمانی لە ئێران ڕادەگەیێنن. دەستێوەردانی چەکدارانەی شووڕەوی و بریتانیا بە دوای دوو ئۆلتیماتۆمی هاوبەش لە ٢٨ی پووشپەڕ و ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٠ بەرانبەر بە هەبوونی کارناسانی ئاڵمانی (نازی) بە ڕێوە چوە. ئەم هێرشە بە مەودای سێ حەوتوو پێش دوور خستنەوەی ڕزاشا بۆ دەرەوە سەری گرت.

پارسینە هەروەها ئەو ڕاستیە وەبیر دەخاتەوە کە: "پاش کۆتایی شەڕ ئەرتەشی بریتانیا ئێران بە جێ دەهێڵێ، بەڵام هێزە چەکدارەکانی شورەوی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەمێننەوە ، کە بە پێک هاتنی دوو حکومەتی خودمۆختار و کورت تەمەنی کۆماری مهاباد لە کوردستان و فرقەی دێمۆکرات لە ئازەربایجان دە کێشرێ.(پارسینە)

بیری نازیسم و دەسەڵاتی عەرەب

لە درێژەی نووسینەکەی "ئیدوین بلاک" هەشتی ژانوویەی ٢٠٠٦،(ڕۆژنامەی سانفرانسیسکۆ کرۆنیکل دا هاتوە):

"کەمێک دوای دەست پێکردنی شەڕی جیهانی دووهەم لە ساڵی ١٩٣٩موفتی ئورشەلیم پێوەندی سیاسی خۆی لە گەڵ هیتلیر زۆرتر کردو ستراتژییکی هاوبەشی لە گەڵ هیتلێر پێک هێنا بۆ فرۆشی نەوتی عێراق بە قازانجی بزووتنەوەی عەرەب و ئیسلامیەکان دژ بە جوولەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ڕۆژهەلاتی ئوروپا.

لە شەڕی جیهانی دووهەم ئێران بوو بە شوێنی دەسەڵاتی ئاژانسەکانی گشتاپۆ، بە کەڵک وەرگرتن لە ئێران نازیەکان توانیان لە بەغدا- ش دەسەڵات بگرن و پاش ئەوە چرچیل دووبارە لە عێراق دەسەڵاتی گرتەوە نازیەکان لە ژوئێنی ١٩٤١ لە عێراق ڕۆیشتن و هێزی ئاسمانی نازیەکان بومبارانی باکووری عێراقیان کرد و ئێرانیان وەک پێگە بۆ گەرانەوەی خۆیان هەڵبژارد.

لەو حالەش دا موفتی گەورەی ئورشەلیم ئەو کارەی ئێرانی ستایش کرد و داوای لە هەموو مسڵمانان کرد کە دژی جوولەکە و هێزی انگلیسی ڕاوەستن. موفتی ئورشەلیم لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی تاران ئەو مەبەستانەی ڕاگەیاند کە دەبی ئاوارە جووەکانی ئێران و فەلەستین بنێرن بۆ ئوردووگا- گازەکانی وڵاتی لەهستان (واتە ڕەوانەی قەتڵگا بکرین)

٢١ی خاکەلێوە ٢٧١٣

بەشی: ٥

بیری نازیسم و دەسەڵاتی عەرەب

لە هاوێنی ١٩٤١ بە پشتیوانی ئەرتەشی ئێران و ڕێبەرانی دەوڵەتی هەموو ئەو بڕیارانەی وا لە مەڕ بریتانیەکان و جوولەکەی عێراق لە لاین موفتی ئەعزەمی موسڵمانان لە ئورشەلیم درابوون خرانە ئاراوە.

پەیماننامەکانی نێوان موفتی ئەلحوسەینی ونازیەکان ئەوە بوون کە نەفتی ئەو وڵاتە مسڵمانانە بە نازیەکان بفرۆشرێ و

لە بەرانبەر دا جوولەکە بۆ ڕۆژهەلاتی ئوروپا ڕاگوێزرین و نازیەکانیش پشتیوانی دەوڵەتێکی عەرەبی بکەن. لەم پێوەندیەدا موفتی بڕیاری هەڵوەشانەوەی هەموو پەیمانە نەفتیەکانی نێوان وڵاتە مسڵمانەکان و کومپانیە ئینگلیسیەکانی دەرکرد.

لە ئۆکتۆبری ١٩٤١ دەوڵەتەکانی ئینگلیس و شورەوی وریاکردنەوەیان بە ئێران دا کە چیتر لایەنگری نازیەکان نەکەن. پاشتر (دوابەدوای داگیرکرانی ئێران - ٣ی مانگی خەرمانان ١٣٢٠) هەموو وەزیران و ژنرالەکانی لایەنگری نازیسم لە ئێران گیران و کوڕی شایان هێنایە سەرکار.

عەلی ئەکبەر دەست غەیب، ڕەخنەگری وێژەیی لە وتووێژێک دا لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرق ٢١ی بانەمەڕی ١٣٨٤ (سایتی میهەن بلۆگ) دەڵێ: پاش خەرمانانی ١٣٢٠ کە باسە سیاسیەکان گەرم بوون لە دانیشتنە سیاسیەکانی باوکم و کەسانیتر سەبارەت بە شەڕی دووهەمی جیهانی، شەڕی ستالینگراد، سەرکەوتنەکانی ئالمان و مەسەلەکانی پێوەندیدار ئێرانیەکان هەموو بە هیتلێر و و ئالمان مەیلێکی تایبەتیان هەبوو.

ئەحمەد شاملو لەم سەردەمەدا بە تاوانی ئەندامەتی لە یەکێ لە گرووپەکانی لاینگری نازیەکان ماوەییک لە زیندانی هاوپەیمانان بوو.

حکومەتی ڕەزاشا لە گەڵ ئالمان پێوەندیەکی بەربلاوی هەبوو،... سەدان کارناسی ئالمان لە ئێران لە پڕۆژە جۆر بە جۆرەکاندا سەرقالی کار بوون و ئەمە یەکێ لە بیانوەکانی داگیر کەرانی وڵات لە لاین هاوپەیمانانەوە بوو.

هیتلێر هاتنی نەورۆزی بە نووسراو بە ڕەزاشا پیرۆزبایی وتوە. تاج ئەلملوک، ژنی شا لە بیرەوەریەکانی خۆیدا باسی چاوپێکەوتنی هیتلێر دەکا، کە لەم دیدارەدا دوو تەختە فەرش (قالی) یەکیان چنراوی وێنەی هیتلێر و ئەویتر چنراوی سەلیبی شکاو (ئارمی نازیسم) ی بەسەرەوە بوە لە لایەن "مەلەکە" بە ناوی "شا"وە پێشکەشی هیتلێر دەکرێ). بۆ زانیاری زیاتری خوێنەر کتێبەکەی هیتلێر "نەبەردی من" تا کاتی کۆکردنەوەی ئەم نووسینە لە تاران هەژدە جار چاپ کراوە.
درێژەی نووسینی بلاک لە ڕۆژنامەی (سانفرانسیسکۆ کرۆنیکل) کە هاوەنگی تەواوی لە گەڵ نووسینەکەی دەست غەیب تێدا بەدی دەکرێ.

"کاتیک کە موفتی بۆ یەکەم جار ڕوویکردە برلین یەکەم کتێبی خۆی بە نێوی "بۆرۆ" بڵاوکردەوە، هەروەها لە ڕادیۆ برلین

لە بەرنامەیێکی تایبەتی هەوڵیدا بۆ قسەکردن بە دژی جوولەکەکان کە لە ڕادیۆی پێتەختەکانی ئوروپادا بلاو دەبووەوە و وەک کەسێکی پان ئیسلامیست پشتیوانی لە نازیەکان دەکرد.

ئیدوین بلاک لە درێژەدا دەنووسی:

ئەو کەسە (موفتی ئەعزەم) هەموو مسلمانانی جیهانی بانگهێشتن دەکرد بۆ ئەوە جوولەکەکان لە هەر جێگایێکی جیهان دەبینن بیانگوژن. هەروەها لە خوتبەی نوێژی هەینی تاران بە خەڵکی دەگوت "لە ئاسمان ئەڵلا خوداتانە و لە سەر ئەرزیش ئادولف هیتلێر"!!

ئەلحسێنی و چەکدارە موسڵمانەکانی لە ئاڵمانی نازی

مۆفتی سێ گروپی لە ئیسلامیە "ئیس ئیس"ە کان ساز کرد کە لە بۆسنی، بریتی بوون لە سی(٣٠) هەزار کەس، لە ئێران کەسانیکی خۆبەخش لە گەڵیان بوون.

نازیە ئێرانیەکان لە گەڵ گروپە ئیسلامیە ئیس ئیسەکانی تر لە ژێر چاوە دێری ڕاستەوخۆی"هێنریش هیملێر" زۆر کاری بەربەر و وەحشیانەیان دژی جوولەکەکان و خەڵکیتر لە بۆسنی ئەنجام دا. یەکێک لە لقەکانی ئەو گروپە بەشی "هاندشار"لە ئێران بوو.

ڕێبەرایەتی ئەوکاتی ئێران نەتەنیا لە هۆلۆکۆست دا بەشدار بوون بەڵکوو ناڕاستەوخۆ لە ڕاگواستنی جوولەکەکانی ئیران و عێراق و ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانەی ئەوانیشدا(نازیەکان) بەشداریان دەکرد.

هەزاران جوولەکە لە سنووڕەکانی ئێرانەوە لەو ماوە کە هۆلۆکۆست ڕووی داوە بەرەو ئیسرائیل ڕاگوێزران و لە ماوەی پاش هیتلێریش دا کاتێک ڕێبەرایەتی عەرەبەکان بە تایبەت لە عێراق درێژەیان بە ڕوانگەی ئانتی جوولەکە بوونی خۆیان دەدا ئێرانیش لاینگری ئەوانی دەکرد.

کاتێک شای ئێران لە حکومەت هێنرایە خوارێ ئێران ببوو بە یەکیک لە ناوەندەکانی ئورگانیزاسیۆنی جیهانی هۆلۆکاست. هەروەها لە بواری مەزهەبی و سیاسیەوە باس بە دژی ئیسرائیل و جوولەکەکان بەردەوام بوو. لە باسە زانکۆیەکان و ڕادیۆ

و ڕۆژنامەکانی ئەوکات دا باس لەوە دەکرا کە جووەکان بە هیچ شێوەییک لە هۆلۆکۆست دا زۆلمیان لێ نەکراوە، یان ژنۆساید یان دەکەوتە شک و گۆمانەوە".

وتارەکەی بلاک زیاتر لە سەر بیری هاوتای هیتلێرلە جێهانی عەرەب دا دەڕوا و دەڵێ: "پاش شەڕ یەکیک لە ئەندامانی گروپی" مێسری لاو " بە ناوی "جەمال عەبدولناسر" ڕێبەرایەتی شۆڕشی ١٩٥٢ی لە مێسر دژ بە انگلیس وە ئەستۆ گرت میسری ژێردەستی جەماڵ کەڵکی لە هەموو تاکتیکەکانی ئێس ئێس و نازی وەر دەگرت بۆ سەرکوت کردنی نارازیانی دژ بە خۆی، بە تایبەت لە هیزی ژنراڵەکانی هیتلێر کە پاش شەری جێهانی دووەم پەنایان بۆ مێسر هێنابوو زۆر کەڵکی وەر گرت. ئەو ژنرالانە بوون بە "بادی گارد" و پارێزەری شەخسی جەماڵ عەبدول ناسر.

یەکێکی تر لە ژنراڵە هەڵهاتوەکانی نازی بەناوی "زەک" لە سوریە وەک بەرپرسی هێزی چەکدار کەڵکی لێ وەر دەگیرا و تا دوایی هەر لەوەێ مایەوە."

درێژەی ئەم ڕێبازە لە عێراق بە تایبەت عێراقی کاتی دەسەڵاتدارەتی سەدام حسین دژ بە خەڵکی کورد دڕندەیی خۆی نواند. وێنەی ئەم نامرۆڤایەتیە بەرانبەر کورد بڕیاری ژمارە ٦٦٦؛ - ٥ - ٧ - ١٩٨٠ی دەسەڵاتی حێزبی بەعسی عێراق - ە کە تێدا هاتوە:

١- "ڕەگەز نامە لە هەر کەسێک وەر دەگیرێتەوە ئەگەر پەیمانی بە گەل و نیشتمان، ئامانجە کۆمەڵایەتیە بەرزەکانی شۆڕش (شۆڕشی بەعسیەکان)نەبێت.
٢- دەبێ وەزیری ناوخۆ فەرمان بدات بۆ وەدەرنانی هەموو ئەو کەسانە لە عێراق کە ڕەگەزنامەیان لێ سەنراوەتەوە. ئەگەر نەیان توانی بە یاسا، مەحکەمە و دێکۆمێنت بسەلمێنن کە مافی مانەوەیان لە عێراق دا هەیە."

دیارە بە گوێرەی ئەم بڕیارە هەموو کوردە فەیلیەکان لە سەر بنەمای یاسای ڕەگەزنامەی ژمارە ٤٢ پەسەند کراوی ساڵی ١٩٢٤کە بە پێویست دەزانرا هاوواڵاتیانی عێراقی ناسنامەی دەوڵەتی پێشووی عوسمانی - یان هەبوایە تا وەک شارۆمەندی (آ) بناسرێن ،کوردی فەیلی بیگانە و بە تێڕوانینی رژێمی بەعس هیچ هەستێکی نیشتمانی و موراڵیکی سیاسیان بەرانبەر بە عێراق(مەبەست بەعسیەکان- ە) نەبوو. سەرە ڕای ئەوە سەربە ئایین زای شیعە وکۆڵەکەی پێنجەمی ئێران دەناسران. بە هەمان شێوە کە ڕۆمەکانی دژبەری ئێرانی کۆن جوە کانیان بە کۆلەکەی پێنجەمی ئێران بە بۆنەی ئازاد کردنیان لە لایەن کۆرۆش لە چنگ بابلیەکان دەزانی و بە ئەم بیانوە پەلاماریان دەدان. (هەرچەند فارسەکانیش بە سووکی و بێ قیمەتی و

بایخ نەدان بە ژیانی ئاوارەکان جووڵانەوە).

ئەوەبوو دیاسپۆرا ی زۆرەملی کورد(فەیلی) وەک جوەکانی پاش هێرشی ڕومەکان بۆ ئورشەلیم(نێوان ساڵەکانی ٧٠ - ١٣٥ی زایینی) بە ئاوارەبون بەرەو وڵاتانی ئێران، ئوروپا ، ئامریکا، ئوسترالیا و.. دەستی پێکرد، هەڵبەت بەبێ کەسوکار و پاش قەڵاچۆی پیاو و گەنجە پێگەیشتوەکانیان بە دەستی دەسەڵاتی حێزبی بەعسی عەرەبی. (بڕوانە تەنگانە و مەینەتی کورده فەیلیەکان - جێهاد محمد کریم - کلاوڕۆژنە).

٢٤ - ٢ - ٢٠١٠ی زاینی بەڕیز مسعود بارزانی لە کۆنگرەی سێزدەهەمی قوتابیانی کوردستان لە هەولێر گوتی ١٥تا ١٦ هەزار گەنجی کوردی فەیلی لە عێراق (سەردەمی دەسەڵاتی سەدام حسین) بێ سەرو شوێن کران.

دیارە لە دریژەی مەینەتی نەپساوەی کوردەکاندا هاوبیرانی سەدام حسین کە لە دوژمنایەتی کردنی نەسڵی کورد هیچ کاتێک نەوەستاون، ڕۆژانی ڕابردوو کە تەنووری دەس تێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵبژاردنی پارلمانی عێراق گەرم باس دەکرێ بەپێ ئەخباری ناوچە کە لە سایتی [کوردوساید ٢٢ - ٢ - ٢٠١٠)،

ناوەندی کۆچبەرانی دەرەکی شاری ئیلام (ڕۆژئاوای ئێران)، بە بیانووی نوێ کردنەوەی ناسنامەی ئەو کورده فەیلی یانە کاتی خۆی سەدام حسینوەدەر ناون و بە هۆی خزمایەتی لە تەنیشت هاوڕەگەزەکانی خۆیان لە ئیلام ماونەتەوە بانگ هیشت دەکرێن و بۆ نوێ کردنەوەی ناسنامەی نیشتە جی بوون بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی عێراق و دەنگ دان بە شێعەکانی لاینگری ئێران لەوان دەکەن بە مەرج. فەیلیە نێشتە جێ بوەکانی ستانی ئیلام (کە بە سەوقی) دەناسرێن نفووسێکی نزیک بە پێنج هەزار کەس یان هەیە.

لە جێ دایە لێرەدا ئاماژە بە ئەو راستیە بکری پاش شەڕی عێراق - ئامریکا و شکستی بەعسیەکان دەوڵەتی سوریە بە پشت بەستن بە ڕێبازی کۆنی کەڵک وەر گرتن لە نازیەکان ئیستاکەش بە وتەی وەزیری دەرەوەی عێراق (زێباری) و زۆرێک لە بەرپرسانی تری ئەم وڵاتە سوریە داڵدەی زۆرکەس لە فەرماندەرانی هێزە چەکدارەکان و بەر پرسانی پێشووی بەعسی عێراقی داوە و بە شێوەی دڵخواز کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

بلاک دەنووسێ:

سامی ئەلجوندی یەکێک لە بناغە دانەرانی حیزبی بەعس لە سوریە دەڵێ "ئێمە نژاد پەرست بووین، ئێمە شانازیمان بە نازیەکانەوە دەکرد، ئێمە کتێب و مەرامنامەکانی نازی مان وەک سەرچاوە بۆ خۆمان هەڵبژاردبوو. Mein kampf (کتێبەکەی هیتلێر) مان دەخوێندەوە. هەرکەسێک ئەوکات لە "داماس"ژیابا خۆبە خۆ ڕووی دەکردە بیرۆکەی نازیسم.

"لوئیس ئەلحاج" وەرگێڕی کتیب و نووسراوەکان لە ئاڵمانیەوە بۆ عەرەبی دەڵێ لەو بروایەدایە ئیدەئۆلۆژی هیتلێر و تیۆرێکانی ناسۆنالیزم و مودیریەتی دیکتاتۆری و ڕەگەزی بە شیوەیێکی زۆربەرچاو لە نێو دەوڵەتە عەرەبیەکاندا جێگای گرتوە.

ڕێکخراوی فتح بە ڕێبەرایەتی "یاسر عەرەفات" هیچ کاتیک نەی دەشاردەوە کە سەرچاوەی بیر و باوەڕی ئەوان، موفتی ئەلحوسەینی مام یا خاڵی یاسر عەرەفات و بۆ ئەوان وەک قارەمان دەناسرێ. تا ئەم دواییانە کوڕی ئەلحوسەینی بە ناوی "فەیسەڵ ئەلحوسینی" لە ڕۆژهەلاتی ئورشەلیم نیشتە جی بوو.

عەرەفات لە ئەلحوسەینی وەک کەسێکی مامۆستا و ڕێبەرێکی جێگای ڕێز یادی دەکرد. ساڵی ١٩٨٥ بە فەرمی ڕای گەیاند ڕێگای ئەو درێژە دەدا.

لە ساڵی ١٩٥١ کەسیک بە ناوی خوازراوی "ڕەحمان عەبدلڕەئوف ئەلقدوە" هەوڵیدەدا بیرۆکەی ئەلحوسەینی (نازیسم) لە زانکۆی قاهیرە بلاوبکاتەوە، پاشان لە لاین خوێندکارانی ئەوێ هەوڵ بۆ ناسینی ناسنامەی ئەو کەسە دەدری و ئاشکرا دەبی کە "ئەلقدوە" هەمان یاسر عەرەفات (ڕێبەری دواتری فەلەستینە).

٢٩ ی خاکەلێوە ٢٧١٣

سەرچاوەی بیری نازیسم و فاشیزم لە زەین و کردەوەی ڕیبەرانی شۆڕشگێڕی ئیسلامی!

بەشی: ٦

ئاپریلی ٢٠٠١ Human Rights und Democracy Library لە ژێر سەر دێڕی: DEMOCRACY TERROR ISLAM, AND, برومند دەنووسێ:

کۆتـایی دەیـەی ١٩٣٠ ئاڵمـانی نـازی لـە گـەڵ گروپێـک لـە ئەفسـەرانی لاوی شۆڕشـگێڕ لـە نێـو ئەرتەشـی میسـر پێوەنـدی دادەمەزرێنێ. لەوانە لە گەڵ کەسانێک کە ژمارەییکی زۆریان بە "ئیخوان ئەلمسلمین"نزیک بوون ...

ئیخوان ئەلمسلمین بەرەییکی لە لاوان پێک هێنا کە سەر سپاردن بە ڕێبەر لە مەرامیان دا بێ شـەرت و مـەرج بـوو، زیـدەتر لەوە ڕێکخراوێکی ئامادە چەکداری هەبوو کە سڵۆگانیان" کردەوە، مل کەچ بوون، بێدەنگی" بوو، ئەمە سڵۆگانی فاشیستەکانی ئیتالی" ئیمان، مل کەچ بوون، بەربەرەکانێ" ی بیری مرۆڤ دەهێنایەوە.

راو بۆچوونەکانی ئەلبەنـاء لە هەمبەری ڕاو بۆچوونی عولەمای سونەتی (عـالمانی ئیلاهیات) دا بوو. ئەو خۆی بەر لە سـاڵی ١٩٤٣ بە لاینگرانی وریایی دابوو کە "چاوەڕێ دژبەری زۆر تـوند" لە لەین ڕیکخراوی جێگرتووی نەریتیەوە بن.

حەسەن ئەلبەنا مامۆستای مەدرەسە (١٩ - ٦ - ١٩٤٩)، ناسیونالیستی مسری لە سالی ١٩٢٨ کۆمەلـەی ئیخـوان ئەلمسـلمینی بە مەبەستی تـایبەت و نە شاراوە-ی بەرانبەری لە گەڵ ڕۆژئاوا دامەزراند.

ئەلبـەنا لـە فاشیسـتەکان و بـە گرتنـە بـەری ڕێبـازی ئـەوان بـە وتـەی بـاو تونـدو تیـژی شۆڕشـگێڕانە "ئـاڵوگۆڕ سـاز" Transformative یا "خاوێن کەرەوە" Purifying کە بە سەرهەڵدانی (ژاکۆبن)- ە کانی فەرانسە دەستی پێ کرد، بـۆ چوونێک بە قەرز وەر دەگری کە مردنی قـارەمانانە (!)بۆ هونەری سیاسی بەرز دەکاتەوە.

(ئـەوە دواتـر بـوو بـە ڕێبـازی خۆمـەینی و پـاش ئـەو بـن لادن. پەسـنی شـەهید بـوون لـە لایـەن ئایـەتۆللا خۆمـەینی بـۆ مریـدەکانی لێـرەوە بـە پشـت بەنـدی مێـژووی شـیعە گـەری پراکتیـزە دەکـرێ. هەڵبـەت ئـەم ڕەوشـتە دەتـوانرێ لـە کتێبـی "دراندیشی پیرامون خشونت" ژرژ سورل (Sorel Georg) وەر گیرابێ کە ئیسلامی شیعە بە ڕێبـەری آغـای خۆمـەینی کـەڵکی لێ وەر گرت).

پاش سەرکەوتنی هاوپـەیمانان لـە شـەڕی جیهـانی دووهـەم و مردنـی ئەلبـەنا بـە دوای دەسـدرێژی سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٩ و شۆڕشی میسر (١٩٥٢) سەید قوتب:

(١٩ - ٦ - ١٩٦٦) کە وتە بێژی سەرەکی ئیخـوان ئەلمسـلمین و هـەروەها پێـک هێنـەری پێوەنـدی نێـوان کۆمۆنیسـتەکان بـوو چوار چێوەی وەڵامێکی باوەڕمەندانەی بۆنیاد نا کە بنەمای بیرۆکەی ئیسلامی هەنووکەیی و ئەوڕوپیە.

قوتب: نە تەنێ ڕێڕەوی ئەلبەنا بوو، هەروەها بە نووسەر و خەباتکاری پاکستانی سەید عەبدولعەلا مودودی (١٩ - ٣ - ١٩٧٩) دڵبەندی هەبوو. مودودی جەمعیەتی ئیسلامی پاکستانی دامەزراندبوو کە تا ئێستاش وەک هێزێکی خاوەن دەورو کارئامەی گۆڕەپانی سیاسی پاکستان دەژمێردرێ.

(نووسەر، ساڵی ١٩٦٠ لە درێژەی خەباتی بەرئەنگاری بەرانبەر هێرشی چەکدارانەی پاسداران بۆ کوردستان لە ناوچەی هەوشار (تکاب) لە شەڕێکی پێشمەرگە و پاسداران دا شاهیدی بە دیل گیرانی کەسێ بە ناوی "جومعە خان شاحسین" بوو کە بە پێ بەڵگەی پێناسەکەی ئەندامی جەمعیەتی ئیسلامی ئەفغانستان و خەڵکی ئەو وڵاتە بوو کە پاش نزیک بە دووساڵ ونیم زیندان لە زیندانی حیزبی دێکۆکراتی کوردستانی ئێران ئازاد کرا.

بەشداری ئەندامانی جەمعیەتی ئیسلامی ڕێڕەوی بیری مودودی لە شەڕ بە دژی میلەتی کورد هاوشانی پاسدارانی ئایەتوڵا خۆمەینی ئەو ڕاستیە لە خوارەوە دەسەلمێنێ کە بیری فاشیستی هاوبەشی خۆمەینی هەر وەک ڕەزا شا، موقتی ئەعزەمی موسڵمانان لە ئورشەلیم، حەسەن ئەلبەنا، سەید قوتب، مودودی و بن لادن وحەماس و حیزبولا، پاڵپشتی و بە تەنگەوە چوونی هەڤدوو تا ڕادەی تڕۆری ڕێبەرانی کورد (لە برلین - ناسراو بە میکۆنۆس)، سەرچاوە کەی لە کوێڕا هاتوە).

وەلانانی خواستی میللی (ناسونالیزم)لە لاین مودودی کە پێشتر باوەڕی پێ بوو جێگۆڕکێی بەرەو ئیسلامی سیاسی و دەورێک کە ئیسلام لە سیاسەت دا دەیتوانی بگێڕێ، لە لای ئەو تا ڕادەییک پێش چوو کە هەموو شێوازەکانی مەیلی میللی سەرکۆنە و مۆرکی کفری لێ بدات.

مودودی بە کەڵک وەر گرتن و بە کار هێنانی دەستە واژەیل مارکسیستی خوازیاری شەڕی پێش قەراوڵانی شۆڕشی ئیسلامی لە هەمبەر ڕۆژئاواو ئیسلامی نەریتی دەرکەوت. سەفی "ئیسلام - ی" لە گەڵ نورم گەلی دیاری غەربی "شۆڕش" (Revolution) "دەوڵەت" (State) و "ئیدەئۆلۆژی" (Ideology))، وێکڕا گرێدا.

ئەوەبوو بە پێچەوانەی دژبەری کرانی زۆر توندی ڕێبەرانی دینی لە گەڵ ڕاو بۆ چوونەکانی مودودی (هەر وەک دژایەتی مونتەزری بەرانبەر بە خۆمەینی) کارگەری خۆی لە سەر نەسڵێک لە ئیسلامیستە نوێکان دانا و خۆمەینی ئەو ڕێچکەیە درێژە دا ". { کۆتایی نووسراوەی ترۆر، ئیسلام، دەوکراسی}.

وێنەی تەواو عیاری ڕێبازی مودودی، حەسەن ئەلبەنا، سەید قوتب خۆمەینی و کۆمارە ئیسلامیەکەی لە ئێران دایە. ئەو چ

لە پێوەندی جیا بیران، پەیڕەوانی ئایینەکانیتر، ئیسلامی سونەتی (سونیەکانی نێو سنوری ئێران)، نەتەوە جیاوازەکان لە لاییک، ڕەواج دانی بیرۆکەی شەهید و شەهید پەروەری کوشتنی بەکۆمەڵی ئەو خەڵکانە لە گەڵ ئەو تێفکرینە نەگونجاو بوون.

بێ ڕەحمی لە ڕادە بەدەر، خۆ ماندوو نەکردن بۆ گوێدان بە داواکاریەکان، حەواڵە کردنی ئەگەری ئاشکرای قوربانیانی ناحەقی لە لایەن دەستو پێوەندەکانی بەڕێوە بەری بڕیارەکانی ئیمام !(خەڵخاڵی و....) بۆ بە نسیب بوونی بەهەشت لەو دونیا . دوژمنایەتی دونیای ڕۆژئاوا و ئامریکا و باوەڕمەندانی چەپ وەک چۆن چۆنی و بە چ مەبەستێک ئەلبەنا سەرەتا کۆمەڵی ئێخوان ئەلمسلمینی دامەزراند کرا بە ڕێچکەی جیاوازی! دیارە پاشماوەکانی ئەم کەسایەتیە فاشیست کردوانە لە ڕۆژگاری ئێمرۆدا ئەگەر چی بە ڕواڵەت لە گەڵ یەکتر تەبا نە بن لە دوژمنایەتی بەرانبەر مرۆڤایەتیدا هاوکار و هاو کردارن وێنە: بەعسیەکان لە عێراق - سوریە ،تاڵیبانەکانی ئەفغانستان و پاکستان- بن لادن و دەسەڵاتی زاڵ لە تورکیە لەوانەن کە هێشتار ڕێبازی قەڵاچۆی خەڵکی بێ دیفاع هەر وەک ڕابردوو درێژە دەدەن و سوورن لە درێژە دانی ڕەوشتی هیتلێرو باپیرانیان!!

قەلاچۆی نازیەکان هەر چەند شیوازی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئەو لە ژنۆسایدەکانی تر لە مێژوو دا جێا دەکاتەوە، بەڵام بۆ ڕیبوارانی پاش خۆی بوو بە ڕچە و ڕێبازێک کە زۆر و کەم لێرەو لەوێ لە هیندێ بوار دا هەر نەبێ لە کوردستانی ئێمە هاو شێوەکانی بە بڕێک جیاوازیەوە لە سەر کورد تاقی کراوەتەوە.

دیارە ئەوە لە پانتایی دڕندەیی و بێڕەحمی بەڕێوە بەرانی جنایەتەکان کورتی نەهێناوە.
هەڵبەت هەم جیاوازی سەردەمی خولقانی کارەساتەکان، هەم شوێن و جۆغرافیای ڕووداوەکان و هەم شێواز و هەڵکەوتی ژیاری و مێژوویی قەڵاچۆ یان هۆلۆکاست - ی کورد و جوو سەرە ڕای نەشاراوە بوونی هێڵی وەک هەڤی بێری شوینیزمی ڕەگەزی (نازیسمی عەربی، تورکی و فارسی) لە گەڵ ئاڵمانەکانی دەورانی هیتلێر توانیویەتی لە پانتایی زیانەکانی کورد لە بەرئاورد لە گەڵ ڕادەی زەردەی گیانی جوولەکەکان کەم بکاتەوە. بە گشتی تایبەتمەندی کرداری نازیەکان بریتیە لە:

کارا بوون

تایبەتمەندییکی هۆلۆکۆست کاریگەر بوون و هەوڵی سیستماتیک و بە پێی بەرنامە تا ڕادەی بەرنامە داڕشتنێکی سەنعەتی بۆ تواندنەوە و کوشتنی ژمارەیێکی هەرچی زێدەتری خەڵک و لەو پێناوە دا کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامراز و ئیمکاناتێکی تێکنۆلۆژیە کە ئاڵمانی نازی خاوەنی بوو.

تا ئێرە لە پێوەندی بەرنامە، بە کار هێنانی ئیمکانات و کەرەسەی لە بەردەست دەتوانین پێ داگری بکەین لە عیراق سەدام حسین بە بێ دریغی لە ئیمکاناتی لە بەردەستی خۆی وێرای بەر ئەنگاری چەکدارانەی کوردەکان کەڵکی تەواوی بۆ هەرچی پتری قەڵاچۆی کورد وەرگرتوە. کە پاشتر ئاماژەی ورد تری پێدەکرێ. زیاد کردنی ئەوە پێویست و حاشا هەڵنەگرە کە ئاڵمانەکان خاوەن سیستمی پێشکەوتوو، وردبینی و پلانی مەزنی دەست بەسەرگرتنی هەموو جیهان بوون، بەختیارانە ئەوە لە گەڵ توانای زۆر کزی سنعەتی سەدام حسین کە بۆ قڕ کردنی کورد و خۆ فەرز کردن بەسەر دونیای عەرب و ناوچەکە هەوڵی بێوچانی دەدا وێرای لیپاو لیپ بوونی مێشکی سەدام حسێن لە بیری نازیسم هەرنەبێ بەرانبەر بە کورد لە گەڵ توانا سنعەتیەکەی یەکی نەدەگرتەوە.

وێنەی کەڵک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی تازە لەو کوشتارانە بە کار هێنانی سیستەمی ماشینی Dehomag)) - سیستمی پلە بەندی زانیاری بە کەڵک وەرگرتن لە جۆرە کارتیکی کونکراو - بوو. کەڵک وەرگرتن لەو سیستمە کارامەیی بە کۆمەڵ کوشتنەکانی بردە سەر. نازیەکان بە پشت بەستن بە ئەو تێکنۆلۆژیە تواناییان لیستی ورد لە نەیارەکانیان دروست بکەن و قوربانیەکانیان (وێرای پرشو بڵاوی) دەس نیشان بکەن و ئاماری ڕێکوپێک لە کوشتارەکانیان ڕاگرن.

کاتێک قوربانیەکان دەگەیشتنە ئوردووگاکان دەبوو هەموو دارو نەداری خۆیان بدەن بە نازیەکان کە ئەوانیش زۆر بە وردی ئەو شتانەیان لێک جیا دەکردنەوە و دەستە دەستەیان دەکرد و ڕەسید و بەڵگەشیان دەدا بە کابرای زیندانی (ئەو بەڵگانە هیواییکی بە درۆیان دەدا بە ئەو قوربانیانە کە پێیان وابوو ڕۆژێک هەموو شتەکانیان پێ دەدرێتەوە).

نازیەکان هەردەم لە هەوڵی دیتنەوەی ئامرازی هەرچی کاریگەرتر بوون بۆ کوشتنی ڕادەی پتری خەڵک. پاش گولە باران کردنی هەزاران جوولەکە بە هۆی لەشکری نازی لە لەهستان، ئۆکرانیا، ڕووسیەی سپی، ڕاپۆرتێکی زۆر گەیشت سەبارەت بە نارەزایەتی و ساردبوونەوە و وەبەردانی سەربازان لە بەرەکاندا. ئەفسەران لە ڕاپۆرتەکانیان دا بۆ فەرماندەکانیان گلەییان دەکرد کە کوشتاری بەرەو ڕوو و لە نزیکەوە کاریگەری دەروونی خراپی هەیە لە سەر سەربازەکانیان. هەر بۆیێ "برلین" بڕیاریدا بۆ لە ناو بردنی یەکجاری جوولەکە پتر لە ڕێگای ماشینی کەڵک وەر گرن و بۆ ئەو کارە دەستیان کرد بە تاقی کردنەوەی تەقەمەنی و ژار.

Richard Overy نووسەری ئینگلیسی لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی شەڕی ڕووسیە شی دەکاتەوە چۆن نازیەکان لە ڕێگا و شێوەی کاریگەرتر بۆ کوشتنی خەڵک دەگەران. لە ساڵی ١٩٤١ دوابەدوای داگیر کردنی ڕووسیەی سپی نازیەکان شێتی شێتخانەی "مینسک"-ی پێتەخت - یان وەک مشکی تاقیگە بەکار هێنا. سەرەتا شێتەکانیان بە ڕاوەستانەوە پێکەوە نووساند

و تەقەیان لێ کردن بە ئەو هیوایە کە خەڵکێکی زۆرتر بە یەک گوللە بکوژن. بەڵام دەرکەوت ئەو شێوازە کاتیکی زۆری دەوێ. ئینجا هاتن دینامیت یان بە کار هێنا ، بەڵام دیتیان کە ژمارەییکی کەم یەکسەر کوژران و باقیەکەیان بە بریندارى و دەست و لاق پەڕیوی مانەوە و سەربازەکان دەبوو بە گوللە کۆتایی بە ژیانیان بێنن.

لە ئۆکتۆبری ١٩٤١لە شاری Mogilev هەڵکەوتوو لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووسیەی سپی نازیەکان ئەو شێوازەیان بە کار هێنا کە پێیان دەگوت:

Gaswagon یا ئوتومبیلی گاز، لەم ڕوشتە دا سەرەتا خەڵکەکەیان لە ژوورێکی داخراوی بێ دەلاقە دەئاخنی، ئەوجار لوولەی ئێگزۆزی (دووکەڵ)ماشینی هەڵگراویان تێ دەکرد. ئەوە دەبوو بە هۆی خنکانی خەڵکەکە لە ژوورەکە. نازیەکان سەرەتا ماشینی چکۆلەی سەربازییان بەکار هێنا دیتان ماوەی نیو کاتژمێری دەخایاند تا حەشیمەتی نێو ژوورەکە دەمردن، هەربۆیێ دواتر کامیۆنی گەورەیان بەکار هێنا و بە ئەو کارە توانییان خەڵکێکی زۆتر لە ماوەی هەشت دەقیقە دا بخنکێنن.

وانسی کۆنفرانس - ڕێگا چارەی یەکجاری!

لە بیستی مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٢ کونفرانسێک بە بەشداری کاربە دەستانی گەورەی ئاڵمانی نازی گیرا کە بە " Confrence Wannsse "ناسرا و تێدا وەزیرەکانی کابینەی ئاڵمانی هیتلێری و فەرماندەرانی پایە بەرزی" SS" چۆنیەتی بە ئامانج گەیاندنی پلانێکیان خستە بەر باس و گفتوگۆ کە پێشتر بە هۆی "ئادۆلف ئایشمان" ناوی ڕێگا چارەی یەکجاری کێشەی جوولە کەی لێ نرابوو. دیارە هەر لەو کاتە دا کە ئەو کونفرانسە دەگیرا بە هەزاران جوولە لە ناوچەکانی ئوروپای ڕۆژهەڵات و ڕووسیە کە لە لاین ئاڵمانەوە داگیر کرابوون خەریک بوو کۆمەڵ کوژی دەکران، کوشتارەکان لە سەر بڕیاری ئەو کونفرانسە ڕانەوەستا بوون بەڵام کاربەدەستانی نازی مەبەستیان دارشتنی پلانێکی بەر بڵاو و هەمە لاینە تر بوو بۆ قەڵاچۆکردنی سیستماتیکی تێکرای جوولەکە لە ئوروپادا و پێویست بوو هەموو کاربەدەستان ئەو پرسە لە سەرووی گشت کارەکانیان ڕەچاو بکەن.

٦ ی بانەمەڕ ٢٧١٣

بەشی: ٧

تورک و تێکەڵاوی نازیسم، کردەوەی وەک یەک لە گەڵ فارس بۆ نەهێشتنی جیا ڕەگەزەکان:

لە پێشەکی ئەم بەشەدا بە پێویست دەزانری ئەوە پشت ڕاست بکرێتەوە مەبەست لە هێنانی نێوی تورک یان فارس لێرە دا لە پێوەندی بیری داپڵۆسێنەری نازیسم، نفووسی ئاسایی خاوەن ڕێزی ئەم دوو نەتەوە نیە. زۆرکەس شارەزای مەبەستەکانی بەڕێزان بێشکچی و پامۆک بۆ پشتگری لە مافی کوردانن و ئەوە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنی کە هەمووان هاوبیر و و هاوڕا لە گەڵ دەسەڵات داران بۆ بە کار هێنانی بێ بەزەیی و قەڵاچۆی جیا ڕەگەزەکان نەبون. هەرچەند داخی گران ئەوەیە کە سەرجەمی ئەم دووکۆمەڵگا وەک ئەرکی برایەتی و جیرانەتی مێژوویی بۆ پێش گرتن لە قەڵاچۆی کورد بە شێوەی کارامە خاوەن دەر نەکەوتون، یا لانی کەم بە بێدەنگە کرد ن و سەرنواندن بۆ بەڕێوە بردنی بڕیاری دەسەڵاتدارەکانیان هەڵبەت جیا لە ئەژمارێکی زۆرکەم (بە پێ ڕێژەی نفووسی ئەم گەلانە)، بەداخەوە ئەگەر چی هاوەدەنگیش نەبووبن دژبەری ئەوتۆیان نیشان نەداوە!!

"دوای دامەزراندنی کۆماری تورکییە هەبوونی کورد حاشای لێ کرا. هەروەها پیناسەی کوردیش خەتی بەسەردا کێشرا، هەبوونی کورد کەنەما - دەڵێن هەرکەس کە لە تورکیا بێ تورکە و زمانەکەی تورکیە و زمانی کوردی وجودی نیە. لە لایێکی دیکەوە هەوڵ دەدرێ، کورد ئاسیمیلە بکری، لە بری ئەوە پێناسەیەکی تورکییان دەدەنێ.

لە بیست ساڵ لەمەو بەرەوە دەر کەوتوە کە دۆکۆمێنتی وا هەیە کە نیشان دەدەن هی سەدەی سێزدە و حەڤدەن و مێژووی کولتووری کورد نیشان دەدەن کە تووناکراون.

من لە سەر ئەوە سوورم کە حاشا کردن لە هوویەت و پێناسەی کورد لە ڕێگای ئاسیمیلاسیۆنەوە بە هۆی سیاسەتی بە تورک کردن وێکڕا بەڕێوە دەچن ".

(سمایل بێشکچی: ٤ - ٣ - ١٩٩١ die Tageszeitung وەرگێڕ حەسەن ئەیوب زادە سایتی هەڵوێست).

شۆوا = ئەنفال = قەڵاچۆ، هەوڵی ژنۆسایدیا هەر نەبێ ئاسیمیلە کردنی کورد نزیک بە سەد ساڵە بە شێوەی سیستماتیک درێژەی هەیە. وڵاتانی ناوچە وپرای هاوپەیمانانی ئوروپایی و ئامریکایی - یان، بە گشتی و دەوڵەتانی تورک، فارس و

عەرەب (سوریە و عێراق) بە تایبەتی هەرکام بەشێوەی خۆیان لەم بوارەدا (بۆ بە کارهێنانی ڕەوشتی کارگەرتر) زۆرجار کێبەرکێ یان پێکەوە هەبوە. لە گەڵ ئەوە بە بێ شاردنەوە دیدار و سەریەک خستنی پڕۆژە فەوتێنەرە هاوبەشەکانیان وێکڕا خستوەتە بەر باس و پراکتیک. ئوروپا و ئامریکا وێرای دەسەڵاتدارانی ڕووس بە بێ شاردنەوە زۆر جار یارمەتی دەری سەرگرتنی پلانی کورد کوژی و ڕاوە کورد بە تەیار کردنی بکوژان بە کەرەسەی کۆمەڵ کوژ و چەکو تەقەمەنی مودرن لە پرۆسەکە دا بەشدار بون.

وێنەی بەرچاوی سالانی دوایی: دانی چەکی کۆمەڵ کوژ بە سەدام حسین و بەکار هێنانی لە هەڵەبجە (١٦ - ٣ - ٨٨)، پڕ چەک کردنی تورکیە و یارمەتی دانی: بە گرتن و تەحویل دانەوەی بەڕێز ئۆجەلان بە دەسڵاتدارانی تورک (سالی ٩٠)، دەرکردنی بڕیاری ناساندنی حێزبی خەباتکاری کورد پکک بە تڕۆریست و بەرتەسک کردنەوەی کارو تێکۆشانی کوردان بە شێوەی مەدەنی لە ئوروپا و ئامریکا گرتن، زیندانی کردن و تحویل دانەوە بە بکوژان.

ئەم ڕەوشتە لە سەدەکانی پێشووتر لە لاین دەسەڵاتدارانی ملهوڕی ناوچەکەوە بناغەی داڕێژراوە!!

شاعەباس سەفەوی ٩٠٧ - ٩٢٠ ی، کۆچی لە گەڵ بەدەستەوە گرتنی جڵەوی دەسەلات لە ئێران هێرشی توندی کردە سەر کوردستان. هەر لە مەهاباد، پیرانشار و شنۆ و نەغەدە و ورمێ ڕا بگرە تا قوولایی کوردستانی باکوور لای دیاربەکر، مووسل و خواروو ڕۆژهەڵات - لۆڕستان بە دەیان هەزار کوردی کرد بە قوربانی ئەم هێرشە پان و بەرینە . وێرای کوژرانی کورد مالّ و سامانی بە تاڵان چوو، سەرەڕای ئەوە بە ملیۆنان کورد ناچار کران ئایینی خۆیان بگۆڕن (ئەوە کە تەنانەت هیتلێر نەی کرد).

ئەگەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی دینی ئیسلام عەرەبەکان لە ژێر پەردەی دین ئێران و کوردستانیان بە گشتی داگیر کرد و ئایینی خۆیان بە داری زۆر لە گەلێک شوێن بە سەر خەڵکدا سەپاند،

لە سەردەمی شا ئیسماعیل سەفەوی حاکمی ئێراندا گوندەکان گەمارۆدەدران، دانیشتوان دەبوو مەزهوی شیعە قەبووڵ بکەن دەنا هەموو بە جارێک دەکوژران. پاش گۆڕینی دین و زمان نێوی کوردی گۆندەکان دەکران بە تورکی (سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن).

شەڕی برایانی تورکی سەفەوی و عۆسمانی نەک هەر خاکی کوردستانی کرد بە مەیدانی ماڵوێرانی و کوشتاری کەم وێنە.

کوردستانی دوولەت و ئەمارەتە کوردیەکانی بێ دەسەلآت یا دەسەمۆ کرد. بەشێک بۆ عۆسمانی سونی مەزهو و بەشەکەی تر دەسەلآتی سەفەوی شیعە مەزهو بەسەریدا زالّ بوو.

لە لایێک تورکی عۆسمانی و لە لایەکەیتر تورکی سەفەوی دەستیان بە سووتاندنی ڕیشەی کورد کرد.

لە بەشی عۆسمانی گلۆڵەی دەسەلاتی ئەمارەتە کوردیەکان ڕووی بەرەو کزی نا و دەسەلآتداری کورد متمانەی پێ نەدەکرا. لە نێوی گوند، شاخ و کانیاو ڕا بگرە تا نێو و ناسنامەی خەڵکی بەرە بەرە تا دەهات ئاڵو گۆڕی بە تورکی کردنی بەسەردا دەهات. (هەر چەند لێرەو لەوێ سەربڕێوی و بەرئەنگاری شۆڕشەکان هەر ماوەیێک جارێ دەوریان لە پاش خستنی ئەو پرۆسە دزێوە دەگێڕا).

بەڵام بە تێپەڕ کردنی زەمان و کات - زمان، پۆشاک (لیباس)، فەرهەنگ و نەریتی نەتەوەیی بەرەو لێژایی بێ هێزی زیاتر پاڵی پێوە دەنرا. کورد وەک بەردە بە سوخرە دەگیرا. دەسەلآتداری تورک سولتان عەبدولحەمیدی عۆسمانی بە وتەی (ئورهان پامۆک) نووسەری تورک، تەنێ نزیکەی ٣٥ هەزار کوردی کوشت، لە گەڵ ئەوە بە داری زۆری دەسەلآتداری حاکم وەک هێزی سەرکوتکەری خەڵکی دیکە کەڵکی لێ وەر گیرا. دیسان بە وتەی پامۆک نزیک بە یەک ملیۆن و نیو مرۆڤی ئەرمەنی بە فەرمانی ئێمپراتووری عۆسمانی کوژران.

بەم چەشنە لە سەدەی ١٥ تا ١٩ی زایینی کوردستان بە گشتی وەک ناوەندی کورد کوژی و هاندانی خەڵک بە دژی یەکتر، بە تایبەتی لە لایەن موسڵمانانی، سەفەوی و عۆسمانی و دواتر ئەفشار و قاجارەوە ژیانی کوڵە مەرگی هەبوو.

دەسەلآتی بە ناو مۆدرنی ڕەزاشا و کوڕەکەی موحەمەد ڕەزا پەهلەوی لە درێژەی سیاسەتەکانی ڕابردوو بەرانبەر بە کورد زیاتر سیستماتیک و پلان بۆ داڕێژراو بەرەو پێش هەنگاوی بۆ هەڵ گیرا. دیارە لەم دەورەیەدا بەتایبەت لە خەرمانانی ١٣٢٠بە دواوە بەر ئەنگاری کورد بە دامەزرانی ڕێکخراوی سیاسی وەک، ڕێکخراوی ڕۆشنبیری، حیزبی هیوا، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و دامەزراندنی هەرچەند کەم مەوداو کەم تەمەنی کۆماری کوردستان پێ نایە قۆناغێکی نوێ لە بەرخۆدانی پووچەڵ کردنەوەی سیاسەتەکانی هاوبیرانی هیتلێر ڕەزاشاو کەماڵ پاشا(ئاتاتورک) بۆ پاکتاوی ڕەگەزی هەڵبەت بە ئەو جیاوازیە کەهیتلێر زۆرتر بە دژی نەسڵی جوولەکە دە جووڵایەوە بەڵام ڕەزاشا و ئاتاتورک بەرانبەر بە کورد و ڕەگەزە جیا لە فارسەکان بە گشتی هەمبەر دەوەستان. لە بە شەکانی دواتردا بە وردی ئاماژە بە سیاسەت و کردەوەکانی دەسەلآتدارانی عەرەب، تورک و فارس بۆ نەهێشتن، پاکتاوی ڕەگەزی یان تواندنەوەی کورد لە درێژایی سەت

سانّی ڕابردوو دا دەکرێ.

بە تێکەوە پێچرانی ئاخرین ئاسەواری "حکومەتی ٢٥٠٠ سانّەی پاشایەتی لە ئێران" درێژەدەری ئەمەکناسی ئەم ڕێبازە و میراتگری ئەوان ئایەتوللا خۆمەینی نەک هەر ڕێگەی نەدا ئۆجاخی هیتلێری ئێران بەرەو کۆژانەوە بچێ کردارو فەتوا و ڕێنوێنی و بڕیارە یەک لە دوای یەکە کانی آغای خۆمەینی کە وتی "جنگ، جنگ تا رفع فتنه در عالم" ڕێبازە بێ هێزکراوەکەی هێنایەوە سەر دۆخی بیرۆکەی هیتلێر بە ڕادەییک کە کوشتاری کورد تینوویەتی ئەو و هاوبیرەکانی نەشکاند. تا ڕادەییک کە سنووری کوشار و بڕیارەکانی زۆروڵاتی دیکەی لە خۆگرت. نووسراوەکانی خومەینی بۆ سەرانی ڕووس و... شێوازێک لە ڕێو شوێنی ئیمپراتورە کۆنە کانی وە بیر دەهێنایەوە.

شاگردی وەفاداری" ئیمام "آغای ئەحمەدی نژاد نەک بە ناو هێنانی وەک "غوده چرکین" بۆ وڵاتانی دیکە قەناعەتی نەهێنا، بە ڕاشکاوی لە بەرانبەر هەواڵدەریەکان ڕای گەیاند: " وڵاتی ئیسراییل دەبێ لە سەر نەقشەی دونیا پاک بکرێتەوە". ئەوە لە ڕاستیدا هاوێشتنی چەند شەقاوی تێئۆریکی توند ئاژۆیانە تر لە هیتلێر بوو کە تەنیا لەو شووێنانە دەسەڵاتی هەبوو جووی قەڵاچۆ کرد. وتارەکانی سەرۆک کۆماری ئێران و نوێنەری نێئۆ نازیەکانی فەرمانڕەوا لە تاران ئاوەزی مرۆڤ بۆ لای بیر هێنانەوەی پرۆژە کۆمەڵکوژەیەکانی (ڕاینهارد هیدریش) وەر دەسووڕێنێ کە لە جێدایە بە کورتی ئاماژەی پێ بکرێ تا هەر مرۆڤ دۆستێک لانی کەم بۆ تاویک زەینی خۆی سەرقاڵی کەسایەتی و بنەچەی ئەم ڕەگەزە فکریە بکا کە بە داخەوە لە پێش چاوی دەسەڵاتدارانی دونیا دەرەتانی نەفەس کێشانی دەیان ملیۆن خەڵکی بە پشتیوانی ئایەتوڵا خامنەیی و هێزە چەکدارەکانی هەرنەبێ لە کوردستان و ئێراندا بڕیوە.

لە لایێکیتر هاوکات لە گەڵ بیر هێنانەوەی قازانج خوازانەی ژێنۆسایدی گەلی ئەرمەن لە کۆنگرێسی ئامریکا سەرەتای مانگی مارس ٢٠١٠، دەورێکی تازە لە هاو بەشی کردنی ئامریکا و ئوروپا لە گەڵ تورک بۆ درێژەی سیاسەتەت و کردارە فەوتێنەرەکانیان دژی کورد هاوشان سەری هەڵ هێناوە تا بە ئەم شێوە بلێسەی ئاوری تۆرەبوونی تورکاەکان بۆ درێژەی ساتو سەوداکانیان دامرکێنەوە. وێنە هێرشی ئەم دواییانەی (سەرەتای مانگی مارس ٢٠١٠) بۆ سەر تلوزیونی ڕۆژ لە بروکسل - ناوەندی کەنەکە و بنکە و بارەگای ناوەندە کوردیەکان لە وڵاتی بلژیک و دەس بە سەرکرانی چەند کەسایەتیەکی کورد لەم وڵاتە هەروەها لە ئاڵمان!!

گۆشەییکی تر لە کرداری نازیەکان

کارەساتی خوێناوی و بەناو بانگی "ڕاینهارد Reinhard"

سپتامبری ١٩٤٢عەمەلیاتێک بە ناوی نهێنی - ڕاینهارد Aktion Reinhard دەستی پێکرد کە سەرەتای خوێناویترین بەشی هۆلۆکۆست بوو .ئەو کردەوە لە چوار چێوەی وەدیهێنانی ئامانجەکانی کونفرانی "وانسی" ئەنجام درا و تێیدا دەست کرا بە دامەزراندنی ئوردوگاکانی مەرگ بۆ ڕیشە بڕ کردنی جوولەکەکانی لەهستان.

Reinhard Hydrich لە بەرپرسانی گەورەی "ئێس ئێس - SS" و لە هەڵسووڕاوانی کونفرانی وانسی بوو کە چوار مانگ دوای کونفرانسەکە لە لاین بەرهەلستکارانی (چێک ۆسلۆڤاکی) ترۆرکرا و کوژرا. هەر لەم پێوەندیەدا کرداره کۆمەڵکوژیە گەورەکەی مانگی سپتامبری ٤٢ کە تا نۆڤامبری ٤٣ درێژەی هەبوو بە یاد و بیرەوەری ناو براو ناو زەد کرا.

لەم کارەساتە خوێناویە مەزنەدا لە چوار ئوردوگای مەرگی Majdanek,Sobibor, Treblinka,Belzek نزیک بە دوو ملیون کەس قوربانی کران کە زوربەی هەرە زۆریان جوولەکە بوون.

لیستەی قوربانیەکان زۆر بە ووردی ڕادەگیرا، هەروەک لە تلگرافی بە ژمارە ڕەمزی 12 . OM X d e O M Q 1000 89 ؟؟ دا بۆ" ئیدارەی گشتی ئەمنەیەتی ڕایش " دەر دەکەوێ کە لە لاین ئەفسەرێکی نازیەوە ئاراستەی ئادولف ئایشمان کرابووو تێیدا ئاماری قوربانیکانی ئەو چوار ئوردوگای مەرگە تا ڕۆژی ١١ی مانگی یەکی ١٩٤٣ - چوار مانگ دوای دەسپێکرانی عەمەلیاتی "ڕاینهارد" - بە ١٢٧٤١٦٦ کەس ڕاپۆرت کراوە.

دوای گەیشتنی قوربانیەکان بۆ ئەو ئوردوگایانە هەموو شتەکانیان لێ وەر دەگیرا، جلەکانیان پێ دادەکەنرا و دەپشکێندران. نەکوو پارە، خشڵ و زێڕیان شاردبێتەوە، ئینجا خەڵکەکەیان لێ دەخوڕی بۆ ژوورەکانی گاز و ئەو ژوورانە پراوپڕ دەئاخندران و گازی مۆنۆ ئۆکسیدی کاربۆنیان لە سەر دەکراوە.

(لە ئۆردوگاکانی (Majdanek) و ئاو شویتس (Auschwitz) دا لە گازی klon B Zy کە گازێکی سیانیدە کەڵک وەردە گیرا).

پاش کوژرانی ئەو خەڵکە و پاش دەرهێنانی ددانی زێڕی قوربانیەکان تەرمەکانیان لە کووره دا دەسووتێنران. عەمەلیاتی ڕاینهارد تا مانگی نۆڤامبری ١٩٤٣ درێژەی هەبوو، لەو نێوەدا هەروەک گوترا پتر لە دوو ملیۆن کەس گیانیان لە دەست دا. ئەو داراییەی زیندانیەکان کە دەستی بەسەر دا دەگیرا زیتر لە ١٧٨٠٤٥٩٦٠ مارکی ئاڵمان بوو کە ئەگەر بە نرخی ئەو ڕۆی بەرئاورد بکەین دەکاتە زیادتر لە ٧٠٠ ملیۆن دۆلار .

بەربڵاوی کوشتارەکان:

پاکتاوی ڕەگەزی (شۆوا)، لە ناوچەییێکی بەرفراواندا بەڕێوە چوو کە لە لاین ئاڵمانی نازیەوە داگیر کرابوو، ئەوڕۆ ٢٥ وڵاتی لێ پێک هاتوە.

لە هێندێک شوێن قوربانیێەکان نێردراونە ئوردوگاکانی کار و لە هێندێک شوێنی تر بۆ ئوردوگاکانی مەرگ. ئوردوگاکانی زۆرەملی ئاڵمانی نازی سێ چەشن بوون:

١- ئۆردووگاکانی "ترانسفێر" یان بەڕی کردن کە تێدا قوربانیەکان کۆ دەکرانەوە و لەوێڕا بەرەو ئوردووگاکانی بێگاری و مەرگ بەڕێ دەکران. نموونەی ئەوانە بریتی بوون لە:

"وێستەربرووک" لە هۆڵەند "دۆسین کازێرنە "لە بلژیک، "تێریزین" لە چێک و ئۆردووگای "درانسی"لە سەرووی پاریس. لە ئۆردووگای "ترێسین"ی فەرانسە ڕا لە ماوەی شەڕی جیهانی دووەم ٦٥ هەزار جوولەکە ڕەوانەی ئوردووگای مەرگی "ئاوشویتس" لە لەهستان کران.

٢- ئۆردووگاکانی کار یا بێگاری کە زیاتر بۆ نەیارانی سیاسی بە کار دەهاتن و زیندانیەکان بە زۆری بە هۆی کاری زۆرو قورس و برسیتی و هەلومەرجی نالەباری تەندروستی گیانیان لە دەست دەدا. لەوانە "داخائۆ"، لە نزیک شاری "مونیخ" و "بووخنوالد" لە نزیک وایماری ئاڵمان و "بریبندۆنگ " لە بلژیک شیاوی پێداگرین.

٣- ئۆردووگاکانی مەرگ: لە ئاڵمانی نازیدا بریتی بوون لە،Treblinka,Sobibor, Auschwitz, Majdanek، Chelmno,Maly Trostenets, Balzec ئەو ئۆردووگایانە لە ڕۆژهەڵات و شوێنێک کە ئێمڕۆ لەهستانی لێ پێک هاتوە دامەزرابوون هەڵبەت بێجگە لە (Maly Tretents) کە لە بێلۆڕووس یان ڕووسیەی سپی هەڵکەوتبوو هەر بۆیەش دواتر بە هۆی ڕووسەکانەوە ئازاد کران.

١٩ی بانەمەڕ ٢٧١٣

بەشێک لەڕەوشتی نازیەکان کەکۆماری ئیسلامی بەبێ بەر بەست یاسایی یان دەزانێ

بەشی: ٨

پلانی کوشتاری یەهودیەکان تا دەهات بە بەرنامە، بێ بەزەییانە، و هەراوتر پێش دەچوو. قڕ کردنی ئەم خەڵکە بەخت وەرگەڕاوە، لە ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئوروپا لەو پەڕی توندو تیژی خۆیدا بوو، لە سەرجەمی حەوت ملیون جوولەکە - کە لە سەرەتای شەڕی جیهانی دووهەم (١٩٣٩) لە ئوروپا دەژیان زیدەتر لە پێنج ملیون کوژران. لەوانە سێ ملیون لە جوولەکەکانی لەهستان - کە زۆرترین - ڕێژەی جوولەکەی ئوروپای تێدا دەژیا - و یەک ملیون جوولەکەی ڕووسیە - (شوورەوی)، سەدان هەزار جوولەکەی تریش لە هولەند، فەرانسە، بلژیک، یگۆسلاڤی و یونان قوربانی کران.

دۆکۆمێنتی زۆر هەیە کە نیشان دەدەن ئاڵمان پلانێکی ئاوەهای بۆ کوشتاری جووەکانی ئینگلستان و ئیرلەند یش هەبوو، ئەگەر هاتبا و ئەو ولاتانەی پێ داگیر کرابا.

ئەو کوشتارانە تا کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم درێژەیان هەبوو و تەنیا کاتێک کۆتاییان هات کە هێزەکانی هاوپەیمان چوونە ناو خاکی ئاڵمان و ئەو ولاتەیان ناچار کرد خۆ بە دەستەوە بدات.

درندەیی لە ڕادە بە دەر!

هۆلۆکۆست؛ کەمترین چاوپۆشی تەنانەت لە منداڵ و کورپەی ساوا - ش نەدەکرد، قوربانیەکان بەر لە کوژران ئەشکەنجە دەکران. نازیەکان تاقیکاری پزشکی مەرگباریان لە سەر زیندانێکان دەکرد - بە گەورەو چووکەوە. دوکتۆر" ژۆزێف مەینگلە" پزشک، ئەفسەری ئاڵمانی لە ئۆردوگای ئاوشویتس و سەرئەفسەری پزشکی ئۆردوگای Birkenau لە لەهستان بە هۆی تاقیکاریەکانی لە سەر زیندانیان بە ناوی "فریشتەی مەرگ" ناوی دەر کردبوو.

یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی دوکتۆری ناوبراو ئەوە بوو کە؛ دەیویست بە دەرزی لێدان لە چاوی زیندانیەکان و تێ کردنی ڕەنگێک لە چاویان ڕەنگی چاویان بگۆڕێ و لەو ڕێگایەوە لە پێناو چاک کردن و گۆڕینی نژادەکان دا کار بکا.

[لەکۆماری ئیسلامی ئێراندا بەتایبەت کاتی شەڕی ئێران - عێراق زیندانیسیاسی و بگرەزیندانی ئاسایی بەپێ فەتوای ئایەتوڵلاکان پێش گوللەباران خۆێنی لەشیان بۆ بریندارانی شەڕی ناوهاتی لەبەدەنیان دەکێشرا] .

یەکێکیتر لەو دوکتۆرانە کەسێک بوو بە ناوی "ئاری بێرت هایم" کە لە ئۆردوگای" ماوتهاوزن" کاری دەکرد و بەناوی "دوکتۆر مەرگ" ناسرابوو.

قوربانیەکان ڕۆژانە لە لاین زیندان وانەکانەوە ئەشکەنجە دەکران، یەکێک لە جۆری ئەو ئەشکەنجانە هەڵاوەسینی زیندانی لە مووچی دەستیەوە بوو، دوای ئەوەی دەستەکانی لە پشتەوە دەبەستران. ئەوە دەبوو بە هۆی لە جێ دەر چوونی شانیان.

ژنە زندانیەکان ناچار دەکران لە گەڵ ئەفسەر و سەربازانی ئێس ئێس (SS) بخەون.

[جۆری ئەشکەنجەی زیندانیەسیاسیەکوردەکان بەپێ ڕاپۆرت و وتەی ژمارەیەکی زۆری زیندانیەکان کەبەشێکی لەتلوزیۆنی تیشک و ناوەندەکانیتر باسی لەسەر کراوەخەمناکتر لەئەشکەنجەی نازیەکان بوە. دەس درێژی جنسی سەر ژن و پیاوی زیندانی کورد و لەم دواییانەلەزیندانی ڕەجایی شار لەکەس شاراوەنییە.

دەستدرێژی بەکچەزیندانیەکان پێش سێدارەدان لای ئایەتوڵلاکان فەرمانێکی شەرعی دەزانرێ].

ئەمە هەر ئەو کرداره شەرمێونانەیە کە پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە پێ ئاگاداریەکانی کۆ کەرەوەی ئەم بەسەرهاتە بە زمانی کوردی، بە زۆرەملی لە گەڵ ژمارەیێک ژنەکوردی زیندانی لە ساڵی ١٣٦٧ ئەنجامیان داوە، جیا لەوە کە چەند ژنێکی ئازا و پاک سرشت بە ناوەکانی (مینا ئەقدەم ١٧ .٨. مەریەم سەبری لە تلوزیونی دەنگی ئامریکا. زەهرا بەنی یەعقوب ١٢ - ٨ - ٢٠٠٩ منیر حمیلی ٢ - ٩ - ٢٠٠٩، و...) بەرپرسانی پێشووی کۆماری ئیسلامی (کەڕووبی) و قوربانیەکان بۆ خۆیان کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ پەردەیان لە کرداری دڕندانەی پاسدارانی ئیسلام لە تاران هەڵگرت.

زیندانیانی بە دیلگیراوی ڕووسی بۆ هێندێک تاقیکاری بە کار دەهێنران. لەوانە: هێشتنەوەیان بۆماوەیێک لە ژێر سەهۆلاو یان ڕاگرتنیان لە نێو ژووری ئەوژم کە هەوای ژوورەکان پێشتر بەتاڵ کرابوو، بۆ ئەوە بزانن چۆن و چەندە دەتوانن بژین. بە کەڵک وەرگرتن لەم زانیاریانە دەیانویست فڕۆکەوانەکانی ئاڵمان لە هەلومەرجی سەرما و گەرمای تایبەت دا بە دڵنیایی زیاترەوە بپارێزن.

وەک پێشوتر باس کرا دەستەییک لە قوربانیەکانی هۆلۆکۆست "هیمۆسێکسۆێلەکان" بووون. ئەوانە نەتەنیا لە لایەن ئالمانەکانەوە ئازار دەدران بەڵکوو لە لاین هاو زێندانێکان ی شەوە پەلامار دەدران. زۆریان بە هۆی لێدانو پەلامارەکان دەمردن. لە ئۆردوگاکانی بێگاریدا مەترسیدارترین کار بە ئەو کەسانە دەسپێردرا. زۆر جاران هۆمۆکان لە لاین سەربازان و ئەفسەرانی کەمپەکان دەکران بە نیشانەی تفەگ و تەقەیان بۆ ڕابواردن لێدەکرا.

کوشتارەکان بە ئەو پەڕی بێ بەزەییەوە بەڕێوە دەچوون. ئەوان کورپەی ساواشیان نەدەبوارد، هەرکە قوربانیەکان دەگەیشتنە ئۆردوگاکان کورپەکان لە دایکیان جیا دەکرانەوە، وێنەی ئەو تۆ بە دەستەوە هەیە ئەفسەری نازی بە زۆر کورپەییکی ساوا لە باوەشی دایکی دەردێنێ و بە ئەوپەڕی بێ بەزەیی بە عەرزیدا دەدا و دەیکوژێ.

منداڵانی ژێر دوازدە ساڵ کەمتر بۆ کاری بێگاری کەڵکیان لێ وەردەگیرا و خێرا ڕەوانەی ژووری گاز (خنکاندن) دەکران. ئەو منداڵانە کە دەمانەوە ژمارەی زیندانەکەیان لە سەر باسکیان دەکوترا و دەبوو ڕۆژێ دە تا چواردە سەعات کار بکەن و ئەوە چەندین مانگ درێژەی دەبوو تا قوربانیەکان بە هیلاکی و برسیەتی دەمردن یان دەنێردران بۆ ئۆردوگای مەرگ.

تاقیکاریەکان:

بە پێ ئێدعانامەی دادگەی نورنبێرگ کە پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ دادگایی کردنی سەرانی نازی پێک هات تاقیکاری پزشکی سەر قوربانیەکانی هۆلۆکۆست بریتیبوون لە:

تاقیکاری ئەوژم؛

لە سەرەتاکانی ١٩٤٢ دا لە ئۆردوگای داخائۆ ی ئالمان، زیندانیەکان دەخرانە نێو ژووری کە تەوژمی ئاتمۆسفێر(هەوا) تێیدا دابەزێندرابوو تا بزانرێ دژ کردەوەی لەشی ئەو مرۆڤانە لەو هەلو مەرجە دا چ دەبێ. تەوژمی ژوورەکان وەک تەوژمی هەوا لە بەرزایی ٦٨٠٠٠ پێ بوو. ئەو جۆرە تاقیکاریە بۆ هێزی ئاسمانی ئالمان بە سوود بووو زانیاری لە سەر دژ کردەوەی لەشی فڕۆکەوانەکانیان لەو بەرزاییە دەکەوتە بەر دەست.

هاتنە خوارێ گەرمای لەش؛

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٢ هێزی هەوایی ئالمان بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارەی گەرم راگرتنی لەشی ئەو کەسانە تووشی

سەرمابردووویی لە هەلو مەرجی دژواری راسپاردەکان دا دەبن، تاقیکاری لە سەر ژمارەییکی زۆر لە دانیشتوانی کەمپەکان بە ڕێوە برد. لەم تاقیکاریەدا بەشێک لە زیندانیکانیان بۆ ماوەی سێ(٣) سەعات دەنێو تانکری سەهۆلاو بە ڕووتی و لە سەرمای بەستەڵەک دا ڕادەگیران. خەڵکێکی زۆر لەو نێوەدا لە نێو چوون.

تاقیکاری مالاڕیا؛

لە ساڵەکانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٥پتر لە هەزار نەفەر قوربانیانی ئۆردوگای داخائۆ تووشی نەخۆشی مالاڕیا کران بۆ ئەوە دواتر دەرمانێکی ئەو نەخۆشیە لە سەریان تاقی بکرێتەوە کە زۆربەیان مردن.

تاقی کردنەوەی گازی خەردەل؛

لە نێوان ١٩٣٩ تا ١٩٤٥ لە ئۆردوگاکانی Sachenhaysen و Natzweiler دا بۆ تاقیکاری دیتنەوەی چارە و ساڕێژی برینی گازی "خەردەل" نفوسێکی زۆری زیندانی بە ئەم گازە ژاراوی کران.

تاقیکاری ژیاندنەوەی ئێسک، عەسەبی لەش و ماهیچە و پێوەن کردنی ئێسک؛

لە ئۆردوگای Rawensbruk ساڵی ١٩٤٢ تا ١٩٤٣ لە پێناو تاقیکردنەوە بۆ ژیاندنەوەی عەسەب، ئێسک و ماهیچە، ئەندامانی لەشی قوربانیەکان لێ دەکرانەوە.

شیرین کردنی ئاوی سوێری دەریا؛

ئاڵمان خەریکی گەڕان بە دوای ڕێگاییک بوو بۆ ئەوە بکرێ ئاوی سوێری دەریاکان بکات بە ئاوی خواردنەوە. بۆ ئەو کارە لە ساڵی ١٩٤٤ لە ئۆردوگای داخائۆ نانیان لە ژمارەییک لە زیندانیەکان بڕی و تەنیا ئاوی دەریا کە دەسکاری شیمیایی کرابوو وەک پێخۆر بە ئەوان دەدرا.

تاقی کردنەوە بۆ دۆزینەوەی چارەی نەخۆشی زەردۆیی؛

١٩٤٣ تا ١٩٤٥لە ئۆردوگای Sachenhaysen و Natzweiler لەم ئۆردوگایانەش دا لە ژمارەییکی زۆر زیندانی کەلک

وەرگیرا و زۆریان لە نێو چوون.

تاقیکاری بۆ نەزۆک کردنی مرۆڤ:

مانگی مارسی ١٩٤١ تا یەکەم مانگی ١٩٤٥لە ئۆردوگای (ئاوشویتس و ڕێوێنس برووک) و چەند کەمپی دیکەدا زیندانیان بۆ تاقیکردنەوەی شێوەی تازەی نەزۆک کردن بە کار هێندران. ئاڵمانی نازی لە ڕێو شوێنێک دەگەڕا تا بتوانێ لە ماوەیێکی کەمدا ژمارەییکی هەرچی زیاتر لە خەلک نەزۆک بکرین. لەو پێوەندیە دا لە بەکارهێنانی تیشک و نەشتەرگەری و دەرمان سوود وەرگیرا و هەزاران کەس نەزۆک کران. (ئەوە جیا لە چوار سەت هەزار کەسێکە کە ئالمانی نازی بە زۆر نەزۆکی کردن).

هەوڵ بۆ دیتنەوەی دەرمانێک لە دژی تیفووس:

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤١ و ١٩٤٥ لە ئۆردوگاکانی "بوخنواڵد و ناتزوالیر" زیندانیەکان بۆ دیتنەوەی دەرمانێک لە دژی تیفووس بە کار هێنران. بەشێکیان باکتری تیفوسیان لێدرا و تووشی ئەو نەخۆشیە کران هەر بۆ ئەوە باکتریەکە زیندوو ڕاگرن و بەشێکیان کە ساغ بوون دەرمانێکیان پێدرا بۆ ئەوە بزانرێ داخوا ئەو دەرمانە دەتوانی لە بەرانبەر ئەو نەخۆشیە بیان پاریزی یان نا. لە دەستەی یەکەم لە سەدا ٩٠ کەسیان مردن.
دەستەی دووهەم دوای ئەوە دەرمانەکانیان پێدرا، پاش سێ تا چوار حەفتە تووشی تیفووس کران. ئاکامی تاقیکاریەکان مردنی سەدان کەسی لێ کەوتەوە.

بە کارهێنانی ژار (ژەهر):

لە دێسامبری ١٩٤٣ و ئۆکتوبری ١٩٤٤ لە ئۆردوگای بوخنواڵد بۆ لێ کۆڵینەوە لە کارگەری هێندیک چەشنی ژەهر ژمارەییک لە زیندانیەکان بە هۆی خواردن ژەهراوی کران. بەشێک یان هەر یەک جێ مردن و بەشێکیتریان دوای دەرخوارد دانی ژارەکە بە هۆی زیندان وانەکانەوە کوژران و تەرمەکانیان بۆ لێکۆڵینەوە بە کار هێنرا. لە ساڵی ١٩٤٤ ژمارەییک زیندانی بە هۆی گوللەی ژاراوی بۆ ئەوە کاریگەری گوللە کە بزانری کوژران.

هەر لەو ماوەیەدا و هەر لە ئۆردوگای بوخنوالد بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەییک دژی بۆمبی سووتێنەر ئەندامی لەشی ژمارەییکیتری زندانیەکان بە هۆی ئەو مادە فۆسفۆرە کە لە بۆمبەکاندا بە کار دەهات سووتێندران.

٢٨ی بانەمەڕ ٢٧١٣

هۆلۆکاستی تورکی: ئەزموونێک کە نازیەکان پاشتر کەڵکیان لێ وەرگرت:

بەشی: ٩

ئەرمەنیەکان لەو بڕوایەدان دەوڵەتی عوسمانی بە بەرنامە ڕێژی پێشوو و بە مەبەستی پاکتاوی ڕەگەزی(ئەرمەن) ئەوانی لە ژینگە مێژوویەکەیان وەدەر ناوە و بەرەو لای چۆڵگەکانی سووریە بەڕێی کردون. بەم چەشنە یەک و نیو ملیون ئەرمەنی لە بێڕەحمانە ترین هەلومەرج دا کۆمەڵ کوژی کران.

دیارە تورکەکان پێداگری دەکەن ژمارەکە زور لەوە کەمترە!! دەوڵەتی ئێستای تورک لە سەر ئەوە سوورە کە لەو سەردەمەدا ئەرمەنیەکانی نیشتە جێی "ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ " لە بەر ئەوە پشتیان لە ڕێبەرانی تورک کردوە و لە قەراغ هێزە هێرش کارە کانی ڕووس جێ یان گرتوە بون بە قوربانی شەڕە نێو خۆییەکان.

پیتر بالاکیان؛ نووسەری کتێبی "دجلە سوزان"، لەو بڕوایە دایە ڕیشە کێش کردنی نەسڵی ئەرمەنی لە ئیمپراتوری عوسمانی بەرنامەییکی زۆر ورد، حسێب بۆ کراو لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی و بە ڕێبەرایەتی "تەلعەت پاشا" وەزیری نێو خۆی ئەو کات سەری گرتوە. نێو براو لە سەر ئەوە سورە کە تەنانەت بۆڕوێک بە نێوی "ڕێکخراوی تایبەت بۆ چاوە دێری ئەو پرۆژە" پێک هاتوە.

بالاکیان لە دوا بڕیار دەدوێ و دەڵێ: مەبەست دەست بە سەر کردنی هەموو ڕۆژنامە نووسان، شاعێران، نووسەران و ڕێبەرانی فەرهەنگی بوە. لە بەر ئەوە خوازیار بوون دەنگی میلەتێک کپ کەن، زمانی ببڕن، و سەری لێ کەنەوە.

ئەشکەنجە و کوشتنی ڕۆشنبیران لە قوستەن تەنیە دەستی پێ کرد و لە شارەکانی تر وەک دیاربەکر، ئەرزڕوم و وان پەرەی سەند کە هۆکاری لە نێو چوونی هەزاران ڕووناکبیری ئەرمەنی بە پێ فەرمانێکی پێشووی بەرنامە بۆ داڕێژراو ی لێ شین بوو. (جۆمعە ٢٢ی ئاپریلی ٢٠٠٥ بی بی سی فارسی - لەندەن).

تاوتوێ کردنی وتەی سەرەوە لە گەڵ ئەو پلان و بەرنامە ڕێژیانە کە پاشتر واتە دوا بە دوای پێک هاتنی "جەمعیەتی تەعالی و تەرەقی" کە ئاکامەکەی بەدەسەڵات گەیشتنی تورکە لاوەکان و لە سە ڕووبانەوە (کەمالێ پاشا - ئاتاتورک) و پلان و کردەوەکانیان بەرانبەر بە گەڵی کورد کە تا ڕۆژگاری ئێمڕۆ درێژەی هەیە ئەو ڕاستیە حاشا هەڵ نەگرە زێدەتر زەق دەکاتەوە کە وەک دواتر لە یاسای بنە ڕەتی تورکیەی نوێ دا پێداگری لە سەر کرا:

تورک ئامادە نیە جیا لە ڕەگەزی خۆی هەبوونی نەتەوەکانیتر لە نێوخاکی پاشماوەی ئێمپراتوری عوسمانی تێک قرماودا بپەژرێنێ. لەم بوارە دا هەر وەک ئەوە کە ڕێبەرانی مسڵمانی ئێمرۆی ئەم وڵاتە ئامادە نین کوشتارە بە ناحەق و سامناکە کانی باپیرانیان بەرانبەر گەلی ئەرمەن قەبوڵ بکەن، سەد مەخابن ڕۆژانە حەولی درێژەدانی پاکتاوی ڕەگەزی کوردیش بە بێ وەستان و سڵ کردن لە ڕابردووی خوێنباریان درێژە پێ دەدەن.

لەپێوەندی هاوکاتی قڕانی کورد لەگەڵ ئەرمەن ڕۆمانی \"تبریز مەآلود\" نووسراوی (محمد سعید اردوبادی)، وەرگێڕانی، سعید منیری جڵدی چوار، لاپەرە١٨٢٤ لەزمانی آرشاک سورنیاس، ئەرمەنی ناوێک خەڵکی کوندێکی تفلیس وەها دەنووسێ:

"من در ترکیەبدنیا آمدەام. خودتان میدانید کەحکومت عثمانی تا میتوانست ارمنیها، آسوریها و کردهای بومی را از بین میبرد. در شبی از شبهای ١٨٩٠ (زاینی) در دەما نیز بەچنین کشتاری دست زد....
کردەوەی ژێنۆسایدی ئەرمەنی، ئاسوری و کورد لەجەنگەی شەڕی عالەمی دووهەم لەوەدەچێ بەتێپەڕ کردنی زەمان و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی نەیتوانیبێ کار لەسەر ڕەوشتی ناسە ردەمی تورکی فەرمانڕەوا لەم وڵاتەدا بکات .

ئەوە خۆی جیاوازی زەق و بەر چاوی نەتەوە ی تورک (یا هەر نەبێ بەشێکی بەر چاویان بە پشتیوانی دەسەڵاتەکایان) لە گەڵ ئاڵمانی پاش نازیسم بە حساب دێت. بە واتەیێکی تر تورک وەک لە سەردەمی عوسمانی دا پلان ڕێژی بۆ گواستنەوەی زۆرە ملی و کوشتاری بە کۆمەڵی بۆ نازیەکان کرد بە ئەزموون،

هەنووکەش وێرای سەلمێندرانی سەرشۆڕی گەورەی ئاڵمانەکان بۆ کردەوەکانی نەسڵی هیتلێر، تورک نە تەنێ ئەزموونی وەر نەگرتوە، بگرە لە جاران بۆ درێژەی کوشتاری زێدە تری کورد بەردەوامتر و بۆ ئێنکاری کوشتاری بەکۆمەڵی ڕەگەزی ئەرمەنی ش وێرای پشت ڕاست کردنەوەی نزیک بە بیست وڵاتی دونیا هێشتار بە دووپات کردنەوەی ئەوە کە ئەم خەڵکە بەخت وەرگەڕاوە هاریکاری دوژمن (ڕووس) یان کردوە کۆمەڵکوژیە کەیان بە ناڕەوا نازانن. ئیتر کوشتاری مێژوویی کورد بە تاوانی هاوکاری کامە وڵاتەوە دەبەستنەوە ئەوە دەبێ لە پارتی فەرمانڕەوای "داد و گەشە پێدان پرسیار بکرێ". بۆیێ نا

بە جێ نیە لە هەڵسەنگاندنی گشتیدا بە پێ مێژووی خوێنبار، ونە پساوە بوونی کارە ساتەکانی قڕ کردنی بە کۆمەڵ، لانیکەم لە یەکسەت ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی تورک بە مامۆستاو درێژەدەری ئەمەکناسی بیرو کرداری ناسراو بە هۆلۆکاست لە نێوچەکە بژمێردرێ.

دەوڵەتە یەک لە دوای یەکە کانی نوێنەری میلەتی تورک هیچ کاتێک لەوە دا دوو دڵییان نیشان نەداوە کە هەڵسو کەوتی ئەوتۆ بەرانبەر جیا ڕەگەزەکان لە چوارچێوەی مافە مرۆڤیەکان تێ پەڕیوە، بگرە زۆر سەربەرزانە جار لە جار زیاتر بۆ دارشتنی پلان و گەڵالەی نوێتر لەم پێناوە دا تا ڕادەی ڕاکێشانی هاوکاری گشت لاینی وڵاتانی تر و دەس وێراگەیشتن بە شێوازو کەرەسەی نوێ بۆ کپ کردن و نەهێشتنی هەر دەنگێکی نارازی لە دەرو ژووری ئەم وڵاتە تێکۆشاون.

سامناکی کارە نامرۆڤیەکان زۆرجار وژدانی تاکی سەر بە ڕەگەزی فەرمانڕەوای (هەر چەند بە ژمارە کەم) بۆ لای دەر بڕینی ناڕەزایەتی و بەرهەڵستکاری سیاسی ڕاکێشاوە. وێنەی بەرچاو (مرۆڤدۆستان: سمایل بێشکچی و پامۆک و...ت .د) شیاوی باسە تەنانەت ئەوانیش بە بۆنەی دژکردەوە مرۆڤیەکانیان هەمبەر کرداری دەوڵەتی تورک توشی تۆڵە و بێ بەزەیی دەسەڵاتداران و سەپێندرانی حوکمی نارەوای زیندان وبەرتەسک کرانەوەی ژیانی ئازاد و مەترسی گیانی هاتون.

زیا گۆپک ئالپ (١٨٧٦- ١٩٢٤Ziza Gökalp) یەک لە داڕێژەرانی بیری تورکیەی مەزن و لە سەرکردەکانی "ئێتحاد و تەرەقی" ساڵی ١٩٢٣ لە زەنجیرە وتارێک بە زمانی تورکی لە ژێر سەردێڕی "بنچینەکانی تورکیزم هێدێک لە ئامانجەکانی ئەم بوارە ڕوون دەکاتەوە. وەک ئەوە:" تورکەکان بە زۆری چەک هەموو جیهان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە".

لە پێناو ئەم مەبەستە دا بوو لە جەنگی جهانی یەکەمدا ئەنوەر پاشا و هاوڕێکانی کە لە دەوڵەتی عوسمانی دا سەرکردە و فەرمانڕەوا بوون هاوپەیمانەتی ئاڵمانیان هەڵبژارد بەڵکوو پاش بردنەوەی شەڕ خەونەکانیان بە دی بێت. بەڕێز کەماڵ مەزهەر لە کتێبی "کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمدا" لاپەڕەی ٥٢ دەنووسێ: کۆتایی پاییزی ١٩١٤ "تەنیا یەک ڕۆژ بە سەر دەس پێ کردنی شەڕی یەکەم تێپەڕی بوو کە پەیمانێکی نهێنی لە ستانبوڵ لە بارەی هاریکاری جەنگیەوە لە گەڵ ئاڵمانیان مۆر کرد". ئەمە وێڕای ڕاگەیاندنی بێلاینیەک بوو کە لە گەڵ دەس پێکرانی شەڕ دەوڵەتی عوسمانی ڕای گەیاند(!)

عوسمانیە تورکەکان هەر پێش شەڕی یەکەم پلانیان دارشتبوو بۆ گواستنەوەی کوردەکانی ژووروی کوردستان بۆ ناوچەی ڕۆژئاوای وڵاتی عۆسمانی بە مەبەستی تواندنەوەیان. بەڵام بە هۆی شەڕ و کارەساتەکانیەوە ئەم پیلانە بە تەواوەتی

بۆیان نەچوەسەر. ئەوە بوو زۆرتر ساڵی ١٩١٥ ئەرمەنیەکانیان کرد بە قوربانی. هەڵبەت بەشێکی کوردە فەرمانبەرەکانیشیان لە نێو سوپای حەمیدیە کرد بە داردەستی ئەم مرۆڤ کوژیە مەزنە.

دیارە هاوکات کوردە عەلەویەکانی دەرسیم و بەدرخانیەکان نەک هەر نەچوونە ژێر بار بگرە پشتی ئەرمەنیەکانیشیان گرت.

(جەماڵ نەبەز - بیری نەتەوەیی کوردی لاپەڕە ٨٦ - ٨٧ ساڵی ١٩٨٤)

بە تایبەت پاش ئەوە لەشکری تورک، ڕووس و ئینگلیس کوردستانیان بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ کرد بە گۆڕەپانی دەسەڵاتخوازی و هەر کامەیان بە نۆرەی خۆی حەولی دەدا لە کارتی کورد لەم کێبەرکێیەدا کەڵک وەرگرێ جگە لەوە کورد نفوسێکی بێ ئەژماری بوون بە قۆچی قوربانی. (بە هۆی ئەوە کە زۆربەی لەشکری یازدەهەمی ناوچەی ئەرزڕووم و ئەلعەزیز و لەشکری دوازدەهەمی ناوچەی موسڵ سەرە رای هێزەکانی سوارەی حەمیدیە کوردبوون و تورک بۆ دار دەست کردنیان بەتەواوی ناهومێد دەبێ،

بۆ وێنە لە ماوەی چەند مانگ دا لە هەژدە هەزار سوارەی کوردی لەشکری سێهەم تەنیا نزیکەی ٢٨٠٠ کەسیان لێ دەمێنێتەوە و ئەوە دەبێتە بەشێک لە هۆکاری کشانەوەی هێزەکانی تورک و بێ ئاکام مانەوەی پەلاماری هێزەکانی ڕووس لە قەوقاز لە نێو سنوری ڕووسیە)،

شکستی گەورەی تورک لە شەڕی ساری قامیش کوژران و بریندار بوونی ٧٠ هەزار کەس لە کۆی ٩٠ هەزار نەفەر لە سپای تورک و داگیر کرانی بەشک لە خاکی ژێردەستی عوسمانی، ئەوە ئەوەندەی تر ڕقی فەرمانڕەوایانی ڕەگەز پەرستی تورکی بەرانبەر بە کورد پەرە پێدا.

کاردانەوەی قین لە دڵی ئەوتۆ بە دژی کورد نزیک کۆتاییە کانی شەڕ، دەرکردنی چەند یاسا و فەرمانێک بۆکۆچ و پرش و بڵاوە پێ کردنی کورد بە سەرگوندە تورکەکاندا بە مەبەستی تواندنەوەیان بوو، بە مەرجێک ڕێژەیان لە هیچ شوێنێک لە پێنج تا دە لە سەتی دانیشتوە تورکەکان تێپەڕ نەکا.. ئەوە جیا لە فەرمانی گواستنەوەی سەرۆک هۆز و پیاو ماقوولانی کورد بوو کە دەبوو بە دەس بە سەری بنێردرێنە شارەکانی ڕۆژئاوای ئەنە دۆل و نەهێڵن بە هیچ جۆرێک پێوەندی لە گەڵ خێڵەکانیان دا ببەستن. تورک هەم هەوڵی تواندنەوەی کورد و هەم قڕ کردنیان بە شێوازی جیا جیا تاقی دەکردەوە.

بەم جۆرە فەرمان ڕەوایانی تورک لە ساڵەکانی شەڕدا توانییان دەورو بەری ٧٠٠ هەزار کەس لە کوردستان دوور بخەنەوە کە پتر لە نیوەیان لە ڕێدا لە برسان مردن یان لە سەرما ڕەق هەڵاتن و بە نەخۆشی لە نێو چوون. تەنیا ژمارەیێکی کەمیان پاش شەڕ توانییان بگەڕێنەوە مەڵبەندی خۆیان، هەر چەند ئەوانیش بە هۆی ژیانی سەخت، بێکاری، نەخۆشی و لە ژێر زەخت دا مردن.

مامۆستا کەماڵ مەزهەر لە لاپەڕەی ٨٤ی (کۆردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەم): دەڵێ ئەم ژمارە لە فایلەکانی "مهاجر ئیدارەسی" ئستانبوڵ دا هەیە" بۆ وێنە بڕوانە لاپەڕەی ٦٢ی کتێبەکەی بلەچ شێرکۆ.

١١ی جۆزەردان ٢٧١٣

هۆلۆکاست ی تورکی: تایبەتمەندی دەگمەنی ڕەگەز پەرستانە!

بەشی: ١٠

پێشتر باسی ئەوە کرا؛ ئاڵمان-ی پاش دەسەڵاتی هیتلێر شەرم و داخ و کەسەری خۆیان لە کردەوەکانی ڕابردووی هاو ڕەگەزەکانیان ئینکار ناکەن، لە فیلم و دێکۆمێنتی ناسراو بە "ندائەکانی هیتلێر" دا بە بێ شاردنەوە ئێقراریان بە ڕابردووی پڕ لە شوورەیی نەتەوە و کەسوکارەکەیان کردوە بۆ وێنە؛

نەوەی هاینرِیش هیملێر (کاترین هیملێر)، ڕیکاردۆ ئایشمەن کوڕی ئادولف ئایشمەن (بکوژی گەورەی جوەکان)، بتینا گورِینگ برازای هێرمان گورِینگ فەرماندەری هێزی ئاسمانی هیتلێر. ئەوانە و دەسەڵاتدارانی ئاڵمان بە گشتی زۆرجار شەرم، سەرشۆڕی و مۆتەکەی بیرهێنانەوەی جەنایەتی باب وکاڵیان بە ئاشکرا دەردەبڕن.

هاوکات لە ناوچەکەی ئێمە داکۆکی کەرانی کوشتاری بە کۆمەڵ نەک هەر سڵ لە ڕابردووی خۆیان ناکەن، کۆمەڵگای جێهانیش بۆ پاڵپشتی نەکردن لە هەڵسوکەوتە نا مرۆڤانە کانیان بە تاوانبار دەناسن!!

لە دوو توێ پاساو بۆ جنایەتەکان (تورک قایا ئاتاتۆ) مامۆستای پێوەندیە نێو نەتەوەییەکان لە زانکۆی ئانکارا دەڵێ: "بە هاندانی ڕووسیەی تزاری و دەسەڵاتی بیانیەکانیتر شۆڕشە نیشتمانی خوازەکان لە کۆمەڵگای عوسمانی سەریان هەڵدا.

سەرەتای ساڵی ١٩١٥ و پێشتریش شۆڕش گەلێک لە لایەن ئەرمەنیەکان ڕوویدا. هەر ڕووداوێک سەبارەت بە ئەرمەنیەکان بە زوویی لە ناوەندە هەواڵدەریەکاندا ڕاپۆرت دەکرا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی سەرنجیان پێ دەدا".

(ئاتائۆ) لەو باوەڕیە دایە کە ڕووداوەکانی ئاوریلی ١٩١٥ لە گەڵ ئەم بزووتنەوانە دستی پێ کرد، بۆیێ شۆڕشێکی چەکدارانە هاوکات لە گەڵ ڕوو لە زیاد بوونی ژمارەی چەکدارانی ڕووسی تزاری لە بەرەی شەرق بەتایبەت شاری وان سەری هەڵ بڕی کە ڕۆژهەڵاتی ترین خاڵی ئەنەدۆڵ بوو. "تا ئەو جێگا ئاگامان لێیە ئەوانە (ئەرمەن) بۆ ناوچە مسڵمان نشینەکانی شار هێرشیان برد کە زیانی گیانی بۆ تورکەکان هەبوو. ئەوانە کە زیندووومان (تورکەکان) لەو ناوچە گەلە پاشەکشێ یان کرد. لە بەرانبەر ئەم ڕاپەڕینە هاتینە سەر ئەوە کە، نفووسی ئەرمەنی بۆ نێوە راست و دەوروبەر بگوێزینەوە. هەر دوولا زیانی گیانیان وێ کەوت. بەڵام زیانی تورکەکان و لە کۆی گشتیدا موسڵمانان هیچ کاتێک لە چاپەمەنی ڕۆژئاواییەکان ڕاپۆرت نەکرا. لە ڕوانگەی منەوە (تورک قایا ئاتائۆ) جۆرە جیاوازی دانانێک دژی ئێمە (تورکەکان) بوونی هەبوو. بە ئەم واتایە کە تورک ناتوانن قوربانی بن، بەڵکوو لە چاوی ئەم کەسانە (ڕۆژئاواییەکان) تەنێ ئەوان دەتوانن ببن بە قوربانی".

(سەرچاوە: ٢٢ - ٤ - ٢٠٠٥ بی بی سی)

دەرئەنجامی وتەکانی مامۆستای زانکۆی ئانکارا! ئەوەی لێ هەڵ دەهێنجرێ، لە بەر ئەوە ئەرمەنیەکان بۆ مافە نیشتمانیە کانی خۆیان ڕا پەڕیون دەبوو سەرکوت و پەلامار بدرێن. هاوکات (تورک قایا مامۆستای زانکۆ) گازەندەی ئەوە دەکاتە پێناوی سەرکوتی بێڕەحمانەی ئەوتۆ دنیای دەرەوە دڵی بۆ زیانە کانی هێزی سەرکوتکەر لێ نادات و هاو خەمی بۆزیانی کۆمەڵ کوژان دەر نە بڕیوە!

گازەندەی حکومەتی تورک بۆ پشتیوانی نەکردنی ئەرمەن کوژی لە لایەن ئامریکا، ئوروپا و دۆنیای ئیسلام لە سەردەمی عوسمانی دا، بە پاڵپشتی زەق بۆ کوشتاری بێ پسانەوەی کورد و دەست ئاوەڵەیی زیاتری تورک بۆ درێژە دانی ئەم ڕێبازە لە سەرەتای هەزارەی سێ دا هەمبەر خەڵکی کوردستان قەرەبوو کراوەتەوە!؟

بۆ خوازیاران شاراوە نیە ڕۆژانە بە شێوەکانی پڕ چەک کردن، پشتیوانی سیاسی لە درێندەیی تورک هەمبەر داخوازی ماف و ئازادیەکانی کورد، دزین و تەحویل دانەوەی ڕێبەری کوردی ئەم پارچە بەرێز ئۆچەڵان، بێدەنگە کردن لە سەرکوتی خەڵکی بێ دیفاع، زیندانی کردنی نوێنەرانی ڕاستەوخۆ و یاسایی خەڵک بە پێ هەڵبژاردنە فەرمیەکان، هەڵ وەشاندنەوەی حیزب

و ڕێکخراوی مەدەنی ئەم خەڵکە (دەپ، هادەپ و...)، چۆڵ و کاول کردنی هەزاران گۆند و گواستنەوە و دەربە دەر کردنی ملیۆنان نفووسی کورد بۆ شارە تورک نشینەکان لە ئەو پەڕی بێڕەحمی دا درێژەی هەیە!!!

ئەم وەزعە بە تێپەڕینی زەمان، پێش کەوتن و سەرهەڵدان و گەشەی هزری مرۆڤایەتی نەک هەر ئاڵو گۆڕی بەسەردا نەهاتوە بگرە لە تاوتوێ کردنی گشتی لە گەڵ ژیانی کوڵە مەرگی کورد لە حکومەتی عوسمانی خوێن مژ هێشتار سەرو گەردنێکی بۆ پاراستنی لانی کەمێک لەوانەی ئێستا لە بانترە.

دەوڵەتی عوسمانی بەبەراورد لەگەڵ دەوڵەتی ئێستای تورک تاڕادەیەک جیاوازی پێوە دیارە. وەزعی کورد لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە بڕێک لە قۆناغەکاندا بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ دەوڵەتی نوێی تورک بەراورد ناکرێ، کورد لەدەوڵەتی عوسمانی ناچارنەکراوە بە پێ یاسا واز لەزمانو ڕەگەزی خۆی بهێنێت. بەڵام لەدەوڵەتی نوێدا هەوڵیانداوە هەموو سیماو خەسڵەتەکانی کورد بوون بسڕنەوەو بەدرێژایی ئەو هەشتا ساڵە زیاتر لەسەد هەزار هاوڵاتی کوردیان کوشتووە. هەرچەند ئەوە ناتوانێ پاساوێک بێ بۆ سیاسەتی فەرمی کۆمەڵکوژی عوسمانی لە ساڵەکانی شەڕی یەکەم و تێئۆریزە کردنی ژێنۆسایدی ئەرمەن و کورد لە ناوچەکە بە بیانووی بێ نێوەرۆک کەئەزموونێکی باشی بۆ نازیسم لە شەڕی دووهەم بە دژی جوولە کە لە پاش خۆی بە جێ هێشت.

مادەی دووی کۆنوانسیونی ڕێکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکان ١٩٤٨ سەبارەت بە کۆمەڵ کوژی:

هەرکام لە کردەوەکانی بنەوە کە بە مەبەستی پاکتاوی کامڵ یا بەشێک لە گروپێکی قەومی، نژادی میللی یا ئایینزایی بەڕێوە بچێ کۆمەڵ کوژییە. کوشتنی ئەندامانی گروپ. پێگەیاندنی زیانی قورسی جەستەیی و ڕۆحی بە ئەندامانی گروپ. پێک هێنانی هەلومەرجی بە ئانقەست و حسێب بۆ کراو کە ببێتە هۆی لە نێو چوونی گشت یا بەشێک لە ئەندامانی. گروپسەپاندنی هەلومەرجێک بە مەبەستی پێش گرتن لە زاو زێ لە گروپ. گواستنەوەی منداڵانی گروپێک بۆ گروپی تر.

سەیر و سەمەرە ئەوەیە دەسکەوتی مەزنی مرۆڤایەتی لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی کرداری لاینە خوێنڕێژەکان لێرەولەوێ، واتە پەسەند کراوە هاوبەشە کان کە لەم سەردەمە دا بە نێوی یاسای نێو نەتەوەیی ناو دەبرێن لە ئاست بەسەرهاتی کورد نێوەرۆکی یاسایی خۆیان لە دەست دەدەن!! وەک ئەوە (نە نووسراو) پێش پەسەند کران هەموو بە گوێ یەکتریان دا خوێندبێ کە ئەم یاساگەلە نەتەوەییک بە نێوی کورد ناگرنەوە. بۆ وێنە کاتێک بەهاییەکان وەک کەمینەییکی ئایینی یەکجار بە ژمارە کەم لە ئێران بە نا ڕەوا دەخرێنە ژێر زەخت هاواری هەموو لاییک بە حق بەرز دەبێتەوە. وێنە بە دەستەوەیە بۆ دەس بە سەر کرانی هونەرمەندێکی شارە زای هەڵپەڕکێ (رقص) یا بێ بەش کرانی هاو جنس بازێک چ

هەڵایێک بەرانبەر پێشێلکاری مافیان (دیسان بە جێ) وەڕێ خراوە، بەڵام سەدان قاتی ئەم بێ بەزەییە چ ئاییننی، فەرهەنگی، ئابووری و یان سیاسی و..ت..د هەمبەر دەیان ملیون کورد گوێ هیچ کام لەم مرۆڤدۆستە دەسەڵاتدارە جەهانیانە نابزوێنێ.

بڕیارنامەی ١٨ی دسامبری ١٩٩٢ دانیشتنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەکان! "پاک سازی قەومی" بە ژنۆساید نێو دەبات. هەروەها لە خاڵی ٢ی مادەی شەشی مەحکەمەی نێزامی نورنبێرگ (ئاڵمان) لە شرۆڤەی ژنۆساید دا ئاماژە دەدا "هەر جۆرە کرداری کە ڕێگر بێ لە بەشدار بوونی تاکێک لە ژیانی نێشتمانی خۆی ژنۆ ساید دەژمێردرێ"

ستار عەزیزی - حمایت از اقلیتهادر حقوق بین الملل چاپ یکم ١٣٨٥

ڕافائل لمکین لە پێش نویسی کونوانسیونی نەتەوەیەک گرتوەکان دا کرداری کانی ژێرەوە وەک کەرەسەی ژنۆسایدی فەرهەنگی نێو دەبا.

- دوور خستنەوەی زورەملی و بەرنامە بۆ داڕێژراوی تاک گەلێک کە نوێنەری فەرهەنگی گروپێک حسێب دەکرێن.
- یاساخ کردنی بە کار هێنانی زمانی گروپێکی کەمینە، تەنانەت لە ئاخاوتنی خۆماڵی و بە تاک.
- لە نێو بردنی بەرنامە بۆ داڕێژراوی کتێبە چاپ کراوەکان بە زمانی گروپی کەمینە، هەروەها لە نێو بردنی ئاسەواری ئاییننی و ڕێگە گرتن بە بڵاو کردنەوەی کتێبی نوێ.
- لە نێو بردنی بەرنامە بۆ داڕێژراوی ئاسەواری مێژوویی و ئاییننی یان بە لاڕێدا بردنی چۆنایەتی کەڵک لێ وەرگرتنیان.

لە پێش نووسی شیکاری نێوە رۆکەکاندا هاتوە: دوو شێوە بۆ لە نێو بردنی گروپی بەشەری هەیە. یەکەمیان بە کوشتنی ئەندامانی ئەو گروپە سەردەگرێ. لە شێوازی دووهەمدا بە بێ هیچ جۆرە هەوڵدانێک بۆ نەهێشتنی ژیانی ئەندامانی گروپ بە دوا کەوتنی داب و نەریتە تایبەتەکانی گروپ نایاسایی ڕادەگەیێندرێ. سەرچاوەی سەرەوە.
ئەو خاڵانە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا لانی کەمی هەڵسو کەوتی پێشێلکارانی مافی مرۆڤی کورد لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانە کە حکومەتی تورکیە بە بێ پێچ و پەنا و سەربەرزانە بەڕێوە یان دەبات. بە واتایێکیتر تورک بە دژی یاسا پەسەند کراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکان کە خۆی ئەندامیەتی یاسای دژی ئینسانی دەر کردوە، سەرەڕای ئەوە هەموان بێدەنگەی لێ دەکەن!؟

بـاپیرانی بـەڕێز ئـەردۆغان (لەشکری عوسمانی) "بـەر لـە کۆتـایی شـەڕ کەوتنـە گیـانی ئـەو هـۆز و سـەرۆک هۆزانـەی بـە لایانەوە لاسار بوون و بۆیان دابین نەدەکران و تواناییان بە هـەزارانیان بـە زۆری چـەک لـێ دوور بخەنـەوە بـۆ ناوچـە هـەرە کەلا و دوورەکانی ناوچەی ئەنەدۆڵ...

زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی دیاربـەکر، مووش و بتلیس بـە نێـوی پێداویستی جەنگـەوە دەربـەدەر و ئـاوارە کـران ئەمانـە بەشێکیان ناچـار بـوون پـەنا بەرنـە بـەر شـارەکانی وەک حەلـەب و مووسڵ بـە سـەرمای زسـتان و گـەرمای هـاوێن لـە سـەر شەقامەکان بژین، لە برسانا لاشەی کەسوکاری مردووی خۆیان و کەلاکی ئاژەڵی لە برسان تۆپیوی ئەو ناوە بخۆن". (کەماڵ مەزهەر - کوردستان لە ساڵە کانی شەڕی یەکەم - لاپەڕە ٨٤ - ٨٥)

هەر لەم پێوەندیەدا لازاڕۆفی ڕووسی و م - ئەمین زەکی بەگ دیتراوەکانی خۆیان زۆر لەوە سامناکتر باس دەکەن. لازاریۆف دەڵێ: لە ماوەی شەش حەوت مانگی یەکەمی شەڕدا نزیکەی هەشت لـە دوازدە هەزارکـەس دانیشـتوانی تـەنیا بیست گونـدی کوردستان بە برسیەتی، نەخۆشی و ماڵوێرانی مردن. مامۆستا ئەمین زەکی ژمـارەی قوربانیکـانی سیاسـەتی تـورکی عوسمانی دەوروبەری نیو ملیون کەس لە قەڵەم دەدا. (محمد امین زکی لاپەڕەی ٣٨٠)- کەماڵ مەزهەر ل ٨٦.

٢٧ی جۆزەردان ٢٧١٣

تورکیە ڕەنگە تاقە وڵاتی جیهان بێ ئەنفالی دانیشتوە جیا ڕەگەزە کانی یاسایی کردوە!!!

بەشی: ١١

سیاسەتی ئێنکار واتە نکوولی لە بوونی زۆرترین ڕادەی نفووسی کـورد لـە چـوار چێـوەی سـنورێکی زۆرەملی بـە نێـوی تـورکیە ڕەگـەز پەرسـتانی تـورکی لـەم وڵاتـە بـەرەو ئاقارێـک کێشـاوە کـە تیفکرینـە شوینیسـتتیە کـەی خۆیـان یاسـایی بکـەن. ئـەم سیاسەتە لە کۆمەڵگای جیهانی دا بێدەنگەی مەرگ هێنەری لە بەرەانبەردا کراوە. بیدەنگی ئەوتۆ کە ڕۆژانە لـە سێبەری دا ئەم خەڵکە قوربانی دەبێ!؟

لە مادەی ٨٨ی یاسای بنە ڕەتی وڵاتـی تورکیـە دا هـاتوە "هـەموو دانیشـتوانی تورکیـە بـە بـێ لـە بـەر چـاو گرتنـی ڕیشـەی ئایینی و نەژادی تورک دەژمێردرێن"!

پەسەند کراوی سەرەوە دەرکەی بۆ هەر چەشنە ڕەوشتێک لە بەرانبەر داوای کورد لە پێناوی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لەم وڵاتە ئاواڵە کردوە. بۆیی بە بێ سڵ کردن لە ڕاستیەکان هەر چەشنە خواستێکی ڕەوای کورد بە تاوانی تڕۆر و هەڵسوکەوت بە پێچەوانەی یاسا بەرەو ڕوو دەبێتەوە!

تورک یان دەسەڵاتی زاڵی تورکی هەر وەک سیاسەتی هاوشێوەی بکوژانی کورد لە پارچەکانیتری کوردستان هەر جارە نەجارێ بۆ قەبڵاندنی سیاسەتە شۆڤێنیستیەکانی خۆیان تاوانێکیان بە ملی کوردەوە هەڵواسیوە تا کوشتن و بێ بەش کردنەکەی لە مافی ڕەوای خۆی بە بیروڕای گشتی ئەڕێنی پیشان بدەن. بۆ وێنە سەردەمێک تاوانی کورد مسڵمانەتی(بە وتەی مامۆستا جەماڵ نەبەز) "موسڵمانی تەنگەتیلە"، سەردەمێکی دیکە بە نۆکەری ئینگلیس، ماوەیێک بە کۆمۆنیست، دەست وەشێن، تۆقێنەر و لە کۆتاییدا تڕۆریست و جیاوازیخۆواز تاوانبار کردوە!!

دەسەڵاتی تورکی بۆ زەبر وەشاندنی زیاتر لە کورد لە پێناوی تواندنەوە و تەنگەتاو کردنی بە دابەزاندنی سیاسەتی باس کراو لە سەرەوە نەوەستاوە.

کورد و مەسەلەی نەرمەن و سیاسەتی قەڵاچۆی تورک لەم نێوەدا:

بەڕیز دۆکتۆر کەماڵ مەزهەر لە کتێبی کوردستان لاپەڕە ١١٨ - ١٣٠ گۆشەیێکی تر لە سیاسەتی یەک تیرو چەند نیشان ی دەسەڵاتدارانی تورک بە شێوەی خوارەوە دەس نیشان دەکا.

"هەرچەند پێویستە دان بە ئەوەدابنین کە هەستی ئایینی کوێرانە و دواکەوتویی دوو هۆی گەورەبوون پاڵیان بە گەلی کوردەوە نا تا لە کاتی ئەو کوشتارانەدا ئەوانیش هەوڵ بدەن دەستی خۆیان بە کوشتنی کوردان سەوز بکەن (!!) و کورد هەبوون بە دەم سەڵەواتەوە ئەرمەنیان سەردەبڕی، بەڵام لە ماوەی سەدان ساڵدا لەنێوان کورد و ئەرمەن یان کورد و ئاسوریدا کارەساتێکی دڵگیر نەک کوشتارێکی وەها ڕووی نەدا (هەڵبەت جیا لەو مەسەلە کە لە نێوان بەدرخان و ئاسوریەکان لە بەر نە دانی سەرانە بە هاندرانی لاوەکی ڕووی دا)".

نەک هەر ئەوە بەڵکوو زۆر نووسەری بێگانە بە تایبەتی سەرنجیان بۆ باشی پێوەندی نێوان کورد و گاورانی کوردستان ڕاکێشاوەو بە باشترین نموونەی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان لە قەڵەم داوە، مێجەر.ک .ماسۆ (Major Kenneth Mason, Central Kurdistan) لە وتارێکی خۆیدا لە بارەی کوردستانەوە وتویەتی "لەوانەیە زۆربەمان بیرێکی (vague) شێواو - مان (لێڵ), (تێکەڵ پێکەڵ) هەبێ کە گوایە کورد مەسئولی کوشتارەکانی ئەرمەنن، بەڵام کەم مان ئەوە دەزانین کە

بەشێکی یەکجار زۆری گاورەکان لە ڕۆژانی پێش شەڕدا (شەڕی یەکەمی جیهانی) زۆر بە بەختیاری لە کوردستان دەژیان. ئەو لێژنەیەش لە لایەن "کۆمەڵی نەتەوەکان" بۆ لێ کۆڵینەوەی کێشەی مووسڵ دانرا بە تایبەتی دانی بە ئەم ڕاستیە دا ناوە. لەوەش زیاتر ڤ . گەرد لێشکی (ڤ، ئا گەرلێشکی، کارە هەڵبژاردەکانی، بەرگی سێهەم، ل ١٢٦ - ١٢٧) دەڵێ: " جیاوازی ئایین لە نێوان کوردە موسڵمان و ئەرمەنە گاورەکاندا دەوری نەبینیوە" و تەنانەت باسی ئەوەش دەکا کە چۆن هاتوچۆی ئەرمەن بۆ مزگەوت و هی کورد بۆ کەنیسە شتێکی ئاسایی بوە".

دوکتۆر کەمال مەزهەر بە ئەو ئاکامە دەگا "هۆی هاندەر پەردەی ڕەشی کوێرانەی بە سەر هەستی ئایینی کورد دا لە حاستی ئەرمەن هێنا. بۆ ئەمەش بەڵگەی تەوا بەدەستەوە هەیە لە زۆر ناوچە بە فەرمانی میری موفتی، مەلا و پیاوە ئایینیەکانی تر هەستی کۆمەڵانی خەڵکیان دەبزواند و بە ئاشکرا بۆ کوشتنی "کافران" هانیان دەدان.... وایان بردبوە مێشکی خەڵکی ساکارەوە گوایە کوشتنی ئەرمەن "ئەرکی سەرشانی ڕۆڵەکانی موحەمەد- ە"

لێرەدا پێویستە بە تایبەتی سرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە، زۆربەی ئەو کوردانە لە کوشتارەکانی ئەرمەندا بەشدار بوون لە سوارەی حەمیدی بوون کە خۆی هەر لە بنە ڕەتدا بۆ جێ بەجێ کردنی کاری وا بۆ خەریک کردنی کورد دامەزرێندرا بوو.(سوارەی حەمیدی لە هاوێنی ساڵی ١٨٩٠دامەزرێندرا. دامەزراندنی ئەم دەزگایە هەر لە سەرەتاوە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید و لێدانی ناحەزەکانی و بۆ خەریک کردنی کورد و ئەوە کە لەو ڕێگەوە هۆزە نافەرمان و سەرکەشەکانی کوردستان بهێنرێنە ژێر ڕکێفی میری. ئەوە بوو کە زۆربەی هەرە زۆری هۆزە کوردەکان تێدا بەشدار نەبوون. لە بەر ئەوە هەر لە دامەزرانی ئەو هێزەوە وەک داردستێکی بێزراوی سوڵتان هاتە بەر چاو. دیارە نەک هەر ئەرمەن بەڵکوو کوردیش بە دەست سوارەی حەمیدیەوە تووشی زەلالەت هاتن). د. کەمال مەزهەر بەشداری سوارەی حەمیدی وەک بەشداری فەرمانبەرانی حکومەت وێنەی ژاندارمە و ماباقی فەرمانبەران بوو نەک بەشداری بەرنامە بۆدارێژراوی خەڵکی کورد بۆ کوشتاری ئەرمەن کە تا پێش ئەو کارەساتە ساماناکانە بە سەدان ساڵ وێکرا لە شارو گوند و گەڕەکە هاوبەشەکاندابرایانە ژیابوون. دەسەڵاتی حەمیدی دەرەتانێکی ئەوتۆی بۆ هاندانی کورد دەربەگەکان خۆڵقاندبوو تابە تەماعی داگیر کردنی زوبو زارو داراییەکەیان هەر چی پتر لە کۆمەڵ کوژی نا ڕەوای ئەرمەندا کورد تێ وەگلێنی.

وەک پاشتر لە قڕان پێ کردنی کورد دا (بەتایبەت لە درسیم) دەر دەکەوێ سیاسەتی نەتەوەپەرستی تورک چ لە سەردەمی دەسەلاتی عەبدولحەمید و چ پاش ئەو دوژمنایەتی جیارەگەزەکان و دارشتنی تەرح و پلان بۆ تواندنەوە یا نەهێشتنیان بوە. سیاسەتێک کە سەرو گەردنێکی بەرزتری لە بیرو هزری نازیەکان لە ڕۆژگاری ئیمڕۆکەش دا پێوە دیارە.

بەشی: ١٢

بەپێ ئاماری کۆمۆنیستەکانی تورکیە:

١ ملیون و ٥٠٠ هەزار کوردی کوژراو و ڕاگوێزراوی زۆرەملی، نێوان ساڵەکانی ١٩٢٥تا ١٩٣٨ ی زاینی بەدەستی تورکەکان .

لەئاکامی جێ گۆڕکێ مەزنی مێژوویی، گوشاری سروشت، گەڕان بەدووی ژینگەی باشتر، شەڕی دەسەڵاتخوازی ئیمپراتووره دژبەرەکان، دابەش کردنی کوردستان لەلایەن زلهێزەکان، هەروەها دەوری فراوان خوازیو قات و قڕی ، میلەت گەلێکی وەک: تورک، فارس وعەرەب لەجیرانەتی یان لەسەر خاکی کوردستان وەک سەرزەوی مێژوویی کوردان سەقامگیر بوون.

لە بەختی ڕەشی کوردان ئەم جیرانەتیە بە درێژایی مێژوی خۆی کەمتر دیمەنی هێمنایەتی و ئاسایشی بە کوردان نیشان داوە هەرکەس لە لاوە هاتوە بەشێکی سەر زەوی ئەم خەڵکەی بۆ خۆی قرتاندوە. سەرەڕای ئەوە ئەگەر چی بەشەکەیتر ڕەزای بە قەدەری سەپێندراو داوە و خوازیاری نیمچە ژیانێکی ئاسوودە وەک خەڵکانی کۆن و نوێ لە دەوروبەری بوە؛ هەمدیس بە ئەو پەڕی ناڕەواییو دوژمنکاری لە گەڵ ویستی کورد هەڵسوکەوت کراوە. ئەمە وەک بیانووی پەلاماری نوێ و بەرپەرچ دانەوەی زێدەخوازی کوردان سەیر کراوە.

هەر نەبێ لە ماوەی زیاتر لە سەتو پەنجا ساڵ بەر لە ئێستاوە وێنەی ئاشکرامان لە داڕێژران و بەڕێوە چوونی پلانی قەڵاچۆی خواست و ئارەزووی ئێنسانی کورد بە دەستی جیران و دەوروبەریەکانی لە بەردەست دان.
لەخوارەوەوێنەیێکی هاوشێوەی کرداری نەیاری تورک و فارس ڕەگەزەکان وەک مستێک لە خەروار دەخرێتەپێش چاوی وردبینی خۆێنەر.

وەرد دانەوەی کورتی وێنە خوێناویەکانی ڕابردوو ڕەنگە یارمەتیمان بدات فام کردنێکی تێروتەسەلتری شایان لە مێژووی خۆمان بەدەستەوە بدەین بەڵکوو فامی تاکی کورد لە سەر ڕابردووی خۆی دەوڵەمەندتر بکا.

ئەگەر ڕابردووی دوورتر و کارەساتەکانی بە مێژوو بسپێرین و تەنێ کورتتری بە سەرهاتی خۆمان لە نێوان ساڵەکانی ١٨١٩ تا کۆتایی ٢٠١٢٢ی زاینی بکەین بە ئاوێنەی تێڕامانی سیاسەتی دەسەڵاتە زاڵە کان بەرانبەر بە کورد، ڕەنگە

داهاتووی کورد سەرلە نوێ نە کارەساتی هەڵوەشاندنەوەی هەوڵ و کۆڕەوەری فێداکارانەی ئازادی خوازانەی کوردستان بە خۆوە ببینێ و نە ناچار بێ ڕۆژانە بۆ دەست خستنی ژەمە نانێک لە سنوورە دەسکردەکاندا قوربانی بێ سنوور ببەخشێ.

لە ڕوانگەی زۆر تاک و توێژەرێکی کورد ناسەوە ڕێژەی گرینگی هۆکارەکانی ئەم بەسەرهاتە مەینەتبارە، وانە و ئەزموونی کارەساتە مێژوویییەکان ئەوە دەسەلمێنی کە ئێمە نەمان توانیوە هێشتار نەیارەکانمان وەک خۆیان بناسین. بە واتەیێکیتر ڕەنگامە بوونی پلانە داڕێژراوەکانی نەیارانی کورد تێکەڵی جۆرە ئازایەتی و هونەرێکی ئەوتۆ کراوە کە ئێمەی کورد توانای ئەوەمان پێشان نەداوە لە ژێر کاریگەری سێحربازانەی زمان و کردەوەکانیان خۆ دەرباز کەین!!

هیوا ئەوەیە بە بەسەرکردنەوەی وێنەی هەوڵە مێژوویەکانی نەزۆک کردنی ئارەزووی ئێنسانی کورد پتانسیل و هێزو توانا بە فێرۆ چوەکانمان لە درزو کەلێنی ئەم بەسەرهاتە ئاڵۆزە دا وە دۆزین.

١- ساڵی ١١٩٨ بەرانبەر بە ١٨١٩ی زایینی: **ئەحمەد ئاغا کوڕی موحەمەد ئاغا حاکمی مەراغە،** باپیر ئاغا سەرۆکی دەسەڵاتداری فێدراسیۆنی عەشایری کورد بە خۆی و هەزار کەسەوە بە بیانوی یارمەتی بانگ هێشتی مەراغە (شارێکی ئازەربایجان) دەکا و بە پێ پلانی پێشتر داڕێژراو سەرجەم میوانانی دامەزراو لە ماڵەکانی شار بە شەو لە گەڵ سەرۆکەکەیان(باپیر ئاغا) لە خەودا تاقە کەسێکی لێ دەرچێ ئەوانیتر بە باپیر ئاغای سەرۆکیانەوە دەکوژن! دیارە ئەحمەد ئاغای بکوژی کوردان زاوای فەتحەلیخانی قاجارِ مێردی زەینەب خانم حەفدەهەمین کچی شای هاوسەر بوە.
٢- **کۆژرانی میر محمد، ناسراو بە میری ڕەواندز، میرە کوێرە)** بە پلانی سولتان محمد دووهەم - عوسمانی کاتی گەڕانەوە بۆ کوردستان لە ستانبوڵ لە ترابوزان ١٨٣٧ بە دەستی نۆکەرانی سولتان.
٣- **بوداق خان مۆکری:** ساڵی ١٢٠٣ هەرچەند بۆ هاریکاری کردنی دەسەڵاتی ناوەندی و قڕ کردنی ئێلی بڵباس لە لایەن کوردەوە تاوانبار دەناسرێ، بە فەرمانی ئاقا موحەمەد خان چاوی دەر دەهێنن و دەی کوژن.
٤- **ئەفراسیاو سوڵتانی زەرزا:** ساڵی ١٢٠٧پاش ئەوە موحەمەد قوڵیخان (ئازەری) حاکمی ورمێ دەکەوێتە بەر غەزەبی موحەمەد خانی قاجارِ. سوڵتانی زەرزا یارمەتی و دانّدەی دەدات. کاتێک کێشەکە چارە سەر دەکرێ و قوڵیخان دەکرێتەوە بە حاکمی ورمێ. ئەفراسیاو سوڵتان زاوای حاکمی دووبارە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ پیرۆزبایی دەچێتە لای، بە فەرمانی شا دەرمان داوی دەکەن و دەمرێ!!
٥- **هەمزە ئاغای مەنگور:** سوپاسالاری شێخ عوبەیدوڵڵا ٣٠ - ٧ - ١٨٨١ لە لایەن حەسەن عەلیخان (سەرتیپ) وەزیری فەوائیّد کوڕی موحەمەد سادق خانی گەروس لە دەستو پێوەندەکانی ناسرلدین شا قاجارِ بۆ نێو خێوەتی سپا لە مەهاباد بە بیا نووی ڕاوێژ و دڵدانەوە بانگ هێشتن دەکرێ. هاوکات لە گەڵ سەت کەس لە تفەنگچیەکانی دەدرێتە بەر دەسڕێژ و

دەکوژرێ!

٦- **حەسەن سانی هەورامان:** ساڵی ١٢٨٤ لە لایەن فەرهاد میرزای قاجارِ حاکمی کوردستان (سنە)دیسان بە نێو بۆ وتووێژ و پێشکەشکردنی خەڵاتی شاهانە!! بانگ هێشتی ئاوایی بێڵک لە ناوچەی مەریوان دەکرێ و بە فێڵ دەیکوژن.

٧- **جەعفەر ئاغای شکاک:** ساڵی ١٢٨٤پاش سەفەری موزەفەرلدین شا قاجارِ بۆ ئۆروپا موحەمەد عەلی میرزا والی تەورێز لە جێگای خۆی دادەنێ. والی بە نزام ئەلسەلتەنە تلگرافی فەرمان دەدا جەعفەر ئاغا بکوژن. نزام ئەلسەلتەنە قورئانی مۆرکراو بۆ ئاغای شکاک دەنێرێ و داوای لێدەکا بۆ پاراستنی تەورێز بە هانایەوە بچێ. حسێن خانی زەرغام یەکێک لە سەرانی سپای تەورێز خانی کورد بۆ سەرای خۆی مێوانی دەکا. بە گەیشتنی دەسرێژی لێ دەکەن لە جێدا شەهید دەکرێ.

٨- **حەمە سەعید سوڵتان حاکمی هەورامان:** ساڵی ١٢٨٧ی کۆچی دوا بەدوای سوێند و قورئان بۆ پارێزگاری و ڕێز لێ گیران دەچێتە شاری سنە ئەویش بە پێلانی شەرەفەلمولک و فەرمانی موعتەمد ئەلدەولە قاجارِ و وەزیر ئاقاخانی نووری لە شاری جوانڕۆ دەکوژرێت.

٩- **لە سێدارەدانی دوکتۆر قۆناد،** ئەکرەم بەگی جەمیل، تەفیق بەگ (وەکیلی داد) دانیشتووی دیار بەکر بە گشتی ٥٢ کەس لە ڕۆشنبیرانی کورد بە بیانووی هاوکاری لە گەڵ شووڕشی شێخ سەعد لە مەحکەمەی ڕووالەتی نیزامی ١٣ی خەرمانان ٤ی سپتامبری ١٩٢٥لە دیار بەکر.

هەروەها شێخ عەبدولقادری گەیلانی کوڕی شێخ عۆبەیدوڵای شەمزینی سەناتۆری پێشووو سەرۆکی سەنای عۆسمانی بە بیانووی جاسووسی بۆ انگیس لە سێدارەی بێدادی درا.

ئارمسترانگ نوێنەری ئەوکاتی بریتانیا لە تورکیە دەڵێ؛ "سەرانسەری کوردستان ئاگری تێ بەردراو خەڵکەکەی کوشتار کران. پیاوەکان ئەشکەنجە دران و کوژران.

گوندەکان سووتێندران بەرهەمی کشتوکاڵی لە نێو بران .ژنو منداڵ بێ سەروشوێن یان کوژران." (کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد) سادق شەرەفکەندی.

جەوایر لەعل نێهرۆ پیاوی مەزنی هێند لە پێوەندی وەزع وکارەساتی تاڵی ژیانی کوردان لە کتێبی (ڕوانینێک لە مێژووی جێهان دا) دەڵێ: "بەم جۆرە تورکەکان کە بەم زووانە لە پێناوی ئازادی خۆیاندا خەباتیان کردبوو، کوردە کان یان کە خوازیاری هەر ئەم ئازادیە بوون سەرکوت کرد. سەیرە چلۆن ناسیۆنالیزمێکی بەرگریکەر دەبێتە ناسۆنالیزمێکی هێرشکەر و خەبات لە پێناو وەدەست هێنانی ئازادی دا دەبێتە خەبات بۆ زاڵ بوون بە سەر خەڵکی دیکەدا!."

١٠- **پلانی تڕۆری سمایل ئاغا سمکۆ:** بە دانانی تەقەمەنی لە نێو قوتووی شیرینی: ساڵی ١٢٨٧بەرانبەر ١٩١٩ بە دەستی موکەڕەم ئەلمولک جێگری والی تەورێز کە سمکۆ تێیدا دەرباز دەبێ بەڵام برایێکی دەکوژرێ.

١١- کۆژرانی سمایل ئاغا سمکۆ: پووشپەڕی ١٣٠٩ بەرانبەر بە١٧ی ژوئەنی ١٩٣٠لە شاری شنۆ بە فەرمانی ڕەزا شا پەهلەوی، هەمدیس بە بیانووی وتووێژ و پاش سوێندی قورئان و بەڵێنی پێدان.

١٢- بەهاری ١٩٣٧ بە کرداری کردنی پلانی کوشتنی کوڕی سەید ڕەزا (برایم) کاتی گە ڕانەوە کە بۆ وتووێژ بانگهێشتی ناوەندی هێزەکانی تورک کرابوو!

١٣- لە داو خستن، مەحکەمەی ڕووالەتی سەید ڕەزا ڕێبەری شووڕشی دەرسیم ٢٧ی خەزەڵوەری ١٩٣٧وێکڕای پێنج کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکانی دەرسیم و لە سێدارەدانی.

١٤- لە سێدارە دانی پێشەوا و هاوڕێیانی دەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦پاش قەولو بەڵێنی سەوک وەزیران قەوام!

١٥- کوشتنی دوکتۆر قاسملو و هاوڕێیانی: ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨بەرانبەر ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ وین پێتەختی ئۆتریش لە ژێر پەردەی وتووێژی چارەسەریدا!!

١٦- کوشتنی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاڕێیانی: ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ بەرانبەر ١٧ی دێسامبری ١٩٩٢ لە برلین (ئالمان) کاتی کۆبوونەوە بۆ یەکخستنی سەرانی هێزە سەرانسەریەکانی دژبەری تاران!! کە تەنێ کوردەکانی تێدا قوربانی کران؟؟؟ مەحکەمەی ناسراو بە میکۆنۆس(قەزایی ئاڵمان) دەسەلاتدارانی ئێران ـ ی بە پلاندانەر و بەڕێوە بەری ئەم کردەوە تڕۆریستیە بە فەرمی ناساند.

دکتۆر سادق شەرەفکەندی لە لاپەڕەی ١٦٣ (کورتەمێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانی کورد) دەڵێ: "لە ماوەی ١٣ ساڵ ڕاپەڕی و خەباتی چەکدارانەی کوردستان(تورکیا) دا ١٩٢٥ - ١٩٣٨ زاینی بە گوێرەی گوتارەکانی حیزبی کۆمۆنیستی تورکیە نزیکەی یەک ملیون و نیو لە کوردەکان یان کوژران یان بۆ شوێنە دوورەدستەکان دوور خرانەوە."

گوتاری، کودیتای ساڵی ١٩٦٠ "یەکەمین گوناح " ناوێنە ی سیاسەتی کورد قڕان لە درسیم و.....

بەشی: ١٣

٢٧ی مانگی مای ساڵی ١٩٦٠ هێزی چەکداری تورک بەڕێبەری ژنراڵ جەماڵ گورسل یەکەم کودیتای هێزە چەکدارەکان لە تورکیە ی نوێدا بەڕێ خرا. دووڕگەی (یاسی ئادا) لە دەریای مەرمەرە ئەو شوێنەیە کە ٦٠٠ نەفەر لە بەرپرسانی پایەبەرزی حکومەتی لەوانە (سەرۆک وەزیر عەدنان مندرێس، سەرۆک کۆمار محمود جەلال بایار) وێکڕا زیندانی و بە تاوانی لە ژێر پێنانی یاسای بنەڕەتی وڵات کەوتنە ژێر لێ پرسینەوە و بەشێکیان لە سێدارە دران.

هەر چەند کەسایەتیە بە ناو بانگە جێهانیەکانی ئەوکات وەک جان اف کندی سەرۆکی ئامریکا، مەلەکەی انگلیس ئەلیزابتی دووهەم و شارل دۆگۆل سەرۆک کۆماری فەرانسە بە فەرمی داوای چاو پۆشی لە بەڕێوە بردنی حۆکمی کۆشتنی کەسایەتیە پایە بەرزەکانی تورک یان کرد دیسان پانزدە کەسیان بە تاوانی جنایەت بە دژی یاسای بنە ڕەتی تورک کوژران. دوورگەی ئیمرالی شوێنی بەند کرانی ڕێبەری خەباتکارانی حیزبی کرێکارانی کوردستان، ١٥ی سپتامبری ١٩٦٢ شاهیدی لە سێدارە درانی فاتن ڕۆشدی زورلو وەزیری دەرەوەی ئەوکات و حەسەن پۆل ئاتکان وەزیری ئابووری بوو. هەڵبەت مندرێس سەرۆک وەزیران کە ماوەی ١٠ ساڵ ڕێبەری دەوڵەت بوو هەر چەند ویستی بە حەبی خەو خۆکوژی بکا بەڵام سەرنەکەوت دوو ڕۆژ پاشتر خرایە نێو ڕیزی ئەوانەی لە سێدارە دران.

مەبەست لە ئاماژە بەپەنجا ساڵەی زاڵ بوونی هێزی چەکداری تورک دەسنیشان کردنی هزرو تێ ڕوانینی بیرو ڕای بەشی هەرە زۆری میلەتی تورک سەبارەت بە کارە ساتە قەوماوەکانی نێو خۆی ئەم وڵاتەیە. کارەسات گەلێک کە هیچ مرۆڤێک ناتوانێ کاتێک ئاوڕ لە بەسەرهاتی تورکیە پاش شکست و داڕمانی ئیمپراتووری عۆسمانی دەداتەوە خۆی لێیان ببوێرێ مەگەر ئەوە وەک ژنراڵە کوودێتا چیەکانی ئەم وڵاتە بیر بکاتەوە.

نفووسێکی بەر چاوی خەڵکی تورک لە یادی ئەم ڕۆژە دا جێژنیان گرت و ژمارەیێکی کەمیش بە دژی دەر کەوتن. بەشێکی بەر چاو لە لاوانی ناسراو بە"گەنجانی بێ چەک" لە پەنجا ساڵەی هەڵگرانی سێدارەکانی یەکەم کودیتا بە کەشتی سەردانی ئەم دوورگە و شوێنی مەحکەمە ڕواڵەتیەکەیان کرد تا ئاوەزی خەڵک بەرەوە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە بگێڕنەوە.

جرن کنار؛ یەک لە بەشدارانی ئەم گرووپە کە بەلای خۆیەوە خوازیارە ڕابردووی تاڵ بۆ بەرگری لە دووپات بوونەوە بکاتە ڕۆژەڤی بیرو ڕای گشتی بە (جاناتان هد هەوانێری بی بی سی دەڵێ: "ئەم کودیتایە یەکەم تاوان بوو. لە بەر ئەوە بناعەی تاوانەکانیتر (کودیتاکانی پاشتر)ی داڕشت!!

ئامینە گورسوی ناسکاڵی ئەندامێکیتری گرووپ و نەوەی سەرکۆماری ئەوکات (محمود جەلال بایار) کە لەبەر تەمەنی زۆر لە سێدارە نەجاتی ببوو دەبێژێ: دەبوو وەزیرو بەرپرسان بە تاوانی قورس تۆمەتبار بکرێن تا کردەوەی هێزی چەکدار لە نێو خەڵکدا ئەرێنی سەیر بکرێ.

جرن کنار دیسان دەڵێ: "خاڵی بنەڕەتی لە سیاسەتی تورکیە لەوەدایە خەڵک کودیتایان خۆشدەوێ"!

مرۆڤ کاتێک جۆری تێفکرینی نەسڵی ئەورۆ (لاوی تورک) لە پێوەندی ڕابردووی خۆیان وەرد دەداتەوە ئەوە دەم زیاتر تێدەگا کە دەسەڵاتداری چەکدار و نا چەکداری ئەم ڕەگەزە بە پاڵ پشتی کام جەماوەر سیاسەتی ڕۆژانەی خۆی بۆ قڕ کردنی میلەتانی جیا لە تورک لەم وڵاتە دادەڕێژێ؟! کاتێک دەستی لاوی کوردی مێر منداڵ تەنیا بە تاوانی وتنەوەی چەندروشمی ماف خوازانە لە پێش چاوی دووربینی تلوزیۆنەکان بە دانستە وردو خاش دەکرێ. کاتێک بە هەزاران گوندی کوردان لە دانیشتوانیان چۆڵ دەکرێن ،کاتێک زیندانەکانی تورکیە لە کوردی زمان و ماف زەوت کراو جمەیان دێت و کاتێک بۆ چاو بەستی دۆنیای ئازاد حۆکمی ئێعدام ڕادەگێردرێ و کوردەکان لە دەرەوەی زیندان بە هاسانی گولەباران دەکرێن، لە هەمان هەلو مەرج دا ساڵی ٢٠١٠ تەنێ کودیتای ساڵی ١٩٦٠ بە یەکەم تاوان دادەندرێ و هاوکات پێداگری دەکرێ "خاڵی بنەڕەتی لە سیاسەتی تورکیە لەوە دایە خەڵک کودێتایان خۆشدەوێ". بە واتەیێکیتر یەکەم تاوانەکەش بە گوناح حساب ناکرێ لە بەر ئەوە خەڵک خوازیاریەتی.

ئەگەر لەم کودێتایەدا لە بری کوژرانی ١٥ وەزیر، سەرۆک و تاکی پایە بەرزی حکومەت کورد کوژرابان دەبوو لاوی تورکی خوزیاری بیر هێنانەوەی مێژوو بە کامە سەردێڕ باسی کردبا؟ ئەگەر مرۆڤ لە سۆنگەی ئەو بۆچوونەوە تەماشای هۆکاری ڕوداوەکانی درسیم بکا ئەودەم قوولایی کارەساتەکە، دڕندەیی فەرماندەر و بەڕێوە بەرەکانی وردتر بۆ لێک دەدرێتەوە.

دەسەڵاتداری تورک کە پاڵپشتی، ڕاوێژکاری نازیە تازە سەرهەڵداوەکانی ئاڵمان وێرای فەرانسە و بریتانیای لە تەنیشت خۆی دا دەدیت، سەرەڕای ئەوە ئەزموونی زۆری لە گواستنەوە ی ئەرمەنیەکان لە ڕیپێوانی مەرگ و قەڵاچۆی ئەم گەلەی تێ پەڕاندبوو بە هەلی زانی بە لای خۆیەوە مەسەلەی کوردیش کە تا دەهات ئاڵۆزو بەربڵاوتر دەبوو و بەرە بەرە خەریکی تەشەنەکردنی فراوانتر بوو بەرەو کۆتایی مەرگ بەرێ.

سەرباز و فەرماندەری تورک لە کوشتاری بەکۆمەڵ و تاڵان و بڕۆی خەڵکدا ڕاهاتبوو. زۆرجار دووپات کردنەوەی کارێک هەرچەند نامرۆڤانە و دوور لە ڕەوشتی ئێنسانی بێت نەک هەر بۆ بکەرەکەی ئاسایی دەبێتەوە و ڕەنجی ڕۆحی جاری یەکەم ئازاری نادات بگرە هەستی ڕەزامەندی بە هەستانی ئەرکی ئەوتۆ وەک جۆرە حەزێک لەشی دادەگرێ. لێرە دایە کە ئیتر هەست بەگونا و ئازار ناکا و دووپات کردنەوەی ئاسایی دەنوێنێ.

سەرباز و دەسەڵاتداری تورک نە هەر کاتی کورد قرانی دەرسیم لە هێرشەکانی دووهەزارو دە بۆ سەر خەڵکی بێ دیفاع لە شەقامی شارو گوندەکانی تورکیە هەمان هەست و دڵ ڕەقی دەنوێنن. جیاوازی ئێستایان ڕەنگە لە مۆدێرن تر کردنی شەڕەکان و بەکار هێنانی تێکنیک و تاکتیکی سەردەم بێت. بۆ وێنە ئەوکات دژی خەلکی ڕاپەڕیوی دەرسیم وەک لە ڕۆژنامەی

köroglu ژمارە (١٠٨٣) ی ڕۆژی ١٣ی ١٩٣٨ بڵاو کراوەتەوە کازی ژاراوی - یان بەکار دەهێنا.

پاش حەفتاو دووساڵ لەم بەسەر هاتە تاڵە گۆڕانێک لە سیاسەتی سەرکوت کارانەی تورکدا دەر کەوتوە ئەوەیە کە ڕادەگەیێنن بڕیاری ئێعدام - یان لە تورکیە ڕاگرتووە! لە هەمان کاتدا کوشتنی کورد هەراو تر لە پێشوو درێژەی هەیە. ئەمجارە پێش ئەوە لاقی کورد بە زیندان بگات خاتری تورکی مرۆڤدۆست!!! بە کوشتنی پێش وەختییان ئاسودە دەبێت. ئەوە وەڵامێکی سیاسی و دیپلۆماتیکی سەردەمیانەی تورکی بە داخوازی ئۆروپاییە هاودەستەکانی تورکیایە بۆ بەگری لە دەربڕینی ناڕەزایەتی بیرورای گشتی مرۆڤدۆستی وڵاتەکانیان!

دیارە سەرچاوەی بەشێکی بەرچاوی ئەم نەهامەتیە بەسەر کورد دا سەپاوە و لەوە دەچێ جارێ درێژەی هەبێ کورد بۆ خۆی و بە ئارەزوو هەڵی بژاردوە. با وێنەیێک لە هازاران وێنەی هێز بەخشینی کورد بە نایارەکەی بە دژ و لە خزمەتی فەوتاندنی خۆی پێکەوە بە سەر بکەینەوە.

نەمر ڕەفیق حیلمی کەسایەتی و مێژوونووسی کورد لە بەرگی چوارەمی یادداشتەکانی دا ١٩٥٦، بەغدا لاپەڕە ١٥١ فەرموویەتی "سێ یەکی کۆمەڵەکەی ئاتاتۆرک کورد بوون و مستەفا کەمالٌ وەها بردبوویە مێشکی کوردەوە پاش بڕانەوەی شەڕی تورک و یوونان کێشەی ئەوتۆ نانێتە بەر ڕێی کورد ئەگەر بێتو ئیدارەی خۆ بە خۆی کوردستانیان بە باشتر زانی". دیارە مامۆستا جەمالٌ نەبەز ئەم ئیدارەی خۆبە خۆیە بە سەربەخۆیی شرۆفە دەکا.

ئیتر وێنە بە ناو بانگەکەی دیاپ ئاغا - سەرۆکی کورده عەلەویەکانی درسیم لە گەڵ کەمالٌ پاشا لە کالسکە کەیداو بەڵێنی پشتگری کورد لە ئاتاتۆرک - و گێڕانەوەی (جەمالٌ عارف کەرکوکی) بۆ ڕێزدار جەمالٌ نەبەز لە بەغدا لە ساڵەکانی پەنجادا لەو پێوەندیەدا کە مستەفا کەمالٌ کوردەکانی بە زمان لووس و بەڵێنی بە درۆ وەها فریو داوە کە وەک ئەو فەرموویەتی"بە سەدان تلگرافمان بۆ سوێند خۆرەکان (متحدین) لێدەدا سەربە خۆیی کوردستانمان ناوێ برایەتی کورد وتورکمان دەوێ "! با وەک زۆر وێنەی شەیدابوونی کورد بە زمان لووسی و دروو دەلەسەی نەیارانمان لە جێ خۆیدا بمێنێ.

ئەم وێنە دراماتیکە مێژوویانە داخی ئەودەم گرانتر دەبێ پاش دەیان ساڵ لەو ئەزمون گەلە ڕیبەرانی حیزب و لاینی خەباتکاری کورد نەک هەر ئەزموونی ئەو ڕۆژە تاڵانە ناخەنە بەر چاو سەت مەخابن لە بەرانبەر مۆرەییکی سووتاو و دەست تا ئارنج خوێناوی لە کوشتاری کورد دا نزم تر لە ووتە بێ لێکدانەوەکەی دیاپ ئاغا دەجووڵێنەوە. شۆڕش و خەباتی خەڵکی درسیم هەر چەند فیداکاری گەورە و حیماسی نواند دیسان خۆش باوەڕی و کوێرە هیوای ئاوڕدانەوەی دەسەڵاتی

تورکی لا بن بڕ نەکرابوو. ئەو ڕیشە چەق دابەستوە زیانبارە لە سیاسەتی کوردی هەر جارە نە جارێک بە سەرهەڵدانی خۆی قوربانی نوێ، پاشکەوتوویی لە گەیشتن بە ئامانج و لە قیس چوونی وزەی زیاترمان بۆ تۆمار دەکات.

یەک لە ئاسەوارەکانی ئەم سیاسەتە بە جێ مانی برینی هیچکات ساڕێژ نەبووی درسیم ە. ئاسەوارێک هەم زیانە ڕۆحی و جەستەییەکانی و هەم کاردانەوەی زیانمەندی بۆ خوشکردنی جێ پێ دوژمن لە ناوچەکە جارێ لە بڕانەوە نەهاتوویە.

٢٩ی پووشپەڕ ٢٧١٣

بەشی: ١٤

شەڕی تورک بە دژی نەتەوە جیاوازەکان لە تورکیە شەڕی دین و ناموسڵمانی نەبوو!

کورد لە ئەگەری پشت کردن لە نەتەوەی خۆی و گەیشتنی بە سەرکۆماری تورکیە بە مەرجێک باسی مەسەلەی کورد بکات دیسان کەمترین سزا-ی سەربەخشینە!

تورک تەنێ شەڕی غەیرە دین و نامسڵمانی نەکردوە. ئەرمەن، کورد، عەرەب، لاز، چەرکەس، بۆڵغار (بەڵگارپاش ڕاپەڕینی ١٨٧٦)و ئاسووری هەرکام بە پێ بەرنامە داڕشتن و هێنانە گۆڕی پلانێکی سیاسی بە مەبەستی پاکتاو یا تواندنەوە لە نێو ڕەگەزی تورکدا خرانە ژێر زەختی خوێناوی و تاقەت پڕووکێن.

تورکە لاوەکان ئەرمەن یان لە بەر ئەوە ئەرمەنی بوون قەڵاچۆکرد و پاش ئەوان کەوتنە گیانی کورد.

لۆرنس؛ کەسایەتی ناسراوی انگلیسی دەڵێ: "شیاوی باسە سەرئەنجامی ئەرمەن لە سااڵەکانی شەڕی یەکەم دا کاری کردە سەر دواڕۆژی گەلی کوردیش "سەلیم ئەلنەعیمی - بەغدا ١٩٤٧- لاپەڕە ٣٥ - ٣٦ بەرگی یەکەمی کتێبی (ئەعمەدە ئەحکەمە ئەلسەبعە). د. کەمااڵ مەزهەر.

دیارە ئەو بێدەنگە لێ کردنە وەک لە سەرتای کوشتاری ئەرمەندا کرا پاشتر بە قڕوقپی زیاتر بەرۆکی کوردی تا ڕۆژگاری

ئێمڕۆ بەر نەداوە.

ئاناتۆل فرانس؛ نووسەری گەورەی فەرانسە لە هەڕەتی قڕکردنی ئەرمەنیەکان وتوویە: "لە بەر ئەوە خەڵک ڕووی خۆیان لە لێ قەوماوان وەر دەچەرخێنن، زۆرکەس توانییان ئەساس بۆ گونا بار کردنی قوربانیێکان بدۆزنەوە".

فرانس؛ قامکی لە سەر ئەو ڕاستیە دا ناوە کە وڵاتە دسەڵاتدارەکان بۆ پشتیوانی لە سیاسەتی قازانج خوازانەی خۆیان میلەتانی بێ دیفاع (وەک کورد بۆ وەستان لە بەرانبەر دوژمنکاری تورکان و عەرەب و فارس مۆرکی تڕۆریست، ئاژاوەچی یان تێکدەری هێمنایەتی- یان لە پاڵ دەدرێ و ئەوە دەکەن بە بنەمای پاڵپشتی دەوڵەتانی هاو هەڵوێستی هاوپەیمان لە لاییێک و پەژراندنی سیاسەتە چەوتەکانیان لە نێو بیرو رای گشتی وڵاتەکانیان تا کەس سیاسەتی چەواشەیان نەداتە بەر تیرو توانج).

کاردانەوەی ئەم سیاسەتە تاکی سەربە نەتەوە ی ژێردەستی (کورد و هیتر) زۆر جار تووشی ناهۆمێدی ئەوتۆ کردوە دەس لە ڕەگەزی خۆی هەڵبگرێ و بەرەو قاڵ بوون لە ڕیزی چەوسێنەرانی نەتەوەکەی خۆی کی بەرکێ بکا.!

بۆڵهند ئێجەویت، و زۆر سەرۆکیتر کە ڕەگەزی خۆیان بە تورک گۆڕی لەوانەن. ئێجەویت بۆ خۆی (لاز) و سەر بە ئەو نەتەوە بوو. نێوبراو بە قازانجی تورک پشتی لە نەتەوەکەی خۆی کرد.

لە نێو کوردان دا کەم نین ئەو کەسایەتیە دۆڕاوانە ڕیزی باوەڕی نیشتمانی و ڕەگەزی خۆیان بۆ نێو ڕەگەزی تورک یا عەرەب و هەر نەبێ لاینگری تۆندو تۆڵ لە سیاسەتی ڕەگەزە هەمبەرە جیاوازە کان گواستوە تەوە. تورگۆت ئۆزاڵ کە دواجار بە بیانووی ئاوڕ دانەوە بۆلای کێشەی کورد بە وتەی لاینە کوردیەکان دەرماندا کرا یەک لە و کەسایەتیە بە ڕگەز کورد بەلام بە تورک گۆڕدراوانە بوو کە ئاخرەیەکەی گیانی لە پێناوی هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد دا بەخشی. ئەم ڕاستیە تاڵە ئەوە دەسەلمێنێ لە نێو تورک دا ئەگەر کوردێک تا ئەو ڕادەیەش لە خۆ بە تورک کردن پێش بچێ دیسان خۆ لە قەرەی مەسەلەی کورد دان بە نرخی لە دەست دانی سەریان تەواو دەبێ.

لە لاییێکیتر ئێجەویت ئەو کەسە بوو ٢٢ - ٧ - ١٩٧٤ لەشکری نارده قۆبرس تا ئەوانیش وەک نەتەوەکەی خۆی بکا بە دار دەست. سەرە ڕای ئەوە دیترا هێزە چەکدارەکانی تورک نە تەنی لە گەڵ ئێجەویت بگرە زۆر باوەڕ مەندی تورکیان لە پۆستی هەرە سەرێی دەسەلات بە تاوانی کەمترین لادان لە ڕێبازی ئاتاتۆرک. بە خۆیان، حیزب و لاینگرەکانیانەوە زیندان،

دوورخرانەوە لە سیاسەت و دوژمنایەتی وڵات تاوانبار و سزا دا. هەر چەند شاراوە نەبوە ئەو لاین و کەسایەتیانە لە سەرجەمی کردار و باوەڕیاندا جیاوازیەکی ئەوتۆیان لە "گەڵ گورگە بۆرە کان"(تورکی هەرە ڕەگەز پەرست) نەبوە.

شۆڤینیزمی تورک و تراژدی خەمناکی درسیم:

٧٢ ساڵ پێش پاش لە سێدارەدانی سەی ڕەزا درسیمی ڕێبەری ئێشتمانی و ئایینی کوردی نێوچەی درسیم لە باکووری کوردستان لە درێژەی کوشتاری خەڵکدا کە پاش کوشتاری ئەرمەنیەکان سامناک و بێبەزەییانەترین کوشتاری بەکۆمەڵی کورد لە تورکیە دەژمێردرێ قۆناغێکی نوێ لە کۆیلەکردنی کورد دەستی پێکرد.

کارەساتەکە لەوێڕا پەرەی زیاتری سەند کە وێرای کوشتن و قڕکردنی هەزاران کەس بێ ئەوە کەمترین ئاوڕ لە منداڵ و ژن یان پیرو پەک کەوتە بدرێتەوە بە بۆمبی شیمیایی خەڵک کەوتنە بەر پەلاماری هێزی چەکدار بەڵام تورک هەر بە ئەوەندە ڕازی نەبوون.

ژمارەیێکی زۆر و نادیار لەو کێ و کۆڕانە هێشتار زیندوو مابوون کۆ کرانەوە ڕەپێچی نێوچە تورک نشێنەکان کران و لە ژێر چاوە دێری هێزی پاراستنی(ئەمنیت) تورکدا بۆ کار بە سەر ماڵی تورکاندا دابەشێندران. فیلمی بەڵگەیی "پرچی بڕاوی دایکم بەڵگەی جێنایەت دژی مرۆڤایەتی" ساز کراوی بەڕێزان نەهزەت و کازم گوندۆغان کە ڕۆژی شەمە ٥ی ژوئێنی ٢٠١٠ لە سینە دۆم - سینەمای شاری کۆڵن (ئاڵمان) پیشان درا دووکەس لەو قربانیانە-ی کە هێشتار لە ژیاندا مابوون بە قسە هێنابوو.

مەخابن گێڕانەوەی ئێش و ئازارەکان جیا لە تازە کردنەوەی برینەکان لە جەستەی قوربانیەکانی نامرۆڤایەتی تا ئێمڕۆ نەی توانیوە ڕۆحی مرۆڤی سەردەم ئازاررێکی ئەو تۆ بدات بە دژی ئەم ناعەدالەتیە بێ پسانەوەیە وە جووڵە بکەوێت!!

عەزیز شەمزینی لە کتێبەکەی جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان ١٩٨٠ چاپی دووهەم دەڵێ: "پاش سەرکوتی شۆڕشی ئازادی خوازانەی درسیم (١٩٣٧)، ١٥٠٠ پیرەژن و منداڵ وێکڕا بە زنجیر کەلەپچە دەکرێن و لە قووڵکەیێکدا نەوتیان بەسەردا دەکرێ و دەسووتێندرێن. لە درێژەی سەرکوتی ئەم خەڵکە بەخت وەرگڕاوەدا کە تا ساڵی ١٩٤٢ درێژەی کێشاوە عەزیز سورمێ باسی هەزاران گوند دەکا لە لاین مستەفاکەماڵ ئاتاتورک و دەوڵەتەکەی لە نێو چوون. عەزیز سورمی، کورد و جێنۆساید هەولێر.

بەڕێز جەماڵ نەبەز لە کتێبی "کوردستان و شۆڕشەکەی "نووسیویەتی جێنایەتەکانی تورک هەمبەر کورد بە ڕادەیێکن لە توانای ئەژماردن بەدەرن. سڕینەوەی کورد گەیشتە ئاستێک بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٧بە بۆمبی ژاراوی (شیمیایی) نیو ملیون مرۆڤی کورد لە نێو بران.

کورد ناسی فەرانسەوی کریس کۆچارا لە کتێبی "چنبش ملت کرد و خواست استقلال" وە رگێڕانی دۆستی بەڕێزم عەزیز مامڵ لاپەڕە ٣٦٧ نووسیویەتی؛

لە مێژو دا دەخوێنینەوەپاش شەڕی چالدوران (١٥١٤) سوڵتان یاوز سەلیم (سەلیم خۆفناک)، (سوڵتانی عۆسمانیی) گەرووی هەموو عەلەویە لە بەردەستەکانی دەبڕی، بۆیێ پاشماوەکانیان پەنایان بۆ شاخەکانی درسیم دەبرد.

کۆچرا لە درێژەی ئاماژە بە کۆڵنەدانی خەڵکی درسیم وەک سومبۆڵ(نموونە) بەرانبەر جەور و بێدادی تورکی فەرمانڕەوا دەکات لەم پێناوەدا دەوری بەرچاوی پ کا کا و هەڵقوڵانی ڕێبەری مێژوویی ئەم حێزبە مەزڵوم دۆگان کە ساڵی ١٩٨٢ لە زیندانەکانی تورک دا گیانی لەدەست دا و، عەلی حەیدەر کایتان یەکێکیتر لە فەرماندەرانی ئەم ڕێکخراوە دەس نیشان دەکا کە هەردوو کەسیان لە عەلەویەکان هەڵکەوتون - لاپەڕە ٣٧٢ هەمان سەرچاوە.

بەر بڵاوی مەینەتی کورد لە درسیم و قووڵایی برینەکانی سەر جەستەی لە پانتاییکی ئەو تۆدا دابەزێندراوە نە لە توانای کزی نووسەری ئەم دێڕانەدایە وێنەکێشی بکا ونە بە نووسینی ئەم چەند دێڕە ئەرکی تاکی کورد بە ئەنجام دەگات. تەنیا هۆمێد ئەوەیە بەم شێوە گۆشەیێک لە سیاسەتی دژە مرۆڤی دەسەڵاتداری تورک بەرانبەر جیاوەگەزەکانی نێو چوارچێوەی ناسراو بە تورکیە-ی ئێستا، بە تایبەت کورد وەرد بدرێتەوە بەڵکوو هەوڵێک بێ بۆ لە قاودانی زیاتری جنایەتکارانی مێژوو.

٤ی خەرمانان ٢٧١٣

بەشی: ١٥

پێک هاتنی مەحکەمەی نێو نەتەوەیی

یەک لە دەسکەوتە گرینگ و نێو نەتەوەییەکان لە دەیەی دواییدا ئەو پێشکەوتنە یە بە دژی ژنۆساید دەستە بەر کرا. ئەو ناوەندە لە ساڵی ٢٠٠٢ بە فەرمی ناسرا و تا ئێمڕۆ ١٠٥ وڵات پشتگرییان لێ کروە. ئێران، تورکیە، سوریە، عێراق، عەربستان سەعودی لە کۆی ئەو وڵاتانە دەژمێردرێن کە دژبەری ئەم ئورگانە نێونەتەوەییە وەستاون. حکومەت گەلێک ڕابردووی دوورو درێژو بەربڵاویان لە ژنۆساید و جنایەت بە دژی مرۆڤایەتی و خۆڵقاندنی کارەساتی جەنگی هەیە لە پەیوەست بوون بە دادگەی تاوانە جەنگیەکان (مەحکەمەی جەنایی نێونەتەوەیی) خۆ دەبوێرن. پرفسور امیر حسن پور چهارشنبه، ٠٤ اردیبهشت ١٣٨٧شهروند ١١٧٤- ٢٤ آپریل ٢٠٠٨

کاک ئەمیر حەسەن پوور لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێ: "ژنۆساید لە پرێکدا ڕوونادا پێشەکی دەتوانرێ مەترسیە سەرەتاییەکانی بناسرێنەوە. سەروەختێک گروپێکی میلی، قەومی، ڕەگەزی و دینی ئامانجی هێرشی پڕۆپاگەندەیی، کەم زانین و بێحورمەتی بکرێن. کاتیک وەها گروپێک بە خیانەت، پاشگەز بوونەوە، توندو تیژی و بەسترانەوە بە بێگانە تاوانبار دەبێ، کاتێک هاواری "واوەیلا دایکی وڵات"، "واوەیلا یەکپارچەیی وڵات"، "واوەیلا ولات و وەتەن" بەرز دەبێتەوە دەتوانرێ هەمووی بە نیشانەی مەترسی سەرەتایی ژنۆساید و جنایەتی جەنگی بە حساب بێت".

ئەوە ئەو ڕاستیە ترسناکەیە کە دەسەڵاتدارەتی تورک، عەرەبی بەعسی و کۆماری ئیسلامی (کورت پاش دامەزران) بۆ خۆش کردنی ژێرخانی پەلاماری خەڵک و خاکی کوردستان بە کوتانی دهۆڵی واوەیلا و گابۆری "تجزیه کردستان" کەڵکیان لێ وەرگرتوە. هەڵبەت سیاسەتی سەرکوت و پەلاماری خوێناوی وێرای ئەوە تا ئێستا لە هەموو پارچەکانی کوردستان قوربانی زۆری لە کورد ئەستاندوە بەرە بەرە خەریکە گۆشە فریو دەرەکانی بۆ زۆربەی سیاسەت کاران و بەڕێوە بەرانی سیاسەتی جیهانی دیمەنێکی سرنج ڕاکێشی ئەوتۆیان پێوەنەمێنێ، هەرچەند قازانجە ئابووریە پێوەندی دارەکان جارێ دەوری خۆیان بۆ بەیەکجاری ناکاریگەر کردن ڕاگیر کردوە.

بەختەوەرانە چەند ساڵێکە کوردیش لاقی کەوتوەتە سەر هێڵی ئابووری و ئەگەر بە زانا بوون هەنگاو بەرەو پێش بنێ وجێ پێ خۆی لەورێچکەیە دابۆ گەشە پێدان توند بکات ئاسۆی قەتیس کردنی یەکجاری سیاسەتی چەواشەکارانەی نەیاران ڕوون

دەنوێنێ.

مارک لوبن مێژوو نووسی ژنۆساید نشانی داوە لە پرۆسەی دەوڵەت و میلەت سازی ئیمپراتووری عۆسمانی، ئانادۆڵی شەرقی لە ساڵەکانی ١٨٧٨ - ١٩٢٣ بە مەڵبەندی ژینۆساید گۆڕدرا و کۆماری تورکیە و عێراق ئەم ناوەندە-ی تا ئێمڕۆ لە سەرپێ ڕاگرتوە. لەم چوارچێوەدا ئەرمەنی، ئاشووری، کورد و یۆنانی - پۆنتۆس (باشووری ڕۆژهەلاتی دەریای ڕەش) قوربانی ژنۆساید و پاکسازی قەومی کران. مارک لوبن لەو باوەڕەدایە کە ژنۆساید لەم ناوچە بنەما بوە نەک بژاردنی سەرێیی. بەردەوامی سیاسەتگەلی پاکتاوی قەومی لە عێراق، تورکیە و سوریە راستیەکانی ئەم بۆ چوونە پەسەند دەکا.

ئەگەر لە تورکیە ی کۆتاییەکانی ئیمپراتوری عۆسمانی سەرکردەکانی "کۆمیتەی ئێتحاد و تەرەقی" ئێسماعیل ئەنوەر پاش، موحمەد تەلعەت پاشا و ئەحمەد جەمالّ پاشا وەزیرانی کابینە وەک (تانر ئاکچا) بە پێ بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عۆسمانی باسی کردوە، بڕیاری ژنۆسایدی ئەرمەن - یان گەلاڵەکرد، لە ساڵی ٢٠١٠ پاش تەمەنی خوێن ڕێژانەی نزیک بە سەت ساڵ حێزب و ڕێکخراوی وردو درشت، دەسەلاتدار و بێ دەسەلات، موسڵمان و لێبراڵ مۆدێرن، چەکدارو بێ چەک، کاسبکار و بازاری تۆند ئاژۆی تورکی تورکیە (بە دەر لە ژمارەییکی کەم) بۆ بەربەست کردنی ژیانی نەتەوە جیاوازەکان لەم وڵاتە نە تەنیا دەست هەڵگری پێشێلکاری و ژنۆسایدی جەستەیی، زمانی و فەرهەنگی ئاخرین نەتەوەی خۆڕاگری ئەم مەڵبەندە نین بەڵکوو ڕۆژانە هەموو هەوڵێکی ئابووری و سیاسی خۆیان بۆ پاساوی کردەوەی سامناکی باپیرانیان دووبالا بەرزتر دەکەنەوە. لە تورکیە سەرەڕای پێداگری لە پشتگرتنی بیری مرۆڤ کوژانی وەک تەلعەت پاشا!! درێژەی دەقی هەمان سیاسەت لە جاران تۆندتر ڕۆژانە بەرەو ڕووی نەتەوەی کورد دەبێتەوە.

هەرچەند کورد بە پێ یاسا پەسەند کراوەکانی دەسەلاتی تورک بۆ بەربەست کردنی ئەم سیاسەتە (لە چوار چێوەی پارلمان و پێک هێنانی ڕێکخراوی مەدەنی بۆ دابەزاندنی لانی کەمی مافی ئێنسانی خۆی) تێ دەکۆشێ دیسان گوێ نەدان بە خواست و داواکاریەکان حەز و ئارەزووی دەسەلاتی ملهۆڕانەی کاربەدەستانی ئەم نەتەوەی تورک هەردەم بۆ بەرینتر کردنی مەیدانی تۆندو تیژی وەک ڕابردوو خەستو خۆڵتر خۆی دەنوێنێ!!!

ئەگەر جاران وەلامی حکومەتی تورک ئەوە بوو: هێنانە گۆڕی داخوازی کورد "وتەی بێ ناوەرۆکی تاقمێکی تروریست"! زیاتر نیە، ئەوە سێلاوی پڕ خورۆشی ڕۆژانەی جەماوەری ملیۆنی کورد لە سەرتاسەری خاکی باکووری کوردستان و زۆربەی شارە کانی تورکیە چی تر نە مەودای بۆ درێژە دان بەچەواشەکاری لەو پێوەندیەدا هێشتوەتەوە و نە توانای شاردنەوەی ڕاستیەکان و دامرکاندنەوەی لە وزەی کەس دایە.

هەڵبەت بەرز بوونەوەی ئاستی داکۆکی لە ماف و ئازادیەکانی کورد لەو پانتاییە کەم وێنە لە نێو جەماوەری نیشتە جێ شارو گوندی باکووری کوردستان دا ناکرێ بە بێ لە بەرچاو گرتنی فێداکاری و خەباتی بێ وچانی حێزبی کریکارانی کوردستان لێک بدرێتەوە. شیاوە بوترێ لە دەرفەتی گونجاودا ئاماژە بە لاینە کانی ئەم تێکۆشانە بە نرخە دەکرێ.

لە کۆتایی ئەم بەشە دا پێویستە دەسنیشان بکرێ شێوازە کانی ئەنفال، ژنۆساید یان کۆمەڵکوژی لە لاین هەر داگیر کار یا ملهوڕێکی زاڵ بە سەر پارچەکانی کوردستان دا وێڕای هاوشێوە بوون لە کۆی گشتیدا تایبەتمەندی و تاکتیک و هەمبەروەستانێکی تایبەت و جیاواز لە ڕەوشتە کانیاندا بەدی دەکرێ. لە بەشەکانی داهاتوو دا ئاووڕێکی زیاتر لە کرداری دەسڵاتدارانی تاران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدرێتەوە. دیارە ئەم هەڵبژاردنە لە ڕووی ڕادەی نفووسی پارچەکانی وڵات نەک پانتایی زیان و مۆسیبەتە سەپێندراوەکان لە بەر چاو گیراوە.

٨ی ڕەزبەر ٢٧١٣

لە کوردستان نەنفال تەنیا بە کوشتاری دانیشتوان کۆتایی نە هاتوە !

بەشی: ١٦

ڕێکخراوی دیفاع لە مافی مرۆڤی کوردستان: جیاوازی نێوان بەرەڤانی و تێکۆشانی ڕەوا لە گەڵ جرم گەلی تڕۆریستی، ڕێک خستنی دیفاع هەمبەر دەس درێژی و ژێردەستە کردنی بەسەرهات و خەبات بە دژی داگیرکاری و زاڵ بوونی داگیرکەران، دیفاع لە وەلات و مەردم بۆ ئازادی ڕەوا و یاسایی پێناسە دەکا.

ئەم ڕێکخراوە،تێکۆشانی مافخوازانەی باس کراو، و لە ڕوانگەی یاسای نێو نەتەوەیی لە جرم گەلی تڕۆریستی جیای دەکاتەوە. (آوریلی ٢٠١٠ - تاران؛ ٢٥ی خاکەلیوەی ١٣٨٩)

لە مێژ ساڵە دەسەڵاتدارانی ئێران کورد لەم وڵاتە بە تاوانگەلی هەڵبستراو و خۆدەسکرد، کۆمەڵکوژی، زیندان دوور خستنەوە لە زید (تەبعید) لە ژیانی ئاسایی بی بەش دەکەن.

وێرای ئەوە تالانی هەر چەشنە کەرەسەی خاو، داهات و سامانی خۆمالی، کانی ژێرزەوی ئەم خەڵکە بە هەراوی تالان دەکرێ. لە بری ئەم تالانە مەزنە ڕۆژانەیە کەمترین ئاوڕ بە هەڵسەنگاندن لە گەڵ ڕادەی پێڕاگەیشتن بە شارو مەڵبەندە فارس و تورک نشینەکان بۆ لە بەر چاو گرتنی خزمەتی گشتی و دابین کردنی دەرەتانی کار و گوزەران لە زێد و مەسکەنی خۆیان(کوردستان) نادرێتەوە.

بەشێکی بەر چاوی خەڵکی بێ دەرەتانی کورد بەهەر کوێرەوەرییەک پلەی خوێندنی بەرزیان بەدەست هێناوە، لەڕووی ناچاری بۆ کەسب و کار و دەست خستنی ڕێژەداهاتێک بۆ دابین کردنی بژێوی بنەماڵە نەخوازراو پەڕیوەی شارو مەڵبەندی دوور لەکوردستان دەکرێن . ئەوەجیا لەلەشکری بێکاری خەڵکی ئاسایی کوردستان کەزۆربەی کرێکارەوەرزیەکانی تاران و قەراغ ئاوەکانی خواروی ئێران پێک دێنن.

هاوکات خەلکی نامۆ بە زمان، کولتوور و یاگەوانی (جۆغرافیا)ی ناوچە کە بە ناڕەوا وەک بەڕێوە بەری ئێداری بۆ زۆربەی کارو بارە کانی پێوەندی دار بە ژیانی خەڵک لە لاوە ڕا دەکرێن بە دەسەڵاتدار!! وەک ئەزموون بە درێژایی مێژووی سەپاندنی ئەم ڕەوشتە زاڵمانەیە دەری خستوە نە تەنیا ڕاسپاردەی ئەوتۆ قازانجێکی دیارو جێ دەستێکی شیاوی بۆ باشتر کردنی دواڕۆژی ژیانی کورد و وڵاتە کەی لێ بە جێ نەماوە بگرە پاشکەوتوویی مەزن (لە بواری سنعەت، ئاوەدانی و گەشەی ئابووری) دەرئەنجامی بەرنامە بۆ دارێژراوی ئەو سیاسەتە بوە.

زۆر وێنەی سامناکی ئەوتۆ بەدەستەوەیە کە سەرحساو کردنی کوردستان و خەڵکەکەی لە ئاستی خزمەتکاری دەورانی بەردەداری کە مافی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر خاوەن بەردە بە دانیشتوانەکەی نەدرابێ چاوی لێ کراوە.

بەرز کردنەوەی هەر جۆرە دەنگی نارازی بوون و داواکاری هەر مافێک بەرابەر وەستانی یاسای زۆرەملی دەسەڵات لێک دراوەتەوە کە سزای داپڵۆسینی بە دوادا هاتوە.

ئاماژە بە چەند وێنەیێک تەنێ بۆ ئاشکرا تر کردنی گۆشەییک لە ڕەوشتی دۆژمنکارانە هاوکات نزمتر لە سیاسەتی کۆڵۆنیالی ناسراوی سەدەکانی نێوەراست (نەک ئەو کۆلۆنیانە ی ئێستعمارچی سەدەکانی دوایی وەک ئینگلیس لە تایوان)، ڕەنگە بیرهێنانەوەیەک لە قووڵایی سیاسەتی نامرۆڤانەی زاڵی دەسەلاتی فەرمانڕەوای ئێران لە تاران بێت.
بۆ وێنە: تایوان لە گەڵ ئەوەتا ئەم سالانەی دوایی مۆستەعمەرەی ئینگلیس بوو کاتی بە جێ هێشتنی ئێستێعمارچی (ئینگلیس) یەک لەو وڵاتە ئاوەدانەکانی ناوچەکە بە حساب دەهات.

کوردی شاخی و کێویلەی فێردەوسی تووسی (پارسی)، تورکمنەکانی ڕۆژهەلات یا تورکەکێویلەکانی قەراغەکانی وان و فۆرات ی ، کەماڵیزمی تورکی !!و کەماڵیزمی تورکی!!

شێوازی تێفکرین و ئاکاری فەرمانڕەوایانی زۆرەملی لە کوردستان لەوە دەچێ پێشینە و وەک هەڤی دوورو درێژی هاو شێوازی کەم نەبن.

فیردەوسی هۆنەری ناوداری ڕەگەز پەرستی فارس لە کتێبەکەی شانامەدا باسی خۆێنڕێژێکی وەک زۆحاک دەکا کە ڕۆژانە مێشکی سەری دووڵاوی کورد بۆ درێژەی تەمەنی قوربانی کراون. فێردەوسی کارەساتە کە نە لە بەر دڵسۆزی بۆ کورد بەڵکوو بە مەبەستی بێ بنەما نیشان دانی بنە چەی کورد نەخوازراو ڕاستی حاشا هەڵنەگری مێژووی ئەم خەڵکە دەست نیشان دەکا.

بەسەرهاتەکە ئەوەیەکە خۆرشگر" خزمەتکاری بکوژی ڕۆژانەی لاوانی کورد (وێلایەتی فەقێ ئەوکات) بە پێ ڕاوێژی خێر خوازان لە کوشتنی ئەو هەموو لاوە بە ڕێژەی ڕۆژانی پێشتر دەست هەڵدەگرێ.

پاش ئەوە هەموو ڕۆژێک لە کوشتنی گەنجێک خۆ دەبوێرێ و لە حەشارگەییک دائەدەیان دەدا. هەرکە ژمارەی لە مەرگ ڕزگاربوەکان زۆر دەبێ بە وتەی فێردەوسی چەند سەر بزن و مەڕێک یان پێ دەسپێرێ و بە دزی ڕەوانەی شاخو کێویان دەکا بە مەرجێک ڕازەکەیان سەربە مۆر بمێنێ واتە خۆ لە نزیک بوونەوە بە ئاوەدانی بپارێزن.

شاعیر لە کۆتایی چیرۆکەکەیدا ئاکام وەردەگرێ و دەڵێ کوردی ئێستا لە تۆرەمەی ئەو شوانە کێویلە لە مردن ڕزگار بوانە بە حساب دێن کە قەسابی زۆحاک بەزەیی پێیان دا هاتەوهو ڕزگاری کردن.

زیندووکەرەوەی عەجەمان فێردەوسی تووسی وەک ئەوە هەمووکەس وەک فارسەکان و ئارەزووی ئەوان بیربکاتەوە و درۆو دەلەسە هەڵبەستراوەکانیان بێ ئەملاو ئەولا بەڕاست بزانێ پێ خۆش نیە خۆی لە قەرەی ئەوە بدا ئەم گەنجە قوربانی کراوانە چ ئەوانی کوژراو و چ ئەوانە بە قسەی ئەو ڕزگار کراون خاوەنی دایک، باب و بنەچە و ڕەگەزێک بوون کە لە سەر بنەمای بڕیارێکی ڕاگەیێندراو هەموو ڕۆژێک دەبوو کەسانێک لە نێو ڕەگەزی ئەوان قوربانی سەرۆکی جەڵلادەکان (زۆحاک) بکرێ. [هەڵبەت ئەگەر ئەم زوحاکەلەبەنەڕەتدا بوونی هەبووبێ] .

فێردەوسی و پاسدارە مەکتەبیەکانی پاش ئەوە هەر وەک ئاگایان لە وتەکانی یەکتر نەبووبی یان بە ڕادەیێک لە نێو گۆمی دژایەتی کورد دا مەترسی خنکان سەری لێ شێواندبن بە دوای هەڵبەستنی ئەم داستانە لە مرۆڤدۆستی ڕەگەزی خۆیان لە پڕ ئاوڕ لە کاوە (ئاسنگەری) کۆڕ کوژراوی کورد دەدەنەوە کە بەر هەڵبێنەی چەرمی پێش کوورەی ئاسنگەریەکەی دەکات بە ئاڵا و بە دژی زۆحاک ڕادەپەڕێ.

کاوە پاش تێکەو پێجانی دەزگای ستەم و مرۆڤ کوژان بە وتەی فێردەوسی لە بەر ئەوە شکۆی وڵات داری لە ڕگەزی خۆی دا بەدی ناکا و ئەم شکۆ و گەورەییە "قەڕە ئیزەدی" تەنیا لە زاتی فەریدون سەر بە بنەماڵەی فێردەوسی داپەنگی خواردوەتەوە، (وەک ئەو تیشکە نوورە ئاغای ئەحمەدی نژاد ئێدە عا دەکا لە کاتی ئاخاوتن لە نیویۆرک (ڕێکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکان) لە دەورەی سەری هاڵابوو)! ناچار دەبێ دەسەلات دووەستی پێشکەشی خاوەن شکۆ بکا و خۆی و نەتەوەکەی هەتا هەتایە خزمەتکاری پێشەیان بێ.!

ئەوە وەسیەتی تۆمار کراوی فێردەوسی بۆ شاە ڕەزا، مۆحەمەد ڕەزا، خۆمەینی، خامەنەیی و پشتاو پشتی ئەم ڕەگەزەیە تا هەمیشە شەرەفی! " "پاسەوانی سنوور" و خزمەتکاری وڵات زیاتر بە کورد ڕەوا نەبینن.

دەقی بەشێک لە هەڵبەستراوەکەی شاعێری تووس - فێردەوسی. سەردێڕی: پادشاهی ضحاک.

(لاپەڕە ۱۳ - شاهنامه فردوسی متن کامل به تصحیح ژول مل چاپ هفتم ۱۳۸۳ چاپ حیدری. انتشارات بهزاد تهران)

چنان بد که هەر شب دو مرد جوان
چه کهتر چه از تخمه پهلوان
خورشگر ببردی بایوان شاه
وزو ساختی راه درمان شاه
بکشتی و مغزش ببر داختی
مر آن اژدها را خوروش ساختی
دو پاکیزه از کشور پادشاه
دو مرد گرانمایه پارسا
یکی نامش ارمایل پاکدین

دگر نام گرمایل پیش بین
چنان بد که بودند روزی بهم
سخن رفت هر گونه از بیش و کەم
ز بیداد گر شاه و از لشکرش
وزآن رسمهای بد اندر خورش
یکی گفت ما را بخوالیگری
بباید بر شاه رفت آوری
وزآن پس یکی چاره ساختن
زهر گونه اندیشه انداختن
مگر زین دوتن را که ریزندخون
یکیرا توان آوریدن برون

- لە درێژەی ڕاوێژی خێرخوازان بۆ دیتنەوەی چارە سەر و کوشتاری لاوان وەک دەرمانی ئێش و ئازارەکانی پادشا! بڕیار دێتە سەر ئەوە لە باتی دوو لاو ڕۆژانە لاوێک بکوژرێ.

از آن دو یکی را بپرداختند
جز این چاره نیز نشناختند
برون کرد مغز سر گوسفند
بر آمیخت با مغزآن ارجمند
یکی را بجان دا زنهار و گفت
نگر تا بیآری سراندر نهفت
نگر تا نباشی بآباد شهر
ترا در جهان کوه و دشتست بهر
بجای سرش زآن سر بی بها
خورش ساختند از پی اژدها
ازین گونه هر ماهیان سی جوان
ازیشان همی یافتندی روان

چو گرد آمدندی ازایـشان دویست
برآنسان که نشناختندی که کیست
خورشگر بر یشان بزو چند میش
بدادی و صحرا نهـادیش پێـش
کنـون کرد از آن تخمه دارد نژاد
کز آباد نیآید بدل بـرش باد
بود خانهاشان سراسر پلاس
ندارند در دل ز یزدان هراس

وا دیارە پاش ڕاوێژی خێر خوازان ئەرمایل و گرمایل، ڕۆژانە کەسێک لە بەر تیغی جەلاد دەگێڕدرێتەوە، ئامۆژگاری دەکرێ نابێ ڕوو دە ئاوەدانی بکا، شاخ و کێو بەشی ئەو لە ژیاندایە. لە باتی مێشکی ئەو لە مێشکی سەری مەڕێک دەرمانی ئازاری زۆحاک یان خواردنی مارەکانی دابین دەکرێ. بەم شێوە مانگانە ٣٠ لاولە مەرگ ڕزگارییان دەبی. هەر کە ژمارەی ڕزگاربوان دەگاتە دووسەت کەس بە نهێنی چەنسەر مەڕ و بزن یان دەدرێتێ و ملی شاخ دەگرن.

وەک فیردەوسی دەڵێ: ئێستا کورد لە تۆرەمەی ئەم رەگەزەیە کە ئاوەدانی بە چاو نەدیوە. مالەکانیان یەک جێ لە بەرە و پەژم و پووش و پەڵاش ساز کراون، گوێیان بۆ خواش نابزوێ.

خوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتە ڕەشە بۆ کورد تۆمار کراوە هەمدیس بە داخەوە هەر ئێمڕۆ بە چەند قات لە پانتاییێکی بەرینتردا مرۆڤ درێژەی هەمان ڕەوشت ئەزموون دەکا.

لە نێوئاخنی هەڵوێستی دەسەڵاتی تورک بە مەوداییێکی درێژ لە گەڵ سەردەمی ژیانی فێردەوسی هەمان بیرو بۆ چوون بە تۆزقاڵێک جیاوازی هەمبەر کورد و ڕەچەڵەکی بە دی دەکات. تۆرک دەڵێن "کورد تورکی کێویلە و دوور کەوتوو لە ژیانی شارستانین". لێرەدا تەنیا لۆتفی تۆرکەکان ئەوەیە ئەم خەڵکە - " وەحشیە" بە هاوڕەگەزی پاشکەوتووی خۆیان دەزانن کە دەبێ یارمەتی بدرێ بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی شارستانیەتی باپیرانی خۆی واتە تورکەکان!!

سەبارەت بەچۆنیەتی نێودێر کرانی ئەم تورکەکێویلانە بە، کورد، یەک لەبەرپرسانی ئەرکانی سپای تورک بەنێوی "یوزباشی ئۆغوز" ئەم وتەلەکتێبەکانی (مێژووی ڤارتۆ و تورکەکانی نیشتەجێ دەوروبەری دەریاچەی وان و ڕۆباری فۆرات\"

کەلەلایەن ئەرکانی سوپای تورکەوەچاپ کراون بۆ جەماوەرێکی ١٢٠ هەزار کەسی لەشاری ئەرزڕووم بەشێوەی خوارەوەدەگێڕێتەوە.

" لەبەشەبەرزەکانی سەر شاخەکان و لووتکەکان بەفرێک هەبوو، بەهاوێن و زستان نەدەتوایەوە. کاتێک خۆر هەڵدەهات، تونێژی سەرووی بەشەختەبوو و بریقەدار سەر بەفرەکانی دادەپۆشی. سەرەوەی ڕەق و ژێرەوەی نەرم دەبوو.

کاتێک مرۆ بەسەر ئەو بەفرەدا دەڕۆیشت، ئەو شوێنەی پێ پێدا دەنا، ڕۆ دەچوو و دەنگی،، کارت - کۆرت-ی،، لێوەدەهات. لەم سۆنگەیەوەتورکمنەکانی ڕۆژهەڵات بەکورد ناو دەبرێن.

ئەوانەی جودا خوازان بەکورد ناویان دەبەن، ڕاستیەکەی ناوی ئەو دەنگەیەکەلەکاتی ڕۆیشتنی تورکەنیشتەجێیەکانی کوێستانەبەرزەکان و هەرێمەبەفراویەکاندا لەژێر پێیان دەر دەچێت"

سەرچاوە: [ئیمپراتووری ئەیلول، وەشانخانەی زانستی ئەربیل تۆشالب ، ١٩٨٨، ل ٢٦٤- ٢٦٥]، نەقڵ لەکتێبی تورک لەبولغارستان، کورد لەتورکیە، عەزیز نەسین- وەرگێڕانی بەکر شوانی و سیروان ڕەحیم.

٣٠ی ڕەزبەر ٢٧١٣

شێوازەکانی تری پاکتاو لە کوردستان لە قەراغ هێڵی هەمیشە بەردەوامی نەهێشتنی جەستەیی تاک و بە کۆمەڵ:

بەشی: ١٧

١- هەوڵدان بۆ پاکتاوو سڕینەوەی نێوی ڕەسەنی شار: شارۆچکە، گۆند، شاخ، کانی ئاو بەرزایی، شیوودۆڵ بە تایبەت ئەو ناوگەلە کە بۆنەی تایبەتی میژوویی و کوردی یان ئایینی یان پێوە دیارە.

بۆ وێنە: نێوی کرماشان دەکرێ بە "باختران"، هۆرامان بە "اورامانات"، شاە ئاباد کە لە دەسەڵاتدارەتی پهلەوی دا ناوی

پێشووی(هارون آباد) ئاڵوگۆڕ کراوە دیسان بۆ جارێکیتر بە "اسلام آباد" نێودێر دەکرێ. هەر لەم ستانە واتە کرماشان لە سەردەمی پاشایەتی پاڵەویدا نێوی (نەفت خانە) دەگۆڕدرێ بە "نفت شاە". ئەم تێکدانە شاخە کانی کوردستانیش لە خۆ دەگرێ. بۆ وێنە (شاهۆ) دەکرێ بە "شاە کوە"! و.. ت.. د !

٢- تێکدانی ناوەندو ئاسەوارە مێژوویەکانی کوردستان: کەمتەر خەمی ئاشکرا و گوێنەدان بە پارێزگاری ڕاستەقینەی شوێنەواری ئەوتۆ بە پێچەوانەی ئاسەواری هاوشێوە لە شارەکانی جیا لە کوردستان کە پارێزگاری و نۆژەن کردنەوەیان وەک شارەکانی ئەسفەهان و خۆراسان بۆ وێنە لە هەموو دانیشتوانی کوردستان و ئێران ئاشکرایە. بەڵام لە کوردستان نەک تەنیا پارێزگاری پێویست لە ئاسەوارە کۆنەکان ناکرێ زۆرجار ئەگەر ڕاستەو خۆ بۆ لە نێو بردنیان دەست بەکار نەبووبن لانی کەم لە وێران بوون و تاڵان کرانی زۆر ئاسەوار وبێ سەروشوێن کران ڕێگرێکی ئەوتۆ نەکراوە. (بەردەنووس و وێنەی لە بەرد هەڵکەندراوی بە نرخی تەنگیوەر (هۆرامان) کە مێژووی نزیک بە سێ هەزار ساڵەی هەیە تا ئەم کاتە تەنانەت وێنەییکی ئەوتۆی بەڕێکو پێکی لێ بڵاو نەکراوەتەوە. ئاسەوارەکانی کەرەفتوو، قەڵا، و مەهاباد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەک ئەوە سامانی ئەو وڵاتە نەبن پارێزگاری ناکرێن. وێنەی هاوشێوە لە چەشنی بەردە نووسەکەی تەرەغە (بۆکان سەردەمی ئۆرارتوویەکان) و مەڵبەندەکانی تری کوردستان کەم نین.

٣- خۆ بواردن لە پارێزگاری، پەروەردە و پەرە دان بە بووژانەوەی سروشتی کوردستان بە تایبەت لێرەوار و دارستانەکان: بە پێ زۆر ڕاگەیاندن و ڕاپۆرت لاساری لە پاراستن و گوێ نەدان بە ئاورتێ بەربوون و نەمانی ئەم سامانە نیشتمانیە یا هەرنەبی خۆماندوونەکردن لە کاتی ڕووداوی ئاگر تێکەوتن بۆ ڕێگە گرتن لە تەشەنە کردنی زیاتر ووێ کەوتنی زیانی فراوانتر جێگای بۆ ئەگەری ئارەزوومەندانەی نەهێشتنی کانگاکانی داهات و بژێوی خۆمانی کوردستان لە لایەن کار بەدەستانی پایەبەرزی تاران خۆش کردوە.

تالان و ڕیشە کێش کردنی کان و سامانی ژێر زەوی لە بەردی ئاسایی پیرانشارو مەهاباد تا زێڕ (هەوشار). ئامادە لەم دواییانە سەقز. نەبوونی دەوڵەت بۆ بۆنیات نانی کارخانەیێک لەومەڵبەندانەدا کە کەرەسەخاوەکانی لێ تاڵان دەکرێ تا لانی کەمی بژیوێەک بۆ خەڵکی ناوچەکە دابین بکات جێ بۆ شک و گۆمان کردن لە کەمتەر خەمی بە ئانقەست لێژ کردوە.

لە ژێر کارکرد و دەورگێڕانی بە هێند نە گرتنی ژیان و گوزەرانی ئەم خەڵکەیە کە ڕۆژانە لە سنووە زۆرەملێ کانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری وڵاتی کوردان دا لە پێناو دابین کردنی ژەمە نانێک نە هەر گیانی مرۆڤەکان بەڵکوو حەیوانەکانیش بەرەو ڕووی بێ بەزەیی نوێنەرانی خودا لە تاران دەبێتەوە. ئیتر ژیانی کولە مەرگی کووە خانەکان و پەریوەبوونی لاوانی

وڵات بۆ بەندەرەکانی خواروو ئێران ئەوە داستان و بەسەرهاتی بە بەژن و بالا بڕاوی خۆی لە دڵسۆزی دەسەڵاتی ناوەندی ئێران بۆ پارێزگاری لە ژیان و ئاسایش و داهاتووی خەڵک تێدا حەشار دراوە.

هەڵبەت پانتایی کارەساتی ئاگر تێ بەربوونی سامانی سروشتی کوردستان لەوە هەراوترە کە مرۆڤ بتوانێ بە ئەو چەند دێرە بە سەریدا تێ پەڕی، لە بەرنامە دایە لە درێژەد هەر نەبێ لە راستیە شاراوەکانی نێو ئاخنی ئەم زیانە مەزنە بخرێتە بەردەستی خوێنەران.

٤- گوێ نەدان بە پارێزگاری سەرچاوەی ئاوەکان چ لە ژێر زەوی و چ ئەو سەرچاوەگەلە کە توانای خۆڵقاندنی داهاتیان بۆ خەڵکی ناوچە کە هەیە: بۆ وێنە سەرچاوەی "بڵ" لە هەورامان، زرێوار لە مەریوان و گۆلی ورمێ کە پاشتر بە بەڵگە ڕوونتر باس دەکرێ.

٥- پارێزگاری نەکردن لە ژیانی بوونەوەرانی کێوی کە وێنەی دەگمەنی جێهانی تایبەت بە کوردستان و تەنێ لەم وڵاتە بوونیان هەیە: ئاوڵە هێشتنی دەستی سەوداگەر و پیاوانی ڕژێم بۆ کوشتاری زیاتر و لە نێو بردنی نموونە دانسقەکان.

٦- بێ مەیلی بۆ تەرخان کردنی کەمترین بوودجەی پارێزگاری لە سنعەتی دەستکرد: (خۆماڵی کوردستان) کە مێژووی چەند هەزارسالەی پێوە دیارە. بەشێک لەم سنعەتە بەتەواوی لە نێو چوو (سنعەتی دەست کردی کەوشی چەرمی دەست کاری کورد کە تا سالەکانی ١٣٤٠ دەوامی هەبوو. دیارە ئەو بەشە تا ئێستا بە کەمی (وەک کەڵاش، ڕانک و چۆغە، مەوج، جاجم، بەرماڵ (جۆڵایی) و ت..د) لە لایەن خەڵکەوە پارێزراوە خەریکە لە ژێر گوشاری بێ پاڵپشتی دا بەرە بەرە لە فەوتان نزیک دەبێتەوە.

٧- گوێ نەدان بە ئێکۆسیستمی کوردستان بە گشتی: دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی ناڕەزایەتی کاربەدەستانی تاران بەرانبەر ڕوو لە زیاد بوونی سەیرانچی (گەردشگەری لاوەکی). بە پێ ئاماری سالەکانی دوایی خەڵکێکی زۆر لە شارە جیاوەگەزەکانی ئێران سەردانی کوردستان دەکەن وتا دەچێ ئەم ڕێژەیە ڕووی لە سەرهەڵدانە (بەشێک لە ڕووشنبیرانی نێوخۆی کوردستان) پەرە ئەستاندنی ئاور تێبەر بوونەکانی ئێمسالٌ ١٣٨٩بە دوور لە پێوەندی ئەو مەسەلە واتە لە ڕوومەت خستنی سروشتی جوانی کوردستان، بەربەست کردن یا کز کردنی ڕەوتی سەرهەڵدانی ڕوو لە گەشەی ئابووری کوردستان و ناسرانی زیاتری ڕاستیە کانی ئەم سەر زەویە بە پێچەوانەی پرۆپاگەندەی کۆماری ئێسلامی لێک دەدەنەوە کە بە زانیاریەوە پلان ڕێژی بۆ کراوە.

٨- گۆشار بۆ واز هێنان لە دین و باوەڕی ئایینی جیاواز لە ئایینی بە فەرمی ڕاگەیێندراو: دەسەڵاتی ناوەندی ئێران بۆ لە قاڵب دانی بیر و باوەڕی ئایینی ئایین و ئایین زا جیاوازەکان بە شیوازی تایبەت بە خۆی زەخت و گوشاری بەردەوامی لە کوردستان دابەزاندوە.

ئەوە وەک سیاسەتی ڕانەگەیندراو لە ڕێگای ئۆرگانە فەرمیەکانی کۆماری ئیسلامی لە نێو کۆمەڵگادا کاری بۆ دەکرێ، وەک ناچار کردنی کەسوکاری منداڵانی تازە لە دایک بوو بە هەڵبژاردنی نێوی ئیمامەکان و کۆمەڵە نێوی پەیوەست بە فەرهەنگی فارسی و ئایینی دەسەڵات و جاری وا هەبوە ناچار کردن بە گۆڕینی ناوەکان. وێنەی وا لە بەردەست دان کە نێوەکوردیەکانی سمکۆ و سەنگەر بە مەیلی کاربەدەستان گۆڕدراون بە (اسماعیل و ابراهیم). دانی پلە و پایە بە باوەڕمەندانی سەر بە ئایینزای زاڵ لە ولات و هاوکات بێ بەش کردنی باوەڕ مەندانی خەڵکی سەر بە ئایین یا ئایین زاکانیتر لە مافی بەرانبەر. سەرکۆنە و بێ حورمەتی ئاشکرا بە کەسایەتی ئایینی ئایین زا و باوەڕمەندانی ئایینەکانی تر. ڕێگە نەدان بە باوەڕمەندانی ئایینزای شافیعی بۆ سازکردنی مزگەوت و بە جێ هێنانی ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان لەوێدا.(سالانێکی دوور و درێژە خەڵک هەموو ڕێگە یاساییەکان تاقی دەکەنەوە بەڵکوو ڕێگای سازکردنی مزگەوتێک بە خەرجی باوەڕمەندانی شافیعی لە تاران کە بەملیۆن خەڵکیان لە گەڵدایە بدرێ بەلام تا کاتی نووسینی ئەم دێڕانە بەپێ زانیاری هیچ وەڵامێکی ئەرێنی بە داخوازەکە نەدراوەتەوە).

چۆنیەتی جووڵانەوە هەمبەر باوەڕمەند و لاینگرانی ئایینی کوردی یارسان و بێ حورمەتی و نزم ڕەوشتی کاربەدستان و ناچار کردنی ئەم خەڵکە بۆ واز هێنان لە باوەڕی دێرین و خۆماڵی کوردی خۆیان لە مانگی رابردوودا (ئۆکتۆبر ٢٠١٠) لە لاپەڕەکانی ئینتێرنێت بوو بە هۆکاری لە قاودان لە لایەن پرۆفسۆرێکی ئاڵمانی Krjenbrock. بڕوانە لاپەڕەی Facebook- sadigh babaee. هەوان ئاگادارن لە کۆتایی هاوینی ئەمساڵ ١٣٩٢ بێ حورمەتی بە بەند کراوێکی کوردی یارسانی باوەڕ، لە زندانیکی هەمەدان و تاشینی زۆرەملی سمێڵی ئەم تاکە وەک بێ ڕێزی بە ئایینەکەیان، خۆ سووتاندنی چەندکەس و خۆپیساندانی ناڕەزایەتی لێ کەوتەوە.

٩- بەربەست کردنی دەرەتانی هەڵبژاردنی ناوی کوردی و دڵخواز بۆ منداڵانی کورد: لە کاتی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی تا ئێمڕۆ فەرهەنگی ناو لێ نانی منداڵان بە ڕێژەیێکی بەرچاو عەربی و فارسیزە کراوە.

ناوەکانی وەک: مجتبی، زینب، سمیە، و.... بە ڕێژەییێکی بەرچاو زیاتر لە دەورانی پاشایەتی تێکەڵی ژیان و کۆلتووری ڕەسەن و دڵخوازی کورد کراوە!!

١٠- پلان ڕێژی بۆ گۆڕینی شێوازی ئاخاوتنی زمانی ڕەسەن و خۆمالّی: (کوردی) وەک زمانی ملیۆنان کەس لە دانێشتوانی ڕەسەنی ئەم وڵاتە. دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ناوەندی لە ئێران لە یەکسەت سالّی دواییدا بە شێوازی جۆراو جۆر هەموو هەوڵی خۆیان وەگەڕ خستوە تا هەرچی زیاتر ڕەسەنایەتی میژوویی زمانی کوردی و جیاوازیە مەزنەکەی لە گەڵ زمانی فەرمانڕەوا بەرەو کزی و لە بنەڕەت دا شێواندن بەرن ، بە داخەوە نابەچێ نیە ئەگەر پێداگری بکەین ئەم سیاسەت و ڕەوشتە نا سەردەمیە بە ڕێژەییکی بەرچاو سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. ڕێگە نەدان بە خوێندن و پەروەردە بە زمانی ڕێژەییکی نزیک بە دە ملیۆن نفووسی کورد وبە زۆرەملی ناچار کردن یان بە درێژەی خوێندن بە زمانی نامۆلە قوتابخانەسەرەتاییەکان ناکرێ جیا لە شێوازی ناسراوی پاکتاوی ڕەگەزی یا ئەنفالی زمان لە قەراغ شێوە تونڈ و تیژیە خوێنبارەکانی ئەنفالی فیزیکی لێک بدرێتەوە.

١٨ ی خەزەڵوەر ٢٧١٣

بەشی: ١٨

حەولی دەسەڵاتدارانی ئێران (پاڵەوی و کۆماری ئیسلامی) بۆ چەواشە نیشان دانی پلانی ئینکار و پاکتاوی ڕەگەزی و نیشتمانی کورد:

هاوەنگی کورد لەم پێناوە دا!

بە پێ پەسەند کراوەکانی کۆنوانسیۆنی ژێنۆساید، ئەوە ژێنۆساید لە کۆمەڵ کوژی لێک جیا دەکاتەوە ژمارەی کوژراوەکان نیە، بەڵکوو دەس بە کار بوون یان نیەتی دەکار کردنی ئیرادە بۆ هەستانی بە کردەوە لە لایەن کەسانیک بۆ لە نێو بردنی تاکە کانی گروپی دیاری کراو واتە خۆڵقاندنی جێنایەتە.

کۆماری ئیسلامی، هەروەها دەسەڵاتدارانی پەهلەوی بە زانابوون بۆ پێش گرتن و نەچوونە ژێربراری تاوانی ناسراوی نێو دەولەتی پەلامارەکانیان بۆ سەر کورد و نیشتمانەکەیان وەک کورد و کوردستان بە فەرمی ڕانەگەیاندوە. ئەوەیە کە زۆر جار تاوانگەلی سیاسی، وە پاڵدانی تاوانی بەسراوەیی بە بێگانە، تێرۆر و نائەمن کردنی ژیانی هاولاتیان و ت.د دووپات کراوەتەوە. لە پەنای هەڵبەستنی نێو و ناتۆرەی لەم چەشنە هم مەبەستە نامرۆڤانەکانی خۆیان بە ئاسوودەیی درێژە پێ

داوە و هەم ئەگەری وەپاڵ دانی تاوانی ژێنۆساید - یان لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بەرتەسک کردوە.

لەم چوار چێوەدا بە پێش گرتنی سیاسەتی هەڵە و یارمەتی ناڕاستەوخۆ قوربانیەکان واتە کورد و لە سەرووبانەوە کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسیە خەباتکارەکانی هاریکاری داپۆشینی پلانی فەوتاندنی خۆیان وەک کۆمەڵگای "میلی، قەومی ئێتنیکی یا دینی "لە لایێک و هاودەنگی پێشێلکاری یاسا نیودەوڵەتیەکان لە لایەن دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی تاران بە دژی خۆیان بوون.

شیاوە بوترێ ئەگەر نازیەکانی ئاڵمان جوە کان نە بە خاتری ئەوە کە جوو بوون بەڵکوو بە بیانووی دژبەری سیاسیەوە کوشتار کردبا ئەو کارەساتە ژێنۆساید بە ئەژمار نەدەهات، هەروەک ئەوە دەوڵەتی تورک حەول دەدا کوشتاری ئەرمەنیەکان بە بیانووی یارمەتیدان و پاڵپشتی دوژمن و دژبەری سیاسی بقەبڵێنێ. ئەوەیە تائێستا پاش نزیک بە سەت ساڵ تورکەکان بۆ بەلاڕیدا بردنی یاساوانان پاساوە کۆنەکان دووبارە وەرد دەدەنەوە.

ئەگەر کورد یان ئەرمەنی بتوانن لە بری بە ملیۆن نەفەر قوربانیانی نە تەوە کانیان هۆکاری فەوتاندنی هەزار کەس لە قوربانیەکان بە تاوانی ئەرمەن یا کورد بوون یا باوەڕی ئایینی جیاواز بسەلمێنن بە پێ کۆنوانسیۆنی نێو نەتەوەیی مافی مرۆڤ ژێنۆساید دەژمێردرا.

کورد بە گشتی و ڕێکخراوە سیاسیەکانی بەتایبەتی تا ئێستا نەیان توانیوە لەم بوارەدا ستراتژیەکی هاوبەش بکەن بە بنەمای بەر پەرچ دانەوەی ڕێوشوێنی پاکتاوی گشت لاینی خۆیان لە لایەن ملهورانی حاکم بە سەر کوردستاندا. ئەوە دەستی تاوانی بە درێژایی لانی کەم یەکسەت ساڵی ڕابردوو بۆ دابەزاندنی سەرەڕۆیانەی ویست و ئارەزوەگلاوەکان بە پانتایەکی تادێت هەراوتر ئاوەلە کردوە. پێش چوون تا ئەو ڕادەیە لەم بوارە دا هاسان کاری بۆ دەکرێ کە نواندنی بێ بەزەیی و بێ ماف کردنی هەرچی پتر بەرهەمی سەرنەویکردن و کێ بەرکی زیاتری لە ڕەوتی خۆ بە بزیکتر نیشان دان لە جەلادی لێ کەوتوە تەوە.

بۆ وێنە پاش تێک قرمانی دەسەلاتی پەهلەوی و دامەزرانی کۆماری ئیسلامی سەردەمێک کورد حەولی ئەوەی دەکار کرد بە نەیارەکەی بسەلمێنێ تەسلیمی خواست و ئارەزوی ناڕەوای ئەوان نابێ. بە تێپەڕینی کات هەرچی دۆژمن بە ئەزموونتر دەهاتە پێش، کورد زیاتر پاشەکشەی دەکرد ئەوە نەیاری کوردانی هار و هارتر دەکرد. پاش تێپەڕکردنی نزیک بە ٣٢ ساڵ کورد لە چاو نرخێک کە داویەتی نەک سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە بگرە زیاتر لە دەورانی دەسەلاتە نەیارەکانی

پێش کۆماری ئیسلامی ڕەسەنایەتی فەرهەنگی، هەروەها تەسلیم کردنی زمانی پاراوی کوردی بە ئالۆگۆڕو ئاخاوتن بە تێکەڵاوێک لە چێشتی مجێوری فارسی کوردی تا سنووری ڕازی بوون بە گەڕانەوە بۆ باوەشی ملهۆڕ بە مەرجی ڕێگەپێدران بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنێک کە هەموان شێوەکەی لە ئێرانی ئێمڕۆدا ناس دەکەن بەرەو تەسلیم بوون پێش چوە!!

هەر کەس چاو لە گۆڤاری "تلاش" و ئەو بڕیارو بۆ چوونانە هەمبەر کورد و خواستە مرۆڤیەکانی بکات ئەو کات زیاتر لە جەوهەری بیری هاوبەشی کۆماری ئیسلامی و نەیارە جیابیرەکانی سەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا بۆ وەشاندنی گورزی یەکجاری لە سەری کورد و داوخوازیە کانی تێ دەگات.

دەبێ بە ئەمانەتەوە پێ لە ئازایەتی، سیاسەتی ڕوون و دوور لە ڕایی هەموو تۆڕێو چینە کانی سەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا چ دەسەڵاتدارانی جێگیر لە تاران و چ ئەوانە لە لێباسی نارازی و ئالۆ گۆڕ خوازی نێو خۆو نیشتە جێ ئۆروپا و ئامریکا بەرانبەر کورد و ڕێگە پێ نەدرانی دا بگرین. ئەوان نە بۆ خۆیان و نە بۆکەس گۆشەیێک لە شک و گۆمانیان نەهێشتوەتەوە کە بە پێچەوانەی تێفکرین و داواکاری هێندیک لە خەباتکارانی کورد بە تەسلیم بوونی یەکجارەکیش لێمان ڕازی نابن.

ئەگەر بە سەدان جاریتر "گۆنگرەی نەتەوەکان" پێداگری لە نیوی خەلیجی فارس بکا دەبێ لە بری ئەوە ناوی نەتەوە وەک وشەی قاچاخ ی لە خۆ ناوە سزا بدرێت. فێدراڵی ئیتر جارێ ئەوە هەر لە لایەن تاکی ئێرانی نیشتەجی ئامریکاوە بگرە تا ئەوروپا لە بەر بێ ڕێزی بە "ئیران بزرگ" جەزای خائینی بێ ئەملاو ئەولای نەگۆڕە . بۆ بەر پەرچ دانەوەی هەر چەشنە خوار چاولێ کردن لە سنووڕەکانی "ایران عزیز" پێویست بە خۆماندووکردنی ئاغای خامنەیی یا خۆ تێ هەڵقورتاندنی نەیارانی نێووخۆیی دەسەڵاتی تاران ناکات.

بەڕێزانی چریک، سەلتەنتخواز، تووەیی، ئەکسەریەتی، کۆماریخواز، ڕزگاریدەرانی چینی کرێکار تا هونەر پێشە و جۆک وێژ و خۆفرۆشی گەڕەکەکانی واشنگتۆن دیسی بە ئەرکی نیشتمانی ولاتی پێرزە {فارس} شارەزان. زمانی فارسی، تەمامیەت ئەرزی و یەک پارچەیی وڵات فەتوای ئیمامی زەمانی لە پشت دایە.

کورد ئێرانیە، ئەوە نیە نێوی شارێگاییک، کەشتیەک و دەڵێن تەیارەیێکیش نراوە" کوردستان" ئەوە نیە زمانی فارسی بۆ هەموانە. پەیمان نامەی مافی منداڵانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کە دەڵێ:

"منداڵان دەبێ بە زمانێک بخوێنن کە دایک و باوک، برا، خوشک و کەسوکاری خۆیان پێوەندی بە یەکەوە دەگرن. و دەوڵەتەکان ئەرکی سەر شانیانە لە ناسنامەی فەرهەنگی منداڵ پارێز گاری بکەن، لە بەر ئەوە مادەی بنە ڕەتی بۆ گەشەی منداڵ ناسنامەی فەرهەنگیە"! وەرگیراو لە (کلر تۆماس یەک لە لێکۆڵەرانی ڕاپۆرتی SIP گروپی نێو نەتەوەیی مافی کەمینە لەندەن بە یارمەتی یونێسیف ٢٠٠٩)... کە وایە دایک و باوکی منداڵی کورد بۆ ئەوە منداڵەکانیان لە گەشە و سەرهەڵدانی ئاسایی بێ بەری نەبن دەبێ حەول بدەن فارسی لە گەڵیان بدوێن. ناوی فارسی یان بۆ هەڵبژێرن. کورد نابی بە دەستی خۆی کارێک بکا لەم کاروانە پڕ لە خێر وبەرەکەتە چاو پۆشی بکات؟! پارێزگاری لە نێوی خەلیجی فارس لە پارێزگاری زمان و ڕەسەنایەتی فەرهەنگ و ناسنامەی کوردی، مافی پەروەردەی منداڵی کورد بە فەرهانگی دەوڵەمەندی خۆمانی تا ڕادەی ئاوی خواردنەوە پێویستتره !!

خوێنەری ئازیز راستی ئەوەیە کاتێک کورد بۆ خۆی لە هەر فارسێک بە ئێرانیتر دەزانێ دەبێ لە پێناو ئەو ئێرانە دا کە فارس بە درێژایی سەرکوتی ئاشکرای کوردان دەسەڵات دارەتی بە سەریدا بۆ خۆی پاوەند کردوە قوربانی بە بێ ماف و مزی هەڵەکاریەکانی خۆی بدات، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا کورد بە پەسەندی ژێردەستەبوونی تاران و رازی بوون بە سنوورە زۆرە ملیە دەسکردەکەی دەرەتانی مل درێژ کردنی بێ قیڕەی بۆ قاتڵی لاوان و تاک تاکی چین و توێژەکانی نفووسی کورد بە هەر باوەڕیەک ساز و تەیار کردوە!

کاتێک ئێمە دابە شینی زۆرە ملی خاکی کوردستان نیشتمانی میژوویی خۆمان بە داکۆکی لە پاراستنی سنووری ئێران تا ڕادەی کەمو زیاد کردنی هەر وشەیەک بە هەر گۆشەیکی ئەم خاکە دوژمنەوە (خەلیج) پەژراندوە، هەر لەو کاتە دا مافی دیاری کردنی هەر جۆرە چارە نووسێکی ئەوتۆ کە فارس و هاو بیرەکانی پێمان ڕەوا دەبینن بە ئەوان بەخشیوە.!!

٣ی سەرماوەز ٢٧١٣

بەشی: ١٩

نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ - ١٩٨٢ لە ماوەی نزیک بە چوار ساڵدا لانیکەم ١٤ جار کۆمەڵکوژی لە شاروگوندەکانی کوردستان بە هۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕوویداوە. لەو کۆمەڵکوژیانەدا بە سەدان کەس کوژراون.

لیستەی ١٠٢٦ گولەباران کراوی کورد بە دەستی پاسدارانی تاران، ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٦٨ لە بەر دەست دان.

دەسەڵاتدارانی ئێران هەبوونی ڕەگەزێک بە نێوی کورد لە پانتایی وەڵاتێک بە ناوی ئێران بە فەرمی ناناسن! هەر بۆیێ کورد مافی هەڵبژاردنی نێوی کوردی بۆ منداڵی تازە لە دایک بوو و خوێندن بە زمانی کوردی لێ یاساغ کراوە. یاسا نێوێک بۆ منداڵ بە فەرمی دەناسێ کە لە "فەرهەنگ لۆغەتی فارسی" دا بوونی هەبێ.

ڕەچاو کردنی ئەم سیاسەتە و دابەزاندنی بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتی پەهلەوی یەکەم ودووهەم هەروەتر کۆماری ئیسلامی بە هێنانە گۆڕی ئاستەنگی هەراوتر مانا و نێوەرۆکێکیتری بە جیا لە هەوڵدانی فەرمی و یاسایی بۆ پاکتاوی فەرهەنگی کوردی تێدا بە دی ناکرێ.

کاتێک ئیدارەی ئەحوالی مەدەنی (ثبت احوال) بە پێ یاسا تۆماری هەر داخوازێکی باب و دایکانی کورد بۆ هەڵبژاردنی نێوی منداڵەکانیان تەنیا بە مەرجی هەبوون لە نێو وشەنامەی فارسی دا وەلام دەداتەوە واتەیەکی لەوە زیاتر ناگەیێنێ کە هەر تاکێک دەبێ ڕەزاو مەیلی سەربزێوانە بۆ هەڵ بژاردنی فەرهەنگی فارس و لەبێر کردنی نێو و ڕەسەنایەتی خۆی پەسەند بکات!

پاش ئەوە نێوی نامۆ بە سەر منداڵی تازە لە دایک بوو بە فەرمی و لە بەڵگە نامە کاندا هاتە نووسین و ناودێر کران لە کۆڕو کۆمەڵدا. بەرە بەرە بە هەڵ کشانی تەمەن نۆری چوون بەرەو باخچەی ساوایان لە سێ و چووار ساڵی دەگات. (هەڵبەت باخچەی ساوایان لە شارەکان هەیە).

منداڵی بەخت وەرگەڕاو ئەمجارەیان بەرەو ڕووی وشەی جیاوازتر لە هی نێو ماڵ دەبێتەوە.

گریان و شیوەن ئەنجامێکی نیە قەدەرەی فەرزکراوە و دەبێ باب وکاڵ تێێ بگەیێنن ئەوە فەرموودەی مامۆستایە و ئەو دەبێ فێری ببێ.

هەر لێرەوە شەڕی دەروونی منداڵ دەگەڵ خۆی و بەسەرهاتی شێواوی دەست پێدەکا. لە چوار چێوەی ماڵ شتێک و لە مەدرەسەو خوێندنگە شتێکیتروەک زمان بە خۆردی دەدرێ. "فارسی صحبت کنید!"."فارسی را بدون لهجه صحبت کنید". "ما همه ایرانی هستیم. ایران وطن ماست. زبان ما فارسی است. برای حفظ وطن و زبان خود باید کوشا باشیم. تا آخرین

قطره خون باید در حفظ وطن خود ایران بکوشیم "ئەوە فەرمانگەلێکن هەموان دەبێ بە مێشکی بسپێرن. نەکوو لەوە بەدەر ئاوەزی منداڵانەیان بەرەولاییێکی دی بسووڕێ.

لە درێژەی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی دا منداڵ بەپێ گەڵاڵەی دەسەلاتی فەرمانڕەوا مێژووی چەواشە و تێکدراو بە پێ ویست و ئارەزووی نەتەوەی سەردەست، فەرهەنگی دژ بە نەتەوەی منداڵی کورد، ئایین و زۆر بابەتی تری پێچەوانەی نەتەوەکەی گۆش دەکرێ و بە زۆری زۆرداران هەر چەند پێچەوانەی ڕاستی مێژوو و دایکزادی بێ ئەوە گۆڕینێک لە بە سەرهاتی حوکم کراوی ئەدا پێک ناهێنێ.

کە تەمەنی لاوی ئا بەم شێوە پەروەردەکراو گەیشتە سنووری ١٨ ساڵی ئەوە ئەرکی سەربازی بۆ "وطن" دەستی ماچ دەکا. گرنگ ئەوە نیە پێ خۆش یا ناخۆش بێ. ئەمە ئەرکە و دەبێ بە جێ بهێندرێت.

لە یەکەم کاتژمێری خۆناساندن دا هەر کە دەرکەوت تاکی ئامادە بە "خزمەت"!! خەڵکی ناوچەیەک بە نێوی کوردستانە، ئەوە پلە یەکی تر لە موسیبەتی کورد بوون دەست پێدەکا. "کوردە و جێ متمانە نیە. مەسڵەحەتی وڵات لەوەدایە بۆ دوورترین شوێن فرێی دەن تا ببێتە ئادەم (تا آدم شود). ئەوە بە واتای تێکەڵ بوون لە گەڵ ڕەگەزی فەرمانڕەوا، لە بیر کردنی شاخ و هەواو هەوەسی بیری نەتەوەیی کوردی و لە ڕاستیدا پەروەردەی بوونەوەرێکی کێوی بە مرۆڤێکی شارستانی وەک خۆیانە!! و بە مەرحەمەت و گە وریی مرۆدۆستانە بۆ نەجاتی بەشەریەت سەرجێسابی دەکەن. بەڵام لە ڕوانگەی ئەوانەوە کوردی کێوی فامی پێ زانینی ئەو مەزنایەتیە بەرانبەری دەکرێ نیە. بۆیی دەبێ دژوارترین کەرتی ڕۆژانە، نزمترین کاروباری سەربازخانە بەڕێوە بەرێ سەربزێوی واتەی دژبەری یاسا و فەرمانی دەولەت و سەرهەڵدان بۆ تێکدانی بنەمای وڵات لە سەری حساب دەکرێ کە سزای زێندان و جەزای دژوارە ئەگەر لە کوشتن ڕزگاری ببێ. لێرە دا زانست و پلەی خوێندەواری لە ئەگەری کورد بوونداد دەور ناگێڕێ. دەوری سەرەکی مل کەچ بوون بە قەدەر و ئەنجامی فەرمانە تاقەت پڕووکێنەکانی فەرمانبەران بێ سێ و دوو کردنە.

ئەگەر هەموو شتێک بەخێرو خۆشی لە دەورانی "خدمت مقدس سربازی"! تێ پەڕ ببێ، ئەوجار نۆرەی حەولدان بۆ دامەزران و دابین کردنی ژیان دێت کە خۆی دەسپێکی سیکڵێکیتر لە مەینەت و ئازاری کوردبوونی تێدا سەر بەرز دەکاتەوە.

جارێ دەبێ ناوەندی پاراستنی وڵات دەنگ لە سەر ڕابردوو و هەڵسو کەوتەکان لە گەڵ کۆی ئەندامانی بنە ماڵە، دوور و نزیک (خزم و خوێش) بدا تا بزانن چەند لە ڕێبازی پاراستنی ئاسایشی وڵات و بەجێ هێنانی بڕیارە کانی دەسەلاتدا

کۆشا و قاڵ بووی خەتی سیاسی ڕێبەری مەزن بوون. بوونی بێ نرخ ترین ڕاپۆرتی نێگاتێڤ هەموو ڕیسێک دەکاتەوە خوری و بۆ سەرتاسەری ژیان دەبێ ئێش و مەینەتی بێ بەری بوون لە ژیانی ئاسایی تەنانەت لە دەرەوەی دەزگای ئێداری (کاری دەوڵەتی) بە بار بکێشێ و لە هەر بۆ نەیەک دا وەڵامدەری، س . ج - کان بێ. ئیتر بێ بەری بوون لە هەر فرسەت و شانسێک وەک تاکی خەڵکی وڵات ئەوە باس هەڵ نەگرە.

لەم وڵاتەدا کورد لە ئێدارەی دامۆدەزگای سەرزەوی خۆی بێ بەش دەکرێ و لە دیاری کردنی سیاسەتی وڵات دا پلەو پایەی دەورگێڕانی پێ ڕەوا نابیندرێ!!

لەم پێناوەدا نە تەنیا هەوڵ دەدەن دەرەتانی گەشەو سەرهەڵدانی فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردی بەر بەست بکەن، تواندنەوەی زمانی کوردی (فارسیزە کردن) و سەرکوتی بیری نەتەوەیی دەخرێتە ژێر گوشاری بێ بەزەییانە و داری ئێعدام و پەتی سێدارە هەردەم بەرەوڕووی داکۆکی کاری کورد دەکرێ؟!

نیشان دانی دژ کردەوەی تاکی کورد، ئامادە نەبوون بۆ بێدەنگە کردن و تەسلیم نەبوون بە قەدەری داسەپێنراو واتای چوونە ڕیزی تڕۆریستان و چاوە روانی پەتی سێدارە و گولە باران پاش زیندان و ئەشکەنجەیە کە بەداخەوە ژمارەی ئەم کەسانە تووشی بە سەرهاتی ئەوتۆ بوونە هێند زۆرە لێرەدا هێنانی نێویان لە توانا دا نیە. لاپەرەی ڕۆژنامە و گۆڤارو ڕاپۆرتی ناوەندەکانی مافی مرۆڤی بێ دەسەڵات و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆن بە بەرەکەتی پێش کەوتنی تکنیک ئێستا توانای شاردنەوە و ئێنکاری وەک ڕابردوونە هێشتوە.

هێرشی لەشکری ئێسلامی بە ڕێبەری ئیمام خۆمەینی!! ئەمجارەیان لە کۆتایی سەدەی بیست لە تارانەوە بەرەو کوردستان نەک لە شێوە دوورگەی عەربستان لانی کەم قڕان تێێ بەردان و کوشتاری بە کۆمەڵی چواردە جار جێ حاشا و ئێنکاری بۆ کەس نەهێشتوەتەوە. لەم کۆمەڵ کوژیانە دا بە سەدان کەس بوونە قوربانی کە نێوی ٢٤٢ کەس لای نووسەری ئەم بابەتە پارێزراون. لە درێژەی سیاسەتی ئاماژە پێ دراو و هێرش و پەلامارە فەوتێنەرەکانی دامو دەزگای کۆماری ئێسلامی لیستەی ١٠٢٦ کەس گولە باران کراو لە ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٦٨ لە بەردەست دان هەر چەند ڕێژەی گولەباران کراو و کوژراوە لاوەکیەکان بۆ دەیان هەزار (بەپێ ئاماری ڕێکخراوەسیاسیەکانی کوردستان - حێزبی دێمۆکرات) بەرز بوەتەوە.

بەشی: ٢٠

فریدون تـوللی (١٢٩٨- ١٣٦٤ شـاعیر، شـیرازی) پـێش منتظـری و کروبـی سـەبارەت بـە نـزم ڕەوشـتی و بـێ ئـەخلاقی فەرمانڕەوایانی پێشووتری تـاران وەها دەڵێ:

گر واکند حسار قزل قلعه لب به سخن
گوید که پیش چشم تۆچەبا همسرت کنند

شارون گەڕۆکی بە نێو بانگی فەرانسەوی ئەزموونی خۆی لە ئێران وەها باس دەکا:

"متقلب و بزرگترین متملق عالم هستند، به غایەت دروغ گو...

کتێبی نجات - محمد علی ایزدی - ساڵی ٦٢

جمالّ زادە: "برای حل وفصل معظلات امورو مشکلات تنها به سه طریقه معتقدند که عبارتست از:
سرهم بندی، ماست مالی، ساخت و پاخت

"کتێبی خولقیات ما ایرانیان"

عبید زاکانی: دروغ و تقلب نیز شاید در میان هیچ ملتی این چنین ڕایج نبوده باشد"

سازگاری ئیرانی لاپەڕە ٢٧٤ - بازرگان

ئەوە وتەی: نووسەر و چەند تاکێکی هاوڕەگەز یا ئۆگری دەسەڵاتی ناوندی لە تاران، هەروەها گێڕانەوەی گەڕووکی بیانی بوو کە لە نزیکەوە وەک بەرهەمی ئەزموونی خۆی لە هاتوچۆکاندا تۆماری کردوە.

قائم مقام فراهانی ڕاوێژکار و سەدرئەعزەمی قاجارەکان ١١٩٣ - ١٢٥١ فەرماندەر و هاوبیری فەرهاد میرزا قاجار بۆ کوشتنی سەرۆکەکانی هۆرامان زات و ویستی دەروونی خۆی بۆ دوژمنایەتی بەرانبەر نەتەوە جیاوازەکان بە شێوەی خوارەوە ئاشکرا دەکات: دیارە محمد شا قاجار ساڵی ١٢٥١ ه.ق فەرمانی خنکاندنی (فەراهانی) کە دەستی بااڵی لە گەیشتنی خۆی بۆ سەر تەختی شایی هەبوو دەرکرد.

آه از این قوم بی همت و بی دین
کرد ری، ترک خمسه، و لر قزوین

کورد بەرەو ڕووی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆیە کە تاکەکانی بە شێوازی فەراهانی پەسنی دەکەن.

بۆ فام کردنی جۆری تێفکرین و خۆ بواردن لە دووپات بوونەوەی دەیان هەڵەی مێژوویی کورد لە بەرانبەر دەسەاڵتی زاڵ وخاوەن بیری وەک میرزا ابولقاسم قائم مقام فراهانی (خەڵکی ئەراک) و نەسڵێ پاش خۆی بە سەر ڕۆژهەاڵتی کوردستاندا بەر لە هەر چەشنە دانووسان و ئاخاوتنێک چ سیاسی، ئابووری و بگرە بۆ هەر مەبەستێکیتر شیاوە تاک و ڕێبەری سیاسی، یا هەر الیەنەکی ئابووری و کۆمەاڵیەتی پێشەکی بە تێ ڕوانینەوە تۆزە ئاورێک لە ڕابردووی بەرانبەرە کەی و تایبەتمەندی و جۆری تێڕوانینی بەرانبەر خۆی و نەتەوەکەی بە گشتی بداتەوە.

لە ئاکامی هەنگاو نانێکی ئەوتۆدایە نە فەرمانە خوێنبارەکەی ٢٨ گەالوێژی ١٣٥٨ خۆمەینی تووشی شاڵەژان و زیانی مەزنمان دەکا و نە دانیشتنە سیاسیەکەی ویەن و برلین*!! سەرسامی، خەمباری و داخ و کەسەری بێ بڕانەوەمان بۆ بە جێ دەهێڵێ.

خۆ بواردنی کورد بۆ ناسینی نێوەرۆکی کورتە ئاماژەکانی سەرەوە بە درێژایی مێژووی جیرانەتی یان بە زۆر پێکەوە ژیانی کورد لە گەڵ نەتەوەی فەرمانڕەوا هەر وەک تاکەکانی خۆیان پەنجەی ئیشارەتیان بۆ ڕاداشتوە بە داخی گرانەوە لە الیەن کوردەوە وەک ڕەوشتێکی ئاسایی سەیر کراوە، ئەوەتا لە چەند ساڵی دوایی دا ئاوڕی تەشەنەی ئەم ڕەوشتە بۆ الی ناڕازیانی هاوبیرو هاو مەزەوی خۆشیان قووڵتر لە هەر ساتەوەختێکی مێژوو پەرەی ئەستاندوە.

لە گەڵ ئەوە کورد وەک ماران گەستوو مافی ئەوەی نیە بە هیچ الییکیان متمانە و باوەڕێ هەبێ، ئەگەر تۆزقاڵێک تۆمارگەی میشکی خۆی وەرد بداتەوە نابێ بە خۆی ڕێگا بدا جیاوازیە ڕووالەتی و دەسەاڵت خوازانەکەیان بە بەنگەی

متمانە وەر بگرێ و وەک ڕابردوو بە سەر هەواری هاڵی دا بکەوێ.

با وێنەیەک لە هاو فکری و هاوڕەنگی دزێوو فریودەرانەی کەسایەتیەکانی ئەم ڕەگەزە کە زۆر ئاشکرا بانگەواز دەکرێ پێکەوە بە سەر بکەینەوە. بە سەر کردنەوەی پەرۆشی بێ سنووری لە مەترسی کەوتنی دەسەڵاتی سەدان ساڵەیان. هەڵبەت ئەم تێ ڕوانینە خاڵی هاوبەشی هەموو چێن و تووێژێکی دژ بە یەک و ناسازگار پێک دێنێ.

لەم پێوەندیەدا شاهی، کۆمۆنیست، ئیسلامی، لیبرال و.ت.د بە پاراستنی هەڵوێست و بۆچوونە تایبەتەکانی خۆیان بۆ قەبزەی دەسەڵاتی سیاسی، هاوکات بە دژی سەربەرز کردنەوەی هەر لاینەکی جیا ڕەگەز یەک گرتنی "ئۆتۆماتیک" مسۆگەر دەکا.

سەرەتا لاینەکانی نێوخۆ (دەسەڵاتداران و دژبەرەکانیان).

١- ڕێبەری هەردوولایان خۆمەینی و بیرو بۆچوون و هەڵوێستەکانی سەرچاوە و حەکەمی ڕاست و ناڕاست و یاسا پەروەر و دژە یاسایە، (خمینی مرجع عالیقدر) بۆ "سەرانی فتنە" و" سەرانی کودیتایە".
٢- یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەردوو لا بەڵگە و پەناگە دەژمێردرێ.
٣- ئیسلام و وێلایەتی فەقێ ڕۆگەی باوەڕ و جۆری دەسەلاتی خوازراوی هەردوو باڵە.
با وێکرا ئاوڕێک لە نێوەرۆکی فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژ - خۆمەینی بدەینەوە تا بزانین بیر و تێفکرینی ئەم بڵێمەتە کە لایەنی دەسەڵاتدار و باڵی دەسەڵات لێ ئەستێندراوی ئۆپۆزسیون بە قیبلەی چارەسەری دەزانن لە چ ئاستێکی ئێنسانی و بەرزدا سەیری ئۆمەتی ئیسلامی بە تایبەت "هاوولاتیانی کورد"!! دەکا.

تێڕامانێکی کورتی نێوەرۆکی تاکە بەیتەکەی فەراهانی سەدر ئەعزەمی قاجارەکان و فەرمانە خوێنبارەکەی خۆمەینی بۆ هێرش و پەلاماری کوردستان کە جەنابی مووسەوی سەرۆک وەزیرانی خۆمەینی و جەنابی کەروبی دامەزرێنەری "بۆنیادی شەهید"، لە ڕاستیدا بۆنیادی بکوژو قاتڵانی کورد کە ئەوکات لە هاودەستە نزیکەکانی بوون، نزیک بە ١٢٥ ساڵ پێش تا ئێستا درێژەی یەک سیاسەت و ئامانج زیاتر نیە.

خومەینی لە فەرمانە کەیدا وەک ڕێبەرێکی ئایینی تەکلیفی شەرعی خۆی شێ ناکاتەوە بەڵکوو بڕیار و فەرمان هەم بە نێوی خودا و هەم بە نێوی سەرجەم پەیڕەو و لاینگرانی دەردەکات.

"از اطرف ایران گروههای مختلف ارتش و پاسداران و مردم غیرتمند تقاضا کرده‌اند من دستور بدهم بسوی پاوه رفته غائله را ختم کنند".

خۆمەینی باسی ئەوە ناکا ئەم غائلە چییە کە ئەرتەش و پاسداران و مەردمی غیرەتمەند! ناچار بە داخواز بۆ سەرکوتی لە ئیمام!! بوون. نێوبراو نە باسی سەرچاوەی زانیاری هێزە چەکدارەکان لە "اطراف ایران" دەکا و نە ئامادەیە بۆ دڵنیایی لە ڕاست و ناراست بوونی هەوالەکان شک و گۆمان بکات!!

ئەرکی ئیمام! هەر ئەوەندەیە سوپاسی داواکاران بکا و بە پەلە فەرمانە کە ڕابگەیێنێ. لە گەڵ ئەوە بە خوازیارانی هێرش وریایی(اخطار) بدات بە تۆپ و تانگ و هێزی چەکدار لە ماوەی ٢٤ سەعات دا هێرش بەرن و هەموان بەرپرس بزانێ تا کەم کاری لە بە جێ گەیاندنی ئەمری ئەو (لە خاک و خوێن گەوزاندنی کوردستان) نەکەن.

کەسایەتیەکی وەها نە دەتوانێ ئیمام بێ و نە بە جێ هێنەری ئەرکی ڕۆحانیەت و نوێنەرایەتی عەدڵ و داد لە سەر زەوێ بە گوێرەی چوار چێوە دیاری کراوەکان.

خۆمەینی لە فەرمانە خوێنبارەکەی دا ڕەش و سپی لێک جیا ناکاتەوە. کەمترین وریایی بە هێزەکانی نادا ئەگەری ئەوە لە بەر چاو بگرن نەوا کەسێکی بێ تاوان کە دەستی بە وتەی ئەو لەم "غائلە" دا نەبوو تووشی زیان ببێ؟!!

جیاوازی خوێنڕێژانەی هیتلێر لە گەڵ خۆمەینی لەوە دا ئاشکرا دەبێ کە هیتلێر هیچکات فەرمانی کوێرانە و شەلم کوێرم کەس نابوێرم بە هێزەکانی نا دا. ئەو بە وردی بۆ هەر بڕیارێک لێ کۆڵینەوە دەکا، ڕای فەرماندەر و زانیاریە کار لە سەر کراوەکان دەپشکنێ و کار دانەوەی فەرمانەکانی بەر لە ئەنجام لێک دەداتەوە.

خۆمەینی ڕێبەری موسڵمانانی هێرش کار بۆ سەر کوردستان هەمان ڕۆژ لە شاری قوم کۆبوونەوە لە گەڵ نوێنەرانی ناسراو بە "خۆبەرگان" دەکا و بە ڕاشکاوی مەبەستی پاکتاوی ڕەگەزی کورد دەس نشان دەکا و لە پشت بەندی فەرمانە کەیدا دەڵێ:

"مرزها را آزاد کردند، قلم ها را آزاد کردند، گفتار را آزاد کردند، احزاب را آزاد کردند، به خیال اینکه اینها یک مردمی هستند. اینها خرابکارند، دیگر با این اشخاص نمی شود با ملایمت رفتار کرد. اینها یک جمعیت خرابکار هستند، یک جمعیت فاسد هستند، اینها را نمی توانیم بگذاریم که هر کاری دلشان میخواهد بکنند".

و لە درێژەدا: "باید با اینها با شدت رفتار کرد و با شدت رفتار می کنیم"

ئەوە سی و چەند ساڵە ئەم فەرمانە بە قەوەتی خۆی ڕۆژانە بێ وەستان جێ بەجێ دەکرێ و لەوە ناچێ تا ئەم تایفە حوکمدار بن و تا کورد چارە سەریەکان لەوان بخوازێ لەوە زیاتر بەرهەمێک ببێ بە نسیبی.

خوێنەری ئازیز وەک لە کەس شاراوە نیە خۆمەینی لە زەین و میشکی تاکەکانی ئەم نەتەوەدا، ڕێبەر، ڕێ نیشاندەر و سەرچاوەی هزرو هۆش و کرداری رابردوو و داهاتووی هەر دوو تـوێژی دەسەڵاتدار و لە دەسەلات کەوتووی نێوخۆی ئێران دەژمێردرێ. هەردوو لایان سەربەرزییان لەوە دایە بە بەدی هێنەری ئامانجە کانی خۆمەینی بناسرێن.

ئیتر کورد و کەسایەتێکانی بە کامە متمانەوە دەبێ وەک وتە کەی عبید زاکانی لە سەرەوە هاتوە "دروغ و تقلب" - کانیان باوەڕ بکات؟

لە پێوەندی راو بۆ چوونی تـوێژو چینەکانی بـێ دەسەلات کـراوو پـەڕیوەی سەر بـە دەسـەڵاتخوازانی ڕەگەزی بـاڵادەست لـە هەندەران، پێویستە بوترێ هیچ کات لانی کەم بـۆ دژایـەتی خواست و ئـاواتـە مرۆییـەکانی کـورد چ بـە نووسین و دەربڕینـی وتـار لێـرەو لـەوێ کۆتاییـان نـەکردوە. ئـەو بەشـە کـە پێشـتر دەسـەڵاتدارەتیان لـە ئێـران هـەبوە ئـەوە ئیتـر لـە کـردار دا سـەلماندوویانە هەڵوێسـتیان بـۆ وەڵامدانـەوە بـە کـورد جیـا لـە زینـدان و، گولـە بـاران و بـێ بـەش کردنـی زیـاتر لـە خزمەتەگشتیەکان و سەپاندنی پیاوانی خۆیـان بـە سـەر دامودەزگـای ئێـداری و حـوکمی ملهوڕانـە لـە کوردسـتان زیـاتر نـەبوە دەسەڵاتی پەهلەویەکان لەوانەیە.

هەر کەس خوازیار بێ راو بۆ چوونی ئەم بەشە لە بەنێو ئۆپوزسیون و تاکی بڵێمەتی خوێندەواری ئوروپا و ئامریکای سەر بـە وڵاتـی "پـرزە" پـارس بزانـێ ئـەوە وتـارە کـانی داریـوش هۆمـایون، محسـن سـازگارا، بـەنی سـەدر، نـووری زادە،، ئێلاهـە بۆقراط، ئاهی و، ت.د لە سایتە ئینتر نێتیەکان لە بەر دەست دان.
لە کۆتایی بەشی تایبـەت بـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان لـە جـێ دایـە بـۆ ناسینی بیـری قـەڵاچۆ و هۆلۆکاسـت کـارانی سـەر بـە ڕەگەزی دەسەلاتدار گۆشەیەک لە تێفکرینی هەرە خەباتکارەکەیان لە ساڵانی دواییدا واتە ئەکبەر گەنجی وەک وێنـەیێک لـە خەروار بە سەر کەینەوە.

گەنجی لە کتێبی (عالیجەناب سرخ پوش) دا دەڵێ:"زیندانی ئەوین پاش دەسەڵاتی پەهلەوی ئەو کاتە ئۆبۆهەتی سیاسی

خۆی بە دەست هێنایەوە ئێمە لە لایەن کۆماری ئیسلامی تێدا زیندانی کراین."

گەنجی کۆمەڵ کوژیەکانی پێشێ کە خۆشی یەک لە ئەنجامدەرانی بوو، هەڵواسران و ئەشکەنجە تاقەت پڕووکێنەکانی نێو ئەم زیندانە لە جەرگەی خەباتی ئازادی خوازانە و ڕەوا ناناسێ. هەر وەک موسەوی و کەڕوبی تاکاتێک سەرۆک وەزیران و سەرۆک پارلمان بوون، هەموو کردەوەیەکیان شەرعی و ئینسانی ئیسلامی و بێ عەیب لێک دەدەنەوە.

لە بەشەکانی داهاتوودا هۆلۆکاست، شۆوا یا پاکتاوی ڕەگەزی لە باشووری کوردستان (سالانی پێشوو) بە گوێرەی توانا بە سەر دەکرێتەوە.

۲۳ی سەرماوەز ۲۷۱۳

بەشی: ۲۱

نامرازی ڕێخۆشکەری کوشتاری بە کۆمەڵ و بەردەوامی کوردان . گرێدراوی هزری خەباتکارانی کورد بە دەسەڵاتە ناوەندیەکان وتەسلیم بوون بە قەدەری سەپێندراوە.

بە پێ ئەزموون: وەڵامدانەوە بە بانگەوازی "وتوویژ" لە گەڵ ملهوڕی زاڵ، لە سەرووی نرخی پرس کردن بە ڕای گشتی کورد لەو پێوەندیەدا سەیر کراوە!.

جیاوازی بەرچاوو سەمەرەی تێڕوانینی کوردو دەیان نەتەوەی ڕزگار بوو نەبوونی ئیرادە بۆ پساندنی کۆتوبەندی دیلیە!؟
بە درێژایی مێژووی خەمناکی بەرئەنگاری کورد نە تەنێ لە باشووری کوردستان - (عێراق) بەڵکوو لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستانیش خەباتکاری کورد هەموو کاتێک بە هیوای درێژەی "وتوویژ" و بە ئاکام گەیشتن لە گەڵ دەسەڵاتداری زال و ملهوڕی داگیرکاری خاک و بەسەرهاتی نەتەوەکەمان بووە!!
هەموو جارێ لە قەراغ ئەم دانووسان و هاتووچۆیانە بە جێا لە بەرهەم و ئاکامی تاڵ و خوێناوی چێتری بۆ کورد لێ نەکەوتوەتەوە.

لە درێژەی ئەم پرۆسە نەزۆکەدا کورد نە ئاوەزی پرینگانەوەی لە وازهێنانی سەرقالیەکی پووچ و وزەفەوتێنی ئەوتۆ وەگەڕ کەوتوە و نە مەیلی بۆ فام کردنی ئەو راستیە بە جاران سەلمێندراوە نیشان داوە کە لە مەرام، زاتی ناپاک و دوژمنکارانەی فەرمانڕەوا ملهوڕەکان بە سەر کوردستان دالە شاردنەوە تێ پەڕیوە.

خەباتکاری کورد بۆ کۆتایی بەخشین بە ئەم خەمسارە مەزنە کە گەرووی جووڵانەوەی لە سەرجەم دەورانەکانی ژیانی پچڕ پچڕی خۆیدا تا ڕۆژگاری ئێمڕۆ لە باشترین حاڵەتەکانیدا دەگوشێ، مشووری کارسازو یەکلاکەرەوەی نەخواردوە و هەرجار لە جاری پێشووتر بە شەوق و زەوقێکی نوێ و خۆڕازیکەرانەی خەڵک خەڵەتێنەر سەری خۆی و هیوای جەماوەری دیسان تەسلیمی هەمان ڕاوچی بە کورد فێر بوو کردوەتەوە!؟؟

لە بەردەوامی ئەم ڕەوشتە دا کە کورد وەک قەدەر بۆ دەس نیشان کردنی بەسەر هاتی خۆی فەرزی کردوە ڕێکاریتری بە نەگونجاو، دوور لە ئەگەری هەبوونی شانسی تاقی کردنەوە و لە بنەڕەتدا، وەک سەرکۆماری تەشریفات لە عێراق (بەڕێز تاڵەبانی) لە لێدوانەکانی ساڵی ٢٠١٠ لە گەڵ مێدیا تورکیەکان باسی کرد (سەربەستی کورد و گەیشتن بە پلەی ڕزگاری وەک هەر نەتەوەیەکی ڕزگاری ئەم جێهانە) بە خەون و خەیاڵ زانیوە!

یەک لە تراژیدیاکانی ژیان و بەسەرهاتی خۆێناوی کوردان لەوەدایە تێفکرینی جیاواز لەوان تا ڕادەی خەون و خەیاڵ بۆ داهاتوومان لە سۆنگەی ڕێبەرانەوە لێمان کراوە بە بە مۆتەکەی مەرگ و نەمان! بە واتەیەکیتر هەنووکەش بەشی هەرە بەر چاومان ڕەنگە گوێ ڕایڵی بۆچوون یا تێڕوانینی سەرۆکی فلان وڵات و سەرجەمی ئەگەرە فانتازیەکانی هەڵ قولاوی ڕاسپاردەی دەرەکی (دەوڵەتانی قازانج خوازی پشتیوانی نەیارانمان) بین.!

چەسپاندنی پابەندی بێ ئەملاو ئەولاو بۆ مل درێژ کردنی جەماوەری کوردستان بەرانبەر ڕاوێژو ڕاسپاردەی پشتیوانانی دوژمنانمان بە ڕادەیەک کارتێکەری لە سەر لێکدانەوەی ڕێبەر و بەرپرسیارانی حێزبی خەباتکاری کورد بەجێ هێشتوە کە وێرای دڵنیایی دان بە مافی دەربڕینی ئازاد هێشتار دەرەتانی یاسایی بە کردەوە بۆ بانگەوازی ڕای ئازادی جەماوەر ودسنیشان کردنی شێوازی دڵخواز بۆ دابین کردنی داهاتووی سیاسی وڵاتی خۆیان پێ ڕەوا نەدیتراوە. لەم لاشەوە مل کەچی و خۆبەستنەوە بە دەسەلاتە ناوەندیەکان ئەوەتا وەک مێژوو شاهێدی دەدات هیچ کات وازی لە کوشتار، تالان وخوێن ڕشتنی بەردەوام بۆ قڕ کردنمان نەهێناوە؟!

سەردەمێک مەسڵەحەتی کورد دەبوو گرێدراوی ئامۆژگاری یەکیەتی سۆڤیەت "پشتیوانی مافی گەلان"!!! سەردەمێکیتر

خۆبەستنەوە بە هێڵی گشتی قازانج ، گوێبیس بوون و لا نەدان لە بڕیاراتی "ئامریکای هاوپەیمان و..." و جارێکیتر شیاو نەبوونی وەزعی گشتی، مەسڵەحەت و هەلومەرجی جێهانی کراوە بە ئامرازی خۆ بواردن لەم مەسەلە بنمایی!!!.

لەم نێوانە دا ئەوە کە پراوێز خراوە، و ڕێبەری جووڵانەوەکانی کورد ئاوڕی پێویستیان لێ نەداوەتەوە ڕای گشتی خەڵکی کوردستان بوە!؟ هێز و لاینە کوردیەکان بە پێچەوانەی ڕەوتی ئەریتی و یاسای پابەندی بە دەنگی زوربە فرەتر فەرماندەر و سەرۆکی خۆ سەپێن بوون تا ئەوە شەرعیەت و ڕەوایی بڕیارەکانیان لە جەماوەر وەرگرتبێ! یا هەر نەبێ نرخ و پێگەی بیرو ڕای گشتی بۆ بەرگری لە هەڵە و ڕەچاو کردنی دەوری کۆمەڵ لە دست نیشان کردنی باشترین ڕێ و شوێن، جێگاو پێگەی خۆی نەدراوەتێ. لە درێژەی ئەم ڕێبازەدا چارەنووسی کورد هەمووکاتێک لە بەردەستی بکوژانیدا ماوەتەوە. (خوداهەڵ ناگرێ بۆ شەرعیت بەخشین بە پلەو پایەی ئێداری و حیزبێ دەنگی ئەندامانی کۆمەڵگا پێویست و هەوڵی بەدەست هێنانی لە کاتی دەنگدانە کان نرخی تایبەتی بۆداندراوە).

هەرکاتێ گۆشە نیگایەکی دەسڵاتی زاڵم و زاڵ بەرەو سەرکردەیەک وەرچەرخێندراوە بە پەلەپرووزە و بە بێ کەمترین پرس لە کۆمەڵگا (ئەو هێزە خۆبەخشە کە گرانترین باری شۆڕشەکان هەمووکاتێک لە سەر شانی بوە) بەرەو کوڕنۆش بۆ لای جەلاد ملی ڕێگاییان گرتوە.

دەسکەوتەکانی ڕەوشتێکی ئەوتۆ لە تازەترین حاڵەتی خۆی دا هێرشی نوێی عەربەکان بۆ سەر حەویجە و کەرکوک ڕۆژی ٢٥ - ٢ - ٢٠١١ و ساڵی پێش ٢٠١٢ هەڕەشەی دەسەلاتی ناوەندی بۆ وێنە جەنابی مالکی و بڕینی بەشە بودجەی کوردستان و.... و هەوڵی ژیاندنەوەی دەسەڵاتی سەدام لەم شارانە و ماڵ بەدەرکردنەوەی دووبارەی کورد لە سەر ئاخی خۆی، ئەنفال و شیمیایی بارانی شارو گوندەکانی کوردستان و بێ سەرو شوێن کردنی نزیک بە دوسەت هەزار نفووسی کورد بە نێر و مێ و جەحێل و منداڵ و گەورەساڵ لە دەیەکانی پێشووتر و وێنەی تازەی ئەو کارەساتەیە کە سوریە لە ناوجەکەدا وێرای باقی عەرەبەکان بەرانبەر هاونیشتمانانمان لەم وڵاتە بوە، کە لە بەشەکانی داهاتوودا گۆشەیەک لەم تراژیدیا مەزنانە دەخرێتە بەر چاوی خوێنەری بەڕێز.

١٠ی ڕەشەمەی ٢٧١٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئازانسی کوردپا

ئەم زنجیرە وتارە لە ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١٢ تا ٢٨ی فێبریوێری ٢٠١٣ بڵاو بۆنەتەوە

باکووری کوردستان، نواندنی ئیرادەی گەل بۆ هەڵبژاردنی شووڕای شارەکان.

لە پەنای ململانێی هەڵبژاردنی دەسەڵاتی نوێ بۆ وڵات لە سێبەری ڕێگدانەوەی کێشە سیاسیە تەشەنە سەندوەکان،

ئەم ڕۆژانە کورد دەستی داوەتە خەباتێکی شارستانی پڕ جۆش و خرۆشی هەژێنەر بۆ نواندنی ئیرادەی گەلێکی ماف پێشێل کراو لە سەراسەری تورکیە.

باکووری کوردستان کانگای جۆش و خرۆشی کەم وێنەی حیزبی دێمۆکراتیکی گەل BDP بۆ نیشان دانی ئیرادەی کورد بەرانبەر نەیاران بە مەبەستی سەلماندنی ئەو ڕاستیە کە خەڵکی کورد چارە سەری بە دوور لە دەمارگرژی و هەر جۆرە توندو تیژیەک ئامانجی هەمیشەیی بوە، خەباتی مەدەنی بەردو پێشتر پەرە پێداوە.

بۆ ڕێکخستن و بەڕێکخستن کردنی کوردی پەڕیوە، هادەپ (HDP؛Halklerin Demokratik Partisi)، حیزبی داکۆکیکاری مافی هاووڵاتیان لە سەر جەم مێترۆپۆلەکانی تورکیە لە دەرەوەی کوردستان تێکۆشانی خۆی چڕتر کردوە. بە مەبەستی دەور گێڕان و کێبەرکێ لە هەڵبژاردنی شورای شارەکان حیزبی خەڵکی کوردی دوور خراوە کە بە هۆی گوشارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان ناچار بە نیشتە جێ بوون لە دەرەوەی زێدی خۆیان کرابون لە دەورەی بەرنامەیەکی مافخوازانە کۆکردوەتەوە.

شاری Atnalya ئانتالیا، بە وتەیەک بەهەشتی تورکیە یەک لەو مەڵبەندانە یەکە ئەمجارە بە وتەی کاک خەلیل (یەک لە بەرپرسان)، حیزبی هادپ خوازیارە ئیرادەی خەڵکی دەربەدەری کورد لە زێدی خۆیان بۆ بەپیرەوە هاتنی بانگەوازی مافخوازانەی خۆیان وەک نەتەوەیەکی پشت گوێ خراو بخاتە تای تەرازووی تاقی کاریەوە.

ئەم شارە توریستی و زۆر ژیکەلەیە لە سەر یەک ١٨٢٠٠٠ دەنگدەری خاوەن مافی بۆ هەڵبژاردنی شووڕای شار لە سەرەتای نەورۆزی ئەم ساڵ تێدا دەس نیشان کردوە. بەپێ یاسای نوێ تەنێ شارەدارێک و ٣٧ ئەندامی شووڕای شار هەڵدەبژێردرێن. بۆ هەڵبژاردنی هەر ئەندامێکی شووڕای شار لانی کەم شتێک بەرابەر بە ٣٧٠٠ دەنگ پێویستە.

کۆی نفووسی کوردی خاوەن دەنگی نیشتە جێ ئەم شارە خۆی لە رەقەمی ١٥٠٠٠ دەدات. داخەکەم بەشێکی بەر چاوی ئەم ژمارەیە هێشتار ڕیزی لاینی نەیاری کوردیان بەر نەداوە.

هەڵبەت هادپ لەو بڕوایە دایە داشکان بەرەو داکۆکی لە مافی خۆیان و بە هێز بوونی لاینی نەتەوەیی لە لایەن ئەم تووێژەوە ڕووی لە هەڵکشانە، بە چەشنێک ڕێژەیەکی باش ملیان بەرەو وەر چەرخان بە لای کوردایەتیدایە.

حێزبی هادپ بە وتەی پالێوراوی ئەندامەتی شووڕای شاری ئانتالیا بەڕێز شەریف یالچین Serif Yalcin نەفەری سێهەمی وێنەکە لای ڕاست وێڕای داکۆکی لە مەبەستە سیاسیەکانی هادەپ بۆ هەڵسەنگاندنی ئێرادەی خەڵک و تاقیکاری تێکۆشانی ڕابردووی خۆیان لەم مەڵبەندە، لەو بڕوایەدان ئەگەری دەس خستنی دوو کورسی نوێنەرایەتی لە شووڕای شاری ئانتالیا بۆ کورد هەیە.

سەبارەت بە کێبەرکێ حێزبەکانی سەر بە نەتەوەی تورک کاک خەلیل ڕای وایە حێزبە کانی AK پارتی حێزبی عەدالەت و تەوسعەی ئەردۆغان (ئێسلامی سۆنەتی) CH P، (کەمالیست Baris we Demokrasi Partisi بە سەرۆکایەتی کەمال قلیچ ئۆغلوو و حێزبی MHP بزووتنەوەی ناسیونالیستی (ڕەگەز پەرست) بە سەرۆکایەتی دەوڵەت باغچەلی لە هەڵبژاردنەکەدا تا ئێستا شان بە شان هەمبەر یەک وەستاو لێک دەداتەوە.

بەڕێز کاک شەریف یالچین نەفەری سێهەم لە لای ڕاستی وێنەکە بەر بژێری ئەندامەتی دەستەی بەڕێوەبەربۆ شووڕای شاری ئانتالیایە.

نووسەری ئەم دێڕانە کە لە نزیکەوە شاهێدی دڵسۆزی و خەمخۆری ئەم تێکۆشەرانە بۆ داکۆکی و بەدواداچوونی مافە ئینسانیەکانی کورد سەرەڕای گوشار و بەر بەستی دژواری سەر ڕێیان، خوازیاری سەرکەوتنی ئەم برا تێکۆشەرانە لەپێناو ئامانجی پیرۆزیاندایە.

ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٤

مهاباد پێتەختی مسیۆنارە مەسیحیەکان.

مارتین تامکە(Martin Tamcke) کتێبێکی پرۆفسۆر مامۆستای زانکۆ گۆتینگن (ئاڵمان) لە سەر تێکۆشانی مسیۆنارە مەسیحیەکان لە کوردستان Martin-Tamcke

لەم ڕۆژانەدا بە هۆی دەزگای چاپی شیللر - برلین لە چاپ دراوە.

نێو براو وێرای ئەوە لە نێو کتێبەکەی دا مەهاباد بە پێتەختی مسیۆنارە مەسیحیەکان ناوزەد دەکات سەردێڕی کتێبەکەشی بە ئەم ڕەستە یە ناو دێر کردوە. "مسیۆنارە مەسیحیەکان لە کاتی گەشەی نەتەوەیی کوردان".

بۆ بە دواداچوون و گرتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە مەبەستەکانی ئەم مامۆستای زانکۆیە حەولم دا وتووێژێکی کورتی لە گەڵ سازبکەم ئەوە دەقی ئاڵمانی و کوردیەکەی دەخەمە بەردیدەی خۆێنەران.

❊Sind Sie der jeniege der über, Kurden und die Missionsarbeit in Mahabad ein Buch geschrieben hat?

پرسیار: ئێوە یەکەم کەسن لە سەر کوردان و کاری مسیۆنارەکان لە مەهاباد کتێبێک تان نووسیوە؟

* Ja. Ich habe zuletzt eine Biographie zu einem der Missionare in Mahabad geschrieben (der kurz vor dem Ersten Weltkrieg dort war), die im vergangenen Jahr im Buchhandel im Berliner .Schiler-Verlag als Buch erschien. Daneben habe ich zahlreiche Aufsätze dazu verfasst?

وەڵام: بەڵێ، لەم دواییانەدا ژیاننامەی مسیۆنارێکم لە مەهاباد نووسی (کەمێک بەرلە شەڕی یەکەمی جیهانی لەوێ بوو). و ئەو پەرتووکە ساڵی ڕابردوو لە بازاری کتێب، ئێنتشاراتی شیللر - برلین بڵاو کراوەتەوە. لە قەراغ ئەوەدا مەتڵەبێکی زۆرم نووسیوە.

* Können Sie sich bitte für die kurdischen Leser etwas über sich sagen ?

پرسیار: دەتوانن بۆ خوێنەرانی کورد کەمێک سەبارەت بە خۆتان بدوێن؟

*** Ich bin seit 1999 Professor an der Universität Göttingen und seit 1975 sind die Minderheiten im Nahen Osten mein Hauptintressengebiet. Studiert habe ich .Orientalistik, Theologie und Philosophie?**

وەڵام: من لە ساڵی ١٩٩٩لە زانکۆی گۆتینگن پرفسۆرم. لە ساڵی ١٩٧٥کەمایەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوەندی لێکۆڵینەوەی من بوون. من ڕۆژهەڵاتناسی، زانستە ئایینیەکان و فەلسەفەم خوێندوە.

***Ab welchen Zeit existierte eine Kirche in Kurdistan, in welchen Gebiet und mit welchen Hintergrund ?**

پرسیار: لە چ کاتێکەوە کەنیسە لە کوردستان سەری هەڵدا و لە کام ناوچە و بە چ بەڵگەیەک؟

***Es gab sehr verschiedene Kirchen in der Region: Kirchen zunächst der Minderheiten wie die der Armenier und Syrer, aber es entstanden im 19. Jahrhundert auch Gemeinden verschiedener europäisch-amerikanischer Missionen (darunter auch .(deutsche?**

وەڵام: کەنیسەی زۆر لە ناوچەکە هەبوون. کەنیسەی کەمینەکانی ئەرمەنی، سوریانی و لە قەڕنی ١٩ ڕا کۆمەڵی مسیۆناری ئۆروپایی ئامریکایی پێکهاتن (لەوانە ئاڵمانیش هەروەها.)

***Ab wann ist die erste Gruppe von Missionaren nach Kurdistan gereist? Wo genau?**

پرسیار: کەی یەکەم گرووپی مسیۆنارەکان بۆ کوردستان سەفری دەس پێکردو بۆ کوێ بوو؟

***Das war schon deutlich vor der Zeit meines Forschungszeitraumes (interessant etwa die Reisen Wolffs), aber ich beschäftige mich derzeit vorrangig mit Mahabad und der Urmia-Region (zu der ich schon recht viel publiziert habe und hoffentlich zum (nächsten Jahr wieder eine umfangreichere Monographie vorlegen kann?**

وەڵام: سەفەرە سرنج ڕاکێشەکانی (وۆڵف) زۆر پێش لە کاتی لێکۆڵینەوەکانی من ئاشکرابوو. بەڵام من لە دەرەجەی

یەکەمدا خۆم لە گەڵ مەهابـاد و مەنتەقەی ورمێ (کە زۆرم لە سـەری بـڵاو کـردوەتەوە و هیـوادارم لە سـاڵی داهاتووشـدا کتێبێکی بە پێز بەرهەم بێنم).

Warum ist Mahabad in Ihrem Buch Hauptstadt von Missionaren genannt worden?

پرسیار: لە بەر چی شاری مەهاباد لە کتێبەکەی ئێوەدا وەک پێتەختی مسیۆنارەکان ناوی هاتوە؟

*Wegen der historischen Bedeutung der Stadt, wegen der tatsächlichen Funktion als solcher in dem kurzen Experiment vor Mitte des 20. Jahrhunderts und weil es Sitz .eines Gouverneurs war?

وەڵام: لە بەر مێژوویی بوونی ئەم شـارە و تـاقیکـاری کـورتی نیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیست و بە ناوەنـد بـوونی دەسـەڵات. [مەبەست دەسەڵاتی کوردیە].

*Wie war die Meinung von kurdischen Aktivisten für ein freies Kurdistan und ein zur Kirche bezogenes Bevölkerung während des ersten Weltkrieges?

پرسیار: ڕای کلیسا لە سەر تێکۆشەرانی کورد بۆ کوردستانی سەربەخۆ (ئازاد)؟

*Das ist nicht einheitlich festzustellen, was Mahabad anbelangt. Zwar ermordeten Plünderer etwa den Missionar Bachimont der Hermannsburger Mission und den Sprachlehrer Dammann der Deutschen Orientmission, aber gleichzeitig entschuldigte .sich etwa Simko für solche Übergriffe und sicherte Schutz zu?

وەڵام: نـاکری بە دڵنیـایی لەو پێوەنـدیەدا شـتێک بـوترێ. بەڵام تـاڵانچیە کـان مسیونـاری ئـاڵمـانی (باخیمۆنـت هێرمـانز بورگر)و مامۆستای زمان (دامان). یـان کوشت. لە هەمان کاتدا سمکۆ(سمایل ئاغـا) داوای لـێ بـوردنی بـۆ ئەو هێرشـانە کـرد وپـارێزگـاری لـێ کردن.

*Wie denken Sie über die kurdischen Situation und ein freies Kurdistan für den jetztiegen Zeitpunkt?

پرسیار: ئێوە سەبارەت بە وەزعی کورد و کوردستانێکی ئازاد لە حاڵی حازردا چۆن تێ دەفکرن؟

***Die Frage ist zutiefst mit den Umbrüchen in der Region verbunden. In Syrien und im Irak ist mit der Autonomie ein erster Schritt auf mehr politische Selbstbestimmung hin getan worden, in der Türkei ist die Entwicklung weniger konstruktiv in diese .Richtung, im Iran sind wir von solchen Entwicklungen momentan geradezu entfernt?**

وەڵام: پرسیارەکە بە قووڵی لە گەڵ گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە پێوەندی هەیە. لە سوریە و عێراق هەنگاوی یەکەم بۆ سەربەخۆیی سیاسی هەڵگیراوە. لە تورکیە هەنگاوی کزتر بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی هاوێژراوە. لە ئێران ئێمە حاڵی حازر لە گۆڕانکاری لەوچەشنە دوورین.

رێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٤

با سجدە بۆ خاکی پاکی کوردستان و ڕۆڵە ئەمەکناسەکانی بەرین:

بۆ ئەو لاینانە پەڕۆی هۆمێدیان بە چاکی تورکەوە بەستبوو!! سپای تورک بە خەستی مۆڵگەکانی داعش لە کۆبانێ بە فڕۆکە بومباران دەکا.!!! تانکە تەماشاچیەکانی لەشکری تورک لە پەلامارێکی لە نەکاودا لەشکری پەلامارەری داعشیان ناچار بە پاشەکشێ کرد!!! نە، نە بەڕێزان ئەم هەواڵانە تەنێ لە هیۆمێدی پڕ لە ناهۆمێدی پەڕۆ بەستن بە چاکی ئەردۆغان (برایەتی کورد و نەتەوەکانی فەرمانڕەوا) لە کوردستان زیاتری لێ ناوەشێتەوە. وەک دەزانن دوێنێ سپای داعش پەروەری تورک لە جۆڵە میرگ بە فڕۆکە پەلاماری ناوەندی بەرخۆدانی گەل لە باکووری وڵاتی داوە. داخوا ئەم دەس پێشخەریە نیشانەیەکی ئاشکراتر لە بێ باوەڕی دەسەڵاتی تورک بە بەڵێنی بۆ چارەسەری کێشە میژوویەکەی تورک بە دژی کورد نیە؟؟!! ڕاستی وەختی ئەوە نەهاتوە لاینی سیاسی کورد چێتر دڵ بە برایەتی بێ ناوەرۆکی نەیارانی خۆی نەبەستێ و زێدەتر کات و وزەی گەڵ بە فێڕۆ نەدات ؟! تۆبڵێی وەختی ئەوە نەهاتبێ ڕێبەرانی سیاسی کورد واز لە پاراستنی سنووری دەسکرد و داکۆکی لێ کردنی هەڵ گرن؟؟!

ڕێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

کۆبانـــێ: Kobane

من نەمامی کۆبانێ لە سەر لووتکەی شاهۆ دەچێنم.

هێمای دێرینی هەمووخواکانی جێگرتوو لە شاهۆ (بەیت بەگیە) داواکاری بەجێ هێنانی ئەم بڕیارەن.
مۆڵ، ئەشنان، مێردۆک، ژوونێ، کەڕسانی، بڵ، کۆسە(کۆسەی هەجیج). نیێ، سەریاس، شێڵماو هەڵانی، هۆڵـی و... یەک یەکی ئەم پیرۆزە مەزنانە بانگەوازی بەرزڕاگرتنی خۆڕاگری کۆبـانێ سەڵا دەدەن.

کۆبانێ ژێێنەرەوەی ژیانی دووری دوور بەڵام پڕ لە سەرفرازی ئەم گەلە خۆڕاگرەیە.

قەڵای تەنیـوەر، قەڵای تەوریـوەر، قەڵای مـاتێ، قەڵای پاسـگە، قەڵا دزێ، قەلای مەسـناو، قەڵای میرخەسـرەو، قەڵای تەنووشێ و... یەک لە دوای یەک ڕەمزی بەرخۆدان و دوژمن بەزێنی وەک هێما و پێخـامی بەرئەنگـاری کـج و کـوڕانی کۆبـانێ لە کـۆنی کـۆنەوە بـۆ سـەردەمی هـاوچەرخ وەک سـیاچەمانە بە گـوێ نەوەی نـوێ کوردسـتانی (کەڵاخـوان = سـەنگەری بەرخۆدان)دەچڕێنن.

ناسـنامەی ئەم گەلە قەڵای دمـدم - ی پشـتئوانە. دیـوارە مەزنەکەی ئامێـد پـاش دیـواری چـین شـاهێدی ئەم ڕاسـتیە لە بەرئەنگاری مێژوویی ئەم نەتەوەن.

سەرفرازی من پشتێنەی قـایمی نەبەزی، دوژمن بەزێنـی، هۆلاکـۆ بەزێنـی، سکەندەرشکێن شـەقەی بـاڵی بەرزە فـڕی شـاهۆی شابـاڵی کوردستان بەرەو سەرکەوتنی کۆتـایی لێ دەدات

ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز شورای شاری پاوە، ڕێزدار سەلام خوسرەوی شارەدار لە گەڵ حورمەت،

ناوەرۆک: ساز کردنی پەیکەری ڕێز و یادەوەری دوو کەم ئەندامی خوڵقێنەرو هەڵکەوتە

دەق: هۆرامان بە درێژایی مێژوو لانکەی پەروەردەی هێمای پیرۆز خۆڵقێنەری تۆماری خۆڕاگری ئیرادەنواندن شت بەخۆبەستن خۆوخدە وڕەوشتی پڕبەرکردنی باخی ژیانی مرۆڤایەتی لەدەڤەرەکەبوە.

بەختەوەرانە گەلێک کەڵە پیاو وژنی شیاو پیر و مەشایخی مەزن جێ پەنجە و دەوریان تا هەنووکە بۆ ئێمە وەک بەڵگەی حاشا هەڵنەگر بە فراوانی چ بە نووسراو و یا بە شێوازی بە جێ هێشتنی ئاسەواری جۆراوجۆریتر لە دووتوێ کەلەپووری دەوڵەمەندمان شاهێدی ئەم وتەیە دەسە لمێنن.

دوو کۆڵەکە، دوو تاقگە، دوو پیری دەست و دڵ بە هێزی ئەم سەردەمە وەک دوو مامۆستا دوو مەشایخی سەدەی نوێ دوو خولقێنەر و دوو پاڵەوانی ڕێپێشاندەر و دوو تۆمارکاری سەربەرزی هۆرامان بە تایبەت و کوردستان بە گشتی سالانی دوایی زێڕ ئاسا لە نێو کە لاوەکانی خۆ و خەدەی بەرزی ئینسان پەروەرانە لە هۆرامان سەرلە نوێ سەریان هەڵدا. ئەوان هەرکامەیان لە بواریکدا دانسقە کردار و سەرسوورهێنەردەسکار، بیەردەی باپیرانی ئێمەیان هەمدیس هێنایەوە ڕۆژەڤی ژیانی ئینسانی لە ڕەوت ترازاوی ناوچەکە.

بەڵێ: لە سەردەمی سەربڕینی بێ بەزەییانەی مەڕ ئاسای هەزاران ئینسان لە کات و ساتی فرۆشتنی ژن و کچی بە تالان براوی کورد ولە دەمە دەمی دەسدرێژی جنسی هەراو لە نێو گرتوو خانە ئاخێندراوەکان لەو ناوەندانە دا کە پەرەئەستاندنی زیندان لە هەر پێشکەتنێکی مرۆیی لە ناوچەکەمان ڕووی لە هەورازترە، لە سەردەمی ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ کرانی ملیۆنان مرۆڤ لە کوردستان و دەوروبەر دوو ئینقلابی دوو مامۆستای شۆڕشی مرۆڤایەتی (حسێن و عەڵی) نەک بەزەبری شمشێرنەک بەکوشتن وبڕین نەک بە لەشکرکێشان و قڕ تێ خستن و تالانی خەڵک نەک بە ناوی خوا و چەماندنی سەری خەلک بە زەبرو زەنگ بەڵکوو بە مایە دانان لە ئیرادە و هێزی بە هێزی پشت بە خۆ بەستن هەرکامەیان شۆڕشێکی نوێیان

بـۆ بە گـژدا چـوونی دژواریەکـانی ژیـان و تێـک شکاندنی قەڵای ناهۆمێـدی لە دژوارتـرین کـات و سـەردەمی ژیانیـان وانەی نوێیان بۆ نەسڵەکانی پاش خۆیان تۆمار کرد.

ئەم دوو شێرە پیاوە پشتی ناهومێدییان چەماند پێخامی نە بەزین یان لە دژوارترین حاڵەتی ژیانی ئینسانێکی کورد دا بە گوێ هەر تاکێکدا چرپاند توانییـان بە گـوێ دۆست و نەیـاری کـورد و مرۆڤـایەتی سرۆشی من ڕۆڵەی نەبەزین و سەربڵندی خـۆڵقێنی نەتەوەکەمم بچـڕێنن. ئەم سـەڵا بەرز و بڵنـد بـاڵایە هۆمێـدی بە ژیـان و داهـاتووی گەش بـۆ وڵات و وڵاتیـان بە نیشـاندانی ئێـرادەی هێشـتار زینـدوو لە مەڵبەنـدی مێرخاسـان (هۆرامـان) ژیانـدوەتەوە، بەم بـۆنەوە زۆرکەس لە لاوە بە پیریانەوە هاتن پەسنی جوانمێری ئەوانیان بە گوێ مرۆڤایەتی بە لارێ چووداچرپاند.

ئـاخۆ وەختـی ئەوە نەهـاتوە ئێـوەش بە نـۆرەی خۆتـان بەر لە ماڵئـاوایی ئەم دوو کانگـای سـەربەرزی خـۆڵقێنیە بـۆ شـار و ناوچەکەمان (هۆرامان) لانی کەمی ڕێزیان لێ بگـرن؟ بە بـێ شک چـاوەڕوانی خەڵکی نـاوچەی هۆرامـان لە بەرپرسـانێک کە کورسـی نـوێنەرایەتی ئەوانیـان پـێ بەخشـراوە ئەوەیە وانەی تۆمـارکراوی دوو پیـاوی مەزنـی هۆرامـان دوو ئولگـوی فێرکـاری هەمبەروەستانی کورد بەرانبەر نەهامەتی و بێ بەشی لە ئاسودەیی دوو تـاک کە بە هیمەتی خۆڕسک دەرسـی ئەوین بە ژیـان وژیاندنەوەیان خوڵقاندوە، دوو کەس لە ناوە هەرە ناسراوە کـان (کـاک حسێن عۆسمانی ناسـراو بە حسێن کـۆکەن و عەلـی بەدری، عەلی خەیات)، وەک وێنای فێرکـاری و سـەلماندنی ئێـرادەی بەرزی مرۆڤـی خـۆراگر بە سـاز کردنـی پەیکەری ڕێـز و وەفا لەوان لە شـوێنی گونجـاو بە ئەنجـام بگەیـەنن.؟ بەدیهێنـانی ئەم ئەرکە نە تـەنێ ڕێـز گـرتن لە مەزنـایەتی دوو کەڵە پیاوی مێرخاس بەڵکوو یادگاری ئەمەکناسی ئێوە و دەنگدەرکانتان لە گەڵ خۆی تۆماردەکات.

ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

حسێن کۆکەن لە چەند دێڕێکدا؛

سـەردەمی لاوەتـی خـاڵۆ حسێن لە (دڕۆڵە)مەڕەخێـڵ سـەردەمی فەلاکەت و دڕێـژەی ئـاوقەدبوونی خەڵکـی نـاوچەکە لە گەڵ زەبرو زەنگی دەسەڵاتی ملهوڕی پاشایەتی لە لایێک و بێ بەشی خەڵکی وەک پشت گوێ خران وبەربەستی لانـی کەمی گەشـە و سـەرهەڵدانی ژیـان بـۆ هەمـوان بـوو! بـۆ خەڵکێکـی زۆر لە دەرەوەی شـارەکان تەنـانەت دەرەتـانی خوێنـدن و فێـر بـوونی

سەرەتایی خەون و خەیال دەهاتە پێش چاو. بەناچار گەنجێکی وەک حسێن بە جیا لە پیشەی شوانی چەند سەر مەڕو ماڵات هاوکات پەنا بردن بۆ ڕاوە کێوی بە مەبەستی دابین کردنی بژیوی ڕۆگایەکیتری لە بەردەم نەبوو سەر باقی ئەوە لەدەس دەرچوونی گولەی تفەنگی ساچمەیی ڕاوکردنەکەی دەبێتە هۆکاری بریندار بوونی لاقی. دەست وێڕا نەگەیشتن بە دۆکتۆری پسپۆڕ بۆ چارە سەری برینەکەی لە دەست دانی قاچێکی لێ دەکەوێتەوە.

بەر بینگ پێ گرتنی بەسەرهاتی خەمناکی لە دەستدانی ژن و چەند منداڵی لە درێژەی ئەم ژیانە پڕ لە مەینەتیە بە جارێک پەنجەی گوشار دەخاتە گەرووی کاک حسێن. دوابەدوای گیرسانەوە لە باینگان و شارۆچکەی بانەوڕێ بڕیار دەدا بەرپەرچی دژواریەکانی سەر ڕێ ژیان و هاوشان لۆمە و سەرکۆنەی خەڵک کە بە توانجەوە دەیان کردە ئامانج و گوایە توانای بەڕێوەبردنی خۆی نیە! پشت لە جەماوەر و ڕوو لە شاخی مەیگۆڕێ بناری شاهۆ چند کیلومێتری نێوان پاوە و باینگان دەکات. خاڵێ شەیدای بێ ئۆقرەی تێکشکاندنی بەربەستەکانی سەر ڕێ ژیانی پشت بە خۆ بەستوو و سە لماندنی توانای لە بن نەهاتووی مرۆی خاوەن بڕیار وئیرادە ١٩ ساڵی ڕەبەق بە شەو و بە ڕۆژ شەڕی کۆڵینی شاخ و بەردی ڕەق و خۆڕاگری (مەیگۆڕێ)، *١* دەکات بە ماکەی ئەوین و گەیشتن بە ژیانی سەربەست و پڕ لەوانەی فێرکاری بۆ خەڵکی هاو سەردەم و پاش خۆی.

ساز کردنی چەندین ژوور لە نێو دڵی ڕەق و بەردینی شاخ هاوکات ئاوەدان کردنەوەی دەوروبەری ئەم شاخە بەچاندنی دار و باخەڕەز(مێو) لە پەنای یارمەتی کچەکەی بەرە بەرە ناوی حسێن کۆکەن و ئاشکرابوونی شوێنە قەراغ و پەسیو کەوتوەکەی بە گوێ خەڵکی نیشتەجێ دوور و نزیک دەچڕێنێ. ڕۆژ دوای ڕۆژ دەنگدانەوەی سێحری هێزو مەچەکی دەبێ بە بانگەوازچی ڕاکیشانی زیارەتچیان و ڕۆگەی خەڵکی سەرسام ماو بە دیتنی توانای لەشێکی کز و بە ساڵاچووی وەستاو لە سەر لاقێک بە یارمەتی دوو چڵە داری بن هەنگڵ.

گەورەیی حسێن عوسمانی تەنێ لە هەڵکۆڵینی شاخ و داتاشینی چەند ژوورێک وەک پاڵەوانی ئەم خوڵقاندنە تەنیالە نواندنی هێزی شاراوەی مرۆخۆدەرناخات بەڵکوو کۆکەنی هەژار نەخوێندەوار و قەت تێر زگ نەبوو بە ژەمەنانێکی ساکاری تەسەل ئەم جارەیان دیمەنێکی تری مرۆڤایەتی دەگمەن و بەرزە مەقام دەهاوێتە پێش ڕوومەتی خەڵکی نامۆکراو لە بەزەیی و خدەی پیرۆزی نەسڵەکانی پێش خۆیان.

زیارەتچیانی ئاسەواری دەست و پەنجەی حسێن کۆکەن لە شاخی مەیگۆڕێ هەرجارە بڕەپارەیەک وەک یارمەتی بە جێ دەهێڵن. ئێمساڵ ١٣٩٣ خاڵێ دڵ و دەروون فراوانی بێ نیاز لە پارەو کەرەسەی ژیانی سەردەم بە شێوازی پیرانی سەردمانی

پێش خۆی لە شاهۆ بۆ ساز کردنی خوێندنگەی منداڵانی بانەوڕێ سەرجەم پارەی پێشکەشی خەڵک (بڕی ٦ ملیون تمەن) بە ناوەندی پەروەردە و فێرکردنی منداڵان دەبەخشێ و بەئەم شێوە گۆشەیەکی ترلە مەزنایەتی و کەرامەتیمرۆیی پیری مەیگۆڕی ئاشکرا و بەخشەندەیی و فێرکاری دەگەیینێتە چڵەپۆپە.

ئەوە ساڵانێکە مەیگۆڕێ و دیداری حسێن کۆکەن بوەتە ڕۆگەی گەشتیار ڕۆژنامەوان و فیلم هەڵگرانی تلوزیۆنەکان لە هەر لایێکەوە. هەڵکشانی ڕێژەیی داهات بەگوێرەی ڕووتێکردنی تووریست بۆ خەڵکی دەڤەرەکە و شارەکانی دەوروبەر بە تایبەت پاوە یەک لە بەرهەمە بەنرخەکانی خولقێنەراوی دەست ومەچەکی حسێن کۆکەن بوە. پێشچوونێک کە ئەگەر کاری لەسەربکرێ هەردەم دەتوانی ڕووی لەگەشە کردن بێت.

داخ و کەسەر دامو دەزگای بەڕێوە بەری خۆجێیی تا هەنووکە هیمەتی هەر نەبێ کێشانی ڕێگایەکی ڕێکو پێک بۆ لای ئەم ئاسەوارە، ئاوردانەوە لە کاری مەزن و پڕلە ناوو دەنگەکەی پیر حوسەینی شاهۆ و لاینەکشت بابەتیەکانی هەڵ نەگرتوە. حسێن عوسمانی نەک بە زۆری زۆردارانی مێژو نە وەک دیل و بەردەی کڕدراو یان ئەویندارای کچێکی دڵ پێدۆڕاو لە چنگی دەسە لاتدارێکدا ئەسیرکراو بۆ ئازادکردنیدەستی داوەتەخولقاندنی ئەم ئاسەوارە.
ئەو وەک خۆی دەڵێ؛ "بۆ نیشاندانی ئیرادەی ئینسانی وسە لماندنی تواناکانی مرۆڤێکی نوقسانی جەستەیی بە دەوروبەر بە بێ هیچ جۆرە چاوەڕوانیەک تەنێ وەک کوردێکی باوەڕمەند بە خۆی بە دەستی بەتاڵ و کەڵک وەرگرتن لە قوڵەنگەیەکی ساکار بە گژ شاخی سەختدا دەچێ و سەرکەوتن دەستە بەر و تۆماردەکات.

سەرکەوتنێک لیپاو لیپ لە ئامۆژگاری بۆ خەڵکەکەیەتی، سەرکەوتنێک دەتوانێ خاوەندارەتی ناوەرۆکێک بۆ کەڵک وەرگرتن وەک وانەیەکی دەرسی کتێبی خوێندنی منداڵانی بکا. ئەگەر گۆستاڤ ئایفێل (فەرانسە) ٢٨ی ژانویەی ساڵی ١٨٨٧تا ٣١ی مارسی ١٩٨٩بە ساز کردنی بۆرجی ٣٢٤ گەز بەرز و بە خەرج کردنی ٧٧٥٩٤٠١ فرانک لە پارەی ئەوکاتی خەڵکی فەرانسە لە قەراغ هەزاران تۆن ئاسنی لە سەر یەک نراو وێرای یارمەتی دانی سەدان پسپۆڕ و کرێکار توانی پەیکەرو ناوی خۆی وەک کانگای داهات و ناوبانگ (بۆرج ایفل) بۆ ئەم ولاتە هەتاهەتایی بکات حسین عوسمانی تەنیا بە ئارەقەی چاوان و بە هێزی شانو پیلی خۆی سەرچاوەی داهات لە ڕیگەی ڕەکێش کردنی گەشتیار ناوونیشان وگرێدراوی مێژوویی خۆی بە پیرانی شاهۆ لە دەفتەری مێژوودا نوێ کردەوە.

کاک عەلی بەدری؛ کاک عەلی بەدری خەڵکی پاوە هەروەک کاک حسێن وژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دەڤەرەکە بە هۆی نەبوونی هەلی کارو ژیانی دژوار بۆ بە دەست هێنانی بژێوی لە تەنیشت کاری دروومان(بەرگدروون) کە ئەوکات داهاتێکی

ئەوتۆی لێ شین نەدەبوو ڕوو لە شاخ بۆ ڕاو دەکات. بەختی چەواشەی عەلی وەک سەرپاکی نەتەوەکەی لە ئەنجامی تەقینی تفەنگە ساچمەزەنەکەی لە نێو کۆڵیت(ڕاوگە) بە دەمو چاویدا هەردوو چاوی تاریکایی دایان دەپۆشێ. بە پەل کوتان و یارمەتی هۆشی هێشتار لەسەرەخۆی خۆ دەگەیێنێتە سەرکانیاوێکی تەنیشتی. پاش خواردنەوەی کەمێک لە ئاوی کانیاوەکە بە ڕاکشاوی لە جێ دا بێهۆش دەکەوێت.

دوای شەوورۆژێک خێزانەکەی کە ماوەی سێ مانگ لە زەماوەندیان تێ پەڕیبوو خەم دایدەگرێ و خزموکەس لە بێسەروشوێن مانی مێردەکەی ئاگادار دەکا. دۆست و خزمان لە گەڵ بەشێک لە خەڵکی شار کێومااڵ بۆ دیتنەوە ی ڕاوچی سەروشوێننەماو لە شاخی شاهۆ دەست پێدەکەن.

بە گشتی وەک کاک مادی بەدری کوڕی کاک عەلی دەڵێت: لە کۆتایی ـچوارڕۆژ گەڕان بە دوای ناوبراودا ئاخرەکەی کاک کەریم کەڕیسانی ناوێکی خزمیان لە سەر کانیاوێک عەلی بەدری بە بێ هۆشی و سەروچاوی خوێناویەوە نیوەگیان دە دۆزێتەوە. بە یارمەتی خەڵک بۆ پاوە و لەوێرا بەرەو کرماشان بۆچارە سەر دەیگوێزنەوە. بە داخەوە لە بەر نەبوونی پسپۆڕی پێویست و درەنگ فریا کەوتن کاک عەلی بۆ هەمیشە لە هەردووچاو بێ بەش دەبێ.

تازە زاوای ڕاوچی ژیان تاق وتەنیا بۆ خۆی دبێ بە ڕاو بووی ڕاو. بە دووچاوی کوێر دەست و چاوی لە زەوی و ئاسمان دەبڕدرێت. کوێر وبریندار وپەککەوتە و بێ داهات. دوای ماوەیەک تلانەوە و ڕامان لەنێو ئێشو ئازاری بریندی دەموچاو وەک ئەوە لەمێژسانە لە گەڵ ژیانێکی ئەوتۆدەستەو یەخەبووبێت بڕیاردەدا بەرانبەر قەدەر و کێشە کانی ئەم وەزعە نوێیە بە خۆراگری بەرەو ڕووببێتەوە.

وەک خۆی دەڵێ؛ بەکەڵک وەرگرتن لە هۆش و تۆمارکراوەکانی مێشکی حەول دەدا ڕێچکەی یەکجار دژواری گەڕانەوە بەرەو تەقەلای وەستان لە سەر پێ خۆی و درێژەی پیشەی دوورمان و کارو چا لاکی ڕاگەیشتن بە باخو باخداری ببڕێ.

وەستان لە سەرپێ خۆی، کەوتن، هەستان، بەربوونەوە و دیسان دەسپێکی نوێ حەولێکی تر. درێژەی ٥١ ساڵ تێپەڕ کردنی کاتی بەسەرهاتە مەینتبارەکەی (ساڵی ١٣٤٢)، لەعەلی وێنەی کەسایەتیەکی دەرخستوە کە دەکرێ وەک تاقگەی وەرە، ڕۆگەی باوەڕ بە خۆبوون، کانگای وەرە بەرزی هەمبەر کێشەوگرفتەکانی ژیان بناسرێت.

ئەم چەن دێرە ئەوکات متمانەی پڕنێوەرۆکی زیاتر بە خۆوە دەگرن کە هەرئیستا ئاوڕێک لە ژیانی ملیۆنان گنج و ژن وپیاوی وڵات بە هەموو پێکهاتە ڕەگەزی و ئایینیەکانیوە بدرێتەوە کە دۆشدامان بەرانبەر گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە پشتی بێ وەیی و بڕوانە بوون بە هێزی ئێرادە لای ئەوان ئامراز بوونی دەستی گیرۆدیی مادەی سڕکەر و چاوڕوان بوونی یارمەتی

ئەمو ئەو یا کەوتن لە گۆشەو پەسیوانسەرتاپای ژیانی تەنیون. گرفتگەلی بەربینگ پێگرتوو لە خەلک بۆ درێژەی ژیانێکی ئاسوودە تایبەت بە چین و تۆێژێکی هەلبژاردە نەبوە بەڵکوو کەسێکی بێ بەری لە چاو وەک عەلی بەدری ئەگەر متمانەی بە خۆی داهاتوی بنەماڵەکەی و کەرامەتی ئینسانی بۆ پاڵدان بە هێزی نواندن و دەرخستنی تواناکانی نەبووبا ڕەنگبوو ئەویش وەک ژمارەیەکی زۆرلە خەڵک نرخ و بەهای مرۆڤایەتی خۆی بە بەزین بەرانبەر جەورو بێ عەدالەتی دۆڕاندبا بە دەسەمۆیی کەرامەتی خۆی وەک تاکێکی کورد، مل کەچ کردن لە ژێر زەختی فرە ڕەهەندی زاڵ نەوەی داهاتووی لە فێرکاریە بەنرخەکانی بێ بەش کردبا.

هەڵگەڕان بە سەردارگوێزی هۆرامان بۆ دابین کردنی لانی کەمی داهات و بژێوی لە فرۆشتنی بەری دارەکان لە کاتێکداکە ساڵانە هەر لەم ناوچە چەند تاک و بنەماڵە بە لە دەست دانی ئازیزانیان خەم و ماتەمی هەمیشەیی دایان دەگرێ بەڵام لە لاین بێبەری لە چاو عەلی بەدری وەک سەمای چێژ وەرگرتن لە ژیانی پشت بە خۆ بەستوو سەیرکراوە.
وەرد دانەوی زەوی و باخداری، حەولدان بۆ دوورینی پۆشاکی خەلک بە چەرخی دوورمان و دەرکەوتنی ڕۆژانە لە ماڵ بە بێ توانای وەرگرتنی کەرەسەی مۆدێرنی یارمەتیدەری ئینسانی و تکنیکی لەم پێوەندیەدا بۆ ڕاپەڕاندنی گوزەران و کاروباری ئاسایی ژیان لەوانەیە بە دیتنی ئێرادەی ئەفسووناوی هەبوو لە جەوهەری وجوودی کاک عەلی بەدری دا لەوانەیە ئەگەر بە وردی شێ بکرێتەوە ڕەنگە بۆ زۆر کەس ببێتە هۆی وردبوونەوە و فێرکاری لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی خۆیان لە ژیانیدا هاتوودا.

تێبینی: مەیگۆڕێ پێکهاتوو لە دوو وشەی مای = ماد و گۆڕ بە واتەی گۆڕایی، دەشتایی، زەوی گۆڕ، تەخت یان قەبر هاتبێت. بۆیی بۆمان هەیە بڵێن مەیگۆڕێ (مای گۆڕێ) دەشتی مادەکان یان گۆڕی مادەکان.

ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٤

پێناسەی دوژمن لە ڕوانگەی یەکەم و دواییـن سەرکۆماری کوردستان لە وەسیەت نامە هەرگیز بە هیٚند نەگیراوەکەیدا!؟

پەند و ئا مۆژگاری ١٠ی خاکەلێوە بۆ ئەو حێزب و لاینانە تاران بە قیبلەی ڕاوێژ یـا بـەدیهاتنی خواست و ئارەزووەکانیـان دەزانن!

لە دواکاتەکانی ژیانیدا پێشەوا، ئەوکات هەموو ڕاسپاردە، بەڵێن و قەول و قەرارەکان بە هۆمێدی دەستە بەری لانی کـەمی ئامانجە مرۆییەکانی بۆ دواڕۆژی گەلەکەی سەرجەم لەبن داری سێدارە بەرەو ڕووی خنکان دەبینێ، حـەول دەدا لانی کـەم بـە دەس نیشان کردنی ڕاستیە تاڵەکان نەسڵەکانی پاش خۆی تووشی بە سەرهاتی ئەو و کۆمارەکەی نەبن.

قازی وەک ئەوە بخوازێ نیشان بدات، دەزانێ خەڵکێک زیـاتر لەهـەموان چەپڵـەیان بـۆ لێدەدا وەک مێژووی دوورتـر، پـاش ئەویش زەحمەتە واز لە شەیدایی و تلێسمی تـاران بێنن فەرموویەتی:

"بـە بـەڵێنی درۆزنانـە ئێـوە دەخەڵـەتێنن. سـمایل ئاغـا، جەوهـەر ئاغـا، هـەمزەئاغای مـەنگوڕ... فریـوی ئـەم زۆرداره مەلعونانەیان خواردوە، ناپیاوانە شەهید کران. هەموویان بە قورئان و سوێند فریو دا.

دڵنیـام پـاش ئێمـەش قـارەمـان گـەلێکی دیکـە هـەن کـە فریـو بخـۆن، بـەڵام هیـوا دارم مـەرگی ئێمـە ببێتـە دەرسـی عێبـرەت لەسەرجەم خەباتگێڕانی ئازادی کوردستان پێشەوا لە وەسیەت نامە پڕ ناوەرۆکە کەیدا دەسەڵاتی نەیاری کورد بـە وتنـەوەی وشەگەلی کورت بەڵام سەلمێـندراو لە چەند وشە و ڕستەی پڕ بەپێستدا پێناسە دەکات.

"نامەرد، درۆزن، خیانەتکار،خاپێنەر بە بەڵێن و سوێندی درۆزنانە، فێڵبازی، بێ ئەخلاقی و...".

ئەوە ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگریە بـە دەیـان جـار وەک جەوهـەری زاتـی سیاسـەتکاری نەتـەوەی زاڵ بەتـایبـەت بەرپرسـانی دەسەڵاتدار لەتـاران بە درێژایی مێژووی دوورو نزیک لە ئەزموونە مەرگ سەرئەنجامەکانی قـازی و سەرپاکی ڕێبەرانی دوور

و نزیکی جوولانەوەکانی کورد (لە مەراغە تا برلین) بە سەرهاتی خەباتی خوێناوی مافخوازانەی، بێئاکامی ئێمەی کوردی ڕەقەم لێداوە.!؟

پێشەوا لە دوا حەولی خۆیدا ئەڕای نەجات کورد لە زەلکاوی خۆ تووش کردوو تەجرەبەی خوەی دەخاتە بەر چاوی خەڵکی کوردستان ئەو لەم پێوەندیەدا فەرموویەتی:

" یەکیەتی، حورمەت، باوەڕ، برایەتی و متمانەی خۆتان بۆ ڕزگاری لە دیلی بپارێزن ".

مێژووی پێش و دوای وەسیەتە کەی قازی مۆحەمەد سەلماندوویەتی، کوژران و لەخوێن گەوزان، سێدارە، زیندان و دەربەدەر بوون، هەروەها بێ ئاکام هێشتنەوەی خەباتی خەباتکاران لە لای زۆربەی ڕێبەران وەک ئەوە لە پاراستنی یەکیەتی نێوخۆیی، حورمەت، باوەڕ و متمانە بەهەڤدوو پەسەند و گونجاوتر سەیر کرا بێت گرینگی پێویست بە ناتەباییە نێوخۆییەکان بۆ چارە سەری دواڕۆژی کورد نەدراوە!

ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠١٤

کارەساتێکی هاوشان لە پەنا شەڕی هەڵەبجە!!.

پەلاماری مەرگی هێرش بۆ سەر هەڵەبجە لە لایەن ئێران و هێزەکوردەکانی باشوور تەنێ خۆڵقێنەری مەرگ و ماڵ وێرانی بۆ خەڵک لەم شارە نەبوو بەڵکوو لە ناوچەی نەوسوود ناوەندی ژیاری بەشێکی بەر چاو لە خەڵک و بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات وەک دواپین خاڵی ئازادی ڕۆژهەڵات زیانی گیانی و مادی وێرای کارەساتی دڵتەزێنی مەزن پاش هەڵە بجەی بە دوای خۆیدا تۆمار کرد.

خەڵکی ناوچەکە باش دەزانن لەوکاتەدا حەشیمەتێکی زۆری خەڵکی ڕۆژهەڵات (هۆرامان)، کە خوازیاری ژیانی سەربەست لە پەنای پێشمەرگە(هێزی شاهۆ سەربە حیزبی دێمۆکرات)، بوون ژیانیان بەسەر دەبرد.

لە گوندەکانی دەرەتفێ، هاوارە کۆن، ڕێشاو، هانە گەرمەڵە، نەوسود، و تەختەی جام و دەوروبەری بە سەدان بنەماڵە وێرای ژنو منداڵی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات جێگیر بوون.

مەخابن هێزەکانی باشوور لە داڕشتنی پلانی پەلاماری هاوبەشی هەڵەبجە لەگەڵ ئێران بەگوێرەی ئەرکی نیشتمانی بۆ بەرگری لە قوربانی بوونی لانی کەم خەڵکی ئاسایی نیشتەجێ ئەم دەڤەرە کە ناوچەکەیان دەکەوتە نێوان بەرەی شەڕەکە و حەولی هێزەچەکدارەکانی ئێران پێشتر بە جاران بۆ داگیر کردنی بێ ئاکام مابوو، لە بەر چاو نەگرت.

هەر چەند لە یەکەم پەلاماری بەرینی ئێران لەم بەریەدا بەرەو هەڵەبجە بە پێچەوانەی بەرەی لای شۆشمێ و تەوێڵە و بەڵخە نەک هەر بەرانبەر پێشمەرگەی دێمۆکرات سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا بەڵکوو تووشی زیانی سەخت و شەڕی ئازایانەی پێشمەرگە هات بە چەشنێک لە ماوەی دووسەعاتدا ٨٠ تەرمیان بە هێزەکانی ڕژیمی ئیسلامی بە جێ هێشت.

زیاتر لە ٨٠ قەبزە چەکی کلاشینکۆف و ژ ٣، ١١ چەکی بی کەی سی، ١٠ ئارپی جی دەستیان بە سەردا گیرا، هەرچەند ئەم چەکانە دواتر بۆ یەکیەتی نیشمانی بە جێ مان.. تەسلیم بوونی فێرقەی هێزەکانی عێراق واتە سێ لیوا یا ١٢ فەوج(گوردان) لە سەعات چواری پاش نیوەڕۆی ٢٤ - ١٢ - ١٣٦٦ نەک هەر پشتی خەڵکی هەڵەبجەی شکاند و بوو بە ڕێخۆشکەری لێدانی شیمیایی بەڵکوو پێشمەرگەی حیزبیش کاتێک ئاگادار بوو هەڵەبجەی پشتی جەبەهەی ئەو لەپردی

زۆمڕا بە تەواوی تووشی شکان و لە پاسدار پڕ بوە و هێزەکانی عێراق لە بەرزاییەکانی دەرەتفێ تەسلیم بوون. ئیتر خۆڕاگری و بەرئەنگاری بێسود دەبینێ. دواتر (حەمەی حاجی غالی و کادرێکی تری یەکیەتی نیشتمانی کۆبوونەوە لە گەڵ بنەماڵە حیزبییەکان دەکەن و سێ ڕێگایان بە ئەم شێوە پێ پێشنیار دەکەن:

١- ببنە پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی.
٢- لە ناوچەکە بمێننەوە بەڵام لیستەیان بدرێ بە قەرارگای ڕەمەزان
٣- خۆیان لە گوندی (قەلاگا) تەسلیم بە ئێران بکەنەوە.

پاشتر لە دیداری کادرەکانی حیزب لە گەڵ شەوکەتی حاجی مۆشیر بەرپرسی عەمەلیاتی پێشمەرگە لە هەڵەبجە ناوبراو پەیمانی شەرف دەدات ژن و منداڵەکان لەڕێگای (سۆنێ)، سەردەشتەوە بگێڕێتەوە لای کەسوکاریان.

ئاکامی ئەم قەول و بەڵێنانە و هێرشی هەلەبجە جیا لە لێدانی شیمیایی ڕۆژێک پێش لە شەڕی هەڵەبجە لە خەتی پێشەوەی بەرەی هێرشی ئێران و پێشمەرگەی باشوور لە نۆدشە تەسلیم بوونەوەی هەشت سەت تا هەزار کەس ژنوو منداڵی پێشمەرگە و نزیک دووسەت کادرو پێشمەرگەی حیزب یان دەسگیر کرانیان بوو کە دەیان کەسیان ئێعدام و زیندانی کورتو درێژماوەیان بە سەردا سەپێندرا.

لە نێو مزگەوتی جومعەی شاری پاوە بەرپرسی تیپی (نەبی ئەکرەم) بەڕێوەبەری عەمەلیاتی هەڵەبجە لە گەڵ هێزەکانی باشوور بە بڵندگۆ ناوی فەرماندەرانی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی دەهێنا و وەک شەڕی شەنگاڵی داعش پرسیاری دەکرد ((ناموووسەکانتان لە کوێن؟)). ئیتر لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامێدا چیان بە سەر ژن و منداڵی ئەسیر کراو و پێشمەرگەکان هێنا ئەوە با وەک بەڵگەی سەر فرازی نوێنەرانی خودا لە کوماری ئیسلامی و هاوکارەکانیان لە پەلاماری هەڵەبجەدا بەڵگەی مێژوویی کرداری یان بێت. هاوکات مانۆ و حالی بەجێ ماوی بنەماڵەکانی حیزبیش کەوتەبەر تالانی خەڵکی ئاوارەی هەڵەبجە و بەشێکی بەرەو ئێران برا.

ڕێکەوتی: ١٦ی مارچی ٢٠١٥

لاوانی کورد: لە ئێران پەت و سێدارە، لە هەندەران بەڕێوەبەرو سەرۆکی ئێدارە.

هەڵسووکەوتی ناڕەوا هەمبەر سەرجەم هاوڵاتیانی کورد بە تایبەت گەنجان لە ئێران لە وەتی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتوە، لە زۆر بواردا نەک هەر بەیداخی داخ و کەسەری هەتاهەتایی لە سەر دڵی بنەماڵەکان داکوتاوە بەڵکو دەوری کاریگەرو حاشاهەڵنەگری لە سەر قەتیس هێشتنی رەوتی گەشە و سەرهەڵدانی وڵات و بااڵکردنی تواناکان بۆ خۆ ڕێکخستن لە گەڵ سەردەم تا رادەیەکی زۆرنواندوە.

سێدارە، زیندان، دایمیکردنی ترس و خۆف، بێ بەشکران و داخستنی زۆرێک لە دەروازەکانی خۆ پێگەیاندن و خزمەتگوزاری کۆمەڵێک بە ئەژمار زۆر و بەرچاوی تووشی پەنا بردن بۆ مادەی سڕکەر خۆبەدەستەوەدان یا مل کەچ کردن بە پلانە دزیوەکانی دەسەڵات وەک ئەمنییەتی و چەکداری و... بەرانبەر هاوڵاتیانی خۆیان کردوە.

بەشێک لە گەنجان بە ناچاری و بۆ خۆ دەرباز کردن لەم باروودۆخە چ بە تاک و چ بە بنەماڵە ملی ڕێگایان بەرو بەسەرهاتێکی نادیار لە دەرەوەی ئەم بازنە گرتوەتە بەر. ئەم ڕێچکەیە هەروەک حەولی پر لە مەرگ و کارەساتی کۆڵبەری سنوورەکان نەک بە گولەی راستەوخۆی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو بە هۆی خنکان لە نێو بەحرەکانی سەر ڕێگا، مامەلە و سەودای قاچاخچیان، تروورکردنی دەسەڵاتداران لە دەرەوەی وڵات، بێ بەزەیی وڵاتانی سەر ڕێگا قوربانی خۆی بە شێوازی جۆرواجۆر لێ ئەستاندووین.

بەشی دەرباز بوو لە شەپۆلی ئەم گشت مەینەت و کارەساتگەلە وەک تۆی هەرزن لە نێو وڵاتانی ئوروپا و کانادا و ئوستورالیا... هەر یەک لە قولنجێک خۆ دەدۆزنەوە.

بەختەوەرانە ئەوە چەند ساڵێکە لە نێو ڕێزەکانی کوردی دەرباز بوو لەم گێژاوە پڕ لە ئاسەوارە مەینەتبارە کە دەسەڵاتی تارانی ئیسلامی و سیاسەتە بەرچاو تەنگەکانی کە تووشی خەڵکی کوردستانی کردوە وەچەیەکی نوێ لە بەرپەرچدانەوە سەری هەڵداوە.
ئەم جیلە تازە پێگەیشتوە بەرەبەرە خەریکە نەک هەر هومێدی دوژمنی نەیار بۆ سەرکوت و نەهێشتنو وەلانانی کورد

ناهومێد بکات بگرە جێ پێی خۆی و ناوودەنگی حەقخوازانەی وڵاتەکەی کوردستان بە گوێی خەڵکی دونیا لە گۆشە و کەنارەکان تا نێو تریبوونی سیاسی ئەم وڵاتانە بەرز بکاتەوە و توانا و لێهاتوویی خۆی سەرەڕای بەربەستەکانی سەر ڕێگا بسەلمێنێت.

کاک ماکوان خۆشحەیکەل خەڵکی پاوە، دەرچووی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی شاری کریستینساند لە وڵاتی نورویژ کە پێش شانزە ساڵ وەک مێرمندالێک وێرای بنەماڵە داخدارەکەیان پاش شەهید کرانی گەنجێک لە بنەماڵە، زیندان، دوورخرانەوە و بێ بەش کرانی کەسووکار لە مافی ساکاری مروڤی، خۆیان گەیاندە ئەم وڵاتە.makwan-xosh-heykel ماکوان لە دواییین هەڵبژاردنەکانی ئەندامانی شورای شارەکەیان لە ڕێزی لیستەی ٥٣ کەسی حیزبەکەی - حیزبی دیمۆکراتی نۆرویژ - و هەروەها ٥٥٠ پاڵێوراوی سەرجەم حیزبەکان وەک نەفەری سێهەمی حیزبەکەی خۆی دەنگی سەرکەوتن دەستەبەر دەکات.

متمانەی حیزبی دیموکراتی نۆرویژ بە توانا و لێهاتوویی ئەم گەنجەی کورد تەنێ بە بەخشینی دەنگ کۆتایی نایێت. لە یەکەم کۆبوونەوەی دابەشینی ئەرک و بەرپرسایەتیەکاندا یەکییەتی حیزبەکانی نۆرویژ لە شاری کریستینساند کاک ماکوان خۆشحەیکەل وەک بەرپرسی چاوەدێری گشتی پێڕاگەیشتن بە سەر چۆنێەتی بەڕێوەچوونی سەرجەم ئەرک و بڕیارە دراوەکان لە لایەن شورای شار لە پێوەندی پارێزرانی یاساو دێموکراسی لە شاری ناوهاتی هەڵدەبژێردرێت.

دیارە شەپۆلی دەنگدانەوەی سەرکەوتنی ئەم گەنجە لە وتووێژی ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتە، ڕاکێشانی سرنجی خێرای خەڵک بە دوای خۆێدا دێنێ.

شیاوی ئاماژەیە بوترێ کاتێ کۆماری پڕموددعای ئیسلامی ئێران گەنجانی کورد تووشی بەسەرهاتی باسکراو دەکات ئەوەتا وڵاتانی مرۆڤپەروەری وەک نۆرویژ بە بێ لە بەرچاوگرتنی ڕەنگ و ڕەگەز، جوری ئاخەوتن، باوەشی خۆیان بۆ کەڵک وەرگرتن لە توانای خەڵکانیتر لە پێناو خزمەت بە وڵاتەکەیان لە ماوەستای زانکو تا پێشەی کرێکاری وەک نووسەری ئەم دێڕانە ئاواڵە ڕادەگرن.

وەک مانگی پێشوو خانمی میرکل سەرۆکی ئاڵمان ڕایگەیاند ئەوان بە دڵفراوانی بە خێرهاتنی ئەو سەدانهەزار خەڵکە ماڵ و حاڵ فەوتاوە دەکەن کە سەرەڕای باوەڕ بە ئیسلام ڕوو لە کابە وەردەگرێڕن و پەنا بۆ ئەمان دێنن.

سیاسەتی کاولکارانەی تاران لە ئیراق، سوریە، یەمەن، لوبنان و ئێران رۆژانە سەدان تا هەزاران توانای دانسقە وەک کاک ماکوان لە باوەشی نیشتیمانی خۆیان بەرو ولاتانی خاوەن بیروهۆش پاڵ پێوە دەنین.

ئەوە هەر ئەو ڕێباز و سیاسەتەیە کە ولاتانی ناوچەکە ئەوەندەی دیکە نوقمی پاشکەوتوویی و خەڵکی دووچاری هەژاری و دەسەمۆیی زاڵمانی خوێنمژ دەکات.

بـا وێـڕای پیروزبـایی لـە مـاکوان و بنەماڵەکـەی و خـەڵکی کـورد بـە گشـتی هومیـدواری دەربـبـڕین کـە نـەوەی نـوێ زیـدەتـر سیاسەتی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی بە خۆپێشاندانی لەم چەشنە پووچەڵ کەنەوە.

/http://www.demokratene.no/blogg/fra-kurdistan-til-kommunestyret-i-kristiansand
http://www.demokratene.no/blogg/overtar-viktig-verv-etter-vidar-kleppe/#more-1509
http://www.fvn.no/lokalt/kristiansand/Demokratenes-nye-hap-i-lokalpolitikken-2895435.html
http://www.kurdistanmedia.com/sorani/dreje/20335

ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥

ئاگاداری: دەربڕینی خەم و ماتەمینی بە بۆنەی سەرەمەرگی (ڕەسەنایەتی زمانی کوردی)

خۆشەویستی هەموومان، سەدیق بابایی

پێشەکی پڕ بە دل داوای لێ بوردن لە تێکۆشەران و ئەویندارانێک کە گیانی خۆیان بەختی پارێزگاری و نەسرەوتن بۆ دیفاع لەم خۆشەویستە کرد دەخوازم. داوای لێ بوردن لە بەر ئەوە نەم توانیوە ڕێبواری ڕێ ئەوان بم.

نەمران سمکۆخانی شاک (سمایل ئاغا)، پێشەوای پایەبەرز، قازی محمد و هەزاران هاوسەنگەری گیان بەخت کردوو.

داوای لێ بوردن لە خەڵکی سەربەرزی بەنگاڵادش دەکەم لە بەر ئەوە کە ئێمە نەمان توانی لێیان قێر بین درێژە دەری ڕێگای پیرۆژی ئەوان بۆ پاراستنی زمان و وڵاتی خۆمان بین. هاوکات لە گەڵ ئەوە، خەڵکی خۆ بە زل زانی ئێمە لە دهۆک، هەولێر و سلێمانی بۆ خزمە ت لە ماڵەکانیان کرێکارانی سەربەرزی ئەم گەلە (بەنگلادش)، بە منەت بۆ کاری شەرافەتمەندانە ڕێگا دەدەن، بەلام لە بەر پێی، عەرەب، فارس و تورک سەریان لە عەرز دەسوێن.

داوای لێ بوردن لە کەسوکاری کۆڵ نەدەرمان لە ڕابردوو بە تایبەت پارێزەرانی وێژەی کوردی ڕەسەن واتە یارسانەکان دەکەم کە ئەمانەتەکەیان بە هۆی کەمتەر خەمی ئێمە پارێزگاری بە جێ و ڕێی لێ نەکرا.

داوای لێ بوردن لە خانی مەزن و خانای خان قوباد دەکەم کە زمانی کوردی لای ئەوان شیرینتر لە هەر زمانێکیتر بوو هەر وەک بە کردەوە سەدان ساڵ پێش سەلماندیان.

داوای لێ بوردن لە دەیان شاعیڕ و کەڵە پیاوی کورد دەکەم کە لە ڕۆژە ڕەشەکاندا نووری چاوی خۆیان لە بەر ڕووناکی کزی چرایێکی پیسۆز کرد بە قوربانی پاراستنی وشەی پیرۆزی کوردی بەڵام ئێمە هێشتار نەمان توانیوە نێو و ئاسەوارەکانیان وەک پێویست بناسین و بناسێنین.

خوێنەرانی هێژا؛ ئاگادارن لە ساڵەکانی دواییدا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی وڵات سەرلە نوێ شێلگیرانەتر لە دەورانی

نەگبەتباری پەهلەوی خەلکی ئێمە و منداڵەکانیان هەراوتر لە هەمووکاتێک دەسەمۆی زمانی زمان بڕی فارسی بوون. ئەم نەخۆشیە لە چارە سەر نەهاتوە تا قوولایی شار، شارۆچکە و گوندەکان ڕیشەی ئاژۆتوە.

سەرسوورهێنەرتر ئەوەیە پشت کردن لە نەریت و زمانی خۆیان بە شارستانیەت و پێشکەوتن دەقەبڵێنن!!

وێرای ئەوە قسەی زەلام و کەم کردەی تاک و کەمینەی کورد لە دەرەوەی وڵات گۆی عەرش بۆ خۆهەڵکێشان و پیرۆز کردنی ڕۆژی زمانی دایک، کەڕ دەکا! ژستی سەربەرزی بەزیوانەی زۆربە بۆ مل کەچ کردن بەرانبەر زمانی دەسەلاتی ناوەند لە نێوخۆ بە فەخر زانین ڕووی لە هەڵکشانی کەم وێنەیە.

کە باسی زمان دەکرێت، چ زمانێک لە دۆنیادا بە تۆزی پێ زمانی کوردی ناگات.

کە باسی نەتەوە پێشێلکارە کانی خاک، زمان و کەسایەتی کورد دەکەن. هەموویان ئەحمەق. هیچ نەزان و کەسیان بە قۆنەرەی مرۆڤی کورد ناگۆڕنەوە.

بەنگالا دش و خەلکی ئەم وڵاتە (خۆڵقێنەری سەربەرزیەکانی ڕۆژی زمانی دایک)، لە ڕوانگەی خەلکی کورد رەنگە نرخێکی ئەوتۆیان نەبێ.

تا دێت قسەی تاک و تەرای کورد بە پێچەوانەی ڕەوتی هێزگرتووی توانەوەی زمان و کولتوور و وەر چەرخانی هاوئاهەنگ بەرەو دەنگدانی کەم وێنە بە بکوژی حاشا هەڵ نەگری کوردان، سەقامگیر کردنی زمانی دایک هەر نەبێ لە نووسین و بەکارهێنانی ڕۆژانە بەرانبەر زمانی زاڵ کراوی فارسی بێ ناوەرۆکتر دەبێ. وێنەی لە بەر دەست فەیسبووک.

فیردەوسی، سەعدی، حافز و... سەدان ساڵە وەک گۆپالی بااڵدەستی، سەپاندنی زمانی فارسی و خوێنڕشتنی کورد بە کار دێن بەاڵم لەوە دەچێ سێحر و جادووی ئەم زمان و نەتەوە کورد فەوتێنەرە کاریگەریەکی وەهای لە دەروونمان هەیە کە نسڵ بە نەسڵ درێژەی دەبێ.

ساکارترین وێنە جیاڵە هەڵوێست، کردەوە و بیرەنگی مەرگهێنەری زۆربەی هەرە زۆری نفووسی کورد بەرانبەر پەاڵمارەکانی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی، خۆهەڵواسینی بەشی زۆری کوردەکان بە هێنانی نوکتە و ئاموژگاری کەسایەتیە

جەهانیەکان بە ئەم زمانە، نووسینی مەتڵەبەکانیان بە فارسی نەک هەر ڕووی لە کەمی نەناوە بگرە پەرەشی ئەستاندوە. وەک ئەوە بە کوردی نووسین شەرم بێ یا زمانیتر لە دونیادا بڕابێت.

ئاکامی ئەم لاساریە مەزن و زیانبارەی خەڵکی ئێمە بۆ داکۆکی لە پیرۆزیە کانمان ئەوەتا ڕۆژ لە پاش ڕۆژ شلوێ، ئاوەکی کران و بەرەو شێوێندرانی یەکجارەکی مەرگ و توانەوەی زمان وەک بەڵگەی بوونمان بەرەو لێژایی هەڵدێران ڕێگە دەپێوێ. زیاتر لەوە بێ ڕێزی، و کوشتاری بێ بەر بەست بۆ خەلکی ئێمە وەک بەشێک لە بەسەرهات ئاسایی چاوی لێ دەکرێت!!

بە گشتی زمان، نەریت و هەر چەشنە دابێکی پیرۆزی دێرینمان لە سەرە مەرگ دایە.

داخوا لە بەرانبەردا چوار بنەماڵە لە سەرجەم کوردستان پەیدا نابن بۆ ماوەی یەک حەوتوو لە ڕۆژێکی وەک ئێمڕۆ منداڵە کانیان وەک دەربڕینی نارەزایەتی بە خوێندنگا زۆرەملیەکانی زمانی فارسی نەسپێرن؟

لە بەر نەرێنی بوونی وەڵامی ئەم پرسە ناچار دەبێ بڵێم خەریکە سەرەمەرگ تیدەپەڕێنین. بۆیێ لە جێگای پیرۆز کردنی ڕۆژی زمانی دایک سەرەخۆشی لە قیس چوونی(هیمەتی بەرئەنگاری کوردان)، سەر سووڕهێنەر نیە.

ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٦

لە قەڵای دمدم تا قەڵای نیەر و قەرە سەقەڵ.

٤١٢ ساڵ قەڵاچۆ، کارنامەی شاسمایل سەفەوی تا شاعەلی خامنەیی تا دەستەبەری کامە دەسکەوت بۆ خۆێنرێژان؟

مێژووی"برایەتی"! ڕەگەزی فەرمانڕەوای ئێران بە گوێرەی بەڵگە و تەنانەت تۆمارە مێژوویەکان لەوانە بەردەنووسی بێستوون لیپاولیپە لە قەڵاچۆ، حەولی توانەوە، نەهێشتن و بێ بەشکردنی خەڵکانی جیا ڕەگەز یان جیابیر لە دەڤەرەکە.

هەر چەند بە درێژایی بێ بڕانەوە لە پێناو ئەم ئامانجە چەپەڵ و نامرۆڤانەیە لە هەر کەرەسە، درۆ و بۆختانێک وێڕای دەکار کردنی ئەو پەڕی دڕندەیی بە دژی گەلانی جیاواز بە تایبەت کورد وەک یەک لە ڕەسەنترین خاوەنانی ئەم ئاوو خاکە کەڵک وەرگیراوە . هەر چەند کورد و کوردستانیان لە کەمترین مافە مرۆییەکان بە گوێرەی ژیانی سەردەم بێ بەش کراون بەختە وەرانە ئەم گەلە کۆڵنەدەرە تا هەنووکە توانیویە هەبوون و کۆڵنەدانی خۆی بەرانبەر دوژمنانی بێ ئۆقرە لە خوێنرێژی بە هەموو قیمەتێک لە کوژران ، خۆکوژی خۆڕاگری بەرانبەر تەنگ و چەڵەماکانی کۆچی زۆرەملی نەک هەر بسەلمێنێ بگرە داستانی تژی لە قارەمانەتی کەم وێنە لێرەو لەوی لە پانتایی خاکی پیرۆز و باوەڕی قووڵی خۆڕاگری دا تۆمار بکات.

ئەگەر تەنێ بە ئاماژەی چەند سەت ساڵی پێش لەم پێناوەدا قەناعەت بکەین داستانی قارەمانەتی و خۆ بە دەستەوە نەدانی دانیشتوانی قەلای دمدم (١٦٠٤) زایینی لە دەڤەری ڕووداوەکەی ٥.٠٦.٢٠١٦١ و هەر لەمەودای نێوان ئەم حەماسە مێژوویانەدا کۆچبەر پێ کرانی زۆرەملی سەدان بنەماڵە لە زێدی خۆیان بۆ سنووری ڵای شەرقی ئێران قووچان و دەرە گەز (مەشهەد). کۆچبەر پێ کرانی هاوشێوە بۆ دوورگەی میان کاڵە لە گیلان و مازەندەران (هۆرامیەکان). کۆچبەر پێکرانی هۆرامیەکان دیسان بۆ تووں و تەوەس (تون و طبس) ستانی گولستانی ئێمرۆ، بە داری زۆر گواستنەوەی بەشێک لە خەڵکی کرماشان بۆ کەلاردەشت لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، خاپوور کردنی گوندەکان ،کوشتاری بە کۆمەڵ و... هیچکات نەیتوانیوە چۆک بە ئیرادەی مرۆی کورد بۆ پاش گەزبوونەوە و پێداگری ویرای هەموو زیان و کوێرەوەری تووشکراو لە کورد و کوردستانی بوون و هەمبەر وەستانی دوژمن بدات.

دووپات و هەزار پاتە کردنەوەی کارەساتگەلی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو وەک کۆبانی تا ١٥ - ٦ - ٢٠١٦، قەرەسەقڵ لە

شنۆ و سووتاندنی گوندی نیەر ساڵی ١٣٦٢،هەروەها سەدان ناوەندیتری ژیانی خەڵک لە هەموو پارچەکانی وڵاتی کوردان وەک شەنگاڵ بەر هەمی غەزەبی نەیارانی کورد لە چەشنی کاولکاری شار و گوندەکانی کوردستانی باکوور بە نواندنی ئەوپەری هاری و درندەیی هەوسار پساوی بە ئێدعا هاو ئایین و "برا" ی کورد !! هەتا دێت وەک چەند ڕۆژی رابردوو لە قەرەسەقەڵ شاهێدی بووین لە سایە سەری ئەم "برا بەڕێزانەمان"!!؟ ڕووی لە زیاد بوون و هەڕەشەی درندەیی پترە.

سەرەرای ئەمە دەوام، بڵند و بڵند تر بوونی دەنگی ڕەوای مافخوازانی کورد دەنگدانەوەی دلێری و حەماسە خوڵقێنی ئەفسانەیی ئەم گەلە بۆ پاراستنی کەرامەتی ئینسانی تا رادەی دان پێدانای هاوکار و هاودەستەکانی دوینێ جەنایەتکارانی تاران، ئانکارا، بەغدا و شام بە ئازایەتی پێشمەرگە و بەرەوانی مافی ژیانی کورد پێخامی خام خەیاڵی داعشیەکانی تاران، هاوپشتەکانی شاسمایلی خوێنڕێژ بە گوێ جێهانیان بە تایبەت شاعەلی خامنەیی سەڵا دەدات.

ئەزموونی دوور و درێژی کورد لە بەر ئەنگاری فێری کردوە کاتێک دێوی جەماران حەفتخانی سنووری وڵاتان بۆ داکۆکی لە سیستمی خوێنڕێژی ئیسلامی دەبڕێ و بە خەیاڵ بۆ داکۆکی لە پاراستنی دەسەڵاتە داعشیەکەی لە سنووری بەحری ڕەش، یەمەن، لۆبنان، بەحرەین عەرەبستان و بۆزنی و... ڕۆژانە جەستەی بەرپرسانی تینووی خوێنڕشتنی لە خاک و خۆڵی وڵاتاندا دەگەوزێنێ...،

بەڵی ئا لەم کاتە دا پێشمەرگەی باوەڕمەند و چاونەترسی کورد بە زانابوون خەوی خەیاڵاوی پاسەوانەکای حەفتخانی ئەمنی !تاران دەشڵەقێنێ و ئاوقەدی لافاوی خوێنڕێژان دەبێ تا وەک هەمیشە پێیان بسەلمێنێ ئەگەر تارانی ڕەگەز پەرست لەو پەڕی سنووردکان بە ناو خۆپارێزی دەکات لە نێوخۆ بەرانبەر ڕۆڵە حەق خوازەکانی کوردستان واتە تەنێ شەش ڕۆڵە ی میری برادۆست، شەش سمکۆی دوژمن تەزێن، شەش ڕۆڵەی بە ئەمەگی قازی و بە کورتی شەش پێشمەرگەی گیان لە سەر دەست وەها زەلیل و داماو دەمێنێ کە دارو بەرد، ژن و منداڵ، پیرو جەحێلی بێ دیفاع و بست بە بستی کوردستانی لێ دەبێتە پێشمەرگەی حماسە خۆڵقێن بەرانبەر لەشکرە ترسنۆکەکەی. لەشکرێک کە وەک پیشەی هەمیشەیی دەست لە مالی قوڕینی ژیانی خەڵکی بێ بەش کراو دارو لێرەوار(سەوڵاوا) و دانیشتوانە کەی ناپارێزێ!!

ئەگەر خام خەیاڵانی ڕژیمی تاران تواناییان تەنێ گۆندێکی وەک نیەری سەربەرز بۆ پەروەردە کردنی شۆڕش، ئەگبەر وشاخەوان مینبەری پاش سووتاندن (ساڵی ١٣٦٢) و ڕەواداشتنی دەیان شێوە جەورو ستەم بەرانبەر خەلکەکەی و پاش پێشکەش کردنی زێدەتر لە ٦٥ هەڵۆی ئازادی لە ویستی ڕەوایان پاشگەز بکەنەوە ئەوە دەتوانن بە داهاتووی ڕەش و لەرزۆکیان لە سەر گۆمی خوێنی خەڵک هیوادار بن.

ڕوومەت و سیمای قەرەسەقەڵ (شنۆ) پاش بەر ئەنگاری زێڕینی دمدم ئاسا لە ڕۆژانی دوایی هەروەها شەهید کەوتنی سێ قارەمانی ترلە هۆرامانی هەرمان (نیەر) دا شاهێد و بەڵگەی دوو خاڵی هەرە زەق و حاشا هەڵنەگرن.

یەکەم: ئەوە کە هیچ قۆرەت و کەرەسەیەکی ڕۆخێنەر هەر چەند لە لایەن لەشکری مەغۆلی جەمارانەوە بەکار بهێنرێت ناتوانی ئێرادەی پێشمەرگەی کورد بۆ داکۆکی لە مافی ڕەوای ناچار بە بەزین بکات.

دووهەم: ئەوە کە نەک هەر خەڵکی کوردستان بە ڵکوو دارو بەرد، دیوار، ئاو و خاک و هەموو پێکهاتەی ئەم نیشتمانی کوردانە وەک قەرە سەقەڵ هەڵگری ڕۆحی ئازایەتی پێشمەرگە، دوژمن تەزێنی و قاڵ بووی وانەی قەڵای دمدم و نیەرلە پانتایی ئەم خاکە پیرۆزەن.

ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٦

تروٚر ڕێبازی دێرینی دەسەڵاتدارانی تاران هەمبەر گەلی مافخوازی کورد.

بە بۆنەی نوێترین ڕەشەکوژی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە بنکەی حدک، کەمپی (کۆی) باشووری کوردستان.٢٠ لە سەر ٢١ی ١٢ ی ٢٠١٦. جیا لە تروٚری سەدان کەس لە خەباتکارانی سیاسی لە ساڵە کانی نەوەد لە کوردستانی باشوور ، تورکیە و هەندەران وەک مێژوو شاهێدی دەدات.

١- ساڵی ١١٩٨ بەرانبەر بە ١٨١٩ی زایینی: **ئەحمەد ئاغا کوڕی موحەمەد ئاغا حاکمی مەراغە،** باپیر ئاغا سەرۆکی دەسەڵاتداری فێدراسیۆنی عەشایری کورد بە خۆی و هەزار کەسەوە بە بیانوی یارمەتی بانگ هێشتی مەراغە (شارێکی ئازەربایجان) دەکا و بە پێ پلانی پێشتر داڕێژراو سەرجەم میوانانی دامەزراو لە ماڵەکانی شار بە شەو لە گەڵ سەرۆکەکەیان(باپیر ئاغا) لە خەودا تاقە کەسێکی لێ دەرچێ ئەوانیتر بە باپیر ئاغای سەرۆکیانەوە دەکوژن! دیارە ئەحمەد ئاغای بکوژی کوردان زاوای فەتحەلیخانی قاجارِ مێردی زەینەب خانم حەفدەهەمین کچی شای هاوسەر بوە.

٢- **بوداق خان مۆکری:** ساڵی ١٢٠٣ هەرچەند بۆ هاریکاری کردنی دەسەڵاتی ناوەندی و قڕ کردنی ئێلی بلباس لە لایەن کوردەوە تاوانبار دەناسرێ، بە فەرمانی ئاقا موحەمەد خان چاوی دەر دەهێنن و دەی کوژن.

٣- **ئەفراسیاو سوڵتانی زەرزا:** ساڵی ١٢٠٧پاش ئەوە موحەمەد قوڵیخان (ئازەری) حاکمی ورمێ دەکەوێتە بەر غەزەبی موحەمەد خانی قاجارِ. سوڵتانی زەرزا یارمەتی و دالدەی دەدات. کاتێک کێشەکە چارە سەر دەکرێ و قوڵیخان دەکرێتەوە بە حاکمی ورمێ. ئەفراسیاو سوڵتان زاوای حاکمی دووبارە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ پیرۆزبایی دەچێتە لای، بە فەرمانی شا دەرمان داوی دەکەن و دەمرێ!!

٤- **هەمزە ئاغای مەنگورِ:** سوپاسالاری شێخ عوبەیدوڵڵا ٣٠ - ٧ - ١٨٨١ لە لایەن حەسەن عەلیخان (سەرتیپ) وەزیری فەوائیدِ کوڕی موحەمەد سادق خانی گەروس لە دەستو پێوەندەکانی ناسرلدین شا قاجارِ بۆ نێو خێوەتی سپا لە مەهاباد بە بیا نووی ڕاوێژ و دڵدانەوە بانگ هێشتن دەکرێ. هاوکات لە گەڵ سەت کەس لە تفەنگچیەکانی دەدرێتە بەر دەسڕێژ و دەکوژرێ!

٥- **حەسەن سانی هەورامان:** ساڵی ١٢٨٤ لە لایەن فەرهاد میرزای قاجارِ حاکمی کوردستان (سنە)دیسان بە نێو بۆ وتووێژ و پێشکەشکردنی خەڵاتی شاهانە!! بانگ هێشتی ئاوایی بێڵک لە ناوچەی مەریوان دەکرێ و بە فێڵ دەیکوژن.

٦- **جەعفەر ئاغای شکاک:** ساڵی ١٢٨٤پاش سەفەری موزەفەرلدین شا قاجارِ بۆ ئۆروپا موحەمەد عەلی میرزا والی تەورێز لە جێگای خۆی دادەنێ. والی بە نزام ئەلسەلتەنە تلگرافی فەرمان دەدا جەعفەر ئاغا بکوژن. نزام ئەلسەلتەنە قورئانی

مۆرکراو بۆ ئاغای شکاک دەنێرێ و داوای لێدەکا بۆ پاراستنی تەوریز بە هانایەوە بچێ. حسێن خانی زەرغام یەکێک لە سەرانی سپای تەورێز خانی کورد بۆ سەرای خۆی میوانی دەکا. بە گەیشتنی دەسرێژی لێ دەکەن لە جێدا شەهید دەکرێ.

۷- **حەمە سەعید سوڵتان حاکمی هەورامان:** سالّی ۱۲۸۷ی کۆچی دوا بەدوای سوێند و قورئان بۆ پارێزگاری و ڕێز لێ گیران دەچێتە شاری سنە ئەویش بە پێلانی شەرەفەلمولک و فەرمانی موعتەمد ئەلدەولە قاجار و وەزیر ئاقاخانی نووری لە شاری جوانڕۆ دەکوژرێت.

۸- **پلانی تڕۆری سمایل ئاغا سمکۆ:** بە دانانی تەقەمەنی لە نێو قوتووی شیرینی: سالّی ۱۲۸۷بەرانبەر ۱۹۱۹ بە دەستی موکەڕەم ئەلمولک جێگری والی تەورێز کە سمکۆ تێیدا دەرباز دەبێ بەڵام برایێکی دەکوژرێ.

۹- **کوژرانی سمایل ئاغا سمکۆ:** پووشپەڕی ۱۳۰۹ بەرانبەر بە۱۷ی ژوئەنی ۱۹۳۰لە شاری شنۆ بە فەرمانی ڕەزا شا پەهلەوی، هەمدیس بە بیانووی وتوویژ و پاش سوێندی قورئان و بەڵێنی پێدان.

۱۰- **لە سێدارە دانی پێشەوا و هاوڕێیانی دەی خاکەلێوەی** سالّی ۱۳۲٦پاش قەولو بەڵێنی سەۆک وەزیران قەوام!

۱۱- **کوشتنی دوکتۆر قاسملو و هاوڕێیانی:** ۲۲ی پووشپەڕی ۱۳٦۸بەرانبەر ۱۳ - ۷ - ۱۹۸۹ وین پێتەختی ئۆتریش لە ژێر پەردەی وتوویژی چارەسەریدا!!

۱۲- **کوشتنی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاڕێیانی:** ۲٦ی خەرمانانی ۱۳۷۱ بەرانبەر ۱۷ی دێسامبری ۱۹۹۲ لە برلین (ئالمان) کاتی کۆبوونەوە بۆ یەکخستنی سەرانی هێزە سەرانسەریەکانی دژبەری تاران!! کە تەنێ کوردەکانی تێدا قوربانی کران؟؟؟ مەحکەمەی ناسراو بە میکۆنۆس(قەزایی ئالّمان) دەسەلاتدارانی ئێران ـ ی بە پلاندانەر و بەڕێوە بەری ئەم کردەوە تڕۆریستیە بە فەرمی ناساند.

ڕێکەوتی: ۲۰ی دێسەمبەری ۲۰۱٦

پیر، شا، یار = پیرشالیار،

داکۆکی لە کولتووری نەتەوەیی لە دووتوێ پاراستنی نەریتە پیرۆزەکاندا؛

ڕێو ڕەسمی دێرینی ڕێز گرتن لە کەسایەتی پیر، شا، یار = پیر شالیار وەک هێمای باوەڕێکی کۆنی کوردان.

وێدەچێ ئەم ڕێوڕەسمە کە هاوکات لە گەڵ جێژنی سەدە (جێژنی مهرگان) سەردەمی باوەڕ بە مێر (میترایییزم) لەم مەڵبەندە بەڕێوە دەچێت هەمان ڕێو ڕە سم بێ کە لەودا خوای مێر دابەشکاری بەرەکەت لە چلەمین ڕۆژی پەیدابوونی لەوکاتە دا کە زەوی دەس بە نەفەس کێشان دەکا (بەهار) و مەڕومالاّت زاوزێ دەکا یەسنە دەکەن و بە بەجێهێنانی قوربای بیرۆکەی خوالەی پاڵپشتی فەلا (وەبەر هێنەران)، کە بە کوشتنی گا هۆکاری بەرەکەتی دەغلودان برۆسانی بە کەڵک و سەوزەلانی و شادی لە سەر زەوی دەخولقێنێ حورمەت دەگرن. باوەڕمەندان و پیرانی ئەو لە مێراوەی مێژوویی، ئاسەوارە متبەڕکەکان لە مۆمدان و سەر سەکۆکان ڕێزدەگرن. لەم کاتە دا جێگرانی ئەو پێرگەلێکن خاوەن کراماتی هاوشێوە.(١) زۆرێک لە شرۆفەکاران پیر وەک پێناسەی شا و یار ناودەبەن. ئایەتوڵا مەردوخی کوردستانی پیر تەنێ لە یەک یا دوو نەفەر کۆ ناکاتەوە. گەورەی هەر بنەماڵەیەک بە پیر کە ئەرکدار یا خاوەن بەڵێن بوە ناو دەبات. پیر لە جیاتی خەڵکی تر ئەرکی ئایینی بە جێ هێناوە.(٢)

وشەی پیر زۆرجار تێکەڵی پاشگری ڕازاندنەوە یا ناسێنەری وەک؛ پیری تەرێقەت، پیری زاهێد، پیری یارسان و پیری بنەماڵە و... گۆ کراوە.

هەڵبەت لە هۆرامان لە تەنیشت وشەی پیر ژمارەی ٩٩ ئاماژەیەکی فرە ڕەهەندە کە بەشێک بۆ یارانی پیر شالیار و بەشێک گرێدراوو یاری سان سەهاک یا بە وتەی دکتر قادری (٣) سان زۆحاکی سەرژمێر دەکەن.

بە گشتی وشەی ٩٩ یان ژمارەی نۆ(٩) زۆر کۆنتر لەوە و بۆ سەردەمی سۆمێریەکان دەگەڕێتەوە .(٤)

پیرۆزی وشەی ٩ و ٩٩ هەم لە تەورات هەم لە قۆرئان و هەم لە نەریتی کۆنی هۆرامانداوێرای پاشگربۆ پیر پارێزراوە .

تایبەتمەندی ئەم ژمارە وەک بوونی ماوەی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ منداڵ لە زگی دایکیدا زێدەتر سرنجی مرۆ ڕادەکێشێ. لە شاری پاوە تا ئێستاشی لە گەڵ بێ خەڵک سوێند بە نۆ مزگی [هورمزگا] وەک وشەی پیرۆز بەکار دێنن.

پیر هێما یا سەنبۆڵی میترایە لە حەوتخوانی میترادا دواپین قۆناغ پیرە.[دەلیل، سڕ پۆش، خۆبەخش، بە برشت(شێر)، پارێزگار، خۆر، باب یا پیر. (پیرۆزی وشەی پیری میترایی لای یارسانەکان بە ڕادەیەک جێگیرە کە بەشی هەرزۆری ڕێبەرانیان شەرەفی نازناوی بابە یا پیریان پێبەخشراوە. بابە سەرهەنگ دەودانی .بابە ناووس. بابە نجووم. بابە یادگار، بابەقەیسەر هۆرامی،بابە گەرچک هۆرامی و... پیر ئەحمەدی کەرکووکی، پیر بنیامین شاهۆیی، پیر داودی دەودانی، پیر مووسا شامی،پیر قۆبادی دێوانە پیر مەنسوری شوشتەری و... ت ..د لەوانەنەن.

جیاوازی پیری میترایی و پیری عێرفانی مەعنەویەت و نزیکی لە خودا نیە بەڵکوو دابران لە ڕۆحانیەت، متافیزیک و پاک کردنی جەستە لە نێوەرۆکی ڕۆح لە پەنا خواردنەوەی "هوم"، شەراب، سەما، شاییگێڕان وەک خۆ و خدەی زەمینی (چێژ وەرگرتن لە ژیان) قەرارێکی کۆمەڵایەتی بە بێ باوەڕ بە دۆزەخ و جەزای دوا ڕۆژە.

زانایانی فەلسەفە لەوانە (فۆکۆ) ڕۆح و دین ئامرازی دەسەڵاتداری، سەرەڕۆیی و زۆڵم و خۆسەپاندن دەزانن. خۆسەپاندنی ئێسلام (ئەلقاعیدە، داعش، و سیستمە سەرەڕۆکان لە ژێر نازناوی ئێسلام و بگرە ئایینەکانی تر لەوێرا سەرچاوە دەگرێ کە بە ناوی دین و یاسای ئاسمانی (نەگۆڕ) هەروەها شەرێعەت خەڵکی گۆڕەوشوار دەدەن.

لە یاسای ئایینە ئاسمانیەکاندا گرێبەستی ئیرادەی سەربە خۆ و خزمەتکارانە هەمبەر کۆمەڵگا هەڵقوڵاوی پێگەیشتن و خزمەتکاری پاڵدراو بە ئێرادەی مرۆڤەوە نیە بەڵکوو یاسای خودایی و مل کەچی بە بێ ئەمما و ئەگەری بەڕێوە بردنی فەرمانە نەگۆڕەکان بوونی هەیە "وەسجد وەقتەرێب" ، سجدە ببە تا نزیک ببیتەوە.

پیر بە جیاوازی زەق لەم تێڕوانینە لە ئایینی هەرەکۆنی کوردانداسەیر دەکرێت. لەم تێڕوانینەجیاوازەدا پیر بە واتای پەیمان و بەڵێن (گرێبەست) و بەتاڵ (بەری) لە یاسای ئەودیوی سرۆشت (فەرمانبەری مرۆڤ و مل کەچی بەرانبەر دەسەلاتێکی سەروو یا هەر تاکیک)، لە ژێر هەر ناویک لە گەڵ وەک هەڤی ناتەبا و نەسەلمێندراو سەرحساب دەکرێ.

فرە ئیزەدی ئەوە کە فارسەکان "فەرە ئیزەدی" پێ دەڵێن لای میترابیەکان لە وێنەی ئەستێرەکان، وەک هەڤی و هاوتەریب بوون بەرانبەر تاک خودایی و بەرزکردنەوەی تاکی بێ ڕکەبەر یا تاکی خاوەن فەرمان پێناسە دەکرێت.

ئایینی هەڵقوڵاو لە کۆمەڵگەی دێرینی کوردەواری لەم پێوەندیەدا تاریکی وەک هێمای یەکڕەنگی بەرزتر دەنرخێنی. ئەمە پاشتر لە ئایینی زەردەشت و ئایینەکانی پاش ئەودا تووشی بەرئەنگاری توند دەبێتەوە. هێماگەلی میترایی بە دێو، شەیتان، منافق و.. دەشۆبهێندرێن . سەرهەڵدان و سەربزێوی بەرانبەر فەرمانی تاکی ئەودێوی سرۆشت شەیتانی لێ شین دەبێ کە دژی کۆرنۆش بردن، زەبوونی و ملکەج کردنی مرۆڤ دەوەستێت.

هەخامەنشەکان بۆ دەوام و بەقای دەسەڵاتێک کە بە شکستی مادەکان دەستیان بە سەریدا گرتبوو تێدەکۆشان دەسەڵاتی ئەودێوی سرۆشت واتە خودا بکەن بە یاریدەر و پشتیوانی دەسەڵاتەکەیان. ئەمە واتای ئەوەی هەبوو کە هەرلاینێک درژبەریان ڕابوەستێ هاوکات دوژمنی خوا دەکا و پێجەوانەی دەسەڵاتی خواپێداوی ئەوان دەوەستێت. ئەم ڕێچکە تا ڕۆژگاری ئێمرۆ درێژەی هەیە. لە بەردەنووسی بێستووندا داریوش شا لە کۆتایی دێرەکاندا دووپاتیدەکاتەوە هەموکردارەکانی بە پشتیوانی و خواستی خودا بە ئەنجام گەیاندوە. لە سەردەمی ئێمەدا وەلی فەقێ درێژەدەری ڕێچکەی ئەوان خۆی بە نوێنەری خودا و بەدیهێنەری فەرمانەکانی ئەو پێناسە دەکات!

لە شانامەی فێردەوسی دا نێوان تاریکی و ڕووناکی سنووڕێکی دیار پێداگری دەکرێ واتە دوو پێکهاتە لە هەمبەر هەڤدوودان بەڵام لە شانامەی کوردی(هۆرامی - گۆرانی) دا بە شیوازی گشتی چاکە و خراپە (خێر و شەڕ) لە هەمبەر یەکدا نین و قەدەریان لێ زیاد دەبێ و دەبن بە سێ تایبەتمەندی.

لە وێنەی پێوەندی کەسایەتی ئەفراسیاو و کەیخۆسرەودا ئاماژە بە ئەوە دەکرێ قەدەر ئەوانی بە خوێن ڕشتنی یەکتر هانداوە.

ئەیا، خۆسرەو، شای نەڕەشێران
باش باڵا دەس شاهان ئێران
سێوای جە خوێشی من و تۆ وەهەم
پێوەندی داریم جە شاهان جەم
چونکە تەقدیر بێ نەی دونیای غەدار
خوێش و ئەقرەبا ببان و خونخوار
وەر نە تۆ جە کۆ دوشمەنی کەردەن
چەنی جەدو وێت تا سەر نەبەردەن

پەوسە بەی تەقدیر گەردوون ئای گەردوون
بابۆت سەر بڕیۆ نە تەشت پڕ هوون(٥)

لە شانامەی فیردەوسیدا دیو هێمای ئەهریمەن (شەیتان) و تاریکی دەژمێردرێ. لە شانامەی کوردی بە پێچەوانەی فێردەوسی دێو هێمای شەیتانی نادرێتێ و وێرای پاڵەوانان دژبە دێوانی راستەقینە بە شەردێ. لێرە دیو و پاڵەوان وەک شانامەی فێردەوسی بەرانبەر یەکتر ناوەستن.
ڕێبەری دوژمنان ئەفراسیاو لە تۆرەمەی کیانی واتە کوردەکانە. هەموو شەر و پێکدادانەکان بۆ دەست بە سەردا گرتنی دەسەلاتی کوردی کیانیەکانە لە بەر ئەوە هیمەت و ئیرادەی زۆحاک دەبێتە یارمەتیدەری دێوەکان.

واتش پاتشا وە عەون یەزدان
وە یۆمن ئیقبالڵ نەوەی کەی کیان
سەر بەور بەد ماوەروم پەرێت
وە عەون یەزدان وە ئیقبالڵ وێت.(٦)

لە تەورات، بابی سێهەم (٧) مار حەوا بەرەو لای خواردنی مێوەی مەعریفەت (سێو) هان دەدا، لە بەر ئەوە مرۆ (ئینسان) وەک تاوانباری لادەر لە یاسای ئاسمانی سزادەدرێت و بۆ سەر زەوی دوورەدخرێتەوە. وەک ڕاسا و ڕێسا لە سەر هەموان فەرز دەکرێ ئەگەر پێچەوانەی فەرمانی ئاسمانی بجووڵێنەوە چاوپۆشی ناکرێ.

لە بەرانبەر تەسلیم بوون و ڕەزادان بە مل کەچی، فێردەوس - پارادیس یان بەهەشت لە پاش مەرگ مزانی دەدرێت بەهەشتێک کە مرۆڤی خاوەن بەڵێن (پیر) پێوایە لە هەرکات و ساتێکی ژیاندا دەبێت جێژی لێ وەرگری نە تەنێ پاش مردن.

شا: هێما یا هەڵگری نازناوی کەسایەتی هەڵبژاردەی خاوەن گرێبەست (بەڵێن) بەرانبەر کۆمەڵگا دەژمێردری کە تایبەتمەندیەکانی پیر بۆ پڕ بار کردنی بەختەوەری لە ژیاندا بە سەمەردێنی و بە بەختەوەری مرۆ حەقانیەت دەبەخشێ. ئەوە لە ئایینی یاری (یارسان) هەنووکەش وەک بڕوا لە جێدایە.

"هەقەن هەقەن شام هەقەن". باوەڕمەندانی یارسان زۆر جار نازناوی شا بۆ پیرەکانیان هەڵدەبژێرن. لە ئاهەنگ و

ملۆدیە ئایینیەکاندا پەسنی شای هۆرامان (سولتان سەهاک) تێکەڵ بە ژەنینی تەمورەی پیرۆز دەکرێ. بەکار هێنانی ئەم نازناوە نە تەنێ بۆ مرۆڤ بەڵکوو لە کۆی بوونەوەرەکانیتریشدا ڕەنگدانەوە و نیۆدیرکردنی پێوە دیارە.

شا: یا مەلیکە لە بوونەوەری هەنگ، میرووڵە، ئاژەڵی کێوی و بگرە شاخ، کێو و کانیئاو، چۆمی بە هێز و خاوەن تەوژم لەوانەیە. وێنەگەلی زۆرتر لەم پێوەندیەدا وەک شاهۆ، شاکەل، شاقەلا، شا ڕێگا، شادەمار لە بەردەست دان.

لە ڕۆژگارانی پێشتردا وەک لە داستانی سینگ بە سینگی کورد دەردەکەوێت بۆ هەڵبژاردنی شا یا سەرۆک و ڕێبەر زۆر جار کۆڕ و کۆبوونەوەی بەرین گیراوە تا بەئەم شێوە بتوانن کەسایەتی شیاو و پەسەندی هەموان هەڵبژێرن بەرادەیەک گرنگی بە هەڵبژاردنەکە دراوە کە ئەگەر هاوەنگی گشتی سەری نەگرتوە باز - یان هەڵداوە تا بە نیشتنەوە لە سەر سەری کەسێک بە بێ دەس تێوەردان واتە ڕەچاو کردنی جیاوازی لە نێو خەڵکدا متمانە ی پێ ببەخشرێت.
یار: هاوسۆز، هاریکار، باوەڕمەند یان یاریدەدەری خۆڵقاندنی بەختەوەری، ڕاستی و داد پەروەری و پارێزگاری لە بەها مرۆڤیەکان دژ بە بێڕێزی و کۆیلەکردن و داسیگەری(سەرلێشێوان) بە واتای گشتی بوە. لە وێژی ئایینی یاری دا پەسنی ڕێبازەکە بە ئەم شێوە ئاشکرا دەکرێت. "ڕا هەر راسیەن ، ڕا هەر راسیەن..." لە ئایینی یاریدا پێشوتاری هەر ئاخاوتنێک گۆکردنی ڕەستەی "ئەوەڵ و ئاخر یار" پێداگری لە سەر پلەی یار دەسەلمێنێ.
هۆرامان لەم پێناوەدا بە گوێرەی زۆرێک هێما وئاماژەی تۆمار کراو لە مێژوی دێرینی خۆیدا ئەگەر مەکۆی داهێنانی ئەم ڕێچکەیە نەبووبێت انیکەم پشکی شێری لە پارێزگاری، هێشتنەوەو بەرز ڕاگرتنی پلەی پیرۆزی بەڵێندەرەکان لە ڕێژەی باوەڕ بە ئاسوودەیی، وەک هەقی و حورمەت پارێزی مرۆڤ لە ژیان بوە.

ڕێو ڕەسمەکانی ناسراو بە جێژنی پیر شالیار لە هۆرامان، بە ناوەند بوونی ئەم مەڵبەندە وەک کابەی یاری باوەران هەروەها هەلکەوتی سەدان کەسایەتی خاوەن جی پەنجە لە بۆ پێداگری کەرامەت و ئازادی بە ئازاد ژیانی مرۆڤ سەلمێنەری رابردووی دەڤەرەکە و پێداگری بێ وچان سەرەڕای کۆشینگا بۆ هێشتەوەی ئەم نەریتە پیرۆزگەلە و بەرگری لە فەوتان و ئاسیمیلە کردن ماوەتەوە.

مرۆڤی گۆران (هۆرامی) وێرای کارتێکەری ئایینە یەک لە دوای یەکەکانی خاوەن دەور بگرە فرە جار بە داری زۆری سەپێندراو لە ناوچەکە هاوشانی بەرئەنگار بوونی داپلۆسێنەرانەی ئایینەنوێ کان هەروەتر پێناسەکران بە دێوو درنج، شەیتان پەرست، کافر و بێ دین، سپلۆت و منافق و دەیان تانەو توانجی قیزەونانەی لەم چەشنە توانێویەتی بەشێک لە میژووی خۆی ناسراو بە کەلەپووری دێرین، هێمای پیرۆز لە دوو توێ ئایینی بە زۆر سەپێندراوی نوێدا وەک نرخ و بەهای

نەگۆڕی بەڵێن و گرێبەستی مێژوویی نەسڵ بۆ نەسڵی پاش خۆی پارێزگاری بکات.

هۆرامان لە گەڵ تەسلیم نەبوون بە پشتگوێ خران و پاکتاوی یەکجاری نەریتی خۆمالّی، کاریگەری دژبەرانەی نەیارانی باوەڕی ڕەسەنی کوردی سەرە ڕای گوشارە دژوارەکان بە ڕێژەیەک ناسەرکەوتوو کردوە.

هۆرامان ئەگەرچی دواتر بە تایبەتمەندی ناوچەیی خۆیەوە بوو بە ناوەندێکی تری ئیسلام باوەڕی بەڵام هیچکات نەدیتراوە لە نێوان باوەڕمەندانی یارسانی و موسڵمانی ناوچەکەدا کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکەکە لە خۆ دەگرێ لە دوور و نزیکی مێژووی ژیانی هاوبەش و تێکەڵاویاندا نێوان ناخۆشی و بێ حورمەتی لە چ ئاستێکدا ڕوبدات.

کورد بە گشتی ئەگەر نەیتوانیوە وەک دەرو جیرانی فارس، تورک و عەرەب ئایینی لە لاوە هاتوو و سەپێندراو بگرە کاتیک بۆ پاراستنی ئەو ئایینە خۆی کردوە بە قەڵغان (شەڕی سەلیبی و داکۆکی سەلاحەدین)، جلو بەرگ و ڕوومەتی کوردی پێ بپۆشێ لانی کەم لە هۆرامان ناوچە گۆران نشینەکان لە پاراستنی باوەڕی دێرین پیرۆز و هەرەکۆنی خۆمالّی خۆی نەک هەر کۆتا نەهاتوە بەڵکوو هۆرامان توانیویەتی ڕێبەری ڕێچکەیەکی تێکەڵ بە نەریتی خۆمالّی لە ژێر نێوی "تەریقەتی نەقشبەندی" دا جۆرێک نەریت پارێزی و جێپەنجەی کوردی بە سەر ئایینی زاڵکراودا لە هێندوستان تا مێسر، تورکیە و شام پەلهاوێژی بکات. ئەمە سەرەڕای داکۆکی لە پاراستنی نەریتە دێرینە کانی تر کە ئێمڕۆ لە چوارچێوەی ڕێورەسمی ناسراو بە جێژنی پیر شالیار کە سالّ بە سالّ شکۆدارتر بەڕیوەی دەبەن شیاوی ئاماژەیە.(٨)

لە جێدایە سرنجی خوێنەر بۆ لای ئەم ڕاستیە مێژوویە ڕابکێشم کە نە بە ناوەند هەڵبژاردنی هۆرامان و زمانی هۆرامی یا گۆرانی وەک زمانی پیرۆزی یارسانی باوەڕان بە هەڵکەوت تەرخان کراوە و نە جیرانەتی ژینگەی پیر(پیرشالیار) لە نزیکایەتی ناوەندی (شێخان)، واتە شوێنی ئاشکراکردنی ئایینی یارسان. زۆر هێما و ئاماژەی هاوبەش لە دوو توێ ئەم ڕاز و ڕەمزە دا هەن کە گرێدراوی و یەک ڕیشە بوونی ئەم باوەڕە دێرینە دەسەلمێنن.

نزیک بە کۆتایی نیوەی یەکەمی وەرزی زستانی هەموساڵێک لە هۆرامان (شاری هۆرامان) یاد و بیرەوەری کەسایەتیەک لە چوارچێوەی جێژن یان زەماوەندی پیرشالیار بە ڕێوە دەبرێت.

ئەمە وێرای ئەوە کە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری داکۆکی لە پاراستنی نەریتگەلێکی هەرەکۆن، خۆمالّی پیرۆز و باوەڕ بە خۆبوونی ئەم خەلکەیە، دیسان بانگەوازی ئەو ڕاستیە بە درێژایی چەند هەزار سالّ لە پێناو پەیمان پارێزی بڕوامەندانە

بۆ بەرگری لە ئاسیمیلە بوونی یەکجاری ژیانی سەرفرازانە لە سەر ڕەگ وڕیشەی نەریتە ڕەسەن و تایبەتەکان سەڵا دەدات. ڕێوڕەسمی پیر شالیار وەک ناو و ناوەرۆکی وەسیەت و بە جێماوە سینگ بە سینگە کان سەرەرای تێکەڵکرانی هەندێ نەریتی نوێ و لە لاوە هاتووی ئایینەکانی دواتر زاڵکراو هەڵگر و پەیمان پارێزی باوەڕی ئایینی هەر کۆنی ناوچە کوردنشینەکانی هەنووکە لە سەر دەمانی هەرەدێرین لە ژێر ناو و ناوبانگی میترایییزم و زەروانیزم دەژمێردرێت.

بابە نجوومی لۆڕستانی لە پیرانی یارسان قەڕنی دووهەمی هێجری فەرموویەتی:

زەروان بیانێ، زەروان بیانێ
لە دەورەی وەرین، زەروان بیانی
ئەهەری و ورمز، یاران دیانێ
کاڵای خاس یار، ئەو دەم شیانێ(۹)

لە دوو توێ ڕێوڕەسمەکانی ناسراو بۆ ڕێز گرتن لە پیر شالیار لە هۆرامان سەرەڕای کار تێکەری ئایینە یەک لە دوای یەکەکان و هەوڵی توند ئاژۆیانەی دواپینترینیان بە یارمەتی دەسەڵاتە ناوەندیەکان بۆ کەمڕەنگ کردن و نەهێشتنی ڕەگە بە قەوەتەکانی باوەڕ و پشتبەستن بە مێژووی دێرینی خۆمانی کوردان چەند ڕەگێکی بەهێزی زیندوو ڕاگیراوی نەریت پارێزی کوردی ئەم دەڤەرە و نەزۆک هێشتنی هەر هەوڵێک ئاشکرایە.

۱- پیر و پیرۆزی مێژوو و نێوە رۆکی ئەم ڕەستە یە لە هۆرامان.
۲- ئەشکەوت وەک ماوا و مەسکەنی پیر و پیرۆزیە گرێدراوە کانی.[ئەشکەوتی شانشین، عەودالان، پیرخدرو...]. (۱۲)
۳- فرە ئیزەدی یا دابەشینی دەسەلات و دووڕە پەرێزی لە دەسەلاتی تاک کە هەم لە نێوئاخنی گەنجینەی یارسان و هەم ڕێنماییەکانی پیر شالیاردا خۆی ئاشکرا دەکا. باوەڕ بە کاری شورایی کە ئاسەواری زۆری لە ژێر ناوی مەرێ لە ناوچەکەدا هەیە.
٤- خۆ گرێدان بە عەقڵ و مەعریفەتی مرۆڤی نەک هیچ دەسەلاتیکێ گرێدراو بە ئەودیوی سرۆشت. پیر لەم چەند دووبەیتیەدا شیکاری وردتر بەدەستەوە دەدات.

وەرویوە وارۆ، وەروە وەرێنە
وەرێسە برپیو، چوار سەرێنە
داران: گیان داران جەرگ و دڵ بەرگەن

گاهی پڕ بەرگەن گاهێ بێ بەرگەن
کەرگە جە هێڵەن هێڵە جە کەرگەن
ڕواس جە ڕواس، وەرگ جە وەرگەن
کەرگە سیاوە و، هێڵەش چەرمێنە
گۆشڵێ مەمێڕیۆ، دوە بەرێـنە

کۆتایی زستان وە بەرە بەری بەهار لە هۆرامان بەفرێکی ئاودار(شڵێوە)، دەبارێت کە بـەفری پێشوو دەتوێنێتەوە. بـە ئـەم بەفرە دەڵێن "وەروە وەرێ". واتە ئەوە کە بەفری پێشوو دەتوێنیتەوە. پیرشالیار یەکیـەتی و هاوپشـتی کـوردانی باوەڕمەنـد بە گوریسێک دەشوبهێنی کە ئەگەر تووشی پسان و لێک دابڕان ببێت هەبوونیان وەک "وەروە وەرێ " تووشی توانەوە دەکات. تەنانەت دار و درخت بزاڤ و جموجۆڵی خۆیان هەیە کە لە پرۆسەی ژیاندا بە نواندنی گەڵا و لقو پۆپ دەری دەخەن. ژیان سیکڵێکی دەوەرانی و نەسرەوتووی هەیە ئەمە وەک مریشک لە هێلکە و پێچەوانەکەی یـان ڕێـوی لـە ڕێـوی و گـورگ لـە گـورگ هەر کامە لە سەر ڕیشە و بنمای خۆیان درێـژە بـە ڕەوتـی ژیـان دەدەن. نـوور لـە دڵـی تـاریکی لـە دایـک دەبێت وەک چلۆن مریشکی ڕەش هێلکەی سپی بەرهـەم دێنـێ (ئامـاژە بـە میترا کە لـە دڵـی ئەشکەوت و تـاریکی سـەردەدةهێنێت. ئەمـە ئـەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرانەن کە مرۆ دەتوانێ لە پاش شکانی گڵینـەیێک دا تەجروبـەی بکـات و نـەهێڵێ تـووشی کـەلێن و درز تێ کەوتن لە ڕەوتی ژیاندا ببێت.[وەرگێڕانی چەند بەیتی پیر لە سەرەوەهاتوو]

لە ڕێورەسمی پیردا ئێوارەی چووارشەمەی کۆتایی یەکەم چلەی زستان پاش ئـاوا بـوونی خـۆر مەشخەڵ دا دەگرسێنن و کـۆڵان بە کۆڵان سەردانی مالان دەکەن. هەڵ کردنی مەشخەڵ بـە واتـای ڕەنگی سـووری شـایی و زەماوەنـد هـەروەها لـە بـەرە بـەری نەورۆز دا بـازدان بە سەر کڵی ئـاوری گڕدار بـە نیـەتی پێگەیشـتنی ڕەنگی سـووری شـەبەق و دووڕکەوتنـەوەی ڕەنگی زەرد لـە مرۆف بـە دەنگی شـایی و چەپڵـە ڕێـزان و سـەما، [کـە ئێسـتا حاڵـەتی دەروێشـانەی ئێسـلامی پێـوە دیـارە]، نـاکرێ مـۆرکی ئاهـەنگ گێڕانـەکانی نێـو میـراوەی ئەشکەوت لـە سـەردەمی میترایـیەکانـدا پێـوە دیـار نـەبێت. هەڵبـەت سـواخدانی ڕوومـەتی گەنجان بە ڕەنگی ڕەش (ڕژێ) لەهۆرامان لە ساڵانی پێشووتردا وەک ڕەش کردنی دەم و چاوی شایی گێڕێکی نەورۆزی کە دواتر نێوی حاجی فیرۆز(حاجی پیرۆز) دیسان هێمایێکیتر لە پاراستنی نەریتە میترایـیەکان نمایش دەکات.

جیا لەوە ڕەنگی سووری مەشخەڵ واتـای ڕەنگی سووری ئاسۆ و ئاوابوونی خۆر لە پیرۆزیەکانی میترا خودای شـەو و ئەسـتێرە یە کە لە گەڵ هەلاتن و ئاوابوونی خۆر پێچەوانەیە (مێسەرە)، لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەلات.

بەشێک لە پسپۆڕ و شرۆڤەکارانی میژوو تێبینی ئەوەیان هەیە هەڵاتنی خۆر ئاوابوونی مێترایە وەک بە دەسەلات گەیشتنی هەخامەنشیەکان و لە نێو چوونی مادەکان کە پاشتر ئەمە لە دەسەڵات گرتنی شێعە و کۆتایی دەسەلاتی عەرەبدا دیسان خۆی نواند جیاواز لەوە کە میترا و مادەکان دەسەلات و سەربەستی ئازاد و ڕەها لە فەرمان بردن و کۆیلەتیی - یان بە ئامانج کردبوو. (١١)

زەردەشت لە گاتاکاندا میترابیکان بە بکوژی مانگا ، بەزێنەری خۆر ، خاوەنانی کردەوەی ناپاک لە گەل ئەنگرە مینو (ئەهریمەن ـ شەیتان)گرێ دەدات ئەهریمەن دوژمنی یەکەمی ئەهورامەزدا و ئایینی زەردەشت دەناسێنی. بۆیی پاشتر کوشتنی گا کە لای میترابیەکان هێمای ئاسمان واتە ئەودیوی سروشت و ڕۆحانیت پێناسە دەکرا بە نەزر کردن دەگۆڕدرێت. کە تا سەردەمی ئێمە لە هۆرامان جێژنی پیر و بگرە لای ئێسلام باوەڕانیش پارێزراوە.
کەڕسان، کەڕسانی، ئەهریمەن، دێو یا شەیتان ئاسەواری لە چەند شوێنی هۆرامان وەک ناوی ئەشکەوت و کانیئاو گرێدراوی ئایینی میترایی پارێزراوە.

لە هۆرامان شاخی شاهۆ ڕووکاری بەندەنی سەردەرە، شاخی دەربەند (دەروەن) کانیاوێک بە ناوی کەڕسان - کەڕسانی هێمای دێو لە ئەوێستا کە بە میترابیکان دەوترا پارێزراوە. لە ئاوایی (دێوەزناو - دێویەسنا) تاقگەیەک هەر بە ئەم ناوە لە شێعری شاعیرانی هۆرامان ڕەنگدانەوەی هەیە. لە لای سەرووی شاری پاوە قەڵایێک بە ناوی "مەسناو" مەزدیەسنە لە شێعری شاعران [میرزا ئەولقادر پاوەیی]، ئاماژەی پێدەکرێت.

بەڵێ پەی سەنگەر شاهۆش نەزاوەن
شارش نەپای تەخت قەلای (مەسناوەن)

لە هۆرامان بە بەردی سەخت هەسان دەوترێ وەک تاقەوسان یا تاق و سان[کرماشان]، کە لە بەردی سەخت و تاشەبەرد هەڵکەندراوە. ئەم وشە لە ئەوێستاش هەر بەم ناوە پارێزراوە. لە تەنیشت مەزاری پیر لە هۆرامان بەردێکی پیرۆز هەیە کە کۆمسای پێدەترێت سەرەتای بەهار لە جێژنی دووهەمی پیردا کە خەڵک بەرەو هەواردەچن بڕێک لەم بەردە دەشکێنن و بۆ متفەڕک و زیاد کردنی بەرەکەتی مەڕومالاتیان لە گەل خۆیان دەیبەن. خەڵک پێیان وایە ئەم بەردە سەرلە نوێ هەموو ساڵێک دەڕوێتەوە و زیاد دەکا.

پێشینیان لەوبڕوایەدابوون ئاسمان، هاسمان یا ئەسمەن ئەو شینابیە لە سەر سەری ئێمە لە حەوا دیارە لە بەرد ساز کراوە

هەر بەم بۆنەوە هاسمان، ئەسمەن ـ یان پێ وتوە. لە لایێکیتر خوالەی مێر(مێهر) بە پێ باوەڕی مێر پەرستان لە دڵی بەردی رەق سەری هەڵداوە.

لە سەر ئەم بنەما پازدەی بانەمەڕ جێژنی کۆمسا لە هۆرامان نیشانەیەک لە ژیانەوەو بار هێنەری سروشت ،ژیانەوەی مێر ، کۆمسا، پەیدا بوونی ئاسمان و هێز و گوڕ وتین گرتنەوەی زەوی و ژیان لە نێو ئاخنی باوەڕی دێرینی خەڵکەکەی لە وەرزی بەهاردا لێ دەردەکەوێت.(١٣)

بە ئاوڕدانەوە لە زۆر ئاسەوارێتر لە دوو تۆێ وەسیەتەبە جێماوەکانی پیر و تۆمارکراوە لە بەردەستەکانی باوەڕمەندانی ئایینی یاری مرۆ دەتوانێ بە ئەو ئاکامە بگات کە سەرپاکی هەر ڕەنگدانەوە و دەورگێڕانێک کە لە باوەری خەڵکدا بە درێژایی هەزاران ساڵ بە دی هاتوە هیشتار زۆر ڕەگی بە قەوەت و حاشا هەڵنگر لە نەریت پارێزی لە دوو تۆی وێەردە و ڕەچەلەکی دێرینمان هەن کە تۆێژەران دەتوانن لە بۆ پێناسەی سەرلە نوێ ئەم دەقەرە و خەڵکەکەی کەڵکیان لێ وەرگرن. ئەوە نە تەنیا دوژمنایەتی لە گەڵ چ ئایین و باوەڕێک سەرحساب ناکرێت بەڵکوو تیشک هاوێشتن لە سەر ڕەچەڵەک و بیر هێنانەوەی بەها مرۆییە پێرۆزەکانمان لە ڕابردوو وەک مێژووی ئێمە بە حساب دێت.

تێبینێ و سەرچاوەکان:

١- www.seemorgh.com /culture. گروە فرهنگ و هنر سیمرغ ـ ئایینی میترا و..

٢- مشاهیر کرد.

٣- پەیوەندیی ئایینی میترا لەتەک ئیزەدی و یارسان و پیرشالیار. دکتۆر شۆڕش قادری.

٤- هۆرامان گلێرگەی هێما و ڕەمزو ڕازە پیرۆزەکان ـ سدیق بابایی

٥- نامەی ئەفراسیاو بۆ کەیخۆسرەو شانامەی کوردی حەوت لەشکر ٢٨٥

٦- ئێران و تووران ـ پاڵەوان و دێو .شانامەی هۆرامی

٧- گێرانەوەی (مسکوب) ١٤ ـ ١٣٥٨

٨- مەشایخی ڕێچکەی نەقشبەندی:

١- مەولانا خالد شارەزووری (دامەزرێنەری تەرێقەتی نەقشبەندی لە کوردستان)

٢- شیخ عوسمان سراج الدین

٣- شیخ عۆمەر زیاالدین

٤- شیخ عەلي حسام الدین

٥- شیخ عۆسمان سراج الدین سانی. بۆ پێداگری دەبێت کە شێخانی هۆرامان ڕێبەری ڕێچکەی مەزنی نەقشبەندی لە سەرجەم وڵاتە مۆسڵمان ئایینەکانی جیهانن. ئەمە بۆ خۆی تایبەتمەندیتری ناوچەی هۆرامان دەژمێردرێتکە گرێدراوی نەریتی دێرینیانە.

٩- نامەی سەرئەنجام.

١٠- شیرین و خۆسرەو . محەمەدی مەلاکەریم . کۆڕی زانیاری کورد بەغدا

١١- دکتر هێرش قادری

-١٢

چون کوی عودالان، چون کوی عودالان
کون؟ کوی دلگیر چون کـــوی عودالان
کابەی مقصودە ن پە ری نە و هالان
پـەی وایەی مراد وەنەش مەلالان
جـای شەو بیداران، سحرلانـــانەن
تکیـەگای خاسان، هفت عودالانەن
هر هفت عودالان قطبـــی روی زمین
چـــون اصحاب الکهف دایم غارنشین
مسکن شا گرتەن، بـــە و بلند کووە
«یـا مـن هو» شانەن، هر رو جە نووە
هـا نە پای ئە و کو، رندان چون پـــری
گشت آمادە ی حوسن، شوخی و دلبری
یا هفت عـودالان، کوی بەرز و بلند
دیدەی بـــەد پیتان نـــە یـــاونو گزند
صیدی تـاسە ی سخت دوری یـارشەن
نـــە آرام، نـــەصـبر، نـــە قـــرارشەن
یا عودال صیدی، هـــاوار وە تـــوشـەن
دیدەش بە دیدار، یار کەری رە وشەن

13. http://iranshahr.org/

ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٧

نازناوی پێشمەرگە تاپۆی چ حیزب و لاینێک نیە:

ڕامانێکی کورت بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە ٢٦ی سەرماوەز:

ڕۆژی پارێزگارانی کەرامەت و داکۆکی بۆ دەوام و بەقای گەلێکی بێوڵات و پێشێل کراو بە نێوی کورد لەو ئازیزانە کە ڕۆژۆ ڕۆژگارێک سینگی خۆیان کردوە بە قەڵغان تا بە هەموو کەمو کوڕیەکانمانەوە هێشتار شانازی بە کورد بوونمانەوە بکەین پیرۆز بایی دەلێم.

ئازیزان بە کۆگای هەزاران هەزار خەم و پەژارەوە ئەشێ ئەو ڕاستیە بدرکێنم هەر چەند لە ڕابردوودا نەک هەر دڵێک بە سەت دڵ سەر فرازی هەڵگرتنی ناوی پێشمەرگەم بە نسیب بوو بەڵام لە سەردەمی ئێستای ژیانم دا نابە جێی دەزانم ئەگەر وەک ڕابردوو ئەم ناوە پیرۆزە بە هی خۆم بزانم.

ڕەنگە نابە جێ نەبێ ئەگەر ئاماژەیەکی کورت بە حاڵەتێکی گشتگر و هەراوتری هاو چەشنی ئەوتۆ لە نێو ڕیزەکانی بەشێکی بەرچاوی هاو چاخی خەباتی کوردایەتیدا بدرکێندرێت.

زۆر جار کە ئاموژگاری یان ڕێنوێنیە بە نرخەکانی پێشەوا دامەزرێنەری یەکەم(و تا هەنووکە)، دواییین سەرکۆماری کورد بە سەر دەکەمەوە هەم بەرانبەر نیشتمان خۆم بە شەرمەزار دەزانم هاوشان ئێستا و ڕابردووشی لە گەڵ بێ بەشێکی مەزنی حیزبە سیاسیەکانی کورد کە تێکۆشانی خۆیان وەک درێژە دەری ڕێبازی ئەو پێناسە دەکەن ناتەبا لە گەڵ وتەکانی دەبینم!! ناوەرۆکی وەسیەتنامە مێژوویە پشت گوێ خراوەکەی قازی لای زۆربەی ئێمە ئاشکرا و لە شاردنەوە نایێت کە چەندە جیاوازی مەزنی لە گەڵ تێکۆشانی ڕۆژانەی حیزبەکانماندا هەیە.

پشت گوێخراو لە بەر ئەوە لە ڕیزی پێشەوە ڕێبەرانی سەروو وەک نەمر دۆکتۆر قاسملو و شەرەفکەندی، هەنووکەشی لە گەڵ بێ زۆری ئەوانە کەهێشار خۆیان بە درێژەدەری ڕێبازی پێشەوا دەزانن ! لە بری تەبایی و پتەو کردنی دیوارە داڕۆخاوەکانی ماڵی خۆیان پێش هەموان ناتەبا لە گەڵ فەرموودەکانی ئەو کەڵە پیاوە دەجوولێنەوە، دەستەملانی دوژمنانی ڕەنگاوڕەگی نەتەوەکەمان دەبن و پەنا بردن بۆ بەڵێنی بێ ناوەرۆک و دۆژمنانە سەلمێندراوی ڕەوشتی ئەوان لە بری نە هێشتنی کەڵێن

و کەلە بەرە مەزنەکانی نێو ماڵی سیاسەتی کورد بە نرختر دەشۆبهێنن!

کارە سات تا ئاستێک پەرەی سەندوە کە نەوتراوی دوێنێ تەنانەت لە دەورانی "خۆدمۆختاریخۆازیشدا" تا ئاستی دابەزین و پشت کردن لە داواکاری جەماوەری ئامادەلە مەیدانی کورد لە ڕۆژهەڵات بە گوێرەی خۆپیشاندانە مەزنەکانیان بۆ تاقمێکی بێ دەسەڵاتتر لە خۆمان دەکرێتە بەڵگەی پەسەندی بەخشینی وڵاتێک کە زێدەتر لە سەت ساڵە شەڕی دابەش کرانی نارەوای بە سەر وڵاتانێک دا دەکات کە بۆ کورد زیاتر لە زیندان، کۆڕان و بێ مافی بەرهەمێکیتری لێ نەدیتراوە.

سەرپاکی ئەم لادان و بێ بایخ تێڕوانینە لە خەتی سیاسی ئەزموونکراوی وتەی دامەزرێنەری حێزبێک کە هەموومان ئەندامەتیمان لەودا بە شانازی زانیوە مەخابن ئێمڕۆ لە ژێر ناوی بێ نێوەرۆکی "ئاڵتر ناتیو سازی"! وەک کەشفێکی نوێی عێلمی لە خۆ بە خاوەن کردنی مژارێک دەردەکەوین کە تەنیاو تەنیا مافی جەماوەری کوردستان لە ڕاپرسیەکی گشتی نەک بڕیاری حێزبێک دایە.

خەم و پەژارەی زیاتر ئەوکات بڵێسە دەستێنێ کە ئازیزانی ژێر سێبەری حێزبەکەی پێشەوا دەستی یەکتر دەشکێنن بەڵام دەستی دوژمن، دوژمنی ئەزموون کراو بە گەرمی دەکوشن!

لە گەڵ داوای لێ بوردن لەو ئازیزانە بە تایبەت نیشتە جێ کەمپەکانی باشوورن بە ڕاشکاوی دەبێ پێداگری بکەم ناوی پێشمەرگەی کوردستان و خەم خۆر لە مەیدانی کردار لەم ساتەوەختەدا زۆرتر شایستەی پڕ بە پێست بۆ تاک و کۆی گرووپ، ئەنجوومەن، ڕێکخراوی مەدەنی، خۆبەخش و لە سەریەک نێین جی نۆ و کۆڵبەروتێکۆشەرانێکە کە ڕۆژانە لە ژێرزەختی قورس و تاقەت پڕووکێنی خۆڵقێندراوی کۆماری ئیسلامیدا دەمرن بەڵام تەسلیم بە پێشکەش کردنی پیرۆزی ئاوو خاک و ویستی ڕەوای وڵات پاریزی خۆیان نابن.

وەک ئەزموونی گەلانیتر سەلماندوویەتی بە بێ ڕێکخستنی ڕیزەکانی جەماوەرپاشەکشێ بە هیچ پێشێلکاریەکی سەر ماف و ئازادی مەیسەر نابێت.

لە سەر ئەم بنەما لە ساتەوەختی ٢٦ی سەرماوەز دا پێداگرم پێشمەرگە بوون هەڵگری واتای ئامادەبوونی بە کردار لە گۆڕەپانی خەباتی بێ چاوەڕوانی و ئەویندارانە بۆ ڕزگاری نیشتمانە.

پێویستە دیسان پێداگری بکەم پاش دابڕان لە زێد و نیشتمانی ئازیز خەباتی بەڵێنیدراو و پێویست بۆ بە دیهاتنی ئامانجە هاوبەشەکانمان بەتاڵایی ماتەمداری ئاشکرا و لە شاردنەوە نەهاتووی پێوە دیارە. ئەمە بە هەر هۆکارێک بووبێت پاساو هەڵگر ناژمێردریت تەنانەت ئەگەر هەڵسووڕان و حەوڵێکی پێوەندیداریش دەکارکرابێت بارتەقای هەڵسەنگاندن لە گەڵ چەند سەعات لە ژیانی پڕ لە مەترسی تێکۆشەرانی نێوخۆ نابێت.

لە کۆتاییدا شیاوە بوترێت سەرەڕای هەرچەشنە کەمو کوڕی، بەلاڕێدا چوونی کورد، ناتەبایی و وزە بە فیڕۆدانێکی سەرجەم حێزبەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات لەم ڕۆژە پڕواتایەدا خۆزگەی ئاوڕدانەوە هەر نەبێ ئەو بەشە لە ڕابردووی پڕ لە شانازی ئەوان بۆ بەر پەرچ دانەوەی پلانە سامناکەکانی تاران لە کوردستان دەخوازم کە کەم تا زۆر فەوتاندنی کوردی لە پلانەکانی خۆمەینی و هاوبیرانی دا تووشی وەستان کرد. دیارە هێنانە بەر باسی ڕەخنە و گازەندە هیچ کاتێک بە واتای کەم کردنەوەی نرخی تێکۆشان و حەولی پڕلە کەموکوڕی قوربانیدانی حێزبەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت دێمۆکراتەکان لە پێناو کەم کردنەوە تا نەهێشتنی ستەمی زۆرداران لە کوردستان نیە. مێژووی پڕلە قوربانیدانی ئەم حێزبە بەڵگەی کۆڵ نەدانی ڕۆڵە ئازا و بڕوامەندەکانی کورد لە بۆ بەختیاری نیشتمانە.

ئازاد و ئاوەدان کوردستان

ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

هۆرە و چەندسرنجێک:

هۆرە، هورا، ئەهورا؛ ئەمە ئاهەنگ و دەربڕینێکی هەرەکۆنی کوردی لە پانتاییێکی بەر چاوی هەرێمی کوردستان ناوچە لۆڕو گۆران نشینەکان دەژمێردرێت کە وێرای سیا چەمانە بە ڕەسانایەتی تا ڕۆژگاری ئێمە لە کۆنی کۆنەوە سینگ بە سینگ بۆ نەسڵە یەک لە دوای یەکەکان گوازراونەتەوە.

قسە لە سەر شانزدە مەقام یا زۆرتری هۆرە دەکرێت. بە کۆنترین ئاهەنگی کوردی و لۆڕی دەناسرێن.(١)

لەوانە: هۆرەی نکیسایی، باربۆدی (سەردەمی خۆسرەو پەرویز ساسانی)، هۆرەی جافی، کەڵهۆڕی، لەکی، ئەرکەوازی چڕ، هۆرەی لۆڕی غەریبی بان بنەیی، پاوە مۆڕی باریە برالە، گۆرانی چڕ، دوو دەنگی، یەکدەنگی، سوار سوار، قەڵەزی چڕ، هەروەها هەوە هەوە، پادیواری، ئەکبەرخانی، بلاوێن، سەرکڵاوی، پابناری، بانیاری و تا دوایی.

زمانی کەڵهۆڕی زمانی هۆرەچڕ زمانی لەکی زمانی مۆڕ زمانی جافی(سۆرانی) زمانی هەڵپەڕکێ زمانی هۆرامی(گۆران) زمانی شێعر زمانی سۆرانی زمانی کتێب گۆ کراون.

هۆرە بەنێو بانگە کان بریتین لە: هۆرە، لووڕە، سووڕە، کووڕە، کزە، زکر، سۆز، چڕی.

لووڕە؛ بیرهێنانەوەی ڕابردووو لە دڵەوە (لەبەرەخۆ) دەوترێت.

کووڕە؛ کاتی هێرشی خەم، ژان و ڕوو تێکردنی ئازاری مەزن وێرای فرمێسک و ئاهو ناڵە دێتە سەر زمان.

کزە؛ ئاهەنگێکی زەریف لەتیف ناسک و جگەر سۆزە کە بە حاڵەتێکی تایبەت گۆ دەکرێ.

چڕین؛ شێواز یا ڕیتمێک لە هۆرە بیرەوەری خۆش لە وەسفی جوانیەکان خۆشەویستی و بە دەنگی بەرز ئەدا دەکرێ.

زکر؛ بە نیو و نێوەرۆکی خودا و ئایین دەڕازێتەوە.

سۆز؛ تایبەت بە سۆفیگەری هەروەتر تاقمی دەرویشان سەبارەت بە مرید و مراد پیرو دەرویش و قەبرو قیامەت زۆرتر کەڵکەوڕەکان دەیڵێن.

بەشێک لەهۆرە بێژە بە نێو بانگەکانی هاوچەرخ بریتین لە عەلی نەزەرکەڵکەوڕ، عەولەزیز، حسێنی ئەیوان، سەید قولی مایدەشتی، حاجی تووتی سنجاوی،سڵێمان کەنووڵەیی (سنجاوی) شێرخان گەشکی. لە ناوچەکانی گۆران کەڵکەوڕ و جاف زۆرجار هۆرە وەک موسیقای شەڕ هێزو ورە بەخشین بە جەنگاوەر وتراوە.

خان مەنسور شاعێری رەقیبی شاکە کە بە "شاکە و مەنسور" بە نێوبانگن کاتێک لە لەشکر کێشیەکانی نادرشا بۆسەر عۆسمانی، هێند و ئەفغانستان لە دووەم وڵاتی زگار (عاجز) دەبێت ئەم شێعرە دەنووسێ.

بویش وە (شا پەروەر) نەچی وە مالان
هویردە خاڵەکەی نەیەی وە تاڵان
بویش، وە شاپەروەر نەکەی تاو تەن
هام لە قەندە هار لە ژیر باڵ هەن
ئێستر بزایۆ کەیکۆ بگری بەر
مەر ئەوسا بوینم باڵای شا پەروەر
وێنەیەکی تری شێعری هۆرە:
خەمان خەمم کەرد پیران پیرم کەرد
وەحشی کێوان بیم فەلەک ژیرم کەرد
هەر بار بارت بی بارت بی وە ڕاس
دمای بارەکەت دەی ئاخر دنیاس
ئاخر بارت کرد چیت وە گوڵە زەرد
(میلکا) وە جی مەن پەرێ داخ و دەرد
ئەترسم بمرم بیاوان بووت وەجام
هاو کوڕەیلم بان لا نەگرن وەلام

تۆ خوەت گوڵیکی گوڵ ئەڕا چەتە
وڵات وە ئەزرەت گوڵەکەی خوەتە
شەرت بوو لە دوای تۆ بەرگم سیا کەم
حاڵم لە حاڵات باڵات جیاکەم
سیا بپووشم سفید لە بانی
ئازیەتی بگرم تا کەس نەزانی
شەرت بوو لە داخت بچم نامەوە
بویشن کەوکی بیی بی وە دامەوە
هەر چی چاو گلدام وە ناو ئەی خیڵە
دووس دیار نیە لیڵاویم لیڵە
خەم و خیاڵات لەلام بیەن جەم
فەلەک تەوبەم بوود مەنای کەس نەکەم
تروووسکەی ئاگر سیا ماڵ لە کوو ؟
گڕ گڕ مەگریام لە دامان کوو
سەفەری دیرم وە مانگ سەفەر
دڵ لە کوڵ کوڵە لیت نەیرم خەوەر
هەر سەر سەراوی سەیرانی دیری
هەر بڕە مالی جەیرانی دیری
خۆزگەم وە ئەرجن چنوور لەپایە
گوزەرگای کەڵڕم وەفراو لە سایە
هەر کانی کە وا ئاوش زۆڵاڵەن
قەدیم هەوارگەی جی کوردە ماڵەن
شەتاوان چوون سەیل نە دیدەم جاری
گیچ مەخوەی لە دەور زامان کاری

شیوەنی ژنانی لە نەکاو کۆست کەوتوو بە مۆڕ دەست پێدەکات کە وەزنی چەپی لە خۆ دەگرێ. شاعیڕان ئەحمەد داواشی، میرزا لۆتفۆڵا جوانرۆیی، کەڵهۆڕیەکان میرزا عەبدۆلرەحیم میرزا عەبدۆلکەریم و کوڕانی کاک مۆحەمەد ئەهلی شاهینی

بێڵەواری کامیاران بە شێعر وتن لە سەر کێشی مۆڕ ناسراون.

یەک تیر و دوو تیر دا نە،ناو شانی
خۆێن فەوارە بەست ناو چەکمەکانی
حاشا لەو ڕۆژە دەور (سۆڵجە) گیریا
عەبدۆلباقی خان تیرواران کریا
گوم گوم تەپلەتی لە تارانەوە
پاک ئەتیەدە جەنگ باقی خانەوە
لە کەل هاتە بان تۆپ و تۆپخانە
سەرکردەی ئۆردوو فەرمان فەرمانە
باقی وە سوار ئەسپ کاڵەوە
دایە وە قوربان ئەو مناڵەوە
باقیم ها لە کۆڵ ئەسپەکەوە وە
دەسی ها دە تیر نێسم سەوەوە
چیە سەنگەری خوینی ڕشیابوو
لە ناو خوینەکەی گولە ڕشیابوو
یە خوینی کیە لەیرە ڕشیایە؟
ئەودڵ باقی خان بی کەس کوشیایە

(شیوەنی دایکی ئەودڵ باقی خان)

بۆ کۆچی دوایی عەزیزی هۆرە چڕ مامۆستا مەلا محی ئەلدین و نووسەر فەرموویەتی:
مامۆسا مەلا محی ئەلدین سالحی شاعیرو نووسەر بۆ کۆچی دوایی هۆرچڕی بە نێو بانگ ئەولە زیز ئەم چەند بەیتەی هۆنیەو.

ئەو کەسە کە وا عۆمرێ هۆرەی کرد

وە بانگی هۆرەی ئەجەڵ ناکا مرد
عەبدۆلعەزیزی هۆرە چڕی کورد
شۆخە هۆنەرمەند خاوەن شکۆ و برد
لە هەژدەی ئابان ساڵی حەفتاو پەنج
هەزارو سێسەد کۆچی دوایی کرد

سەرچاوەکان:

١- سرود بادیه . سنندج انتشارات کردستان.
٢- جاف جوانرود . ماموّستا محی الدین سالحی.
٣- تێبینی کاکن نووسەر.

رێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

چەند زانیاریەکی ورد سەبارەت بە چۆنیەتی دوایین شەهیدەکانی ڕاسان لە پاوە:

دوو پێشمەرگەی حدکا (شاهۆ وەیسی و زانیار ئیسلامی) شەو لە خانە باخی کەسێکی ناسراوی پاوە بە نێوی ئیقبالّ سابقی خۆ حەشار دەدەن . ئەوە کە چەند وەخت لەوێ دەمێننەوە نازاندرێ بەلّام سەر لە بەیانی سەعات ٨ تا ٩ ڕۆژی تێکهەڵچوونەکە سپای پاسداران بە ماشێنی مەدەنی چەکدارانی خۆیان بەرەو شوێنەکە دەگوازنەوە و گەمارۆی ماڵەکە دەس پێدەکەن.

ئەو شوێنە لە بناری شاهۆ ڕووکاری پاوە بە مەودای نزیک بە سێ کیلومێتر لە شار دوورە. وەک شووێنی سیاحەت و حەسانەوەی بەهارو هاوێنان خانووی لێ سازکراوە و کەڵکی لێ وەر دەگیردرێت.

لە گەڵ دەسپێکی بزووتنی هێزی زۆری ڕژیم بۆ گەمارۆی پێشمەرگەکان سەرتای ڕێگەی هاتوچۆی خەڵک بۆ بناری شاهۆ واتە شوێنی ڕووداوەکە لە لای سەرووی پاوە (سەراو هەولّی) دادەخرێت و مەودای هاتووچۆی خەڵکی ئاسایی دەبەستن.

شەهید فەرشاد چەچانی ئەو کورە گەنجە کە بە گولەی پاسدارە کان کوژرا بە مۆتوری سواری حەولی خۆدەربـاز کـردن بەرەو (ویمیری) لای سەرووتری ناوەندی جێگیر بوونی پێشمەرگەکان کە وێدەچێ لەوێ ئەرکی پارێزگاری ماڵەکـان و بە وتەیەک چایخانەی هەبووبێت دەدا.

پاسدار ڕێگەی پێدەگرن بەلّام پێ لە سەرگاز ملی ڕێگا بەرەو شوێنەکە دەگرێت. پاسدارەکان هاورێکانیـان بە بێسیم لە دەورو بەری مـاڵی نیشتەجێ بـوونی پێشمەرگەکان ئاگـادار دەکەن. بە نزیـک بـوونەوەی فەرشـاد دەنگی دەدەن بەلّام بۆیـان ڕاناگرێ و درێژە بە ڕێگـاکەی دەدا هاوکـات تەقەی لێدەکەن و بریندار دەبـێ بەلّام نـاکەوێ و بە دەنگی بەرز هـاوار دەکـا هەڵێن گەمارۆ دراون. دیسان پاسدار بەر دەسڕێژی دەدەن و لە جێدا دەکوژرێت.

پاسدارەکان بە نیازبوون ئەو دووپێشمەرگە غافڵگیر و بد زیندوویی دەس بەسەر بکەن وریاکردنەوە و هـاتو هـاواری فەرشـاد دەبێتە هۆی وە خەبەرهاتن و هەولّی پارێزگاری خۆیان و بەر پەرچدانەوەی پەلاماری دۆژمن.

لە ئاکامی تەقەولێکدان بە پێ خەبەر سێ کەس لە هێڕۆی دوژمن دەکوژرێن. لە کۆتاییدا کاتێک دەرەتانی خۆدەرباز کردن نابینن بە تەقاندنەوەی نارنجۆک خۆ دەکوژن.

بەشێک لە گۆشتی لەشیان بە هۆی خێر خوازێکی هاوسێ ماڵەکە بە ناوی (ح . ح) بە خاک دەسپێردرێت. لە باقی تەرمی پێشمەرگەکان ئاگاداریەک نیە. لەوە دەچێ ئەگەر پارچەیەکی لەشیان دەس کەوتبێت لە گەڵ خۆیان بردبێ.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە خەڵک بە ئاگادار بوون لە کوژرانی فەرشاد - کورە هەژار بە کۆمەڵ و پۆل پۆل بۆ سەرە خۆشی ڕوو لە ماڵیان دەکەن.

بەرپرسانی سپا و ئێتلاعات ترسیان لێ دەنیشێ و بە هەڕەشە لە کەسوکاری ناچاریان دەکەن خەڵکی لە ماڵ ڕێگە نەدەن و وەڵامی هاوسۆزییان نەدەنەوە.

تا ئەم کاتە کە هێشتار هاتو چۆی خەڵک بۆ ماڵ و باخەکانیان لەم شوێنە ئاسایی نەبوەتەوە و هێشتار بەرگری لە سەردانی خەڵک بۆ ئەوێ دەکرێ.

ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

فەرشاد چیچانی و بەسەرهاتی خەمناکی بنەماڵەیەک.

لە گەڵ سەرەخۆشی شەهید کەوتنی دوو پێشمەرگەی نیشتمان و فەرشاد چیچانی خەڵکی پاوە لە هاو سەنگەران و کەسوکاری هەر سێ لاوی نۆخەی نەدیتوو لە ژیان.

باپیری فەرشاد مەلا عەبۆلکەریمی چەچانی لە سەربازانی لەشکری عوسمانی کاتی هێرش بۆ سەر هۆرامان لە کرماشان و دواتر پاوە نیشتەجێ دەبێت و ناگەڕێتەوە بۆ چەچەنستان کە ئەوکات وەک سەربازی خەلیفە لە لەشکری عوسمانی خزمەت دەکا.

مەلا ئەولکەریم سەرەتا لە گۆمرگی کرماشان دادەمەزرێت بەڵام پاش ماوەیەک بە گوێرەی بڕوای ئایینی(سۆننی) لە پاوە نیشتەجێ، بە کاری باخداری، نووسین (دەس نووسی کتێبە کوردی، فارسی و ئایینیەکان) و پیشەی دووکانداری سەرقاڵ دەبێت.

نێوهاتی پیاوێکی بەڕێز، خزمەتکار و ئایین پەروەری بێ ئازار بوو. دواتر نەک هەر خۆی سەرجەم بنەماڵەکەی بە هەژاری بەڵام بە حورمەت و سەبرو لە سەرەخۆیی لە گەڵ گرفتەکانی ژیان بەرەو ڕوو دەبوون.

مەلای چەچانستانی هەموو منداڵەکانی لەو سەردەمەدا کە خوێندەوار کردن بۆ هەمووان دەستی نەدەدا فێری خوێندەواری کردبوو.

لە سەرەتای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پاوە و ئەو ڕەشەکوژیە هەروەها کێشەگەلێک کە لە نێوان خەڵکی پاوە و دەوروبەر هەبوو ڕژیم کەڵکی وەرگرت و زۆری خەڵکی وێرای کارمەند و ئاسایی بە زۆر و تەماع وەبەر نان وەک بەسیج بۆ نگەهبانی نێو شار چەکدار کرد.

کاک عەلی مەحمودی نژاد (کوڕە پووری فەرشاد) مۆعەلم کە کوڕێکی کورد و دڵسۆز بوو سەرەڕای ئەوە چ پێوەندی بە دژایەتی شۆڕشگێڕان یا مەیلی بۆ لای ڕژیم نەبوو بە داخەوە بە تەقەی پێشمەرگە بە هۆی تاریکی شەو و نەناسران شەهید

کرا.

برایەکی عەلی بە ناوی مۆحسن بە گوللەی تفەنگی تاپۆ بە دەستێ کچێکی خەڵکی پاوە لە شاهۆ بە هەڵە گیانی لە دەست دا.
مامێکی تری فەرشاد(خەلیل کوڕی مەلا ئەولکەیم چەچانی) کە خزمەتکاری پەروەردە و فێرکردنی پاوە بوو بە هۆی بۆمبارانی فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق کوژرا.

فەقرو هەژاری ئەم بنەماڵە ڕێگەی بە دۆژمنکاری کورد و ئامانجە نیشتمانەکان نەدا. کاک عەلی پێش شەهید کران وەسیەتی کردبوو کێلی مەزارەکەی بە وشەی کوردی برازێننەوە.

ئەوە ئێمڕۆ کاک فەرشاد دوا قوربانی دەسەڵاتی کوردکوژی کورد کە بە پێی زانیاریەکان چایخانەی لە نزیک شوێنی پەلاماری پاسدارەکان هەبووە بە گوللەی پاسداران بوو بە دواییین قوربانی کارەساتاوی ژیانی ئەم بنەماڵە و کورد بە گشتی.

سەرەڕای ئەوە بەشێک لە خەڵکی خۆجێیی لەو بڕوایە دان مانۆڕی ڕژیم لە شاهۆ و پەلاماری دوایی لە پاوە بیانویەکە بۆ بەلاڕێدا بردنی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک و پەلاماری بەرینتری هێزەکانی کوردی دژ بەسیاسەتی تاران بەرانبەر کورد و کوردستان.

ڕێکەوتی: ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

خەسارناسیی شەڕی پاوە ، ساڵی ١٣٥٨.

ئەز وەک تاکێک لەو سەردەمە هەم وەک گەنجێکی ئەویندارى ئازادی و هەم وەک ئەندامی شووراى ئەم شارە لەپێش شەڕەکە تا رادەیەک لە جەرگەی ڕووداوەکاندا دەژیام کەمووکۆت شاهیدی سەرهەڵدانی ئالۆزیەکان بووم.

سەڕەڕای تێپەڕبوونی چل ساڵ، بە دروستم زانی وەک شاهیدێکی زیندووی ڕووداوەکان، لەسەر ئەو کارەساتە کە دەسڵاتدارانی کۆماری ئیسڵامی بە کەڵک وەرگرتن لە لاوازییەکانی کۆمەڵگای کورد بەسەریان داسەپاندین بنووسم و لە گۆشە نیگای خۆمەوە ڕووداوەکانی ئەوسەردەمە باس بکەم.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوەش بکەم کە کاک فەریدون میتران یەکێ لەبەرپرسانی حیزبی دێمۆکرات لەپاوە لە کاتی مانگرتن لە قۆری قەڵا و هەروەها کاک ڕحمان کەریمزادە لە چالاکانی ئەو سەردەمە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو زانیارییانە هاودەنگن.

چەند ڕوون کردنەوەی پێویست:

پێشەکی پێویستە دەس نیشانی چەند دەستەواژەی بەکار هاتوو و زانیاری بدرێت بە خوێنەر.

١- پێکهاتەی لەشکرێ کورد کە کۆماری ئیسلامی لە کاتی شەڕی پاوەدا لە ڕادەبەدەر شاخ و باڵی پێوە دەنا بە پێی زانیاری نووسەر بریتی بوو لە:

وەک ئەسڵەحەی قورس خۆمپارە شەستێک کە لە چەک کردنی پاسگای مەڕەخێڵ دەستیان کەوتبوو. وتەی بەناو بانگی خاوەنی خۆمپارەکە (خاڵۆ یارە ـ یار ئەحمەد ئێناخی) کە خۆمپارەکەی باری کەرێک دەکا ودەڵێ: "هەچە باوکەکەم بۆ شەڕی کوردستانت دەبەم"، تا ماوەیەک نەقڵی نێو خەڵک بوو. ژمارەیەک چەکی ژ - ٣، برنوو و فیشک کە لە ناوەندە چەکدارییەکانی دەسەڵاتی پێشوو دەستی خەڵک کەوتبوو، ژمارەیەک کلاشینکۆف کە زۆرتر لەو دیو (باشووری کوردستان) دەکرێدرا یا بە عادەتی عەشایر کورد هەمیشە هەولی ڕاگرتنی چەکی هەبووە زیاتر تێنەدەپەڕی. یەک قەبزە تیرباری ژ -

٢ دارایی چەکی حێزبی دمۆکرات لە ڕیزی جبەخانەی بە ناو ئەو "لەشکەرە" بەحساب دەهات.

٢- نەفەرات: پێشمەرگە یا چەکداری پێکهێنەری ئەرتەش یا بە وتەی دەستو پێوەندەکانی کۆماری ئێسلامی "لەشکەر فراوان ضد انقلاب" بەشێکی لە خەڵکی هەڵوەدا و خوازیاری ماف و ئازادی سەرەتایی خۆی لە چوارچێوەی داواکارییەکانی حێزبی دێمۆکرات پێک دەهات.

٣- وشەی چەکدار بۆ ئەو کۆمەڵە چکدارە بەکار هاتوە کە سەربەخۆ هاتبوونە ناوچەکە و پێوەندیان بە لاینێکی سیاسی ناسراو نەبوو.

بیرەوەری تاڵی شەڕی پاوە، فەتوای خۆمەینی و مەبەستە شاراوەکان.

ئەزموونگەلێک کە دەبێ لە داهاتوودا ئاوڕیان لێ بدرێتەوە:

ئێستا چل سال بە سەر ڕۆخانی دەسەڵاتی پاشایەتی ، بکوژی مافخوازانی کورد ولەوانە یەکەمین سەرکۆمارەکەی قازی محمد، هەروەها جێگیر بوونی دەسەڵاتێکی ئێسلامی لە ئێران تێدەپەڕێت.

بە گوێرەی ئاماری بەرپرسانی کۆماری ئێسلامی (١) ڕێژەی تەمەنی ٤٥ لە سەدی هاو وڵاتیان لەو سەردەمەدا دەورو بەری ٤ تا ٥ ساڵان بووە ئەوە لە حاڵێکدایە کە ٥٠ لە سەدی نفووسی وڵات ڕێژەی نێوەنجی تەمەنیان لە ئێستادا ژێرەوەی ٣٠ ساڵە.

١- هەواڵدەری سروش ـ یەکی ڕێبەندانی ١٣٧٩، وتەی (لطفی) جێگری شووڕای تەبلیغاتی ئێسلامی بۆ چلەمین ساڵی ئینقلاب

بێبەری بوونی زانیاری ئەم ڕێژە لە نفووسی ئێران و کوردستان بە چۆنیتی هاتنەسەرکاری ئایەتۆلاکان، هەڵسوکەوتیان بەرانبەر ویست و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان زۆرتر لە دیتنی فیلم، ڕوانگە، هەڵوێست و زانیاریە کانی دەسەڵاتی زاڵ

و داکۆمێنتە سازکراوەکانی ئەوان سەرچاوە دەگرێ. سەرەڕای ئەوە دەسەڵاتی ئێسلامی پاش چل ساڵ زەبروزەنگ خۆی ساحێب ماف و خەڵکیتر بە دوژمن، ڕێگر، گێرە شێوێن تا رادەی بەسراوە بوون بە لایەنی دەرەکی و ئەمو ئەو دەسەڵات بە گوێرەی سیاسەتی باوی ڕژیمە تۆتالیترەکان دەزانێ.

مەخابن دەس وێڕاگەیشتنی ئازادی خەڵک بە ڕا و هەڵوێستی جیاواز و سەربەخۆی جیابیران و ئەخباری بێ لایەنانە و ڕاستەقینە وبۆچوونی حێزب و ڕێکخراوی پێوەندیداری کورد سەبارەت بە ماف و ئازادیە سیاسیە کانی کۆمەڵگا ئێستاش (چل سال دواتر) دژوار و پێداگرتن لە سەر داواکاری ئەوتۆ، زیندان، کوژران و کێشەی مەزنی لێ کەوتۆتەوە.

دەسەڵات لە سێبەری بینا کردنی وەها دیوارێک دا توانیوێتی بە شیوازی دڵخواز هەم ڕا وسیاسەتی خۆی بەرێتە پێش و هەم وێڕای سەرکوتی ڕەها تۆڕێکی بەر چاوی نائاگا لە ڕاستیی ڕووداوەکان بە دژی قازانج و بەرژەوەندی دواڕۆژی خۆیان لە درێژماوەدا، بکاتە داردەست و بە لاڕێیاندا ببات.

ئەم سیاسەتە تا ئاستی قوربانیکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ولات، گمو گۆڕ کردنی شوێنەواریان لە پێناوی ئامانجێکی ناسەردەمی وەک ئەوەی ئێمرۆ لە شەقامەکانی وڵات دژی وەستاون پێش چووە.

شیاوە بوترێ هەموو هەول و دەولی "ئیمام!" خۆمەینی و هاو بیرانی پاش گەڕانەوەی بۆ تاران گۆنجاندنی کۆماری ئێسلامی وەک سیستمی دواڕۆژ بۆ ئێران لە ژێر ناوی "کۆماری ئێسلامی بە بێ یەک کەلیمە کەم یان زۆر"، پەسەندی یاساگەلێک بە ناوی "قانوونی ئەساسی جمهوری ئێسلامی" و "مەجلیسی خوبرەگان" بوو.

خۆمەینی و دارو دەستەکەی پاش ئەوە کوردستان یەکدەست وەڵامی "نا"ێ بە جمهوری ئێسلامی دایەوە لە درێژەی دوژمنایەتی مێژوویی لە گەڵ ماف و ئازادیەکانی میلەتی کورد ئەم جارە دوژمنایەتی ئایینیی(دژە سۆننیی) شیعەی سەفەوی ئاسای و ڕووژاندەوە و کردی بە ڕێکاری خۆڵقاندنی پێشخانێک بۆ بەیاسایی کردنی کوتوپڕ و گەرماگەرمی مەبەستەکانی خۆی، واتە بەربەست کردنی مەیدانی مانۆڕی جیابیرانی ناوخۆیی لە هەموو بوارەکدا.

مەخابن لەم پێناوەدا کوردستانی کەم ئەزموون بە جۆرێک ڕێخۆشکەری جێکەوتنی بڕیارەکانی ئیمام و ئایەتوڵاکان بوو.

٢١ تا ٢٨ی پووشپەڕی ١٣٥٨ شەڕی پاوە بە دوای کارەساتی سنە ٢٧ - ١٢ - ١٣٥٧ تا ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ و شەڕی

نەغەدە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ کەرەسەی دڵخوازی مۆر کردنی فەرمی ئامانجە خۆێناویەکان بە هاندان و هێنانە مەیدانی جەماوەری بەرین لە سەرتاسەری شار و گوندەکانی ئێران لە ژێر کارتێکەری و وروژاندنی سۆزی ئایینی و ڕەگەزی بە هاندانی ڕاگەیێنەرەگشتیەکان و تەبلیغاتی توندی ئاخوندەکان توانیی ببێتە پاڵپشت بو بێدەنگە پێکردنی نەیارانی جیا بیر لە تاران.

شەڕی پاوە بە پێی وتەکانی دوایی خۆمەینی و هاوبیرانی بوو بە "نێعمەتی ئێلاهی" هەر بۆیە پلە بەرزترین بەرپرس و فەرماندەرانیان بۆ سازماندان دەس بە جێ نارده پاوە.

٢٥ - ٥ - ١٣٥٨ مستەفا چەمران وەزیری بەرگری و جێگری سەرۆک وەزیران لە دەوڵەتی کاتی، تیمسار فەلاحی فەرماندەری گشتی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی، ئەبوو شەریف فەرماندەی عەمەلیاتی سپا بە هلی کوپتەر دەگەنە پاوە پێش ئەوان فەرماندەری هێزەکانی سپا جێگر لە پاوە ئەسفەر وسالی بوو کە کاتی خۆی دەورە دیتووی شەڕ و یاری چەمران لە لوبنان بوە.

فەرمان و وتەی بەرپرسان لە پێوەندی گرنگی شەڕی پاوە بۆ دەسەلاتی نوێ لە تاران؛

"ئیمام! خۆمەینی"

٢٧ی پووشپەڕی١٣٥٨ لە فەتوا خوێنڕێژانەکەیدا وتی:

"بدولت ارتش و ژاندارمری اخطار میکنم اگر با توپها، تانکها قوای مجهز تا ٢٤ ساعت دیگر حرکت بسوی پاوه نشود همه را مسئول میدانم."

(بە دەوڵەت و ئەرتەش و ژاندەرمری هۆشدار دەدەم کە ئەگەر بە تۆپ و تانک و سپای پۆشتەوپەرداخ کراو لە ٢٤ کاتژمێری داهاتوودا بەرەو پاوە نەجووڵێنەوە، هەموویان بە بەرپرس دەزانم.)

٥ - ٢٨ - ١٣٥٨ هێزی سەرکوتکەر گەیشتە پاوە. لە درێژەی ئەم سیاسەت و فەرمانەدا ئەوە چل ساڵە کوردستان نوقمی کوشتار و بێ ماف کردن و پەراوێز خرانی بە بەرنامە کراوە.

سەرهەنگ بەهێشتی لە وتووێژی هەواڵدەری تەسنیم لە کرماشان ٥ - ٢٩ - ١٣٩٦ لە ژێر

سەردێڕی "بازخوانی حماسه ئازاد سازی پاوه" دا دەڵێ:

"حماسه خونین پاوه حادثه ای بسیار مهم و دارای اهمیت خاص در تاریخ تحولات جمهوری اسلامی ایران بود.
اهمیت این حادثه آنقدر بود که امام راحل مهمترین فرمان تاریخی خود را صادر کردند.."

(حیماسەی خوێناویی پاوە ڕووداوێکی گرینگ بوو کە گرینگی تایبەتیی لە مێژووێ ئاڵوگۆڕەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەبووە. گرینگی ئەو ڕووداوە ئەوندە زۆر بوو کە ئیمامی کۆچکردوو فەرمانی مێژوویی خۆی دەربڕی.)

لە سەروبەندی مانگرتنی قۆری قەڵا (گوندێک لە سەر ڕێگەی نێوان پاوە و کرماشان) خۆمەینی وتی:

"فعالیت ضد انقلاب برای عدم تشکیل مجلس خبرگان در موعد مقرر است."

(چالاکیی دژی شۆڕش بۆ مەبەستی بەرگریکردنە لە پێکهاتنی مەجلیسی خوبرەگان لە کاتی دیاریکراودا.)

٢٧ی پووشپەری ١٣٥٨ خۆمەینی لە چاو پێکەوتنی پۆلێک لە مامۆستا و ٧٠ نوێنەری تازە هەڵبژێردراوبۆ "مجلس خوبرەگان" لە شاری قۆم دەبێژی:

"...مرزها را آزاد کردند، گفتار را آزاد کردند، احزاب را آزاد کردند، به خیال اینکه اینها یک مردمی هستند... اینها خرابکارند، دیگر با این اشخاص نمیشود با ملایمت رفتار کرد... اینها یک جمعیت خرابکار هستند یک جمعیت فاسد هستند. اینهارا ما نمی توانیم که بگذاریم که هر کاری که دلشان میخواهد بکنند این کارها را میکنند.. حالا هم اعتراض کرده‌اند که خود شماها دارید این کارهارا میکنید. نظیر آنها که پریروز و چند روز پیش آن خرابکاریرا کردند... خودشان ایجاد غائله میکنند بعد گردن مردم میاندازند. حالا هم در روزنامه‌ها دیدیم که آنها، عزالدین حسینی فاسد و همین قاسملو فاسد که لابد اینجا نیست میگویند که خود پاسدار ها که آمدند مردم را باین وضع در آوردند. در صورتیکه سر پاسدارهارا بریدند، بچهارا چه‌ها که نکردند. یک چنین مردمی هستند... حالا که میبینید نزدیک است مجلس خبرگان تحقق پیدا کند افتاده‌اند بدست و پا بااینها باید با شدت رفتار کرد و باشدت رفتار میکنیم ..."

(سەعات ٢٠ ڕۆژی ٢٧ - ٥ - ١٣٥٨ ڕادیۆ و تلوێزیۆنی تاران ٢٨ - ٥ - ١٣٥٨ ڕۆژنامەکانی ئێتلاعات و کەیهان لاپەڕەی ١ و ٢.)

(...سنووردەکانیان ئازاد کرد، وتاریان ئازاد کرد، حیزبەکانیان ئازاد کرد، بەو هیوایە کە ئەوانە خەلکین.... ئەوانە خراپکارن. کۆمەڵەیەکی فاسیدن. ئێمە ناتوانین لێیان گەڕێین کە هەر کارێکی پێیان خۆشە بیکەن. ئێستاش دەڵێن کە بۆخۆتان ئەو کارانە دەکەن. وەک ئەوانەی کە پێرێ و چەندرۆژ لەمەو پێش ئەو خراپکاریانەیان کرد.... خۆیان هەڵا دروست دەکەن و دەیخەنە ئەستۆی مە. ئێستاش لە ڕۆژنامەکاندا دەبینین کە عیزالدینی حوسێنی فاسید و ئەو قاسملو فاسیدە کە لەوانەیە بۆخۆی لێرە نەبێ، دەڵێن کە پاسدارەکان هاتن و بارودۆخی خەڵکیان وەها لێکرد. لە کاتێکدا سەری پاسدارەکانیان بڕی و چیان بەسەر منداڵەکان نە هێنا. ئەوانە خەڵکێکی ئاوان.... ئێستا کە دەبینن خەریکە مەجلیسی خوبرەکان پێکدێ وەخۆ کەوتوون. دەبی بە تۆندی هەلسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ و ئێمە بە تۆندی بەرەنگاریان دەبینەوە....)

٢٨ - ٥ - ١٣٥٨ مەجلسی خوبرەگان دامەزرا. یەکەم بەرهەمی شەڕی پاوە لە پەنای قەبزەی تەواوی دەسەڵات وەک لە ژێر ناوی فەرماندەری گشتی بە دەرکردنی فەتوایا فەرمانی نێزامی بە هێزەچەکدارەکان دەری خست.

٢٩ - ٥ - ١٣٥٨ لە شاری قۆم خۆمەینی لە گەڵ فەرماندەرانی سپا دیداری کرد و وتی:

"خطری مملکت را تهدید نمی کند."(هەڕەشەیەک لەسەر وڵات نییە.) واتە شەڕی پاوە ئامانجەکانی ئێمەی دابین کرد و مەترسی پەسەند نەکرانی خەت و نیشانەکانی ئێمە لە سەر ڕێ لا درا.

مستەفا چەمران لە کتێبەکەی (کوردستان) دا دەڵێ: "ڕووداوەکانی کوردستان یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی نێوخۆی ئێران و تا ڕادەیەک هەستیار و حەساس بوو و چارە نووسی کۆماری ئیسلامی بە ئەوە وە بەسترابۆوە."

ئەمە خۆی دیسان ئەرێنی کردنی وتەکانی خۆمەینی و ئەوە کە گەورەکردنەوەی ئەم شەڕە ئامانجی پشتی پەردەی پەسەندی خەت و نیشانەکانی خۆیانی مەبەست بوە، پشتراست دەکاتەوە.

بەگشتی پاشەڕۆکی ئەم فەتوا تا هەنووکە کە نزیک بە چل ساڵ لەو ڕۆژگارە تێپەڕیوەبە شێوازی ئەزموونمەند و

سیستماتیکتر لە ڕابردوو ڕۆژانە لە کوردستان درێژەی هەیە بۆیە کورد وەک زیان دیتووی سەرەکی ئەم سیاسەت و ڕەوشتە کە تاران درێژەدەرێتی هەروەها هەڵە و ناتەباییە نێوخۆییەکانی خۆی دەبێت لە ئەگەری مەیل بە دووپات نەبوونەوە بە وردی لێی بکۆڵێتەوە.

ژیان لە ژێردەستی؛

لە پێوەندی ئەزموونەکانی ئەو سەردەمە و پاشتریدا، پێویستە کورت ئاماژەیەک بە پێوەندی نەشیاوو بارودۆخی شڵەژاوی ناوخۆیی کۆمەڵگاکە (پاوە و جوانڕۆ) کە خۆی لە خۆیدا ڕێخۆشکەری پەرەئەستاندن و کەڵکوەرگرتنی دوژمن و نەیاری هەردوولابوو بکەم.

مێژوو سەلماندوویەتی هەرکام لەم وڵاتانەی کورد و وڵاتی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە ئەزموونی دوور و درێژی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا وەک عەرەب ٦٠٠ ساڵ ئیمپراتووری، تورک نزیک بە پانسەت ساڵ و فارس زیاتر لە هەردووپانی تێپەڕ کردوە.

لە سەر ئەم بنەمایە نەک هەر کورد و خاڵە لاوازەکانی باش ناس دەکەن توانیویانە بۆ پتەو کردنی پێگەو دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان کۆمەڵێک ڕێکار و تاکتیک و ستراتێژیی بۆ پووچەڵکردنەوەی هەولی مافخوازانەی جیاواز (لە ویست و قەبارەی نەتەوەی فەرمانڕەوا) نەزۆک و بێ ئاکام بکەن.

کورد وەک نەتەوەی دابەشکراوی بێ ماف بە هۆی ژێردەستە بوون و چاوەدێری توند نە تەنیا دەرەتان و ڕێگەی خۆپێگەیاندنی تا ئاستێ زۆر بەرتەسک لێ ئەستێندراوە بەڵکوو لە هەل ودەرفەتی گەشەی سەردەمیانەی خۆی ووڵاتەکەی لە هەڵسەنگاندن لە گەڵ نێشتگەی دەسەڵاتی حاکم و یاوەرەکانی هاودەسەڵاتی بێبەش کراوە.

هەر جوولانەویەکی کوردستان سەرکوت و لە بازنەی گەمارۆی سیاسی دراوسێ نەیارەکانیدا نەیتوانیوە خۆی لەو ئابلۆقە نەخوازراوە زۆرە ملیە دەرباز بکات.

ئەگەر لە بەشێکی کوردستان بە پێ هەرەس هێنانی دەسەڵاتی ناوەندی بە شێوازی کاتی دەرفەتی تێکۆشان بۆ دابین کردن ودەس وێراگەیشتن بە لانی کەمی ویست و ئارەزووکان بۆ کورد ڕەخسا بێت لەو بارودۆخە دا بەدوور لە هەڵسەنگادنی

گشت لایەنەی سیاسی بە ناچارڕووی کردۆتە نەیارێکیتر کە ئەویش بە شوێن "ماسی گرتن لە ئاوی لێڵ" گەڕاوە.

شکستی ڕاپەڕینە یەک لە دوا یەکەکان شاهێدی ئەوەن. وڵاتی بە نێو پشتیوان تا زەمانێک دەرفەتی پەلە قاژە و خۆنواندنیان بە کورد داوە کە ویست و ئارەزووی پەنامەکیان دەستەبەر بووبێت .

ئەم کارەساتە بە درێژایی نزیک ١٥٠ ساڵی پێش بەردەوام درێژەی هەیە.)

درێژەی سیاسەتی دواکەوتووڕاگرتنی کورد و کوردستان، سەقامی خوو و خدەوشێوە کولتووری عەشایری ماکەی ڕەخسانی هەلی زیاتری بەقای حاکمیەتە کانی پێکهێناوە.

ڕووخانی دەسەڵاتی شا کە کڕوکپی مەرگبار و پڕ لە ترسو خۆفی بە دوای گرتن زیندان و ئێعدامی دژبەرانی بەگزادە، مامۆستای قوتابخانە و خەڵکی تروەک ئەوە ساڵی ١٣١٠ ڕەزاخان پەهلەوی بەشێکی بەرچاولە زانا و شاعیرانی هەورامان بۆ تاران، ئیسفەهان و خوراسان دوور دەخاتەوە، ساڵی ١٩١٨ بەشێکیتر بۆ قوروە، ستانی کوردسان - سنە، ڕەوانە دەکات،ساڵی ١٣٤٨ زیندان و تەبعیدکردنی پۆلێکیتر لە مامۆستا و خەلکی ئاسایی بۆ هەمەدان و تاران، ساڵەکانی ٤٦ تا ١٣٥٦ بەبیانووی پووچەڵ کردنەوەی بزاوی دژی دەسەڵات و داماڵینی چەکی نا یاسایی خوێنرێژ، غولام عەلی ئوەیسی وێرای گولە باران کردنی خەڵکی ئەم دەڤەرە لە جەڵدیان هەروەها لەئەشکەنجەگای گروهبان نەهاوەندی گوندی هیروێ (نێوان پاوە و نەوسود ساڵی ١٣٥٦) بە هاوکاری ساواک و سەروان کەریمی لە ژاندارمری پاوە ئەمانەو زۆردژایەتی تری ساواک و ئەمنیە گورج دوابەدوای دەربڕینی یەکەمین ناڕەزایەتی ئاشکرای خەڵک لە تاران، تەورێز و چەن شاری مەزنی ئێران هەمبەر دەسەڵاتی ناوەندی شا، خەڵکی پاوە - ی تووشی تەقینی کانیاوی حەسرەتەکانیان کرد.

ڕەخسانی ئەم هەلە و لە راستیدا شاگەشکە بوون بە بیری کۆتایی دەورانی دەسەڵاتی ملهۆڕ و ئەوە کە هەرلاینێکیتر ببێتە جێگری دەسەڵاتی پێشوو ناتوانێ لەوخراوتر بێت، خۆپیشاندان و هاتنە مەیدانی گەنج و لاو و هەموو چێن و توێژەکانی بۆ دەربڕینی داخوازەکانیان هێنایەمەیدان.

ئەوە بوو بە هۆی دەنگدانەوە لە شارەکان. لە لاییکیترپاشکەوتن لە دەرتانی خوێندەواری بالاو زانستی سەردەم، نەبوونی بەرنامەی داڕێژراوی چڕو پڕی کار بۆ کراو لە نێو ڕیزەکانی کورد بە گشتی و لە بەرچاونەگرتنی تێبینی هەر دەرکەوتێک کە ڕەنگە لە دوو توێ بەرنامە و هەڵوێستی دەسەڵاتی نوێدا بەرەو ڕووی خەڵک ببێتەوە ئاکامی سەر لە نوێی سەرکوتی

تووندو تیژتری دیسان بۆ کورد پاش مەودایەکی کەم ئەمجارە لە دووتوێ دەسەڵاتی ئێسلامیدا بەرهەم هێنا.

بە گژ دا چوونی ئەژدەهایەکی بێڕەحمی خوێنمژ لە ڕەگەزی بیرو فامی پێشوو وێرای باری ئایینی دژبەرتر ئێمڕۆپاش تێپەڕکردنی چل ساڵی پڕ لە نەهامەتی بانگەوازی ئەوە بە گوێ کورد دا دەدات کە شکست و نەهامەتیەکانی ڕابردوو داهاتووی هیوابەخشمان بۆ دەستەبەر ناکات ئەگەر ئاوڕێکی ڕیشەیی لە بنبڕکردنی کۆسپە مەزنە ناوخۆییەکانمان بۆ چارەسەری نەدەینەوە.

دووبەرەکی نانەوە لە نێو کوردان سیاسەتی خۆپارێزیی دەسەڵاتی زاڵ؛

لە هۆرامان و جوانڕۆ هەر لە سەردەمی سەفەوی و قاجارەکان خەڵکی دەڤەرەکە بۆ مل نەوی نەکردن بەرانبەر دەسەڵاتی ناوەند تەوەر، وێرای سەرجەم کوردستان بە کێشە خوڵقێن ناسراون.

حەمەسەعید سان سوڵتانی هۆرامان پاش بەڵێنی و سوێند بە قورئان و ڕەکێش کردن بۆ سنە لە لایەن شەرەف ئەلملک (عەلی ئەکبەرخانی ئەردەڵان) نوێنەری فەرهاد میرزا مامی ناسرئەلدین شا بە فێل دەبردرێتە قەڵای جوانڕۆ بە مەبەستی ساز کردنی دوو بەرکی لە نێو بەگزادەکانی هۆرامان و جوانڕۆ کە خزمی هەڤدوون و فەرمانی خەنجەر ئاژن کردن و کوشتنی ناوهاتی ساڵی ١٢٨٩ی کۆچی.

لەشکر کێشی جوانڕۆیی و هۆرامی بۆ سەر یەکتر وپشتیوانی دەسەڵات هەر جارە لە لایەکیان کە لە پێناو پشکی زیاتری دەسەڵاتی ناوچەیی بەڕێوە دەچووبە گشتی شێوازی ڕەنگاڕەنگی لە لایەن دەسەڵاتی تاران بە خۆوە دەبینی.

پاوە وەک ناوەندی ناوچە (هۆرامان و جوانڕۆ وسەلاس باوەجانی و ڕوانسەر) بەرەبەرە بەناو بەڵام بە بێ ناوەرۆک وەک شارستان دەسنیشان دەکرێت.

خوێندنگە تا ناوەندی، دواتر دیپلۆم و هاوکات پۆستە ئیداریەکان بە نیوەچڵی دادەمەزرێن. ئەوە کەم تا زۆر دەبێت بە هۆی یارمەتیدان بە بەشێکی خەڵکی شار بۆ دابینکردنی "ژیانی نەمر نەژی" لەچاو دەورو بەرو دامەزران بۆ خزمەتکاری پلە نزم لە ئیدارەکان.

لەو هەلومەرجەدا کەمترین ئیمکانی هاتوو چۆ بۆ جێبەجی کردنی کاروباری ئێداری و دەوڵەتی وەک ئاسانکاری پیوەندی تەنانەت حەسانەوە لە پاوە بۆ خەلکی هەژارو کەم دەرەتانی دەوروبەر لە بەردەست نابێت.

خەڵکی لاوەکی لە ڕووی ناچاری هەرجارە پاش پێوانی مەودای زۆر بە پێیان و وڵاغ زۆر جار تا ڕادەی دووسەت کیلومێتر بۆ جیبەجی کردنی کارێکی قەزایی، کێشەی ملک، مەدرەسە، ژنو ژن خوازی و هەر ئەرکێکی هاوشێوە دەبوو بە هەزار چەرمەسەری دەس لە ژیان هەڵگرن تا گرفتەکانیان بە نیوەو ناتەواو لە داموددەزگا ناتەواوەکانی دامەزراو لە پاوە جیبەجی بکەن.

تا چەند ساڵ بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧ قوتابیانی پۆلی شەشەم بۆ سەرەوە دەبوو لە پاوە درێژەیان بە خوێندن بدابا. کەم نەبوون ئەو قوتابیانە کە ڕۆژانە دەبوو چەند سەعات لە وەرزی زستان وباقی کاتەکان بە پێیان سەرەڕای ئەگەری ڕەق هەڵاتن بە هۆی سەرما و بەفروباران یا ترس لە ئاژەڵی درندە خۆبگەیێنن سەرکەلاسەکانی دەرس لە پاوە.

کەم ئاگایی و پاشکەوتوویی هەڵسوکەوت لە گەڵ خەڵکی لاوەکی هەم لە ئێدارەکان و هەم لە نێو شاری بێدەرەتانی کەمترین خزمەتکاری، خوڵقێنەری جۆرێک قین و توڕەیی لە بەرانبەر خەڵکێکی دەخوڵقاند کە تەنانەت لە ئاخاوتنە کەشی (هۆرامی) بە باشی تێنەدەگەیشتن.

جێگرتوویی و کەڵەکە بوونی گرفتی ئەوتۆلە پاڵ کێشەی کۆنی ڕکەبەری دەسەلاتی بەگ و بەگزادەکانی هەردوو لا لە گەڵ یەکتر تادەهات هەلی قین لە زگی و تۆڵە کردنەوە بە شێوەی دواکەوتوانەتر لە تانەو توانج لە یەکتر دان تا ڕێگری و ئاڵۆزی و پێک هەڵپڕژانی عەشایری پەرە پێدەدا.

لەم پێوەندیەدا بۆفام کردنی زیاتر ئاماژە بە وتەی قوتابییەکی ئەوکاتی دەوروبەری پاوە (کاک ج - س) پێویستە کە دەڵێ: "چۆن ڕقمان لێتان نەبێت، ئێمە لە باشترین حاڵەتدا پاش پشووی نیوەڕۆیانی مەدرەسە ئەگەر بگونجابا دەبوایە نانی وشک و چایێکمان تەواوی ڕۆژلە چای خانەی (بارام قاوەچی) خواردبا بەڵام ئێوە لە نێو ماڵی گەرمی خۆتان نانو شەلەمین (شێلم - ئاشی کوردی) گەرمی خۆتان بە ئاسوودەیی دەخوارد! "

خەڵک لە بری ئەوە سەرچاوەی ئەم گرفتانە لە ئاکار و کەمتەرخەمی دەسەلات و پێڕانەگەیشتن بە ئەرکی سەرەتایی هەر دەوڵەتێک بزانن و چارەسەرێیەکی هاوبەش ڕەچاو بکەن بۆیان هاسانتر یا لە فام دا ئاسودەتر بوو دەوروبەرەکە بە

تاوانبار بزانن لە حاڵێکدا مێژووی دووبەرەکی نانەوە بۆ سیاسەتی کارئاسانی و خۆڵقاندنی ژێرخان و سەقامی دەسەڵاتە ملهورەکان دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتێک کە ڕێگر

لە تەبایی ڕیزەکانی کۆمەڵگابێت تا نەتوانن لە سێبەری پشت بە یەک بەستن و یەکدەنگی مەودای ستەم و زوڵمی حاکمان بەرتەسک یا بن بڕ بکەن.

وێنەی زەقتری پەرپێدانی سیاسەتی ئەوتۆ لە کاندید کردنی پەنابەرێکی خەڵکی دیوی باشوور بە ناوی

(سالار جاف) بوو کە نە خەڵکی ڕۆژهەلات بە حساب دەهات و نە خەلکی جوانڕۆ بەڵام لە عەشیرەتی جاف بوو.

لەسەروبەندی ڕاپەڕینی خەڵک بەدژی شا، خەڵکی پاوە لە ڕیزی یەکەمی ئەوشارانە بوون کە دەنگی

(مرگ بر شا - یان) بەرز کردەوە. سالارجاف نوێنەری شا لە ژێر ناوی ((مجلس شورای ملی)) ئەمەی پێ گران هات کە "موەکێلەکانی" لە پاوە دژی شا هەڵوێستیان نواندوە.

بڕیاری هاتنی بۆ پاوە و بەڕێوەبردنی متینگی گەورە بە پشتیوانی ڕژیمی شا و بەشداری بەرینی خەڵکی جوانڕۆ و ڕوانسەر ڕادەگەیینێ.

هەولی خەڵکی شار بەشێک لە بەر پرسان و ئێمە وەک شووڕای شاربۆ بەر گری لە هاتنی نێوبراو کە پێشبینی تێک پڕژانو ئاڵوۆزی لە نێو خەڵکی لە لاوە هێنراو و شاردا دەکرا بێئاکام دەمێنێ.

لە کۆتاییدا تەنیا کارێک کە بۆمان دەکرێ بردنە دەرەوەی پیاوان و گەنجانی شار بە مشووری گشتی بوو بەڵکوو خۆ لە گرفت بپارێزین تا نوێنەری مەجلس و خەڵکە هاوڕێکەی بە ئاسوودەیی و پاش متینگ و نمایشتی خۆیان شار بە جێ بهێڵن.

داخەکەم ستوونی هاوڕێ سالار جاف لە دەروازەی شار مەسیری خۆیان دەگۆڕن، بە پشتیوانی هێزی هلیکۆپتەرو خەڵکی چەکداری هاوڕێیان(چریک) یەکڕاست خۆیان بە جادەی کەمەربەندیدا دەگەیێنن شووێنی خۆ پەنا دانی خەڵکی شار. بەشێک لە ماشینەکانیان دادەبەزن بە دروشمدان بە قازانجی شا ناڕەزایەتی زارەکی چەند گەنجێک دەوروژێنن. نیشاندانی

دژکردەوەی چەکدارانە و تەقە کردنی شاخوازان بەرەو ڕووی خەڵکی ئاسایی کوژرانی سێ کەس و بریندارببوونی چەندی تری لە خەڵکی پاوەی لێ دەکەوێتەوە.

پاش ئەوەکاروانی "نوێنەری هۆرامان و جوانرۆلە مەجلسی ئێران!" بە پەلە بەرەو شار وەڕێ دەکەوێ. ژنو منداڵی نێو شار کە هەواڵی کوژرانی کەسوکاریان دەبیسن بە هەر وەسیلەیێک لە بەرد ودارو باگردێن ت... د، لە سەر بانی ماڵەکانیان کە بە پێ هەڵکەوتی شار بە سەر جادەی هاتووچۆی ماشینەکان دا زاڵن، پەلاماری کاروانەکە دەدەن بەشێک لە ماشینەکان پەکیان دەکەوێ و سەرنشینەکانیان بە نێوشاردا هەراسان بۆ هەڵاتن بڵاودەبنەوە. بەشیکیتر لە گەنجانی شار خۆ دەگەیێنن ولە لای خواروی شار بەر پەنگی خەڵکی لە لاوە هاتوو دەدەن.

بە داخی گرانەوە ئەوە کە نەدەبوو بقەومێ ڕوودەدا و نزیک هەژدەنەفەرێک لەو خەڵکە غەریبە کە بە وتەی ئەودەم هەریەک بەرانبەر سەت یا دووسەت تمەن بۆ چەند سەعاتێک دەورلێدان لە پاوە هێنرابوون دەکوژرێن. وەک دواتروترا سالارجاف خۆی بە بریندارى لە پێشەوەی کاروان دەربازدبێ. بەداخەوە پاشان ئەویش بوو بە قوربانی هەڵەی خۆی وپاڵپشتی لە ڕژیمی شا.

ئەم ڕووداوە کە ئارەزوو و پشتیوانی دەسەڵاتی لە گەڵ بوو ئەوەندەی تر دوو بەرەکی نێو خەڵکی هەزاران ساڵ وێکڕاژیاو قووڵتر دەکات

بۆ ئاگاداری خوێنەر: خەڵکی جوانڕۆ هەر ئەو خەڵکەن کە بە دەیان شەڕی قارەمانانەیان بە دژی دەسەڵاتەکانی پێشوولە ئێران کردوە. سەدان شەهیدیان داوە. خەلکی جوانڕۆ هەر ئەو خەڵکەن کە لە سەروبەندی مەشروتەدا لە کرماشان جێ پەنجەی خەباتیان دیارە. و خەڵکی جوانڕۆ هەر ئەو خەڵکەن بە سەرۆکایەتی بەگزادەکانیان بە داواکاری پێشەوا پێچەوانەی بەگزادەکانی هۆرامان وەڵامی ئەرێنیان بۆ پشتیوانی بە ناردنی هەیئەتێک بە سەرۆکایەتی کەسێکی پاوەیی بە ناوی (میرزا محمد - مامۆستا) ڕەوانەی مەهاباد کرد هەروەها لە شۆڕشی بارزانی دا دەوری باشیان نواند و شەهیدیان پێشکەش کردوە. ئەوان دواتر لە ڕیزی حیزبی دێمۆکراتیش دا چەند ڕۆڵەی ئازا یان شەهید کران.

کۆماری ئیسلامی لە پاوە بە فەرمی دەس بە کار دەبێت:

لەو سەروبەندەدا چەندکەسێک کە یەکیان بە ناوی (زۆڵفەقاری و ئەویتر خەڵکی پاوە لە تیپی کلاو سەوزی ئەرتەش بە

ناوی محمد عەلی عەباسی) لە تارانەوە گەیشتنە پاوە. زۆڵفەقاری لە سەرەتادا بە نوێنەری دەوڵەتی کاتی باسی لێوە دەکرا. کورت واتە یەک دووڕۆژ بەدوای هاتنیان لە کۆبوونەوەی شورای شاردا زانیمان کە زۆڵفەقاری بەنهێنی لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی شوورا دانیشتنیان کردوە و

بڕیاری پێک هێنانی سپای پاسداران و دەس بە ناونووسی خەڵک بۆ هەڵگرتنی چەکی ڕژێم تەنانەت مانگانەی ١٥٠٠ تمەن وەک دەسپێک پەسەندکراوە.

دیاربوو کە دەربڕینی ناڕەزایەتی ئێمە درەنگ و کار لە کار ترازابوو. هەرچەند ئەوە یەکڕیزی شووڕای شاری لێک ترازاند و زۆربەی ئەندامانی شورا بەرە بەرە بوون بە بەشێک لە دامو دەزگا کانی دەسەڵات. هەڵسوکەوتی دژ بە حێزب لە لایەن ناوبراو ودەستو پێوەندەکانی تاڕادەی تۆمەت بارکردن بە هاوکاری حێزب لە گەڵ دژە شۆڕش (پاشماوەکانی دەسەڵاتی پێشوو) پێش چوو.

دەقتەری پاوە لەوپێوەندیەدا بە ڕاگەیاندنی نووسراوی ئاشکرا سەرکۆنەی دژبەرانی شۆڕش و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری لە گەڵ کۆمیتەی تازەدامەزراوی شۆڕش (سەر بەدەسەڵات) بەرانبەر لایەنگرانی دەسەڵاتی پێشوو دەربڕی .کە بەداخەوە ئاوڕی لێ نەدرایەوە.

زۆڵفەقاری دواتر دەوری تێکدەرانە و خراپی لە پاوە گێڕا و ئێستاش دەر نەکەوت سەر بە کام لایەنی دەسەڵاتە بەڵام هەرچی بوو هەڵپەرستانی لە دەورەی پلانەکانی دەسەڵات بۆ سەقام پێ بەخشین لە پاوە کۆ کردەوە بە چەشنێک ماکەی دامەزرانی دەسەڵاتی ڕژێم لە پاوە ئەو بوو.

لە درێژەی پەرەئەستاندنی دوو بەرکی زیانبار لە نێوان ئەم خەڵکە بێ ماف و ئازادیەدا کاتی پەلاماری شارەبانی شاری پاوە دوو کەس لە سەر هەولی پچراندنی تفەنگێکی برنوو لە دەستی یەکتر لە م شوێنە، دەستی یەکیان (کە بۆ نووسەر، کە خۆی لە نزیک ڕووداوەکەبوو نازانرێ کامەیان بوو) بە سەر ماشەی برنوەکەدا کە گولەی لەکاردا بوە دەخشێ و نەفەرێکی ئەسکەندەرناو خەڵکی دەوروبەر(زەردۆیی) دەکوژرێت. دواتر نەفەرێکی خەڵکی پاوە بە قەتڵی کاک ئەسکەندەر تاوانبار و

ئەمجارە ئاڵۆزی مەزن یان لە ڕاستیدا یەک لە کۆڵەکە بە هێزەکانی هەراوتر کردنی دوژمنایەتی پاوە و دەوروبەری بە دوای خۆیدا هێنا. (لێرەدا دەوروبەر مەبەست خەڵکی جاف زوانە)

سەرهەڵدانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی تر:

لە گەڵ ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات چەند گەنجێکی هەڵوەدای ماف و ئازادی و خاوەن سۆزبۆ پەروەردەی ڕێبازی نەتەوەیی لە دریژەی تێکۆشانی خۆیان دژ بە دەسەڵاتی پێشووسەردانی حیزب لە مەهاباد و چاوپێکەوتنیان لە گەڵ بەرپرسانی حیزبی دێمۆکرات ئەنجام دابوو.

دوابەدوای ئەم سەردانانە زیلێکی ئەرتەشی و بڕێ دۆشەک و پەتوو لە دەسکەوتی پادگانی مەهاباد وەک خەڵات بۆ دامەزراندنی دەفتەری ئەم حیزبە لە پاوە پێشکەش دەکرێت.دوای کرانەوەی دەفتەر لە پاوە بەرە بەرە بەشێک لە گەنجەکانی شار پەیوەست بە حیزب یا دەفتەری پاوە دەبن.

لە هۆرامان و جوانڕۆ کەسانێ پێشوو وەک تێکۆشەر یا ئەندامی دمۆکرات بەگوێرەی ئەوە بە دوژمنی دەسەڵات لە ئێران دەناسران لەو دیو(باشوور) دەژیان. دوابەدوای تێکشکانی دەسەڵاتی شا ئەندامانی حیزب لە هۆرامان و جوانڕۆ وەک باقی ناوچەکانی کوردستان دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان و هەر یەک بە پێ توانا دەس دەدەنە خەباتی حیزبی.

ئەندامانی پێشووی حیزب لە ناوچەکەی ئێمە (نۆدشە و دەوروبەر، جوانڕۆ و ئێناخی ودەوروبەر) دەبن بە یارمەتیدەری دەفتەری پاوە. دوای ئەوە بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە، یارگیری و گەڕان بە ناوچەکاندا دەست پێدەکات بە چەشنێک لە ماوەیەکی کەمدا عەشایرێکی زۆر لە دەورەی حیزب لە پاوە کۆدەبنەوە.
گەنجانی ئەندام یا لایەنگری حیزب لە پاوە بەیارمەتی ئەندامانی کۆن ئێدارەی شار و نەزم لە نەبوونی شارەوانی و دامووەدزگای فەرمی دەوڵەتی دەگرنە دەست.

کەم کەم ڕوانگە جیاوازەکان شکڵی فەرمی بە خۆوە دەگرن و هەر بیرو بۆچوونێک لە فەزای ئازادی کاتی، مووڵەتی خۆنواندن پەیدا دەکات. بۆ وێنە: مەکتەبی قورئان کە زۆر هەڵوێستی توند و دژبەرانەیان بەرانبەر دەفتەری حیزبی دێموکرات و لایەنگرەکانی هەبوو. ڕوانگەی پڕۆپاگەندەی ناموسڵمانی گەنجان و خوڵقاندنی فەزای ترس تا ئاستی وەڕێخستنی زکری دەرویش و کوشتن وەک متینگ خۆ دەنوێنێ. جەمعیەتی دێفاع لە گەلی چەوساوەی کورد، کە دواتر کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی لێ شین بوو (بە ژمارەیەکی زۆرکەم بەڵام توند ئاژۆ)، لایەنگرانی مجاهدینی خەڵک کە وەک مەکتەبی قورئان دژە حیزب و لاینگری دەسەڵاتی نوێ لە تاران بوون.

بەدوای شەڕی شاری سنە ٢٧ - ١٢ - ١٣٥٧ تا ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨، شەری نەقەدە لە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨، ئیتر دەنگۆ ی شەڕێکی مەزنتر لە پاوە دەکەوێتە سەر زاران.

ئەمجارەیان ئەز بە هاوڕێیەتیی دۆستێک بە ناوی (هادی حوسێنی) لە درێژەی پێوەندی بەشێک لە لاوانی شار، کە هاوبیروخوازیاری هێمنایەتی و دابین کردنی هەندێ داواکاری سەرکی وەک پێکەوە ژیانی دوور لە کێشە، ئیدارەی شار بە دەستی خەڵکی خۆجێیی (شورایی)، بەشداری کردنی خەلکی دەوروبەر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە و.... بووین. بۆ گەیاندنی زانیاری و داوای یارمەتی کردن لە حیزبی دیمۆکرات و ناردنی کەسێکی بەئەزموون بو هێورکردنەوەی دووبەرەکیەکان لەلایەک و ڕێنوێنی ئێمە، سەربەخۆ سەردانی مەهابادمان کرد.

لەشورای نیزامی حیزب بەڕێزێک بە ناوی حەمەدەمین سراجی لە بەرپرسانی ئەوکاتی حیزب لەگەلمان کۆبوەوە. لە بەرانبەر دەربڕینی مەترسیەکانمان بۆ ئەگەری ئاڵۆزی زیاتر و دەسپیکردنی شەڕ ناوبراو بە تووڕەیی قسەکانمانی بەرپەرچ دایەوە کە شەڕ ناقەومێ و ئێمە لە هەڵەداین.

ئەنجام ئێمەیان نارده پادگانی مەهاباد بۆ لای بەڕێزێکیتر بە ناوی مەلامحمد جوانڕۆیی. ئەویش بە پێشکەش کردنی ماشێنێکی جیبی ئەرتەشی و ناساندنی سێ تا چوارکەس خەلکی ئەو دیو کە وێدەچوو هاوبیری خۆی بن لە گەڵ چەند سندوق فیشەک بۆیان و ئەوەکە لە گەڵ خۆمان تا مەڕەخێڵ (هۆرامان) بیان بەین گەڕاینەوە.

کاتی گەیشتنمان بە مەریوان ئاگادار کراین تیمێکی پێک هاتوو لە نەفەربەرلە گەڵ بڕێ چەک و تەقەمەنی کە لە لایەن شووڕای شار داخوازکرابوون بە هۆی کەسێک بە ناوی (ئەکبەر ڕەوایی) لە سێ ڕییانی بیاشۆش بەینی پاوە و ڕوانسەر دەستیان بە سەردا گیراوە کە پاشتر ئازاد کران و گەڕێندرانەوە کرماشان.

کەم کەم هەرلایەنێکی فکری بۆ خۆی خەریکی خۆ بەهێزکردن و دابینکردنی دەسەڵاتی خۆی بوو. هاوکات ئاغای مۆفتیزاده سەردانی پاوە دەکا و لە مزگەوتی جۆمعەی شار خەڵکی بۆ کۆ دەکرێتەوە. مەکتەبی قورئان لە ئاکامی هاتنی ناوبراو فەعالیتی ئاشکراتربە سەرۆکایەتی چەند مەلاو مامۆستای مەدرەسە ململانی و دژایەتی لە گەڵ بنکەو بەرنامەی حیزبی دمۆکرات و لەو کاتەدا داکۆکی لە کۆماری ئیسلامی و دژە ئایین شۆبهاندنی لایەنگرانی حیزب دەبێتە کانگەی ململانێ فکری توندی بەشێک لە لایەنگرانیان بەرانبەر حیزبی دیمۆکرات وەک ئاماژەی پێدرا تا ڕادەی وەڕێ خستنی متینگێک بۆ ترس وەبەرنان و شێواندنی وەزعەکە بەقازانجی خۆیان لە پەنای زکری ئایینی دەرویشان.

لە درێژەی کێشەی مەزنی قەتلی کاک ئەسکەندەر دیسان گەنجێکی پاوە بە ناوی هادی لە گەڵ کەسێکی دەوروبەر تووشی دەمەقاڵە و شەڕی دەستەو یەخە دێن، ئەمە سەرەتای کۆکردنەوەی خەڵکی دەوروبەر لە سەر جادەی نێوان پاوەو کرماشان لە سەر ئەساسی تەشەنەی کێشەی کوژرانی ئەسکەندەر لە کاتی چەک کردنی شارەبانی پاوە بوو کە ڕۆژەکانی یەکەم دەنگۆی ڕێگە بەستنی پاوە بۆ کرماشانی لە سەر بڵاو کرایەوە.

لایەنگر یا ئەندامانی حیزب هەم لە نێو شار و هەم لە خەڵکی دەوروبەر خێرا خویان بۆ هیورکردنەوەی وەزعەکە ئامادە دەکەن شێوازی چالاکیی خۆیان لە ڕێگری بە مانگرتنی سیاسی دەگۆڕن و خواستی ئێدارەی خۆمالّی ناوچەکە،بەشداری کردنی دەوروبەر لە بڕیارات، ڕێگە دان بە بەڕێوەبردنی شوورایی شار و دەرەوە، گێڕانەوەی پاسداری لە لاوە هاتوو و چەند داخوازی هاوشێوە و سەرەتایی دەخەنە بەر دەست.

تێبینی؛ ئەم راستیە نابێ نەوتراو بمێنێتەوە کە ناوچەی هۆرامان و جوانڕۆ بە گوێرەی هەڵکەوتی سنووری و خزمایەتی وێکرای هەردوو دیو (ئێران و عێراق) لە کۆنەوە هاتووچۆ و دەس تێکەڵ بوونی کەموو زۆری دانیشتوان لە گەڵ دەزگای سیخوڕی ولاتەکان دەنگۆی هەبوە.

سرۆشتیە کە جیرانەتی عەرب و فارس بە هە بوونی پێشینەی دوژمنایەتی دێرین هەموو کاتێک دەس تێوەردانی لاوەکی لە کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسیە ناوچەییەکانی بە مەبەستی جۆراوجۆری تێدابەرهەم هاتوە.

هەر چەند ئەوکات بڕێ لە تووندو تیژیەکانی نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە زیاتر بە ئەگەری دژ کردەوە دژ بە پاوە دەزانرا، بەڵام دواتر هەبوونی دەستی دەرەکی نە بەقەوارەی خاوەن بڕیار بوون بەڵام وەک هاندانی گێرە شێوێنی لە قەراغ ماکەی ئەسڵی ناڕەزایەتی و دوژمنایەتی خۆڵقاوی پێشووی پاوە و دەوروبەر، وەک کەسانی جێی متمانە دەگێڕنەوە لە لایەن دەوڵەتی عێراق حەولی بۆ درابوو. هەڵبەت ئەوە لە چاوی داموددەزگای دەسەڵاتی تاران شاراوە نەبووەدەتوانڕێ بوترێت لە بەرەو پێش بردنی مەسیری دەسدرێژیەکانی خۆیان دا بە قازانجیان زانیبێت.

لە لایەکیتر ڕژیم ئاگاداری بڕێ کۆرو کۆبوونەوەی بەرینتر لە سنووەکانی دالاهۆ و سەرپێڵی زەهاولە لایەن چەند لایەنێکی بە تەواوەتی جیا بیر لە گەڵ بۆچوونی حیزبی دیمۆکرات هەبوو و مەترسیەکی ئەوتۆ لەوان لە بڕیاراتی دەسەڵاتدا زۆر ئاشکرا نەدەکرا.

پاش شەڕی پاوە و پاشەکشەکردن لە دوای لەشکەرکێشی بەرینی تاران و قەتڵ و کوشتاری بێ بەر بەست لە ناوچەکە و کوردستان بە گشتی خەڵکی دەوروبەری پاوە، جوانڕۆ و سەلاسی باوەجانی پەڕیوەی عێراق بوون. دیترا چەند لایەنێک بە تاک وکۆ پێوەندی و پۆشتەو پەردا خ کردنیان بە چەک لە قاڵبی سەر بخۆ بە بێ خۆ گرێدان بە چ حێزبێکی سیاسی وەک ئەوە ڕابردووی ناسیاری و دیداری پێشووتریان لە گەڵ دەڵەتی بەعسی بووبێ لە کورتخایەندا سەری هەڵداو ڕوویان لە ناوچەکان کردەوە. وێنەی سەلماندنی گرێدراوی ئەو لایەن و تاک و کۆیە وەڵام دەر نەبوون بە کەس تا ڕادەی ڕانەگەیاندنی پەیڕوە و بەرنامەیەکی ئاشکرا بۆ خۆچەکدار کردن و عەمەلیاتی چەکدارانە بوو.

ئەمانە بە ڕفاندنی خەڵکی ئاسایی ناوچە و تەحویل دانیان بە عێراق ئاشکرایی کرداری لێدەرکەوت. دیارە پاشتر لێرەو لەوێ باسی پێوەندی پێشووی چەند تاکێک لە ڕێزی پێشمەرگەی حێزب لە گەڵ ئەودیو دەکرا بەڵام بەفەرمی کەس خۆی بە خاوەنی ئەو زانیاریە نەکردوە.

بە پێی زانیارییەکان: ئیتر قۆری قەڵا بەرە بەرە بوو بە مەکۆی نارازیان لە هەر تاقم و عەشیرە و گروپی سیاسی تازە ئاشکرابوو لە تاران تا مەهابادو سنەو کرماشان وقەڵخانی ڕۆژانە بۆ سەردان هاتووچۆیان دەکرد و ئێواران چەند کەسێک زیاتر لەوێ نەدەمان.

لە بەرەی بەرانبەر (پاوە)، مانگرتنی "وامسیبەتا" لە فەرماندای ئەم شارە بە هەڵبرینی دەنگی داواکاری لە تاران و گەورەکردنەوەی قۆری قەڵا زیاتر لە قەبارەی خۆی کە دیارە ڕاوێژی مۆرە دەسماڵ سورەکانی سپا و ئاژاوەگێڕە هەلپەرستەکانی پاوەی کە بەشێکیان ناسراون لە پشت حەشار درابوو دەردەکەوت.

دەسەلاتی تاران لەم هەلە بە پەلە کەڵکی وەرگرت. دەستو پێوەندە نەیارەکانی حێزبی دێمۆکرات، بەشێک لە مۆرەکانی پێشوو کە بۆ فرسەت دەگەڕان تا لە جەرگەی حکومەتی نوێدا خۆیان نوێکەنەوە،هەلپەرستانی بێ باوەڕ و سەوداگەری مەقام و نزم ڕەوشت لە گەڵ لایەنگرانی مەکتەبی قورئان هەرکام بە نۆرەی خۆیان هەوڵی خۆچەسپاندن هاوسۆزی و دەربڕینی پاڵپشتی و خۆنزیک کردنەوە بە دەزگاکانی سەر بەڕژیم و سەقام بەخشین بە دەسەلاتی نەبوو و لەرزۆکی ڕژیمیان دەدا. داخی گران دواتر بەشێک لەم کەسانە بوون بە بکوژی ڕاستو خۆیا چاوساغی کوشتاری تاک و کۆی خەڵکی بێ دەسەلاتی نێو پاوە بە بیانووی دەستوپێوەندی دمۆکرات و دەوروبەر پاش تەوابوونی شەڕی پاوە.

قۆری قەلا واتە شوێنی مانگرتنی نارازی لە دەسەلات کە ئێستا ئیدی داواکاری سیاسی ئەوان دەنگدانەوە و پاڵپشتی

ڕۆژانەی بە ڕواڵەت پڕ نفووسی لە هەر جۆرە بیر و بۆچوون لە چەپی تووند ئاژۆ تا دێمۆکرات و کۆمۆنیست و عەشایری (ڕەنگە چاوەڕوانی هەڵی چەپاو وتاڵانی پاوە) هەروەها خەڵکی بەدڵ لاینگری مافی وەک یەک بۆ سەرجەم خەڵکی ناوچەکە و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە ژێرخانی سۆزی کوردی و نیشتمان دۆستی کە وێدەچوو ئەسڵی درێژەی مان گرتنەکەی بە ئامانج گرتبێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرانبەر ڕژێم و پاوە بە گوێرەی ناهۆمێدی لە دەسەڵاتی تاران و بەتایبەت پەرەئەستاندنی سەنگەر گرتن بەرابەری پاسدارانی لاوەکی پاوە کە وێدەچوو زۆر لە خۆڕازی و ئامادەی شەڕین پەرەی ئاڵۆزاوی دەستاند.

ئەگەرچی چەندکەسێک وەک (قازی ئەنساری و عزەت سابقی) بە نوێنەرایەتی پاوە سەردانی قوری قەڵادەکەن و وێکرا لە گەڵ هەیئەتی کرماشان لە گەڵ نوێنەرانی حیزبی دێمۆکرات (دەفتەری پاوە) بۆ چارەسەری کێشەکان کۆ دبنەوە و لایەنی سەربەڕژێم قەولی چارە سەر دەدەن بەڵام بە وتەی شاید حاڵێک لە بەرپرسانی حیزب لە قۆری قەڵا (کاک ف - م) هەم لە پێکهاتەی نەفەرەکانی پاوە و هەم جۆری ڕوانین و هەڵوێستەکانی تیمی دەوڵەتی هاتوو لە کرماشان هۆمێدی چارەسەری شین نابێت.

ئەم کۆبوونەوە سێ قۆڵیە بە بەشداری ئۆستانداری کرماشان (محمد میهری پور) سەرهەنگ کەریمی فەرماندەری هەنگی ژاندار مری کرماشان ئەفسەری ژاندارمری خەڵکی پاوە دوو نەفەر ئاخوند کە یەکیان (حاجی ئاخوند) ئیمام جۆمعەی کرماشان و بۆ خەڵک ناسراو بوو لە گەڵ نوێنەری لەشکری زرێپی کرماشان کە بە هلی کۆپتر دەگەنە قۆری قەڵا بەڕێوە دەچێت. تیمی ناوهاتوو پاش دیداریکی کورت لە گەڵ نوێنەرانی مانگرتووی قوریقەڵا کە چەند گەنجی پاوە ودەوروبەر وەک نوێنەری حیزبی دێمۆکرات و ڕەحیم بەغدادی وەک ڕاسپاردەی حیزب بۆ ڕاوێژ خۆی گەیاندبوو لای مانگرتوەکان، بە دانی قەولی هیچکات جێبەجێ نەکراوی چارەسەری ئاشتیانە دەگەڕێنەوە کرماشان.

جێی سرنجە حاجی ئاخوند ئیمام جۆمعەی کرماشان ئەندامی هەیئەتی هاتوو بۆ چارەسەر لە ئەفسەری ژاندار مری خەڵکی پاوە کەهاوڕێ خۆیانە لە لاوەی وتووێژەکە پرسیار دەکات: "جەناب سەروان دەتوانی بڵێ چۆن ئەمانە سەرکوت بکەین."

ئەفسەری جێ ئاماژە (ش - ح) دوایی بە ڕیزەکانی حیزب پەیوەست بوو. یەکەم ئاکامی دیداری هەیئەتی ناوبراو کورت پاش گەڕانەوەیان بۆ کرماشان ناردنی تیمێکی تازەی پاسداری جێگیر لە مەریوان بە فەرماندەری (ئەسغر وسائی) ناسراو بە دەسماڵ سوورەکان بۆ پاوە بوو. زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەم پاسدارانە کە زۆر لە خۆڕازی و فێرکراو و باوەڕمەندی تووندئاژۆی بە پەلە بۆ دەسپێکردنی شەڕ بە وتەی خۆیان هەمبەر "دژی شۆڕش" بوون پاشترکوژران.

چەن نەفەر لەم پاسدارانە لە گەڵ دۆستێک (ت ـ م) کە ئەو کات مەیلی بۆلای لایەنی تر بوو و دواتر هاتە نێو ڕیزی حێزب و بوو بە بەرپرسێکی باڵا، لە نێو شاری پاوە دەکەونە دەمەقاڵە. کاتێک پاسدارەکان بە تووندی و سەربااڵ وەاڵم دەدەنەوە گەنجی پاوەیی پێیان دەڵێ کەواتە ئێوە بۆ شەڕ هاتون؟ وەاڵمی پاسدارەکە ئەوە دەبێت: "بەڵێ." ئەمیش پێیان دەڵێ ئەگەر وایە "خاکی ئێمەو خۆێنی ئێوە."

ئەو ڕووداوانە لە ڕاستیدا بە ناردنی پاسداری تازە نەفەس بۆ پاوە، بێ وەاڵم هێشتن و دم خوار کردنەوە لە چارەسەر بەرانبەر مان گرتوانی قۆری قەاڵ لە گەڵ ڕێچکە بەستنی ڕۆژانەی هلی کوپتر بەرەو پاوە و مانۆڕدان بە سەر قوری قەاڵدا ببوو بە هۆی ناهۆمێدی و لە هەردوو الوە تێک هەڵچوونی بە چرکە سات بەندکردبوو.

لە سەرەتای دەسپێکردنی تەقە (کە ڕێکەوت و دەس پێشخەری چ الیەنێک بوە، بۆ نووسەر نەزانراوە) دواتر باسی ئەوەکرا پاسداری جێگیر لە نزیک گوندی دوریسان چەند کیلومێتری پاوە هێرش بۆ سەنگەری پێشمەرگە دەکەن و بە کوژرانی سێ کەسیان بەرەو شوێنی پێشوویان دەگەڕێنەوە.

لە پێوەندیی نزیک لە گەڵ دۆست و هاوبیرانی خەڵکی پاوە الیەنگری حێزبی دێمۆکرات ڕاوێژ و گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوون پێش دەسپێکردنی شەڕەکە لە بەر مەترسی ئەگەری بە قەوەتی ڕووداتی شەڕی نەخوازراو و ئەوە کە لەدەرەوەی شاریش بۆ تاکەکانی خەڵکی پاوە ترسی گیانی کەم نەبوودوا بەدوای باس کردن لە گەڵ چەند کەسێک لە دۆستانی حێزبی نووسەری ئەم بیرەوەریە کە لە کرماشانەوە گەیشتبوومە قۆری قەاڵ گەڕامەوە نێو شاری پاوە.

کاتی گەڕانەوە لە قۆری قەاڵ بۆ پاوە بە دۆست خزم و هاوکالسی مەدرەسە (حسین شیانی) پێشنیاری گەڕانەوە بۆ نێو شارم کرد. کاک حسین بە ئەو پەڕی ناهۆمێدی وەاڵمیدامەوە کە: "دەزانم ئەگەر ببێتە شەڕ هەم ئێمە لێرە دەکوژرێن و هەم کەسوکارەکەمان لە پاوە بەاڵم دیسان من هەوڵی مانەوەی لێرە دەدەم.".

لە دەسپێکی تێک هەڵچوون لە نزیک گوندی دوریسان(سەنگەری پێشمەرگە لە چەندکیلومێتری پاوە)، بەرەی قۆری قەاڵ کاتێک تەرمی کەسێک بە ناوی عەلی محمد کوژراو بە تەقەی پاسدارانی جێگیر لە بەرانبەریان دەگاتەوە گوندەکەیواتە شووێنی مان گرتن، کاک حسین شیانی شاهێدی وتەی خەڵکی کوڕ کوژراو دەبێت کە دەڵێن: "پاوەگی کوشتیان". هاوکات بەشێک لە هاوڕێ کانی پاوە لە ترسی کوژران بە دەستی ئەو کەسانە کە ئەمان هاتون یارمەتیان بدەن ڕووله شاخی شاهۆ بەرەو ئاوایی شوانکارە خۆ دوور دەخەنەوە. حسین بە دۆستێکیتر دەڵێ کوژران ئەو بەسەرهاتەیە کە چاوەڕێ مان دەکات.

دیسان بە مشووری دۆستێک بە هیوای کۆ کردنەوەی دەرمان ملی ڕێگا بەرەو کرماشان دەگرێ. بەڵام سەت مەخابن وەک دوایی زانرا لە شوێنێک بە نێوی قازانچی کەسانی ناسراو دەسنیشان و پاسدار قۆڵبەستی دەکەن. کورت پاشتر لە گەڵ کۆمەڵێکیتر لە خەڵکی پاوە و دەوروبەر گولە باران دەکرێت. تاوانی حسین شیانی مامۆستای قۆناغی ڕاهنمایی مەدرەسە تەنیاو تەنیا ئەوەبووچەند ڕۆژێ لە قوری قەڵا مابوەوە. نە هیچکات چەکی بەدەستەوە گرت و نە مەیلی بە چەک و چارەسەری کێشەکان بە کەڵک وەرگرتن لە چەک هەبوو. کاک حسین وێرای ماباقی گەنجانی پەیوەست بوو بە ڕەوتی قۆری قەڵا تەنیا یارمەتی بە هێورکردنەوەی دۆخەکە و بەرەو پێش بردنی ئامانجە مافخۆازانەکان لە درێژەی خەباتیان هەمبەر دەسەڵاتی پێشوو بوو.

وێنەی درەدۆنگی دوژمنکارانەی هاوڕەگەز و "هاوبەرەی لاوانی خەڵکی پاوە" دیسان لە ڕیزی جەماوەری دەوروبەری خەڵکی شار جارێکیتر لە دوریسان بە تێهەڵدانی شەهید عەبدولا بەهرامی و پەلاماری کوشتن وەک ئەوە دواتر هەمبەر ڕەحمەتی سەید ڕەزا درودگەر لە باینگان، شیاوی ئیشارە بە ڕقێکی دواکەوتوانە ی کوێربوو کە لەو سەردەمە دا بەرۆکی پڕ لە نەگبەتی کوردی بە قازانجی دوژمن گرتبوو.

دوابە دوای ئەوە جاری تر شەڕ لەنێوان هەردوولا دەقەومێ فەرماندەری بە ئەزموون و خاوەن کاراکتەری پێشمەرگەی حێزب بە تایبەت لە نێو جەماوەری چەکداری ئێناخی و بەگشتی دەوروبەر لە بەرەی قۆری قەڵا بە ناوی مستەفا ئێناخی دەکوژرێ. لێکدانەوەی کەسانی چاوەدێر لەوکاتەدا ئەوەیە کوژرانی کاک مستەفا دەبێت بە زیانی گەورە بۆ درێژەی دەسەڵات بە سەر بەرەی شەڕدا.

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی نووسەر بە کوژرانی فەرماندەی ئەم بەرە دەستی زۆرکەس لە چەکدارەکان بۆ سەربەخۆ عەمەل کردن و پەلاماردان و درێژەی شەڕ بەدوای نەبوونی کاک مستەفا ئاوەڵە دەبێ.

نۆختەی کۆتایی هۆمێد لە پەرەئەستاندی زیاتری شەڕ دابەزینی هەیئەتی بلند پایەی کۆماری ئیسلامی ۲۵ - ۵ - ۱۳۵۸ مستەفا چەمران، تیمسار فەلاحی، ئەبوو شەریف لە گەڵ تەقەمەنی زیاتر بە هلیکۆپر لە پاوە بوو.

ئەوە لە کاتێکدایە کە ئیتر فڕۆکەجەنگیەکانیش دەسبەکار دەبن. کەوتنەخوارى فانتۆمێک لە چوارکیلومیتری ڕۆژهەلاتی شاری پاوە کە نووسەر بە چاوی خۆی شاهدی بەر بوونەوە و تەقینەوەی بوو. کوژرانی دوو فڕۆکەوانەکەی کە یەکیان سەرهەنگ ناوژە بوو کە دواتر ناوەندی ئاسمانی هەمەدان بە ناوی کرا. ئاساییە ئەم ڕووداوە وەرى دژبەرانی گەمارۆدەری

شاربەرز بکاتەوە.

لە درێژەی شەڕەکەدا کە ئیتر شار لە ڕۆژهەڵات بەرەوەکرماشان و ڕۆژئاوا بەرەو نەوسود لە گەمارۆی تواند کەوتبوو و هێزی پێشمەرگە لە هەردوولا بەسەر شار دا زاڵ ببوون هلیکوپترێک کە

تەقەمەنی هێناوە کاتی هەستان لە نزیک فەرماندارى شار بۆ گەڕانەوە بە ژمارەی ٤٨٢٩ بەر دەبێتەوە و تێک دەشکێ . دیارە زۆربەی ئەو بریندارانە کە هەولی دەربازکردنیان بە هلی کوپترەکە دەدرێت تێدا دەچن.

نزیک کەوتنەوەی چەکدار و پێشمەرگەکانی بەرەی قۆریقەڵا لە نێو شار و هەڕەشە و بێ حورمەتی بەدەنگ لە کاتەکانی شەودا کە نووسەر بۆ خۆی گوێ بیس دەبوو! وەها ترس و وەحشەتێکی لە نێو خەڵکی شاردا خوڵقاندبوو کە لەو حاڵەتەدا نە هەر پیاو و گەنج بەڵکوو ژنەکانیش دەبوو ئامادەی بەرپەرچدانەوەبن.

بەرە بەرە پاسدارە لە لاوە هاتوەکان کوژران، خەڵک بە تەواوی ناهۆمێد، تەقەمەنی ڕوو لە کۆتایی، یارمەتی ڕژیم لە ڕێگەی زەمین و ئاسمان بە هۆی گەماروی تەوا و زاڵبوون بە سەر هەموو کووچەو کۆڵانانی شاردا نامۆمکین، تەنیا ڕێگەی فریودان بۆ چەمران لە بەرانبەر داوای خۆ تەسلیم کردن بە بەرەی نەوسود بە فەرماندەری کەسێکی ئەندامی کۆنی حێزب بە ناوی (حەمە سەعید کاڵ کاڵ،) کات کوشتن و داوای موولەت بە لە بەر کردنی لیباسی سپی دەبێت. تا ئەم کاتە چ کەس لە لایەنگرانی حێزب یا بە بیانووی لایەنگری کە دواتر دەستی پێکرد لە نێو شاردا بەرەو ڕووی گرفتی گیران یا کوشتن نەهاتبوون.

وەک ڕاستییەک دەبێ بدرکێندرێ لە ڕوانگەی نووسەرەوە تا کاتی دەرچوونی فەتوای ئیمام کە بوو بە هۆی پاشەکشەی خێرای سەرجەم هێزە چەکدارەکان و بووژانەوەی چەکداری جۆجێیی و باڵاکردنی سەر لە نوێ پاشماوەی هێزی داتەپیوی ڕژیم بوونی چەکداری خۆماڵی نێو پاوە لە بەرەی داکۆکی شار کە هەڕەشەی بێ حورمەتی توێژێک لە لایەنی پەلامارەدەری بەرەی قۆری قەڵای لێ شین ببوو بەرەوانی شیاوی فام کردن دەژمێردرێت.

بەڵام پاش بیستنی فەتوا و دەرپەڕینی بەشێکی ناسراو لە چەکدارو ناچەکداری پاوە لە نێوشار بۆ گرتن، کوشتن و بێ حورمەتی بە بنەمالەی ئەو ڕێژە لە لایەنگرانی حێزب یا خەڵکی بەئانقەست تاوانبارکراو بە یارمەتیدانی پێشمەرگە ئیتر ناکرێت ئەوانە بە خۆفرۆش و خزمەتکاری ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی نەناسرێن. کارەساتێک کە ئەو تاقمە چ راستەوخۆ

و چ ناراستەو خۆ بەرانبەر خەڵکێکی بێ تاوان و بێ دەرەتان خۆڵقاندیان پەڵەیەکی شەرمە لە مێژووی هەم کۆماری ئیسلامی و هەم لایەنگرانی هەلپەرستی خۆمانی ڕژیم لە پاوە.

ڕژیم بۆقووڵتر کردنی دووبەرەکی و زیاتر کردنی قەڵشی نێوان خەڵک ئەم جارە لە نێو دانیشتوانی شاردا دەستی تۆپڕێکی هەرە قین لە دڵی پێشوو لە دەرو جیران ودانی مەیدان بۆ دابەزاندنی تۆڵە لە پاڵ تۆمەتبارکردن بە یارمەتی حێزب و پێشمەرگە ئازاد هێشتەوە و کردەوەی درندانە بەرانبەر کەسوکاری پێشمەرگە تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا خەڵکێکی زۆر بە بێ پرینگانەوە بە تاک و بە کۆمەڵ کوژران، گیران و ماڵیان تاڵان یا بەر دەسڕێژی پەیتا پەیتای گولە کەوت.

لەگەڵ ئەوە ئیشارەتدان بە وێنەیەک لە نەبوون یا کەم بوونی خواستی شەڕ و خۆ لە خەتەر هاوێشتن لە نێوبەشێکی زۆر لە چەکداری خۆمانی شار پارێز و قەناعەت کردن بە پارێزگاری نەک هێرش لە ڕووانگەی نووسەرەوە کە ئەوکات لە نێو شار شاهێد بووم زەق و بەرچاو بوو.

ئەو راستیە حاشاهەڵنەگرە لە ماوەی نزیک بە حەوتوویک شەڕی توند و گەمارۆی شاردا تەنێ سێ کەس لە خەڵکی شار چ ئەوانەی چەکداری فەرمی و چ خۆبەخش کوژران ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەورەی ٨٠ پاسداری لە دەرەوە هاتوو کورژران. دیارە نەفەرێکیش لە کاتی بەر بوونەوەی کۆپتەرەکە کوژرابوو.

وێنەیەکیتر کە دیسان نووسەر شاهێدی بوە وتەی یەک لە چەکدارە خۆبەخشەکانە کاتێک لە شەڕ لە نێو شار بۆ ماڵ دەگەڕایەوە وتی: "گوارەکێ (کەوبارەکان) چاک دەکوژرێن" دیارە مەبەستی لە کەوبارِ پاسدارە بیانیەلە لاوەهاتوەکان بوو.

کوژراوەکانی خەڵکی پاوە یەکیان کورێک بە ناوی (باسام) کورێکی هەژاری نانەوا و زۆر هێدی دوور لە ویستی شەڕ و شەڕخوازی بوو لە نێوان بیمارستان و ملە مەیدان ـ قەراغ شار دەکوژرێت. کەس خۆی بە خاوەنی ناکا. دایکی ئەم کورە هەژارە بە بیستنی خەبەری کوژرانی لە نێو بارانی گولە دا بە بێ گوێدان بە مەترسی کوژران خۆی دەگەیێنێ بە مەیتەکەی بە کۆڵی خۆیدا بە گوریس قایمی دەکا و دەیهێنێتەوە ماڵیان لە جیرانێتی ماڵی نووسەری ئەم کورتە بیرەوەریە. ئەو کورە پاش تەواو بوونی شەرەکە لە قەبرستانی شار دا دەنێژرێت.

نەفەری دووهەم کەسێک بوو بە ناوی مەولود ئەخگەر کوڕی حەمەشەریف. ئەویش لە بەرەی بیمارستان دەکوژرێت کە ئەگەر

هەڵە نەبم ئەسڵەن خەڵکی لای دەوروبەری هەجیج و دانیشتووی پاوە بوو.

نەفەری سێهەم بەنێوی (غەنی باباخاس) کە لەبەرەی بیمارستان (قۆری قەڵا) کوژرا.کاک غەنی کوڕێکی ئارام وساویلکە بوو بە میرووڵەش ئازاری نەدەگەیشت. ئەو کە ڕژیم بە ئانقەست کردی "بە حوسەینی کەربەلای بیمارستانی پاوە" و تەبلیغاتێکی کەم وێنەی پێوە کرد خەزووری کەسێک لە کارمەندانی بیمارستان بە نێوی (سەید محمد حوسەینی) بوو. غەنی (خزمەتکاری ئیدارەی پەیکار با بیسەوادی) بۆ یارمەتی و نەجاتی خەزووری دەچێتە بیمارستان و لەوێ لە گەمارۆ دا گیر دەخوا.

وەک دواتر باس دەکرا (ڕەنگە بۆیان ساز کردبێت) کاتێک بیمارستان دەگیردرێت غەنی بۆ خۆنەناس کردن ڕوو پۆشی دوکتۆرێک لە بەردەکا. کە داگیر کەرانی چەکداری بیمارستان لێی دەپرسن ئەتۆ کێیت؟ دەڵێ: "من هست یک دوکتور پاکستانی"، کابرای چەکدار دەڵێ: "نە باوکەکەم تۆ هەست یەک غەنی" و لە راستیدا ڕەنگە تەنیا بە تاوانی خەڵکی پاوە بوون بە تۆڵەی ڕقی پێشووباس کراو کوژرابێت. هەڵبەت دواتر بەشێک لە بنەماڵەکەی کاک غەنی بە تەواوی دەستیان لە گەڵ کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی تێکەڵ کرد.

مەولود و باسام بە گوێرەی زانیاری دەبێ لە ڕیزەی ئەو چەکدارانە جێ بکرێنەوە کە زەختی بێکاری و هەژاری ناچاریان دەکات بۆ ئەو بڕە پارە نوێنەرانی سپا قەراریان دابوو مانگانە بیان دەنێ لە سەرەتادا چەکیان هەڵگرتبێت.

بۆ زانیاری زیاتری خوێنەر بەشێکی بەرچاوی ناونووس کراوەکانی سپا بۆ چەک هەڵگرتن پێوەندی بە دەقتەری حێزب لە پاوە دەگرن و ئامادەیی خۆیان لە بری ١٥٠٠ تمەنی سپا وەک مەعاش بەرانبەر ٥٠٠ تمەن مانگانەی حێزب وەک کۆمەک خەرجی ژیانیان دەر دەبڕن.

نەفسی داواکاری ئەوتۆ و خۆ لە قەرەی شەڕ نەدانی بەشێک لەچەکدارکراوە کانی خەڵکی پاوە و قەناعەت کردنی زۆربەیان بە دێفاع بۆ دەس وێڕا نەگەیشتنی نەیاران بە دانیشتوانی شار دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە لە ڕیزی چەکدار کراوەکاندا زۆربوون کەسانێک کە مەیلی چوون بە لای پلانەکانی ڕژیمیان نەبووبێت.

دەتوانرێت بەناو هێنان باسی زۆرکەس بکرێ کە دواتریش خۆیان بە نانخۆر و منەتباری پێشمەرگە دەزانی، لە بەر ئەوە لە ژێر ناوی "پاسدار" دا بڕە پارەیەکیان بۆ دابین کردنی لانیکەمی پێداویستی ژیان پێدەدرا هەر چەند ئەمەش لە دریژەی خۆیدا بوو بە هۆکاری ڕاوەستانی نەخوازراو هەمبەر پێشمەرگە لە ساڵانی دواتردا و کوژرانی بەشێکیان.

پاسدارانی کۆماری ئیسلامی (هاتوو لەلاوە) بە دڵ و باوەڕ بۆ شەڕ هاتبوون بەڵام چەکدارانی خۆجێیی لە سەرەتا واتە یەکەم و دەسپێکی شەڕ و کوشتار لە هۆرامان زۆرتر بۆ بەر پەرچدانەوەی ترسی داگیر کەرانەی شار و یا پووڵ وپلە هەڵەکەیان قۆستوەتەوە وەک پێشتر وترا بەشێکیان لە کۆتایی شەڕەکە و پاشەکشەی پێشمەرگەبە پێی پلانی ڕژێم و زۆر هۆیتر تێوە گلان و بوون بەداردەستی یەکجاری دەسەڵاتی ناوەندی دژی بەرژەوەندی خاک و نیشتمانی خۆیان.

هاوکات لە شەڕو پێکدادانی پاسدار و پێشمەرگەدا بە وتەی زۆرێک لە شاید حالەکان لە نێو برینداران و کوژراوی هێزی نادراوی ڕژێم بۆ پاوە هی وادیتراون پێش کوژران لە چەند لاوە برینەکانی خۆیان تیمار کردوە جیا لەوە لە هێرش و پەلاماردانی پێشمەرگەدا لێزان و خاوەن ورە هاتوونە بەر چاو.

دووپات کردنەوەی ئەمە پێویستە و واتای باوەڕی قووڵی ئەوان بە ڕێبازی خۆیان لەو سەردەمەدا دەگەیێنێت. لە حاڵێکدا لەنێو ئێمەی کورد نە تێکەڵ بوون بە شەڕەکە لە ڕووی وریایی و تێفکرین و لێکدانەوەی وردی قازانج و زیانەکان بوە و نە توانیومانە هەڵسەنگاندنی گشتی لە ئەگەر و ئاکامەکانی تێوەگلان بە هەر بەڵگەیەک لێک بدەینەوە.

پلانی تۆخمەی تاران بۆ گەیشتن بە ئامانجە باس کراوەکانی دەسەڵاتی نوێ لە هوروژمی بەرینی گشت لایەنەی، هلیکوپتر، تانک، فڕۆکەی جەنگی ماشێنی ئیداری و دەوڵەتی سویل تا خۆمالی خەلک وەک ناویان لێ نابوو بەرەو 'کەربەلای پاوە" تا ئاستی هێنانی ئاو لە مەشهەد بۆ سەرچاوەی ئاوو کانیاو (پاوە)، هاوکات گەڵاڵەکردنی هاندانی ئاخوندانە (ڕەوزەئاسا) بە کەڵک وەرگرتن لە مزگەوتەوە بگرەتا ڕادیۆ، تلوزیۆن و مەنبەری بەرنوێژەکان بە دژی کورد شێواز و ئاستێکی تێدا تووێنرا ببوەوە کە بەرەی بێ سەرو بەر لە ژێر سەردێڕی ناوی پێشمەرگەی بە جارێک تووشی شڵەژان و شکان لە حاڵێکدا کرد کە شار بێ ئەملاو ئەولا بە جێگری سەرۆک وەزیران و نوێنەری شەڕانی دەوڵەتی کاتی (مستەفا چەمران). ەوە بە دەقیقە بۆ خۆ بەدەستەوە دان داوای مووڵەتی لە پێشمەرگە و عەشایری بەرەی نەوسوود کردبوو.

داڕێژرانی پلانی درێژخایەنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا بۆ شەڕی پاوە بەڵکوو وەک کورت دوای پاوە دەستی پێکرد و تا ئیستا واتە چل ساڵ دواتر درێژەی هەیە،لە گەرمەی پاشەکشێ پێشمەرگە و چەکدارانی گەمارۆدەری شاردا کە ئیتر هیچ مەترسیەکیان لەو ڕۆژانەدا لە سەربەدی نەدەکرا، بە بەخشینی دەسەڵاتی ڕەها بۆ کوشتنی بێ بەربەستی هەرکەس ئارەزوویان هەبووبا لە گەڵ بەخشینی پلەو پایەی سەربازی وەک دەرەجەی ئەفسەری، سەرگوردی و... هتد دواتر و بە تایبەت دوای شەڕی ناسراو بە "سێ مانگە" و پاشەکشەی خۆمەینی لە وتەکانی پێشووی جێ بە شک وگۆمان لە بەرنامەی قڕکردنی ئارەزووی مافخوازانەی کورد نەهێشتەوە.

چەکدارانێک کە زۆربەیان لە تواناى خوێندن و نووسین بێبەرى بوون کران بە کەرەسەى کوشتارى دەرو جیران و پەلامار بۆ سەر هاوسێ، خزم وکەسانێک کە هەزاران ساڵ یا دوورتر لەدەردو مەرگى یەکتردا خەمخۆرى هەڤدووبوون.

ئازارى پاشکەوتووڕاگیرانى خەڵک و بەسیستم کرانى دژبە یەک وەستانى کورد لە بەخشینى پلەى ئەفسەرى بە دووچەکدارى پاوە دواى شەڕەکە پانتایى زۆرترى موسیبەتەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات.

بە کەسێک لەو چەکدارانە پلەى ستوان یەکەم (حسین) دەبەخشرێت و بە هاوڕێکەى (سدیق) پلەى ستوان سێ. نەفەرییەکەم بە تووڕەیى و دەربڕینى ناڕەزایەتى وەجواب دێت و دەڵێ: "یانى چى ئەمن ئەو هەموو فێداکارییەم بۆ دەوڵتى ئێسلامى کردوە پلەى ستوان یەکەمم پێ دەبەخشرێت بەڵام هاوقەتارەکەم کە نیوەى من لێهاتوویى نیشان نەداوە دەبێ بە ستوان سێهەم؟ لەنى کەمى مافى من ستوان چوارەمە!.

لە پەناى سیاسەتى نگریسى ئەوتۆدایە ئەم ئەفسەرو سەرگوردە ئاکادمى دیتوانە. ى دەسکردى کۆمارى ئێسلامى! بە تێخزانى جەوهەرى شوینیستى و خوێنخۆرانەى دژبەرانى مێژوویى کورد لە لەش و هۆش و مێشکیان بەردەبنە گیانى خەلکى بێ دیفاع کارەساتێک لە نێو شار بە تایبەت و دەوروبەر دەخولقێنن کە تەنیا لە گەڵ کرداری گورگى دووچار بوو بە نەخۆشى هارى دەوەشێتەوە.

نە لە کوشتارى ژن و پیاوى پیرى هاوسێ نە لە کوشتنى گەنجان و نە لە ئەنجامى نزمترین ڕەوشت بەرانبەر هاوزمان، هاودین، هاوسێ و هاوبەسەرهات و ڕابردووى هاوبەشیان سڵ ناکەن.
ئەوە بوو بەرهەم و سەوقاتى فەتواى "وەلى فەقێ" نوێنەرى خودا بۆ کورد لەسەرەتا و دواتر وێراى سەرانسەرى کوردستان تا ئاستى سەردارەکانى دوێنێ خۆشیان پاش چل ساڵى ئەزموون کراو لە حاکمیەتى "نوێنەرانى خودا".

کورتتر شەڕى پاوە:

کۆمارى ئێسلامى خواستى دێرینى دوژمنایەتى کوردو داواکاریە مافخوازانەکانى دیسان بە بەرنامەى تۆکمەتر ڕچەى ڕەوشتى پێشینیانى دەسەڵاتى تارانى نەک هەر بەر نەدا بەڵکوو بەهێزو بەرنامە بۆدارێژراوتر بردە پێش.
دەسەڵاتى جیران(حکومەتى بەعس) لەم پێناوەدا دیسان لە گوێ نەدانى کورد بە ئەزموونەکانى ڕابردوو یا لە ڕووى بێ دەرەتانى و ناچارى ڕۆیان لە عێراق کرد کەڵکى وەرگرت و سەرەڕاى قازانج بردن لە شەڕى تاران و کورد وێراى شەڕى خۆى

لە گەڵ تاران لە کوردستان زۆرتر دەوری تەماشاچی گێڕا، تەنانەت لە هەڵەبجە کە بەشێک لە عێراق بە حسابدەهات بەرگریەکی ئەوتۆی بەرانبەر تاران نەکرد.

کورد دیسان بە هەراوتر کردن و درێژەدانی ناکۆکی دواکەوتوانەی نێوخۆیی هەلی لە باری دەسکەوتوو بو بەدەست هێنانی مافی جارێکیتر لەدەست دا. هۆمێد کە پێدا چوونەوەی پڕ ئازاری گۆشەیەکی کەمی ئەم بیروەریە پڕ لە مەینەتە ببێتە هۆی ڕاچڵەکان وهەنگاو هەڵێنانی گشت لایەنی بەرەو نەهێشتنی ناتەباییە مەزنە ناوخۆییەکان. ئاساییە لەم کورتە دا ناکرێ سەرجەمی لایەنە مەینەتبارەکانی ئەو شەڕە بخرێتە ڕوو.
ئەمە گۆشەیەکی زۆرکەم لەو موسیبەتەیە کە سەرشۆڕیی مێژوویی تاقمێک لە خەڵکی پاوە و هەروەها بەشێک لە دەوروبەرەکەی بۆ هەتا هەتایە تۆمار کرد.

هاتنی جەلاد خەڵخاڵی پاش کۆتایی سەرەتایی شەڕەکە (فەتوای خۆمەینی)، لە درێژەی کۆمەڵکوژی رماشان بۆ پاوە، بەڕێ خستنی کوشتاری گشتی بە یارمەتی و دەسنیشانی خۆێنڕێژانی دوای شەڕ لەم شارەبە گولەبارانکردنی لانی کەم چواردنەفەر لە خەڵکی بێتاوان لە ماوەی ١٢ سەعات پاش ئاشکرابوونی فەرمانی خۆمەینی لە ڕادیۆ دەروازەیەکی بەرینی بە پانتایی چل سال بۆ کوشتار لە کوردستان و ناوچەکە خستە سەر پشت.

١٢ - ١١ - ١٣٩٧ = ١ - ٢ - ٢٠١٩

دیفاع لە کەسایەتی یا شکاندنی کەرامەتی هاوسەنگەران!؟.

جاری واهەیە مرۆڤ ناچار دەکرێ بیر لەوە بکاتەوە کە ئەزموون و ڕابردوو هەر چەند دوور و درێژ بێت ناتوانێ مەحەک و شیاوی ئەوە بزانرێ هەموو کاتێک وەک پێوانەی فێرکاری و پشت بەستنی بەڵگەئاسا بۆ پێش بردنی ئەرێنی مەبەستەکان چ سیاسی، کۆمەڵایەتی و ت... د... کەڵکی لێ وەربگیردرێت.

ئەمە بۆ خۆی بە جۆرێک لە گەڵ ڕەوتی سەرهەڵدانی کۆمەڵگا کاریگەری پێچەوانە دەنوێنی. ئاسایی سەیر ناکرێ دەوران و تەمەنێکی دوور ودرێژ، کوێرەوەری و ڕووبەڕوو بوون لە گەڵ ستەم و کاردانەوەکانی، وەستان بەرانبەر پێشێلکاریە مەزنەکان لە پێناو دابین کردنی ماف و ئازادی هاوڕەگەز وهاو نیشتمانیان، هەڵگرتنی ئالای بەر ئەنگاری بۆ داکۆکی دژی نابەرانبەری و فەوتاندنی مافی تاک لە پڕێکرا داکۆکیکار خۆی ببێت بە بەشێک لە پێشێلکاری هاوشێوە بۆ لە بن پێ کردنی سەرەتایی ترین مافی هاوسەنگەر و بە تایبەت هاوولاتیگەلێک کە هەست و نیستی خۆیان لە پێناو کەرامەت پارێزی کورد و کوردستان لە ڕیزی هاوبەش و خەباتی هاوبەشدا قوربانێ کردوە. پێشێلکاریەکی ئەوتۆی بێ لێکدانەوە کە بەجارێک ڕنجی سالانێکی دوور و درێژی چەندین بنەماڵە بکاتە بڵقی سەر ئاو و بێرەحمانە هەموو فداکاریەکانی رابردوو لە گۆمی تاوانێکی نەسەلمێندراوی یاسایی دا بخنکێنێت!

لە ماوەی یەک دوو حەوتووی رابردوودا لە سەر لاپەڕەکانی ئینتیرنێت بەڕێز کاک جەلیل گادانی لە ئاخاوتنێکی ناوەخت حەولی ئاشکرا کردنی کارەساتێکی خستە گەڕ کە وەک ئەرک دەبوو بیست و حەوت ساڵ پێش لە جەنگەی دەسەڵاتدارەتی خۆیدا وەک بەرپرسیاری یەکەم و ڕاستەو خۆ بەرانبەر کەرامەت و مافپارێزی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بە ئەنجامێکی یاسایی و بەرپرسانەی بۆ ڕوون کردنەوە و ئاگاداری بیرو رای کۆمەڵگای دەوروپشتی و سەرجەم لاینەپێوەندیدارەکان وەگەڕ خستبا.

سەیر و سەمەرەتر کاک جەلیل دوای ئەو هەموو ماوە بەسەرچووە نەک هەر وەک ئەزموونمەندو کەسایەتیەکی بەرپرس لەو پێوەندیەدا مەسەلە یاسایی و دادوەریە باسکراوەکەی چارەسەر نەکرد بگرە بێ بنەما و دوور لە راستی لە میانەی حەولی خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتی ئەوکاتی خۆی و تێکەڵ پێکەڵ کردنی بابەتە قەزایيەکەدا کە ئێمەمانان مافی دەس تێوەردانمان تێدا نیە و ئەوە ئەرکی پسپۆرانی ئەو بوارەیە بە سەر سووڕمانەوە دەسنیشانی بۆختان و تاوان گەلێک دەکا کە نەک هەر دیفاع لە مەزڵوومی قوربانی بووی تێدا بەدی ناکرێت بەڵکوو لە بری دیفاع کەرامەت و رابردووی پڕ لە

شانازی هاو نۆرگان و ئەندامێکی تێکۆشەری پێشمەرگەی خۆی لە ئەو پەڕی سرنج نەدان بە ناوەرۆکی وتەکانیدا لە مەکانی پارێزگاری ناموسی خەلک بۆ تجاوز کارێک بە ناموسی هاوسەنگەری شەهیدی لە دووتوێ قسەکانیدا چەواشە دەکات!
داخی گران کەسایەتیەک کە هەست و نیستی خۆی، سەروەت و سامان، تاقەکوڕی بنەماڵە و سەرئەنجام خۆی دەبێتە قوربانی ئامانجی سەرفرازی گەل و نیشتمانەکەی بە هۆی کەمتەرخەمی سەرسەری و بێ هەڵسەنگاندنی ئاکامی لێدوانی ئەوتۆ دەبێتە کەرەسەی گاڵتە پێکردن و هێرشی نەیار و ناحەزان بە تایبەت کەڵک وەرگرتنی تابیناقاقە نۆقم بووی دەست و پێوەندەکانی کۆماری ترۆر واتە جمهوری ئیسلامی دا بە شۆڕش و حێزبێک کە هەزاران بەڵگەی پڕ لە سەرفرازی بۆ ڕزگاری گەلەکەمان تۆمارکردوە.

ئەم ڕێزدارە بۆ ڕێگری لە شکانی کەرامەتی فەرماندە شاپوور دەکرا لە کات و ساتی قەومانی ڕووداوەکە کەمتر لەو مەبلەغە پارە وەک هاوکاری بەڕێ کردنی ئەو کەسەی ئیستا زۆر هەراو پەلاماری دەدا بکاتە خەرجی چەند دادوەرێکی پسپۆڕ لە یاسا لە کوردستانی باشوور(شوێنی ڕووداوەکە) بۆ لێکۆڵینەوەی یاسایی بێ لایەن تا ئەمڕۆ ناچار نەبن بۆ خۆ دەرباز کردن لەو گێژاوە پەنا بەرنە بەر تاوانبارکرنێک کە وەک "عوزری بەتر لە گونا" زیاتر نابیندرێ. تاوان بەستن بە شێوازێک کە گومانی تێدانیە بەڕیزیان سالانێکی زۆر بۆ بەرپەرچدانەوەی لە لایەن دوژمنانەوە بەنسبەتی گەلەکەمان بە بێگانە خەباتی بۆ کردوە.

کاک جەلیل بە بێ لە بەرچاوگرتنی کەمترین یاساو ڕێسای نەریتی، دۆستایەتی لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی سیاسی و هاوخەباتی نۆرگانیک و تێکۆشانی هاوبەش لە پێناوی یەک ئامانج دوای ماوەیەکی دوور و درێژ هەرئەو ڕەوشتە دەکاتە پێوەری ئاخاوتنەکانی کە خۆی بە سالانە وەک خۆو خدەی کۆماری ئیسلامی دژی وەستاوە.
ئەو تەنانەت رای ماباقی هاو نۆرگانەکانی خۆی لە دەورانی بەرپرسایەتی پێشوویدا لە مەڕ چارەسەری ئەم کێشەیە خۆی لە مەکانی دادوەر، حەکەم، بەرپرس و... ت... د. دا جێدەگرێت!!
ئەو چەند بنەماڵەی قوربانی بووی دەستی ستەمی دو سیستمی حۆکمرانی لە ئێرانی تژی لە ستەم بێ ڕەحمانە بۆ هەتا هەتایە نۆقمی جۆرێک لە بێ حورمەتی دەکا کە پاک کردنەوەی کاردانەوەکانی نە هاسان و نە لە درێژخایەندا بە کەس مەیسەر دەبێت!

یەک لەو بنەماڵانە بۆ نموونە:

بنەماڵەی میتران؛ ئەم بنەماڵە لە میژووی کوردستان دا خاوەندارەتی کەسایەتی ئەوتۆیان کردوە نەک هەر وێژەی کورد

بەڵکوو زیندانەکانی ئێران لە دەورانی پالەوی شاهێدی نەتەوە پارێزی و ئیمانی ئەوان بە ڕێبازێکن کە کورد سەر فرازە بە درێژەدانی و لە داهاتووشداحەق وایە سوپاسگوزاریان بن و شانازییان پێوە بکەن.

ئەمانە لە سەردەمی کۆمار پێشەنگی هەیئەتی جوانڕۆ بۆ پاڵپشتی لە کۆماری کوردستان - مەهاباد بوون (میرزا مۆحەمەد). ئەمانە پێشەنگی دژبەری تاران و ئۆستووڕەی ئازایانەوەستان بەرانبەر پالەویەکان لە زیندانەکانی ئێران بوون. بەڵگە (شێعرەکانی میرزا مەحمود).

ئەمانە لە ڕیزی یەکەم بنەماڵەکانی پارێزگاری مافی کورد لە پاوە بە خاوو خێزانەوە بوون.

نەقی مێتران کە گۆرەکەی لە بنکەی دەفتەری سیاسی (نواوێ) نزیک زمزیران - سەردەشت گۆڕ غەریب کەوتوە.

برزوو مێتران لە سلێمانی هەروەها. خێزانی کاک برزو عسما خانم کە لە هاتووچۆی ڕێگەی زیندانی ورمێ گیانی بەخت کرد. شەهیدان براکەی عسما خانم کادری حیزب کاک مەحمود، مۆحەمەد عەباسی و حەکیم ڕەزایی ئەندامی ڕێبەری حیزب (دوو کەسایەتی ئاخر وەک زاوایان). خێزانی کاک مۆزەفەر زەجر دیتووی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بە تاوانی کورد و خێزان بوونی مۆزەفەر. لاق لە دەست دانی کاک برزوو لە پەلامار ی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵەبجە، هەروەتر بریندار بوونی مۆزەفەر و لە دەست دانی چاوێکی ئەمە وێڕای دەیان نەهامەتی و دەربەدەریتر وەک زیندانی کرانی دۆکتۆر هۆرامان کە ئەوکات وێڕای منداڵەکانی شەهید حەکیم لەپاوە. ورمێ و.. لە پێناو باوەڕ بە ماف، ئازادی و پارێزگاری لە کەرامەتی کورد تووشیان بوە.

داخوا ڕێزدار کاک جەلیل بۆ ساتێکیش پێش ئاخوتنە کەی ئاوڕی لەوە داوەتەوە کێ و کام کەس و لاین بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی تاوانبار دەکات؟ مەسەلەی قەزایی قەتڵی هاو سەنگەرێ و ڕوون کردنەوەی شک و گومان لە سەر هەر تاکێک لە هەر پۆست و پلەو پایەییک زەرورەتێکە کە کەس ناتوانێ حاشای لێ بکات بەڵام هەر کەسی چ جیا لە مەحکەمەی فەرمی و یاسایی پسپۆڕ ناتوانێت لە ڕۆژگاری ئێمڕۆ دا لەو بارەوە بڕیاری یاسایی بدات.

لە گەڵ ڕێزم بۆ هەموان سدیق بابایی ۱۲ - ۵ - ۲۰۱۹

ڕێکەوتی: ۱۱ی مای ۲۰۱۹

ئەو شەوە ١٦ی سەرماوەز خۆڵقێندرا

چند ڕۆژ پێشتری قەرار بوو سەردانی سلێمانی بکەین. بەڕێز دۆکتۆر قاسملو فەرمووی لە گەڕانەوەتاندا ماسی بکڕن. قەرارەکە ئەوە بوو خۆی بە سازکردنی ئەو ماسیانە مێوانمان بکات.

کاتی گەڕانەوەمان لە سلێمانی نزیک شاری ڕانیە لە قەراغ بەنداوی دووکان ماسی تازە ڕاوکراو بۆ فرۆشتن هەبوو، لەسەرقەراری پێشوومان چەند ماسیەکمان کڕی و لە دەفتەر تەحویلی دەبیرخانەمادان.

ئێوارەکەی مێوانی کاک دۆکتۆر بووین. شەوێکی سەرەتا شیرین پڕلە بیرەوەری، گێڕانەوەو گوێبیس بوونی وتە پڕ ناوەرۆکەکەنی ڕێبەری حیزب.

ئەگەر باشم لە بیرمابێت سەعات نزیکەی ٩ی شەویان درەنگتر بوو کە کادری بێسیمی حیزب هاتە نێو ژووری دانیشتنەکەمان و پارچە کاغەزێکی پێشکەش بە دۆکتۆر کرد.

لە گەڵ خوێندنەوەی ناوەرۆکی نووسراوەکە کە لەوە دەچوو خەبەرێکی تازەی تێدابێت هەستمان بەجۆرێک تێکچوونی ڕوومەتی تا ئەو کات گەش و شادمانی دۆکتۆر قاسملو کرد!

کورت دوای خوێندنەوە چاوەڕوانی پێش ئێمە درێژخایەن نەما دۆکتۆر بە پەرۆشەوە فەرمووی: "تەقینەوەیەک لە ناوەندی هێزی مۆعینی کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی فەرماندەری هێزی بە ئامانج گرتوە. ناوبراو بە تۆندی بریندارە."

دۆکتۆر بەعادەتی خۆی لە کاتوساتی ئەوتۆدا بەسەرخۆیی داوای کرد سبەینێ ڕۆژی دواتر ئێمە سەردانی (کونەمار) شوێنی ڕووداوەکە و لەچۆنایەتی ئەو کارەساتەڕاپۆرتی بۆ ئامادە بکەین.

مێوانەکان کاک عۆسمان ڕەحیمی، کاک فەتاح عەبدۆلی، کاک عەلی کاشفپوور دلنیانیم کاک جەعفەر حامێدیش بوو یان نا، وێرای خۆم (سدیق بابایی) ئامادە بووین.

بیستنی ئەم هەواڵە لەناکاوە تەموو مژێکی خەماوی قورسی خستە سەردڵی هەموومان. ئیتر قسەی خۆش و پێکەنین چێگای خۆی بە باسی کردارو شێوازەکانی تڕۆری تاران بەرئەنگاری و کەلێن و کەلەبەرەکانی نێوخۆیی هەموو باسەکانی دوایی لە خۆ گرت.

باشم لە بیر ماوە کە من بۆ خۆم لەمێشکم دا کەوتمە فکری گەاڵێیەک بۆ بە هێزکردنی دەستەی پارێزگاری دۆکتۆر کە تا ئەوکات پێم وابوو لە هەڵسەنگاندن بۆ وێنە لەگەڵ پارێزگارانی ڕێزدار مام جەلال کاتێک سەردانی لای ئێمەی دەکرد زۆر لاواز دەهاتە پێش چاو. لە مێشکمدا بە پێ ئەزموون و ناسیاریم لە پێشمەرگەکانی حێزب بە نیاز بووم دەستەیەک لە پێشمەرگە ئازاو جێ متمانە بە تەجرەبە کانی هێزی پێشەوا، بێستوون و شاهۆ وەک پێشنیاری خۆم بدەم بە دەبیرخانەی حێزب.

بەداخەوە ڕەوتی ڕووداوەکان زۆری نەخایاند کە هەموو ڕیسەکانی لە مێشکم دا کردە خۆری و کۆمەڵێک ناهۆمێدی و لێکترازان جێگای بە یەکڕیزی و پتەو کردنی کەلەبەرەکان گرت!

سەرەتای ڕۆژی پاشترخۆمان گەیاندە کونەمار. دیارە کەک حەسەن نەقڵی نەخۆشخانەی رانیە کرابوو.

ژووری فەرماندەری هێزلە قەدپاڵێکی لێژولە دڵی زەویدا سازکرا بوو. تەنیا دەلاقەیەک بە قەد پەنجا تا شەست سانتیم ڕۆناکایی ئەم ژوورە کە ٥ تا٦ مەترپانتایی هەبوو دابین دەکرد.پەنجەرەکە لە لای خوارێ سەرەوەی ژوورەکە هەڵکەوتبوو. بە گوێرەی ئەم زانیاریانە بە ئێمە دران زۆر پێشتر بەڕێز کاک عەبدۆلا حەسەن زادە لە ڕێگەی فەرماندەری هێزی مۆعینی کتێبی (سفید دندان ـ نووسینی جک لندن) کە بە فارسی لە ئێران هەبوو داوا دەکات.

کاک حەسەن شیوە سەڵی دۆستێکی خۆی دانیشتووی ناوچەی سەردەشت (کاژەیی) کە هاوکات دوو برای پێشمەرگەی حێزب بوون ڕادەسپێرێ تا ئەم کتێبە ی بۆ بکرێت.

ئێوارەی ڕۆژی ڕووداوەکە دۆستی! ناوبراو دەگاتە کونەمار لە گەڵ یەک دوو کەسیتر لە ژووری فەرماندەری هێز کتێبەکە پێشکەش بە کاک حەسەن دەکات، خۆی و هاوڕێکانی لە لای خواروی ژوورەکە تەنیشت دەرگای چوونە ژوور دا دەنیشن. مەلا حەسەن کە نزیک پەنجەرەو لای سەروو دانیشتوە کەیفخۆش بە گەیشتنی ئەمانەتیەکە کتێبی سفید دەندان بە دەستەوە دەگرێت و بۆ ئەوە لە ڕووناکایی پەنجەرەکە چاوی لێبکات کەمێک بە هەردوو دەست بۆ لای چاوانی هەڵی دەبڕێ و

دەیکاتەوە. گرمەی تەقینەوەو ڕووداتی خەماوی ترین کارەساتەکان لە ناوەندی هێز. دوژمن ئامانجی دیاریکراوی خۆی دەپێکێ. ئەمە دەقی ئەو بەسەرهاتە تاڵە بوو کە ئەوکات بۆ ئێمەیان گێڕایەوە.

سەرەتا سەردانی ژوورەکەمان کرد. هێشتا لەتکە وردەکانی گۆشت و خوێن بە دیواری ژوورەکەوە تەڕاییان پێوە دیار بوو. مێوانەکانی مەلاحەسەن هەڵگرانی دیاری مەرگ بە ئاستەم پرپشکی تەقینەوەکەیان وێکەوتبوو.

هەڵگرانی کتێبەکە دەسبەسەر و زیندانی کرابوون. بە پێ ڕاسپاردەی کاک دۆکتۆر دەبوو چۆنیەتی ڕووداوەکە بە نووسراو لە گەڵ خۆمان بۆ دەبیرخانەی حیزب ئامادە کردبا.
لەو پێوەندیەدا چاوپێکەوتنێکی کورتمان لە گەڵ ڕاگیراوەکان بە تایبەت کەسی ئەسڵی واتە دۆستە ناسراوەکەی فەرماندەری هێز وەک گۆمان لێکراوی سەرەکی ئەنجام دا.

وەک لە نووسراوەکەماندا بە وردی هەموومان ئاماژەپێکرد ناوبراو بە ئەم شێوە گێڕایەوە: "لە سەردەشت کتێبەکە لە گەڵ هەندێ کەلوپەلی تر لە نێو جانتایێکدا بەرەو (کونەمار) ناوەندی کۆمیتەی حیزب شارستانی سەردەشت و هێزی مۆعینی (هەڵگەوتوو لە خواروی ئاوایی دۆڵەتوو نزیک سنووری قەڵادزێ) وەڕێ دەکەوێت.

لە گوندی قاسمەڕەش پۆستی چاوەدێری و کۆنترۆڵی سپای پاسداران دوابەدوای پرسوجۆی سەرتایی جانتاکەی لێ وەردەگرن و لە ژوورێک بە بێ ئاگاداری ئەو چاوی لێ دەکەن پاشان بە هەموو کەلوپەلەکانیەوە وێدەدرێتەوە."

شیاوە بوترێت مەبەستی نێوبراو لێرەدا ئەوەبوو بە ئێمە بسەلمێنێت کە کتێبەکەلە قاسمەرەش لە گەل کتێبێکی تری هاوشێوە بەڵام بۆمبڕێژگراو جێگۆڕکێی پێدەکرێت.

هەڵبەت هەر ئەوکات ئەم وتە بۆ ئێمە وەک پاساو و خۆدزینەوە لە ئاشکرا کردنی ڕاستی ڕووداوەکە بە چاوی گۆمانەوە سەیر کرا. زانیاریەکانی ڕێزدار مەلا خدری دۆلەگەرمی کە لەوێ ئامادە بوو هەڵگری نێوەرۆکی گۆماناوی وتەکانی کاژەیی بوون. هەروەک پێمان وترا کڕیاری کتێبەکە تاقەکەسی ڕاسپێردراو ببوو.

گۆمانیتر لەوکاتەدا ئەوەبوو کە بەشی زانیاری (ئێتلاعاتی سەردەشت) لە داواکاریەکی ئەوتۆ ئاگادار کراوە، بۆیێ ئێتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە ئاسوودەیی و زانیاری تەواو کتێبەکە بۆمڕێژ دەکەن و وەک کاژەیی بە ئێمەی وت ئەگەری

ئەوە هەبـوە لە (قاسـمە ڕەش) کاتێـک جانتـاکە بە بیـانووی پشـکنین دەبەن کتێبەپێشـتر کـڕدراوەکە لە گەڵ ئەوەی ئامادەکراو ئاڵوگۆڕ دەکەن.

ئێمە نە پسپۆڕی قەزایی بووین و نە ئەرکی دەسنیشانی تاوانبارانمان لە سەر شان بـوو. تەنێ لە سەر پێشنیار و خواستی کاک دۆکتۆر دەبوو ناوبراو لە چۆنیەتی سەرەتایی ڕووداوەکە ڕاپـۆرت سـاز بکەیـن. لەبەر ئەوە نووسینەکەی ئێمە هیچ دەورێکی قەزاییو بڕیاردەری نەدەگێڕا.
پاشتر لێکۆڵینەوەی ورد و تایبەت بە پسپۆڕانی بەشی قەزایی حێزب دەسپێردرێ و لە کۆتـایی پرۆسەیەکی ورد و تایبەتـدا بڕیاری پێویست دەدرێت.

دوابەدوای گەڕانەوەمـان لە(کونەمـار) چـووینە نەخۆشخانەی (رانیە) بـۆ سـەردانی کـاک حەسـەن. هەژێنەرتـرین بەشی ئەم بیرەوەریە کورتە دیتنی جەستەی گلۆڵە بوو و تێک وەپێچراوی ناوبراو لە باند دا بوو کە بە بێ گفت وەک تەپۆڵە بەفرێک لە سەرتەختی نەخۆشخانە کەوتبوو. ئەمە جەستەی کەسێک بوو کە دۆژمن تـا دوێنێ ئـارامی لە ناوچەی سەردەشت بە دەستی ئەولێ بڕابوو.
هاوکاتی دیداری ئێمە کاک عەبدولا حەسەنزادە وێرای چەنـد بەرپرسێکی عێراقـی سـەردانی مەلاحەسـەن لە نەخۆشخانەیـان کرد.

ئەوە کورتە بیرەوەری ئێوارەی شازدەی سەرماوەزی ١٣٦٦ بوو کە تـاڵایی زیـاتری پـاش سیو چەندسـاڵ تـا دێت بە نـاوەرۆکو پێشهاتەکانی دواتری زیـاتر و زیـاتر ئـازارخولقێن دەر دەکەون.

لە لاییکیتر بە خۆشیەوە هێشتار کاک حەسەن شێوەسەلی فەرماندەری نـاوداری حێزب بە وردی تـایبەت و بەرزی هەمیشـەیی خۆی نەک هەر لە ژیاندایە بگرە تـاوێک لە پێنـاو ئەو ئـامانجەی هەردوو دەست و چـاوی بـۆ بەخشی وازی نەهێنـاوە. کـاک حەسـەن وەک بەڵگەی سـەلماندنی حاشـا هەڵنەگـری تـرۆریزمی دەوڵەتـی کۆمـاری ئیسـلامی لە قەراغ بەڵگە سـەرلمێندراوە کانیتر (میکۆنۆس) هەموو زانیاری و وردەکاری درۆستی پلانە خەمناکەکەی ماشێنی تـرۆری تـارانی باشتر لە هەمووەمـان لە سینگی پڕلە ئەوینی کوردستان بۆ ڕسواکردنی تـرۆریستان پاراستوە.

١٦ی سەرماوەزی ١٣٩٨

ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٩

بەسەرهاتێکی خەماوی بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە،

کاکە حەمە حاجی عەرەب خەڵکی شاری نۆدشە لە هۆرامان، پیاوێکی کەلەگەت، ڕوو خۆش، هێدی و نەرمونیان تابڵێ قاڵب سووک و لە بەردڵان بوو.
ئەو لە دەورانی شۆڕشی ئەیلول یەک لەو کاسبکارانە بوو سەردانی گەڵاڵە ـ حاجی عمران (بازاری ساتوسەودای کەلوپەل و مەعامەی تجاری) نێوان سنووری هەولێر و خانێ (پیرانشار) دەکرد.

لە جوملەی کاسبکارانێک دەژمێردرا وەزعی ماڵی باش و وەک خۆی کاتی شۆڕش باسی دەکرد توانی بووی ڕێو ڕچەی کاسبی باش وەدۆزێ.
تاجرەکەی ئێمە یەک لە ئەویندارانی شۆڕش هەر لە دەورانی ئەیلولەوە دەژمێردرا. لە دەسپێکی شۆڕشی خەڵکانی ئێران دژ بە سەرەڕۆیی دەسەڵاتی شا ڕیزی پێشمەرگەی حێزبی هەڵبژارد.

نێوبراو بە ڕادەیەک باوەڕمەند و ئەویندارێ خەبات لە پێناو ئامانجە سەرکوت کراوەکانی خەڵکی کوردستان بوو کە هیچکات خۆی لە هەر خزمەتێک پێ یان بسپارد با درێغی و سەربزێوی نەدەکرد.

خاخ خاس لە بیرم ماوە سەرەتای پەنابەر بوونی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ناوچەکە پاش فەتوای قەڵاچۆلە لایەن خۆمەینی ساڵی ١٣٥٨ دژ بە خەڵکی کوردستان و نیشتەجێ کرانیان نزیک هەڵەبجە، دوای سەردانێکی کورت وێکرا بۆ لای ئاوایی (نەروێ و نۆدشە)دەگەڕاینەوە کاتی گەیشتنمان بە بیارە لە سەر ڕێ پێشنیاری کرد با وێکڕا بچینە خزمەت شێخ عۆسمان سراج ئەلدین نەقشبەندی بەڵکوو هاودەنگی ئەم زاتە بۆ بەخشینی چەند سندووق فیشەک بە پێشمەرگەکان. هەرچەند من بە هۆکاری تۆخ بوونی دەورانی گەنجیەتی هاودەنگیم بۆ چوونە خزمەتی شێخ دەرنەبڕی و ئەویش لە دیدارەکەی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بەڵام لە ئەنجامی نیەتە دڵسۆزانەکەی کۆتایی نەکرد.

کەسایەتی ناسراوی ئەوکاتی ناوچەی پاوە، نۆدشە و نەوسود نزیک بە حەوت سال بە ئەوپەڕی تواناوە خزمەتی بە بزاڤی شۆڕشگێڕانە لە ڕیزی حێزبی دێمۆکرات دا کرد.

لەو ماوەدا بە سەرفی داراییەکەی بۆ یارمەتی دۆستان و حیزب لە هۆرامان کە کەمووکوڕی مانّی زۆر بوو کۆتایی نەکرد بە چەشنێک کە دواتر کەم دەست و بە گرفانی بەتانّ مایەوە.

ڕۆژێک هاوڕێ کۆچ کردوومان زیندوو یاد کاک سەید ڕەزا درووداگەر بەرپرسی ئەوکاتی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکرات لە شارستانی پاوە لە (بناری قەندیل) ناوەندی دەفتەری سیاسی حیزب و ڕانیە بەرەو سلێمانی بە مەبەستی گەڕانەوەی ناوچەکەی خۆی سواری ماشینی مینی بووسی کرێ دەبێت لە نێو ڕێگای سەفەرەکەیدا لە گەڵ پیاوێکی جێکەوتووی بە سالاچوو خەڵکی باشوور دەبێتە هاودەنگ. هاوسەفەری هەولێری پرسیاری شوێنی لەوێ هاتنی کاک ڕەزا دەکا و لە وەلامدا دەڵێ خەڵکی هۆرامان و لە پاوە هاتووە. کابرا دەگەشێتەوە، پرسیاری ئەوە دەکات کە: "من دۆستێکی کۆنی خەڵکی ناوچەی ئیێوەبە ناوی کاک حەمە حاجی عەرەب دەناسم ئایا ناسیاریت لە گەڵی هەیە؟"

کاک ڕەزا لە وەلامدا دەڵێ: "بەڵێ ئەو هاوڕێ پێشمەرگەی ئێمەیە." پیاوی هەولێری بە ئەوپەڕی خۆشحالیەوە دەکەوێتە سەرباسی رابردووی خۆی و کاک حەمە لە دەورانی کاسبکاری گەلاڵە.

دەگێڕێتەوە: "تووشی زیان هاتووە بەڵام حەمەی حاجی عەرەب بە دڵی ئاوەڵە و بە بێ چاوەڕوانی لەو هەلومەرجەدا دە هەزار دینار پارەی دەداتێ و دەڵێ هەرکات لەم وەزعە ڕزگاریت بوو بمدەوە ئەر نەکرا گەردنت ئازاد بێت."

ئەوە کە دواتر گەلاڵە تێکدەچێت کاسبی لەو مەڵبەندە کۆتایی پێ دێت و ئەم دوو ناسیارەیەکتر نابیننەوە خۆی وەک چارەنووسی کوردان غەریب و نەناس بۆ کورد نیە!

بەڵام پیاوی هەولێری عنوان (ئادرەس) خۆی دەدا بە سەید ڕەزا، تکای لێدەکا پێش سلاو بە ناوبراو بڵێ بەڵکوو بۆ ماوەیەک لە هەولێر سەردانی بکا دەڵێ: "من ئێستا وەزعم باشە و خوازیارم جەزای کورد وتەنی پیاوەتی و چاکەی بدەمەوە." پاشتر بەرپرسی کۆمیتەی هۆرامان بە گەیاندنی ڕاسپاردە و ئادرەسی دۆستەکەی کاک حەمە تووشی کەیفخۆشی وهیواداری دیداری لە هەولێر دەکات.

بە هەڵکەوت لەو سەردەمە دا پێشمەرگە کاک حەمە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب دەبێت. وەک ئەوە دەرۆیکی خێری لەم کاتی کەمدەستی و وەزعە تایبەتەدا بۆ کرابێتەوە خۆی دەگەیێنێتە لای جێگری سکرتێری حیزبەکەی (دۆکتۆر قاسملو لەو کاتەدا لە سەفەری دەرەوە دەبێت.)

بۆ بەرپرسی حیزب دەگێڕێتەوە کە دۆستێکی کۆنی لە هەولێر هەیە ڕای سپاردوە سەردانی بکات، بەڵکوو حیزب بەڵگەیەکی هاتووچۆی لای عێراقیەکان بۆ وەرگرێت تا بتوانێ چاوی پێ بکەوێ. جێگری سکرتێر لە وەڵامدا بە کاک محەمەد حاجی عەرەب پێشمەرگەی بە ساڵاچوی حیزب دەڵێ: "ڕاسپاردەکەت چیە بە ئێمەی بڵێ پیاوی خۆمان هەیە دەنێرین بۆلای."

حەمەی حاجی عەرەب لە وەڵامدا دەڵێ: "مامۆستا! ئەمن ئەوە چەند ساڵێکە پێشمەرگەی حیزب و لە خزمەت ئێوەدام هێشتا بە پیاوی خۆتان حساب و متمانەم پێناکەن و پیاوی خۆتان لە جیات من دەنێرن؟"

ئەم هەڵسوکەوتە دەورێکی ئەوتۆ لە سەر نێوبراو دەگێڕێت کە پاش چەند ڕۆژێک بە دڵشکاوی ملی ڕێگا بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم دەگرێتە بەر. بە پێ ناسیاری نووسەری ئەم دێڕانە و تەنانەت دەتوانم بە دڵنیایی بڵێم زۆربەی ئەو هاوسەنگەرانە کاک حەمە دەناسن ئەو کەسایەتیەک نەبوو کە خەڵک بگرە هاوکارانی کوردی سەربەڕژیمی ئێسلامی ڕقیان لێ بێت لەبەر ئەوە دەسەڵات لێی دەگەڕێ بەڵام هەردەرفەتێکی ژیانی ئاسوودەی کاری لێ قەتیس دەکەن. لە ئاکام دا ئەم پێشمەرگە بێدەرەتان، دڵشکاو، هەژار و دەست و گرفان بەتاڵ بەڵام بیروباوەڕ دەوڵەمەندە لە شەقامێکی تاران شەوێک لە سەر کارتۆن (مقەبا) جێ نوستنەکەی گیان و ڕۆحی ژاکاوی لە غۆربەت و بێکەسیدا دەبەخشێ.

یادی بەڕێزتر.

ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٩

سەرچاوەکان: مالپەڕی هەڵوێست - خاکەلێوە - پێشمەرگەکان و کوردپا

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٠ی کوردی - نەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی

پێشمەرگە
PESHMERGE
ڕەحمان نەقشی